
١٩٩



تابلۆی هونەرمەند: بوشرا ئیسماعیل

(سلێمانی)

# ڕامان

۱۹۹

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی هەژدە/ کانوونی یەکەمی ۲۰۱۳



• خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین

• سەرنووسەر
ئازاد عەبدولواحید

• بەڕێوەبەری هونەری
سەرکەوت وەلی

• مۆتیف و پۆرتریت
قەرەنی جەمیل

• بەرگ
باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 07504494662 - 2228506
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ۷۵۰ دینار

## ناوەرۆکی رامان


● **دەق**

- پێروو/ نەوزاد ڕەفعەت/ 3
- دیکانێشە و ٤٠ هۆنراوەی تاکدێڕی تر/
عەباس عەبدوڵڵا یووسف/ 6
- ئەدرێسێکی نوێ/ هیوا شەمس بورهان/ 9
- دەری/ یلدز چاکار/ 10
- چوار دڵتەنگی/ لە فارسییەوە: کەریم حیکمەتی/ 11
- تاسە/ ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل/13
- لە ناوەندی بازنەیەکدا/ قادر عەلی خا/ 15
- دالیا تۆ بۆ کوێ چوویت؟/ گۆران ڕەووف/ 18
- خزانی بارگرانی/ ماحمودێ خەلیل/ 21
- لایە لایەی لەیلێ/ لە فارسییەوە: کیشوەر پیرۆزی/ 23
- ڕاکردن بە کێڵگەی تاریکی میندا/
لە فارسییەوە: جەبار سابیر/ 26

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ (عەبدولخالق عەلائەددین)ی
نووسەر/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 38

● **زاراوەسازی**

- وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان/
د. بەختیار سەجادی/ 55

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- وێنەی هونەری لە هەندێک شیعری گۆران دا/ تاریق ساڵح/ 59
- خوێندنەوەی «ئێوارەیەک وەک خەونی مەیموون» /
ئەحمەد چاک/ 73
- «فرووغ» شاعیری شیکەرەوەی سەدەکانی ناوەڕاست/
لە فارسییەوە: نەشمیل کرمانج/ 78

● **وتار**

- حوجرەکانی کوردستان و پێگەیاندنی پیاوە گەورەکان/
مەلا ئەبووبەکر محەمەد کەریمی/ 90
- سەفەرێک بۆ کوێستانی قەڵاگاھ/
مەلا مستەفا ڕەشیدی زاواکێو/ 93
- تەنز لە چوارینەکانی (خەییام)دا/
لە فارسییەوە: هێرش کەریم/ 96

● **هزر و فەلسەفە**

- گرووپەکانی زانستی کەلام، خاریجییەکان/
د. حەمید عەزیز/ 100
- سەربەستی و شۆڕشی «مارکس» /
لە فارسییەوە: سەعید کاکی/ 115

● **مێژوو**

- مێژووی مانناییی، گووتی، لوولوویی/
لە فارسییەوە: میهرداد ڕامیدی نیا/ 120

● **گەشت**

- ئیرلەندە، وڵاتی چیرۆک و سەرگوزشتە گالیکییەکان/
دانا ڕەئووف/ 123

● **ڕەخنەی شانۆیی**

- سێیەمین فیستیڤاڵی شانۆیی نێودەوڵەتی هەولێر/
موحسین محەمەد/ 135

● **خوێندنەوەی کتێب**

- زیکزیکە و عیشق و تراژیدیا/ هاشم سەڕاج/ 141
- کۆیە و شاعیرانی/ حەمە ساڵح فەرهادی/ 148
- خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (حەیران.. هەوڵێک بۆ
تێگەیشتنی)/ ئەسعەد عەدۆ/ 152

● **نامە**

- ڕەزا ناوێک نامەیەک بۆ زانایەکی دۆستی دەنێرێت/
ئا: کاروان عوسمان خەیات/ 155

● **نرخاندن**

- (ڕامان)ی هەمیشە بەهار/ ئەحمەد سالار/ 159

● **سووکە لەنگەر**

- تەکنۆلۆژیای نوێ، کامیرای ئەنەلۆگی ڕاماڵی/
فارس سەعدی/ 160

# پێروو

نەوزاد ڕەفعەت

(١)

تانج لە عەرد هەڵناگرمەوە
بەڵام پرچی جێماوی خۆر
لە ژووری ژوان
هی بان کورسی و مێز و دیوان
ژێ بە ژێیان ڕادەمووسم
لە تەموورە و تاری دڵمیان دەبەستم
لە مەچەکیان گرێ دەدەم
ئێستا کۆیلەم.. کۆیلەی سپی
لەژێر کێوی ئەویندا دەمرم بەکپی

**شەوی جەژن ١٨–٢٠١٢/٨/١٩**

(٢)


جاران یەک تاوە فرمێسکی کڕ و گەرم
زوو پەنگری برینی دەکوژاندەوە
نها گریان ئاوردووە
پێچەوانەی کۆنەساڵان
مەیل دەکاتە مەشخەڵان
لەپێش ماڵان
لە پاس
لە شەقام
لە کۆڵان
دادەبارێت بەبێ شەرم

**بەیانیی یەکشەممە ٢٠١٢/٧/٨**

(٣)

وام... لە هەر کوێم
بۆ کوێ دەڕۆم
بۆ خودی خۆم
بۆ کورسی و مێزی باغی شار
بۆ کوکوختی و چۆلەکەی سەر دار و دیوار
لە چایخانە
لەنێو تەکسی
بۆ نەناسراو
لە تۆ دەدوێم

**٢٠١٢**



(٤)

ئەوینی تۆ ساردوسڕە
هەتاو بووایە
تێکی دەشکاند
دای دەچۆڕاند شەختەبەندی ئەو// لەمپەرە

**شەوی ٣١-١/٨/٢٠١٢**

(٥)

لە دوورەوە وامدەزانی
بۆ لێوی لە بەرد تینووتر..
لێوی لە بەرد وشکترم
چاڵەبەفرە
لە نزیکرا دەرکەوت دووانەی ئاگرە

**٢٠١٢**

(٦)

کۆتر نەبووام
چۆن! دەنووکم لە دەنووکی
کۆتری مەمکی دەئاڵا

**بەیانیی شەممە ٤/٨/٢٠١٢**

(٧)

برسی و تینووم
مڵچ مڵچ گوانی دەمژم
شەست و یەک ساڵ دەبێت دایکم
بە برسێتی بەجێی هێشتووم

**بەیانیی شەممە ٤/٨/٢٠١٢**

(٨)

کاتێک گەیشتە کافتریا
من و هەر یازدە فوارەی ئەمدیو دەرگا
هەڵتۆڵاین لە پێشوازیدا
کە داشنیشتین
لە پێرووان گەش و ڕۆشنتر بوون چرا

**٣ی ئێوارەی ٦/٨/٢٠١٢**

(٩)

بە یار بڵێن:
سێ چوار تاڵە پرچیم لەگەڵدا بنێژێ
بۆ تەمموورەی دڵدانەوە و غەریبی و تەنیایی ئەوێ
بۆ قوڕگم دەیانکەمە ژێ
بە گریەی تەمموورە و ستران
دەکوژێنمەوە ئاورێک
ئاوری شەوقێک دەمکوژێ

**١٠/٨/٢٠١٢**

(١٠)

سوپاس گریان
تۆ نەبووبایت.. کوا سەما و دەف
کوا ساز و سەنتوور و گیتار
کوانێ هۆزان
کوا هۆرە و لاوک و حەیران
کوا دڵدانەوە و مەیخانە
کوا لەخۆدان
کوا سەیران
گەڕان
کوا باران
ژەنگی ڕوحیان پێ دەشۆرا
یان دایان دەمرکاندەوە
دۆزەخی دووری لە یاران؟!

**شەوی ١٠-١١/٨/٢٠١٢**

(١١)

- ئێستا حەوز و فوارەکانی کافتریا
ژیانەوە... بوونەوە ئاو
پرپیشکیان تەڕیان کردمەوە
- ئەدی چی بوون؟!
- پێش هاتنت
هوڕە و گڕی توونی گەرماو،
سوورە هەتاو

**بەیانیی شەممە ١١/٨/٢٠١٢**

(١٢)

دەمگوت: پردی ڕێی تۆش بڕمێت
زۆر ڕێگا هەن بەرەو ئێرەم
چوزانم ڕێگاکانی دی
بۆ دۆزەخی جەنگم دەبەن
یەک ڕێیان هەیە زین و مەم

**بەیانیی شەممە ١١/٨/٢٠١٢**

(١٣)

مانگ شوانکارەی ئەستێرانە
خوا دەزانێت لە کەینێوە
لە ترسی گورگی سەر زەمین
غاریان داوەتە ئاسمانی بێ لوورەلوور
ئاسمانی بێ چەقۆ و برین
دوور لە تەنوور

**بەیانیی شەممە ١١/٨/٢٠١٢**

(١٤)

– چی و چەندت خواردووەتەوە
هێندە مەستی؟!
– لە خورێنی!
چۆرێک قەسیدەی بەیاتی(*)

**بەیانیی دووشەممە ٢٠١٢/٨/٢٠**

(١٥)

پاش ئەوەی چاو خوێنی تێزا
پاش هەزار قوربانی و نزا
پاش بڕینی سەدان چیا و هەوراز و هەرد
گەیشتمە دەرگای پەرستگا
گەیشتمە نزیک هەنگوینی سیحر و جوانیی نەفرتیتی
بەڵام چۆنم! پێ دەکرێتەوە دەرگای بەرد.

**٢٠١٢/٨/٢٠**

(١٦)

ئەمشەو مۆڵ خامۆشە... چۆڵە
چی دەبینم
ڕۆبۆتە و قومەتە خۆڵە
بێ سەردانی!!

**٢٠١٢**

(١٧)

تەمتومانە
لافاوی ڕەشی زەمانە
ئەمڕۆ مەگەر
دڵی تۆم ببێتە فەنەر

**٢١–٢٠١٢/٨/٢٢**

(١٨)

دەمچریکاند..
بلبلەکان گوتیان: ئای! دەنگت چەند! خۆشە
گوتم: ئاوری ئەوینێک
هەنگوینی قوڕگی داومەتێ

**شەوی هەینی ٢٣–٢٠١٢/٨/٢٤**

(١٩)

لە جیاتی مار و دڕکەزی
لەسەرم نێ تاجی کەزی
با کەزیت بمکاتە پاشا
پاشای مەزنتر لە دارا

**هەینی ٢٠١٢/٨/٢٤**

(٢٠)

لەوەتی لەبن چادری بێ مۆتەکەی
(خەیام)دا دەنووم خەنی بووم
خەودەبینم: پاش چاولێکنان!
پاش دوا دروود
بوونەتە گۆزەڵە و
گوڵ و
پەلکەدار و
شەرابی بلبل و مەستان
دەست و پێ و ڕووم

**شەوی یەکشەممە ٢٥–٢٠١٢/٨/٢٦**

(٢١)


مێ بە قەد پەلکەدار زۆرن
بەڵام کامیان مانگ یان خۆرن؟

**شەوی ١٩–٢٠١٢/٧/٢٠**

**(*) شاعیری مەزن عەبدولوەهاب بەیاتی.**
**دەقەکانی ١، ٤، ٦، ٧، ٩، ١٢، ١٣، ١٤ لە کافتریای ماجیدی مۆڵ خولقاون.**

# دیکانێشە و ٤٠ هۆنراوەی تاکدێڕی تر

عەباس عەبدوڵلا یووسف



* چ شارێک ناوەندی جیهانە؟ بۆ زانیاریت ناوک ناوەندی لەشە.
* ئێستام بردە ناو ڕابردوو، خێوا، نەحەوا، ناو ئایندەوە، نەخێوا حەوا.
* ماتدڵ بە تریسکەی گوستێر جۆشا.
* لە ئاسمانەوە بەردێ بەربێ، دێ و بە سەرکم دەکەوێ، بەردی چی؟! هەسارۆکەیەکی وێڵە.
* گەردەنت بشکێ گەردوون، مەراقت شەڕەهەسارەیە !
* دیکۆری تاکدیمەنی شانۆییم، دەریای بەڕاستییە، ئاسمانەکەش لە قەرمیتی پەنجاکونەی گوللەیە.
* شەمشەمەکۆرە و جورجەکۆرە و گیزەکۆرە، خۆیان ئەفساند، چۆن چۆنییە نایزانم، ئادەی بزانم تۆ دەیزانی؟!
* فەهرەنهایت ٤٥١، سۆتمانکار حەپەساو پێی شادا : کتێب خۆی دژەسۆت کردووە !
* کوێرە؟! لە پەنهانەی لەشیدا چاوی سپێر هەیە، کۆراتی چاوصاغان دەدۆزێتەوە.
* قەمەرەیەکی مارکە نووحناو بەسەریەوە باڵندەیەکی نووحقەل، بە دیدو قخ ئایندەیەکی نووتۆفان ڕادەگەینێ.
* لە مەرگی زێڕدا، خۆڵ خەنییە، چیدی کەس خۆڵبەسەر و قوڕبەسەر نابێت.
* تاکتاک لە کۆنە گەردوونی خۆمانڕا، ڕووەو گەردوونی ژمارە ٨٠٨ بە قەلب پیسی ڕەودەکەین.
* لەسەر نشتکەی پێلێنان، نوونهێنی خۆی دەراند : خێرە ! فێرە ئاشکرایی کرام، ئاواش یادەوەریم دەنووسمەوە.
* دوا دیمەنی ڕاویار : کوشتنی دوا شێری دونیا لە ژێر سنۆبەرەی پێش دوابڕان.
* تاکخان و خان بان خان، زەمین و ئاسمانیان پارچەپارچە کرد.
* هۆڵ چۆڵ، بێ دەرهێنەر، بێ ئەکتەر، بێ بینەر، دیوژینانە شانۆ نمایشکرا.
* لە وڵاتی بەردان، گۆڕ شووشەیە و مردوو لە زیندوو ئازیزترە !

* لە خانوو کرێچیمە، خۆ لە زمان کرێچی نیمە؟!
* مۆڵەتمان لە خامۆشی وەرگرت و بە تاکپیتێکی جیهانی قسەمان کرد.
* سکرابەی تومبێلی ئاگرکوژێنەوە لە کەندێک خامپۆش کرا، تێکرا پووشپۆش کرا و ئاگری تێبەردرا.
* خۆم لە چەقی بازنەم سروود دەڵێم، سێبەرەکەم لە چیوەیتی، ئاوازە نەشازەکەیم بۆ ڕاسدەکاتەوە.
* تووشی دیکانێشەی کردم، ئەو قۆمەتەی سەرەسیفۆن.
* چاوم نوقاندو چم نەدی، پەڕۆیەکیشم کردە پۆشک هەر چم نەدی، نەخێر بۆ تێڕامان دەس نادەم.
* بەرەو ڕابردوو؟ ئاسەنترینیان : ڕێ و ڕێ بگەڕێیەوە پزدان.
* شامەی، خەس و چڕەی فرمێسکی جوانێکە ناوی دڵدارەکەی بیرچۆتەوە .
* لە پزدانی دایکەفڕۆکەوە (؟؟؟... !!!) پەڕەشووتدارێک بە چەکەوە دێتە سەر زەمین.
* چڕناس لە پەرتەدا، قۆقز قۆقز بە قاقەز فەلسەفەخانەیەک قیت دەکات.
* چارێکەخووی خۆت لە چارێگەکانی کاتژمێردا، نیوەخووی خۆت لە نیوەکانی دەمژمێردا، هەر تەواو خووی خۆتن.
* بەرلەوەی هاولەشی بم، بە دوورایی هەزار کم و یەک ملم من هاوبۆنی بووم.
* بەرامبەر چاوبەسراوەی تەرازوو لەدەس، خۆخاپێن لە منی خۆنەخاپێن دەباتەوە.
* چۆن ئەم ئومێدە بناوێنم : لە ڕەخ دۆزەخ گوڵ دەچێنێ.
* چخۆشە (حب) بەدەنگی پیرە ئومکەلسووم !
* لە خۆشی دۆستێتی وا لەگەڵ قرشە و پووشکە، زووفڕ هاوفڕ بووین.
* شۆڕشی ئوکتۆبەریش لە پاڵتۆی گۆگۆڵەوە پەیدابووە.
* بە بن گوێی ڕاستەما پێشکە ویزاندی، بەبن چەپیشدا با فیکاندی، هەستم پێیحەسا، بەس هۆشم پێینەهۆشا.
* لە ئاسمانڕا شارەکەم ناناسمەوە، کامیرا سەر ماڵەکەشم بگرێ، هەر نایناسمەوە.
* خۆم نیشانی خۆم دا، پنتکی سەر ڕوومەتمە لە یەکەمیان خاڵە و لە دووەمیان مێشە، نەیهێشت بڵێم ئەم جووتە خۆمە فیتاوفیتن.
* پاش ٧٠١ زستان، متمێژوو قیتبۆوەو ١٠٧ فرتەنەی قەوماند.
* مردن و نەمردم، خۆم هاوفیزیکەی تەقینی هەسارەیەک کردبوو.
* لە شاری کاتخێرا، کیسەڵەکان ڕۆیینیان سستترکرد، ئەوجا هەر لە پێشەوەن.
* ئاسمانئۆڕە و نزای مۆرانەیەکی ئاسنخۆر دەکات، تۆپاصن بەپێیەوە چەسپکراون.

**پەراوێزەکان:**

ئاسەنترینیان = خۆشکراوەی ئاسانترینیان

ئەفساند = کردی بە ئەفسانە

ئومکەلسووم = ام کلثوم : گۆرانیبێژێکی هەرە بەناوبانگی عەرەبە (١٨٩٨ – ١٩٧٥) ناوی تەواوی: فاطمة ابراهيم السيد البلتاجي، سەرەتا لە تەمەنێکی بچووکەوە گۆرانی ئایینی وتووە، دواتر بۆتە گۆرانیبێژێکی گەورەی میصر و وڵاتانی عەرەبی، لە زنجیرە درامایەکی ڕادیۆیی و شەش فیلمی سینەمایی بەشداری کردووە.

بناوێنم = ناوی لێبنێم

پاڵتۆی گۆگۆڵ = گۆگۆڵ نووسەرێکی ڕووسییە ( ١٨٠٩ - ١٨٥٢ ) پاڵتۆ : ناوونیشانی چیرۆکێکی بەناوبانگی ئەو نووسەرەیە ( زۆر بەکورتی ) باس لە فەرمانبەرێکی نووسیار دەکات ناوی ئاکاچی ئاکاکیڤیچ، پلەنزم و فەقیرۆکەیە تا ئەو ئاستەی هەندە فەرمانبەر نوکتەیان لە سەر هەڵبەستووە، کۆنەپاڵتۆیەکی داڕزاوەی لەبەرە، دەیباتە لای بەرگدروویەکی پینەکار، بەڵام بێ سوود، ئەو پێشنیاری دوورینی پاڵتۆیەکی نوێی بۆ دەکات، جا بە نەختەنەختە پارە کۆدەکاتەوە و بۆی دەدورێ و فەرمانبەران پیرۆزبایی لێدەکەن، ئێوارەیەک دەچێتە ئاهەنگی چا و مەی خواردنەوە و لەوێ مەتحی پاڵتۆیەکەی دەکرێ، ئاکاچی درەنگی شەو دەگەڕێتەوە ماڵ، لە ڕێ دوو کەس لێی پەیدادەبن پاڵتۆیەکەی لێدەستێنن و بە پێلەقە بەریدەدەنەوە، پاش ئەو ڕووداوە بە ماوەیەکی کورت، لە خەفەتان دەمرێ، دوای ئەمە، شەوانە تارماکەی دەردەکەوێت و پاڵتۆ لە ڕێبواران دەڕفێنێ.

پۆشک = ڕووپۆش. قناع

تۆپاصن = تۆپاسن، تۆپئاسن، تۆپەخڕەی ئاسن و زنجیرەدار

چاوصاغ = چاوساغ. لە گۆبێژیدا پیتی ( ص ) پەسنددەکەین

چڕناس = کەسێکە چڕی و خەستی بناسێ

حەوا = حاوا، حەوایەوە، جێگیربوو

حب = حوب : ئەڤین، دڵداری، خۆشەویستی

خان بان خان = باڵەخانە

خەس = چڕ

خۆخاپێن = فێڵ لەخۆکردە

خێوا =جێی خۆی کردەوە، خۆی تێگونجاند
دیکانێشە = ژانە دیکان، ژانێکە هۆیەکەی ئەوانی ترە
دیۆژینانە = دیۆجینانە، دیۆجینیس، دیۆژین بە دیۆجینی صەگ ناسراوە ( ٤١٣ ـ ٣٢٧پ. ز ) فەیلەسووفێکی یۆنانییە، دامەزرێنەری قوتابخانەی فەلسەفەی صەگکارییە، دروشمیان صەگە، خۆی سامانەویستە و بە پێخاوسی دەسوڕایەوە، بۆیە دەگوترێ : ژیان و ڕەفتاری دیۆجێن لە فەلسەفەکەی سەرنجڕاکێشترە.
ڕاویار = ڕاوچی
زووفڕ = خێرافڕ
سەرەسیفۆن = قەپاغەسیفۆن، قەپاغێکی تەنەکەیە و ڕۆخگڕنییە
سپێر = یەدەگ، لە (spare)ی ئینگلیزی وەرگیراوە. احتیاط
سۆتمانکار = ئاگرکوژێنەوە. رجل الاطفاء
شامەی = مەیەکی نایاب و شاهانەیە
شۆڕشی ئوکتۆبەر = پاش چەندین یاخیبوون و کوودەتا و شۆڕشی سەرنەکەوتوو، شۆڕشی مەزنی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ سەرکەوت و لەگەڵیدا ڕووسیا بووە یەکەمین دەوڵەتی کرێکاران و جوتیاران و دەسەڵاتی سۆڤێتی ڕاگەیاند.
فەهرنهایت ٤٥١ =کورتەڕۆمانێکە، ڕۆماننووسی خەیاڵی زانستی ڕای برادبێری ( ١٩٢٠ – ٢٠١٢ ) نووسیویەتی، لەو پلەی گەرمیدا کتێب دەسووتێت. ساڵی ١٩٦٦ بۆتە فیلمێکی سینەمایی، دەرهێنەر و سیناریۆنووس و ڕەخنەگری فەرەنسی (فرانسوا تریفۆ ١٩٣٢ – ١٩٨٤) دەریهێناوە، هونەروەرانە ئەم ڕۆمانە خۆشدەکات و دەیفلمێنێ، بەکورتی تێیدا : مۆنتاج سۆتمانکارە و چەن ساڵێکە خەریکی کتێب سووتاندنە، خاتوو کلاریس کتێبی لا خۆشەویست دەکات، جا ڕۆژێکیان کتێبێک دەخوێنێتەوە و پێی وەردەچەرخێ، دەبێتە شەیدای کتێبان و هەست بە مرۆڤایەتی خۆی دەکات و هەوڵ دەدات واز لە کارەکەی بێنێ، کە مۆنتاج ناچار دەکرێ کتێبەکانی ماڵی خۆی بسووتێنێت و ئاگر لە ماڵ بەربدات، ئامێری ئاگراوێژ ڕووەو کابتن دەکات و دەیسووتێنێت و بەرەو ئەودیو ڕووبار ڕادەکات بۆلای خەڵکی کتێب، ئەوانە ژن و پیاون لە دارستان وگردۆڵکەکان دەژین و هەریەکەیان کتێبێکی ئەزبەر کردووە.
فرتەنە = فەرتەنە، فەرتنە، فرتێنە : ئاژاوەو پشێوی، دووبەرەکێ، هەراوهوریا، کوودەتا، بەڵاو نیگبەتی، فیتنە. فرطنە
قەرمیت = قەرمید، قرمید، قەرموود، جۆرە خشتێکە لە کوورەی ئاگر، یان لە فڕن سازدەکرێ، خانووی پێدروست دەکرێ، زیاتر بۆ پۆشینی سەربانە، خشتی سیرامیک، زیاتر ڕەنگی سوورێکی قاوەییە، پاش ڕاپەڕین ئەم کەرستەیە هاتۆتە کوردستان.


قەلب پیسی = لەشی کەسێکە سێکسی کردووە، پاشان خۆی بیسمیل نەکردووە، واتە غوسلی لەخۆی دەرنەکردووە.
قەمەرە = ئۆتۆمبێل
قرشە = وشکەلاسکی گەنم و جۆ و هەندە گیای تر، قرش، کرشە، قرچە، قرشێ دەخلی، پەلەخ.
قیت دەکات = بنیات دەنێ، بونیاد بڵند دەکات
قۆقز = هەر شتێک جەستەیەکی دەرپەڕیوی هەبێت، کۆمدار، کووڕایی. محدب
گوستێر = گووئەستێرە، گووستێرک، ئەستێرۆک، ستێرۆک، گورەستێرە، گوڵەستێرە، پەنگەستێرە: زیندەوەرێکی باڵدارەی بچووکە، شەوان دەفڕێ و لە کلکەکەی بریسکەبریسکی ڕووناکییەک دیارە، منداڵان گورج هەوڵی گرتنی دەدەن و گۆرانی بەسەر هەڵدەڵێن. سراج الليل، اليراع.
گیزەکۆرە = گوێزێکە کاکڵەکەی عاسێیە و بەزەحمەت لێی بێتەدەرەوە
ماتدڵ = متدل، دڵی ماتبوو
متمێژوو = مێژووی متبوو
نشکەی پێلێنان = کورسی دانپیانان، كرسى الاعتراف.
نووحناو. نووحقەل = ناوی نووح. قەلی نووح : قەلێکە نووح پێغەمبەر ناردی تا بۆی بزانێ ئاوی لافاو گەیشتۆتە کوێ و لە چ ئاستێکە، قەل دەفڕێ و ناگەڕێتەوە، خەریکی خواردنی کەلاکێک دەبێت.
هاوفیزیکە = هاوفیزیا، ڕەفتارکردن بە پێی یاساکانی فیزیا
واش =کورتکراوەی ئەوهاش
ویزاندی = بە دەنگ ویزەی کرد

# ئەدرێسێکی نوێ

**هیوا شەمسی بورهان**
**(لیل - فەڕەنسا)**

دیسـان مێژوو دەبێ بێ
وەک پیرەپیاوێکی ڕیقن
شـووشـەی چاویلکەکەی بسـڕێتەوە و
بەنی دەسـکەکانی دە مل کا.
بڕواتە نێو دەفتەرخانەی تۆزگرتوو
دەفتەری کورد دەرێنێ و
ناوونیشـانێکی تازەی لێ زیاد بکا.
لەپاش چوارچرای مەهاباد
لەپاش ئەمنی سلێمانی
لەدوای شـەقامێکی سـتۆکهۆڵم
لەپاش زیندانەکەی ئیمڕاڵی
لەپاش چێشـتخانەیەک لە بەرلین
لەپاش ئەدرێسـێکی شـاری ڤییەن
لە نەمسـا،
ئەوجارەیان بەدەسـتی لەرزۆک بنووسێ:
ژمارە ١٤٧، شـەقامی لافاییێت، پاریس
بووکە جوانەکەی فەڕەنسـا.

**٢٠١٣/١/١٩ لیل**



**تاڤگە**

شـاخ و داخی ئەم ناوچەیە هێندە کۆنن
هیچ مێژوویەک باش نازانێ
چەندین پاشـاو میر و ئاغا
حوکمیان بەسـەردا تەنیوە.
چەند کچۆڵەی بێ مراد
لەتاو تامی دەمی یارێ
خۆیان لێرە هەڵداشـتووە
چەندین بەیتبێژ، چیرۆکەکەی عەشـقیانی
بە هەسـتی خۆی داڕشـتووە.
ئەو شـاخانە هێند لەمێژن
ئەگەر جێیەک مەودایان بێ
هەرچی لەنێو هەناویانە
وەکو «بێخاڵ»،
بە خوڕەی هەڵدەڕێژن

**٢٠١٣/٥/١**

# دەری


**یلدز چاکار**
**(ئامەد)**

د ناڤبەرا دەری و دلێ خوە دە مام
ل ئالیەک تو
ل ئالیەک دەری
نە دەستێ من ژ دەری دبوو نە ژی ژ دەستێ تە
چەند پاییزێن سار من گەرم کر، ژبۆ هەر تلییێن تە

نە دەری دەڤ ژ من بەردا و نە ئەز ژ تە
د ناڤ دوبەندیا ئێشێ دە مام
ب دەمێن دەمان بوو قەدەر د فەرهەنگا دلێ من دە
بداوی نەبوو ڕۆژ و شەڤێن بێ تە
نها ژ بەر مایینێن ئێشێن خوە ددم کوشتن،
تا کو دەستێ من بگهیژە تە.

بێسنۆر بوو سنۆرێن ڕەشکا چاڤێن تە،
ل ور پارچەیەک ژ تە دگەڕم، دا کو دلێ خوە پینە بکم!
ل بەر دەری بووم و ئەز ئەڤین بووم
ل بەر تە سەکناندیبووم. دە ببێژە لۆ!
ژ چ دترسی؟
ژ من ئان ژ ئاگرێ دلێ من؟
هەر کو دزڤڕیم و ل تە دنهێرتم
شکەستنەک ئاڤا دبوو د دەستێ من دە،
دەستێ من ل دەری ئاسێ بووبوو، تو ل دلێ من
ئەڤین شەڤەکە شەڤاتۆک بوو د دلێ من دە
ئەز لاڤایەک ب گازنچ بووم ل بەر دەریێ تە،

نە دەری و نە ئەز ل هەڤ نەکر!
پرایەک ل سەر دۆژەهێ بوو ناڤبەرا من و دەری
ترسەکا زارۆکانە، ڕەڤەکا بێواتە بوو،
هەر تلیکێن تە ژانەک و گۆلکەک ئاگر بوو
گەلۆ کیژان ئالیێ دەری بهووشتا دل بوو؟



**یلدز چاکار ل سالا ١٩٧٨ ێ ل ئامەدێ ژدایکبوویە. خوەندنا خوە ل ئامەد و مێرسینێ کریە. ل سالا ١٩٩٦ ئان وەرە دەست ب کارێ ڕۆژنامەگەریێ کریە. شعر و بەرهەمێن خوە یێن پەخشان و چیرۆکان ل گەلەک ڕۆژنامە و کۆڤاران دە بەلاڤکرینە. ل سالا ٢٠٠٤ ێ پەرتووکا خوە (گۆڕستانا ستێرکان) و ل ٢٠٠٧ێ پەرتووکەکا چیرۆکان ب ناڤێ (ئالا) بەلاڤکرینە. ئەڤ شعرا سلال ژی ژپەرتووکا فیغانا پێنووسێن نازک هاتیە وەرگرتن.**

**«ڕامان»**

# چوار دڵتەنگی

غولام حوسێن سالمی
لە فارسییەوە: کەریم حیکمەتی
(بۆکان)

-١-

لێرە
لەم مەداری غوربەت و خەمبارییەدا،
دەخنکێم لە تینوێتیدا
ئەی ئەو کەسەی،
لە تۆرەمەی ئاو و زەریای
ئەی بەخشندە
میوانی چۆڕێ خەندەم کە!

-٢-


لەگەڵ خەندەکانی تۆدا
بەسەدان شکۆفەی گێلاس
ئاوەڵا بوون
ئاخ میهرەبان،
کەنگێ شکۆفەی دڵی من
بە خەندەیەک
بەرەو دنیا دەکەیتەوە؟

-٣-

برینی قووڵی تەنیایی
لە مندازاری ئاوەڵا
من لەگەڵ خۆمدا ناکۆکم
دەبێ دەستی میهرەبانت
مەرهەم لەسەر زامم دانێ.

-٤-

هۆ باڵا بەرز
قژ ئاڵۆزەکە!
لە هەتاوی چاوەکانتا
کوا دەتوانم ورد ببمەوە؟



**شەهێن حەنانە**

١– ژنی پاییزی
ون دەبی
ناتدۆزمەوە
وەک ئەوەی قەت نەبوو بێتی
دێمەوە بۆ لای ئاوێنە
ژنێک دەبینم
بە ڕوخساری پاییزییەوە
کە مانگ،
لەسەر بسکی درێژی شکاوە

٢– ئاوابوون
گوتت کە دێی
لە ئێوارەیەکدا
بەدوا قەتار
تا دوا وێستگە
تاتۆ!
ڕەنگە سوورەکان، بە هەورەکانا دەپژێنم
بەڵکو کە زووتر بێیەوە

٣– کۆتایی
چ سانا تێپەڕیت
بە پێڵاوی کەتانییەوە و
بارانییەکی خۆڵەمێشی(*)
لە هەور و هەڵای پاییزدا
نیگام لە شووشە تێپەڕی
هەڵاتە ناو کۆڵانەوە
لەسەر باڵاکەت نیشتەوە
وەرزێک ڕۆیی.

**پەراوێز:**
**(*) پاڵتویەکی خۆڵەمێشی.**

**سەرچاوە:**
**کتاب شاعران معاصر، سید علی صالحی، چاپخانە هدیە، ١٣٧٦.**



# تاسە

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

چەند ساڵە؟ سی ساڵ دەبێت؟، دەبێ.. ئەم هەموو ساڵە، بەتاسەی ئەم ساتەوە بووم.. لەهەر شار و وڵاتێک بوایەم، کاتێ ڕۆشنایی پشتی پەنجەرەی ماڵەکانم دەدی، هەستێکی سەیر و نامۆ دایدەگرتم، ناتوانم بەزمان دەریبڕم، تێکەڵ بەقین و حەسرەت و تووڕەبوون.. وا ئێستا لەبەر دەرگای ئەم خانووە ڕاوەستاوم کە سی ساڵە تاسەی دەکەم...

هەرکە دەرگاکە بکرێتەوە، لە ڕاست و چەپتەوە دوو ژوور بەرانبەر یەکن، .. دەرگای خانوو کە قسەیەکی سەیری ئەو بەیانییە زووەی دایکم بیر دەخاتەوە، کە دەریان کردین... بەدەم گریانەوە وتی «.. کلیلەکەشم دانەنا».

وا لەپەنجەرەی دەرەوە تەماشای ناو ژووری دەستەڕاست دەکەم، چاو لە دیوارەکەی بەرانبەرم دەبڕم، وەک تەماشای شتێکی ئاشنا بکەم، بست بە بست بە چاو دەیبیێژم، تاقی کتێبی قوتابخانەکەم نەماوە، کەمێ ئەملاتر سویچی کارەباکە دەبینم لە جێگای خۆیدایە، ئەوەندە دەستی بەرکەوتووە ژێر سویچەکە ڕەش هەڵگەڕاوە... هەزاران جار ئەو دوگمە ڕەشەم هەڵکردووە و داگرتووە، سەیرە نەیانگۆڕیوە، لێی ورد ببیتەوە ئەو تەمغە ڕەشەی خوار سویچەکە پەنجە مۆری دەستی هەموومانی پێوە ماوەتەوە... دێتەوە بیرم، سەردەمانێک دەستم پێ ڕانەدەگەیشت، سەرینێکی خڕ و توکن لەژێر پێ دادەنا.. ئای ئەو دایکەم چەند لەکارەبا دەترسا... دەرگاکە، هەمان ئەو دەرگا دارینەیە دارتاشێکی هاوسێمان بەقەرز بۆی دروست کردین، شەقار شەقار بووە، تلیشی لێ هەڵساوە، لە هەندێ شوێنەوە توێژاڵێکی لێ هەڵساوە، خەریکە بەر دەبێتەوە، بۆیەیەکی زەردی مەیلەو قەوزە کراوە، بۆیەکەشی درز و قلیشەکانی دانەپۆشیوەو پڕ نەکردووەتەوە... دەرگاکە لەو دیوەوە کلۆم دراوە... هەمدیس کلیلەکەی لای دایکمم بیر دەکەوێتەوە... لە دەرگاکە ئاودیو ببی، دوو ژوور دەرگاکانیان بەرانبەر یەکن، ئەو ژوورەی وا من لە پەنجەرە شووشە تەڵخ و ژەنگ بردووەکەیەوە دەڕوانم، من و چوار خوشک و برا تێیدا دەخەوتین، لەپەنجەرەکەوە چاوم بڕیوە ئەو جێگایەی شەوان وەک سەردینی

قـوتووكـراو ڕیز دەبووین و جاجـمـێكی زبریان پێـمـاندا دەدا... بەزمی ئەو شەوانەم وا دێتە بەرچاو... بۆنی تس و هەناسەی نان و پیازی شێوی ئێواران ژوورەكەی قانگ دەدا، بەدەستی خۆم نەبوو بزەم هاتێ و بە ئاستەمیش پێ دەكـەنم، زەڵە زەڵ و هات و هاوارەكـانیـشم لەگـوێ دەزرنگێتەوە..

– تۆ بووی...

– نە وەڵلا عەلە بوو.

– وەڵلا من نەبووم.


مـچە خـۆی مت كـردووە، خـۆی لەخـەو كـردووە... بە مشت لە جاجمەكە بەردەبین...

من بیـرم نـایەت، كـەی بـاوكم بـۆ ئێـرەی هێناوین... ئەویش تا مـرد هەناسـەی ساردی بۆ باخ و ڕەز و كۆشكە ڕووخـێنراوەكـەی هەڵكێـشـا... ئێـمـە دەبێت بەدەم هەناسەی سارد هەڵكێشانەوە سەربنێینەوە...

كـــەمێ بە ڕێرەوێكدا بەرەو ناوەوە هەنگاو بنێی حەوشێكی بچكۆلەت دێتە پێش، هەر چەند مەترێكە، لەوێدا هەمـوو شتـێكمان تێدا دەكرد... لەوێدا خـۆمان دەشـۆری، نـانمان دەخـوارد، جلمـان هەڵدەخـست... بەرمیلێكی ژەنگاویمان بۆیە دەكردو پڕمان دەكرد لە ئاو، هەم ئاومـان لێ دەخواردەوە هەم سەوزەی پاڵ دیوارەكانمان لێ ئاو دەدا... دایكم هەمـوو بەیانیـیەك ئەو قـالۆنچـەو سیسركانەی بە جام لە بەرمیلەكە دەردەهێنا كە دەكەوتنە ناویەوە... بۆ تـۆڵە سـەندنەوە، ئێـمـەش لە حـەوشـەو ژوورەكاندا دەكەوتینە ڕاوە سیسركە و قالۆنجە كوشتن... كە دەمانفلیقاندنەوە خرچەیەكی سەیریان لێوە دەهات... چاوم لەپەنجـەرەكـە نـاگـوێزمـەوە... هەر دیمەنی ئەو ڕۆژانەیەو وەك تـارمـایی بەبەرچاومـدا تێـدەپەڕن.. هەندێك جـار دەنگە دەنگ و گـریان و پێكەنینەكـانیش دەژنەوم... بە خۆم دەڵێم، چ ماڵێكی غـەمگین و تاریكە ئەم مـاڵە... ئەمە ئەو خانووەیە كە لە شار و وڵاتەكاندا ڕۆشنایی پشـتی پەنجـەرەی ئەو خـانووە جـوانانەت دەدی تاس دەیبردیتەوە و تاسەی ئێرەی تێدا دەوژووراند..! من هەر سەرم بەپەنجەرەكەوە نابوو وەك سەرم بە مەرقەدێكی پیـرۆزەوە نابێ، سەرم هەڵنەدەبڕی، لەپڕ وەك مـشـارێك بە سەرمدا بێنی گوێم لە دەنگێ بوو.

– «شت سوی هنا»؟

«ئای... هێشتا ئەو بە من دەڵێ: لێرە چی دەكەی؟!»



# له ناوەندی بازنەیەکدا

**قادر عەلی خا**
**(بۆکان)**

ڕاست له ناوەندی بازنەکەدا ڕاوەستاوە، وەک میر چەقیوە، ڕەپ و ڕاست، گرێی له خۆی بڕیوە. دەڵێی وەستایەکی قابیل و شارەزا تەراز و شاغوڵی لێ داوە. پێم وایە له هەر بارێک بیپێوی بۆ لێواری بازنەکە موو لێ نادات.

کەس نابینێت، چاوەکانی قوچاندووە، هەست بە بوونی کەس ناکات، بێجگە له خۆی نەبێ، گوێی تۆپەڵێک لۆکەی تێخنیوە و دەنگی کەس نابیستێت، چپە و پرتەی خۆی نەبێ پێی وایە کەس لەو هۆڵە زەلام و بەرینەدا نییە. جاروبار بە هەر هۆیەک بێ، کە چاوی هەڵدێنێ هەر چوار دەوری هۆڵەکەی لێ دەبێتە ئاوێنەبەند و ئەوەی دەیبینێ هەر وێنەی خۆیەتی، کە لە ناو دڵ و دەروونی ئاوێنە یەک لە دوای یەکەکاندا دووبارە و دەبارە و سەد بارە دەبنەوە.

جارجارە ئەگەر دەبیستێ! ئەویش زۆر بە دەگمەن، دەنگی ئەوانەی لە نێو هۆڵەکەدان، لەگەڵ دەنگی بزن و مەڕ و شتی وا لێی تێکدەچێ. وا هەست دەکات ڕاست لە نێوەڕاستی هۆڵێکی پڕ لە مەڕ و بزندایە و بە چوار دەوریدا ئاخوڕی لێ هەڵبەستراوە.

خۆی لێ دەبێتە ئەسپێکی بەرزی شەققەداری یاغی و تۆڕ و سەرکێش، ڕاست بە ناوەندی بازنەکەدا دەکەوێتە وێرغە و قۆرتە و جارجارەش نەرمەغار و بێ سەرنجدان بە لاق و دەست و سەری مەڕ و بزن و کاریلە و بەرخەکان هەنگاو هەڵدێنێتەوە و دێ و دەچێ، دێ و دەچێ؛ هەرچی لاق و دەست و سەرە، پانیان دەکاتەوە و کەس متەقی لێوە نایە و ئەویش خۆیان لێ بە خاوەن ناکات.

لە نێو ئەو هەموو کەلاکەدا خۆی لێ دەبێتە گورگێکی برسی و دەم دەنێتە جەرگ و دڵی ناسک و تورتیان و دەیانخوات و دەم و لافلێچ و سەر و گیانی لە خوێنی گەرم و تازە ڕژاوی مەڕ و بزن و کاریلە و بەرخدا دەخووسێنێ و سوور سووری هەڵدەگێڕێت.

جارجاره ئەگەر پیاوێک، ژنێک، کوڕێک، یان کیژۆڵەیەک لێی دەکەون، ئەو هەر چەندە نایانبینێ و گوێی لە دەنگیشیان نابێت، بەڵام بە لای خۆیەوە وا هەست دەکات لە ناو بێشەیەکی پان و بەرین و بێ کۆتاییدا، پاش ڕاوکردنی ئاسکێکی گۆشت بەتاموچێژ، خۆش و ناسک، تێری خواردووە و لە سەر گابەردێکی بەرز لە بەر تاو ڕاکشاوە، ئەوانەی لێشی دەکەون، دانە دانە مێرووله و قالۆنچەن کە بەبێ ئەوەی بزانن و ئاگادار بن خۆیان لە لاق و قولی چ شایەکی بەسام و مەزن و نێودار هەڵدەسوون، ئەوە هۆی ئازایەتی و بوێریی ئەم قالۆنچە و مێرووولانە نییە، خۆ ئەو بەستەزمان و بێ دەرەتانانە هەر ناشیزانن کە خەریکن کایە بە کلکی چ شێرێکی بەهەیبەت دەکەن، دەنا بۆ دەبێ ئەم جرِ و جانەوەرە بێ بایەخانە بوێرن خۆیان لە قەرەی شێرێکی ئاوا بەسام بدەن.

لە ناوەندی بازنەکەدا دێت و دەچێت، دەستی ناوەتە پشت قوونی و کایە بە قەڵەمەکەی دەکات، هەڵیدەسووڕێنێت، هەر دەورێک قەڵەمەکەی هەڵدەسووڕێنێت، چیرۆکێک، وتارێک، یان شیعرێکی ناوازە و بێ هاوتای لێ دەکەوێتە خوارێ و بە سەدان کچ و کوڕی نووسەر و شاعیر لە پشتەوەی ڕیزیان بەستووە و لەو نووسراوانە هەڵدەگرنەوە کە لە قەڵەمە پیرۆزەکەی دەکەونە خوارێ. جار لەگەڵ جاریش لە لایەن وەرگێڕە بەتوان و نامییەکانەوە نووسراوەکانی وەردەگێڕدرێتە سەر زمانە زیندووەکانی دنیا و ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەکان پێشەکی و وتاریان لە سەر دەنووسن و لایەنە ڕەمزی و فۆرمی و مانایییەکانیان بۆ خوێنەر ڕوون دەکەنەوە و لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان لێ دەئاخندرێت.

گووپی هەڵدەماسێنێ و باڵەکانی فش دەکاتەوە، با دەکاتە قولی و با دەکاتە زگی و دەماسێ و دەماسێ و لەشی قورس و گرانی سووک دەبێ. وردە وردە بەرز دەبێتەوە، ئەوەندە دەکەوێتە سەرووی خەڵکەکەوە، لەوانەیە بە باشی ڕوخساری نەناسرێتەوە، دەڕوا و دەڕوا و دەچێتە دەرێ. قەڵافەتی خۆی لێ دەبێتە پەیکەرەیەکی مەزنی ناوەندی گۆڕەپانێکی پان و بەرین کە پۆل پۆل لایەنگران و خواجا و غولامانی دێنە دیدەنی و زیارەتی دەکەن و لە پەنا پەیکەرەکەیدا وەک پەیکەرەی خوالەیەک لە خودا دەسکردە هیندییەکان بە ئەدەبەوە ڕادەوەستن و کڕنۆشی بۆ دەبەن، بە ئەشق و سۆزەوە پێیدا هەڵدەڵێن و وێنەی یادگاری لە پەنادا دەگرن.

ئاخر ئەو، نووسەر و ئەدیبی مەزنی نەتەوەیەکە، تەواوی ڕابردووی ئەدەبیاتی ئەو وڵاتە لە لایەک دانێی، لە چاو بەشێکی کەم لە کارە ئەدەبییەکانی ئەو، وەک باڵی مێشوولەیەک وایە، لە بەرانبەر شاباڵی هەڵۆیەکی مەزندا.

ئەو هەمــوو داهێنان و نوێکاری و ڕچانەی ئەو شکاندوونی، بۆ سەدان و هەزاران ساڵی تری ئەدیبانی ئەو نەتەوەیە بەسە، پێیدا بڕۆن و وزە و توانایی و لقوپۆپەکانی بناسن. مەزنە، گەورەیە، ناسراو و نێوبەدەرەوەیە، خۆ فشە نییە!

بە ناوەندی بازنەکەدا وردە وردە زۆر بەفیز و دەمارەوە لووتی هەڵدێنێ و دەکەوێتە پیاسەکردن، دەوران دەوری بازنەکە بە ئەندازەی باڵای بەرزی ئەو کە خوا هەر بۆ خۆی دەزانێ چەندە بەرزە، خۆ ئەوە کاری مرۆڤی بێ سەواد و گەوجی وەک ئەمانەی دەوروبەری ئەو نین، کتێبی ڕەنگاوڕەنگ لە نێو قەفەزەی کتێبەکانیدا بە ڕێکوپێکی داندراوە، هەموو ئەو کتێبانە هەر بەرهەمی بیر و هزری ئەون و بە قەڵەمی مەبارەکی ئەو نووسراون.

هەر قەفەزەی بە زمانێک وەرگێڕدراون، یان لێکۆڵەرێک لە سەر بەرهەمەکانی ئەو نووسیوونی، جارجارە لە نێوان قەفەزەکاندا وێنەی خۆی لە ئاوێنەیەکی باڵانوێندا دەبینێت، لە پشت سەر وێنەکەی خۆیەوە وێنەیەکی زۆری لێوە دیارە، وێنەی کافکا، لۆرکا، تۆلستۆی، مارکیز، ژۆزە ساراماگۆ، پووشکین، ئالبێر کامو و دوور دوورتریش لە پشت سەری ئەوانەوە چەند وێنەیەکی کاڵ کە هەر چاوی وردبینی ئەو بە حاڵێک و دووبەڵا، ئەویش وەک تارمایی سوارە و هێمن و حەسەنی قزڵجی و هەژار و نالی و مەحوی دیارن.

لە بەر ئاوێنەکە لادەچێ، وا هەست دەکات سەری قورس بووە، ئەم قورس بوونەش هینی ماکی ئەو هەموو چیرۆک و شیعرە نەنووسراوانەیە، کە وەک ئاوی کانییەکی ڕوون ڕوون لە پشت ئەستێرێکدا، کە وەرزێرێک بە تۆپەوانەیەکی زەلام بەر گونجەکەی دەخنێت، کۆ بوونەتەوە و پەنگیان خواردۆتەوە سەر یەک و سەریان لێ قورس کردووە، قەڵەم و دەفتەرەکان فریایان ناکەون و خەریکن بە لایدا دەخەن.

وردە وردە پاشە و پاش دەکشێتەوە و دێتەوە ناوەندی بازنەکە، ئەوێ جێگای خۆیەتی و بە هیچ کەسێکی نادات، یانی کەس مافی ئەوەی نییە پێ بنێتە ئەو جێگا پیرۆزە، ئەو شوێنە مەزنە و پاقژە شوێنی پیاوێکی وەک

ئەوە و کێ دەتوانێت پێی لە جێ پێی ئەو دانێ. بە دڵنیاییەوە! هەر کەسێکیش ئەوەندە بێ چاوەڕوو و نەزان بێت پێ بنێتە ئەو جێ پێیانە سەرسم دەدا و دەکەوێ و ملی لە حەوت جێوە دەشکێت، دەبێ بشکێت چۆن دەبێ نەشکێت، بێتو پێ لە جێگا پێی پیاوێکی ئاوا مەزن دانێت، تاوانە! تاوانێکی گەلێک گەورە، وەک ئەوەیە کوفری خودای تەبارەک و تەعالات کردبێ.

جارێک ڕەخنەگرێکی فەقیری بێ خەبەر لە هەموو شتێک، هەر ئەوەندەی نووکی قەڵەمەکەی هەڵدەخلیسکێ و بە نووسراوەکانی ئەو دەڵێ پشتی چاویان بڕۆیە، ئیتر مەگەر هەر خودا بزانێت ئاشقان و لایەنگرانی ئەو مەزنەپیاوە بە هەزاران وەڵام کە لە گۆڤارە جۆراوجۆرەکان و نووسراوەی نێو ماڵپەڕەکاندا بۆیان ناردبوو، چ بەڵایەکیان بە سەر هێنا، کارێکیان پێ کرد کارستان! داهاتووەکان دەبێ بە داستانی شانامە بیگێڕنەوە، دەردێکیان دایە با بە دەواری شڕی نەدابێ.

دێتەوە ناوەندی بازنەکە، لەوێوە چاو لە کتێبەکانی دەکات، بە دەوری خۆیدا هەڵدەسووڕێت، دانە دانە قەفەزەی کتێبەکان چاو لێ دەکات، هەر جارە و قەفەزەیەک، شیعرەکانی، چیرۆکەکانی، لێکۆڵینەوەکانی، لە نێوان قەفەزەیەکدا ئاوێنەیەکی بالانوێن داندراوە، بە دەوری خۆیدا هەڵدەسووڕێ و خول دەخوات، خۆی دەبینێ و کتێبەکانی خۆشی دەبینێ. کتێبەکانی جار لەگەڵ جار توندتر هەڵدەسووڕێن، وەک فرفرە هەردووک دەستی لە یەک دەڕەوێنێتەوە، وەک باڵی فرۆکەیەک گڤە و هاڕەی دێ، دەستەکانی نابیندرێن، ئەوانیش لە ناوەندی بازنەکەدا دەبنە بازنەیەکی چکۆلەتری دیکە.

جار جار هەست دەکات ئەو ڕاوەستاوە و کتێبخانەکە بە دەوری ئەودا دەخولێتەوە، ئەو بە دەوری خۆیدا هەڵدەسووڕێ و کتێبخانەکەش بە دەوری ئەودا دەخولێتەوە، ئەو قاقا پێدەکەنێ و کتێبەکان قاقا پێدەکەنن، قاقا و پێکەنین، کتێبەکان قاقا پێدەکەنن، قاقا و پێکەنین، هورووژم بۆ گوێچکەی دێن، مێشکی ئاڵۆز دەکەن، وەک پوورەهەنگێک چنگ دەخەنە نێو دەزوولەکانی مێشکەسەری، هەر دەخولێتەوە و وێنەی خۆی و کتێبەکانی لە بەر چاویدا دووبارە و سەد بارە دەبنەوە، گەشکە دەیگرێ و سەری لە گێژەوە دێ و دڵی لە ژێڵەڵا دێ و بە سەر و بە ژێر دەڕشێتەوە. ڕشانەوە قەڵپەزە دەکا و ڕووی وێنەکەی و کتێبەکانی سواخ دەدات، هەموویان بزر دەبن و وێنەکان و کتێبەکان، کتێبخانە و ئاوێنەکان، وردە وردە نە خۆی دەبینێ و نە کتێبەکانی، سەری لە گێژەوە دێت و پشتەو قەفار لە نێوەڕاستی بازنەکەدا دەکەوێت، قەڵەمەکەی لە دەست دەکەوێتە خوارێ و لە ڕشانەوە و پیساییەکەی هەڵدەچەقێت، سەر و سنگی پیسایی و ڕشانەوە دایدەپۆشن، ڕاست وەک ئەو قالۆنچە ڕەشانەی لە نێو پیسایی مرۆڤ و ڕیخی ڕەشەوڵاغدا خۆیان نوقم دەکەن، بۆگەن وڵات دادەگرێ، خەڵکێکی زۆری لێ خڕ دەبنەوە، لە ژن و لە پیاو، هەموویان دەم و لووتیان گرتووە، لەبەر خۆیانەوە پرتە و چپەیان دێ:

– ئەوەندەی خواردۆتەوە ئاگای لە خۆی نەماوە...

– کاکە بڵێ مەجبووری؟ کایەکە هی خۆت نەبوو، خۆ کادینەکە هی خۆت بوو..

– ئەوەندەی دەتوانی بخۆوە، خۆ بە زۆری بە گەرووتدا ناکەن!

– هەی بە دەردت بێ، بەو بۆگەنە مێشکی سەری بردین!

چەند کەسێک لە ئەوانەی دەوریان داوە، دڵیان بە یەکدا دێ و پەرۆش دەکەن، بە دەم پرتەپرت و بۆڵەبۆڵەوە خەڵکەکە دوور دەکەونەوە، منداڵێک بە دەسماڵ قاقەزییەک قەڵەمەکەی هەڵدەگرێ و دەیبات و دەیخاتە نێو کاسەی ئاودەستخانەکە و ئەفتاوەیەک ئاوی پێدا دەکات، قەڵەمەکە ئاو دەیبا و تێکەڵ بە پیسایی نێو زێرابەکەی شار دەبێ.

کەسێک دەست دەداتە مۆبایلەکەی:

– ئەلۆ... شارەداری...

.....

– کاکە سلاو...

......

– تەرمێک لێرە کەوتووە، کابرایەکی نەناسراوە...

......

نا نا، کەس نایناسێت...

......

بۆگەن وڵاتی داگرتووە، تکایە بۆ ئەوەی نەخۆشی و پەتای لێ نەکەوێتەوە، کەمێک زوو وەرن بینێژن.

**١٣٨٩/١/١٢ (٢٠١٠ز)**



# داليا تۆ بۆ كوێ چوويت؟

**گۆران ڕەئووف**
**(سەيد سادق)**

سلاو.. وەک جاران دەپرسم ڕەوشێ تە باشە؟؟ هەهەها... هەهەها.. پێبكەنە... پێبكەنە.. دەی پێبكەنە... قوولتر پێبكەنە... با قليكەت ئەو ماسييانە ڕاچڵەكێنێت كە لە قوولاييەكانی ماريانادا ژيان دەكەن... با ئيسرافيل سەری لێ بشێوێت و فووی پيا بكات و دنيا كۆتايی بێت.. با وا تێ بگات بەرلەوەی ئەو زەنگی كۆتايی لێ بدات دنيا خۆی كۆتايی هات!! پێبكەنە بەم هەتيوە گەمژەيە كە فريوی ئەو هەموو پەيڤە بريقەدار و جادووەی تۆی خوارد.. پێبكەنە كە دوای ئەو هەموو بێ دەنگييەت هێشتا وەک زێڕينترين ساتەكانی يەكترناسين پێت دەڵێت: ڕەوشێ تە باشە؟!

داليا ئەوە منم كوڕە شێتەكە.. مەگەر تۆ هەميشە بەشێتە بانگت نەدەكردم.. بيرتە دايكم چەند جارێک لێت تووڕەبوو؟ بەڵام تۆ هەر بانگت دەكردم شێتە... شێتە... ئەو كوڕی كەرەم كە لە هەستی پێغەمبەربوونەوە گەڕامەوە لای خەونە خنجيلانەكانی تۆ... داليا ئەوە منم من.. كە ئێواران دەستم لەنێو دەستەكانتدا ئارەقەی دەكرد و تۆ هەر دەستت بەرنەدەدام.. دەموت"با يەک تۆز ئارەقـەكەی وشكەوەكەم" ئەها تۆ هەردوو برۆت دەهێنايەوە يەک و يەک دوو لۆچت دەكردە لێوەكانت و دەتوت"نا..نا من حەزەكەم وەها پياسە بكەين... دەتوت شەرم مەكە... من حەزم لێيە گەر بتوانم دەستت بۆ ماڵ بەرمەوە!!" داليا كوڕە چاوكاڵەكەم.. كوڕی خەونەكانت.. لەبيرت نەماوە؟ وەڵڵا سەيرە! يانی ئاوەها بەخێرايی گۆڕايت؟ يانی ئيدی ناگەڕێيتەوە؟ ئيدی وەک جاران نايەيتە ماڵەوە و بەيانيان بەبێ ئەوەی شەرم لە دايكە پيرەكەم بكەيت، بەماچ بێدارم ناكەيتەوە؟ يانی تازە حەز بەو كتێبانە ناكەی كە لەبەر من دەتخوێندنەوە؟ داليا من تا

ئێستا ئەوەندە کاریگەر نەبووم بە هیچ شتێکی ژیان.. تا ئێستا ئەوەندە بەسۆزەوە نەگریاوم.. تا ئێستا ئاوەها بەقووڵی هەستم بە ئازارە تووڕەهاتەکانی ژیان نەکردووە.. نازانم چۆن هاتیت و چۆن ڕۆیشتی؟!

دالیا بۆ وەڵامی زەنگی تەلەفۆنەکانم نادەیتەوە؟ ئاخر بۆ؟ بۆ وەڵامی نامەکانم نادەیتەوە؟ ئەی نامەکانی فەیسبووک؟! ئاخر بۆ؟ دالیا من بەر لەوەی تۆ بناسم، هەرگیز کارم بە نامە نەبوو، هەرگیز خۆشیم لەنامە نووسین نەدەهات، بەردەوام ڕقم لەو کەسانەش بوو، کە لە دانیشتن و پاڵکەوتن و لە ڕێکردنیشدا هەر نامەیان دەنووسی، کەچی شەپۆلی نامەکانت فێری هەموو ئەوانەیان کردم! بەر لە تۆ ڕۆژێک نەدەهات بە خەیاڵمدا کە بە ڕێگادا برۆم و نامە بنووسم! نەدەهاتە پێش چاوم بەهۆی نامەنووسینەوە شۆفێرەکان بە توندی هۆڕنم بۆ لێدەن و لە جامەکانیانەوە دەستم بۆ بڵند بکەن و جنێوم ئاراستەکەن! دالیا تۆ هەموو ئەمانەت بەسەرمندا هێنا.

من هەنووکە کە بیر لە ئێستای تۆ دەکەمەوە، بڕواناکەم تۆ لەوەها ژیانێکدا بیت، بڕواناکەم بەو ماوە کورتە هەموو ئەو درۆیانەت لەبیر کردبێت کە بۆ منی بەدبەختت دەکرد، هەرگیز ناتوانم وێنای ڕابردووت بەم وێنا پڕ شەرمەزارییەت بەراورد بکەم ، ئاخر تۆ لەبیرت چوو پێت دەوتم: "گەر لە ڕۆمان و فیلمەکاندا کچی دەوڵەمەند و نەجیبزادەکان بۆ کوڕە هەژار و کەم دەستەکان دەگونجێن و ئێمەش وەک ئەوان"، ئەی لەبیرت ماوە من دەموت"دالیا واقیع زۆر تاڵترە لەوەی من و تۆ بیری لێ دەکەینەوە، دەموت دالیا با شوێن خەیاڵی فیلم و ڕۆمانەکان نەکەوین، بەخوا ڕەنجەڕۆ دەبین"، تۆ دەتوت"نا..نا، شێتەگیان، گەر فیلم و ڕۆمان و داستانەکان خەیاڵبن، ئەوە من و تۆ ڕاستەقینەین، بەڵێ من و تۆ دەبینە چیرۆکێکی ڕاستەقینەی نێوان کچێکی دەوڵەمەند و کوڕێکی هەژار".. خۆ ئەمانەت هەمووی لەیادە؟

دالیا من کۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی ڕەش)م بەدیاری بۆ کڕیت و تۆش خوێندتەوە و خارەتێک لێم ڕەنجای؟ بەڵام ئێستا وا هەست ناکەی هەمان گوڵی ڕەش لەنێوان من و تۆدا ڕوودەدات؟ دالیا پێشبینی تۆ هیچ ڕاست نەبوو، هەمووی لە ئەندێشەیەکی پووچەوە دروست ببوون، سەرتاپا بیرکردنەوەکانی تۆ درۆبوون، هەموو ئەو پەیڤە بریقەدارانەت وەک سووراوە سیحرییەک وا بوون، هاوشێوەی ئەو نیگا خەستوخۆڵانەت بوون، کە گشت جارێک دەیانکوشتم و تێدەگەیشم قەدەری من و تۆ وەک گوڵی ڕەش وەهایە!

دالیا لەو ڕۆژەوەی کە لەم گەڕەکەی ئێمە ڕۆیشتن، ئیدی خەیاڵەکانم ناخۆویستانە لە بەرانبەرتدا گۆڕان و نەمویست شتێک بڵێم... نەمدەویست عەودالانە لەهەمبەر ڕووداوەکاندا بڕیاری پێشوەخت بدەم.. ئیدی هەر لەخۆوە هەستێکی سروشیانە باسی هەندێ وڕێنەی بێ تامی بۆ دەکردم و نەمدەوێرا بەخەیاڵیشمدا بیانهێنم... دالیا من دەموت:"تازە تۆ ماڵتان باری کردووە و ڕۆیشتوونەتە گەڕەکە نوێکانی ماڵە دەوڵەمەندەکان، ئەستەمە تازە بەیەک بگەین!، تۆ وەک پیشەی هەمیشەییت هەردوو بڕۆت دەئاڵۆزکاند و بە پەنجەکانت گوێی چەپت دەگرتم و دەتوت:"ئەم قسانەت کۆنن، شتی نوێم بۆ باس کە"، دالیا من ئیدی نەمدەوێرا شتێکی ترت بۆ باس کەم، ئیدی بە خۆم و هەستی هەژارانەمەوە لەناخی گڕگرتوومدا دەموت " دالیا کێشەکە ئاڵۆزکاوە، من و تۆ ناتوانین ئیدی وەک جاران یەکدی ببینین".

بە ڕاست دەڵێن ئەو کوڕەی ئێستا وەک هاوسەری ژیانت هەڵتبژاردووە، کوڕی یەکێکە لە هەرە دەوڵەمەندەکانی ئەم شارە.. یانی وەک خۆتان خاوەن دەیان دۆنم زەوی کشتوکاڵی و هەزاران مەتر زەوی نیشتەجێبوونە، هاوشێوەی بابت چەندان بازاڕیان هەیە و کۆمپانیا و کارگەیان لە وڵاتانی دەرەوە هەیە، دەڵێن بەرلەوەی تۆ بڕیاری کۆتایی بدەیت و لەگەڵی زەماوەند بکەی.. ئەو گوتوویەتی:"دالیا خان من کوڕێکم شەوانێکی زۆر بەتەنیا بووم و شەوانێکی زۆریش لەباوەشی سۆزانی و کچە ڕاگوزەرەکانی ئەم شارە و دنیادا بووم.. من لەپاڵ جۆرەها ئافرەتدا نوستووم، من دەیان جار بەخۆمم وتووە ئەم پێوەندییانەم ڕاستەقینەیە و تەواو، من عاشقم... بەخۆمم وتووە ئیدی لەتەواوی ژیانمدا ئافرەتێکی وەک ئەمەم دەست ناکەوێت.. بەڵام ئەو بڕیارانەم تەنیا هەڵچوونی ئەو کاتانەبوون کە لە چێژی سێکس کردنیاندا بووم.. بەڵێ دالیا خاتوون.. من ئاوەها ژیاوم.. من گەنجێکی سادە و ساکارم، ئەوەتەی هەم دینارێکم بۆ بابم بەدەست نەهێناوە، بەڵکو بەتەنیا سەرفم کردووە و شوێن خەون و خەیاڵەکانم

کەوتووم.. بڕوا بکە ئەوەی وای کرد عاشقی تۆ بم بەتەنیا جوانییەکەت نەبوو.. بەڵکو سادەییەکەت بوو، ئەو خەندانەت بوون کە دەمزانی تۆ جودای لەو سەدان کچەی من پێوەندییم لەگەڵیان هەبووە، جیاوازی لەو ئافرەتانەی من شەوەهای شەو لەگەڵیاندا سەرجێییم کردووە، گفتوگۆم لەگەڵ کردوون، فێڵم لێ کردوون، فێڵیان لێ کردووم... ئەوەی من دەمەوێت لەتۆدا هەبێت ئەوەیە لەپاش ژیانی هاوسەرگیری خیانەتم لێ نەکەیت.. بەتەنیا ئەوەم دەوێت.. ئیدی ناپرسم چۆن بووە ڕابردووت.. ئیدی بێزارت ناکەم بەو پرسیارانەم کە لە بارەی ئەو کوڕە ئەسمەرەوە دەیزانم".. دالیا ئیدی تۆش بەو قسانە ڕازی بوویت و ئەو تەمەنەی لەگەڵ مندا بەڕێت کرد سڕیتەوە؟ ئیدی وەک ڕووداوی ڕۆمان و فیلمەکان گۆڕایت و بێ باکانە هەموو پێوەندییەکانت پچڕاند.. دالیا کە بیر لە تۆ دەکەمەوە، بە خۆم دەڵێم ئیدی ژیانە.. ژیانیش پڕیەتی لەو ڕووداوە سەیروسەمەرانە.. پڕیەتی لە شتی قۆڕ و پڕوپووچ.. بەخۆم دەڵێم بەسیەتی خەم مەخۆ.. بەسیەتی ئیدی کەم بێزارانە خۆت دەرخە.. جا تۆ بەرگەی ئەوە ناگریت، ئیدی بەرگەی چی دەگریت؟ هەر کەمێک دوای ئەو قسانەی کە بە خۆمی دەڵێم.. لەپڕ حاڵم تێکدەچێ و دەگریەم و لەبەر خۆمەوە دەڵێم:"جا گەر بەوەها ڕووداوێک نەگریەم و بەوەها چیرۆکێک وەڕس نەبم.. ئیدی چ شتێک هەیە وام لێ بکات بگریەم، خەم بخۆم، بێزار دەرکەوم، تووڕەبم، نەتوانم گوێ بۆ هیچ دەنگێک بگرم، تەنانەت دەنگی پڕ لە میهری دایە گیانم؟"، دالیا من کە باسی خۆمانت بۆ دەکەم بۆ ئەوە نییە.. گومان لەدڵی تۆدا دروست بکەم، بۆ ئەوە نییە پەشیمانت کەمەوە لەو بڕیارەی داوتە.. بەڵکو تەنیا دەردەدڵە، یان ئەو خانانەیە کە لە مێشکمدا ئەمیری تووڕەیی و ڕقن، بەڵام دەشزانم تۆ زۆر لەوە بێ باکتری بەوەها نووسینێک بکەویتە بەراورد، دڵنیام تۆ لەبیرت نەماوە من و تۆ چۆن بووین؟ تۆ ئەوەشت لەیاد نەماوە کە من کوڕی خەونەکانت بووم؟ ڕەنگە ناوەکەشمت لەبیرچووبێتەوە؟ یان ئەسڵەن تۆی منت دەناسی؟.

دالیا...دالیا، من لەسەر حەقم، ئەی وا نییە؟ یانی ئەم ژیانە ئەوەندە پووچە تۆ بەو شێوەیە بیرناکەیتەوە کە من لەسەر حەق بم؟ یانی ئەوەندە شتەکان ئاڵۆزکاون، کە تۆ نەتوانیت باش و خراپ، درۆ و ڕاستی، حەقیقەت و پووچی، لەیەکدی جیا بکەیتەوە؟ من دەڵێم گەر وایان لێ هاتووە بڕۆ پیرۆزت بێ.. بڕۆ لەگەڵ ئەو هەتیوە کەپوو شۆڕ و مل باریکەدا بژی و با بتبات بە شارە دوورەکانت ئاشنابکات.. با دەستت بگرێت و سەردانی ئەو مۆزەخانە و شوێنەوارە کولتوورییانە بکەن، کە من ئاواتم بوو ڕۆژێک بەخەویش بێ بیانبینم، بڕۆ با کەناری دەریا و دوورگە خەیاڵییەکان ببینی، بڕۆ ببە بە سەرنشینی فڕۆکە و کەشتییە قەرەباڵغەکان، بڕۆ لەشەوێکی تاریکدا و لە هوتێلێکی ڕاقی و بێ وێنەدا لەگەڵ ئەو کوڕە دەوڵەمەندەدا بنوو، ئەو کوڕی سەگەی کە پاش ئەو هەموو دانپێدانانەی بۆ تۆی کردووە، کەچی تۆ ڕازی بوویت، بڕۆ وەک نوکتەی گفتوگۆکانتان باسی منی بۆ بکە، یان ڕەنگە هەرکە هاتە باسی من ئەوەندە سادەی بکەیتەوە کە ئەو داماوە خۆی بەخێرایی کۆتایی پێ بهێنێت... ئەوە من باسی چی دەکەم؟! کوڕە کەی من دێم بەخەیاڵیشتدا، تا بگاتە ئەوەی باسم بکەن.

دالیا کۆتا ڕستەم بۆت ئەوەیە: گەر ئاوایە حەقیقەتی ژیان، گەر ئاوا لە ڕەنگ و بۆنی حەقیقەت تێگەیشتووی، گەر هەست ناکەی دۆڕاویت و لەناخەوە تا دەمری ئازاری ویژدانت دەتکوژێ، ئەوە بڕۆ تا دەتوانی چێژ وەربگرە و هاوار بکە و دەستەکانت بۆ ئاسمان بەرزبکەوە و بەتوندی بڵێ: "شتێک نییە ناوی حەقیقەت بێت، بڵێ هەست ناکەم واتایەک هەبێت بۆ حەقیقەت".. دالیا تۆ پێویستە ئاوەها بڵێیت.. تێدەگەی پێویستە وەها بڵێیت و بەس.



# خزانی بار گرانی

**ماحمودێ خەلیل**
**(قامشلۆ)**

-١-

گاڤا چاڤێ خوە ڤەکربوو ئێ بهنا نیسکێ دکەتە پۆزێ وی، لاشێ خوە ڤەزیلاند و ل دۆرا خوە مەیزاند، وێ گاڤێ بەرێ وی کەتبوو ئالییێ پەنجەرا"رۆنیکر" هەما زووکا رونشتبوو و ب دەنگەکی گازنی د گۆت : ئایشۆ... ئایشێ خانم: خوەدێ هشتێ چما تە تا نوها رازای هشتمە و شیار نەکرمە..؟ رۆژ بوو نیڕۆ.. هایێ تە ژێ هەیە..!

مال خەرابۆ نیڕوا چ، و هالێ ج... یادن تێ جپکێ کو تو زوو ژ خەو رابووبە... ها ئە...!؟ هەرە.. وەرە.. ئەڤ سێ چار کولەکێن هانە تو وان دچێرینە! وها ئەیشۆ خانم بەرسڤا وی ددە.

وەلەهی ئایشۆ نە ولۆیە..!

ناخوە چلۆیە مێرێ ئەیشۆ..؟

هەما ب کێمانی ئەیشۆ... خانم... منێ تا نوها چەند چغارە ڤەخوارا...!!

-٢-

مستێ بارێ ئێزنگێ خوە ل سەر کەرێ تەکووز کرنە و بەرێ خوە دابوو باژێرِ د دەستپێکا رۆژێ دە، چەند نەوال دەرباسکرن و بەریا بگهە رێکا مەزن ئا کوو بەروو باژارِ ڤە دچە، ترنبێلەک"ئارەبەک" ل ناڤا رێ راوستیای ل بەر جاڤێ وی دکەڤە، هنەکی ترس لێ پەیدە دبێ د دەسپەکێ دە و بالاوی کشاندیە، گاڤا... نەزیکای لێ دکە، وێ جاخێ هن ب هن هێن دبە کوو ئەڤ ئەرەبەکە... بێ.. دەنگە.. و خوەدیێ وێ ژی خوویە دکە نەچار مایە...!؟ خوەدێ خێرکە

پسمام
وەلا ئاپۆ.. توو دبینە مەکینا من خەرابوویە و ئەز نەچار مامە ل ڤێ ریە وەک تو من دبینە...!
ەێ باشە... ئازێ کاربم چ ژ تەرە بکم...!؟
ماموستا هنەکی کەفخوەشبوو و" قەمچکا خوە خوەراند" و هەما تشتەک د جی دە هاتبوو بیرا وی..
ئاپۆ ما.. بەرێ تە نە ل باژێرە...؟
ئارێ لاو، ئازێ ڤان ئێزنگا بفروشم و هن تشتان ژ خوەرە بکرم، و داگەرم گوند،
باشە ئاپۆ..! کا ئەز و تە بازارەکێ بکن...!
ئەزێ ئەزنگێ تە بکرم وەکی تو ل باژارِ دفرۆشە نە کێم نە زێدە و م ژ دێڤلا ئێزنگە ڤە ل سەر کەرێ سوارکە تا باژێر...
"ئاپێ ب گۆتنا ماموستە شەهابوو" لە "باش تێدنەگهشت"...و ئێزنگێ خوە ل سەر کەرێ دادخینە و ماموستا ژی "بارکر" شونا ئێزنگا، چەند گاڤا ب رێکەتن، ئاپێ راوستیە و ب مەیزانکرنا د پاشخوەرە گۆت، ماموستە، ئێزنگێ من ل ور مان قووربان...!؟
ئیرۆ خوەدێ چ بەلا ژ من رە ئانیە گەلۆ ..! ؟.
ئەربا من خەرابوویا و ئاقلێ ئاپێ من ژی دخویێ خەرابەیە.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە یەکەمین جار ب تیپێن کوردیا لاتینی ل مالپەرێ ئەلکترۆنیێ (کەلتورنامە)دا بەلاڤبوویە. ژ لایێ کۆڤارا رامان ڤە هاتیە ڤەگواستن بۆ سەر رێنڤیسا کوردی یا نها ل هەرێمێ لکارە.**
**«رامان»**



# لایەلایەی لەیلێ *

**حەسەن بەنی عامری**
**لە فارسییەوە: کیشوەر پیرۆزی**
**(سنە)**

گوێم ڕاگرت بزانم ئەو دەنگە لە کوێوە دێت. گوتم: پێم وایە لەوێوەیە.

لە کڕووزانەوەی منداڵ دەچوو، کپ و بەژان. دەرگای ماڵەکە بە ڕەگبارێکی لە پڕتاو دابێژرابوو. کردمەوە، چوومە ژووری. تیشک خزیبە نێو تاریک و ڕوونی دالانەکەوە، بوو بە ئەستوندێکی خوار و خێچی تیشکی پڕ لە تەپوتۆز. بۆنی خوێن لووتی پڕ کردم. چەند پەنجە بە سووچی دەرگاکەدا نووسان. دیار نەبوو دەستی کێیە. هەر دەتزانی کە خوێناوییە. هاوارم کرد: "هێشتا ئێرە کەسی بە زیندوویی لێ ماوە؟

کەس نەبوو بێ بە یارمەتیمەوە. هەموان سەرقاڵی شوێنەکانی دیکە بوون، لە ماڵەکانی تر، بە بریندار و کوژراوەکانی ترەوە سەرقاڵ بوون.

پەنجەکان هەڵلەرزین و بە لێواری دەرگاکەدا داکشان، شوێن پەنجەیەکی سووووریان لەسەر دەرگاکە بەجێ هێشت. لەوە دەچوو ترسابم. نەک لەو کەسەی لە پشت دەرگاکە بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو کەسە نەدەدیترا و نەمدەزانی کێیە و دەکرا پیاوێک، یان ژنێک بێ وەک ئەوانی تر، یان ئەوەی کە ڕەنگە ئەو دەنگە، دەنگی ناڵەناڵی پڕ لە ئێشوژانی منداڵێک بێ و من لە ناکاو گوتم: بریندار؟

چوومە ژووری. چاوم لە پشتی دەرگاکە نەکرد. دڵنیا بووم هەر کەسێک بووبێ ئێستا ئیتر مردووە.

هاوارم کرد: ئەدی لە کوێی؟

هەستم کرد کەسێکی ناسیاو لەوێیە. بەسەر جەنازەی منداڵەکاندا تێپەڕیم، کچ، یان کوڕ، لە بیرم نییە کامیان، بە دوای ئەو زیندووە نامۆیەی خۆمدا دەگەڕام. بە ناسیاوم دەزانی. دەنگ لە ژووری پشتەوە دەهات. ژنێک لەبەردەرگاکەی کەوتبوو، لەبەر دەرگا، گرمۆڵە و خوێناوی، بە جلێکی دادڕاوەوە. دەستێکی بچووک پرچە ئاڵۆزکاوەکانی ژنەی دادێنا. بۆخۆی لەمنەوە دیار نەبوو. گوتم: "زیندووی؟

خۆم لۆمە کرد، کە ئەوەم کرد، چوومە پێشێ. چوومە پێشتر. پێم وابوو دەبێ کچ بێ و هەر واش بوو. دوو سێ ساڵانە و بزۆز، بە جەنازەکەی دەگوت: باو! باو!

سێوێکی سووری لاخوراو لە دەستەکەی دیکەیدابوو. دڵم نەهات بزانم کچە، یان کوڕە، یان بچمە هانای. گوێم لە کرمەی سێوەکە بوو کە قەپاڵی لێداگرت. زانیم چاوەکانیشم قووچاندبوو. هەستم کرد ناکرێ. ناکرێ هەروا ڕاوەستی و نەچییە پێشێ و یارمەتی نەدەی. بە سەر جەنازەی ژنەدا چوومە نێو ژوورەکەوە. کچۆڵە خۆی بە دیوارەکەوە نووساند. بە ترسەوە چاوێکی لێ کردم. دەتگوت لە شتێک دڵنیا بووە کە گوتی: سێو؟

سێوە لاخوراوەکەی بۆ لای من ڕاداشت. لاقی ڕاستی خوێنی لەبەر دەڕۆیی، لە داوێنی بەرهەڵبێنە گوڵ گوڵییەکەیەوە. لە جێی گوللە نەدەچوو. لە برینی چەقۆ دەچوو، وەک برینەکانی دایکی.

- هەستە بڕۆین!

چاوێکی لە دایکی و ئەوانی تر کرد.

- ئەوانیش دەبەین.

- داکم داکم.

لە بەرانبەری دانیشتم، بە قەت خۆیم لێهات: هەستە، کچم!

سەری بە لارەوە نا، بە لاچاوێکەوە ڕوانی، پێکەنی و گوتی: "من کچی تۆم؟

لە قەڵافەتم نەدەهات کچم هەبێ، یان هەر تەنانەت منداڵم هەبێ.

پێکەنیم گوتم: ئەی چۆن کچی منی.

دەستی بە سەر لێوی بێ سمێڵمدا هێنا.

- لەبیرم چوو بچم لە بازاڕ بکڕم.

لە باوەشم کرد. ناڵەناڵی گوێی پڕ کردم. دەستی دەبرد بۆ لای لاقی و دەستەکەی دیکەی. لەوە بریندارتر بوو کە بیرم لێدەکردەوە. گوتم: کچی من چەند نازەنینە!

لەماڵەکە هێنامە دەرێ. نەدەگریا. هەر دەیناڵاند. بردم لە پەنا بریندارەکانی ترەوە دامنا. گوتیان ئەوانە بریندار نین، هەموویان مردوون. چووم لەوێ هەڵمگرت، بردمە شوێنێکی تر، بە ئەسڵەحە دەستەبەرەم بۆ دروست کرد. سێوە لاخوراوەکە هێشتا هەر لە دەستیدابوو. جارجار چاوێکی لێ دەکرد، جارجارەش دایکی بانگ دەکرد.

بڕیار وابوو لە نێوەڕاستی دارستانەوە بڕۆین بۆ ئەو شوێنەی کە شەوی پێشوو دیاریمان کردبوو. من و کەسێکی دی دەستەبەرەکەی ئەومان هەڵگرتبوو. کە لەپێچی جادەکە تێپەڕ بووین، ئیتر ئارام و قەراری لێبڕا. سەیر دەیناڵاند، ئاوری لە گیانمان بەردەدا. هاوڕێکانمان زۆر نارەحەت بوون. فەرماندەرەکەمان ڕازی نەبوو لەگەڵ خۆمان بیبەین بۆ شوێنێکی کە لێمان ڕوون نییە بۆ خۆشمان لەوێ بە زیندوویی بگەڕێینەوە.

دەیگوت: هەر لەوێ داتنابا، ئاخری کەسێک دەبوو دەیبردە جێیەک، دەیگەیاندە...

هیچ کەس نەیدەزانی چۆن قسەکانی تەواو بکات.

- کەواتە بەرپرسیارەتییەکەی لەسەر خۆت.

دواتر گوتی: هەر مەیەڵە بناڵێنێ. هاوڕێییان زراویان...

دواتر گوتی: باشە. هەر چییەکیش ڕوو بدات بەرپرسیارەتییەکەی لە ئەستۆی خۆم.

کچۆڵە دەیناڵاند، زۆر بە سۆزەوە، لە گریانیش خراپتر.

فەرماندەر گوتی: با ڕاوەستین لە ژێر ئەو دارانەدا هێندێک بحەسێینەوە.

کچۆڵە کەوتبووە ڕاواندن. سێوەکەی بۆ لای هەموومان ڕادەداشت و بە زۆری دەیویست لێی وەرگرین. هەر کەسەی لە سووچێک دانیشت، لە ژێر دارێک، لە پەنا بەردێک، لە شوێنێک. نەمدەزانی دەبێ چی بکەم. بۆ باوەش نەدەبوو. پتری ئێش پێدەگەیشت. کەسێک هات گوتی: جۆلانەی بۆ هەڵبەستین.

بۆمان هەڵبەست، بە گوریسێک و پەتوویەک. بردمان خستمانە نێو جۆلانەکەوە. سێوەکەی هەر بە دەستەوە بوو. دەستم لەسەر دەموچاوی دانا و گوتم: ئەمە خەریکە...


دیتم کەس هیچی پێ ناکرێ. لە پەنا جۆلانەکەدا چۆکم دادا. سەرم خستە سەر دەستەکەی تری کچۆڵە. بە پەنجە بچکۆلەکانی سەری بۆ شانە کردم. ئاورم تێبەر بوو. پێم خۆش بوو دیسان قژەکانم بۆ شانە بکات. کردی. وەبیر دایکم کەوتمەوە و ئەو ڕۆژانەی لایەلایەی بۆ دەکردم، دەستی لە قژەکانم وەردێنا، قژەکانمی بۆ شانە دەکردم. منیش لە خۆشیان قەندم لە دڵدا دەتواوە. پێم خۆش بوو چەندین ساڵ هەر بە منداڵی بمێنمەوە، دایکم دەستی لە نێو قژەکانم بنێ، لایەلایەم بۆ بکات. سەرم هەڵێنا. سێوەکەی خستە نێو دەستمەوە، بە ناڵەناڵەوە، دیسان قژەکانمی بۆ شانە کردم. من لەپڕدا لەبەر خۆمەوە کەوتمە وریوەوریو. لایەلایە بوو. جۆلانەکەشم ڕادەژاند. کچۆڵە تۆزێک ئارام بۆوە. چاوەکانیشی لێک نا، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەر دەینالاند. هەستم کرد لایەلایەکە بەرزتر دەڵێمەوە. دواتر زانیم ئەوە من نیم لایەلایەکە بەرزتر دەڵێمەوە. کە سەرم هەڵێنا دیتم هەر کەسەی، لەو جێیەی کە ڕاوەستاوە، یان دانیشتووە لەبەر خۆیەوە لایەلایە دەڵێ و خۆی ڕادەژێنێ. دیتم تەنانەت ئەوە من نیم جۆلانەکە ڕادەژێنم. سەرم خستە سەر دەستی کچۆڵە و گوتم: دیوتە؟ هەر بەتەنیا تۆ نی کە زۆر شتت لەدەست داوە.

گازێکم لە سێوە لاخوراوەکەی گرت.

**(*) هەڵبژێردراوی داوەرانی قۆناغی دووەمی خەڵاتی هوشەنگی گوڵشیری.**

**سەرچاوە:**

**کتاب نقش ۸۰، داستانهای برگزیدەی داوران دورەی دوم جایزەی هوشنگ گلشیری، انتشارات نیلوفر، چاپ اول بهار ۱۳۸۲، تهران.**



شانۆنامەیەک لە چوار پەردەدا

# ڕاکردن بە کێڵگەی تاریکی میندا

مستەفا مەستوور
لە فارسییەوە: جەبار سابیر
(سلێمانی)

**پەردەی یەکەم**

(سەر شانۆ، ژوورێکی تاڕادەیەک گەورە. مێزێکی درێژ و سێ کورسیی دارین، ڕێک لە ناوەندی ژوورەکەدان لە ژێر گڵۆپێکدا کە لە بنمیچەکەوە تا مێزەکە هاتووەتە خوار. ڕووناکی ئەم گڵۆپە، سەرەکیترین سەرچاوەی ڕووناکی شانۆکەیە. دوو دانە لە کورسییەکان دوو سەر مێز و کورسیی سێیەم ناوەڕاستی مێزەکە، ڕووەو بینەران دانراوە. کۆتایی بەری چەپی شانۆکە، هەواگۆڕێکی زۆر گەورە، بەڵام کوژاوەتەوە، لە دیواری بەرانبەر دانراوە. لە تەنیشت دیواری بەری ڕاست، ڕەفەیەکی پڕ لە دۆسێ هەیە و بە ئاشکرا دیارە قەبارەی دۆسێکان زۆر پتر لە هەلومەرجی ڕەفەکەیە. مەخمەڵ دۆسێیەکی بە دەستەوە گرتووە و لە تەنیشت ڕەفەکەوە وەستاوە. تۆزێک دوورتر، لە بەشێکی تاڕادەیەک تاریکی شانۆکە، (کۆهی) بە چەند پەڕە کاغەزێکەوە لە دەستیدا هاوتەریبی مێزەکە پیاسە دەکات. جارجار بەرەو مێزەکە دێت و ئێمە ساتێک لەبەر کاریگەری درەوشانەوەی ڕووناکی گڵۆپی بان مێزەکەدا ئەو دەبینین، بەڵام دواتر، دیسان دەچێتە بەشە تاریکەکەی شانۆکە و تەنیا سێبەرێکی ون و نادیار لەو بەرچاو دەکەوێت.)

**کۆهی:** وتت دوو جار؟

**مەخمەڵ:** سێ جار، قوربان.

**کۆهی:** سێ جار؟ (کاغەزەکەی دەستی تا نزیک چاوی بەرز دەکاتەوە.)، بەڵام لێرەدا نووسراوە دوو جار.

**مەخمەڵ:** قوربان، جاری سێیەم دوێنێ شەو ددانی پێدانا.

**کۆهی:** دوێنێ شەو. ئەی بۆچی ئێستا خەریکی پێم دەڵێی؟

**مەخمەڵ:** قوربان، دوێنێ شەو کاتێک ددانی پێدانا، تۆ پشووت دەدا. نەمویست پشووت لێ تێک بدەم، قوربان.

**کۆهی:** بزانم تۆ چەند ساڵە لێرە کار دەکەیت؟
**مەخمەڵ:** حەڤدە ساڵ و نۆ مانگ، قوربان.
**کۆهی:** حەڤدە ساڵ و نۆ مانگ؟ (بێ دەنگی. بەرەو پێشەوەی شانۆکە دێت و دواتر دەگەڕێتەوە تاریکییەکە تا ون دەبێت.) دەزانی خەریکم بیر لە چی دەکەمەوە؟
**مەخمەڵ:** نەخێر قوربان.
**کۆهی:** دیارە کە نابێت بزانی. لەبەرئەوەی کاتێک کەسێک خەریکە بیر دەکاتەوە، دەچێتە بێ دەنگترین و پەنهانترین لایەنی بوونی خۆیەوە. ڕێک لە کەسێک دەچێت چووەتە ژوورێکەوەو دەرگای لەسەر خۆی داخستووە. خۆ ئێمە ناتوانین ئەو خەڵکانە ببینین کە لە چوار دیوارێکدان، دەتوانین بیانبینین؟ دەتوانین بیانبینین مەخمەڵ؟
**مەخمەڵ:** (بێ هیچ بەڵگەیەکی ڕوون هێدی هێدی بۆ لای چەپ دەنووشتێتەوە، بەڵام دواتر بە خێرایی قەدی ڕاست دەکاتەوەو ڕێک دەوەستێت.) نا، قوربان، ناتوانین.
**کۆهی:** بەڵام دەبێت ئێمە بتوانین. مەبەستم لە ئێمە، من و تۆ و هەر کەسێکی ترە کە لەم وێران بووەدا خەریکە وەک سەگ کار دەکات. ڕوون بووەوە؟
**مەخمەڵ:** تا ڕادەیەک، قوربان.
**کۆهی:** چیت وت؟
**مەخمەڵ:** وتم پێم وایە تا ڕادەیەک درکم بە فەرمایشتەکەی پایە بڵند کردبێت.
**کۆهی:** (دێتە پێشەوەی شانۆکە). خەریک بووم بیرم لەمە دەکردەوە لە کەللەی پووچی تۆدا لەبری مۆخ دەتوانێ چی تێدا بێت. بەرد؟ دار؟ پەیین؟ دوای حەڤدە ساڵ و...
**مەخمەڵ:** نۆ مانگ، قوربان.
**کۆهی:** دوای حەڤدە ساڵ و نۆ مانگ کارکردن، دیارە هێشتا هیچ تێناگەیت. هێشتا ناتوانی دەستنیشانی بکەیت هەواڵی گرنگ لە خەوی من و نموونەی وەک من چەند گرنگترە. چەندێکە لەسەر ئەم پرۆژەیە کار دەکەین، مەخمەڵ؟
**مەخمەڵ:** (دیسان ئارام ئارام دەکەوێتە نووشتانەوە، بەڵام ئەم جارە بەرەو لای ڕاستی جەستەی.) مانگێک و پێنج ڕۆژە، قوربان.
**کۆهی:** ڕاستە، ڕێک" مانگێک و پێنج ڕۆژ، بەڵام هێشتا تەنانەت یەک هەنگاو نەچووینەتە پێش. ڕێک بوەستە! (مەخمەڵ ڕاست دەبێتەوە.) وەک کەر لە قوڕدا گیرمان کردووە و ڕێک کاتێک کە چاوەڕێ دەکرێ هەنگاوێک بچینە پێشەوە، تۆ، تۆی گوێرەکە، ئیسراحەتی منت پێ باشترە لە پێشڤەچوونی کارەکە.
**مەخمەڵ:** بە داخم، قوربان.
**کۆهی:** زۆر باشە، دەبێت جارێکی تر بەسەر هەموو شتێکدا بچینەوە. کورتەی ئەو دۆسیێ نەفرەتییە بخوێنەوە. بە حینجە، بەڵام بەرز. ماوەیەکە هەست دەکەم گوێم گران بووە، بێ گومان دەردە پیرییە.
**مەخمەڵ:** دۆسیێی ڕیزی بیست و نۆ، بە ژمارەی ئەلف، چوار، نۆ، سفر، پێنج، یەک، سفر.
**کۆهی:** (دەگەڕێتەوە قووڵایی شانۆکە. ئێستا تەواو چووەتە تاریکییەوەو نابینرێ.) بەرزتر!
**مەخمەڵ:** (ئەم جارە بەرزتر دووبارەی دەکاتەوە.) دۆسیێی ڕیزی بیست و نۆ بۆ کلاسی ئەلف، چوار، نۆ، سفر، پێنج، یەک، سفر. بە پێی ڕاپۆرتی نادر غولامی پاسەوانی شەوانەی بەری ڕۆژهەڵات، تۆمەتبار یەکەمین جار کاتژمێر پێنج و شازدە خولەکی دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی سێی شوباتی ئەم ساڵ، لە دەرەوەی سنوور و دوای دوازدە خولەک سەردان دەکات. ئەنجامدانی تاوانی دووەم دوای نۆ ڕۆژ، واتە لە کاتژمێر هەشت و چل خولەکی شەوی چوارشەممە، ڕێکەوتی دوازدەی شوبات ئەنجام دەدرێت. لە بارەی یەکەمیانەوە تۆمەتبارەکە ددانی پێدا ناوە، بەڵام لە بارەی دووەمیانەوە یەکێک لە هاوکارانەکانی، بە ناوی یاقووبی چاو گوڵەباخ، کە خۆی لە تۆمەتباری بیستووە، بە نووسین، ڕاپۆرتی داوەتە بەڕێوەبەری ناوخۆی نۆرەی شەو. پشکنەری گەورە جەخت لەم نموونەیەیان دەکاتەوە کە بە ڕێکەوت لە شوێنی تاوانەکەوە تێپەڕیوە. واژۆی هەردوو شاهیدەکە لە دۆسێکەدا هەیە، قوربان.
(بەرەو لای ڕاستی مێزی ناوەڕاست دێت و کاغەزەکە تا ژێر ڕووناکی گڵۆپی بان مێزەکە دەبات. کۆهیش بەرەو مێزەکە دێت و چاوەکانی لە کاغەزەکە نزیک دەکاتەوە. خولەکێک لە نووسینەکە ڕادەمێنێ، پاشان دەگەڕێتەوە بەشی تاریکی شانۆکەو دەکەوێتە پیاسە کردن.)
**کۆهی:** وتت بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ؟
**مەخمەڵ:** بەڵێ قوربان، نۆ ڕۆژ.
(گڵۆپەکە دەکوژێتەوە. شانۆکە تەواو تاریکەو بە ڕەهاییەوە شتێک نابینرێ.)

**کۆهی:** ئەم گلۆپە ئیتر چ دەردییەتی؟

**مەخمەڵ:** (دەکەوێتە گیانی گلۆپەکەو ئێمە تەنیا دەنگگەلێک لە تاریکییەکەدا دەبیستین.) ئێستا چاکی دەکەم، قوربان. چەند ڕۆژێکە تێکچووە. (گلۆپەکە دادەگیرسێ.)

**کۆهی:** (بەرەو مێزەکە دێت. سێبەرەکەی دەکەوێتە سەر دیوارەکەی بەرانبەر.) بێ گومان لە دۆسێکەدا نووسراوە بە چ مۆڵەتێک چووەتە دەرێ.

**مەخمەڵ:** ڕێک وایە، قوربان. بە پسووڵەی مۆڵەتی یەک کاتژمێرە ئەم کارەی دەکرد. لە هەر دوو حاڵەتەکەدا بە پسووڵەی مۆڵەتی یەک کاتژمێرە لەم ناوە چووەتە دەرێ. دەبێت بە جەنابتی بڵێم (دەستی ڕاستی دەخاتە سەر قەراغی مێزەکەو ئەوەندە بۆ لای ڕاست دەنووشتێتەوە، قاچی چەپی لەسەر عەردەکە هەڵدەکەنرێ.) کە بێ گومان هەر دوو پسووڵەکە ساختە نین.

**کۆهی:** بۆچی وەک مەیموون خوار و ڕاست دەبییەوە!؟ ئاشکرایە ئەمڕۆ چ مەرگتە؟

**مەخمەڵ:** (قاچی چەپی دەخاتە سەر عەردەکە. بێ دەنگی.) قەسدم بوێری نەبوو، قوربان.

**کۆهی:** نەکا سەرخۆش بیت؟

**مەخمەڵ:** کەمەرم ئازاری هەیە، قوربان.

**مەخمەڵ:** خۆ لە بەرزییەوە بەرنەبوویتەوە. بەربوویتەوە؟

**مەخمەڵ:** نەخێر، قوربان. نەکەوتووم.

**کۆهی:** کەواتە بە ناخێری گیانت ڕاست بووەستەو بەردەوام بە.

**مەخمەڵ:** قوربان خاڵێکی تریش هەیە کە دەبێت پێتی بڵێم.

**کۆهی:** (بێ حاڵەت.) چ خاڵێک؟

**مەخمەڵ:** پەیوەستە بە چوونە دەرەوەی سێیەم، قوربان.

**کۆهی:** (دەکەوێتە پیاسەکردن.) خەریکم دەبیستم.

**مەخمەڵ:** لە ڕاستیدا کارێک نەکراوە پێچەوانەی بڕیارەکان، بەڵام کەمێک گوماناوی دەبینرێ.

**کۆهی:** (دەوەستێ.) گوماناوی؟

**مەخمەڵ:** وای دەبینم، قوربان.

**کۆهی:** چی لە گۆڕێیە؟

**مەخمەڵ:** مۆڵەتی سێیەمی لە پشکی ئەمیر ماهان بووە، قوربان. (دەنگێکی توند- وەک داخرانی دەرگایەکی ئاسنینی قورس- لە ژوورەکەدا دەنگ دەداتەوە.)

**کۆهی:** باوە حیزانە دیسان دیسان، دەستیان پێکرد. هەر کە ورگیان تێر بوو وەک وڵاغ دەست دەکەن بە شەڕە لەقە. وتت لە مۆڵەتی کێ؟

**مەخمەڵ:** ئەمیر ماهان، قوربان؟

**کۆهی:** ئەمە هەمان ئەو گوێرەکەیە نییە کە حەوت مانگە، تەنانەت یەک کاتژمێریش مۆڵەتی وەرنەگرتووە؟

**مەخمەڵ:** بەڵێ، قوربان.

**کۆهی:** باشە، گومان لە کوێی ئەم کارەدایە؟

**مەخمەڵ:** (دۆسێیەک بە دەستییەوەیە پەڕ پەڕ هەڵیدەداتەوە.) قوربان، ئەمە یەکەمین جارە کە ماهان ڕێگە دەدا کەسێکی تر سوود لە مۆڵەتەکەی وەربگرێت.

**کۆهی:** (دێتە ژێر گلۆپەکەو دیسان سێبەرەکەی دەکەوێتە سەر دیوارەکە.) بەڕاست؟

**مەخمەڵ:** بەڵێ، قوربان.

**کۆهی:** (دەگەڕێتەوە.) چاکە، چیتر لە بارەی ئەم ماهانەوە دەزانی؟ وابزانم تۆی باوەحیز ئاگات لە سڕ و تڕی ئەم جانەوەرانەیە.

**مەخمەڵ:** تارادەیەک، قوربان.

(بە دوورکەوتنەوەی کۆهی، دیسان مەخمەڵ دەنووشتێتەوە. ئەم جارە بۆ داوە، بەڵام وەک بڵێی کۆهی شتێکی بیرکەوتبێتەوە، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەگەڕێتەوە و لە حاڵەتێکی نیوە قڵپ بووەوەدا مەخمەڵ دەبینێ.)

**کۆهی:** (توند هاوار دەکات.) خەریکی چ هەڵەیەک دەکەیت؟

**مەخمەڵ:** قوربان، کەمەرم...

**کۆهی:** بێ دەنگ بە گەمژە! باشترە ئەو هەیکەلە ناقۆڵایەت بدەیتە نۆژەنکەرەوەیەک تا بەم شێوەیە لە خۆتەوە بەرەو ڕاست و چەپ ڕەهێڵ نەبی.

**مەخمەڵ:** بە داخەوەم، قوربان. ڕێگە دەدەی دابنیشم؟

**کۆهی:** دانیشەو خێراتر بڵێ چیتر لە بارەی ئەو لاژگەوە دەزانی؟

**مەخمەڵ:** (لەسەر کورسیی بەری ڕاست دادەنیشێ.) لە تەمووزی ساڵی ڕابردووەوە، ڕێک لە کاتێکدا کە زۆرترین سەردانی بۆ کتێبخانە هەبووە، زۆر کتوپڕ وازی لە کتێب خوێندنەوە هێناوەو پشکی هەفتانەی جگەرەکەیشی وەرنەگرتووە. هەروابێتەوە دوو هەفتەیشە

ڕادیۆکەی داوەتە یەکێک لە هاوکاروانەکانی.
**کۆهی:** داوێتی لە سەری؟
**مەخمەڵ:** پێم وا نییە، قوربان.
**کۆهی:** کەواتە چ مەرگییەتی؟
(گڵۆپەکە دەکوژێتەوە. لە تاریکییەکەدا دەنگێکی خەریکبوون بە گڵۆپەکەوە دەبیستین. کە گڵۆپەکە دادەگیرسێتەوە، مەخمەڵ لە گڵۆپەکە دوور دەکەوێتەوەو بەرەو ڕەفەی دۆسێکان دەچێت.)
**مەخمەڵ:** ئێمە نازانین قوربان.
**کۆهی:** (بەرەو مێزەکە دێت و بە هەراوهۆریاوە یەکێک لە کورسییەکان لە مێزەکە دووردەخاتەوە و لەسەری دادەنیشێ.) چیت وت؟
**مەخمەڵ:** (دۆسێیەکی کاڵەوە بوو لە نێو دۆسێکاندا دەردەهێنێ.) پێم وتی بەڵگەی بڕیارەکانی ئەم دواییەی ئەو بۆ ئێمە ڕوون نییە، قوربان.
**کۆهی:** نەکا چاوەڕێی ئەوە بیت پووری بەندە لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوەیەک بدات. بەڕاستی تۆ چاوەڕێی ئەوەیت پووری من لە گۆڕ بێتە دەرێ و ڕوونکردنەوە لە بارەی کارەکانی ماهانەوە بدات، مەخمەڵ؟
**مەخمەڵ:** (دۆسیەکە بە سنگییەوە دەنووسێنێ.) هەرگیز، قوربان.
**کۆهی:** (پەنجەکانی لێک گرێ دەدات.) زۆرباشە، کەواتە کاری پووری من نییە. بێ گومان دەبێت لەم دیوارانە بپرسین، یان ڕەنگە لە... لەم مێزە. (بە لەپی دەستی بە مێزەکەدا دەکێشێ.) یان... یان لەم گڵۆپە. (سەیری گڵۆپەکەی بان سەری دەکات، بەڵام ڕووناکی گڵۆپەکە چاوەکانی ئازار دەدات و کۆهی یەکسەر سەری دادەخات.) کەسێک شەش مانگە پشکی هەفتانەی جگەرەکەی وەرناگرێ، ڕادیۆکەی بەخشیوە، نایەتە کتێبخانەو تۆزێکی ماوە خۆی هەڵواسێت، ئەوسا تۆ خەریکی بە من دەڵێیت کارەکانی بۆ ئێمە ڕوون نین؟ بزانم تا ئێستا تۆ وشەی گوشارت بەر گوێ کەوتووە؟
**مەخمەڵ:** گوشار، قوربان.
**کۆهی:** نەکا گوێت گران بووبێت؟ بەڵێ، باش بیستت، گوشار.
**مەخمەڵ:** (گێژ.) گوشار؟
**کۆهی:** گوشار. بەڵێ، گوشار. ئەمە یەکێک لە بەنرخترین ئەو شتانەیە کە هەر کەسێک دەتوانێ هەیبێت. لە شاکلیلێک دەچێت کە دەکرێ هەر دەرگایەکی پێ بکەیتەوە. بەهەرحاڵ بەکاربردنەکەی سادەیە. زۆر سادە. گریمانەی بکە تۆ، خودی تۆ، بڕیار بێت هەمیشە لەوێ بوەستی، لە تەنیشت ڕەفەکان، پێت وایە چەندێک بەردەوام بیت. دەتوانی بۆ ماوەی چەند بە پێوە بوەستی؟
**مەخمەڵ:** قوربان، ئەگەری هەیە پێنج تا شەش کاتژمێر. گەر کەمەرم ئازاری نەبوایە، ڕەنگە زیاتر بمتوانیبا.
**کۆهی:** باشە، دەتوانی چەند ڕۆژ نان نەخۆی؟
**مەخمەڵ:** قوربان، دوو تا سێ ڕۆژ.
**کۆهی:** بەڵام ئەگەر کەسێک ناچارت بکات شەش ڕۆژ نان نەخۆیت چی؟ یان حەڤدە کاتژمێر بە پێوە بوەستی؟ یان چل کاتژمێر بە دوای یەکدا لەسەر ئەم کورسییە شەق و پەقە دابنیشی؟ یان چارەکێکی تەواو لەم گڵۆپە نەفرەتییە ڕابمێنی؟ یان نیوە کاتژمێری تەواو ڕابکەیت؟ یان دوو کاتژمێری تەواو لەسەر قاچێک بوەستی؟ یان پەنجا چرکە سەرت بخەیتە بانیۆی پڕ لە ئاوەوە؟ بە هەموو ئەمانە دەڵێن گوشار. بەختەوەرانە، یان بەدبەختانە ئێمەی مرۆڤ، لاوازین. زۆر لاواز. بە گەردێک گوشار کارمان تەواوە. هەندێک باوەڕیان وایە گوشار بەهرەیەکەو دەبێت قەدری بزانین. (بە سەر پێوە دەوەستێ.) دەبێت ورد و لە کاتی خۆیدا و بە ئەندازە سوودی لێ وەربگرین. بیستت چیم وت؟ ورد، لە کاتی خۆیدا و بە ئەندازە. هەڵبەتە گوشار جۆرێکی تریشی هەیە. (کورسییەکە لا دەبات و دەچێتە تاریکییەکەوە.) مەبەستم گوشاری ئەرێنییە. وەک ژەمەخۆراکێکی زۆرباش. وەک پاڕانەوە، وەک ژنێکی جوان، وەک پارە، وەک خۆشگوزەرانی. باش بیستت، خۆشگوزەرانی. بە ڕێکەوت هێزی ئەمانە لەوانەی سەرەتا زۆر پترە، لەبەر ئەوەی ڕوحی مرۆڤەکان دەگۆڕێ. لە ڕاستیدا جۆرێک داگەڕانە. ڕوحی چوارگۆشە دەکاتە بازنە. ڕوحی بازنە دەکاتە سێ گۆشە. ڕوحی سەوز دەکاتە شین. ڕوحی شین دەکاتە سوور. جۆرێک دەیگۆڕێ، تەنانەت خودی یارۆش تێناگات بە وردی چی ڕووی داوە. (دەنگی کۆهی وردە وردە کز و کزتر دەبێت. کۆهی لەبەر خۆیەوە قسان دەکات.)

بە ڕەهاییەوە بازنەکان ناتوانن باوەڕ بکەن ڕۆژێک چوارگۆشە بوون، یان سوورەکان کە ڕۆژێک شین بوون. ڕێک لە ئەندازیاری ژینەتیک دەچێت. خانەکانی

ڕوحێک هەڵدەگرێ و جێگەکەیان بە خانەی ڕوحێکی تر پڕ دەکاتەوە. دەتوانین ناوی بنێین یاری بە ڕوح. ڕێک وەک یاری منداڵانە بە قوڕی دەستکرد. سەرەتا دەیشێلین، پاشان خڕی دەکەینەوە، پاشان لوولی دەکەین، دواتر پانی دەکەینەوە. (گلۆپی بان مێزەکە دەکوژێتەوە، بەڵام مەخمەڵ هیچ هەوڵێک نادات بۆ داگیرساندنەوەی. باقی قسەکانی کۆهی لە تاریکییەکی پەتیدا دەوترێن. ئێستا دەنگی ئەو گەیشتووەتە نزمترین ئاستی خۆی.) بەڕەهاییەوە نابێت ئەو قوڕە درزی تێبکەوێت. دەبێت بە لێوەشاوەییەوە ئەم کارە بکرێت. بە ئەوپەڕی وردییەوە. نەرم و ئارام. ورد و بە ئەندازە. نابێت هیچ پەلەیەک لە کارەکەدا هەبێت. نەرمونیان و خۆش. تەنانەت دەکرێ بوترێ وەک جۆرێک ڕەوشت وایە، لەبەر ئەوەی سەروکاری لەگەڵ ڕوحە نەک جەستە. ڕێک لە سەمایەکی ڤاڵسی ئەویندارانە دەچێت. جۆرە ئەویندارییەکی ڕۆمانتیک کە بە ڕوح ئەنجام دەدرێت. وەک موزیکێکی لایت. نەرم. نەرم. نەرم.

(پەردە.)

**پەردەی دووەم**

(هەمان شانۆی پێشوو، بەڵام تەواو تاریک. گلۆپی بان مێزەکە کوژاوەتەوەو بەو هەراوهۆریایەوە دیارە کە دەیبیستین، مەخمەڵ خەریکی تەل و گلۆپەکەیە تا هەڵی بکات.)

**کۆهی:** ناوت؟

**یاقووت:** یاقووت ئاشەوان، قوربان

**کۆهی:** تەمەن؟

**یاقووت:** بیست و یەک ساڵ و پێنج مانگ، قوربان.

**کۆهی:** ماوەی مانەوە لێرە؟

**یاقووت:** (بێ دەنگی.) دوو ساڵ و نۆ مانگ و هەشت ڕۆژ، قوربان.

**کۆهی:** لێرەدا نووسراوە تۆ لە ڕۆژانی سێیەم و دوازدەی شوبات، هەروەها پێنجی مارس، واتا سێ ڕۆژ پێشتر، بە مەبەستی مۆڵەت وەرگرتن چوویتە دەرێ و لەگەڵ کەسێکی دیکە- کە مێ بووە- پێوەندیت هەبووە. چەند شایەتێکیش لە خوارەوەی ئەم ڕاپۆرتەدا واژۆیان کردووە. بە دەربڕینێکی دیکە ئەوان جەختیان کردووەتەوە کە ئەم ڕووداوە قەوماوە.

**یاقووت:** لە ڕاستیدا پێوەندی نەبووە، قوربان.

(گلۆپەکە دادەگیرسێت. مەخمەڵ لە گلۆپەکە دوورەکەوێتەوە. یاقووت لەسەر کورسیی ناوەڕاست و کۆهی لەسەر کورسیی بەری چەپی کۆتایی مێزەکە دانیشتووە. چەند پەڕە کاغەزێک و پەرداخێک ئاو لەبەردەم کۆهی و یەکێکیش لەبەردەم یاقووت، لەسەر مێزەکە دانراوە. مەخمەڵ لەسەر کورسیی کۆتایی بەری ڕاستی مێزەکە دادەنیشێت.)

**کۆهی:** تۆ ئاشناییت لەگەڵ بڕیارەکانی ئێرە هەیە؟

**یاقووت:** بەڵێ، قوربان.

**کۆهی:** ئەی بۆچی ئەم کارەت کرد؟

**یاقووت:** ڕاستییەکەی بەدەست خۆم نەبوو، قوربان.

**کۆهی:** مەبەستت چییە کە بەدەست خۆت نەبوو؟

**یاقووت:** قوربان، ئاگایانە نەبوو. کتوپڕ ڕووی دا.

**کۆهی:** کتوپڕ! بابزانم بۆچوونی تۆ چییە لە بارەی ڕەفتاری ئێمەی مرۆڤەوە؟ تۆ پێت وایە کاتێک ئێمە کارێک دەکەین ئەم کارە بە دەست خۆمان نییە؟

**یاقووت:** قوربان، ماهان باوەڕی وایە کە دەسەڵاتێکی وەها لە گۆڕێ نییە.

**کۆهی:** ماهان؟ (بێ دەنگی.) بەڵێ، ماهان. خۆ مەبەستی جەبر و ئەم جۆرە بێ ماناییانە نییە؟

**یاقووت:** لە ڕاستیدا ماهان پێی وایە کە دەسەڵات مانایەکی سەربەخۆی نییە، قوربان.

**کۆهی:** (دەنگی هەڵدەبڕێ.) واتا یانی چی مانایەکی سەربەخۆی نییە؟

**یاقووت:** قوربان، ماهان دەڵێ دەسەڵات کاتێک مانای هەیە نەزمێک لە گۆڕێ بێت و تۆ بتوانی پێشبینی ئەنجامی کارەکەت بکەیت. (بێ دەنگی.) ماهان دەڵێ کاتێک ناکرێ پێشبینی هیچ شتێک بکەیت، مانای ئەوەیە کاتێک تۆ کارێک دەکەیت هێزگەلی تر لەبری تۆ ئەنجامی کارەکان دیاری دەکەن، ئەمەیش ڕێک واتای بێ نەزمی. بە دەربڕینی خۆی، واتا ڕاکردن لە گۆڕەپانی مین، ئەویش لە تاریکییەکی پەتیدا، هەر بۆیە ئەو گەیشتووەتە ئەم ئەنجامەی کە دەسەڵات پەیوەستە بە نەزمەوەو تا نەزمێک لە ئارادا نەبێت، دەسەڵاتیش مانایەکی ڕوونی نییە.

**کۆهی:** (ڕووەو مەخمەڵ.) ئەم قسە قۆڕانە بنووسە. (ڕووەو یاقووت.) تۆیش لەگەڵ ئەم هەڵیت و پەڵیتە کۆکی؟

**یاقووت:** نەخێر، قوربان، بەڵام من بە تەواوی نازانم

چۆن رووی دا.
**کۆهی:** بێ گومان دەزانی سزای ئەم کارە چییە؟
**یاقووت:** پێم وایە دەزانم، قوربان.
**کۆهی:** مەخمەڵ، بیری بخەرەوە.
**مەخمەڵ:** جاری یەکەم، هەواگۆڕکێ. جاری دووەم، سەد و پەنجا جار شناو. جاری سێیەم، ئاهەنگی بەتانی. لەم نموونەیەدا بەتایبەت هەر سێ سزاکە ئەو دەگرێتەوە، قوربان.
**یاقووت:** (ترساو.) قوربان، باوەڕ بکە پێوەندییەک لە ئارادا نەبوو، سوێند دەخۆم.
**کۆهی:** مەخمەڵ، لەو پەڕانەدا شتێک لە بارەی پێوەندییەوە نووسراوە؟
**مەخمەڵ:** (گێژ، پرسیارەکەی نەبیستووە.) قوربان؟
**کۆهی:** لەو دۆسیێ نەفرەتییەدا لە بارەی پێوەندی ئەم شازادەیەو یارۆی ئاماژە بۆ کراو، ددان پێدانانێک، شتێک، هەیە؟
**مەخمەڵ:** (دۆسییەکە هەڵدەداتەوە.) هەڵبەتە، قوربان. ئەمە لە سێ نۆرەدا پێوەندی ئەنجام داوە.
**کۆهی:** سێ نۆرە!؟
**مەخمەڵ:** بەڵێ، قوربان. ددانی بە هەر سێ جارەکەدا ناوە.
**کۆهی:** پێوەندی، هەڵبەتە دەتوانێ لە چەند ئاستێکدا رووبدات. ئاستی یەکەم سادە سەیرکردنە. بۆ نموونە کاتێک من سەیری ئەم مێزە دەکەم (ئاماژە بە مێزەکە دەکات.) یان ئەم گڵۆپە، (ئاماژە بۆ گڵۆپەکە دەکات، بەڵام سەیری ناکات.) من پێوەندیم لەگەڵ ئەمانە دروست کردووە. قۆناغی باڵاتری پێوەندی، پێوەندی جەستەییە. کاتێک من دەستم دەخەمە سەر مێزەکە (لەپی دەستی دەخاتە سەر مێزەکە)، یان پەرداخەکە هەڵدەگرم، (پەرداخەکە لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێت.) من لە پێوەندیدام لەگەڵ مێز و پەرداخەکە. قۆناغی باڵاتریش هەیە کە پێم وا نییە لە ئاستی تێگەیشتنی گوێرەکەیەکی وەک تۆدا بێت. ئەو جۆرە پێوەندییە، پێوەندی ڕوحانییە. پێوەندی دوو ڕوح، یان دوو بوونی ناجەستەییە پێکەوە. (سەیری مەخمەڵ دەکات). باشە، لەم سێ نۆرەیەدا چ جۆرە پێوەندییەک رووی داوە؟ مەبەستم ئەمەیە پێوەندییەکە لە چ ئاستێکدا بووە؟
**مەخمەڵ:** (وەک چووبێتە ناو بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە، گێژ و مەنگ سەیری کۆهی دەکات. بێ دەنگی.)
**کۆهی:** شتێکم لێ پرسیت.
**مەخمەڵ:** قوربان، بە داخەوە ئاگام لە پرسیارەکەت نەبوو.
**کۆهی:** مەبەستت چییە تێ نەگەیشتی؟
**مەخمەڵ:** قوربان خەریک بووم بیرم لە شتێکی تر دەکردەوە؟
**کۆهی:** (لەسەر کورسییەکە هەڵدەستێت. هەوڵدەدات خوێن ساردییەکەی بپارێزێ.) خەریک بووی بیرت لە چی دەکردەوە، بێ شعوور؟
**مەخمەڵ:** ڕۆن ماسی...
**کۆهی:** (قسەکەی نەبیستووە.) پرسیم پێوەندییەکە لە چ ئاستێکدا بووە؟
**مەخمەڵ:** (لاپەڕەکانی ناو دۆسییەکە هەڵدەداتەوە و لەسەر پەڕەیەکی تایبەت بێ دەنگ دەبێت.) سێیەم و دوازدەی شوبات پێوەندییەکە لە ڕێگەی چاوەوە، پێنجی مارس پێوەندی لە ڕێگەی دەستەوە.
**کۆهی:** دەست!؟ (بە تەربیی مێزەکە دەکەوێتە پیاسە کردن.)
**مەخمەڵ:** قوربان، لێرەدا وا نووسراوە. لە ڕاستیدا تۆمەتبار بەم جۆرە ددانی پێدا ناوە.
**کۆهی:** بیخوێنەوە! ددان پێدانانەکە بخوێنەوە.
**یاقووت:** (بە پاڕانەوەوە.) تکا دەکەم مەیخوێنەوە، قوربان.
**کۆهی:** (لە تاریکی شانۆکەدا ون دەبێت.) بیخوێنەوە!
**مەخمەڵ:** (لە گیرفانی چاکەتەیدا چاویلکەکەی دەردەهێنێ و بە دەستەسڕێک شووشەکانی پاک دەکاتەوە.)
**یاقووت:** (ڕووەو تاریکییەکە.) تکا دەکەم، قوربان.
**مەخمەڵ:** قوربان، ئەمەیش پێنجی مارس و بەر لە پێوەندییەکە، ڕستەیەکیشی هەبووە ڕووەو کەسی جێگەی باس. حەزدەکەیت ئەو ڕستەیەیش بژنەوی؟
**کۆهی:** (لە تاریکییەکەوە.) چیت وت؟
**مەخمەڵ:** (لەسەر نووسینەکە دەخوێنێتەوە.) من تۆم بە شێوەیەکی درک نەکراو، بە شێوەیەکی ناشایەن بۆ ڕوونکردنەوە، بە جۆرێک کە تەنانەت خۆیشم کەوتوومەتە ترسەوە لە گەورەییەکەی، خۆش دەوێ.
**کۆهی:** (لە مێزەکە نزیک دەبێتەوەو بە سەر سەری یاقووتەوە دەوەستێ.) جەخت لەم گاڵتەجارییە

دەکەیتەوە؟

**یاقـــووت:** (هەوڵ دەدات چاوی لە ســـەر کـــۆهی لابەرێت.) بەڵێ، قوربان.

**کـۆهی:** (هاوار دەکـات.) جـەخـتی لێ دەکـەیتـەوە، گوێرەکە!؟

**یاقووت:** بە داخم، قوربان.

**کۆهی:** (دێتە پێشەوەی شانۆکە. پشتی لە یاقـووت و مـــەخـــمـــەڵە.) بابـەتی پێـــوەندی بە دەست چی بوو، مەخمەڵ؟

(مـەخـمـەڵ لە گێژ فکران چووەو هەرگـیـز پرسـیـارەکـەی نەبیستووە.)

**کۆهی:** مەخمەڵ؟

**مەخمەڵ:** بەڵێ، قوربان.

**کۆهی:** لۆکەت خستبووە ئەو گوێچکە درێژانەتەوە؟

**مەخمەڵ:** نەخێر، قوربان. خەریک بووم بیرم لە شتێک دەکردەوە؟

**کۆهی:** بیرت لە شتێک دەکردەوە؟!

**مەخمەڵ:** بەڵێ، قوربان.

**کۆهی:** لەچی؟ بیرت لە چی دەکردەوە، بێ شعوور؟

**مەخمەڵ:** ڕۆن ماسی، قوربان.

**کـۆهی:** (ڕووی بەرەو مـەخـمـەڵ دەسـوورێنێ.) ڕۆن ماسی!؟

**مەخمەڵ:** قوربان، کەمەرم...

**کۆهی:** (شێتئاسا لە پێشـەوەی شانۆکە پیاسە دەکات. هاوار دەکـات.) ئاشکرایە لەم وێرانـبـووەدا خـەریکە چی دەگوزەرێ؟ ئێـمە خەریکین لە بارەی بابەتێکی گرنگ و زۆر ئاڵـۆزی وەک پێـوەندییـەوە قـسـان دەکـەین. ئێـمـە خـەریکین ڕاستـیـیـەکی گـرنگ ئاشکرا دەکەین و ئەوسا تۆیش، تۆی گـەمـــژە خـەریکی بیــر لە ڕۆن مـــاسی دەکەیتەوە.

**مەخمەڵ:** قوربان، کەمەرم....

**کۆهی:** ئێمە لە بارەی یەکێک لە ڕاستییە گرنگەکانی ئادەمیزاد، لە بارەی پێوەندییەوە قسان دەکەین و ئەوسا تۆیش خەریکی بیـر لە شتـانی بێ مـانا و بێ پێـوەندی وەک (ڕۆن مـاسی) دەکەیتەوە!؟ بە ناخێرت خێراتر بڵێ بابەتی پێوەندی بە دەست چی بوو؟

**مـەخـمـەڵ:** (بە خـێـرایی لاپەڕەی دۆسـێـیـەک لەسـەر مێزەکە هەڵدەداتەوەو لەسەر پەڕەیەکی تایبەت بێ دەنگ دەبێت.) قـوربان، ئێـرە، لە لاپەڕەی سەد و پەنجـاو سێ، تۆمـەتبـار ئامـاژەی بە جـۆرێک پێـوەندی کـردووە لە ڕێکەوتی پێنجی مارس. (کاغەزەکە لە چاوەکانی نزیک دەکاتەوە.) بیخوێنمەوە، قوربان؟

**یاقووت:** قوربان، نا! تکا دەکەم.

**کۆهی:** بیڵێ!

**مـەخـمـەڵ:** (لەسـەر نووسـینەکـە دەخـوێنێـتـەوە.) خۆرئاوابوو. من لە پشتـە دەستـەکـانی وردبووبوومـەوە. هەردووکـــمـــان ترســـابووین. ئەوەندە لێک نزیک بووبووینەوە. ئەوەندە پاکـیـزەیی ڕژابووە ئەوێوە، پشتـە دەسـتـەکان. پاشان، من بە پەنجـەی شایەتمان، هێڵـێکی بازنەیی و گریمانەییم ڕێک لە ناوەندی مەچەکی تا پەنجە تووتەی دەستی کێشا و پێم وت بە قووڵی خۆشم دەوێی.

**کۆهی:** (دێتە پێشەوەی شانۆکە. پشتی لە یاقـووت و مـــەخـــمـــەڵە. بە بەرزترین دەنگێک کـە دەتوانرێ لە گـەروویەکی وەک گـەرووی ئەو چاوەڕوان بکرێ، هاوار دەکـات.) هەواگـۆڕکێ! دەبێت بۆگـەنی ئەو سەرئاوانە تا مۆخی ئێسکی دزە بکات. دەبێت بۆگەن تا شەقارەکانی مـۆخە پووچەکەی ڕۆبچێت. (مـەخـمـەڵ بە گوشـارەوە یاقـووت لەسـەر کـورسـیـیـەکـە دەردەکـێـشێ و بەرەو هەواگۆڕی قووڵایی شانۆکەی دەبات. پەنجە بە دوگمەی هەواگـۆڕکێکەدا دەنێ و کـتـوپڕ دەنگی گـوێ کـەڕکـەری هەواگۆڕکێی خێو پەیکەر تەواوی بۆشاییەکە پڕ دەکاتەوە. مـەخـمـەڵ بە گـوشـارەوە کـەللەی یاقـووت دەباتە بەر پەرەکـانی و خـۆی سەر وەردەسوورێنێ. باقی قسـەکـانی کۆهی بە شێوەیەکی لێڵ و نیوەناچڵ لە نێو هەراوهۆریای ئازاردەری هەواگـۆڕەکـەدا دەبیـسـتـین.) لێگەڕێ ئەوەندە لەوێ وەمێنێ کە هەموو بوونی بۆگەن بگرێ. گوێرەکە بێ شعوورەکان! (دەستەکانی دەباتە گیـرفانی پاڵـتۆکەیەوەو شێتئاسا دەست دەکات بە پیاسە کردن.) پێت وایە ئێرە کـوێیـە؟ کـەنارەکـانی هاوای؟ لاس ڤـیگاس؟ مـۆنتی کـــارلۆ؟ هەمــــووتان چاک دەکــەم. ئەوەندە لەبەر ئەو هەواگۆڕە ڕاتاندەگرم تا هەناسەدانتان بیرچێتەوە. حەیفە ئەم هەوا بێ گـەردە بچـێـتـە سـیـیـەکـانی ئێـوەوە. دەبێت سییەکانی ئێوە بەم هەوا بۆگەنەی سەرئاو پڕبێتەوە. ئەو بیرۆکە بێ بایەخ و هەڵیت و پەڵیتە سەد دانە یەک قازی مـــاهانی بێ مـــاناو نموونەی ئەو تـەنیـــا بە هەواگـــۆڕ و ئاهەنگی بەتانی و شناوکـردن دەکـرێ لە ناو بەریت. (تا ئەو جـێـیـەی دەتوانێ هاوار دەکـات. بە جەخـتـکردنەوەو درێژکردنەوەی (ئەلفی) شناو!)

**مـــەخـــمـــەڵ:** (بە تووڕەییـــەوە یاقـــووت لە بەرانبـــەر هەواگۆڕەکە دووردەخاتەوەو دەیهێنێتە پێشەوەی شانۆکە. بە گوشاری زۆرەوە تەختی زەوییەکەی دەکات.) یەک... دوو... یەک... دوو... یەک... دوو... (بە وتنی یەک یاقـــووت جـەســتـــەی دادەبەزێنێ و بە وتنی دوو بەرزی دەکـاتەوە. یەک، دووەکـان دەبێت بە نەزم و مـەودایەکی زەمـــانی گـــونجـــاو و بە دەنگێکی بەرز بوترێن. دەنگی مەخمەڵ لەگەڵ دەنگی کۆهی هاوئاهەنگ دەبێت. هێشتا هەواگـۆڕکـێکە کـار دەکـات.) یەک... دوو... یەک... دوو... یەک... دوو...

**کۆهی:** (ئێستا بە پەلەپەلێکی پتر پیاسە دەکات.) هەمیشە لە خاڵێکەوە دەست پێ دەکات. دواتر دەبێتە دوو خاڵ، پاشان دەبێتە سێ. دواتر دەبێتە هەزار خاڵ، پاشان دەبێتە یەک ملیۆن خاڵ، بەڵام نەتان پێکا. کۆهی ناهێڵێ. کـۆهی خـاڵی یەکـەم دەسڕێتـەوە تا خـاڵەکـانی دواتر ئالوودە نەبن. کـۆهی قـامکی دەخـاتە سـەر خـاڵی یەکـەم و بە گـوشـار وەک قـالۆنچـەیەک پانی دەکـاتەوە. تێگەیشتن، پانی دەکاتەوە!

(توند قـاچی ڕاسـتی بە زەوییـەکـەدا دەکـێـشێ.) گـەنوگـووی بێ مـانای نا. حـاڵێـتـان دەکـەم دەسـەڵات مـانایەکی سەربەخۆی هەیە، یان نا. (بێ دەنگی. ئێستا دەنگی مەخمەڵ زاڵی هەیە.)

**مەخمەڵ:** یەک... دوو... یەک... دوو...

**کـۆهی:** (بەرەو یاقـووت دەچێت و بە بان سـەرییـەوە دەوەستێ. هاوار دەکـات.) وتت مـاهان باوەڕی وایە بێ نەزمی دەسەڵات ڕەت دەکاتەوە، ڕاستە؟ مەبەستت ئەمە بوو؟

**یاقـووت:** (سـاتێک شناو کـردنەکـەی دەوەسـتـێنێ.) بەڵێ، قوربان.

**کۆهی:** دەچێتـە پێشـەوە. ئەوەندە کە یاقووت ئەگـەر بیـەوێ دیسـان شناو بکات ڕوخسـاری بەر پێڵاوەکـانی کـۆهی دەکـەوێت. بجـووڵێ گـوێرەکە! بۆچی وەسـتـاوی؟ (دیسـان یاقـووت دەکـەوێتـەوە شناو کـردن. لە خـاوی جووڵەکەیەوە دیارە کە بەتوندی ماندووە.)

**کۆهی:** ئەو شـێـتـە بە تۆی نەوت ئەگـەر نەزمـێک لە ئارادا نەبێت یاسایەکیش لە ئارادا نابێت؟ نەتوت لە بێ نەزمی پەتیدا ناکرێ هیچ کارێک بکەیت؟ ئەو بێ تامە بۆ قـوتاربوون لەم بارودۆخە پێشنیـازی چییـە؟ نەکـات بـاوەڕی وابێت بگەڕێینەوەو لە ئەشکەوتاندا بژین. ئەو دەڵێ دەبێت بگەڕێینەوە ئەشکەوت.

**یاقووت:** نەخێر قوربان.

**کۆهی:** ئەی چی؟ ڕێگە چارەی ئەو چییـە؟ ئەسڵـەن ڕێگە چارەیەکی هەیە؟ توندتر! توندتر! بۆچی وەستاوی؟

**یاقووت:** (هەوڵ دەدات بەخێراییەکی پتر شناو بکات. برگە.) قوربان، پێی وایە ڕێگە چارەیەکی دۆزیوەتەوە.

**کـۆهی:** چیت وت؟ بە ناخـێـرت بەرزتر قـسـە بکە، نایبیستم.

**یاقووت:** (بە هاوارەوە.) قوربان، خۆیشی باوەڕی وایە کە بۆ دەرچوون لەم بارودۆخە ڕێگەیەکی دۆزیوەتەوە.

**کۆهی:** بەڕاست؟ چاکە، چ ڕێگەچارەیەک؟

**یاقووت:** (بە کاوەخۆ.) پەنا بردن بۆ...

**کۆهی:** بەرزتر قسان بکە! دەنگت نابیستم. (ئاماژە بۆ هەواگۆڕەکە دەکات. ڕووەو مەخمەڵ، بێ ئەوەی سەیری بکات.) ئەو کـارخـانە لامـەزهەبە بکوژێنەوە، بزانم ئەم گوێرەکەیە چی دەڵێ.

(مـەخـمـەڵ بەرەو دیواری قـووڵایی شـانۆکە دەچێت و پەنجـە بە دوگـمـەیەکدا دەنێ. هەواگۆڕەکە هێدی هێدی دەوەستێ. بێ دەنگی.)

**کۆهی:** چیت وت؟

**یاقووت:** قوربان، ئەو گەیشتووەتە ئەنجامێک کە تەنیا بنەماو نەزمێک کە بوونی هەیە ئەمەیە کە هیچ نەزمێک لە ئارادا نییـــە، لەبەر ئەمــەیش باوەڕی وایە لە وەها بارودۆخـێکدا تاقـە ڕێگەی ڕزگـاری ئەمـەیە کـە پەنا بۆ خوداوەند بەرین.

**کـۆهی:** (چمـا دەسـتـەواژەیەکی تازە، بەڵام ئاڵۆزی بیـستـبێت، لەژێر لێـوەوە دووبارەی دەکاتەوە.) خـودایە. خودایە.

**مەخمەڵ:** یەک... دوو... یەک... دوو...

(یاقـــووت شناو دەکـــات. گـڵـــۆپی بان مـــێـــزەکـــە دەکـــوژێتـــەوەو لە تاریکیـــدا تەنیـــا دەنگی یەک- دوو وتنەکـانی مـەخـمـەڵ وردەوردە بەسـەر هەر دەنگێکی تردا زاڵ دەبێت. پەردە.)

### پەردەی سێیەم

(شانۆی پێشوو. کۆهی لە پێشەوەی شانۆکەوە پیاسە دەکـات. ئەمــیـر مــاهان لەســەر کـورســیی نـاوەڕاست دانیشتووە.)

**کۆهی:** ناوت؟

**ماهان:** ئەمیر ماهان، قوربان.

**کۆهی:** تەمەنت؟

**ماهان:** بیست و حەوتساڵ و دوو مانگ قوربان.

**کۆهی:** ماوەی مانەوە لێرە؟

**مـاهان:**: سێ سـاڵ و حـەوت مـانگ و دوازدە ڕۆژ، قوربان.

**کـۆهی:** (بێ دەنگی.) ڕاپۆرت دراوە کـە تۆ لە شـەش مـانگ لەمـەوبەرەوە سـەردانی کـتـێـبـخـانەت نەکـردووە. ئەویش ڕێک لە کـــاتـێـکدا کــــە زۆرترین ســـەردانی کتێبخـانەت کردووە لە چاو ئەوانی تر. پێم خۆشە بزانم هۆکارەکەی چییە؟

**ماهان:** ماندوێتی، قوربان.

**کۆهی:** ماندوێتی!؟ لە چی؟

**ماهان:** قوربان، بە دروستی نازانم.

**کـۆهی:** بەڵام دەبێت بزانی. واتا باشـتـرە بزانی. نەک تەنیـا بزانی، بەڵکو هەوڵ بدەیت بـۆ ئێـمـەیشی ڕوون بکەیتەوە. ئێمە هەوڵ دەدەین لەوپەڕی پشوودرێژی و... ئارامــیــدا ئاریشــەکــان چارەســەر بکەین. نابێت هیچ کـێـشەیەکی چارەنەکـراو بمێنێـتـەوە. تۆ وتت بە بەڵگەی مـاندوێتی وازت لە کـتـێب خوێندنەوە هێناوە. زۆرباشە، ماندوێتی لە چی؟ لە کوێ؟

**ماهان:** قوربان ماندوێتی زەینی.

**کـۆهی:** (دەوەستێ و ساتێک لە مـاهان وردەبێتەوە. ماهان، لە مێزەکە ڕاماوە.) پتر، پتر ڕوونی بکەرەوە.

**ماهان:** پێم وایە دەمویست شتێک بوەستێنم قوربان.

**کۆهی:** (دەکەوێتە پیاسە کردن.) چی؟ دەتویست چی بوەستێنی؟

**مـاهان:** پێم خـۆش نییـە بە تایبەت لەم بابەتە بدوێم، قوربان.

**کـۆهی:** حـەزی تـۆ بۆ من ئەسـڵـەن بایەخی نییـە. من پرسیـارێکم کرد و حەزیش دەکەم هەر ئێستا وەڵامەکەی ببیـسـتم. بیسـتت؟ هەر ئێسـتـا! پرسیم دەتویست بەم کارەت چ شتێک بوەستێنی؟

**مـاهان:** قـوربان، ئەمە تـەواو بڕیارێک بوو لە ناخەوە. لە ناخەوە، تایبەتی و هەڵبەتە بێ بایەخیش.

**کـۆهی:** من لێـرە بـایەخ دیاری دەکـەم. بەتایبـەتی لەم بارەیەوە هیچ گـومـانێکم نییـە کە هەمـوو بـابەتەکە تەواو بێ بایەخـە، بەهەرحاڵ بە پێـداگرییەوە دەمـەوێ بەڵگەی ئەم کـارە بێ بایەخە بزانم. دەمـەوێ بزانم تۆ بـەم کـارەت دەتویست چ بوەستێنی؟

(سـاتێک گلـۆپی بان مێزەکە دەکوژێتەوە، بەڵام پاشان بە خێرایی دادەگیرسێتەوە.)

**ماهان:** قوربان، تکا دەکەم.

**کـۆهی:** (دەوەسـتێ و هاوار دەکـات.) دەتویست چی بوەستێنی نەفرەتی؟

**مـــاهان:** قـــوربان، زانین. دەمـــویست ڕەوتی زانین بوەستێنم.

**کــــۆهی:** (بزەی دێـتێ.) کــــەواتـە دەتویست زانین بوەستێنی؟

**ماهان:** بەڵێ قوربان.

**کـۆهی:** (دیسـان دەکـەوێتـە پیـاسـە کـردن. ئەم جـارە خـێـراتر.) بە چ مـەبەسـتـێک؟ بۆچی دەتویست ئەم کـارە بکەیت؟

**ماهان:** قوربان لە کتێبێکدا خوێندمەوە. لە کتێبێکی چکۆلەدا. لەوێدا نـووسـرابوو گـەر دەریچـەکـانی زانین دابخـەین، ڕزگـارمـان دەبێت. نـووسـرابوو هەمـوو ئەو نەگبـەتییـانەی تووشی ئێـمـە بوون لەم دەریچانەوە دێنە ژوورێ.

**کۆهی:** باشە، توانیت؟ توانیت بیوەستێنی؟

**ماهان:** تاڕادەیەک قوربان.

**کـۆهی:** (بەرەو مـێـزەکـە دەچێت و بەرانبـەر مـاهان دەوەستێ.) هەستە! هەستە بوەستە! (ماهان دەوەستێ. دەنگی کـۆهی لەم ساتە بە دواوە، بەرز و بەرزتر دەبێت. گـفـتـوگـۆکـان بە خـێـرایی و بێ گـەردێک بێ دەنگی و پێکەوە لکاو بەڕێوە دەچن.) باشە، ئیتر لەو کتێبەدا چی نووسـرابوو؟ هەڵـیت و پەڵـیـتی پەیوەست بەمـەی کـە دەسـەڵات شوێنکەوتەی ئەو نەزمـەیشت لەم کـتـێـبـەوە دەرخواردی یاقووت دا؟

**ماهان:** مەبەستتان...

**کۆهی:** بابەتی ڕاکردن لە کێڵگەی مین؟

**ماهان:** من دەبێت...

**کۆهی:** لە بارەی پێوەندییەکەوە چی؟

**ماهان:** پێوەندی!؟

**کـۆهی:** ڕۆژی حـەوتی ئەیلوول، لە دەفـتـەری یاداشـتی ڕۆژانەتدا نووسیوتە دەبێت من هەوڵ بدەم. مەبەستت لەم ڕستەیە چی بووە؟

**ماهان:** قوربان ئەم بۆچوونە...

**کــــــۆهی:** دوو ڕۆژ دواتر، واتـا لە نـۆی ئەیـلوولـدا،

نووسیوتە بە ڕەهاییەوە من ناتوانم. (هاوار دەکات.) تۆ چی ناتوانی، گوێرەکە؟

**ماهان:** باشە ڕاستییەکەی...

**کۆهی:** لە یاداشتی پەیوەست بە پازدەی تشرینی یەکەمدا تەنیا یەک وشەت نووسیوە. نووسیوتە بۆچی؟ بۆچی چی؟

**ماهان:** قوربان، مەبەستم ئەمە بوو...

**کۆهی:** نۆزدەی تشرینی دووەم. یاداشتی ئەم ڕۆژە لە هەمووی بێ ماناترە. هەموو درک و هەست و نەستی تۆی بێ هەست و نەست لەو ڕۆژەدا ئەمەیەو هیچە.

**ماهان:** قوربان، دەبێت ڕوونکردنەوە بدەم...

**کۆهی:** بەڵام گەورەترین دەستکەوتی فکری تۆ، گەورەترین هەڵەیەک کە کردووتە بە وتەی خۆت دۆزینەوە گرنگ و مێژووییەکەت پەیوەست دەبێت بە ڕۆژی بیست و سێی کانوونی یەکەمەوە. (دەستی دەخاتە گیرفانی کراسەکەیەوەو بە دوای نووسینێکدا دەگەڕێ. پارچە کاغەزێک لە گیرفانی دەردەهێنێ. کاغەزەکە لە چاوی نزیک دەکاتەوەو دەیخوێنێتەوە.) ئەمڕۆ شتێکی گرنگم دۆزیوەتەوە. ئەم دۆزینەوەیە بەرهەمی سێ مانگ تێفکرین و تێڕامان و چاودێرییە. من بە شێوەیەکی نامۆ، کە هەرگیز ئەم وشە هەرزانە ناتوانن بڵێین چەندە، لەم دۆزینەوەیە کەوتوومە ئۆخژنەوە. ئەوەندە کە حەزدەکەم بڕۆمە سەر تەلارەکەی ئێرەو هاوار بکەم. من ئەمڕۆ تێگەیشتم کە دواجار هەموو، بێ گومان هەموو و بێ هیچ هەلاوارتەیەک، دەمرین. ئەمڕۆ من ئەم واقعیەتە، ئەم باوەڕە تاک و تەنیایە، کە بێ گومان تا سەد ساڵی دیکە ئێمەی ئەستێرەی سینەماو یاریزانی تۆپی پێ، نووسەران، خوێنەران، فەیلەسووفان، شاجوانان، قازی و حوکمدراوان، سەرکۆمارەکانی دنیا، عاشقەکان، ماشوقەکان، ڕەش و سپی و زەرد و سوور و هەر کەسێک کە بیری لێ بکەیتەوە، هیچ شوێنەوارێکمان لەسەر زەوی نامێنێ، لە قووڵایی بوونمەوە تێگەیشتم. من لەم حەقیقەتە، لەم دادپەروەرییە پەتییە، لەم تاقە دادپەروەرییە ڕەهایەی بوون کە هیچ دادێک بە ڕوونی و زەلالی و شکۆ و بنجبڕی و مانادار ئەو نییە، لەوەی کە تەنیا تا سەد ساڵ، تەنیا تا سەد ساڵی دیکە، تەنانەت یەک کەس لە ئێمەی شەش ملیار مرۆڤێک کە ئێستا وەک کرم لەسەر ڕووی ئەم تۆپەڵە خۆڵە تێک دەئاڵێین بوونمان نابێت، بە شێوەیەک بە توندی سوپاسگوزاری خۆشحاڵم.

**ماهان:** قوربان، دەبێت پێتی بڵێم کە...

**کۆهی:** (کاغەزەکە لەسەر مێزەکەوە فڕێ دەدات. لە مێزەکە دووردەکەوێتەوەو بەرەو بەشە تاریکەکەی شانۆکە دەچێت.) خۆ ناتوانی نکوڵی لە بابەتی عەشقەکە بکەیت. یاقووت ددانی بە هەموو شتێکدا ناوە.

**ماهان:** قوربان، من تەنیا بەوم وت عەشق بەشێکی بچووک، بەشێکی زۆر بچووکە لە ژیان. پێم وت وریابە! پێم وت دەبێت وریابێت نەخلیسکێ. پێم وت نابێت زۆر نزیک بێتەوە.

**کۆهی:** بەڵام هەرگیز بەوت نەوت کە نابێت عاشق بێت، وتت؟

**ماهان:** قوربان، بە داخم. من...

**کۆهی:** وتت؟

**ماهان:** قوربان دەبێت ڕوونکردنەوە...

**کۆهی:** وتت؟

**ماهان:** قوربان دەبێت ڕوونی بکەمەوە.

**کۆهی:** من پرسیارێکم لێ کردی و وەڵامەکەیشی تەنیا وشەیەکە، بەڵێ یان نا. وتت، یان نەتوت؟

**ماهان:** من... من ناتوانم لەگەڵ ئەمە کۆک بم، قوربان.

**کۆهی:** (دێتە پێشەوەی شانۆکە. پشتی لە ماهانە.) کە ناتوانی کۆک بیت. زۆرباشە. پێت وت نابێت پێوەندییەک لە ئارادا بێت؟

**ماهان:** نەخێر، قوربان، بەڵام وتم کە پێوەندی کەڵکی نییە. وتم ناکرێ چاڵی ئەوین بە پێوەندی پڕ بکەیتەوە.

**کۆهی:** نەکا ئەم قسە قۆڕانەیش لەم کتێبەدا نووسرابێت؟

**ماهان:** نەخێر قوربان. ئەمە ئەنجامێکە خۆم پێی گەیشتووم.

**کۆهی:** وتت ئەو کتێبە ناوی چی بوو؟

**ماهان:** ناوی نەبوو، قوربان.

**کۆهی:** خەریکی بە من ڕادەبوێری؟

**ماهان:** قوربان، بەرگەکەی و ئەو لاپەڕەیەی کە ناوی کتێبەکەی لەسەر نووسراوە لێ کرابووەوە.

**کۆهی:** باشە، خۆ دەتوانی بابەتەکەی بڵێی. بابەتەکەی چی بوو؟

**ماهان:** قوربان، کتێبەکە لێکدانەوەیەکی کورت بوو لە بارەی تاریکییەکانی ڕوحەوە. لە ڕاستیدا ئەو کتێبە

هەولّی دەدا ڕەوشگەلێک ڕوون بکاتەوە کە دەکرێ بە یارمەتی ئەو ڕەوشانە ڕوحە تاریکەکان، ڕوحە سارد و تەنانەت ڕچیوەکانیش تا ڕادەیەک ڕوون بکەیتەوە، گەرمیان بکەیتەوە و لە کاتێکدا ڕایانوەشێنی.

**کۆهی:** (پێدەکەنێ. دەکەوێتە پیاسەکردن.) بەڕاست؟ بەڕاستی ئەم قسە قۆڕانە لەم کتێبەدا نووسرابوون؟ باشە چۆن چۆنی؟ چۆن چۆنی دەکرێ ڕوحێکی سارد و ڕچیو گەرم بکەیت. نەکا ئاگر بخەینە ژێری؟ (پێدەکەنێ. ئەم جارە بە دەنگێکی بەرز و کشدار.) ئاگری دەخەینە ژێر؟ ڕەنگیشە بیخەینە ژێر بەتانی، یان... یان چوزانم بیخەینە فڕنەوە، سەر کوانوو. (بە تووڕەییەوە دەگەڕێتەوە بۆ لای ماهان و بە هەر دوو دەست یەخەی دەگرێت و لەسەر کورسییەکەی بەرزی دەکاتەوە. تا ناوەڕاستی شانۆکە ڕایدەکێشێ. ماهان بەرگرییەک ناکات. بە تووڕەیی، هاوار دەکات.) باشە، یاڵڵا زووکە! بە ناخێرت خێرا بڵێ چۆن دەکرێ ڕوحی مردوویەک ڕاوەشێنی. چۆن دەکرێ سەهۆڵەکەی بتوێنییەوە؟ بێ گومان وەڵامێک، شتێک لەو کتێبە نەفرەتییەدا هاتووە. باش دەزانی گەر هەڵێیت و پەڵێتم بدەیتێ چ بەڵایەکت بەسەر دەهێنم. حەزدەکەم بە دەنگی بەرز و ددان بە وشەکاندا بنێی. یاڵڵا بێ شعوور قسە بکە! چۆن؟ چۆن دەکرێ ئەم کارە بکەیت؟

**ماهان:** (دەنگی بە لەرزە و بە سەختی دەبیسترا.) بە... بە پەنابردن بۆ خوداوەند.

**کۆهی:** (بەرەڵڵای دەکات.) بەڕاست؟ بەڕاست لەو کتێبەدا ئەمە نووسراوە؟ مەبەستم ئەوەیە تۆ بە چاوی خۆت ئەمەت خوێندەوە؟

**ماهان:** بەڵێ، قوربان.

**کۆهی:** دەزانی ماهان، تۆ گوێرەکەیەکی عەیار بیست و چواری. جانەوەرێکی مێردەزمەی بێ تامی بێ خاسییەت. تۆ خۆت زۆر باش دەیزانی سەربزێویت لە نەزمی ئێرە کردووە. سەرباری ئەوەی کە دەتزانی یاقووت خەریکە عاشق دەبێت و لەوەیش خراپتر، دەتزانی خەریکە پێوەندی دەگرێت، زانیاریت نەدایە ئێمە. تۆ زانیارییەکی بە نرخت لە ئێمە شاردەوە. زۆرباش دەزانی سەرەنجامی ئەم کارە چییە؟

**ماهان:** قوربان، تاڕادەیەک.

**کۆهی:** دەزانی ئاهەنگی بەتانی چییە؟

**ماهان:** دەزانم قوربان.

**کۆهی:** بە هەموو هێزییەوە هاوار دەکات. مەخمەڵ! ئاهەنگی بەتانی!

**مەخمەڵ:** (لە قوولایی شانۆکەو لە تاریکییەکەوە دێتە پێشەوەی شانۆکە. بەتانییەکی خوری ڕەنگ زەیتوونی لەگەڵ بڕێک گوریسی بە دەستەوەیە.) قوربان، ئامادەم.

**کۆهی:** ئاهەنگێکی باش بۆ ئەم نەفرەتییە بەرپا بکە تا شاد بێت.

(مەخمەڵ بەتانییەکە لە ماهان دەئاڵێنێ، پاشان توند بە گوریسەکە دەیبەستێ. تەنیا سەر و قاچی ماهان لە بەتانییەکەوە دیارە.)

**کۆهی:** یاڵڵا! یاڵڵا ڕاکە نەفرەتی! (ماهان لە بازنەیەکی چواردەوری گلۆپی بان مێزەکەدا دەکەوێتە ڕاکردن. لە ڕێگەی ڕاکردن، بەردەوام لە تاریکی قوولایی شانۆکەدا ون دەبێت، بەڵام دوای ساتێک دێتەوە ڕووناکی پێشەوەی شانۆکە. کۆهی، لە جێگەیەکی نزیکی چەقی بازنەکەیە، بەڵام مەخمەڵیش لەگەڵ ماهان ڕادەکات.) پاش ئەوەی کەمێک ڕاتکرد، جەستەت گەرم دادێت. دەکەوێتە گەرم بوون. دەبێت ئەوەندە ڕابکەیت تا شەڵاڵی ئارەقە دەبیت. تا گەرمی لە گیانتدا نەمێنێ، بەڵام زۆرباش دەزانی بەو بەتانییەی مەخمەڵ تێوەی پێچاوی، گەرما جێگایەکی نییە بۆی هەڵبێت، هەر بۆیە لە جێی خۆی زیندانی دەبێت. دواتر گەرد گەرد زیاد دەکات و دۆزەخێکی جوان و چکۆلە لە نێوان تۆ و ئەو بەتانییە قۆشمەیەدا، دروست دەبێت. خێراتر ڕاکە! مەخمەڵ! خەریکی چی دەکەیت؟ بیڵێ و خێراتر ڕاکە. نەکا پێت وابێت چوویتە سەیران. چوویتە سەیران، مەخمەڵ؟

**مەخمەڵ:** (هەناسەبڕکێیەتی.) نەخێر، قوربان؟

**ماهان:** سووتام!

**کۆهی:** دەبێت ئەوەندە ڕابکەیت تا ئەو ڕوحە بەستووە بێ تایبەتمەندییەت بکەوێتە توانەوە. دەبێت ئەوەندە ڕابکەیت تا هەموو ئەو هەڵەقومەڵەقەی لە کەللە پووچەکەتدا ڕاتگرتووە بێتە هەڵم.

(مەخمەڵ، ماندوو دەبێت و لەسەر کورسیی ناوەڕاست دادەنیشێ. هەناسەبڕکێیەتی.)

**کۆهی:** کارێک دەکەم ببێتە پەند بۆ هەموو جانەوەرانی وەک خۆت. ئێرە کۆتایی هێڵەکەیە. ئێرە جێگەیەکە کە دەبێت هەرچی کۆزەرێک لەو مێشکە نەخۆشەتدا کۆت کردووەتەوە وەک پیسوپۆخڵی کۆنە ئاسنی کوورەکانی

ئاسن تواندنەوە ببێتە خۆڵەمێش. مەگەر نەتدەویست لە دەستیان قوتاربیت ؟ ئێرە ڕێک هەمان ئەو جێگەیەیە کە بە شوێنیدا دەگەڕای.

**ماهان:** سووتام!

**کۆهی:** (گڵۆپی ناوەڕاست دەکوژێتەوە. تاریکییەکی تەواو. هێشتا کۆهی هاوار دەکات.) ئیتر خەریکە تەواو دەبێت. تەنیا هەشتا خولی دیکە ماوە، بێ تام! پاشان نۆرەی هەواگــۆڕکێ دێت. دە خــولەک هەوای زۆرباشی هەواگــۆڕ، پاشــان ســەد و پەنجــا دانە شناو. دەبێت تا ڕوحت تێدایە بخولێیتەوە. خەریکم بە چاوەکانی خۆم دەبینم کە خەریکە هەڵیت و پەڵیتی ڕوحت گەرد گەرد دەتوێتەوە و دەڕژێتە دەرێ. تەنیا کەمێکی دیکە تاقەتت هەبێت نەفـرەتی. ڕەنگە بتـەوێ لەم بارودۆخـەدا پەنا بۆ جـێـیــەک، یان کــەســێک بەریت. دەتەوێ پەنابەری، گــوێرەکــە؟ باشــە پەنابەرە! کــەس ڕێگەت لێ ناگــرێ. مـەخـمـەڵ، کـەس ڕێگەی لێ دەگـرێ؟ (مـەخـمـەڵ وەڵام ناداتەوە.) مەخمەڵ! بەم گوێرەکەیە بڵێ کەس ڕێگەی لێ ناگرێ. پێی بڵێ ئازادە بیەوێ پەنا بۆ هەر کێ و جێیەک بەرێت. مەخمەڵ!... مەخمەڵ! لەگەڵ تۆمە، ئاشکرایە لە کام گۆڕدایت؟

(بێ دەنگی. مـەخـمـەڵ وەڵامێک ناداتەوە. لە تاریکی ئەنگوستەچاوی شانۆکەدا، دەنگی هەناسەبڕکێی ماهان وردە وردە لە بۆشاییەکەدا زاڵ دەبێت. دەبێت ئەم دەنگە بۆ چەند ساتێک ببیسترێ.)

**ماهان:** (کێشدار و بە هەموو هێزییەوە.) سووتام!

### پەردەی چوارەم

(شانۆی پێشوو. گڵۆپەکە کوژاوەتەوەو ژوورەکە تەواو تاریکە. کـۆهی و مـاهان پێکەوە قـسـە دەکـەن، بەڵام لە زۆری تاریکییـەکە هیـچیـان نابینرێن. تۆنی کـۆهی زۆر ئەسپایی و پڕ میهرەو دەنگی ماهان یەک ڕیتم، ماندوو و هەندێک لەرزۆکە.

**کۆهی:** تکایە ناوت؟

**ماهان:** نازانم، قوربان.

**کۆهی:** تکایە تەمەنت؟

**ماهان:** دوو سەد و چلوپێنج ساڵ، قوربان.

**کۆهی:** ماوەی چەندە لێرەی؟

**مـاهان:** شـەش هەزار و پێنج سـەد و دوو سـاڵ و چوار مانگ و نۆ ڕۆژ، قوربان.

**کۆهی:** ئەگەر شتێکت پێویستە تکایە بفەرموو تا یەکسەر بۆتان دابین بکەین.

**ماهان:** بەڵێ؟

**کۆهی:** پرسیم کەموکوورییەکت نییە، ئازیزم؟

**مـاهان:** نا، نا پێم وا نییە. بۆچی، بۆچی پێت وایە شتێکم پێویست بێت.

**کۆهی:** بەڵێ، هەڵبەتە. تکایە بفەرموو تا بینووسم. فەرمان دەدەم لە خێراترین کاتدا بۆتان دابین بێت.

**ماهان:** فلچەی دەم و ددان، قوربان. من یەک فلچەم دەوێ، قوربان.

**کۆهی:** فلچەی دەم و ددان!؟

**ماهان:** بەڵێ، قوربان. دەمەوێ پێڵاوەکانمی پێ بۆیاخ بکەم.

**کۆهی:** هەڵبەتە. بە مەخمەڵ دەڵێم یەکسەر بۆتان دابین بکات.

**ماهان:** سوپاست دەکەم، قوربان.

**کــۆهی:** دوێنێ نامــەیەکت هەبوو. وابزانم لەوپەڕی ئاوەکانەوە بوو. پێتان گەیشت؟

**مـاهان:** بەڵێ، قـوربان. مـەخـمـەڵ دایمێ. لەو لایانەوە نەبوو. لە سەرەوە هاتبوو، قوربان. لە مانگەوە.

**کۆهی:** لەسەر مانگەوە؟

**ماهان:** بەڵێ، قوربان. هاوڕێیەکم هەیە لەوێ دەژی.

**کۆهی:** باشە، زۆرباشە.

**ماهان:** بەڵێ، باشـە. داوای لە من کردبوو سـەفەرێک بچم بۆ ئەوێ. ڕەنگە پاییــز بچم. هەڵبــەتە گــەر ئێــوە مۆڵەت بدەن، قوربان.

**کۆهی:** ئۆهـ، هەڵبەتە. هەڵبەتە مۆڵەت دەدەم.

**ماهان:** سوپاست دەکەم، قوربان. هەرگیز ئەم لوتفەی تۆ لە بیرناکەم.

(کـوتوپڕ دەنگێکی توند، چوون داخـستنی دەرگـایەکی ئاسنی قـورس، یان تـامپـۆنی دوو ئۆتۆمـبـێل، ئاڵابێـتـە ژوورەکـەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوە گڵـۆپی بان مـێزەکـە بۆ ساتێک دادەگیرسێ، بەڵام دواتر بە خێرایی دەکوژێتەوە. پەردە.)

**سەرچاوەکە بە فارسی:**

**دویدن در میدان تاریک مین، نمایشنامه در چهار پرده، مصطفی مستور، نشر چشمه، تهران، چاپ اول، تابستان ۱۳۸۵.**



## عەبدولخالق عەلائەددین:
## شیعر نووسین بەهرەیەکی تایبەتمەندە.. هەستیش بە شەرمەزاری دەکەم کە ئەوسا بەچاوی چەپ و ڕاست، دەرەبەگ و ئاغاو فەلاح کەسەکانمان هەڵدەسەنگاند.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(١ – ٢)**

عەبدولخالق عەلائەددین کە لە دایک بووی ساڵی ١٩٣٢ی شاری کۆیەیە و تەمەنی هەشتا ساڵی ڕەت کردووە، کەچی هێشتا بەڕووی ژیاندا پێدەکەنێ و جموجووڵی هەیە و باسی تەواوکردنی پرۆژەکانی خۆی دەکات. ئەو یەکێکە لە نووسەرە ناسراوەکانی ئەو شارە و نزیکەی (٦٠) ساڵ دەبێ بە نووسینی کوردییەوە سەرقاڵە. بەپێی دەرفەت و بەهرە و توانایی خۆی هەوڵی خزمەتکردنی نووسین و زمانی کوردی داوە. لەوانەیە هەبێ بڵێ لە پاش ئەو هەموو ساڵانەی نووسین و خوێندنەوە و خەریک بوونە تا ئێستا بە زەقی جێ دەستی بەسەر بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە دیار نییە و ئامادەبوونێکی بەردەوامی لەناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا نەبووە، بەڵام پێم وایە ئەوەی لە دەستی هاتووە و پێی کراوە کردوویەتی و لە دوو توێی چەند کتێب و وەرگێڕان و وتارێکدا کە لەبەر دەستماندان پێشکەشی کردووین، لەگەڵ ئەوەش زۆر لە ڕووناکی و ڕاگەیاندنەکان دوور بووە.

لەوانەیە هۆیەک لە هۆکارەکانی ئەو ئامادەنەبوون و کەمیی بەرهەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە سەقامگیری لە ژیانیدا کەم بووبێ و زۆر بەم لاو ئەولا چووە، بەڵام ئەو کەسێکە لە مێژووی نووسینی کوردی و ئەرشیڤی ئەدەبیاتی کوردیدا ناکرێ نادیدە بگیرێ و ئاوڕی لێ نەدرێتەوە، ئەوە وێڕای خزمەتەکانی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا کە بە درێژایی تەمەنی مامۆستایەتی خۆی پێشکەشی نەوەکانی کردووە.

ئێمە توانیمان لە چەند دانیشتنێکدا بیدوێنین و لە گفتوگۆیەکی کراوەی بەرفراواندا وێستگەکانی تەمەن و قۆناغەکانی ژیان و نووسینی ئەم نووسەرە بەسەر بکەینەوە و بۆ یەکەم جار لەو هەڤپەیڤینەدا زیاتر بە خوێنەرانی ئاشنا بکەین.. ئیتر ئەوە ئێوە و ئەوەش دیالۆگەکەمان و ئەوەش دنیای ئەم نووسەرە.

**رامان:** له هەموو گفتوگۆیەکانماندا کردوومانە بە نەریت سەرەتا باسێکی ژینگە و دەوروبەری منداڵیی دەکەین کە بۆ هەمــوو نووســەرێک ئەو قــۆناغــە زۆر گــرنــگە. زۆربەی ئەو کەسانەی ڕوو دەکەنە بواری نووسین و خوێندنەوەوە، بارودۆخـــێکی خـــۆیی و بابەتی لەناو خـــانەوادە و دەوروبەرەکەی چاوی تێدا دەکەنەوە و تێیدا پێ دەگەن، کـاریگەریی خـۆیان بۆ سەر ئەو کـەسەی ڕوو دەکـاتە ئەو دنیـایەوە هەیە، پێمـان بڵێ ئەو ژینگە خـێزانییـەی تۆ چەند لەبار بوو بۆ ئەوەی بکەویتە ناو دنیـای نووسین و خوێندنەوەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بێ گومان لە تەمەنی هەشتا ساڵی مندا ئەگەر شریتی بیرەوەرییـەکان و گیـرگرفت و هاندەرەکانی خێزانیم باس بکەم، کارێکی ئاسان نییە، بەڵام هەوڵ دەدەم ئەگـەر کـەمـێک بە کـورتیش بێت بیگێڕمـەوە.. لەپێش هەمـوو شـتـێک، من منداڵیم لە ژیانێکی زۆر سـەخـتـدا بەڕێ کـردووە، هەر بە منداڵی دایکم، دوای ئەویش نەنکم کۆچی دواییان کرد، ئەوان لە گــوندێک بوون بەناوی (کــۆلکەڕەش)، کــە ژیانێکی سەرفـرازی لادێیـانەیان هەبووە. با ئەوەش بڵێم ئەوکـاتە دایکم شیری نەبووە، دەیانوت بزنێکمـان بۆ ڕاگرتبووی، ڕانەدەوەســتـــای بیــدۆشین، دەچووی دەمت بەگــوانی بزنەکـەوە دەنا و دەتمژی، تا ئەو کـاتەی هاتینەوە شـاری کۆیە، ئەو دەمەش باوکم زۆر سەرقاڵ بوو، ئەوەبوو ئێمەی نارده سوختەخانە بۆ خوێندن.

**رامان:** لە چ سوختەخانەیەک فەقێیاتیت خوێندووە و لەلای چ مەلایەک بوویت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** چوومە لای مەلا کـەمال کە لەناو مـاڵەکەی خۆیدا سوختەخانەی دانابوو، ماڵەکەشی هەر لە نزیک مزگەوتی منارەوە بوو.

**رامان:** ئەو مـەلا کـەمـالە، چۆن مـەلایەک بـوو؟ من بە مەلایەکی بەناوبانگی کۆیەی نازانم و ناویم نەبیستووە؟

**عـەبدولخـالق عـەلائەددین:** نەگـەیشـتـبـووە پلەی مەلایەتیی تەواو.

**رامان:** لەوانەیە فەقێ، یان فەقێی موستەعید بووبێ؟

**عـەبدولخـالق عـەلائەددین:** ڕاسـتـە.. من هەر ٢-٣ مـانگ لەلای مـامـەوە، ئیـدی دەسـتم لێ هەڵگرت. ئەو مەلایە لەسەر قەبران قورئانی دەخوێند.

**رامـــان:** هۆی دەست هەڵگرتن و وازهێنانەکـەت لە سوختەخانە چی بوو؟



ئازاد عەبدولواحید - عەبدولخالق عەلائەددین

**عــەبدولخــالق عــەلائەددین:** هۆیەکــەی ئەوەبوو ئەو سوختەخانەیە، فەلاقەخانە بوو، بۆیە حەزم نەکرد تێیدا بەردەوام بم.

**رامان:** ئێـوە بەردەوام، یان بە پچڕ پچڕی و ناو بە ناو لە گوند دەژیان و سەردانتان دەکرد؟

**عــەبدولخــالق عــەلائەددین:** هەمــوو کــات نا، زیاتر هاوینان دەچووینە ئەوێ و دواتر دەگەڕاینەوە کۆیە.

**رامان:** گوندەکەتان (کۆلکەڕەش) کەوتبووە کوێوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کۆلکەڕەش گوندێکی نزیک هیران و نازەنینە، کاتێک لەوێ نیشتەجێ بووین، باوکم هەمــیــشــە خــەریکی ســەفــەر بـوو، ئەو پێــوەندی زۆر و بەربڵاوی کـۆمـەڵایەتی هەبوو، لەگـەڵ مـامـە واحیـدم تا پێنجی سەرەتاییـان خوێندبوو، ئەو سەردەمـانە شیـعری حاجی قادری کۆیی لەماڵی ئێمە هەبوو و دەخوێندرایەوە، دەتوانم بڵێم وەک ئایەتی پیـرۆزی ئایینی تەماشا دەکرا. زۆر لە شیعرەکانی خەییامیشی بە کوردی لێک دەدایەوە و فـــارســـیـــیـــەکی باشی دەزانی. بەر لەوەی بچـــمـــە قوتابخـانەوە هەر شیعـرەکانی حاجی قـادری کۆیی بوون وایان لە من کـرد گـوێ لە شـیـعـر ڕابگرم، دواتر هەر لە نزیکمانەوە قوتابخانەیەک کرایەوە کە قوتابخـانەی سانی (ثانیە)یان پێ دەوت، ئەو قـوتابخـانەیە دیواری بەدیواری مـاڵی حەمـەشینی پوورزای باوکمەوە بـوو، هەمـوو جارێ کە قـوتابییـەکان لە قـوتابخانە گۆرانییـان دەگوت، دەچووم لەســەر دیوارەکــەی ڕادەوەســتــام و گــوێم لەو ســروود و گۆرانییانە دەگرت، زۆر حەزم دەکرد منیش یەکێک بم لەو

قوتابییانە، لەدواییدا کە دەردەچوون و دەهاتنە گۆڕەپانی چوار باخ، منیش لەگەڵیان دەڕۆیشتمە ئەوێ تا تەواو دەبوون، پاشان لەگەڵیان دەگەڕامەوەو پێیان دەوتم وەرە لەگەڵیشمان ڕیز بە. زۆر حەزم لەوە دەکرد منیش بچمە قوتابخانەوە، فێربووبووم خۆم دەچوومە ئەوێ، دەفتەرێک و قەڵەمێکم لەگەڵ خۆم دەبرد، ئەوکاتە لە تەمەنێکی گچکەدا بووم. باوکیشم چووبووە سەفەر، لە خۆمەوە چوومە لای بەڕێوەبەر کە ناوی هاشم ئەفەندی بوو، وا بزانم خەڵکی شاری سلێمانی بوو، پێم وت مامۆستا هاتووم ببمە قوتابی. سەری هەڵبڕی و بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: ئەی کوا باوکت؟ وتم باوکم لە سەفەرە. بانگی بەردەستەکەی کرد کە ناوی فەرەجوڵڵا بوو، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، ئیتر بردمی بۆ پۆلی یەک و لەوساوە بوومە قوتابی.

**ڕامان:** جارێ با بزانین ئەو قوتابییە دەنگخۆشانە کێ بوون لە قوتابخانەکە گۆرانییان دەوت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان کە ناوی زەکی ئەحمەد عوسمان هەناری بوو، سبەینان کە ڕیز دەبووین کوڕێکی ئەو هەبوو دەیانهێنا، ناوی فوئاد بوو، شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی پێ دەخوێندەوە، منیش باوکم لە ماڵەوە ئەو شیعرانەی هەبوو، جار بەجار بۆی دەخوێندمەوە. هەموو سبەینان لە کاتی ڕیزبووناندا تێکڕا سروودی (ئەی کوردینە، ئەی مەردینە)، یان (خوایە وەتەن ئاواکەی) دەوترا، سەعیدی مەلا ئەحمەدیش جار بە جار شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی بە دەنگێکی پڕ جۆشوخرۆش دەخوێندەوە.

**ڕامان:** ئەو گوندەی لای هیران و نازەنین (کۆلکەڕەش) کە هاموشۆتان دەکرد، ساڵی چەند وازتان لێ هێناو بە یەکجاری چوونەوە کۆیە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە دەورانی ساوایی مندا لەوێ بووین، تا چاومان کرایەوە و هەراش بووین و گەیشتینە سێ چوار ساڵی-یش هەر لەوێ بووین، پاشان بە یەکجاری هاتینەوە.

**ڕامان:** ئێوە لە کۆیە ڕەز و باختان هەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ ڕەز و باخمان هەبوو، باپیرم لە هەرمۆتە و لە کانی ئۆمەراغا ڕەز و باخی هەبوو، ئۆمەراغا کەوتۆتە نزیک گوندی شێخەروان.

**ڕامان:** ڕەزەکەتان لە کوێ بوو، هاوسێی کێ بوون؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** خانووەکەی حەمەشین کە لەگەڵ باوکم خاڵۆزاو پوورزا بوون، لەلای مزگەوتی منارەوە بوو، ئەو خانووەی کردە قوتابخانە، چونکە ئەوکاتە بینای حکوومی نەبوو بکرێتە قوتابخانە، بەڵام ڕەزەکەمان لە کانی ئۆمەراغا، هاوسێی زاهیری مەلاڕەحمان بووین، دواتر مەلاکەریم بووە دراوسێمان.

**ڕامان:** حەمەشین کێیان پێ دەگوت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** خۆی ناوی حەمەدەمینە، پێیان دەوت حەمەشین، باوکی جەلال و مەعرووف و سەمەد و بورهان و ئیبراهیمە.

**ڕامان:** ئەو شینەیە لە چییەوە هاتووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** خۆت دەزانی لە کوردیدا کاکەشین و حەمەشین بۆ خۆشەویستی بووە، خەڵکی کۆیەش لەو شتانەدا زۆر حازر بەدەستن، بۆیە ناوەکەی بە حەمەشین ڕۆیشت، ئەویش پیاوێکی چاپووک بوو، خانووەکەی دووقات بوو، لەوێ چوار پێنج مامۆستا هەبوون، یەک لەوان مامۆستا شەفیق سابیر بوو کە تازە خوێندنی تەواو کردبوو، هاشم ئەفەندی خەڵکی سلێمانی بوو، منیش کتێبەکەی حاجی قادری کۆیی و شیعرەکانی خەییامم دەخوێندەوە، ئەوکاتە وام لێ هاتبوو شیعرەکانم بۆ میوانەکانیش دەخوێندەوە.

**شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی بوون وایان لە من کرد گوێ لە شیعر ڕابگرم**

**ڕامان:** کەواتە ساڵی چەند بەیەکجاری لە کۆیە گیرسانەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ساڵی (١٩٣٣- ١٩٣٤) بە یەکجاری هاتینەوە کۆیە.

**ڕامان:** باوکت لە گوندیش هەر خەریکی خوێندنەوەی حاجی قادری کۆیی و شیعر و کتێبان بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نا کە دەهاتینەوە کۆیە لە کۆشکەکەی دادەنیشت و لە دیوەخان ئەوانەی بۆ برادەران دەخوێندەوە، ئەو کتێبەکانی لەناو تاقێک دانابوو.

**ڕامان:** هەر ئەو کتێبەی حاجی قادری هەبوو، یان کتێبی دیکەشی هەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لەبیرمە عومەر خەییام و شتی لەو بابەتەی هەبوو، بێ گومان کتێبەکانی بە فارسی

بوون، چونکە بە فارسی خوێندبووی.

**رامان:** بێجگە لە حاجی قادری کۆیی، خۆ لە کۆیە شاعیری دیکەی کۆیی زۆر بوون، ئەی ئەوانەی نەدەخوێندەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** من ئەو فامەم نەبوو بزانم کێ شاعیرە و کێ شاعیر نییە، باوکیشم کە حاجی قادری کۆیی دەخوێندەوە، بەهەمان شێوە شیعرەکانی مەلای گەورەشمان دەخوێندەوە و لەبەرمان بوون، ئەوە وای لە من کرد چێژ لە شیعرەکانی وەربگرم، پاشان کە چوومە قوتابخانە دەستم بە نووسین کرد. کانی ئۆمەراغا، شوێنەکەی چیاو دار و درەخت و باخچە بوو، هەندێک شیعرم دەهاتنە خەیاڵ، دەموت باشە بۆ منیش نەنووسم؟ ئەوەبوو لەوێ هەندێک شیعرم دانا.

**رامان:** لە تەمەنی چەند ساڵیدا بووی کە دەستت بەو نووسینانە کرد؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەو کاتە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووم و بەرەو شەش دەڕۆیشتم، لە قوتابخانەشدا هەمیشە مامۆستایەکان ئەو شیعرانەی حاجی قادریان پێ دەوتین، وای لێهات بتوانم منیش بیانخوێنمەوە.

**رامان:** کاریگەریی ئەو گوندەی ماوەیەک تێیدا بوون لەسەرت چ بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە ساڵێکدا هەر چوار پێنج مانگێک لەوێ دەبووین، ئەوساش منداڵ بووم، گوندەکە ژیانێکی سادەی هەبوو.

**رامان:** گوندەکە هیچ کاریگەریی لەسەرت نەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەوە نەبوو من لەوێ ئیشوکار بکەم، ئەوسا منداڵ بووم، بەڵام ژیانێکی لادێیانەی هەبوو، قوتابخانەشی تێدا نەبوو، ئەوکاتە بەپێیان دەڕۆیشتین و دەچووینە دەشتودەرەکەی کە هەمووی باخ بوون.

**رامان:** بۆ زانیاری لە کۆیە دوو قوتابخانەی ئولا و ثانیە هەبووە، ئولا ساڵی ١٩١٩ و ثانیە-ش ساڵی ١٩٣٣ کراونەتەوە.. باشە یارمەتی باوک و کەسوکاری خۆت نەدەدا؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەخێر من لەو تەمەنەدا نەبووم، بابیشم خۆی کەسێکی خاوەن ئیمکانیات بوو، دایکم نەمابوو، نەنکمان هەبوو، زۆری خۆش دەویستم و



**ساڵی ١٩٦٠ لە کۆیە لە قوتابخانەی ئوولا گیراوە. دەستەی مامۆستایان، دانیشتووەکان لە ڕاستەوە: ڕەشاد عەلی، تاهیر ئەحمەد حەوێزی، جەلال حەوێز (بەڕێوەبەری قوتابخانە)، موعتەسەم عەبدولمەجید، کەریم شارەزا.**
**وەستاوەکان: عەبدوڵڵا ئەحمەد، کەمال سادق، عەبدولخالق عەلائەددین، بیلال بەهائەددین، زاهیر سابیر، عەبدولڕەزاق عانی**

سەرپەرشتیی دەکردم، ژنێکی زۆر ئازا و بە جەرگ و چاوکراوە بوو، سەپان و جووتیاریشمان هەبوون کە زەوییان بۆمان دەکێڵا. ئێمە دەچووینە ناو باخچەکە و هەندێک ترێ و میوەمان دەهێنا، دوایی دەچووین لەگەڵ منداڵی ناو گوندەکە گەمەمان دەکرد.

**رامان:** ئەی کەی بوو کەڵکەڵەی خوێندنەوە کەوتە سەرتەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** پاش تەمەنی چوار پێنج ساڵیی حاجی ئاغای باپیرم (باوکی باوکم) لەلای مزگەوتی منارە، کۆشکێکی لە تەنیشت ئەو مەکتەبەی باسم کرد دروست کردبوو، ئیدی لەو خولیایەوە کە هەمبوو، لەوە بەدواوە کە تەمەنم بووە (١٢ - ١٣) ساڵی و لە پۆلی پێنج و شەشی سەرەتایی بووم ئەگەر ڕۆژانە سەعاتێکم نەخوێندبایەوە، شەوان نەدەنووستم. کە لە (خانەی مامۆستایان) دەرچووم، چوومە قورشاغلوو لەدەشتی دزەییاتی و بوومە بەڕێوەبەری قوتابخانە، پێنج شەمان تا بەیانی شەمە نەدەهاتمە دەرێ، نووسینەکانی نەجمەددین مەلا، بە تایبەتی چیرۆکەکانی منداڵانی ئەوم دەخوێندەوە، هەروەها یاداشتەکانی (ڕەفیق حیلمی)م دەخوێندەوە.

**رامان:** چیرۆکەکانی نەجمەددین مەلا کە بۆ منداڵان لە ڕۆژنامەی ژیندا ئامادەی دەکردن، بەناوی (بۆتان دەگێڕمەوە) نووسیبوونی، ئەوانە لەو ساڵانەی دواییدا کۆکرانەوە و لەلایەن بەیاد عەبدولقادرەوە چاپ کران..

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، ئەو کاتە چیرۆکەکان بڵاو دەکرانەوە و ڕۆژنامەکەم بۆ دەهات و دەمخوێندنەوە.

**رامان:** ڕۆژنامەی (ژین)ت لە کوێوە بۆ دەهات؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە هەولێر کتێبخانەیەک هەبوو ناوی (سەربەستی) بوو کە خاوەنەکەی ناوی (ڕەئووف) بوو، ئەو ڕۆژنامەکەی بۆ دەهات، من کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارم لێ دەکڕی، بۆیە هەر ئەویش ڕۆژنامەی (ژین)ی بۆ دادەنام. ئەو کتێبخانەیە هەموو نووسەران و ڕۆشنبیران ڕوویان تێدەکرد و لەوێ کۆدەبوونەوە.

**رامان:** با هەنگاو بە هەنگاو بڕۆین، ئێستا باسی قۆناغی (خانەی مامۆستایان) دەکەین و دواتر دێینە سەر ئەوانە، جارێ با هەر لە قۆناغی منداڵی و سەرەتایی و قۆناغەکانی خوێندندا بمێنینەوە.. ئایا لەو سەرەتایەدا کەس هەبوو لەدەوروبەرت، لەناو خزمەکانت، هاوڕێیەکانت خەریکی خوێندنەوە و نووسین بووبن و تۆش چاوت لەوان کردبێ و رووت کردبێتە خوێندنەوەوە؟

**هاتنی مستەفا خۆشناو بۆ قوتابخانەکەمان و قسەکانی کاریگەریی زۆریان بەسەرمانەوە هەبوو.**

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کە چوومە قوتابخانە هاشم ئەفەندی خەڵکی سلێمانی بوو، فەرەجوڵڵاش هەبوو کە پیاوێکی خەڵکی ئەودیو بوو، ئەوە فەڕاش بوو، بەڵام قوتابییەکان لێی دەترسان، جا دیسپلینێکی زۆر عەجایبی هەبوو، ئینجا حەمە ڕەشید هەبوو، کە گۆرانیبێژ بوو، وەختێک لەوێ بووە فەڕاش.

**رامان:** لەناو مەجلیسان گۆرانی دەوت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەخێر، لەناو ڕەزان و لەناو باخان گۆرانی دەوت.

**رامان:** حەمە ڕەشید کێیان پێ دەوت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** شێرزادیان پێ دەوت.

**رامان:** حەمە ڕەشید شێرزاد؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، بە ڕەچەڵەک قەڵادزێیی بوو.

**رامان:** ساڵی چەند گۆرانی دەوت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** من پۆلی دووی سەرەتایی بووم.

**رامان:** واتە هێشتا نەببووە ساڵی چلەکان؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەخێر سی و هەشت و سی و نۆ بوو.

**رامان:** هیچ کام لە گۆرانییەکانی تۆمار نەکراوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەخێر.. بەڵام ناوبەناو ناوی دێ، ئەو ماوەیە هونەرمەند وریا ئەحمەد کتێبێکی لەسەر باوکی چاپ کردبوو، وێنەی ئەویشی تێدایە، بەڵام وەنەبێ بەردەوام لە کۆیە بووبێ و هاتبێتە ڕیزی مەلا ئەحمەدە کوێرە و تاهیر تۆفیق و ئەوانە، ئەو زوو دابڕاو نەمزانی بۆ کوێ ڕۆیشت.

**رامان:** ئێستا تۆ وتت هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە دەستت داوەتە نووسین، وا نییە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە سەرەتاییەوە بوو، لە کاتێکدا کە گەیشتمە پێنجی سەرەتایی، لە قوتابخانەشدا حەزم لە خوێندنەوە بوو، کە دەچووینە کانی ئۆمەراغاش، زیاتر بەهۆی تەنیایی و کەشوهەوای ناو باخچە و ڕووبار و دۆڵ، هەروەها لە کانی ئۆمەراغا چەندین جۆرە کتێبی چەپڕەوی لێ بوو، گوێشمان لە بەسەرهاتەکانیش دەبوو، وتم باشە بۆ هەوڵێک نەدەم؟ بۆیە منیش هەندێک شتم نووسی.

**رامان:** یەکەم هەوڵی نووسینی خۆت لەبیر ماوە؟ ناوی چ بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** یەکەم شیعر و هەوڵدانم ئەوە بوو کە بە خەیاڵی ڕەنجبەرێکی هەژاری پەرێشان لەژێر ناوی (ئەی برسێتی، ئەی برسێتی) نووسیم.

**رامان:** مەبەستم ئەوەیە بڵێم سەرەتا پەخشانت نووسی، یان شیعر؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** سەرەتا شیعر بوو، لە گۆڤاری هەتاوی گیوی موکریانی-شدا بڵاوکرایەوە.

**رامان:** ساڵی چەند لە گۆڤاری هەتاودا بڵاوکرایەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە ساڵی ١٩٥٥ بوو، بابەتی دیکەشم دەنووسی، دواتر تەماشام کرد من شاعیر نیم.

**رامان:** چاکت کرد، بەڵام شیعرت بڵاوبووەتەوە و تازە لەسەرت بووەتە ماڵ؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ ڕاستە، ئینجا نادیرە کە کچی مامە واحیدم بوو، لە خانەی مامۆستایانی بەغدا دەیخوێند، تاقانەی دایکی بوو، مامە واحیدم وەختی خۆی لەدیوانیە ئەفسەر بوو، لەوێ نەشتەرگەری بۆ

کچەکەی دەکرێ، دکتۆرێکی تورکی لێ پەیدا ببوو، کە دەماری چاوی دەپچڕێنێ یەکسەر بە فڕۆکە ڕەوانەی بەریتانیای دەکەن، بەڵام بێ ئەنجام دەبێ، دەمرێ و تەرمەکەی دەهێننەوە کۆیە، ئەم ڕووداوە زۆر کاریگەریی لەسەرم هەبوو، بەو بۆنەیەوە شیعرێکم نووسی و لە گۆڤاری هەتاوی ساڵی ١٩٥٥دا بڵاوکرایەوە، کە ئەو شیعرەم بڵاوکرایەوە، مامۆستا حەمید بێتووشی هەبوو، کچەکە خوارزای ئەو بوو، هەڕەشەی کردبوو وتبووی چۆن دەبێ عەبدولخالق عەلائەددین شتی وا بکات؟ وتبوویان بابە ئەوە مردووە. دلاوەری کاکە زیاد ئاغا شیعرەکەی لەبەر کردبوو، ئەوانە هەمووی وایان لە من کرد خۆم بۆ نووسین تەرخان بکەم، لێرەوە حەزم کرد بنووسم، چونکە شیعر خۆ تەرخان کردنی زۆری دەوێ، هاوکات لە پەنجاکاندا کاتێک بەڕێوەبەری قوتابخانەی قورشاغلوو بووم، سەید برایم (برژاو) شیعری بە نامە بۆ دەناردم، بە هەمان شێوە منیش بە نامە شیعرم بۆ ئەو دەناردەوە.

**ڕامان:** زوو لەوە تێگەیشتی کە تۆ بەهرەت نییەو بۆ شیعر نووسین نەخوڵقاوی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** چونکە شیعر نوسین بە حەقیقەت بەهرەیەکی تایبەتمەندە.

**ڕامان:** پێم وایە ئیشێکی باشت کردووە وازت لە شیعرنووسین هێناوە، کورد هەمووی هەر شاعیرن، ئەوەش بۆ خۆی نەگبەتییە. ئەی لەبیرتە یەکەم نووسینت ناوی چ بوو و لەکوێ بڵاوت کردەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** سەردەمێک کە ڕۆژنامەی هاوکاری لە بەغدا هەبوو، بەرهەمم بۆی دەنارد، بۆ گۆڤاری هیواشم دەنووسی کە عەلائەددین سەجادی سەرپەرشتیی دەکرد.

**ڕامان:** ئاخر عەلائەددین سەجادی لە گۆڤاری گەلاوێژ ئیشی کردووە، پاشان گۆڤاری نزاری دەرکردووە، گۆڤاری هیوا چ پێوەندییەکی بە عەلائەددین سەجادی و بە ڕۆژنامەی هاوکاری-یەوە هەیە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ بەڵێ ڕاستە، با عەرزت بکەم، عەلائەددین سەجادی وتارێکی لە گۆڤاری گەلاوێژدا نووسیبوو، کە وشەی کوردی ڕەسەن بێ و داتاشراو نەبێ، ئەوە وای لێ کردم لە گۆڤاری هیوادا وتارێک بنووسم، بێجگە لەوە سەربازێکی ئەمریکایی لە کۆریاوە نامەیەکی نووسیبوو و تێیدا دەڵێ ئێمە بۆ شەڕ



**دیمەنێکی شاری کۆیە لە سەرەتای شەستەکاندا - ستۆدیۆ چنارۆک**

و چەوسانەوەی خەڵک چووینەتە ئەوێ، ئەمەم وەرگێڕا. دوای ئەوە وتارێکم بەناوی (بنیادەمی تێر نەخۆر) نووسی و لەگۆڤاری هیوادا بڵاوم کردەوە. مستەفا نەریمان ئەو کاتە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ئیشی دەکرد، داوای لێ کردم بۆیان بنووسم، بۆیانم نووسی، ئینجا لە وتارێکدا نووسیبووم لەبەر ئەوەی کورد تەخت و بەختی نەبووە، دەبێ برا بن، وتی ئەوە تۆ سەرمان لە قوڕ دەنێی؟ ئینجا لە ڕۆژنامەی هاوکاری-شدا چەند وتارێکم نووسیوە.

**ڕامان:** ئەی لە گۆڤاری گەلاوێژدا بەشداربوونت هەیە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بۆ نووسین لە گۆڤاری گەلاوێژ پێ ڕانەگەیشتم.

**ڕامان:** ئەوکاتە لە کوێ بووی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** دەزگای ڕۆشنبیری کوردی هەبوو..

**ڕامان:** جارێ باسی ئەوە ناکەین، ئەوە ساڵانی حەفتاکانە، جارێ ئێمە باسی سییەکان و چلەکان دەکەین، باسی یەکەم نووسینت دەکەین ناوی چ بوو لە کوێ بڵاو بووەوە؟ باسی ئەوانەمان بۆ بکە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەوکاتە من قوتابی سەرەتایی بووم، بەڵام یەکەم نووسینم کە بڵاوبووەوە لە ساڵی پەنجاکان بوو، ڕێک لە ژمارە (٣٣)ی گۆڤاری هەتاوی ساڵی ١٩٥٥ بوو لەژێر ناوی (مردن کوا سام و مەترسیت) کە لە عەرەبییەوە وەرمگێڕابوو.

**ڕامان:** بەڵام گۆڤاری هەتاو پەنجاکان بوو.. تۆ دڵنیایت یەکەم نووسینت ئەوکاتە بڵاوکرابێتەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەوە وتارەکانمە کە بڵاوم کردوونەتەوە، دەنا شیعرەکانی دەمنووسین، بڵاوم

نەدەکردنەوە، ئێستاش هەندێک لەو شیعرانەم ماون، هەندێکیان وەرگێڕانن.

**ڕامان:** واتە هەندێک لە شیعرەکانت لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەخێر تەنیا هەندێک وتارم لە عەرەبییەوە کردووەتە کوردی، بەڵام شیعرەکان هی خۆمن و هەندێک لەو شیعرانەم تا ئێستاش هەر ماون.

**ڕامان:** ئەی ئەو شاعیرانە کێ بوون شیعرەکانیانت لە عەرەبییەوە دەکردنە کوردی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەوە ساڵەکانی سەردەمی قوتابێتیم بوو، وتارێکم نووسی، ئەو وتارەم لە گۆڤاری هیوادا بڵاوکرایەوە، ساڵی شێست و حەوت چوومە بولگاریا، بۆتێن هەبوو، شاعیرێکی بولگاری بوو، زۆر سەرسامی شیعرەکانی بووم، ئینجا کە هاتمەوە ئەوەشم بڵاوکرایەوە. هەمیشە پاش مەرگی شاعیران و ئەدیبان پەیکەریان بۆ دەکەن، من لە پێشەکی کتێبی دڵدارڈا ئەو داخەم هەڵڕشتووە، ئەو وەرگێڕانانە زۆریان لەناو دەفتەرەکەمدا ماون، هەندێکم لێ بڵاونەکردنەوە، هەندێکیشیان چیرۆکن.

**ڕامان:** مەبەستت ئەوەیە بڵێی هەندێکیان شیعری خۆتن و هەندێکیانت وەرگێڕاون؟ ئەی هەندەکەی دیکەیان وتاری خۆتن؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، هەندێکیان بڵاوکراونەتەوە و هەندێکیان بڵاونەبوونەتەوە، هۆیەکەشی ئەوەیە لەوێ داستانێکی کەمبۆدی تەرجومە کراوە، کە باسێکی عەلمانییەتی تێدایە، باسی ئەوە دەکات چۆن بەردێکیان پەرستووە، کە ئەو شتانە هیچیان لە واقیعدا نین، بگرە لە خەیاڵی خۆیان دایانهێناون و هیچ هێزێکی ئەوتۆیان نییە.

**ڕامان:** وەک پێشتر باست کرد، تۆ لە سەرەتاییەوە وردە وردە خەریکی نووسین بوویت، وانییە؟ تەنانەت یەک دوانێکیشت لێیان لە گۆڤاری هەتاو بڵاوکردووەتەوە، لەو تەمەنەدا کە بەڕاستی تەمەنێکی زووە بۆ نووسین، ئایا لە زەمانی تۆدا (بڵاوکراوەی دیوار) لە قوتابخانەکاندا هەبووە تا هەندێ جار نووسین و بابەتەکانی خۆت تێیاندا بڵاو بکەیتەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** مامۆستا سەید ئەحمەد هەبوو کە خەتی زۆر خۆش بوو، ئەو هەمیشە دەهات هەندێ شتی لەسەر تابلۆی ئاگاداری دەنووسی، پیاوێکی بەڕێز بوو، دوایی نەمزانی چی بەسەرهات، دەرسی بە پۆلی دوو و سێی سەرەتایی دەوتەوە، ئەو مامۆستایە دەهات بە خەتێکی زۆر خۆش پەندەکانی دەنووسی، بە تایبەتی ئەوانەی باسی دەستپاکی و نیشتمان و نیشتمانپەروەری دەکرد، زیاتر ئەو شتانە کاریگەرییان لەسەرمان هەبوو.

**ڕامان:** بیستوومە مستەفا خۆشناو کە یەکێکە لە چوار ئەفسەرە شەهیدەکە هاتووە بۆ قوتابخانەکەتان، کاریگەریی هاتنی مستەفا خۆشناو وەک ئەفسەرێک لەسەرتان چی بوو؟ چۆن ڕێگایان دا بێتە ناو قوتابخانەوە، بە چ بۆنەیەک سەردانی قوتابخانەکەتانی کرد و قسەی بۆتان کرد؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەو ڕۆژگارە زۆربەی مامۆستاکانمان کوردپەروەر بوون، کوردایەتی کەشوهەوایەکی سافی هەبوو.

**ڕامان:** حکومەت ئەوکاتە پێی ناخۆش نەبوو ئەفسەرێک بێتە ناو پۆلەکان و قسە بۆ قوتابییەکان بکات؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** زەمانی مەلەکی بوو، کورد تارادەیەکی زۆر سەربەخۆیی هەبوو، بۆیە مامۆستاکانمان بە ئاشکرا باسی کوردایەتی و کوردستانیان بۆمان دەکرد، سروودی نیشتیمانیی هەبوو، هەموو مامۆستاکان بە بەرێوەبەریشەوە کوردپەروەر بوون.

**ڕامان:** باسی کاریگەریی هاتنی ئەو ئەفسەرە بکە کە دواجار زانیت مستەفا خۆشناو بووە و هاتووەتە پۆلی ئێوەوە و قسەی بۆ کردوون، چی بوو؟ ئایا قسەکانت لەبیر ماوە باسی چی بۆتان کرد؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لەگەڵ سابیر ئیسماعیل ئەفەندی هاتە ژوورێ، یەکێکی چوارشانەی ئەسمەر بوو، وتی (ڕۆڵەکانم ئێوە پیاوی دوارۆژی کوردن، هەریەکەتان دەبنە خوێندەوارێک، دەبێ هەوڵ بدەن، تێبکۆشن تا بتوانن خزمەتی نەتەوەی کورد بکەن، چونکە ئێوە هیوای دوارۆژن) ئەو قسانەی کرد، سابیر ئەفەندی ئینتیمایەکی فیکری هەبوو، بەڵام تەنزیمی نەبوو، پاشان زانیم ئەو پیاوە کێیە، ئێستا دەمەوێ بایەخ بە ژیانی ناوداران بدەم، ئەوەشم نووسیوە، ئینشائەڵڵا دەیبینی، ئەو قسانە بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوون، بێ گومان بۆ مامۆستاکانیش گرنگ بوون، وتی (ئێوە پیاوی دوارۆژن، بخوێنن و

کۆشش بکەن).

**رامان:** ئەوکاتە ئەو قسانە کاریگەرییان لەسەر ئەو قوتابیانە هەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەوکاتە ئەو کاریگەرییەی نەبوو، لە پاشاندا کە فامان کردەوە، کاریگەریی دروست کرد.

**رامان:** پۆلی چەند بوون و ساڵی چەند بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ساڵی ١٩٤٣ من پۆلی پێنجی سەرەتایی بووم، بەر لەوەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دابمەزرێت، مستەفا خۆشناو پێشنیاری کرد کە ئەفسەر بەکر عەبدولکەریم حەوێزی ڕابسپێردرێ شتێکی وا بکرێ بەهۆی بابەکراغای پشدەری-یەوە بەرەیەکی شەڕ لە بیتوێن دروست بکرێ، بۆ ئەوەی هێرش و گوشاری سوپای عیراق لەسەر بارزان کەم بکرێتەوە.

**رامان:** باسی کۆنگرەکەی حزبی هیوامان بۆ بکە کە لە کەرکوک بەسترا؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ماجید مستەفا و ئەفسەرەکان لەوێ بوون، لەوانەی بەشداربوون مستەفا خۆشناو و بەکر ئاغا و سەرۆکی حزبی هیوا ڕەفیق حیلمی و ئەمین ڕەواندزی لە ئامادەبووان بوون، دواتر ماجید مستەفای وەزیر ڕاسپێردرا کێشەی شۆڕشی بارزان چارەسەر بکات، لەوەدا حزبی هیوا دەیویست لەگەڵ (ژ.ک)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەماهەنگی بکات. حزبی هیوا میرحاج و مستەفا خۆشناوی کردە لیژنەی پێوەندی لەگەڵ (ژ.ک)، ئەوانیش وەفدێکیان نارد لەگەڵ حزبی هیوا هەماهەنگی بکەن و لەگەڵ یەکتر لە شۆڕش و لە بزووتنەوەی نیشتمانیدا هاوکار بن.

**رامان:** با بێینەوە باسێکی قۆناغی ناوەندیت بکەین؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کاتێ سەرەتاییم تەواو کرد، ساڵێک لە ناوەندی مامەوە، ساڵەکەم نەگەیاندە سەر، مامۆستا کەریم ئەحمەد داوود هات، یەکەم دامەزرانی ئەو، لەو قوتابخانەیە بوو، لە حەقیقەتیشدا با ئەوەش بۆ مێژوو بڵێم کە مامۆستا کەریم ئەحمەد هات، پیاوێکی کردە بەرپرسی حزبی شیوعی، ئێمەش ئەوکاتە هەرزەکار بووین، مام جەلالیش یەکی ناوەندی بوو، مامۆستا کەریم ئەحمەد وەک مامۆستایەک زۆر کاریگەریی لەسەر قوتابییەکان هەبوو. باسی ڕێکخستن دەکرا، مێشکی ئێمەش ئەوکات ئەو شتانەی تێ نەدەچوو، پاش



**یەکەمین کۆنگرەی یەکێتیی نووسەرانی کورد - بەغدا ١٩٧٠/٦/٢٤.**
**ڕیزی پێشەوە: نەناسراوە، سەعید ناکام، عەبدولخالق عەلائەددین، کەریم زەند، ئەحمەد عوسمان ئەبووبەکر.**
**ڕیزی پشتەوە: هۆگر گۆران، ئەحمەد غەفوور، سامیە چاوشلی.**

ماوەیەک وتیان لە هەولێر قوتابخانەیەکی (خانەی مامۆستایان) دەکرێتەوە، پاشان لە بەغدا چاوپێکەوتن هەیە، منیش وتم ئەوە بۆ من گەلێک باشە، ڕێ کورت دەکاتەوە بۆ ئەوەی بگەین بە شتێک.

**رامان:** کەواتە لە پۆلی یەکی ناوەندییەوە وازت هێنا و چوویتە ئەوێ؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە یەکی ناوەندییەوە من وازم لێ هێنا، بۆ پاییزی ئەو ساڵە کە باوکم لەوێ نەبوو، قەت بەغداشم نەدیبوو و هیچ پارەشم پێ نییە، هاتمە هەولێرێ حاجی شەریفی زێڕینگر هەبوو، دۆستی باوکم بوو، ئەوە باوکیشم ئاگای لێ نییە، کاغەزێکم بە ناوی باوکمەوە نووسی، تێیدا هاتبوو کە حاجی ئەوە عەبدولخالقم ناردە لای تۆ، سێ دیناری بدەرێ، کە نامەکەم دایێ، حاجی وتی وەی بەسەر ئەو سەرەم.

**رامان:** باوکت ئەوکاتە لەکوێ بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەوکاتە باوکم لە خۆشناوەتی بوو، خەریکی بازرگانی بوو، دایکیشم هەر بە ڕەچەڵەک خەڵکی خۆشناوەتی بوو، کچی میرحاج عەلی بەگی کۆسەیان پێ دەگوت، خاوەن سەروەت و سامان بوو.

**رامان:** ئەو میرحاجە چ دەورێکی لە ژیانی کوردەواریدا هەبووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەوە میری کۆسەیان پێ گوتووە، خۆی میری عەلی کۆسەیان پێ دەوت، خێزانەکەشی زبێدەخان کچی کاکی زێوێ بوو، میرانی

جەمیل بەگ خاڵوانی دایکم بوو، ئەوسا دنیای سیاسەت و حزبایەتی هێشتا لە ناو کوردەواری خۆمان بڵاونەبیووەوە. کاغەزێکم بەناوی باوکمەوە نووسی، ئینجا سێ دینارم وەرگرت کە بۆ ئەوکاتە گەلێک زۆر بوو، سواری قیتار بووم، ئەو وەختە قیتار لە مەحەتە ڕادەوەستا و لەوێ خەڵکەکە سوار دەبوون، هەندێکیان مریشک و کەڵەبابیان هێنابوو، هەندێکیان هێلکەیان پێ بوو.

**ڕامان:** ئەوانەیان دەبردە بەغدا؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بۆ فرۆشتن دەیانبردنە بەغدا، قیتارەکەش هەرزان بوو، لەبیرمە بە چوار درهەمان بوو.

**ڕامان:** ئەو قیتارە لە کوێوە دەهات؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لەکەرکووکەوە دەهات.

**ڕامان:** لە کەرکووکەوە دەهاتە هەولێر و لێرەوە دەچووە بەغدا، ئەی قیتاری تایبەتی هەولێر بۆ بەغدا نەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەو وەختە نەکرابووەوە، دوایی کردیانەوە، ئەگەرچی زۆریش تەمەن درێژ نەبوو.

**ڕامان:** ئەوە ساڵی چەند بوو کە پێوەندیت بە خانەی مامۆستایانەوە کرد؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە ساڵی چل و حەوت بۆ چل و هەشت بوو.

**ڕامان:** دیارە تۆ لە ساڵەکانی سەرەتاییدا ماویتەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەخێر، تەنیا ساڵێکم فەوتاوە کە چووینە بەغدا.

**ڕامان:** تۆ هیچ برادەرت لەگەڵ بوو؟ ڕەفیقی ڕێگە و سەفەرەکەت کێ بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نا، نەبوو، بەڵام هەبوون ڕێکیان خستبوو، یان هەریەکەیان بە قۆناغی خۆی و بە شێوازی خۆی ڕۆیشت، من لەوێ هەندێ سلێمانی و کۆیی و هەولێریم بینی، هەبوون ئیمکانیاتیان زۆرتر بوو. ئوتێلێک هەبوو پێیان دەوت (عەلەمەین) بە سەد فلس بوو، ئێمە لەوێ دابەزین و هەندێک کوردی لای خۆمان دی، ڕێنوێنیان کردین.

**ڕامان:** ئەوە باوکیشت ئاگای لەو کەینوبەینە نییە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نا ئاگای لە هیچ نییە، تەماشام کرد کەسێکی عەرەب (جەبار نۆفان)یان پێ دەوت، ئەو ئەندامی لیژنەی قبووڵ کردنی قوتابییانی (دارالمعلمین) بوو، زانیم عەبد جاسم کە لە کۆیە دادەنیشت کە زۆر دۆست و جیران بووین، تۆ ناویت بیستووە، وتم بۆ کاغەزێکی لێ وەرنەگرم و پێی بڵێم شتێکی وا هەیە؟

**ڕامان:** پێش ئەوەی بچیتە بەغدا کاغەزیشت لە عەبد جاسم وەرگرت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کە پارەم لە گیرفان بوو و بڕیارم دا بچمە بەغدا، کاغەزم لێ وەرگرت، وتم با ئەو کاغەزەشم پێ بێ. دوایی ئێمەیان لە ئوتێلی (عەلەمەین)ەوە گواستەوە و قوتابخانەیەکیان داینێ کە دارخورمای زۆری لێ بوو، لەوێ نیشتەجێیان کردین، لەو بەشە ناوخۆییە کە پڕ بوو لە دارخورما، پۆل پۆل موقابەلە کراین، کە بانگی کردم کاغەزەکەم دایە دەستی، وتی (عالعين و عالرأس، عمو عابد شلون صحته؟)

**ڕامان:** دیاربوو دەیناسی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، برادەری بوو. عەبد جاسم خەڵکی تکریت بوو، زەمانی خۆی باپیری هاتووەتە کۆیە. وتی باشە بەسەرچاو، هەندێک پرسیاری لێ کردم، وتی بۆ دێیتە ئەو قوتابخانەیە و چی دەخوێنی و بۆ دەتەوێ ببیتە مامۆستا؟ بەڕاستی عەرەبییەکەمان ئەو عەرەبییە نەبوو، بە هەر حاڵێک بوو تێم گەیاند، پاشان لەگەڵ چەند قوتابییەکی کۆیی هاتینەوە کۆیە، تەحسین هەبوو برای ئەندازیار مەجید بوو، سەمەد..

**ڕامان:** واچاکە تۆ ناوی باوک و نازناویان بڵێی باشە، چونکە تا ئێوارە بڵێی سەمەد کەس نایناسێ، وەک دەزانی لایەکی کۆیە ناویان سەمەدە.!

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لەگەڵ تەحسین عومەر برای فەوزی کە لە زاتییەی پەروەردەی شاری هەولێر بوو، سەمەد محیەدین، حەبیبی مەلا فەتاح، شەفیق حەمەخان گەڕاینەوە کۆیە.

**ڕامان:** بەڵام ئەوکات پێیان دەوت مەعاریف.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ڕاستە ئەو وەختی مەعاریف بوو.

**ڕامان:** حەز دەکەم زاراوەکان وەک خۆیان بەکاربێنیت، یان زاراوەی سەردەمی خۆی بەکاربێنیت.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** جا ئەو وەختی ڕێگای کۆیەیان بە خۆڵ و چەگڵ چاک دەکرد، تازە ئەو پرۆژەیە دەرچووبوو، ئەوکاتە کە دادەنیشتین لەو شوێنە کۆ دەبووینەوە، ماڵی ئەحمەد سەیدە وەک یانەیەک وابوو،

دوای ئەوەی هاتینەوە، ئەو سـاڵەی قـبـوڵ کـراین و ناوەکانمان هاتەوە، ئیتر بەهار هات.

**رامان:** ئێوە چەند لە بەغدا مانەوە؟

**عـەبدولخـالق عـەلائەددین:** ئێـمـە زۆر لە بەغـدا نەمـاینەوە، چاوپێکەوتنەکـەمـان کـرد و گـەڕاینەوە، تا ئەنجامی قبـوڵەکـەمان هاتەوە، لە بەغداوە بە قـیـتـار هاتینەوە، لە کـۆیە چاوەڕێی ئەنجـامـەکـانمان دەکـرد، ئەنجامەکە هاتەوە و قبوڵ کرام، ئینجا چووینە هەولێر، ئەو وەختـە ژوورێکیـان لە قـوتابخـانە بۆمـان کـردەوە، بەرێوەبەرایەتی پۆلیس کـە ئێـسـتـا بەرانبـەر پارێزگـای هەولێـــرەوەیە، لەوێ هۆدەیەکـــــــان دابـووینـێ، قـوتابخـانەکـەمـانی لێ نزیک بوو، بۆ خـوێندنەکـەمـان ئەوەیان بۆ ئێمە دانا، مووسا سەمەد و عوسمان قۆجە مامۆستامـان بوون، لە قوتابخانەکەمان کە لە بەرانبەر ئەنجـومـەنی ئێـسـتـای پارێزگـای هەولێر بوو، ئەوکـاتە قـوتابخـانەی سـانەویش هەر لەوبەرمـانەوە بـوو، لەوێ سـاڵی چل و هەشـتـی بەسـەردا هات، پەیتـا پەیتـا جـموجـووڵێکی سیاسی و خۆپیـشـاندان پەیدا بوو، ئەو وەختیش تێکۆشان و خەبات وا سەخت نەبوو دووچاری نان بڕان و داپڵـۆسین ببیـتەوە، بە ئاسانی دەچووینە ناو خۆپیـشـاندانەوە، ئیـسـمـاعیل ڕەسووڵ-یش کە برادەری تەڵەبایەتیم بوو، لەگەڵمان بوو.

**رامان:** ئەویش لەگەڵ ئێوە لەوێ دەیخوێند؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ پێکەوە قوتابی بووین.

**رامان:** لە خانەی مامۆستایان خوێندتان، یان پێشتر پێکەوە بوون.

**عـەبدولخـالق عـەلائەددین:** نەخـێـر لە ناوەندی پێکەوە بووین.

**رامان:** ئەوکاتی لە کۆیە بوون، یان لە هەولێر.

**عـەبدولخالق عـەلائەددین:** نەخێر لە کۆیە بووین، لەو سـاڵەدا کـە چەند مـانگێک لە یەکی ناوەندی خـوێندم مـاوەیەک لەگـەڵم بوو، کـە چوومـە خـانەی مـامۆسـتـایان لێکتر جیابووینەوە.

**رامـان:** تۆ لە کـۆیە خـوێندنی سـەرەتاییت تەواو کـرد، پاشان هاتیتە هەولێر بۆ خوێندنی خانەی مامۆستایان؟

**عـەبدولخالق عـەلائەددین:** بەڵێ ئیـسـمـاعـیـل ڕەسـووڵ یەک دوو سـاڵ لە کـۆیە بـوو، دواتر هاتەوە هەولێـــر. خۆپیشـاندانیش دەستی پێ کرد، ئینجا شیـوعـییـەکان یەک لەوانە جەوهەری حوسێن مەلا و عەلی فەتاح دزەیی و ئەنوەری برای کاک ئەحمەد دزەیی ڕەنگە بیانناسی کە برای مـوحسین دزەیی بوون، ئەوانە هەمـوویان چەپ بوون و لە حزبی شیـووعی ئەحمەدی برای حەمید عوسمانیش لەگـەڵیـان بوو کـە لە شـانەیەک بـوون، ئەوانە هەمـوویان لەناو حزبی شیووعی بوون و چوونە ناو خۆپیشاندان و..

**رامان:** ئێوە بۆچی لەو خۆپیشاندانانە بەشدار دەبوون؟

**عـەبدولخـالق عـەلائەددین:** بەشـدار دەبووین و ڕاویان دەناین و دەهاتینەوە، خـۆمـان دەشـاردەوەو دەچووینەوە پۆلەکـانمان، مـامۆسـتـایەکـمـان هەبوو ئامـێـدی بوو، لە دەرگامان دەدا و دەچووینەوە پۆلەکانمانەوە.


**رامان:** ناوی چ بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** وابزانم ناوی بەدیع بوو.

**رامـان:** ئێـوە لە مـەوزووعـەکـەتان دەزانی کـە ئەو خۆپیشاندانانە چی بوون و سەر بە کێ و دژی کێ بوون؟

**عـەبدولخـالق عـەلائەددین:** نەخـێر نەمـاندەزانی، تەنیـا بەدوای قەرەباڵغییەکە کەوتبووین، تێکۆشان و خەبات، تەنانـەت بەندکـردنیـشی تێـدا بـوو، ئەوسـا دەیانـوت (السجن مـحطة وراحـة لكل الأحرار)، ئینجا ئێـمـەش خەونمان پێـوە دەبینی، خوایە کـەنگێ ئەو مـحـەتەیەمـان بەنسیب دەبێ.

**رامـان:** لەو زەمـانەدا دەتانزانی بەندکـردن و زیندان، پاڵدانەوە و خـۆش بووە.. ئەی تۆ وتت لەکـۆیە (کـەریم



ئەحمەد داوود) بووەتە مامۆستاتان، بێ گومان ئەویش کاریگەریی بەسەرتەوە هەبووە، ئەی ئەو بیروڕایەی ئەوێ ڕۆژێ کە تۆ ئینتیمات بۆی هەبوو، واتە کە سەر بە حزبی تەحەرور بوویت، پاشان هاتیتە هەولێر، ئەو ئینتیمایەتان هەر مابوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ هەر مابوو.

**رامان:** لێرە لە هەولێر لەگەڵ کێ کۆ دەبوونەوە، پێوەندیت بەکێوە هەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** کە هاتمە هەولێر ئەحمەد عوسمان برای حەمید عوسمان بوو، ئەو بە حیساب بەرپرسمان بوو.

**رامان:** دکتۆر ئەحمەد عوسمان ئەبووبەکر کە پسپۆریی لە مێژوودا هەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، ئەو لە سانەوییەکان کادیری ڕێکخستنی حزبی شیوعی بوو، لە چایخانە دادەنیشتین، ئەو دەهات باسی کۆنگرەی لەگەڵ دەکردین، ئەویش کە لە خانەی مامۆستایان بوو، بەهەڵبژاردن ببووە سەرۆکی یەکێتیی قوتابیان، با ئەوەش باس بکەم، بڕیار درا هەر ئەو ساڵە نەورۆز بکرێ، ئەو وەختە دوژمنایەتی نەورۆز دەکرا و دەیانوت ئەوە ئاگرپەرستییە. ئاغایەکانی دزەیی هەموو فەلاحەکانیان بانگ کرد بۆ ئەوەی بتوانین ئەو نەورۆزە بکەین، شێخ محیەدین و ئەوانیش دەروێشەکانی خۆیان خستە سەر جادە، بووین بە دوو بەرە، برادەرانی ئێمەش فەلاحەکانیان هێنا، ئێمە پشتمان ئەستوور بوو، دەروێش دەیپەرماند و دەیمڕاند، شمشێریان پێ بوو دەیانوت ئەوانە فەرماسۆنن و ئاگرپەرستن، دواجار بڕیار درا نەورۆز بکرێ، پۆلیس هات و گرفت پەیدا بوو، ئەو نەورۆزە کە کرا، لە دەرەوەی شار بوو.

**رامان:** ئەوە ڕێک لەکوێ کرا؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە هەولێر سەربازگەیەک لەلای سایلۆ هەبوو، لەولای سەربازگەکەوە کرا، ئەوکاتە ئەو ناوە چۆلیی بوو، لەوێ ئاگرێکیان کردەوە و وتارێکیان خوێندەوە، پۆلیسیش دەورەی دابووین، یەکێک لەوانە کوڕەکەی عەزیز ئاغای عەوڵڵای پێدەڵێن، برای حاکم جەوهەر بوو کە ئەمری خوای کرد، ئەو وتارێکی خوێندەوە، عەلی فەتاح دزەییش یەکێک لەو کەسانە بوو کە ئەوساکە سەرۆکی یەکێتیی قوتابیانی سانەوی بوو، منیشیان کردە سەرۆکی یەکێتیی قوتابیانی خانەی مامۆستایان. لەوکاتەدا جموجوڵەکە وابوو، با ئەوەش بڵێم هەر ئەوکاتە وتارێکیان پێ خوێندمەوە.

**رامان:** کێ وتارەکەی بۆت نووسیبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** وتارێکیان بۆ نووسیبووم تا بیخوێنمەوە، هەموو قوتابییەکان ڕیز ببوون، تا ئەو کاتە قەت وتارم نەخوێندبووەوە، لەنێو ئەو هەموو مامۆستا و قوتابی و خەڵکەدا خوێندمەوە. دوایی وەفدێکیان پێکهێنا، مستەفا قەرەداغی موتەسەریفی هەولێر بوو، پیاوێکی کورتیلە بوو، وەفدێک بە سەرۆکایەتی عەونی یووسف پێکهات.

**رامان:** ئەوکاتە مستەفا قەرەداغی لە هەولێر موتەسەریف بوو، کە باوکی کامەران قەرەداغی نووسەر و ڕاگەیاندنکار و وەرگێڕە..

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، مێژووی ژیانی ئەو پیاوەم لە کتێبی ناودارانی کورد نووسیوە، عەلی فەتاح دزەیی شاعیر و نووسەر و جەوهەر حوسێن مەلا خاوەن گوند بوو، کاک عەونی-یش بوو، عەونی یووسف پارێزەر بوو، کەسایەتییەکی نیشتمانیی کورد بوو، منیش کوڕێکی هەرزەکار بووم، وتی ئەوەش یەک لە خوێندکارەکانمانە.

**رامان:** باشە هەنگینێ وشەی خوێندکار هەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** مەبەستم قوتابییەکانە، کوڕی فلانە کەسە، کوڕێکی هەرزەکاری دەرچووی شەشی سەرەتایی هاتوومەتە قوتاغی یەکی خانەی مامۆستایانەوە، عەونی یووسف وتی دەبێ مەسەلەی کورد کە ئەرکێکی ئایینی و نەتەوەیی و مێژووییمانە سەرکەوێ. ئەویش وتی کاک عەونی تا ئێستا کە من لە وەزارەتی ناوخۆ بووم، هیچ شتێکی ئەوتۆ نسبەت بە کورد نەبووە تەمیز بکرێ، پاشان ڕووی لە جەوهەری حوسێن مەلا کرد، گوندەکەی پێیان دەوت قازیخانە، ڕەقیبیش کە هەر برای ئەو بوو سەردەمانێک بووە قائیمقام، وتی بە من ناڵێی تۆ بۆچی گوندەکەی خۆت نادەیتە فەلاحەکان و بەسەریاندا دابەشی بکەیت؟ چی تۆی هێناوەتە ناو حزبی شیوعی؟ جارێ گوندەکەی خۆت و عەردەکانت دابەش بکە و بیاندە بە فەلاحەکان، ئینجا وەرە بەناوی حزبی شیوعییەوە لەناو خەڵکەکە قسە بکە. تا ئێستا ئەو قسەیەم هەر لەبیرە.

**ڕامان:** نەتزانی کێ وتارەکەی بۆ نووسیبووی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** حزب هەمیشە بەخۆی وتاری دەدا ئێمە، هەروەها بەخۆشم جار بەجار دەمنووسی و قەڵەمۆکەیەکم هەبوو، بەڵام بۆنەکە وا بوو، خۆت دەزانی لە کۆیە ئەو ئەزموونی گرتنی بۆنە و کۆڕ و کۆبوونەوەیە وا نەبوو، لە تەمەنێکی واشدا نەبووم و هێشتا مووم لێ نەهاتبوو، ئینجا کە خوێندمەوە خۆم پێ ئازا بوو.

**ڕامان:** لە خوێندنەوەی وتارەکەدا ناتیق بوویت؟ چونکە دەنگت لە بار نییە بۆ خوتبەدان و وتار خوێندنەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەوەڵڵا، بەڵام توانیم بیخوێنمەوە، بەڕاستی ئەو حەماسەت و گەرموگوڕییەم نەبوو.

**ڕامان:** زۆر چاکە، تۆ ئێستا لە شاری هەولێری، ئەوە زانیمان تۆ تێکەڵاوی بزاڤی نیشتمانی و سیاسەت بوویت، لەخۆ پیشاندانەکاندا بەشداریت کردووە و وتارت خوێندووەتەوە کە حزب پێتی داوە، بەڵام ئایا تێکەڵاویت لەگەڵ ئەدیب و نووسەرانی ئەو شارە چۆن بوو؟ بۆ نموونە مامۆستا گیوی موکریانی، یان ئەوانەی لە هەولێر نووسەر بوون، حەزت نەدەکرد تێکەڵاویان بیت و سەردانیان بکەیت و لێیان نزیک بیتەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** پرسیارەکەت زۆر لە جێی خۆیەتی، بەردەوام هاتوچۆی گیوی موکریانیم دەکرد، ئەو پیاوێک بوو بە حەقیقەت خۆی بۆ وشەی کوردی تەرخان کردبوو، بەڵام ئێمە گرفتەکەمان ئەوە بوو، هەردەم بە چاوی چەپ و ڕاست، دەرەبەگ و ئاغا و فەلاح و ئەو شتانە کەسەکانمان هەڵدەسەنگاند، ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە پیاو هەست بە شەرمەزاری دەکات. گیوی موکریانی کونجی قەناعەتی گرتبوو، حوزنی براشی لە دەربەدەریی هاتەوە چاپخانەی دانا، ئێستا خەریکە قەدری دەزانین. شێخەشەل هەبوو کتێبخانەیەکی هەبوو، ئەو شێخە شەلە کادیرێکی حزب بوو، کتێبخانەکەشی شوێنی کۆبوونەوەی ئێمە بوو.

**ڕامان:** دەڵێن شێخەشەل لە حزبی هیواشدا ئیشی کردووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** هەندێ جار لەلای گیوی موکریانی دەمدی، جەمال بابان-یشم لەوێ دەدی.

**ڕامان:** ئەو جەمال بابانەی ئێستا ماوە و لە شاری سلێمانییە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، ئەو جەمال بابانە ئێستا ماوە، ئەوسا بەڕێوەبەری ناحیە بوو.

**ڕامان:** بەڵێ دەیناسم و ئاشنایی و برادەرایەتیم لەگەڵیدا هەیە.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەوەی چووبایە لای شێخەشەل و کتێبخانەکەی، ئەوە بەبێ قەید و شەرت مەعنای ئەوەبوو ناسنامەی خۆی نیشان دەدات، کە چووە ئەوێ، واتە سەر بە حزبی شیوعییە، وەها ناوبانگی هەبوو. ئێمە کە بەشی ناوخۆییمان هەبوو، لەلای قوتابخانەی خالیدییەی ئێستا، کە دواتر بوو بە گەراجی کۆیە و قەسری عەتاوەڵڵاغای لێ بوو، ئینجا مستەفا عوزێری قەسرێکی هەبوو، ئێمە بەشی ناوخۆییمان لەوێ بوو، من بوومە بەرپرسی لیژنەی نان خواردن، سێ ژەمە دەیانپرسی سبەینان چ بخۆین و نیوەڕوان چ بخۆین؟ بەڕێوەبەرێکمان هەبوو مووسڵاوی بوو، جاروبار دەهاتە لامان، قوتابییەکان وتیان ئێمە بۆ مان نەگرین تا پارەمان بدەنێ؟ ئەوەبوو بڕیار دراو ئەو بەڵێندەرە مانگی شەش دیناری دەداینێ، ئاخر شەش دینار بۆ ئەوکاتە گەلێک زۆر بوو، سێ ژەمە خواردن، بەشی ناوخۆیی، کارەبا، قەرەوێڵە، ئەمانە هەمووی هەبوون.

**ڕامان:** ئەوکاتە کە لە بەشی ناوخۆیی بوون، ئەوانەتان بۆ دابین کرابوو؟



**عــەبدولخــالق عــەلائەددین:** بەڵێ بەشی ناوخــۆیی تایبەتی بۆ ئێمە هەبوو.

**رامان:** نازانیت ئەوکاتە چەند کەس بوون؟ ژمارەتان چەند بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەحیسابی پۆلی یەک و دوو، خــەڵکی پردێ-مــان لەگــەڵ بوو، خــەڵکی ڕەواندز و شەقلاوەمان لەگەڵ بوو.

**رامان:** هەموو کورد بوون؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** هەموو کورد بووین، خەڵکی دوزخورماتووشمان لەگەڵ بوو.

**رامان:** ساڵ بە ساڵ خەڵکی نوێش وەردەگیران؟

**عــەبدولخــالق عــەلائەددین:** بەڵێ، لە سلێــمــانیش لقــێکمــان کــردەوە، ئینجــا با بەســەرهاتە ســەیرەکــەی هەرزەکــاریت بۆ بگێــڕمــەوە، هەمــوو لا وتیــان بۆ پارە وەرنەگرین؟ چی بکەین چی نەکەین؟ وتمان با عەریزەیەک بدەین، من بووم بە سەرۆکی وەفدەکە، دوو کەسم بەگەڵ کــەوت و چووینە لای یاریدەری بەڕێوەبەر ڕەفــعــەت دۆغــرەمــەچی کــە پیــاوێکی بە هەیکەل و زۆر ڕێکوپێک بوو، شوێنی لە بینایەکەی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی ئێستا بوو، پیــاوێکی عــەبا لە شــان بوو، دوایی وتیــان ئەوە عــەبدولڕەحمــان بەگی سیــســاوەییــە، وتم ئەوە هاتووین عــەریزەیەکــمــان هێناوە. وتی ها چیــتــان دەوێ؟ وتم دەمــانەوێ لە جیــاتی نان خــواردنەکــەی ئێــوە، پارەمــان بدەنێ.. وتی چی کوڕم؟ باشە لە ماڵی باوکتان کەنگێ ئەو هەمــوو پلاو و گــۆشت و قــەرەوێڵــە و کــارەبایەتان دیوە؟ وتی باشــە ئەگــەر بێــتــو ئێــمــە ڕەزامــەند نەبین چ دەکــەن؟ پێم وت مــان دەگــرین. وتی ڕۆڵە ئینجــا بۆچی نایەن هەر لە جــێی من دانیــشــن؟ وتی هەر بەڕاســتــی هاربوون. هاتینەوە وتیــان چیــتــان کــرد؟ وتم مــامــە وا دەڵێ.. وتیـــــان مــــــان دەگـــــرین. دوایی ئەوە بووە بەرپرسیــاریەتییــەک لەسەر من، کە ئێــستــا پێکەنینم بەدۆخــەکــە دێ، دوای ئەوە ئەوانەی ڕەواندزم ناردەوە ڕەواندزێ، ئەوەی پردێم ناردەوە پردێ و وتم کـــــەنگێ برووسکەی منتــــــان بۆ هات وەرنەوە. لەدواییـــــــدا بەڕێوەبەری قوتابخانەکە شێت بوو، بانگی کردم وتی تۆ قــوتابییــەکــانت ئیــزن داوە، لەسەر چ ئەســاسێک ئەوەت کردووە؟ وتم بابە، من یەکێک بووم لەوان، خۆشم چوومە ئوتێل. ئەو پیــاوە کــە عــەلی کــەســرەیان پێ دەوت مامۆستای وەرزشمان بوو، هات وتی تۆ بوویە فیرعەون؟ وتم بابە من چیم؟ یەکــێک لەوانم، ئەو خــەڵکە خــۆ لەبەردەســتی مندا نین، زۆر شــڵــەژابوون، دواتر هێــمن بوونەوەو ڕەزامــەندییان دەربڕی، ئینجا منی لەگەڵ خۆی برد و دوو کیلۆ خورمایان بۆمان کڕی، وتیان بابە وەرن چیــتان دەوێ دەتاندەینێ. دوای ئەوە هەریەکەمان شەش دینارمان بۆ بڕایەوە، دواجار چییان کرد؟ بڕیارێکیان داو وتیــان لەبەر ئەوەی ئەو خۆپیــشــاندانانە هەمــوو خــانەی مــامــۆســتــایانی گــرتووەتەوە، ئەوانەی سلێــمــانیشــیــان حەواڵەی دهۆک کرد، چووینە ئەوێ و لاپەڕەیەکی دیکەی ژیانمان دەستی پێکرد.

**رامــان:** کــە لە خــانەی مــامــۆســتــایان دەرچوون، دواتر لەکوێ دامەزران؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەر لە دامەزراندنم لە گوندی قورشاغلوو، لە دەشتی دزەیی ساڵی (١٩٥٣) دامەزرام، بەڵام پێش ئەوە من تووشی بەندیخــانە بووم، لە هەولێــر کــاتێک ڕاپەڕینی کــانوون بوو، ئەحکامی عــورفی لە ١٩٤٩ دامــەزرا، کــە لە هەولێــر ئەحکامی عــورفی دامـــــەزرا، بەرلەوەی بچــــــە دهۆک، ئەوانەی کـــــە خۆپیشاندانیان کرد، هەمووان ناومان نووسرابوو، منیش چوومــە ڕەواندز کــە برادەرم لەوێ هەبوو، کــاغــەزمــان بۆ یەکــتــر دەنووسی، کــە ڕۆژی ئازادی دێ و قــســەی قــەبە قەبەمان دەکرد، تومەز ئەوانە هەمووی دەچوونە ڕەقابە و ئاگــام لێ نیـــیـــە. چوومـــە ڕەواندز لەوێ برادەرەکــانم دەعوەتیان کردین و چووینە بێخاڵ، مامە زاهیرم مفەوەزی لاسلکی بوو، ڕۆژێک زۆر بە مــــــۆنی هات و وتی برووسکەی گرتنت هاتووە. وتم باشە دەڕۆمەوە. وتی لە ڕێگا دەتگرن، باش بوو هاوین بوو، پۆلیــسێکی لەگــەڵ ناردم، لەلای بێخاڵەوە چووینە دەڤەری سوورچییــاتی، بەرەبەیانیــیــەک گــەیشــتــینە چیــایەکی پڕ دارســتــان و کەندولەند، هەندێک حەیوان بەلامــاندا تێپــەڕین، زۆر برسی و هیلاک بووین، خاوەنی حەیوانەکان شیــری بۆ دۆشین، کــوپێک شیــرم خــواردەوە، پۆلیــســەکــە کــە پۆلیــسێکی خانەنشین بوو شیــرەکەی نەخواردەوە، منی هێنا لە ڕێگا زۆر تینــوو بووم، وتم تۆ بۆ شـــیـــــرت نەخواردەوە، وتی ئاخر تینوو دەبووم، نەموێرا بیخۆمەوە. پێم وت باشــە بۆ بە منت نەوت؟ هەتا بە چ حــاڵێک گەیشتینە باویان کە بەرانبەر سیساوەیە، ئێمە بەپێیان

ڕۆیشتینە ئەوێ، دوایی پۆلیسەکە گەڕایەوە، خەڵکانێک دانیشتبوون منیش چوومە لایان، پێیانم وت هاتووم بچمە ماڵی عەبدولڕەحمان بەگی سیساوەیی، دوایی لۆرییەک پەیدابوو، وتم لەگەڵی دەچمە شەقڵاوە و لەوێ برادەرێکم هەیە. برادەرم لەوێ هەبوو لەگەڵم تەلەبە بوو، ماڵی حاجی ڕەشیدیان پێ دەوت، لەگەڵ باوکی دانیشتین و نانمان خوارد، بۆ بەیانییەکەی لە ئەسپیندارە شێخ حەمەداغای لێ بوو، خزمایەتیمان لەگەڵیدا هەیە، خوشکی خێزانی باپیرم بوو، پیاوێکی چوار شانەی لێهاتوو بوو، کە لەوێ دابەزیم، باوکیشم لە کانی ئۆمەراغاوە هات تا گەیشت سێ ڕۆژی پێچوو، خزمەکەمان میوانداری کردین، پاشان هاتمەوە و لە هەولێر معاونێکی پۆلیسم بینی کە تەماشای کردم، هەستی پێ کرد ئەوە کەریم ئەحمەد و جەماعەتی بوون هەندێک شتی حزبیان دامێ، دوای ئەوەی چاوی پێم کەوت، هاتمەوە ماڵێ، دەبینم مام مەجید لەبەر دەرگا وەستاوە کە پۆلیسێک بوو خزمی جەلال جۆبار بوو، وتم خێرە؟ وتی هاتوومە تۆ بگرم. کابرا لەبەر ئەوەی ناسیاومان بوو، نە ئەو دەنگی کرد و نە من بەسەر خۆم هێنا، یەکسەر چوومە لای حاجی ڕەحمانی مێردی پوورم کە ماڵەکەیان زۆر لێمانەوە نزیک بوو، ئەو ئەمانەتەی حزب لە هەولێر دابوویە من، من لای ئەو پیاوەم دانا، تا لای من نەگیرێت، پاش ماوەیەک چووم وەرەقەکانم هێنایەوە و دامە بەرپرسی حزب کە کەریم ئەحمەد داوود بوو. ئاخیری بە باوکم وت ئەوە مەکتەب نییە، با بچم بزانم مەسەلەکە چییە؟ کە بۆ خۆم چووم، منیان دایە دادگاو حەواڵەی بەندیخانەی قشڵەی کۆیەیان کردم و لە بەندیخانە منیان بەرانبەر ئاوێک دانا.

**ڕامان:** ئەوکاتە ئەوە بەندیخانەی کۆیە بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، جارێ بە خزمەت بەندیخانەکە نەگەیشتبووم، هەر میوانداری پۆلیس بووم و لەسەر حەوزی ئاوەکە دایاننام، پێیان وتم یاخوا بەخێر بێی ئەفەندی. منیش بیستبووم دەیانوت (السجن راحة الأحرار) بۆیە پێم خۆش بوو، وتم کاکە ئێرە جێی منە، دەستیان بە پێکەنین کرد، وتیان بە قوربان ئەوەتا ئەوەی تۆ بۆی هاتووی لای سەرایە.. ماوەیەکی پێچوو کابرایەک کەریمیان پێ دەوت پەتەکەی لێ کردمەوە و چوومە ژوورێ، تەماشا دەکەم، بۆخنکی لێ دێ، هەموو گیانم ڕەشکەو پێشکەی دەکرد، بەندیخانەیەکی عوسمانی بوو، هیچ هەوای تێ نەدەچوو، بۆیە بۆگەنی و بۆخنکی لێ دەهات، هەر ئەوکاتە کابرایەک وەک جنۆکە پەیدا بوو، وتی ئای بەخێر هاتی ئەفەندی، ئەوە لە بەندیخانە ببووە ڕەفیقی من، منیش وتم ئێرە جێگای ڕەشەوڵاغانە، ئەوە تەویلەیە، یان بەندیخانەیە؟ کەریمی مەفەوەز وتی بە قوربانت دەبم تۆ ئێستا هاتووی و هەمووی پێنج دەقە نییە، چۆن دەرگات لێ بکەمەوە؟ منیش تا پێم کرا ئەو وشە قەبە قەبانەی دەمزانین پێم دەوت، پێم وت شەرم ناکەن، ڕۆژێک دادێ دەکەونە بن پێڵاوان، ئێوە خزمەتی کێ دەکەن؟ ئەو کابرا جوامێرە تێمەوە ڕاما و قسەی نەکرد، وتی لەبەر خاتری باوکت دەرگا دەکەمەوە. کابرای معاون پۆلیس دۆستی باوکم بوو، منیان بردە ژوورێک و دایاننام کە ژووری مفەوەزەکە بوو، قەرەوێڵەیەکیان بۆ هێنام و دەستێکیان بە زنجیر بەستمەوە و لە قەرەوێڵەکەیان بەست. واحید نەشئەت-یش کە ڕەفیقمان بوو، سکرتێری قوتابیان بوو، واحید نەشئەت برادەری عومەر دەبابە و عەوڵڵا شەل و ئەوان بوو، کە لە معاونێکی دابوو و هەڵاتبوو، دوایی گرتبوویانەوە، ئەویشیان هێنایە لای من، ئەویان بە زنجیر نەبەستەوە، خواردنمان بۆ دەهات، لەسەر ئاوەکەی قشڵە پیاسەمان دەکرد، لە ناکاوێک هاتن وتیان عەبدولخالق عەلائەددین هەستە ڕاست بەرەوە، سێ پۆلیس هاتن کەلەپچەیان کردم و منیان بەرەو هەولێر هێنا. کەریم ئەحمەد و عەبدولخالق فەتاح حەویزی ئەندازیار لەوێ بوون. هاوڕێ کەریم ئەحمەد مامۆستام بوو، بەڵام دەبینم قسەم لەگەڵ ناکا، بۆ؟ بۆ ئەوەی نەوەک لێمان بەگومان بن، لەکاتێکدا کەریم ئەحمەد تۆ بە ئاشکرا حزبی شیوعیت، ئەوە بۆ دوو قسە ناکەیت؟ گوایە نابێ قسەیەک بکەین تا نەڵێن کەریم ئەحمەد قسەی لەگەڵ کرد. ئێمە پێنج شەش سەعاتان لە ڕێگا بووین کە ڕێگایەکی تۆزوخۆڵاوی بوو، منیان بردە بەندیخانەکەی هەولێر، ئەو بەندیخانەیە زۆر عەجایب بوو، کوڕێک هات ئەحمەدی ناوبوو، دەموچاوی سڕیمەوە، تەماشام کرد لە ڕیزێکدا دووبەش هەیە، بینایەی پۆلیسی ئێستا پشتەکەی بەندیخانە بوو، وەختی خۆی نۆڕینگەی دکتۆرە ئومەیە بوو، پێشەکەی بینایەی پۆلیس بوو.

**ڕامان:** تۆیان لە بەندیخانەی کۆیەوە هێنایە

بەندیخانەی هەولێر؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، لە ژووری بەندیخانە کابرایەک ناوی عەولا بوو هات و وتی تۆ لەسەرچی گیراوی؟ وتم نازانم.. وتی خۆپیشاندانتان کردووە و چی و چیتان کردووە، ئینجا کابرایەک هات سوور و سپی و بە هەیکەل پێیان دەوت موختار، دانیشت و وتی ئەفەندی بەخێر بێی، میوانداری ئەفەندیتان کردووە؟ بێ دەنگ بوون، منیش چووم و نووستم، چونکە زۆر هیلاک بووم، بۆ سبەینێ کە هەستام کابرایەکیان هێنا خەڵکی هەولێر بوو، حەفتا هەشتا ساڵ تەمەنی بوو، شەوێ تەماشام کرد پەڕۆیەکیان بە نەفت دەکرد لە لاقیان دەبەست و شقارتەیەکیان پێوە دەنا و هەموو خۆیان دەکردە نووستوو، ئەوە منیش ئاگام لێیە، کابرا دەستی بۆ دەبا، دەستی دەسووتێ، نایکا لاقی دەسووتێ، نەگبەتە دەیوت هەتیوانە بۆ وام لێ دەکەن؟ کە هەستا چوار پێنج پەلکە شووتی و کەلاشیان لە پشتی سەری دا، وتیان ئەوە میوانداریەکەیە. وتم خوابتانگرێ ئەگەر میوانداری کردن ئاوا بێ، دەبێ دوژمنایەتی چۆن بێ؟ ئەو کابرایەی سەروکاری کێشە نانەوەکانی دەکرد موختاری ناوبوو، وتی ئەفەندی هی ئەوە نییە ئەوەی لەگەڵ بکەین، زۆری پێ نەچوو جەمال موهەندیسیان هێنا، جەمال خورشید حەوێزی وەک چەپرەو هێنایانە لامان بۆ بەندیخانە.

**رامان:** تکایە کورتی بکەرەوە، ئێمە وێستگەکانی خۆتمان دەوێ.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئیتر لەوێوە براینە کەرکووک، لەوێشەوە بۆ مەعەسکەر وەشاشیان بردین.

**رامان:** ئەم بەندکردنەت بە هەمووی چەندی خایاند؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** شەش مانگی پێ چوو، ئینجا حەواڵەی دادگای عورفی کراین و لەوێ سێزدە رۆژ مانمان گرت.

**رامان:** ئەی لە مەعەسکەری وەشاش چیتان بەرانبەر کرا؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** عومەر دەبابەیان هێنا، پاشان رەشید باجەلانیان هێنایە ئەوێ، رەفتاری کارمەندانی بەندیخانە زۆر لەگەڵمان باش بوو، ئەوان بە چاوێکی پڕ سۆز تەماشایان دەکردین.

**رامان:** ئەوانیش هەر لەسەر سیاسەت گیرابوون؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ گیرانی ئەوان لەسەر خۆپیشاندانی بەردەوامی قوتابیانی کوللییەی حقوق و زانکۆکانی بەغدا بوو، ئەوکاتە تۆفان بوو، بەڵام عومەر دەبابە و ئەوان واستەیان هەبوو زوو بەردران، منیان بردە لای بەندکراوە سیاسییەکان، ئیتر لەوێ سێزدە رۆژ لە خواردن مانمان گرت، بێ ئاو و بێ نان و خواردن ئەو رۆژانەمان بەسەر برد.

**رامان:** بە هەرحاڵ دەکرێ دوایی کە بوویتە رۆمانووس، ئەو وردەکاریانە لە وێدا باس بکەیت.. ئێستا ئەوە زانیمان جاری یەکەم بەند کرایت، ئەی جاری دووەم کەی بوو بەند کرایت، یان هەر ئەوجارە بووە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەخێر هەر ئەو شەش مانگە بوو.

**رامان:** زۆر چاکە ئەوە بۆ خۆت بوویتە زیندانی سیاسیش.. تۆ زۆر باسی سیاسەتت کرد، ئێستا دەمانەوێ بگەڕێیتەوە و لایەنە ئەدەبییەکەمان بۆ باس بکەیت، لە هەولێر کاریگەریی گیوی موکریانی لە سەرت چ بوو، کە دەتبینی چ قسەیەکتان لەگەڵ یەکدی دەکرد؟ چەند جار لە ژیانتدا بینیوتە؟ چەند جار بەرهەمەکانتی لە گۆڤاری هەتاو بڵاوکردووەتەوە؟ چۆن هانی دەدایت؟ ئەوانەمان بۆ باس بکە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** من کە لە ساڵی ١٩٥٣ بوومە بەڕێوەبەری قوتابخانە لە هەولێر، زوو زوو سەردانی ئەوم دەکرد، ئەوکاتە هەوڵم دا هەندێک وتار بنووسم، گیوی موکریانی پیاوێکی خۆبەخش بوو، ئەو پیاوە زۆر بێ وەی و هێمن بوو.

**رامان:** ئەی پێوەندی بە حزبی هیوا و رێکخراو و حزبی دیکەوە نەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** نەمزانیوە لە حزبی هیوا بووبێ، دەزانم حوسێن حوزنی موکریانی لە حەڵەب بووە. دکتۆر تاهیر مەریوانی هەبوو وتاری بۆ گۆڤاری هەتاو دەنووسی، لە رێگەی ئەو گۆڤارەوە یەکترمان ناسی، تەنانەت نامەیەکیشم بۆ تاهیر مەریوانی نووسی.

**رامان:** ئەوکاتە ئەو لەکوێ دادەنیشت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** ئەوکاتە ئەو لە ئەمریکا بوو.

**رامان:** کوردی لەگەڵ تاهیر بەهجەت مەریوانی پێکەوە زۆر سیپارە و نامیلکەشیان چاپ کردووە.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، کاغەزم بۆ نارد و نووسیم پێم خۆشە بێمە لات بخوێنم. وتی وەرە بە رۆژ ئیش بکە و بەشەو بخوێنە، من ئەو وەختە ببوومە مامۆستا و تازە ئەفەندی بووم، ئەو دەیویست بچم

کرێکاری بکەم، ئەو وەختی مووچەی مامۆستایەتی پاشایانە بوو، لە کۆیە لەگەڵ باوکم و کەسوکارم دەژیام، ئیتر ئەوە ڕۆیی، دەرفەتێکی تریشم بۆ خوێندن لە زانکۆی لۆمۆمبا بۆ ڕەخسا، محەمەد سەعید کە برادەرێکی تەلەبایەتیم بوو ئەمری خوای کردووە، دکتۆر محەمەد سەعید وتی ساڵی سەد و چل دینار بدە و لە زانکۆی لۆمۆمبا لە مۆسکۆ وەردەگیرێیت، منیش زۆر حەزم دەکرد، بەڵام وتم ساڵی سەد و چل دینار کێ بۆمی دەدا، باوکیشم بە تەما بوو من یارمەتییان بدەم، ئەوە یەکێک لە گرفتەکانم بوو، ئەوان چوون بروانامەیان وەرگرت، یەکێک لەو کەسانە دکتۆر محەمەد سیامەنسووری بوو، هونەرمەندێکی گەورە بوو.

**ڕامان:** بەڵێ د. محەمەد عارف سیامەنسووری شێوەکارت مەبەستە.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ د. محەمەد عارف-م مەبەستە، هەروەها محەمەد سەعیدیش کە هاوڕێیەکی سلێمانیم بوو دکتۆرای لە ئابووری وەرگرت، ئەویش هەر ئەمری خوای کردووە، منیش مامەوە و ئەو دەرفەتەم لە کیس چوو.

**ڕامان:** گیوی موکریانی چەند بەرهەمی بۆت بڵاوکردەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بە تەواوی دڵنیا نیم، بەڵام بە مەزەندە نزیکەی چوار تا پێنج بەرهەمی ئەدەبی و شیعریم لە گۆڤاری هەتاودا بڵاو کردووەتەوە. ئەو شیعری نادیرە ناوەکەی بڵاوکردەوە، وتارێکی تریشم نووسیبوو بەناوی (ئەو سەربازەی نامەیەکی بۆ هاتبوو)، یەک دوو پارچە شیعری دیکەشم نووسی، هەروا ئەوانەشی بڵاوکردەوە، ئێستا ناوونیشانەکانیانم لەبیر نەماوە.

**ڕامان:** هەست دەکەیت ئەو بابەتانەت ڕووی ئەوەیان هەبێ جارێکی دیکە کۆیان بکەیتەوە و چاپیان بکەیت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** هەندێکیان ئەو داستانانەن کە تەرجومەم کردوون.

**ڕامان:** ئەوانەی گۆڤاری هەتاو دەڵێی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، بەتەمام هەموو ئەوانە خڕ بکەمەوە و لەگەڵ بیرەوەرییەکانم بیاننووسمەوە، لەگەڵ هەندێک بەرهەمی دیکەشیان تێکەڵ بکەم.

**ڕامان:** تۆ بێجگە لە گۆڤاری هەتاو، لە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکی دیکە بەرهەمت بڵاونەکردووەتەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لە گۆڤاری کاروان-یش نووسیومە.

**ڕامان:** گۆڤاری کاروان هی هەشتایەکانە، ئێمە جارێ باسی سەردەمانی زوو دەکەین.. لە هەولێر ڕۆژنامەیەک بەناوی هەولێر هەبوو، هیچت تێدا بڵاو کردووەتەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** من لە ڕۆژنامەی هەولێر بابەتم بڵاونەکردووەتەوە، زەکیەفەندی بەرهەمی بڵاو دەکردەوە.

**ڕامان:** مەبەستت زەکی ئەحمەد هەناری-یە، ئینجا ئەوە پێوەندی بە تۆوە چییە؟ من ئەوەی عەلی چکول بەریا و عیزەدین فەیزی و ئەوانە دەڵێم.

**عەبدولخالق عەلائەددین:** من ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخسا، کە چوومەوە کۆیەش دەرفەتێکی وام هەر نەبوو.

**ڕامان:** ئینجا دەچینە کۆیە، باشە کە تۆ چوویتەوە کۆیە وەک مامۆستایەک چوویتەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ وەک مامۆستا گەڕامەوە.

**ڕامان:** یەکسەر چوویتە قوتابخانەی ئوولا؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ لەوێ دامەزرام، لەو وەختەدا گرفت هەبوو. جەلال حەوێز ئەفەندی مامۆستا بوو، لەمێژ بوو لەوێ بوو، کۆمەڵێک مامۆستاش لەوێ بوون، وانەی زانست و ماتماتیکم دەوتەوە و بەرپرسی وەرزشیش بووم، ساڵانە نمایشمان هەبوو و لەو قوتابخانەیەدا چەند جار خەڵات کراین، کە شۆڕشی ١٤ی تەمووز بەرپا بوو، برووسکەمان بۆ پشتگیریی شۆڕش لێ دا، بە حیسابی ئەوەی کە بێ پشتیوانین، دەوڵەتێک یارمەتی ئێمەی نەدا، لەسەر تەخت و بەخت و ژیانی ئێمەیان هەڵنەدایێ، دواجاریش نەیانهێشت لە کۆیە بمێنینەوە، لەبەر ئەوەی لایەنگر و پشتگیری شۆڕشی ١٤ی تەمووزمان کردبوو، لە ساڵی ١٩٦١ ئێمەیان لەگەڵ چەند کەسێکی دی لە فەرمانبەران و مامۆستایانی کۆیە بۆ خوارووی عیراق گوێزایەوە.

**ڕامان:** بۆ چ شارێکی خوارووی عیراق گوێزرایتەوە؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بۆ شاری ناسریە گوێزرامەوە، بەڵام ناو شاری ناسریە نا، بەڵکو ئێمەیان نارده دەوروبەری ئەوێ، کەریم شارەزا و عەبدولڕەحمان هەناری-یش لەو ناوە نزیک بوون.

**ڕامان:** ئێوە لەوێ وەک کۆییەکان یەکترتان دەبینی؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** لەوێ بەردەوام لە کاتی

پشوودا یەکترمان دەدی، هەرچەندە هەریەکەمان بەلایەکدا کەوتین، عەلی جەلال و کەریم شارەزایان لە شەترە نزیک قەلعەت سوکەر دانا، منیان لە ناسریە لە گوندێک لە قوتابخانەی (ئەغراز) دانا کە گوندێکی نزیک قەلعەت سوکەر بوو، لە هەر کەسێکم دەپرسی نەیدەزانی کوێیە، کابرایەکم دی وتی لە شەترەوە وەرە، سەعاتە رێیەکە، دەچیت و لەوێ سواری ئۆتۆمبێلێک دەبیت، شوێنەکە لەسەر هۆرە، لەوێ بە بەلەم دەپەڕیتەوە، ئینجا دەچیت سواری حوشتر دەبیت، لەوێ قوتابخانەیەکی لێیە، پاشان مامۆستاکەی ئەوێ وتی سێ مانگ من دەچم، سێ مانگ تۆ برۆ ئەوێ دەوام بکە. بەڵێ پێش ئەوەی بچم بۆ قەلعەت سوکەر کە دوایی لەسەر داوای خۆم منیان بۆ ئەوێ گواستەوە و وتیان ئەوێ کوردی لێیە، منیان بۆ شوێنێک نارد نەمدەزانی کوێیە و لە چ ناوچەیەکە، بەڵام بیلال بەهائەددین و حەننا ئەنتوان لەناو شاری قەلعەت سوکەر بوون.

**رامان:** مەبەستت هونەرمەند بیلال بەهائەددینە.. ئەو ناوچەیەی تۆ ناوی چ بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ.. ناوچەکە سەر بە شەترە بوو، گوندێکی چۆڵ بوو، بەڵام من نەچووم، وتیان (ئەغراز) کوردیشی لێیە، عەریزەیەکم داو وتم دەچمە قەلعەت ئەلسوکەر، گوێزرامەوە ئەوێ کوردی لێ بوو، حەننا ئەنتوان، بیلال بەهائەدین لەوێ بوون، نێوانی ئێمە و شەترە نزیکەی سەعاتەرێیەک بوو، هی ئەوان قەزا بوو، ئەوەی ئێمە ناحیە بوو، کاتێک لەوێ بووین منیان گوێزایەوە گوندێک پێیان دەوت (حاجی شنێف)، ئەوە خزمی ئال سعوود بوو، لەگەڵ مەلیک فەیسەلیش دۆست بوو، پیاوێکی بەهیکەل بوو، نووری سەعید ئەو گوندەی دابوویێ، لەوێ مامەوە. جاری دووەم ساڵی ١٩٦٥-١٩٦٦ دوای ئەوەی لە ناوچەی ئازادکراودا، واتە قەڵادزێ و پڵنگان گوندی عەباس ئاغاو بێتواتە کە سەر بە شۆڕش بوو و عەلی شەعبان بەرپرسی بوو، من کارم بەجێ هێشتبوو، وەک سەربەخۆ حیساب کرابووین و چووبوومە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش، لە زەمانی عەبدولسەلام عارف کە گفتوگۆ لەنێوان شۆڕش و حکوومەت دەستی پێکرد، ئێمە هاتینەوە و فەرمان دەرچوو بگەڕێینەوە سەر کارەکانمان، ئەوەبوو منیان نارده قوتابخانەی (شریف الرضي) کە چەند دەقیقەیەک لە (سوق الشیوخ) دوور بوو، ئەو ناوە هەمووشی دارخورما بوو.

**رامان:** تا هاتییەوە چەندت پێ چوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** پێنج ساڵ لەوێ بووم.

**رامان:** ئەوە باجی ئەوە بوو کە لەسەر بیروباوەڕی شیوعیاتی بوویت؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، ئەو دوورخستنەوەیەمان بەو هۆیەوە بوو، برووسکەمان بۆ عەبدولکەریم قاسم لێ دابوو، بەدرەدین عەلی ناوێک هاتبوو، دەیویست بارودۆخی کورد بەرەو ئاڵۆزی ببات، بۆیە ئێمەیان گوێزایەوە.

**رامان:** ئەو بەدرەدین عەلی-یە خەتی بەعسییەکان نەبوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ بەدرەدین عەلی لە ئەفسەرەکانی بەعس بوو.

**رامان:** سەر بە عەبدولسلام عارف و ئەوانە بوو؟

**عەبدولخالق عەلائەددین:** بەڵێ، ئێمە کە گوێزراینەوە ئەوێ، شۆڕشی ئەیلوول بەرپا بوو، عەبدولکەریم قاسم رووخا، پێش ئەوە مام جەلالم لە هۆتێل تروکادیرۆ بینی، پێم وت وا ئێمە لە خوارووی عیراقین چ بکەین؟ لەولا جاشیان قەید دەکرد، لەولاوە مفاوەزە هەبوو، مام جەلال وتی ئێمە لە رێی برادەرانەوە خەبەرتان دەدەینێ، تەماشام کرد دۆخەکە ئاڵۆز بووە، وتم ئێمە دوو کەسین لەو دەشتە، کە دەشتێکی کاکی بە کاکی بوو، ئۆتۆمبێلێکم گرت، ئەوکاتە هەموو باشوور شیوعی بوون، تەنانەت دەیانوت (لو عندنا عشر قوتکم، لثرنا قبل عشرة سنوات)، من لێم دا هاتمەوە کۆیە و لەوێوە چوومە قەڵادزێ، لەماڵی خۆمان دەمانچەیەکی فریشقەی کۆنی پۆلیسیمان هەبوو، ئەو دەمانچەیەم هەڵگرت، سێزدە مانگان بەناوی بەشداربوویەکی مەبدەئی، نەک بۆ شەڕ لە قەلادزێ مامەوە، بەفر و زریانێک بوو مەپرسە، دوای ئەوە مفاوەزات پەیدا بوو، وتیان بگەڕێنەوە سەر وەزیفەکەی خۆتان، منیان نارده سوق ئەلشیوخ، ئەم جارە لە سوق ئەلشیوخ نیشتەجێ بووین، تا بەیاننامەی عەبدولڕەحمان بەزاز لە ساڵی ١٩٦٦ لەوێ ماینەوە، پاشان وتیان هەر کەسێک حەز دەکات با بگەڕێتەوە، ئێمە عەریزەمان دا، ئینجا حەقمان هەبوو دەنا نەیاندەهێشت بگەڕێینەوە کوردستان. سەفەرێکی میسرم کرد، دواتر کە هاتمەوە عەریزەم دا منیان گوێزایەوە کۆڕێ، دوایی بوومە بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک لە مەسیف سەلاحەددین.

# وەرگێڕانی چەمک و زاراوە ڕەخنەیی و تیوریکەکان

د. بەختیار سەجادی
(زانکۆی کوردستان لە سنە - بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و زمانناسی)

**٢٦- سۆفی و سۆفیگەری، عارف و عیرفان، میستیک و میستیسیزم**

لە زۆربەی فەرهەنگە ئینگلیزی - کوردییەکاندا، تەنانەت لە فەرهەنگە ئینگلیزی-فارسییەکانیشدا لە بەرانبەر وشەی mystic دا نووسراوە "عارف"، یان "سۆفی". هەر بە هەمان شێوە، لە بەرانبەر mys-ticism دا نووسراوە "عرفان"، یان "سۆفیگەری". ئەگەر لە من بپرسن هاوواتای فارسی و کوردی ئەو وشە و زاراوانە چییە؟ منیش هەر هەمان وەڵامم هەیە، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەم هاوواتا فارسی و کوردییانە بۆ mystic نادروستن. "میستیسیزم" چ وەک قوتابخانەیەک و چ وەک ڕوانگەیەک بۆ جیهان و چ وەک جۆرێک لە ژیان و کردار، هەڵگری هەندێ توخم و تایبەتمەندییە کە بە هیچ جۆرێک لە عیرفان و سۆفیگەریدا نابیندرێن. بە پێچەوانەشەوە، چ عیرفان و چ سۆفیگەری هەڵگری چەندین تایبەتمەندین کە بە هیچ شێوەیەک لە میستیسیزمدا نابیندرێن، کەواتە میستیسیزم و عیرفان، یان میستیسیزم و سۆفیگەری یەکێک نین و هەر بە هەمان شێوەش عارف، یان سۆفی، میستیک نییە. میستیسیزم هەندێ جار هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکە کە لە سیحر و جادوو نزیکی دەکاتەوە. هەر بە هەمان شێوەش، میستیک ئەو کەسەیە کە شێوە ژیانێکی سیحراوی و سەیروسەمەرەی هەیە، کەچی لە عیرفانی ئیسلامیدا عارف و سۆفییەکان بە تەواوی لە ڕەهەندە سیحراوییەکان دوورەپەرێز بوونە، بێجگە لەمەش، عیرفان و سۆفیگەری لە لایەکەوە و میستیسیزم لە لایەکی ترەوە، هەڵگری چەندین خاڵی ناتەبا و جیاوازن کە ئێرە شوێنی باس کردنیان نییە (وەک شێوەی

ڕوانینی جیاواز بۆ خوا و بۆچوونی تایبەت لەسەر یەکێتی لەگەڵ خوا، کە لە عیرفان و میستیسیزمدا یەکسەر لێک جیاوازن)، هەر بۆیەش، میستیسیزم لە عەرەبیدا بە شێوەی "غموضیە" دێتە بە کارهێنان کە لە "عرفان" و "تصوف" جیایە.

لە لایەکی تریشەوە، پێویستە ئەوەش بڵێم کە عارف بە تەواوەتی لە سۆفی جیایە، کەواتە عیرفان لە سۆفیگەری جیاوازە. بە داخەوە، لە زۆربەی هەرە زۆری دەق و نووسینە کوردییەکاندا دوو زاراوەی عارف و سۆفی وەک یەک دانراون، ئەمەش تا ئەو ڕادەیە بووە کە ئەمڕۆکە لە زمانی کوردیدا زاراوەی عیرفان خەریکە پەیتا پەیتا جێگای خۆی دەبەخشێتە سۆفیگەری. ئەمە بە تەواوی هەڵەیە، چونکە عیرفان و سۆفیگەری لە یەک جیاوازن. هەموو عارفێک سۆفییە، بەڵام مەرج نییە هەموو سۆفییەک عارف بێ. کەواتە، یەکێک لە پلە و قۆناغەکانی عیرفان سۆفیگەرییە. ئەم جیاوازییە بە تەواوی و بە شێوەیەکی دروست لە زمانی فارسیدا ڕەچاو دەکرێ؛ واتە لە فارسیدا "تصوف" لە "عرفان" جیایە وەک چۆن "صوفی" لە "عارف" جیاوازە، بەڵام لە کوردیدا، هەر دوو زاراوەکە بە شێوەی"سۆفیگەری" وەردەگیردرێ کە ئەمە تەواو هەڵەیە. ئەم هەڵەیەش وا خەریکە دەبێتە شتێکی گشتی و گشتیگیر لە زمانی کوردیدا، هەربۆیەش زۆر پێویستە بە پارێزەوە و بە وردی کەڵک لە دوو زاراوەی جیاوازی "عیرفان" و "سۆفیگەری" وەربگرین.

لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ سۆفی sufi دانراوە و بۆ سۆفیگەری sufism، بەڵام وەک لە سەرەوە وتم، بۆ عارف mystic دانراوە و بۆ عیرفان mysticism. هاوواتای سۆفی و سۆفیگەری لە زمانە ئەوروپییەکاندا دروستە، بەڵام وەک پیشانمان دا، هەمووان بە شێوەیەکی هەڵە هاوواتای دوو زاراوەی عارف و عیرفان بە کار دەهێنن. خاڵی هەرە سەیر لێرەدا لەوەدایە کە، بێجگە لەم بەکارهێنانە هەڵەیە، ڕێگەیەکی ترمان لەبەر دەستدا نییە بۆ وەرگێڕانی ئەم چەمکە، ئەمەش بە ئاشکرا جیاوازیی دوو سیستمی ئایینی و فەرهەنگیی تەواو جیاواز دەردەخات بە شێوەیەک کە ناتوانین هاوواتایەکی پڕ بە پێست و تەواو دروست بۆ چەمکێک لە هەر دوو زمانەکەدا بدۆزینەوە. تەنیا ڕێگایەک لەبەردەماندا بێ، ئەوەیە کە لە زمانی مەبەستدا هەمان زاراوەی زمانی سەرچاوە بە کار بهێنینەوە، واتە mysticism بە شێوەی "میستیسیزم" و عیرفان بە شێوەی erfan، یان irfan بنووسین. لەم جۆرە ساتانەدا وەرگێڕ دەبێ لە ڕێگەی نووسینی پەراوێز و نۆتەوە بابەتی بەرباس ڕوون بکاتەوە.

## ٢٧- پاشگری "یَتی"

یەکێک لە خاڵە وێکچووەکانی نێوان زمانەکانی فارسی و عەرەبی و کوردی لە لایەکەوە و ئینگلیزی و فەڕەنسی لە لایەکی ترەوە بە کارهێنانی پاشگری "یت" و "یتی" و "ity" و "ite"یە بە مەبەستی سازکردنی ناو لە ئاوەڵناو. ئەم وێکچوونە خاڵێکی سەیرە، چونکە شێوەی دەربڕین و دەوری ڕێزمانیی ئەم پاشگرە لەو زمانانەدا زۆر لێکدی نزیکن. ئەو وشانەی لە زمانی فارسیدا لەم چەشنەن و بە پاشگری "یت" کۆتاییان پێدێ بە "مصدر جعلی" ناسراون، واتە چاوگی ساختە. هۆکاری ئەم ناولێنانەش ئەوەیە کە ئەم خەسڵەتەی زمانی فارسی بە تەواوی لە عەرەبییەوە وەرگیراوە.

هەندێ لەم وشانە لە فارسی و عەرەبیدا بریتین لە: فردیت، منیت، مدنیت، عقلانیت، واقعیت، انسانیت، علیت. ئەگەر لە کوردیشدا چەند نموونەیەک بهێنینەوە ئەمانەن: شارستانێتی، یان شارستانییەت، تاکایەتی، چەندایەتی و مرۆڤایەتی. ئەم وشە و زاراوانە هەموویان لە ڕووی ڕێزمانییەوە ناون، کەچی وەک دەزانرێ هەندێکیان لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی هەڵە وەک ئاوەڵناو بە کار دەهێنرێن. دیارە مامۆستا مەسعود محەمەد بە وردی لەم خاڵە تێگەیشتبوو، چونکە ئەو بە پێچەوانەی هەموو کوردێکەوە "کۆمەڵایەتی" وەک ناو بە کار دەهێنا نەک وەک ئاوڵناو. نموونەیەکی تری زەقی ئەم چەوت بە کارهێنانە کە تا ئێستاشی لەگەڵدابێ بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، ناونیشانی یەکێک لە کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانییە کە ئەویش کۆلێژی زانستە مرۆییەکانە نەک کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان. خاڵی سەیرتر لەوەدایە کە ئەم هەڵەیە لە کۆلێژێک ڕووی داوە کە سەروکاری لەگەڵ فەرهەنگ و سیستمە فەرهەنگییەکاندایە. هەندێ لە نموونەکان لە ئینگلیزیدا و هاوواتاکانیان لە فارسی و کوردیدا بریتین لە:

Individuality فردیت، تاکایەتی
Humanity انسانیت، مرۆڤایەتی
Rationality عقلانیت، عەقڵانییەت
Modernity مـدرنـیـتــە، مـدرنیت، مـۆدێرنیـتـە، مۆدێرنێتی
Causality علیت، هۆدارێتی
Civility مدنیت، مەدەنیەت
Quality کیفیت، چۆنایەتی
Quantity کمیت، چەندایەتی
Responsibility مسئولیت، بەرپرسیارێتی

### ٢٨- نووس، نووسیار، نڤیسار

"نووس" لە چەندین وشـە و زاراوەی جیـاواز لە ڕووی ڕێزمانییەوە دەردەکەوێ. بۆ نموونە، ئەگەر لە دوو وشەی ڕۆمـاننووس و گـۆشـەنووسـدا، دەلالەت لە پیـشــەی ڕۆمـاننووسین و گـۆشـەنووسین دەکـات، ئەوە لە وشـەی ڕۆژنامـەنووسـدا ئیـدی مـانای ڕۆژنامـەنوسین بزر دەبێ، واتە دەکـرێ بڵـێین ئەو خـەریکە ڕۆمـان دەنووسێ، بەڵام ئەگەر بڵێین ئەو خەریکە ڕۆژنامە دەنووسێ، دیارە لەبەر چەندین هۆی ئاشکرا ئەم ڕسـتـەیە لە باری مـانایـیـەوە نائاسایی دێتە بەرچاو. هەر بە هەمان شێـوە، لە وشـەی خـۆشنووسـدا خـۆش ناو نـیـیـە، بەڵکو ئاوەڵکردارە، واتە ئەو کـەسـەی بە شـێـوەیەکی خـۆش و جـوان دەتوانێ بنووسێ. تەواو بە پێـچـەوانەوە، لە دەسـتـنووس و ڕەشنووس و کـۆنووسـدا مـانـایەکی تەواو جیـاواز بە دی دەکرێ؛ لێرەدا ئەم زاراوانە چیدی ناوی بکەریان دروست نەکردووە و دەلالەت ناکەنە سەر کەس، بەڵکو تەعبیر لە شت دەکەن.

بەشـێک لە هۆکـاری سـەرهەڵدانی ئەم کـێـشـەیە لە بەراورد لەگەڵ زمـانی فـارسـیـدا، لە بنەڕەتدا بۆ ئەوەی دەگـەڕێتـەوە کە لەم جـۆرە کـاتانـەدا کرداری "نووسین" لە زمـانی فـارسـیـدا بە سێ شـێـوەی "نوشت" و "نـویس" و "نگار" دەردەکـەوێ، کـەچی هەر ئەم کـردارە لە زمـانی کـوردیدا لە هەر سێ حـاڵەتەکـەدا بە شـێـوەی "نووسین" وەدیار دەکـەوێ. بۆ نموونە، لە فـارسـیــدا "وبنوشت" لە "وبنویس" جیایە. "وبنویس" ئەو کەسەیە کە لە "وێب"، یان مـاڵـپـەڕێکدا دەنووسێ و "وبنوشت" ئەو شـتـەیە کـە لەناو وێبدا دێتە نووسین، کەچی لە کوردیدا هەم "نوشت" و هەم "نویس" و هەم "نگار" دەبنە "نووس". بۆ نموونە، "روزنامـەنگار"ی فـارسی دەبێـتـە "ڕۆژنامـەنووس" و هەر بەهەمان شێوەش "خوشنویس" دەبێتە "خۆشنووس".

لێرەدا بە مەبەستی ڕوونترکردنەوەی بابەتەکە، پێویستە سەرنج بدەینە جۆری بەکـارهێنانی ئەم کـردارە لە زمـانی کوردیدا لە دوو شێوەی ڕابردوو و ئێستادا:

**من دەنووسم، من نووسیم**
**تۆ دەنووسی، تۆ نووسیت**
**ئەو دەنووسێ، ئەو نووسی**
**ئێمە دەنووسین، ئێمە نووسیمان**
**ئێوە دەنووسن، ئێوە نووسیتان**
**ئەوان دەنووسن، ئەوان نووسیان**

ئەگـەر ئەو ڕسـتـانـەی سـەرەوە بکەینە فـارسی، هەمـوو "نـووس"ـەکـانی ئێـسـتـا دەبنە "نـویس" و هەمـوو "نووس"ـەکـانی ڕابردوو دەبنە "نوشت". هەر بۆیەش، بۆ نموونە، هەر دوو "دسـتـنوشـتـە" (یان "دسـتـنبـشـتـە" لە فـارسـیی ئارکـەیکدا) و "دستنویس"ی فارسی لە زمـانی کـوردیدا دەبنە "دەسـتـنووس". هەڵـبـەت، لە فـارسـیـدا هەندێ جـار جیـاوازی نێـوان "نوشت" و "نویس" کـەم دەبێـتـەوە، تەنانەت لە ناو دەچێ وەک جیـاوازی نێـوان "روزنـوشـت" و "روزنـگـار" ("روزنـگـار" هـەمـــــان "روزنویس"ـە).

لێـرەدا دەکـرێ سـەرجـەم ئەو وشـە و زاراوانەی "نووس"یان تێدایە بە سەر سێ دەستەی جیاوازدا پۆلێن بکەین: یەکـەم، ئەو وشـانەن کـە ناوی بکـەرن و دەلالەت دەکەنە سـەر پیشـە، یان بواری پسـپـۆڕیی کەسـێک، یان شێوە و شێوازی نووسینی کەسێک وەک:

وێبلاگنووس، مـاڵـپـەڕنووس، کـتـێـبنووس، وتارنووس، نامـیـلکەنـووس، دوعـانووس، سـادەنـووس، دژوارنووس، ئاڵۆزنـووس، ڕۆژنامـەنـووس، چیـرۆکنووس، ڕۆمـاننووس، شــانۆنامــەنـووس، یاداشــتـنووس، پەراوێزنـووس، خۆشنووس...تاد.

دەسـتـەی دووەم ئەو وشـانەن کـە دەلالەت دەکـەنە سـەر شت، یان ئـامـێـرێک وەک پێنووس (یان وەک چۆن لە فـارسیدا "دورنویس" بۆ ئامێری فـەکس بەکار دەهێنرێ). دەستەی سێیەم ئەو چەمکانەن کە وەک ناوێکی تێکەڵاو بوونەتە خـاوەنی واتایەکی تری تایبـەت وەک چارەنووس، ڕێنووس، دەسـتـنووس، کـۆنووس و ڕەشنـووس (ڕەشنووس

هەمان "پیشنویس"ی فارسییە، کەچی لە کوردیدا لە "مسودە"ی عەرەبییەوە وەرگیراوە).

لە لایەکی ترەوە، هەر ئەم کردارە لە کوردیدا لە هەندێ وشە و زاراوەی تردا بە تەواوی جێگیر بووە کە ئەگەر بە وردی لێیان بڕوانین، تێیدەگەین هەڵەیەک لە هەناویاندا حەشار دراوە. بۆ نموونە، لە زمانی فارسیدا بەو کەسەی ئێمە پێی دەڵێین "سەرنووسەر" دەوترێ "سردبیر". دیارە لە فارسیدا وشەیەکی ڕاست و دروست بۆ "ئێدیتەر-ئین-چیف"ی ئینگلیزی دانراوە (editor-in-chief)، کەچی لە کوردیدا کەڵک لە "سەرنووسەر" وەردەگیردرێ. ئەو کەسەی بەرپرسە لە هەڵبژاردن و دانانی بابەتەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، نابێ پێی بوترێ "سەرنووسەر" و ئەم وشەیەش نەک هەر لە زمانەکانی فارسی، ئینگلیزی و فەرەنسیدا نییە، بەڵکو تەنانەت ئەگەر بێین و وشەیەکی بەو شێوەیە لەو زمانانەدا دابهێنین، یان بەکاری بەرین، ئەوە ئەو کارەمان دەبێتە مایەی سەرسووڕمان، چونکە یەکەم، ئەو کەسەی ئێمە پێی دەڵێین سەرنووسەر لەوانەیە هەر نووسەریش نەبێ تا چ بگاتە ئەوەی سەرنووسەر بێ. بۆ نموونە، ئەو کەسە لەوانەیە گۆشەنووس، یان ڕۆژنامەنووس بێ. دووەم، هەر نووسەرەو خاوەن بەرهەم و جیهانبینیی خۆیەتی و وەک تاکێکی سەربەخۆ دادەنرێ، تەنانەت ئەو کەسەش کە بنیادنەری قوتابخانەیەکی ئەدەبی، یان فیکرییە پێی ناوترێ "سەرنووسەر" چونکە هەر یەک لە ئەندامانی ئەو قوتابخانەیە خاوەن شێوازی تایبەتی نووسین و بیرکردنەوەی خۆیەتی. چەند ساڵ بەر لە ئێستا ئەم بابەتەم لەگەڵ چەند هاوڕێیەک لە هەولێر باس کرد و ئێستا هەندێک لە "کۆوار"ەکان کەڵک لە زاراوەی "سەرنووسیار" وەردەگرن کە ڕۆنانێکی دروستە و لێرەدا زاراوەی "سەرنووسیار" چیدی هەڵگری واتای نادروستی "سەرنووسەر" نییە. (بەکارهێنانی "گۆڤار" و "کۆوار"یش یەکێکی ترە لەو بابەتانەی بەم دواییانە هەندێ کێشەی لێ کەوتۆتەوە کە لە یاداشتێکی تردا باسی دەکەم)

لە لایەکی ترەوە، زاراوەی "نوشتار"ی فارسی کە لە ئینگلیزیدا ئەگەرچی هەمان وشەی "رایتینگ"ە (writing)، بەڵام زۆر جار لە ئینگلیزیشدا کەڵک لە زاراوەی ecriture وەردەگیردرێ کە فەرەنسییە. دیارە هۆکاری بە کارهێنانی ئەم زاراوە فەرەنسییە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە کە زاراوەی writing لە ئینگلیزیدا ناتوانێ خاوەنی دەلالەتەکانی ec-riture ی فەرەنسی بێ، هەربۆیەش، ئێمە پێش چەند ساڵ زاراوەی "نڤیسار"مان پێشنیار کرد، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکیش "نووسینە"مان بەکار دەهێنا. ئەم زاراوەیە لە زمانی فەرەنسیدا لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەماندا دەمانخاتەوە بیر دەق، یان پارچەیەکی نووسراو، کەچی لە تیوریی فەرهەنگی و ئەدەبیی هاوچەرخدا، کە ئەم زاراوەیەی تێدا بە لێشاو بەکار دەهێنرێ، ماناکەی دەگۆڕدرێ و لێرەدا مەبەست لە "نوشتار" کۆی ئەو بەرهەمانەن کە گوتارێکی تایبەت خوڵقاندوونی واتە، بۆ نموونە، وەک چۆن لە دەستەواژەی "نوشتار فمنیستی"دا دەیبینین، یان هەر بە هەمان شێوە لە Ecriture Marxist دەیبینین. لێرەدا و لەم زەمینە تایبەتە و پسپۆڕییەدا ئەگەر بۆ زاراوەی Ecriture Marxist "نووسراوەی مارکسیستی"، یان "نووسینەی مارکسیستی" بە کار بهێنین، دەقاودەق مانا و کاربردی زاراوەکەمان نەپێکاوە، کەواتە باشتر وایە کەڵک لە زاراوەی "نڤیساری مارکسیستی" وەربگرین کە لە فارسیشدا بە شێوەی "نوشتار مارکسیستی" دێتە بەکارهێنان.

# وێنەی هونەری لە هەندێک شیعری گۆران دا

تاریق سالح

وێنەی هونەری لەنێو شیعری کوردی، جێگەی سرنج و تێڕامانە، لەبەر ئەوەی شاعیرانی کورد لە تێکڕای قۆناغەکانی شیعر نووسیندا، بایەخیان بەم لایەنە هونەرییەی شیعر داوە، هەمیشە بە وشە و دەقی شیعری جوان، وێنە و سکێچی تابلۆی جوانیان کێشاوە، کە خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەی تێکستە شیعرییەکەدا گەلێ جار وا هەست دەکات لەبەردەم پەیکەرێکی جوانیدا وەستاوە و نوقمی خەیاڵ و رامان و بیرکردنەوەی قووڵ دەبێت. دیارە ئەمەش بەپلەی یەکەم بۆ توانایی و دەسترەنگینی شاعیرەکانمان دەگەرێتەوە، کە توانیویانە وشە لە خزمەتی دەق و دەقیش لە خزمەتی مۆتیف و تابلۆی شێوەکاری جوان دابنێن.

کاتێ باس لەم لایەنە هونەرییەی شاعیرەکانمان دەکەین، وەنەبێ هەر ئەو لایەنە باس بکەین، کە شاعیر بۆ عیشقەکەی دەدوێ و بە تێکستێکی شیعری وێنە و روخساری دلبەرەکەی دەکێشێ و چاوی بەژێر پیاڵە و باڵای بە شەتڵە نەمام و قەدی وەک لاولاو و زولفی وەک ئاوریشم و کولمەکانی وەک سێوە لاسوورە و برژانگەکانیشی بە وێنەی تیر و ئەبرۆکەشی وەک مانگی چواردە، کە گۆشەی کێشاوە و دەکێشێ. ئەوەی لە خوێندنەوەی دەقی شیعرێکی سەر بە قوتابخانەی کلاسیزمی، یان ریالیزمی، یان رۆمانسی بێتەوە یەکسەر تێدەگا کە شاعیر بە چ وەسفێک وەسفی خۆشەویستەکەی خۆی کردووە و چۆن بەدیزاین و شێوازێکی هونەریی جوان دایرشتووە، واتە ئەگەر بێتو وێنەی کچەکە بکێشین ئەوە جوانییەکەیەتی، کە بە خامەی دەستی ئێمە ناکێشرێ و چاوی ئێوەش لەبەری هەڵنایە، بۆیە لەپاڵ وەسف و پێداهەڵدان بەیار و روخساری یار ئەوە شاعیرانی کورد وەسفی سروشتی کوردستانەکەی خۆشیان کردووە و بەتێکستی شیعری گەلێ وێنەی رەنگاورەنگی دیمەن و کەژ و کێو و شاخ و شوێنە دڵڕفێنەکانی کوردستانیان کێشاوە. بەواتایەکی دیکە شاعیری کورد هەر لەگەڵ یەکەم هەنگاوی شیعرنووسینیدا وێنەی شیعری فەرامۆش نەکردووە، هەمیشە لە خەمی ئەو مۆتیف و سکێچە هونەرییەدا بووە، کە هەوڵی داوە لە شێوەی دیزاینەرێکی هەمەرەنگ و جوولاو پیشانی خوێنەر و جەماوەری بدات، بۆ سەلماندن و دەوڵەمەندکردنی باسەکەمان چەند نموونەیەکی شیعری شاعیر شاعیر (گۆران) وەردەگرین، تاکو



گۆران

بەیەکەوە تابلۆ و سکێچی کارەکەی بکێشین و بزانین بە تێکست و دەقە شیعرەکانی چ تابلۆیەکی هونەری جوان و تەژی لە فەنتازیا و هونەرەکانی ڕەوانبێژی وێنەی شیعری بۆ کێشاوین.

## زاراوە و چەمکی وێنەی هونەری

وێنەی هونەری لە شیعردا، هەڵگری پەیامێکە بە وشە و دەستەواژە گەیەنراوە، بەڵام بەهونەری هۆنینەوە و دەسترەنگینی شاعیر، چونکە کە لە تابلۆیەکی شیعری ورد دەبینەوە ئەوە ئەرک و وەزیفەی شاعیر لەنێو هەیکەلی شیعرەکەیدا، بەتایبەتی کاتێ وێنەیەکی شیعری لە بارێکی وەستاودا بۆ کێشاوین، بەجوانی هەست پێ دەکەین. بێ گومان هەست کردن بەوێنەی شیعری لە ڕێگەی لێکچواندن و پێداهەڵدان و ئاوەڵ واتاوە زیاتر خۆی دەردەخا، بەتایبەتی کاتێ کینایە و خواستن لەناو شیعری شاعیردا سەرهەڵدەدات، بەمەش داهێنان لە دایک دەبێ. پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە بیروڕای جیاواز لە بارەی ئەوەی کە ئایا زاراوەی وێنەی شیعری پەسندترە، یان وێنەی هونەری، یان وێنەی ئەدەبی، بەتایبەتی لەنێوان چەمکی وێنەی شیعری و وێنەی هونەریدا. بە بڕوای ئێمە هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نییە، بۆیە پێمان ئاساییە، ئەگەر هەردووکیان بەکاربهێنین، لەبەرئەوەی وێنە خۆی لە سەراپای شیعردا دەدۆزێتەوە، بەمانای ئەوەی، بێجگە لەوەی لەناو شیعرێکدا چەند وێنەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش هەیە، هەر بۆیە تەواوی شیعرەکەش وێنەیەکی شیعرییە لەناو شیعرەکانی دیکەدا. وێنەی هونەری لە شیعردا شتێکی تازە نییە، بەڵکو هەر لەگەڵ لە دایکبوونی شیعردا ئەم هونەرەش خوڵقاوە، ڕادەی بەرزی ئاستی ئەم هونەرە و بەکارهێنانی لەناو دەقێکی شیعریدا وەستاوە لەسەر توانایی و بەهرە و لێهاتوویی شاعیر، بەڵام وەک زاراوەیەکی ئەدەبی ئەوەندە کۆن نییە، لەناو هەر نەتەوەیەک بەپێی زمانەکەی خۆی زاراوەیەکی بۆ ئەم هونەرە داڕشتووە.

لە زمانی ئینگلیزیدا «وشەی (image) لە ڕەخنەی ئەوروپییدا بۆ وێنەی هونەری وەرگیراوە، لە کاتێکدا وشەی (imagination) لە وشەی (imaginoto)ی لاتینییەوە وەرگیراوە کە لە بەرانبەریدا لە زمانی یۆنانیدا (phantasia)یە و ڕاستەوخۆ وشەی ئینگلیزی (fancy) لێ وەرگیراوە، کەواتە وشەی (imagination) بەواتای خەیاڵ دێت، لە یۆنانیش (phantasia) بەواتای خەیاڵ دێت» (١).

لە زمانی فارسیدا «زاراوەی (صوری خیال) واتە (وێنەی خەیاڵ) بەکار دەهێنن، لە کاتێکدا شاعیرێکی ناسراوی وەک: عەبدوڵڵا گۆران لەنێو ئەدەبی کوردیدا زاراوەی (نیگارخانەی خەیاڵی) بۆ بەکار هێناوە. لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا زاراوەی (الصور الشعرية – وێنەی شیعری)، یان (الصورة الفنية – وێنەی هونەری) بەکار دەهێنن، یان (الصورة الادبية – وێنەی ئەدەبی) کە وێنەکانی شیعر و پەخشان دەگرێتەوە بەکار دەهێنن» (٢). لەنێو ئەدەبی کوردیشدا وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کردووە هەر سێ زاراوەکە بەکارهاتووە، وەک ئەوەی لە زمانی عەرەبیشدا هەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە زیاتر بەکارمان هێناوە ئەوە وێنەی هونەرییە. وێنەی هونەری ئەو ئاوێنە ڕووناکەیە، کە تێیدا جوانییەکانی هەست و خەیاڵی شاعیری تێدا کۆبووەتەوە و تیشکی بیر وردی داهێنەرە، ئەوە ڕامان دەکێشێتە جیهانێکی

ئارام و خۆمان لەبیر دەباتەوە، لەنێو ڕاستی و بیری شاعیر دەمانخەوێنێ، خەوێکی ئەفسووناوی، کە تێیدا وا هەست دەکەین ئێمە شاعیرین و ئەو شیعرەی کە دەیخوێنینەوەش هی خۆمانە. لە ڕێگەی وێنەوە ئێمە درک بە ڕاستییە پەنهانەکانی ناخی شاعیر دەکەین و مەبەستی شاعیرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، توانایی و بەهرەی شاعیرمان بۆ دەردەخات، چونکە وێنەی هونەری هۆکارێکە بۆ هۆشیارکردنەوەی خوێنەر و گەڕانەوە بۆ نێو هزر و خەیاڵ، چونکە ڕەنگە ئەو شتە لە لای ئەم هەبووبێ و لە کاتی خۆیدا هەستی پێ نەکردووە، یان ئەو شتەی بینیویەتی بەشێوازێکی نوێتر و هونەریانەتر دایدەڕێژێتەوە.

## پێکهاتە و ڕەگەزەکانی شیعر

وێنەی هونەریی وەک بەهایەکی پڕ بایەخی شیعری هەروا سادە و لەخۆوە نایەتە ئاراوە، بەڵکو لە ڕێگەی چەند ڕەگەزێکی گرنگەوە دێتە ئاراوە کە هەریەکەیان لە پێکهێنان و بنیادنانی وێنەی هونەری بۆشایی خۆیان پڕکردووەتەوە. ڕەگەزەکان بە شێوەیەکی بازنەیی بەدەوری یەکدا دەخولێنەوە و تەواو دەقی شیعرییان گەمارۆ داوە، دیارە ئێمە باس لە دەقێکی هونەریی جوان دەکەین، چونکە لەوانەیە دەقی شیعری وامان هەبێ، کە ڕەگەزەکانی بەم شێوەیە نەبێ. ڕەگەزەکانی شیعر هەریەکەیان پێگە و قەوارەی خۆیان لەنێو شیعردا دیارە و بەنەبوونی یەکێکیان ناتەواوی لە وێنەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام ئەگەر بێتو ئەم ڕەگەزانە هەموویان بە شێوەیەکی جوان و شارەزایانە لە شیعردا بەکارهێنران، ئەوە نەمری بە دەقە بەرهەمهێنراوەکە دەبەخشرێت و تاموچێژی خۆی پێ دەدات.


ئەو ڕەگەزانەی بەشداری لە پێکهێنان و بنیادنانی شیعر دەکەن، بەگشتی دابەش دەبنە سەر چەند جۆرێک، لەوانە:

١- زمان: لایەنێکی هەرە گرنگی نێو ئەدەبە بەگشتی و هی شیعریش بەتایبەتی، ئەو زمانەش لەگەڵ زمانی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵک جیاوازە، کە جۆرە هونەرێکی تێدا دەبینرێ بەهۆیەوە زمانی شیعری لە زمانی باوی نێو کۆمەڵ جیا دەکرێتەوە. ئەرستۆ لە هونەری شیعردا بایەخی زۆری بە کەرەستەکانی هونەر داوە، چونکە بەبڕوای ئەو «کەرەستەکان جۆری هونەرەکان دەستنیشان دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی هونەرەکان لە یەکدی. بۆ ئەمەش دوو جۆری دەستنیشان کردووە:

**یەکەم:** ئەوەی بەچاو دەبینرێ، وەک: نیگارکێشان و پەیکەرتاشی و بیناسازی.

**دووەم:** ئەوەی بەگوێ دەبیسترێ کە ئەمیشیان سێ جۆرە(کێش: ڕیتم: زمان) لەوانە شیعر زمان و کێش و ئیقاعە»(٣).

شاعیر دەبێ لە بەکارهێنانی وشە و پەیڤەکان بەهرەمەند و لێهاتووبێ و فەرهەنگی خەیاڵی تەژی بێ لە وشەی جوان و ماندار و لەم ڕووەوە زەنگین بێ، بۆ ئەوەی هەرکاتێ ئیلهامی بۆ هات و شەپۆلەکانی ناخی تەنگیان پێ هەڵچنی، دەست بەنووسین بکا و بەدوای وشەدا نەگەڕێ. لەنێو شیعردا بایەخی وشە لەوەدا دەرناکەوێت چەند وشەیەک بەدوای یەکدا ڕیزکرابن و بەگوێی خوێنەر نوێ بن، یان لێی تێ نەگات، بەڵکو گرنگ لەوەدایە تا چەند وشەکان لەپاڵ یەکدیدا ڕیزکراون و وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی شیعرییان خوڵقاندووە. دەتوانین وتەکەی (ڕۆلان بارت) لە گرنگی زمان بۆ ئەدەب بە بەڵگە بهێنینەوە، کە دەڵێ: « ئەدەب، بێجگە لە زمان شتێکی دیکە نییە »(٤)، بەڵام ئێمە ناتوانین بەتەنیا زمان بەسەر ئەدەبدا بسەپێنین و شتێکی دیکەی تێدا نەهێڵینەوە، چونکە ئەگەر بەتەنیا زمان بێت ئەوە دەچووە نێو بواری زمانەوانی و شتێکی دیکەمان نەدەبوو بەناوی ئەدەب بە هەموو ژانرەکانییەوە. دیارە زمانی ئەدەبیش خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە و زمانێکی سفت و پاراو و هونەرییانەی دەوێ تا لێیەوە گوزارشتی جوانی و دیاردە و لایەنەکانی ژیانی ئادەمیزادی پێ بکرێ، لە شیعریشدا ئێمە ناتوانین دیسانەوە ئەو ڕەگەزانەی دەبنە هۆکاری بنیادنانی شیعر یەکێکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا زاڵ بکەین، چونکە ڕەگەزەکانی شیعر زۆر بە چڕی و تێکچڕژاوی لەناو یەکدیدا کارلێکیان کردووە و تواونەتەوە، ئەگەر ئێمە بتوانین لە دەرەوەی شیعر پۆلینیان بۆ بکەین، بەڵام لەناو شیعردا تێکەڵی یەکدی دەبن و لێک جیا ناکرێنەوە، بۆ نموونە (سۆز و خەیاڵ)، یان (هەست و سۆز)، یان (زمان و وێنە) کە زۆرجار دەبینین وێنە لەنێو دەقی شیعردا قسە دەکات.



فرۆید

**کۆمەڵە شاخێکی سەخت و گەردن کەش**
**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش(٥)**

لەم دێڕە شیعرەی شاعیردا ئەوە دەبینین، کە پێکهاتە و هاوکێشەی وێنەکان بە سروشت هاوسەنگ دەبێت، (کۆمەڵە شاخێکی سەخت و گەردن کەش) زیرەکانە و کارامەییانە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، یەکەی سروشت لە پێکهاتەی ئاسمانی شین خۆی دەبینێتەوە، شاعیر بە فەلسەفەی جوانی دەربڕین و گوزارشت کردن هێڵەکانی جوانی ڕایەڵ دەکات، بەمەبەستی کارێکی هونەری جووڵانەوەیەکی زیرەکانەی کردووە و سەرەنجام وێنەی هونەری کارەکەی لە بازنەی سروشت و ئاسمانێکی شین بەکۆتا هێناوە. وێنەی شیعری لە ناوەندی زماندا لەووەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە دامەزراندنی پێکهێنانی بیر و سۆز بەشدار دەبێ، ئەگەر وێنە لە ڕوانگەی خود تەنیا دابەشکردنێک بێ، ئەوە لە شیعر دوور دەکەوێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە بنیادی بیر و سۆز بەشدارە، ئەوە لە بنیاد و گوزارشتدا دەبێتە پانتاییەکی ڕووبەر فراوان لەگەڵ هەست و سۆز و نیگا و هاوکێشەکانی شاعیر بەشدار دەبێ و هاوسەنگییەک بە دەقەکە دەبەخشێ.

حاڵەتێک لای شاعیر سەرهەڵبدات و نەتوانێ بەئاشکرا مەبەستەکان دەرببڕێت، ئەوکات وێنە شیعرییەکان بۆ چەمک و گەیاندن و گوزارشت کردن شێوازی ناڕاستەوخۆ دەگرنە بەر و ئەم دیاردەیەش لە ڕێگەی زمانەوە لەنێو دەقەکە بنیادێکی زیندوو دروست دەکات و دەیگەیەنێتە خوێنەر. دیارە زمانیش فاکتەرێکی گرنگە لەناو شیعردا کە پێویستە پاراو و ڕوون بێت و لە کانیاوی خەیاڵێکی وردەوە کەرەستەکانی دەستی یەکیان گرتبێ و گوزارشتی جوانی و دەربڕینەکانی شاعیر بکەن، ئا لەوێوە هەڵدەقوڵێن و زانیارییەکان بە خوێنەر دەگەیەنن، بۆ نموونە: ئێمە (گەردن کەش) خۆی وەک گەردەنی یار دەیناسین، بەڵام لە سروشتی شاعیردا کۆمەڵە شاخێکی سەختە.

٢-بیر: هەمـوو دەقـێک بەرهەمی بیـرە، کـە بەپێی بیرکردنەوە و تێڕامان و بیرۆکە پێمان وا نییە هیچ شتێک بێتە ئاراوە، دەقی بەپێز و ناوازەش هەڵقوڵاوی بیرێکی وردە، کە وەک ئاو بەناو درزی هەموو ئەو شوێنانەدا ڕەت بووە، کە بەشدارن لە داهێنان و خوڵقاندن. لەو ساتەوەختەی مرۆڤ لەگەڵ گەردوون کەوتووەتە نێو گێژاوی ژیان و درکی بە جوانییەکانی سروشت و گۆڕانکارییەکان کردووە، ئەوە بەبەردەوامی بیری لە هەموو ئەو دیاردە و ڕووداو و کردارانەی کە هەستی پێکردوون کردووەتەوە، وەک چەکێکی کاریگەر لە تێکڕای پێویستییەکانی ژیانی پێویستی پێی بووە و بەکاری هێناوە. ئێمەی مرۆڤیش لە ڕێگەی بیرەوە بیرۆکەی داهێنانی شتەکانمان بۆ دابین دەبێت، نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت کە بیر بۆ لە دایکبوونی شیعر سەرچاوەیەکی سەرەکییە، چونکە کاتێ مرۆڤ دەگەڕێتەوە دواوەی خۆی و ساتێک بەنێو ژیانی ڕابردووی خۆیدا گوزەر دەکات، بیر لەو شتانە دەکاتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەخۆشی و ناخۆشی..... بەسەری بردوون، ئیدی لەوێوە ڕێگە بەخەیاڵی دەدات ببێتە مەلێکی باڵڕەنگین و خۆشی ببێ بە گەردوونێکی ئارام. وەک لەم نموویەدا دەبینین، کە دەڵێ:

**وتم فیدای جەمالت بم ئەی پەری شێوە!**
**ئەوا توایەوە هەستیم بە سۆزشی گریەت**
**چییە هەیکەلی مەڕمەڕ غوباری وا پێوە،**
**قەمەر شکات و سکاڵا ئەکا لە هەوری خەفەت؟**
**سەری بەعیشوە لەقان و بە لەهجەیەکی حەزین**

**وتی بچۆوە بپرسە لە جینسی پیاوی برات،**
**کە کەوتە گۆشەیی گیرفان گوڵێکی ئاوریشمین**
**چییە تەفاوتی بوون و نەبوونی قیمەتی لات؟**

کاتێ لەم چەند دێرە شیعرە ورد دەبینەوە بەڕوونی دیارە کە شاعیر بیرێکی وردی بۆ پێکهێنانی هۆنراوەکەی بەکار هێناوە، مەلی خەیاڵی ئازادانە بەنێو جیهانی کەسایەتی شاعیردا لە شەقەی باڵی داوە و وێنەی دەردی دڵی بۆ تۆمارکردووین.

٣- سۆز: لە جیهانی هەستدا دەریایەکی هێمنە، کاتێ لە ناکاو دەست بەهەڵکشان و داکشان دەکات، شەپۆلە دژوارەکانی ئەوەندە بەخێرایی بەرەو کەناری ڕوح دەچن، سەراپای دەروون پڕ دەکەن لە وزە. سۆز وەک ئەو خۆرە وایە کە لە ئاسمانەوە دەڕوانێتە زەوی و هەموو بنجوبنەوانێکی ڕووناک دەکاتەوە و تیشکی گەرمایی بەناخی شتەکاندا ڕەت دەکات و میهرەبانی لێ هەڵدەوەرێ. د. وەحید صوبحی لە بارەی سۆزەوە دەڵێ: « وێنە بەبێ سۆزی گەرم ناتوانێت کاریگەری لەنێو دەروونی خوێنەر بەجێ بهێڵێت» (٦). وەک چۆن سۆز ڕەگەزێکی گرنگی شیعرە، لە هەمان کاتدا گوزارشت کارێکی حەقیقەتەکانی نێو دەقە شیعرییەکەشە، بەواتایەکی دیکە، ئەگەر گیانی سۆز لە دەقە شیعرییەکان بسەنرێتەوە، ئەوە گیانی دەقەکە دەکەوێتە گیانەڵاوە، چونکە ئەو سۆز و عاتیفەیەیە کە زیندوویی بەدەقی ئەدەبی دەبەخشێ، ئەمەش بۆی دەبێتە مۆرکێک و لە دەقی دیکەی بۆ نموونە (زانستی) جیای دەکاتەوە.

**نە ئاخ لەسینەدا ئەخواتەوە پەنگ**
**نە فرمێسک ئەتوانێ بڕژێ بە بێ دەنگ**
**نە زمان ئەوەستێ لە زیاتر**
**نە قەڵەم وەک لاشەی مردووی ساردوسڕ..**
**نە فام لە جێگای خۆی ئەمێنێ نە هۆش**
**دیمەنێ من بینیم بەرد دێنێتە جۆش**
**تا دەڵێ:کێ دایکێک ئەتوانێ بێنێتە بەرچاو**
**بە مەرگی تاقانەی جەرگی هەڵقرچاو**
**دامابێ لە دەشتێ هاواری بەکەس**
**نەگا هیچ... هەر خۆی بێ و مەیتی کوڕی بەس!**
**ئا سەیری دیمەنی وەها کاریگەر**
**کام ویجدان ناداتە بەر نووکی نەشتەر(٧)**

گۆران سۆز و عاتیفە بەسەریدا زاڵە بەشێوەیەک دیمەنەکە وا پیشان دەدات کە مرۆڤ لەگەڵ بکەوێتە ناخ سووتانەوە و ئاخ هەڵکێشان وێڕای ئەو دایکە جگەر سووتاوە:

**بەڵام ئاخ ئەوەی من دیم بەم دوو چاوە؟!**
**مەینەتێکی سووکە ئەمەی بەلاوە:**
**نەک دایکی کوڕ مردوو دیم کۆرپەی ساوا**
**لای مەیتی دایکیا فرمێسک لە چاوا،**
**کەوتبوو بەبێ شیر بێ لاوانەوە،**
**ناو جەرگی ئینسانی ئەچووزانەوە.(٨)**

پیشاندانی ئەم دیمەنە ورووژێنەر و هەست بزوێنە لای گۆران بەڵگەی هەست ناسکی و ئینسان دۆستی شاعیر پیشان دەدات، بەشێوەیەک کە لەگەڵ پیشاندانی دیمەنکە ناو جەرگی ئینسان دەچووزێتەوە، ئەمەش بەڵگەی بوونی سۆزێکی بەهێزە لەنێو هۆنراوەکەدا، یان دەڵێ:

**هەی هاوار، هەی داد هیوای شیرینم**
**گیان ئەدەی ئەمری ئیتر ناتبینم!**
**ئیتر ئاخ ئیتر ناتبینم هەرگیز**
**لەخەوا نەبێ شەو شەوی پایز**
**جارجار وەک بەرقی ئاو بۆ زۆر تینوو**
**دێیت و ناشکێنی تاسە و ئارەزوو!**
**سا بۆم بڕوانە تێر بەو چاوانە!**
**ڕۆڵە مردنە و فرمێسک بارانە!**
**ئەو قژە زەردە، ئەو چاوانە ڕۆ!**
**ئەو نەغمەی دایە و بابە جوانە ڕۆ!**
**تا دەمان لەگۆ ئەکەوێ وەک تۆ**
**هیوای دایە ڕۆ، هیوای بابە ڕۆ!(٩)**

گیانی سۆز لەنێو ئەم دەقە، دەمانخاتە حاڵەتی ڕامان و ئاخ هەڵکێشان و حەسرەت، بۆ ئەو زەمەنەی کە شاعیر بە وێنەی شیعری بۆی کێشاوین و بەبیر و سۆز بۆی دەربڕیوین، بەجۆرێک لەگەڵی ئاوێزانی دەبین. سۆز کاردانەوەی کار و کاریگەری دیاردە و دیمەن و ڕووداوەکانە لەسەر هەست بەجۆرێک کار لە دەروون دەکات و خەیاڵ بەرەو ئەوپەڕی سنووری یاخیبوون دەبات لە واقیع و بگاتە ئەو شوێنەی بڵێی: « وەزیفەی خەیاڵ ئەوە نییە، کە وێنەی واقیع بکێشێ، بەڵکو کێشانی وێنەیەکە، کە واقیع تەجاوز دەکات و گۆرانیش بۆ واقیع دەچڕێ » (١٠).

٤- خەیاڵ: پێکهێنەرێکی گرنگی نێو بۆتەی

شیعرییه، له داهێنانی بیری تازه و خولقاندنی وێنەی هونەری دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەیە و سنووری شتەکان دەبەزێنێ، بۆ نموونە شاعیر بەخەیاڵ دەبێتە دەریا، گەردوون و پەروانە و دێوانە، شەمع و...تاد یارەکەشی بەگوڵ و چاوی بە نێرگز و کوڵمەی بە گوڵاڵە سووره و لێوی بەشەکر و دەم و ددانی بە یاقووت و مەرجان...تاد چوواندووه، کە هەموو ئەمانە بەرهەمی بیر وردیی شاعیر و خەیاڵی قووڵی داهێنەرانەیەتی لە خولقاندنی ئەم وێنانە، چونکە شاعیر لە ڕێگەی ئەو وێنانەی کە لەناو مێشکیدایە چەندین وێنەی دیکەمان دەخاتە بەردەم، کە گوزارشتی وێنەکانی ناخی شاعیرانەیەتی. لە نموونەیەکیدا گۆران دەڵێ:

**لەژێر زەردەی خۆرەتاوا،**
**بەناو چیمەنی گوێ ئاوا**
**چەن بەئاهەنگ چەن سیحراوی؟**
**ئەگەڕێ قاز یا مراوی،**
**یا کەو لەسەر بەفری نزار**
**بۆ لووتکەی هەزار بە هەزار**
**چەن ئێسک سووک چەن گورج و گۆڵ**
**ئەکشێ: پشت لە تۆی تەختی دۆڵ**
**یا کەروێشکی تێر و قەڵەو**
**لەبەر تریفەی مانگە شەو**
**چەن جوان ئەڕوا بە قونە قون.(١١).**

لەنێو خودی وێنە شیعرییەکە چەند وێنەیەکی دیکە دەبینین، لە هەمان کاتدا نیوەدێڕەکان خەیاڵمان بۆلای خۆیان کێش دەکەن و دەمانخەنە حاڵەتی بیرکردنەوه و تێگەیشتن لە شێوازی دەربڕینەکان، کاتێ شاعیر چاوی یار دەبینێ کە ئاڵۆزە، یان شێواوە ئەمە بۆخۆی وێنەیەکە حاڵەتی یار دەردەخات کە لە بارێکی ئاسایی نییە، هەرچەند جاران یار ئەوی بە فیتنەباز دەزانی، بەڵام ئێستا حاڵەتەکە پێچەوانە بووەتەوە، ئەمە بۆخۆی نواندنی وێنەیە لەناو وێنەی تردا.

٥- واقیع: مرۆڤ و واقیع وەک دوو هۆکار کار لە یەکدی دەکەن، مرۆڤ کار لە واقیع دەکات و دەیگۆڕێ و بەپێچەوانەشەوە، بۆیە شاعیریش وەک کەسێکی هەستیاری نێو کۆمەڵگە و ئەو واقیعەی تێیدا دەژی هەستی پێ دەکات و بەوێنەی شیعری بۆمانی دەکێشێت. شاعیر وابەستەی واقیعە و لێی جیا نابێتەوە و ناتوانێ دەستبەرداری بێت، بەڵام دەتوانێ بیگۆڕێ. شاعیر لە شیعرەکانیدا وێنەی ناخی خۆیمان بۆ دەکێشێ سەبارەت بەو شتانەی لە واقیعدا دیویەتی، یان ئاواتی بۆ خواستووه.(١٢)

دووری یار لە شاعیر واقیعە، بەڵام ئەم واقیعە تێکەڵ بە ڕەگەزەکانی دیکەی وەک سۆز و خەیاڵ و بیره، زمانیش ئەو ئاوێتە ڕوحییە دەردێنێ دووبارە لە شێوەی وێنەیەکی هونەری لە ڕێگەی کەرەستەکانیانەوه پیشانمانی دەدات. شاعیر لاسایی واقیعی ژیانی خۆی، هەروەها هەموو ئەو ڕووداوانەی لە واقیعدا بینیویەتی و کاریگەرییان لەسەری هەبووه لە چوارچێوەی خەیاڵیدا وێنەی گرتوون، دەکاتەوه. شاعیر دەبێ ڕاستگۆبێت، کە خاسیەتێکی گرنگە بۆ شاعیر و هۆکارێکە بۆ سەرکەوتنی، چونکە لەناو دەقی ئەدەبی بەگشتی و شیعر بەتایبەتی چەند ڕاستگۆیی پێوە دیاربێ، ئەوەندە شکۆمەندی بەدەقەکە دەبەخشێ و پێویستە شاعیر لە کێشانی وێنەی واقیعی ژینگە و ژیان و بەسەرهاتەکانی خۆی و دیاردەکانی دەوروبەری ڕاستگۆبێت، چونکە ئەگەر ڕاستگۆ نەبێ ناتوانێ وێنەیەکی ڕاستەقینەی واقیعی ژیانی خۆیمان بۆ بکێشێ، ئەوەتا دەبینین گۆران دەڵێ:

**لەژێر ئاسمانی شینا،**
**لەپاڵ لووتکەی بەفرینا**
**کوردستان گەڕام**
**دۆڵاو دۆڵ پێوام**
**نە لە شار و نە لە دێ**
**نەمدی کەس وەک تۆ جوان بێ**
**کچە کوردێک دڵ پێی شادبێ**
**وەک فریشتە و پەریزاد بێ**
**نە بارێکی نە گۆشتن**
**نە کچۆڵەی نە شاژن**
**نە زۆر چاو ڕەش**
**نە ئێجگار گەش**
**لێت بێ بزەی مانگە شەوی**
**بەژنی ڕێک و ڕەوتی کەوی(١٣)**

گۆران لە وێنە شیعرییەکە هەر تەنیا بە وسف و وێنەکێشانی جەستە و بەژن و باڵاو جوانی نەوەستاوه، بەڵکو وێنە و جوانی ڕەوت و ڕۆیشتنەکەشی کێشاوه:

**لێت بێ بزەی مانگە شەوی**
**بەژنی ڕێک و ڕەوتی کەوی**
یان دەڵێ:
**لەوڕۆژەوە تۆم دیوە**
**عەشقێک لە دڵ چەسپیوە**
**ساتێ دووربی لێم**
**گڕ بەر ئەبێ تێم**
**کە دەست لە یەخەت گیرنابێ**
**لەلای کەس دڵ ژێر نابێ**
**تۆیت و بەس**
**پەنای هیوا و خەوبینینم**
**ئاواتی گیانی شیرینم(١٤).**

وەک لەم نموونانەی سەرەوەدا دەبینین گۆران واقیعبینانە لە حاڵی خۆی دواوە وەسفی ئەو بارانەی خۆی دەکات کە لە دووری یارەکەیەوە بەسەری دێت.

٦- نەست: وەک چۆن مرۆڤ مەخلووقێکی ئەم گەردوونەیە، کە خودا خوڵقاندوویەتی و ئاوەدانکەرەوەیەتی و بەهەر جۆرێک بێت دەستی خۆی گەیاندووەتە هەر شتێک کە ویستبێتی بەدواداچوونی بۆ بکات، بەبێ ئەوەی بزانێ تا چەند بەئامانج دەگات، دیارە لەناو خودی شاعیریش گەردوونێک هەیە کە ناخ و دەروونیەتی، هەموو ئەو شتانەی لە جیهانی دەرەوەی شاعیردا هەیە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاری لێ دەکەن. هەر زانستێک بگری پێوەندی بەزانستی دیکەوە هەیە و لەگەڵ زانستی دیکەدا یەک دەگرنەوە، بەواتای ئەوەی کە سروشتی لەگەڵ ئەو زانستەدا بگونجێت. ئەدەبیش وەک زانستێک لە پێوەندی لەگەڵ ئەو زانستانە بەدەر نییە کە لەگەڵی دەگونجێن، لەوانەش زانستی دەروونناسی، لەبەر ئەوەی ئەدەب هەڵقوڵاوی باری دەروونی ژیانی کۆمەڵایەتی و واقیعی سەردەمە، نووسەر کە دەقێکی ئەدەبی بەرهەم دەهێنێ، لەناو ئەم ئەدەبەدا چەندین ڕاستی و جوانی و دیمەنی ڕازاوە دەبینرێن، کە دووبارە لە خزمەت مرۆڤایەتیدا دەبێت.(١٥) مرۆڤ بوونەوەرێکی هەستیارە، بەڵام گەلێ شت لە ڕێگەی نائاگاییەوە (نەست)ـەوەی، لەلا کۆدەبێتەوە و لە مێشکیدا دەپارێزرێن تا کاتی پێویستی، هەر کە کاتی خۆی هات وەک خونچە سەر دەردێن و دەست بە پشکوتن دەکەن. هەموو ئەو جوانییانەی لە بارێکی بێ ئاگاییەوە تۆمارکراون ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆیان دەردەخەن و دەدرەوشێنەوە. (درا کۆلیدس) لە بارەی ئەمەوە دەڵێ: « زانستی دەروونی نەست (لاشعور) ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە خوڵقاندنی هونەری لە گشت دیاردەکانیدا لە دیاردەیەکی بایۆلۆژی دەروونی بەولاوە چیدی نییە، تەنیا قەرەبووکردنەوەیەکی باڵای ئارەزووە غەریزەییە بنچینەییەکانە کە بەبێ تێربوون ماونەتەوە بەهۆی ئەو ڕێگریانە لە جیهانی دەرەوە، یان ناوەوە هاتوونەتە پێشێ» (١٦). لە بارەی گرنگی ئەم ڕەگەزە لەنێو شیعردا لە پێکهێنانی وێنەی هونەری فرۆید دەڵێ: «وێنەی شیعری ڕەمزێکە سەرمایەکەی لا شعوورە، دیارە ڕەمزیش پڕتر و ڕەوانتر و کاریگەرترە لە ڕاستی واقیعی، لە خورافات و ئەفسانە و حیکایەت و قسەی نەستەق و گشت جۆرەکانی ئەدەبی میللیدا دەردەکەوێ» (١٧). ئەوەتا گۆران لە لا شعووریدا وەسفی ئەو دیاردەیەمان بۆ دەکات:

**زۆر قژی زەرد سەرنجی ڕاکێشاوم**
**زۆر چاوی شین داویە پرشنگ لە چاوم**
**شان و مل و گەردنی ڕووتی بێ گەرد**
**سنگی نەرم و مەمکی قوتی توند وەک بەرد**

ئەم وەسفانە هەمووی لە نەستی شاعیر ماونەتەوە، کە لە کاتی گەشت و گەڕان بینیویەتی و دواتر بە شیعر دەریبڕیون. زۆر قژی زەرد و زۆر چاوی شین و زۆر بەژن و باڵای کەڵەگەت و لەشولاری گۆشتن، هەموو ئەمانە لە یادەوەری شاعیردا ماونەتەوە، کە وشەی (زۆر) خۆی بەڵگەیە بۆ ئەمە.

## جۆرەکانی وێنەی هونەری

ڕەوانبێژی وەک زانستێک لەنێو هونەری شیعر نووسیندا، بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکیدا تایبەتمەندی و بایەخی خۆی هەیە، ئەو شێوازانەی بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لە پێکهێنانی وێنەی هونەریدا بەشدارن لێکچواندن و خواستن و خوازە و درکەیە، کە هونەری ڕەوانبێژین. سەبارەت بەوێنەی هونەری ئەوە بەشێوەیەکی دیار دوو جۆر وێنە دەبینرێ:

وێنە لە باری چەسپاو:

وێنە لە باری جوولاو:

لە پوختەی ئەم بەشەدا هەوڵمان داوە پتر نموونە

شیعرییەکانی گۆران وەربگرین و لایەنەکانی هونەری ڕەوانبێژییان تێدا پیشان بدەین، نەک وردەکاری جۆرەکانی وێنەی چەسپاو و جووڵاو، یان تاک و کۆی وێنەکان، کە ڕۆ دەچینە نێو دیوانی گۆران و ئاوێتەی شیعرەکانی دەبین، ئەوە جۆرەکانی وێنەی هونەری لە هەردوو باری چەسپاو و جووڵاو بە ڕوونی هەست پێ دەکەین.(١٨) لەنێو دنیای شیعرەکانی گۆران بە ڕاستی ئاوێزانی جیهانێکی سەیر لە ڕامان و بیرکردنەوە دەبین، بەوەی لە هەر وشەیەک مانایەک لە هەرهەنگاوێک ڕامانێک لە هەر نیوە دێڕێک مەغزا و بیرکردنەوەیەک لە هەر دێڕە شیعرێک بەلاغەت و جیناس و تیباق و لێکچوواندن و فەلسەفەیەک دەمانخاتە جیهانێکی ئەفسووناوی تەژی لە بیرکردنەوە و لێ وردبوونەوە و ڕامان و واقوڕمان.

ئەمانەی خوارەوە نموونەیەکی بەرزی هونەری هۆنینەوەی هەندێ لە شیعرەکانیەتی، کە هونەرکانی ڕەوانبێژی تێدا بەکار هێناوە. گۆران لەم هۆنراوانەیدا وەک فۆتۆگرافەرێک وێنەی ئەو حەقیقەتانەمان بۆ دەکێشێ لەو ڕۆژگارەی، کە ئاه و ناڵە و حەسرەت ئاوێتەی یەکبوون و خۆزگەکان سەوز نەبوونە و کڵاو لار ئاوڕی لێ نەداوەتەوە، وێنەی یارەکەی لە باری جووڵاو کێشاوە ئەوەتا دەڵێ:

**کڵاو لار گورجی کەو ڕەفتار نەزەر ناکەی ئەرۆی ئۆغر**
**لەتیری ئاهی ناکامیم حەزەر ناکەی ئەرۆی ئۆغر**
**بەدووتا ئەشکی حەسرەت خوێن ئەبارێنێ بەسەر دەشتا**
**تەماشای لالەزاری ڕاگوزەر ناکەی ئەرۆی ئۆغر**
**لەلای خەڵقی گەدایە گەردی ژێر پێی مولکی دڵداری**
**بەسایەت وەک هوما تاجم لەسەر ناکەی ئەرۆی ئۆغر(١٩).**

ئیتر بێ سوودبووە لە گۆشەگیریدا دەستی پاڕانەوەی نەگەییوەتە یار، دەبێتە خاک لەژێر پێیدا تا بەسەریدا گوزەر بکات، بەڵکو تۆزەکەی داوێنی بگرێ، ئەم وێنە شیعرە جوانەی گۆران کێشاویەتی لە پاڵیدا واقیعێک دەگێڕێتەوە.

**بەکوڵ گریان لە چاوم دێ، گوڵی لاولاوی ڕەنگاوڕەنگ**
**لەبەرچی سیس ئەبی وا زوو؟ چییە؟ ئەسبابی ژاکانت؟**
**هەموو تاوێکە ڕۆژهەڵهاتووە، بۆچی وەها بێدەنگ**
**ئەژاکێی؟ توخوا، ئەی گوڵ، صەبر. دەستم بە دامانت.!(٢٠)**

چوواندنی یار بەگوڵی لاو لاو، جۆرە هونەرێکی لێکچواندنە، کە شاعیر دەیەوێ بەهۆیەوە لێی بپرسێ و بزانێ بۆچی سیس دەبێت و هۆکاری ژاکانەکەی چییە؟ لە هەمان کاتدا شاعیر وەسفی دیمەنێک دەکێشێت کە تازە ڕۆژ هەڵاتووە، بەڵام یارەکەی ئەم کز و مات و مەلوولە، لەگەڵ ئەوەشدا گۆران نائومێد نابێ و دەڵێ:

**لە لالەزاری جوانیت نیشانەیەک مابێ**
**هەر ئەو فوغانەیە ئەڕژێ ماتەمی یاران**
**هەر ئەو دڵۆپەیە ئەتکێ لە دیدەیی گریان**
**بەڵام ئەمین بە شەووڕۆژ هەتا بەرو دوا بێ**
**فوغان و گریە بەشوێنتا بڕانەوەی نایە**
**فوغان و گریە پاش تۆ هەتیوی سەودایە!٩٦(٢١)**

گۆران وێنەی شیعرەکەی خۆی جوان لەسەر ڕوخساری یارەکەی کێشاوە.

گۆران لە شیعرەکانیدا خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات، بەتایبەتی لەو شیعرانەی کە ڕاستەوخۆ وێنەی دیمەن و کەژ و کێوە دڵڕفێنەکانی کوردستان دەکێشێ و عیشق و سەرسامی خۆی بەیان دەکات، وێنەی وێنەکێشێکی دەستڕەنگین وێنە دەکێشێ ئەوەتا دەڵێ:

**ئەملا یەک پەڵە ئەولا یەک پەڵە: هەوری ڕەنگاوڕەنگ**
**لەناوەڕاستا بەدەم ئاسۆوە ڕۆژی شۆخ و شەنگ!**
**سەوزە گیا پاراو، گوڵ و گوڵاڵە مەستی ڕەنگ و بۆ،**
**درەخت تازە شین، سەر لق ڕازاوەی گوڵ، گەڵا، چرۆ...**

تا دەڵێ:

**بەڵام وەک ئێوە لە دڵما ئەگەڕێت مەیلی سەربەستی،**
**ئەمەش ئایینم وەک ئایینتانە: هەردە پەرستی!**

ئەو وێنە شیعرییەی گۆران لە هۆنراوەکانیدا کێشاویەتی، بە تایبەتی لە هۆنراوەی وەسفی (دیمەنێکی بەهار) ئەوە زۆر شارەزایانە هەموو کەرەستەکانی نێو بەهاری گواستووەتەوە نێوی دێڕی هۆنراوەکەی بەشێوەیەک لە هەر کەرەستەیەک وشەیەک و لە هەر دیمەنێک دێڕێکی شیعری پێ دارشتووە، کە ئەمەش بۆ بەتوانایی و دەستڕەنگینی ئەم شاعیرە دەگەڕێتەوە بەکارهێنان و خواستنی ئەم جۆرە وشانە لە سروشتدا و بەکارهێنانی لە شیعر خۆی لە خۆیدا داهێنان و ئەفراندنی گەرەکە کە خۆی گۆران بەهۆیەوە جۆرە وێنەیەکی شیعری

جوانی دروست کردووە و ئەو دەزانێ، کە ئەوەی بکەوێتە داوی عــیــشق و هەوای ســروشــتی جــوان و بە بڕشــتی نیشتمان ئەوە دەبێ دیمەنە دڵڕفێنەکانیشی جوان بناسێ:

**سەرتاپای چیمەن دەرئەدا چین چین مرواریی ئاونگ**
**چەشنی تارای سەوز ئەدرەوشێتەوە، لێی ئەتکێ پرشنگ**
**نەسیمی بۆن خۆش، کزە بای فێنک، وەک نەوای ئیلهام**
**سەمای جوانیی پەریی تەبیعەت دێنێتە ئەنجام(٢٢)**

گۆران وێڕای کێشانی وێنە هونەرییەکان ئەوە وێنەی کەسێکی تۆمارکەر دەنگی قاسپەی کەو نەغمەی چۆلەکە و بلبلی کوردستانیشی تۆمارکردووە، بەشێوەیەک تەواوی واقعی جوانی کوردستانی گواستووەتەوە نێو دیمەنە شیعرییەکان: (٢٣)

**قاسپە قاسپی کەو، نەغمەی چۆلەکە و بلبلی دەنگ خۆش**
**پیاڵەی نەشئەی حەتتا بە ڕوحی بەردیش ئەکا نۆش!**

بێجگە لە قاسپە قاسپی کەو و نەغمەی چۆلەکە و باڵندە، ئەوە گۆران ئاوازی گریانی بە کوڵ و قاقای پێکەنینی مرۆڤیش لە وێنە شیعریەکانیدا پیشان دەدات و هەموو ئەمانە بە دنیایی سەرمەستی و هەڵقوڵین و بڵقەبڵقی کانییە ڕوون و سازگارەکانی کوردستان دەچوێنێ:

**وەک بگری بە کوڵ دنیای سەرمەستی قاقای پێکەنین،**
**لەهەموو عاستێ فرمێسکی کانیی گەرمی هەڵقوڵین!**

هەڵبژاردنی ئەو وێنە شیعرییانە و پیشاندانی سروشتی کوردستان وەک خۆی کە هەیە خزمەتێکی بە بواری نیشتمان و کەژوکێو و ژینگە و سروشت، کە شاعیر بەهۆیەوە شیرینی کوردستان سەد هێندە لە دڵ و دەروونی هەوادارانی شیرینتر دەکات، بۆیە وێڕای سروشت شاعیر تەنانەت لەگەڵ باڵندە و مەل و چۆلەکاکانی کوردستانەکەشی دەدوێ و پێیان دەڵێ:

**مەلی سەر بنچک، پەل و پۆ ڕەنگین! خۆ من هەڵۆ نیم!**
**لێم مەفڕن جووت جووت، مەترسن ئاخر پێتان بڵێم چیم:**

شاعیر جۆری باڵندەکانیشی نیشان داوە بەوەی کە مەلی سەر بنچک لە ترسی هەڵۆ واتە (باز) ڕادەکەن و دەفڕن، کێشانی ئەم وێنانە پیشاندانی حەقیقەتی جۆر و نەوعیەتی باڵندەکانیشە، واتە شاعیر لەنێو ژینگەی کوردستانەکەی کاری کردووە و شێواز و جۆری هەر یەک لە باڵندەکانیشی نیشان داوە، بۆیە پێیان دەڵێ:

**منیش وەک ئێوە لە دنیای گەورە گەردێکم بچووک،**
**حەتتا ناشتوانم بفڕم، بخوێنم، بە باڵ بە دەنووک!**

گۆران گەرانی باڵندەکانی لەم چڵ بۆ ئەو چڵ بە پیشاندانی جۆرێک لە سەربەستی لە قەڵەم داوە، بۆیە خۆی بە باڵندە و چۆلەکە و مەلەکان دەچوێنێ و پێیان دەڵێ هەرچەند منیش وەک ئێوە گەردێکم لەنێو دنیا، بەڵام ناتوانم بفڕم، وێڕای ئەوەی کە گیان و مەیلی سەربەستی هەمیشە لە دڵمدا گڕ دەگرێت.

وێنە لە باری چەسپاو: گۆرانی شاعیر هونەرمەند و بەهرەدار بووە لە پیشاندانی دیمەن و وێنەی شیعری بۆ هەردوو باری چەسپاو و جووڵاو، ئەوەتا بۆ باری وێنەی چەسپاو چەند دیمەنێکمان پیشان دەدات، کە خوێنەر وێڕای شاعیر هەست دەکات نوقمی نێو دەریای خەیاڵ و بیرکردنەوە و ئەندیشە و کێشانی دیمەنێکی چەسپاو دەبێت، کە دەڵێت: (٢٤)

**تاریکە شەوێ: نوقمی ڕەشی چیهرەیی دنیا،**
**دیلی تەمی ئەسرار بوو دەروەدەشتی حەقایق،**
**چووبوونە پەنا پەردەیی خەو کەون و خەلایق...**
**موستەغریقی ئەندێشە ئەبوو ساهیری تەنیا!(٢٥)**

گۆران هونەری لێکچوواندنی تاریکی شەو و نوقمی ڕەشی چیهرەیی دنیای ئاوێتەی یەکدی کردووە، بەمە وێنەیەکی هونەری شیعری جوانی لەباری چەسپاو نیشان داوین، کە وێنەکە خامۆشییەک و تاریکییەک باڵی بەسەردا کێشراوە، بەمەش هەموو شتەکان نوقمی خەیاڵ و تاریکی و بێدەنگی چەسپاو بوون.

**تاریکی، تەمی دەشتی دڵ و تانەیی سەرچاو،**
**شاباڵی پەخش کردبوو تاکو ئەبەدییەت..**
**بێ دەنگی لە چوار لاوە موهاجیم و خرۆشاو،**
**وەک زوڵمەتی شەو نەیبوو ئەویش نووک و نیهایەت. (٢٦)**

پیشاندانی دیمەنی بێدەنگی و خامۆشی خۆی لە خۆیدا پیشاندانی وێنەیەکی هونەری شیعری لەباری چەسپاوە، بەوەی هەموو شتەکان بێدەنگ و بێ جووڵە و بێ هاژە و قاسپە بوون، ئەمەش جۆرە چەسپاوییەک بە بارەکە و بە دیمەن و وێنە شیعرییەکە بەخشیوە. کاتێک دەڵێت:

**لە بانگی شێوان، لە ئاسمانی خۆرنشین،**
**ئەستێرەیەک ئەجریوێنێ: گەش، شیرین!**

ئەمە پیشاندانی وێنەیە لە باری جووڵاو بەوەی کە ئەستێرە پرشنگ دەدا و وێنەی باڵندە دەجریوێنێ و

پرشنگدان و تیــشکدان خــۆی لە باری جــوولاوە نەک چەسپاو، یان دەڵێ:

**بەڵام ئێستا ئەو بە ئەسپایی بەرەو خوار**
**هەڵ ئەخلیسکێ، کزکز، ئەگاتە لێوار،**

ڕۆیشتن و هەڵخلیــسکان تا گــەیشتن بە لێــوار پیشاندانی وێنەیە لە باری جوولاو، بەڵام کە دەڵێ:

**گیا وەردی پاییز، سەوزی نەرم و نۆڵ،**
**قەیفە پۆشی ڕووی تەختی خاک و خۆڵ!**
**دڵگیری جوانی بێ دڕک و داڵی،**
**دوا یادگاری بەدیعیساڵی.(٢٧)**

ئەمە پیشاندانی وێنەیەکی هونەریی شیعری جوانە لە باری چەسپاو، کە وێنەی دیمەنی دەشتودەری لە بارێکی چەسپاوی سەرنجڕاکێش بۆ کێشاوین، بەشێوەیەک جۆری گیا و نەرمونۆڵی گیاکە و تەختیی خاکەکەشی بەوێنەی شیعری کێشاوە، سەرسامی و دڵگیری خۆیشی بۆ پیشان داوە. ئەوەشی پیشان داوە کە هەموو ئەمانە لە پاییزدان و بوونەتە دوا یادگاری بۆ کۆتایی وەرزی بەهاری ساڵ. لە هۆنراوەکاندا دەبینین گۆران دیمەنی کوردستانی هێندە جوان و شیرین وەسف کردووە تا ئەو ڕادەیەی لەنێو شیعرەکاندا هەست بە لەززەت و تاموچێژی سروشت دەکەی، یان لەنێو دیمەنە شیعرییەکاندا وادەزانی کە خۆت ئێستا لەنێو دیمەن و کات و وەرزی ئەوکاتەدای کە شاعیر وێنەی کێشاوە:

**بەڵێ! بگری هەور، بارانی پایز، بێ وچان بگری،**
**لەسەر باغچەی گوڵی وا سیس ئەبێ ئاخر چڵی عومری!**
**بگرمێنێ، تەپ و نم دابکا، بیکاتە شەست، هەرگیز،**
**نەوەستێ قوڵپی گریانی، نەوەستێ هەورەکەی پایز،**

بەجۆرێک لەگەڵ خوێندنەوەی دەقی تێکستەکە ڕۆدەچێتە نێو دیمەنی وەرز و کەژێکی باراناوی پڕ لە گرمە و هەورە تریشقە و برووسک جۆرە هەوایەک کە نەشئەیەکی خۆش بە گیانی خوێنەر دەبەخشێ، ئەمە وێنەیە لە باری جوولاو و کاتێک دیمەنی پاییز دەکێشێ دەچێتە وێنە لە باری چەسپاو.

**تەبیعەت زەردو ژاکاوە، لە حاڵی گیان کەنشتایە،**
**نیشانەی ماتەمی پاییز لە فرمێسکی درشتایە!(٢٨)**

ماوەیەتی بڵێین: ئەو زمانە ئەدەبییەی گۆران لە کۆمارە شیعرییەکەی خۆیدا بەکاری هێناوە، ئەوە کاریگەریی بەسەر شاعیرانی دیکەی دوای خۆی جێ هێشتووە، کە وێڕای کێش و سەرواو ئەوە گۆران بووە سەرەتاو هەوێنی لە دایکبوونی قۆناغێکی نوێ لە شیعری کوردی، لە هەموو ڕوویەکەوە چ وەک کێش و سەروا و چ وەک زمانی شیعری و چ وەک وێنەی هونەری شیعری کە کەسێکی، وەک: گۆران کە لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی زۆر کارامە و لێهاتوو بووە و سوودی لە ئەدەبیاتی بیانی وەرگرتووە، گواستوویەتییەوە نێو ئەدەبیاتی کوردی و لە شیعرەکانیدا زۆر وشەی کوردی سادە و ساکار و جوانی بارگاوی بە تاموبۆی کوردەواری و نەغمە و ئاواز و ترپە و ڕیتم و مۆسیقای کوردانە تەژی لە وێنەی شیعری جوان بەکارهێناوە.

## جۆرەکانی وێنە بەپێی ئاستی پێکهێنانیان

وێنەی هونەری لە ڕووی چۆنیەتی پێکهاتنەوە وەک یەک نین، بەڵکو چەند ئاستێکی جیاواز لە پێکهاتنیان بەرچاو دەکەوێ، بەم شێوەیە:

وێنەی تاک: ساکارترین شێوەی وێنەی هونەرییە لە ڕووی پێکهاتنەوە بەوەی بریتییە لە وێنەیەکی پاژەیی دیاریکراو، ئەم پێکهاتە سادەیە لەوانەیە بچێتە ناو بنیادی وێنەی لێکدراو کە شێوەیەکی گشتی ترو ئالۆزتری هەیە(٢٩)، یان کۆمەڵە وێنەیەکی تاک دەچنە پاڵ یەکدییەوە و وێنەیەکی گشتی پێکدەهێنن. وێنەی تاک دوو جۆرە:

أ- وێنەی وەستاو: ئەو وێنانەن، کە گیانیان تێدا نییە، چونکە لە دەرەوەی هەڵچوونەکانەوە دروست دەبن و ناتوانن بەردەوام بن و لەسەر ڕووی شیعرەکە گەشە بکەن.

**تاریکی، تەمی دەشت و دڵ و تانەیی سەرچاو،**
**شاباڵی پەخش کردبوو تاکو ئەبەدییەت**

ب- وێنەی گەشەسەندوو:ئەو وێنەیەیە، کە لە سنووری گشتیدا ناوەستێ، بەڵکو لە باری تایبەتیدا گەشە دەکات و لە سیماکانی ئەو بارە تایبەتییانەیە، کە بەشێوەیەکی دەوڵەمەندتر و پڕ لە ژیانتر دەیانخاتەڕوو(٣٠).

**لە پرشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ،**
**لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ!**
**وەک ئەو گوڵەی ئەیدا لەسەر نازدارێ،**
**تیر نابێ لێی هەر چاوێ بۆی ئەنوارێ!**

وەک دەبینین شاعیر لە وێنە شیعرییەکەدا لە بارێکی

تایبـەتیـدا ناوەسـتێ، بەڵکو گەشـەی بەوێنەکـە کـردووە بەوەی کـە وێنەی یـارەکـەی دەکـێـشێ کـە لە بنچـینـەدا بە ئەستێرەیەکی چواندووە.

### بنیادی وێنەی تاک

وێنەی تـاک بەگــەلـێ شـێــواز دروست دەکــرێ، هەر شـێـوازێکیـشی ڕێبـازێکی تایبـەتی لە دروست کـردنیـدا هەیە وەک:

شێوازی هەست گۆڕکێ: بریتییـە لە ئاڵۆگۆڕی سیفـات و ئەرکی هەسـتـەکان بە بەکارهێنانی یەکێ لە هەستەکان لەبری یەکـێـکی دیکە بۆ گــوزارشت کــردن لە بـارێکی دەروونی:

**منیش یەکێ لەو تەماشاکەرانەم،**
**دڵ گیرۆدەی ئەم جوانیی ئێوارانەم،**
**لەسەر گردێ بەرانبەری ئەوەستم،**
**کەیلی بزەی ئەبێ سرنجی مەستم!**

وەک دەبینین شـاعـیـر هەسـتـەکـەی لەنێـوان عـاشق و مەعشووقدا ئاڵوگۆڕ پێ دەکات، کە مەنەلۆجێکی ناوەوە لەنێــو گــیــانی خــۆیدا، بۆ چۆنیــەتی ئاڵـوگــۆڕکــردنی هەستەکان دروست کردووە.

شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی درک پێکراو: ئەمیش دەبێتە:

ا- بەرجەستەکردن، کە بەرانبەر بە تەجسیدی عـەرەبی دێت، کـە لە جـەسـەدەوە وەرگـیـراوە و ناونراوە جـەسـتـە، شـاعـیـر لێرەدا مـەبەسـتـیـەتی وێنەی شیـعـرەکـەی لە تابلۆیەکدا بەرجەستە بکات:

**جادە چۆڵ و سێبەر بوو، کاتی بەیانی،**
**ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی:**
**بۆ سەوزایی دەور و پشتم بۆ ئاسمان،**
**بۆ شاخی بەرز، خانووی تازە، دنیای جوان...**
**ئەڕۆیشتم: بە ئەسپایی، کش و مات،**
**لاشە سست و دڵ کەیلی تاسە و ئاوات!**
**لەپڕ نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی،**
**بەرانبەرم بەژنێک دەرکەوت وەک پەری!**
**لەگەڵ ئەوەی لە عەباوە ئالا بوو،**
**لە دیمەنی شیرینی ئاشکرا بوو٣١.**

شاعیر وێنە هونەرییەکەی لە جادەیەکی چۆڵ و سێبەردا بەرجەستە دەکات، بۆ ڕوانینی سەوزایی و شاخی بەرز و خانووی بەرز و جوان، لە پڕ شۆخێک بەرجەستە دەبێت.

ب- بەتەنکردن: ئەم چەمکە هەوڵدەدات شــــتــــە ژێرییەکان بکات بەهەستی، واتە بەسەرداکێشانی کراسی هەستی بەسەر ژێریدا:

**دەست و پەنجە و مەچەکێک و نیگایەک**
**چی بنووسم؟ خوایە هێزی ئینشایەک!**
**قۆڵ و مەچەک ساف و سپی وەک شووشە،**
**سەرپەنجەکان یاقووتێک بوون بە ورشە،**
**بێنە سەر چاو: چاوێک... بڵێم چ چاوێک؟**
**کانیی سیحر، دەریای عیشوە، گێژاوێک،**
**کەوا کەوتە بەر شەپۆلی هەستی من،**
**لەو ڕۆژەوە هەر نوقم ئەبێ بەرەو بن!٣٢**

گۆران یارەکەی لە کانییەکی سیحراویدا بەتەنکردووە، بەوەی کە وێنەی یارەکەی بەشێوەیەک دەکێشێ، کە قـۆڵ و مەچەک و سەرپەنجەکان وەک یاقـووت و چاوێکی پڕ لە ناز و زەریای عـیـشـوە دەچوێنێ وەک تەنێک بەرجەستەی کردووە و کاتێک سەرپەنجەکـانی یـارەکـەی دەبینێ ئیدی نرخ و بەهای هەمـوو یاقـووتەکـانی لای نامـێنێ، چونکە ئەوان بۆ خۆیان یاقووتێک بوون بە ورشە.

ج- بەکەس کردن: شێوەیەکە لە شێوەکانی خواستنی درکاو بەکەس کردن خستنەسەری سروشتی مرۆڤە بۆ ئەو شتانەی کە بێ گیانن(٣٣).

**عاسمانی شین و ئەستێرەکانی**
**پێدەکەنین بۆ بەری بەیانی،**
**گڵۆپەکانی سەر جادە و کۆڵان،**
**زەرد هەڵگەڕابوون کز کز ئەسووتان.**
**دەڕژا لەسەردا کزەبای بەیان،**
**ئەیلەرانەوە کولەو پەردەکان.**

وەک دەزانین ئاسمان پێ ناکەنێ، بەڵام گۆرانی شاعیر لە وێنەی کـەسێکدا بەرجـەسـتـەی کـردووە، کـە بۆ بەری بەیانی پێدەکەنێ.

١- شـێـوازی لێکچـواندن:لێکچـواندن بریتــیــە لە چواندنی شتێک کە سیفەتێکی کزی هەیە بە شتێکی پتر کە هەمان سیفەتی بە شێوەیەکی ئاشکرا تێدایە:(٣٤)

**گوڵەبەڕۆژەی قژ زەردی چاو کاڵ،**
**مل کەچ وەستابوو: سەرگەرمی خەیاڵ!(٣٥)**

٢- شـێـوازی وەسـفی ڕاسـتـەوخۆ: ئەو شێـوازەیە، کـە شاعـیـر بەشـێـوازێکی ڕاسـتـەوخۆ گوزاشت لە شـتـەکـانی دەوروبەری دەکات، بەڵام خـەیاڵی خۆی دەخاتـە سەرو لە

بەرگێکی ڕازاوەی شیعریدا دەریان دەبڕێت:

**پێستی سپی بە خوێنی گەش مەیلەو ئاڵ**
**کوڵمی قەڵەو چەناگەی ناوەڕاست چاڵ**
**دەم و لێوی وەک گوڵی بەر بەیانی**
**ئەمانە گشت.. گەلێکی تریش جوانی،**
**وەک لەنجەو لار، زەردەخە، نەغمەی دەنگ**
**شەرمی تاو تاو، نازکردنی ڕەنگاوڕەنگ**
**هەمووم دیون، کاریان کردۆتە هەستیم**
**سەردەمێکی عومرم بوونە هۆی مەستیم**
**هەموو یەک یەک یاخۆ دەستە بە دەستە**
**ناخی گیانیان بۆ پڕ کردووم لە بەستە!**

گۆرانی شاعیر بەشێوازی ڕاستەوخۆ وەسفی شتەکانی دەوروبەری، یان ڕاستتر بڵێین بەژن و باڵای کچانی شۆخوشەنگ دەکات ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ بینیویەتی و سەردەمانێکی ژیانی بوونەتە هۆی مەستی.

وێنەی لێکدراو: بریتییە لە دوو وێنەی تاک، یان پتر کە یەکیان گرتووە و ئاوێتەی یەکتر بوون و وێنەیەکی لێکدراویان پێکهێناوە، کە ئەمیش دوو جۆری بۆ دیاریکراوە:٣٦ ا- لێکچوواندنی لێکدراو ب- کەڵەکەبوونی وێنە:

**من فرمێسکم، تۆ بارانت،**
**من هەناسەم، تۆ بای ساردت،**
**من خەم تۆ هەوری گریانت،**
**دوایی نایە، دادم دادت.**

شاعیر وێنەی خۆی و بارانی کێشاوە بەشێوەیەک وێکی چوواندوون کە وەک وێنەیەکی لێکدراو دێنە بەرچاو.

وێنەی گشتی: بریتییە لە کۆی گشت وێنە تاک و لێکدراوەکان، کە ئاوێتەی یەک بوون و لە چوارچێوەی هۆنراوەیەکدا خراوەتەڕوو، وێنەی گشتی، واتە تەواوی هۆنراوەکە، کە ئەمیش بەپێی بنیادنانیان سێ جۆری بۆ دەستنیشان کراوە:

١- بنیادی کۆپلەیی: لەم جۆرەدا وێنەی گشتی لە چەند کۆپلەیەک پێکدێت، هەر کۆپلەیەک لە چەند وێنەیەکی تاک و لێکدراو پێکهاتووە:

**بەشەپۆلی گەڵای سەوزا کە ڕوانیم،**
**سۆزی لەرەی نوێ ئەچێتە گۆرانیم،**
**وەک شووشەی عەتر وشەکانی هەڵبەستم**
**ئەگرن بۆنی گوڵی لەیلاخی دەستم**

٢- بنیادی واژۆیی: لە شیعری هاوچەرخدا شیعرێک هەیە لە چەند دێڕێک پێکدێت و بیرێکی خەست و قووڵ دەخاتەڕوو، کە پێی دەوترێ شیعری وێنە، یان واژۆیی، لە کوردیدا پۆستەرە شیعرە.

**هەتا دەگاتە لووتکەی شاخی سەربەست**
**تاج ئەبینێ و تیر ماچ ئەکا پێچکەی تەخت.** (٣٧)

٣- بنیادی بازنەیی: بازنە لە خاڵێکەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە ئەو خاڵەی کە لێیەوە دەستی پێ کردووە، ئینجا چێوەکەی تەواو دەبێ، بنیادی بازنەییش دەست پێکردنی شیعرە بە هەڵوێستێکی دیاریکراو، ئینجا جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە سەر هەمان هەڵوێست بۆ ئەوەی شیعرەکە کۆتایی پێ بێنێت و هەندێک جاریش شاعیر پەنا دەباتە بەر دووبارەکردنەوەی ئەو دێڕانەی کە لێیەوە دەستی پێ کردووە(٣٨).

**بە کوڵ گریان لە چاوم دێ، گوڵی لاو لاوی ڕەنگاوڕەنگ!**
**لەبەرچی سیس ئەبێ وا زوو؟ چییە ئەسبابی ژاکانت؟**
**هەموو تاوێکە ڕۆژ هەڵهاتووە، بۆچی وەها بێدەنگ**
**ئەژاکێی؟ توخوا، ئەی گوڵ، صەبر.. دەستم بە دامانت!**

**ئەنجام**

لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان لە بارەی وێنەی هونەری لە چەند شیعرێکی گۆران گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- گۆران لە هونەری هۆنینەوە و وێنەکێشاندا شاعیرێکی زۆر باڵا دەست بووە، وێنەی شیعری بۆ تەواوی لایەنەکانی چەسپاو و جووڵاو تاک و کۆ کێشاوە.

٢- لە هونەری ڕازاندنەوە و وێنەی شیعری شاعیرێکی لێهاتوو و بەتوانست بووە، بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ سروشت کردووە، کە هەموو کەرەستەکانی گواستووەتەوە نێو دەقی شیعری.

٣- ڕەگەزەکانی شیعری زۆر بە وردی لەنێو تێکستی شیعرەکانی هەست پێ دەکرێ، ئەوەی بیەوێ خۆی لە قەرەی شیعری گۆران بدات، دەبێ شارەزاییەکی باشی لە هونەری هۆنینەوە و وێنەکێشان و خەیاڵ و داهێنان و ئەفراندن هەبێ.

٤- وشەبازی و بەکارهێنانی وشەی ناسک و جوان لای گۆران زۆر بەهێزە.

٥- وێنەی هونەری شیعری لای گۆران زۆر بەرزە، وێڕای سروشت گۆران قاسپەقاسپی کەو و نەغمەی چۆلەکە و باڵندە و بلبلی کوردستانی بە ئاوازێکی موزیکی لەنێو ترپە و ڕیتمێکی شیعری بۆ کێشاوین.

٦- لە هۆنراوەکانی گۆراندا ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە سەرباری زمانی کوردی ئەوە گۆران شارەزایی و دەسەڵاتێکی باشی لە زمانی عەرەبی و ئینگیلیزیدا هەبووە.

٧- گۆران یەکێکە لەو شاعیرانەی کە هێماکانی خاڵبەندی بەشێوەیەکی دروست لەنێو شیعردا بەکارهێناوە، بەجۆرێک وەک تەواوکەری واتا مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.

٨- گۆران بە زمانێکی ئاسان و کوردییەکی ڕەوان و بیرێکی سادە هۆنراوەکانی نووسیوە و وێنەی شیعری کێشاوە.

**پەراوێزەکان:**

**(١) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی: بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، لا٢٥.**

**(٢) هەمان سەرچاوە. لا٣٢.**

**(٣) و- عەزیز گەردی: هونەری شیعر (شیعر ناسی): ن، ئەرستۆ: چاپ و پەخشی ڕێنما: سلێمانی ٢٠٠٤ لا ١١٨.**

**(٤) محەمەد کوردۆ: گەڕان بەدوای شیعر و جیاوازیدا: بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی: ٢٠٠٦، لاپەڕە ٧٣.**

**(٥) سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، لا ٣٤.**

**(٦)**

**(٧) سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، لا٢٣.**

**(٨) سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، لا ١٩٨.**

**(٩) هەمان سەرچاوە، لا٢١٠.**

**(١٠) د. ئەحمەدی مەلا، مەحوی لەنێوان زاهیرەت و باتینیەت سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشوقدا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس: ٢٠٠١، لا٣١٧.**

**(١١) سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، لا٤٨.**

**(١٢) زمن الشعر- ادونيس (علی احمد باكثير) دار العودة، بيروت، ١٩٧٢، ص٦٢.**

**(١٣) سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، لا٤٦.**

**(١٤) سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، لا٨٢.**

**(١٥) زمن الشعر- ادونيس (علی احمد باكثير) دار العودة، بيروت، ١٩٧٢، ص٩٢.**

**(١٦) سەردار ئەحمەد گەردی: بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا: (١٩٧٠-١٩٩١) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی ٢٠٠٤ لاپەڕە ٨٩.**

**(١٧) سەردار ئەحمەد گەردی: بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا: (١٩٧٠-١٩٩١) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی ٢٠٠٤ لاپەڕە ٩٠.**

**(١٨) سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، لا١٢٦.**

**(١٩) هەمان سەرچاوە، لا١٦٤.**

**(٢٠) سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، لا٢٢٣.**

**(٢١) هەمان سەرچاوە، لا٦٩.**

**(٢٢) سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، لا٨٤.**

**(٢٣) الصورة الشعرية، سی دی لويس، ترجمة د. احمد نصيف الجنابي و اخرون، الكويت، ١٩٨٢.**

**(٢٤) الصورة الشعرية، سی دی لويس، ترجمة د. احمد نصيف الجنابي و اخرون، الكويت، ١٩٨٢.**

**(٢٥) سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، لا١٧١.**

**(٢٦) هەمان سەرچاوە لا١٧١.**

**(٢٧) سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، لا ١٦٧.**

**(٢٨) هەمان سەرچاوە، لا ١٦٦.**

**(٢٩) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، ١٩٧٠تا ١٩٩١ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لا١٢٤.**

(٣٠) هەمان سەرچاوە. لا١٢٦.

(٣١) سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، لا٩٢.

(٣٢) هەمان سەرچاوە، لا ٣٤.

(٣٣) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، ١٩٧٠تا ١٩٩١ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لا١٤٢.

(٣٤) ثورة الشعر الحديث، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٢.

(٣٥) سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، لا١٣٧.

(٣٦) ثورة الشعر الحديث، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ص٩٢.

(٣٧) سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی: محەمەدی مەلا کەریم، بەرگی یەکەم، لا١٩٤.

(٣٨) سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، ١٩٧٠تا ١٩٩١ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لا١٥٦.

سەرچاوەکان:

١- گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە، عومەر مەعرووف بەرزنجی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٢- کاروانی شیعری نوێی کوردی، کاکەی فەلاح، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

٣- سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوە و ئامادەکردن، محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٠.

٤- محەمەد کوردۆ: گەڕان بەدوای شیعر و جیاوازیدا: بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی: ٢٠٠٦.

٥- سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی: بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤.

٦- ئەحمەدی مەلا، د. مەحوی لەنێوان زاهیرەت و باتینیەت سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشووقدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس: ٢٠٠١.

٧- عەزیز گەردی: هونەری شیعر (شیعر ناسی) (وەرگێڕان): ن، ئەرستۆ: چاپ و پەخشی ڕێنما: سلێمانی ٢٠٠٤.

٨- زمن الشعر- ادونيس (على احمد باكثير) دار العودة، بيروت، ١٩٧٢.

٩- حوار الاشكالات الشعرية الحديثة، د. عبدالواحد لؤلؤه مهرجان المربد الشعري السادس- وزارة الثقافة و الاعلام- بغداد، ١٩٨٢.

١٠- ثورة الشعر الحديث، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٢.

١١- الصورة الشعرية، سي دى لويس، ترجمة د. احمد نصيف الجنابي و اخرون، الكويت، ١٩٨٢.

١٢- العملية الابداعية في فن التصوير، د. شاكر عبدالحميد، عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة و الفنون والادب، الكويت، ١٩٧٨.

# خوێندنەوەی «ئێوارەیەک وەک خەونی مەیموون»

ئەحمەد چاک
(بۆکان)

ئەگەر سەرنج بدەینە سەردێڕی ئەم چیرۆکە، دەبینین کە خاوەنی وێچواندنێکی سەیر و جوانە؛ ئێوارە وەک خەونی مەیموون. ئەمەش نیشان دەدا کە ڕەنگە ڕۆڵی زمان لەم چیرۆکەدا ڕۆڵی زمانی ئاسایی نەبێ و ڕۆڵێکی تاک و دوور لە ئاسایی وتن بێ. بۆ یەکەم جار بەر لە خوێندنەوە، کە سەردێڕی ئەم چیرۆکەم بینی، تووشی سەرە گێژەی زۆر بووم و چەند پرسیار لە زەینی مندا چەکەرەیان کرد. چۆن ئێوارەیەک دەتوانێ وەک خەونی مەیموونێک بچێ؟ بەشەکانی ئەم وێچواندنە دەگەڕێنەوە سەر چی؟ بڵێی سەروکاری من لەگەڵ شیعرێکی پۆست مودێرن نەبێ؟ من چۆن دەبێ ئەم چیرۆکە بخوێنمەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارانەم لە درێژەی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا دۆزییەوە و پێم وایە کە هەموو وەڵامەکان دەکرێ لە درێژەی ئەم خوێندنەوەیەدا دەستەمۆ بێ. بەم جۆرە: مەیموون نازناوی کەسایەتی سەرەکی ئەم چیرۆکەیە کە لە کۆتاییدا بە هۆی خەون و خولیایەک دەمرێ.


کاتێک توانیم وەڵامی ئەم پرسیارانە بدۆزمەوە کە زانیم کارکردی زمان لەم چیرۆکەدا کارکردێکی تاکە؛ ئەویش بە کەڵک وەرگرتن لە وێچواندن و ڕاوێژێکی تایبەتەوە، توانراوە هەموو بەشەکانی پێکەوە بارگاوی بکرێ و لە سەردێڕەوە تا کۆتایی دەتوانێ کارتێکەرییەکی تایبەتی لەسەر خوێنەر هەبێ.

ڕەنگە گەڕانێکی ئێسکۆلزی یارمەتی ئێمە بدات کە بتوانین باشتر تایبەتمەندی زمانی ئەم چیرۆکە تاووتو بکەینەوە. ڕابێرت ئێسکۆلز پێی وایە کە دوو دیاردەی ڕاوێژ و تایبەتمەندی خوازەیی خاوەنی گرینگایەتییەکی تایبەتن، هەربۆیە لە کتێبی توخمەکانی چیرۆک، لە لاپەڕەی ٢٩دا بەم شێوەیە دەنووسێ: «لە هەموو ڕەهەندەکانی زماندا کە دەتوانین لە بەر چاویان بگرین، دوو ڕەهەند بۆ خوێنەری چیرۆک گرینگایەتی تایبەتیان هەیە. وا وێدەچێ کە لە هەردووکیاندا قەریحە، یان – هۆشی هونەری– بە یارمەتی زمان خۆی دەنوێنێ. یەکیان پێوەندی بە ڕاوێژەوە هەیە، یان شێوەی ئاراستەکردنی وتەی نەگوتراوە بە هۆی زمانەوە. ئەوەی تریان سەروکاری لەگەڵ خوازەدا هەیە بە شێوەیەک کە زمان بە یارمەتی ئەو دەتوانێ بە پێزترین و ناسکترین جۆری تێگەیشتن بە کۆکردنەوەی وێنە و چەمکە جۆراوجۆرەکان ڕاگوێزێ.»

چیرۆکەکە بەسەرهاتی کەسێکە بەناوی شەمزینی مەیموون کە دڵی لە گرەوی سۆزمانییەکدایە بە ناوی نەفیسە. نەفیسەش دڵی بەستووە بە کوڕێکی لاوی جوان چاک بە ناوی مەمەل نازناز. شەمزینی مەیموون، کەسایەتی سەرەکی چیرۆک، ئیرەیی بەم کوڕە دەبا؛ بە

هۆی توانستی پیاوانە کە لە دەستی داوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە نەفیسە دڵی لە شەمزین وەرگێڕاوە و دڵی داوەتە مەمەل نازنازی جوانترین کوڕی شار. ئەم ئیرەیی بردنەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاوری ڕق و ئیرەیی شەمزین زیاد بکا و مەمەل نازناز بکوژێ.

سێ کەسایەتی ئەم چیرۆکە بەم شێوەیە ئاراستە کراون: شەمزین بە هێزترین پیاوی شارەکەیە ئەو شەمزینەی زەمانی خۆی بەهێز بووە و لە ترسی ئەو کەس نەیتوانیوە چاو لە نەفیسە بکات؛ ئێستا سەرەڕای ئەوەی بەهێزە، بەڵام وزەی زایەندی خۆی لە دەست داوە. مەمەلیش جوانترین لاوی شارەکەیە؛ ئەو کوڕەی توانیویەتی دڵی نەفیسە داگیر بکا. مەمەل جوانە و لاوە و دەتوانێ نەفیسە ڕازی بکات. دەکرێ نەفیسەش وەک جوانترین ژنی شارەکە چاو لێ بکەین. ئەو کەسەی دڵی زۆر پیاوی شارەکەی بردووە و لە ترسی شەمزین کەس نەیوێراوە چاوی لێ بکات. بەم جۆرە  ئەم سێ کوچکەیەی خوارەوە ساز دەبێ.




هەروەکو باسمان کرد نازناوی شەمزین مەیموونە، کەوایە دەبێ ناشیرینترین پیاوی ئەم شارەش بێ. مەمەلیش بە ئاوەڵناوی نازنازەوە دێ کە ئەویش دەبێ کوڕێک بێ ڕێک و لەبار و جوان، بەڵام زۆر نازدارە و بۆی هەیە ژیانێکی ئاسوودەی ڕابواردبێ. ئاوەڵناوی نەفیسەش شەوچەلەیە، کە وایە دەبێ سوزمانی بێ و بۆ ڕابواردن، بەڵام ئەم ژنە لە هەمان کاتیشدا جوانە «ڕوومەتی وەک پەڕی گوڵی»ل١٢، یان «بەڵام لەش و چاوی ئەو ساحیرە جادوویەک بوو کە ڕێگای دەرباز بوونی تێدا نەبوو.» ل ١٥-١٦ لە هەمان کاتیشدا کەسێکە کە دەیەوێ سەرنجی پیاوان ڕاکێشێ. «نەفیسە ئاشقی ڕژاندنی لەنجە و... بوو» ل١٦.

بەشێکی هەرە گرینگی کارکردی زمان لەم چیرۆکەدا دەگەڕێتەوە بۆ کینایە، یان تەشەر کە بە هۆی هێندێک نازناوەوە ئاراستە کراوە. ئەم نازناوانە بە ئاشکرایی پێمان دەڵێن کە زمان لەم چیرۆکەدا ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە. نازناو لەگەڵ ڕاوێژی تەشەر پێوەندییەکی پتەویان هەیە. لەم نازناوانەدا چیرۆکنووس نازناوێک دێنێ، بەڵام مەبەستی پێچەوانەی هەیە، یان ئەوەی کە نازناو دێ و ڕاستیشە، بەڵام بەم شێوەیە هەوڵ دەدرێ هێندێک تایبەتمەندی کە کەسایەتی نیەتی بەرجەستە بێتەوە، بۆ نموونە مەمەل جوانچاکە، بەڵام وزەی پیاوێکی بە گوڕی نییە سمێڵ و شان و باهۆیەکی وای نییە. ئەمانە دوو لایەنی کینایەن، بە گشتی دەبێ بڵێم کینایە لە وێچواندن نزیکە، بەڵام مەبەست بەردەوام ئەو شتە نییە کە دەیڵێ. چیرۆکنووس بۆ پەروەردەکردنی هەر کام لەم کەسایەتییانە نازناوی تایبەت و گونجاوی خۆیانی پێ بەخشیون (شەمزین = مەیموون، مەمەل= نازناز، نەفیسە= شەوچەلە)، ئینجا هێندێک لەم نازناوانە ئەرێنین و هێندێکی تریشیان نەرێنین، بەڵام هەموویان واتای دووەمی نەرێنییان هەیە. ڕۆڵی ڕاوێژ بە هێنانی ئەم نازناوانە کە هەر کامە واتایەکی تەشەرئامێزیشیان هەیە، باشتر خۆی نیشان دەدا.

دەتوانین بە پێی هەر کەسایەتییەک ئەم نازناوانە پۆلێنبەندی بکەین:

١- شەمزین: مەیموون سەرەکیترین نازناوی شەمزینە، بەڵام هێندێک تەشەری دیکەش لە درێژەی چیرۆکەکەدا دەدرێنە پاڵ شەمزین. کە بریتین لە کاڵانی بێ خەنجەر، تاپڕی بە نێوبانگ، تووتنی گنخاو، ئەم کینایانە کە لە لایەن نەفیسەوە ئاراستەی شەمزین دەکرێن، باسی لە دەستدانی وزەی نێرمایی شەمزین دەکەن و هۆی سەرهەڵدانی گرێیەکن کە کردەی چیرۆکەکە بەدی دێنن، هەروەها نەفیسە لە جێگایەکی دیکەدا داوای هێندێک شت لە شەمزین دەکا کە لایەنی خوازەییان بەرجەستەترە: تیژترین بیباری دنیا، پەلی نەکولێو. نەفیسە ڕاست قامک لە سەر خاڵی لاوازیی شەمزین دادەنێ و بە سوخرەی دەگرێ، هەروەها مەمەل لە جێگایەکدا بە شەمزین دەڵێ مامە کە ئەویش تەشەرێکە و باس لە پیریی شەمزین دەکات.

(٢) مەمەل: نازناز کە سەرەکیترین نازناوی مەمەلە، بەڵام ئاوەڵناوێکی دیکە لە لایەن نەفیسەوە ئاراستەی

دەكرێ ئەویش سەرچەورە. لە بەشێكی دیكەدا لە كاتی كوژرانی مەمەل هێندێك ئاوەڵناوی دیكە هەن كە لە لایەن شەمزینەوە ئاراستەی مەمەل دەكرێ وەك: كۆتر، لەبلەبی و گورچیلە.

٣- نەفیسە: شەوچەلە سەرەكیترین ناویەتی، بەڵام لە دوو جێگادا هەم شەمزین و هەم مەمەل بە بەرخ ناوی دێنن. مەمەل پێی وایە ئەم بەرخە شوانی چاكی دەوێ و شەمزینیش پێی وایە كە ئەو بەرخە گاز لە مەمەل دەگرێ و دەیرووشێنێ!

ئیرەیی بردنی شەمزین (مەیموون) هۆی سەرەكی كردەی چیرۆكەكەیە كە بە هۆی پێوەندی ئەویندارانەی مەمەل (ناز ناز) و نەفیسە (شەوچەلە)وە سەری هەڵداوە و ئەو تەشەرانەی كە لە لایەن نەفیسە و مەمەلەوە ئاراستەی ئەو دەكرێ، لەدەسدانی توانستی زایەندی (جنسی) شەمزین و وزەی لاوی مەمەل دەبێتە هۆی ئەوەی كە نەفیسە هێندێك بە تەوسەوە لەگەڵ كۆنە قەسابی شارەكە، واتە شەمزین قسە بكات و هەر ئەوەش ئاگری ڕق و تووڕەیی شەمزینیان بڵێسەدارتر كردووە. هەتا ئێرە باسمان لە هێندێك لەو كینایە و تەوس و پلارانە كرد كە توانییان كەسایەتییەكان بە ئێمە بناسێنن و هێندێك لە هۆكاری كردەكانیان وەئەستۆ بگرن. دیمان كە كینایە هەم دەتوانێ كەسایەتی بە ئێمە بناسێنێ و هەم پێمان بڵێ كە پێوەندی كەسایەتییەكان لە چ ئاستێكدایە و هەمیش لە بەرەوپێش چوونی كردەی چیرۆكەكەدا چۆن یارمەتی نووسەر دەدا.

نووسەر دەتوانێ بە ئاراستەكردنی ڕاوێژ هێندێك لایەنی دەلالەتی لە دەقدا بنێتەوە كە ڕاستەوخۆ لە گێڕانەوەكەدا نەهاتوون. بەم شێوەیەی كە شەوچەلە دەدوێ زیاتر لایەنی تەشەر و تەوسی هەیە و ئاوری ئیرەیی و تووڕەیی مەیموون زیاتر دەكات. بابزانین ئەم لایەنە دەلالەتی و كردانە چۆن لە چیرۆكەكەدا ئاراستە دەكرێن:

شەمزین لە سەرەتای چیرۆكەكەدا بە نەفیسە دەڵێ:

«دەڵێن جێگامت داوە بە كۆنە كوونییەك؟» ل١١

«نەفیسە حیزانە حیلكاندبووی و هەروا كە سینگی بۆ شەمزینی مەیموون لەراندبۆوە گوتبووی:

«مەمەل ئاشقی جەحێڵیمە و بەرخە بەبەم!» ل١١

«لاڵ ببوو مەیموون» ل١٢

لێرەدا دەردەكەوێ كە پێشتر نەفیسە دۆستی شەمزین بووە و بە هۆی ئەوەی كە ئێستا پیر بووە و تایبەتمەندی نێرمایی تێدا نەماوە، نەفیسە جێگای شەمزین دەدا بە مەمەل نازناز. دواتر نەفیسە چەند تەشەر ئاوقای شەمزین دەكات:

«بە تۆ چی كاڵانی بێ خەنجەر» ل ١٢

«دەزانن تاپڕی بە نێوبانگتان بێ فیشەكە!» ل ١٢

«من پیاوم دەوێ نەك تووتنی گنخاو!» ل ١٢

ئەم وتانە دوای ئەوە دێ كە نەفیسە سمتی بەرانبەر پیاوانی قاوەخانەی عەبەكۆل لەراندبۆوە و شەمزین زللەیەكی لێدابوو و پێی گوتبوو: «مەیلەنگێنە جندە!». «كاڵانی بێخەنجەر» و «تاپڕ» تەشەرێكە كە لەدەسدانی وزەی نێرمایی شەمزین ڕوو دەكەن.

ئەم تەشەرانە ئاگری ڕق و تووڕەیی و ئیرەیی شەمزین زیاد دەكەن و كارێك دەكەن كە شەمزین سەری خۆی هەڵبگرێ و لە بەر نەبوونی توانست و بێ ئابڕوویی ئاوارە بێ. دواتر كە شەمزین لەسەفەر دێتەوە و لە نزیك ماڵی نەفیسە دووكانێك بە كرێ دەگرێ و ئاڵەت و زەردەچێوە و گیای بۆن خۆشی (بابەتی ژنان) تێدا دادەنێ. نەفیسە قۆڵ لە قۆڵی مەمەل بە بەر دەم دووكانەكەیدا تێپەڕ دەبێ و دیسان چەن تەشەری دیكەی پێدا دەدا:

«نەفیسە دەرگای بە شەمزین گرتبوو و بە برۆیەكی قیت و بزەیەكی مارانەوە، ڕوو لە نیگای پڕ لە هەوەسی شەمزین گوتبووی:

«خاڵەی دووكاندار! تیژترین بیباری دونیاتان هەیە؟!»

تەزوو و موچڕك، ئیرەیی و بوغز، ڕق و تەما» ل ١٤

یان:

«ببەخشن خاڵەی دوكاندار گۆشتتان هەیە؟ كوتە گۆشتێكیش بێ بەسمە! من ئاشقی پەلی نەكوڵیوم!» ل١٤

چاوی هەمیسان بڕیوە نێفەكەی پاتۆڵەكەی شەمزین و هەروا كە قۆڵی لە قۆڵی ئەو برۆ هەڵگیراوە توند كردبوو، بە حیلكەحیلك لە دوكان چبووە دەرێ» ل١٤.

لە بەشێكی تردا وتوێژی شەمزین و مەمەلە كە ئیدی تووڕەییەكەی شەمزین پەرە دەستێنێ، شەمزین بە مەمەل دەڵێ: «دەست لەو بەرخە هەڵگرە! عەعەیە! گازت لێدەگرێ؛ دەڕووشێی ناسك» ل١٤.

مەمەلیش دەڵێ: «ئەو بەرخە شوانی چاكی دەوێ مامە، پێم وانییە سەگت پێ بێ بۆ شوانی!» ل ١٥

نەفیسە لە جێگایەکی دیکەشدا دەڵێ:
«... وەک داخ لە سەر دڵی بنێ بە شەمزینی گوت:
ـ تۆ نازانی ئەو سەرچەورە چۆن پیاو هەڵدەگلۆفێ!
خۆی لە تاقەند و برینجەکان هەڵدەسوو.
چاوی مەیموون پڕ دەبوو لە ئاو» ل ١٦

ئەم تەشەرانە بەرەبەرە مەمەل بەرەو مەرگ دەبەن. چیرۆکنووس خۆی لە جێگایەکدا دەڵێ: «نەفیسە نەیدەزانی کە چۆن سەبارەت بە ئاوازی لەشی ئەو، چرکە چرکە خوێنی سووری جوانترین گەنجی شار دەپرژێتە نێو چاوە شەیتانییەکەی پیاوکوژترینی پیاوان» ل ١٦

ڕاوێژی تەشەر هەر بێرە کۆتایی نایە و ئەو کاتەی کە شەمزین بە تەمایە مەمەل بکوژێ پێی دەڵێ:
«کۆتر بۆ تا لای ئەو قۆرغەم لەگەڵ نایەی، بزانی بە کاری شوانی دێم یان نا؟ مەترسە قەپاڵت لێ ناگرم، بێ ددانم!» ل١٧

لە قۆرغەکە: «دەی کۆتر!» ل ١٧
«مەگری کۆتر، دڵم دەشکێ!» ل ١٨
«ئۆخەی لەبلەبی» ل١٨
«خرکە بەردێکی سەر عەرزەکەی ئاخنیبووە نێو دەمی:
ـ بێ دەنگ بی باشترە گورچیلە!» ل ١٨

ئەمە بەشێک بوون لەو تەشەرانەی کە هەتا کۆتایی چیرۆکەکە لەگەڵمان دێن و کردەی سەرەکی چیرۆکەکە توندتر دەکەن، ئەم تەشەرانە پێوەندییان بە کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەوە بوو. لەم بەشەدا چەن خوازە دەبینین کە بە تەواوی لە تەشەر و کینایە نزیک دەبنەوە. وشەکانی «کۆتر»، «لەبلەبی» و «گورچیلە» ئەم ڕۆڵە بە باشی دەگێڕن.

لە چیرۆکەکەدا ڕاوێژێکی دیکەیش هەیە ئەویش ڕاوێژی دەنگۆیە (شایعە). هەروەک دەزانین چاوگی دەنگۆ ڕوون و ئاشکرا نییە و خۆی لە ژێر سێبەری نەبوونی یەکجارەکی (عدم قطعیت) و نادیاریدا دەشارێتەوە. بە هۆی تایبەتمەندی نادیار بوونی دەنگۆ خەڵک پێیان خۆشە دووپاتەی کەنەوە هەتا بتوانن لە مەحەکی بدەن و بزانن ڕاستە، یان درۆیە. لێرەشدا بە ڕاستی خەڵک نازانن کە مەمەل کێ کوشتوویەتی و چۆن کوژراوە. چیرۆکنووس بە ئانقەست ئەم نادیار بوونە لە چەند ڕستەی سەرەتایی چیرۆکەکەدا بۆ خوێنەریش ڕادەگوێزێ.

«کردوویانە بە خەڵووز، بە دارێکیشیانەوە بەستۆتەوە!
دەڵێن بەردیان لە دەمی ئاخنیوە بڵەی ئەو بێ!
دەیانەوێ خەڵکی بترسێنن، تاوێ لووتی ژنان دەبڕن، جارێ ئەسید بە دەم و چاوی جەماوەردا دەکەن و...
جوان چاک بوو ئەو زۆڵە» ل١١.

ئەوەی کە جێی سەرنجە کاری (فعل)ی «دەڵێن» کە لە بڵاوبوونەوەی دەنگۆدا زیاترین بە کارهێنانی هەیە ـ هەڵبەت لە زمانی کوردیدا، هەر ئەمەش هۆی دیاری کردنی خاڵی ڕوانین(زاویە دید)ی چیرۆکەکەیە. لە ناو چیرۆکەکەدا چەند جار ئەم ڕوانگەیە دەگۆڕێ و لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا لە هاتوچۆ دایە.

چیرۆکنووس یەکێک لە بەشەکانی کۆتایی چیرۆکەکە لە سەرەتادا و لەگەڵ ئەم دەنگۆیانە دێنێ ئەویش بەسەرهاتی برینی قامکی مەمەلە لە لایەن شەمزینەوە. ئەوەش فەزای نەبوونی یەکجاری و وەهم و ترس لە چیرۆکەکەدا بڵاو دەکاتەوە.

هەروەک دەبینین ئیرەیی هۆکاری سەرەکی ڕوودانی ئەم چیرۆکەیە، بەڵام چیرۆکنووس بە ڕاشکاوی پێمان ناڵێ کە شەمزین ئیرەیی بە مەمەل دەبا بۆیە دەیکوژێ، هەربۆیە بە هەڵبژاردنی ئەم ڕاوێژە هەوڵ دەدا وتەیەکی زیاتر لە پیتەکانی ئەم چیرۆکە بە ئێمە بگەیەنێ.

* * *

هەتا ئێرە باسی ڕاوێژمان کرد. ئێستا دەمانەوێ باسی ئەو خوازانە بکەین کە ئێسکۆلز وتەنی هێندێک لایەنی دەلالەتی دەق وەدەر دەخەن کە ڕاستەوخۆ باسیان لێوە نەکراوە.

«نەفیسەی شەوچەلە سینگی دەکاتە باڵنجی ئەو سەر چەورە» ل١١

وێچواندنی سینگ بە باڵنج نیشان دەدا کە پێوەندی مەمەل و نەفیسە پێوەندییەکی تایبەتە و لە بواری پێوەندی نایاسایی زۆر لە یەک نزیکن.

کاڵانی بێ خەنجەر و تاپڕی بێ فیشەک و توتنی گنخاو هەموویان مەبەست شەمزینن کە ئێستا وزەی پیاوەتی نەماوە، لێرەشدا چیرۆکنووس ڕاستەوخۆ پێمان ناڵێ کە شەمزین لە پیاوەتی کەوتووە، بەڵکو بە کۆمەڵێک خوازە و وێنەوە ئەم ڕاستییە دەخاتە ڕوو.

ئەم چەند خوازەیە دواتر تەشەنە دەکەن و بە تەواوی چیرۆکەکەدا بڵاو دەبنەوە و بە گشتی دەبنە هۆی گرێ، تەنانەت دەتوانم بڵێم چەشنێک گرێی ئۆدیب، هەربۆیە سیرەتی بیانییەکان دەبڕێ و بە سەر تەرمەکەنیاندا

دەنەڕێنێ:
«مەهێڵن ئەو گەوادبابانە لە قیامەتیش تامی پیاوەتی بچێژن!» ل١٥

ئەم ئاکارە لەگەڵ خوازەکانی سەرەوەدا پێوەندییەکی ناسکی هەیە. هەر دەڵێی شەمزین ئەوکاتیش ئیرەیی و ڕقی لە توانستی پیاوانی دیکە بووە. مەیموون سەربڕی سەللاخخانە بووە و گای سەربڕیوە. دەزانین گاش لە بواری زایەندەوە نێرە و شەمزین هیچ نێرێکی خۆش ناوێ، کەوابوو تێمی سەرەکی چیرۆکەکە ئیرەیی بردن بە توانستی نێرمایی پیاوانی ترە.

لە کۆتایی چیرۆکەکەدا کە شەمزین مەمەلی کوشتووە و جۆرێک وەهم لەم وتەی پێش مەرگی مەمەل دایگرتووە کە دەڵێ مەمکوژە دەنا تۆڵەت لێدەکەمەوە؛ تووشی وەهم و خەیاڵ دەبێ و پێی وایە کە لە سووچی دیوەکەڕا تاپۆیەک چاوی لێدەکا ئەویش گڕسۆزەکە هەڵدەکا و لە خەیاڵی ئەودا تاپۆی مەمەل بە دوکانەکەدا دەگەڕێ و هەموو شتومەکەکان و شەمزینیش ئاور تێبەردەدا، لەم کاتەدا نەفیسە لەبەردەم دوکان بەسەر خۆی دادەدا.

من پێم وایە تا ئێرە توانیومە هێندێک لە خوازەکان باس بکەم هێندێکی دیکەیان دەهێڵمەوە هەتا خوێنەر خۆی وەدوای کەوێ و چێژی زیاتر لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە وەرگرێ.

هەروەک دیتمان ڕاوێژ و جوانکاری ئەدەبی لە کۆی ئەم چیرۆکەدا لە گەڕیاندان و بەیەکەوە دارشتنی ئەم چیرۆکە دیاری دەکەن و بەرەبەرە ڕاوێژی ئەم چیرۆکە بەرەو تەشەر هان دەدەن. ئەو تەشەرانەی کە لە کۆتاییدا وەک کاتالیزۆرێک«١» کردەی چیرۆکەکە خێراتر دەکەنەوە.

**(١) توندکەرەوەی کاری شیمیایی.**

**سەرچاوەکان:**
**١- پادشای تەنیایی، کۆمەڵە چیرۆک، بڵاوکەرەوەی سەردەم، ساڵی٢٠٠٧.**
**٢- توخمەکانی چیرۆک، ڕابێرت ئێسکولز، نشر مرکز، ترجمەی فرزانە طاهری.**

# "فرووغ" شاعیری شیکەرەوەی سەدەکانی ناوەڕاست، بە ئومێدی ڕێنیسانس

بنفشه حجازی
لە فارسییەوە: نەشمیل کرمانج
(بۆکان)

ئەم کۆمەڵە شیعرە پوختەیەک لە شیعرە دیارەکانی فرووغ لە پاش "لەدایک بوونێکی تر"ەوە لەخۆ دەگرێت. هەرچەندە ئەو لەبەر بوێرایەتییەکەی لەمەڕ پیشاندانی ژنایەتی لای عەوام بەناوبانگە، بەڵام ژنێکە کە بەبێ حاشا کردنی لە ژنایەتی و ویستەکانی، وەک ژنێک کە لە خواستە ئینسانی و ژنایەتییەکانی خۆی خۆش نابێت، چەند داواکارییەکی دیکەشی بۆ کۆمەڵگا هەیە. ئەو شاعیرێکە بەر لە زەمانی خۆی کە خەڵکانێکی زۆر لێی تێ نەگەیشتوون: شیکەرەوەیەکی سەدەکانی ناوەڕاستە بە ئومێدی ڕێنیسانس.

فرووغ شاعیری ژیانە، هەرچەندە جانتای مەرگ بە کۆڵییەوە بووە و کەم ژیاوە. ئەو بە گوتەی خۆی لە شیعری"چاوپێکەوتن لە شەو"دا هێندە مردووە کە هیچ شتێک ئیتر مردنی ئەو ناسەلمێنێت. هەر لەبەر ئەوە هەوڵی داوە بژی. چەندین جار مردووە، بەڵام بەتەواوی ژیاوە بێ درۆ و بێ دەمامک ژیاوە، بۆیە خۆشم دەوێت، چونکە بێ دەمامکی، یانی ڕووتی و ئێمە قەت وەک ئەو هێزی بە ڕووتی ژیانمان نەبووە، ئێمە حیجابی لە نێو حیجابی لە نێو حیجابداین.

بۆ دەستڕاگەیشتنی باشترم بەم کۆمەڵەیە (کە هەڵبژاردنەکەی لە نێو ئەو شیعرانەی وا پێم خۆش بووە هێند ئاسان نەبوو، مروارید، چاپی شەشەم، ١٣٦٣/ ١٩٨٤ز) شیعرەکانم کردووەتە ٣٦ بەش، بە پێی ئەو باوەڕەی کە شێوازی نووسینەکەی هەر هەمان شێوەی لەبەر چاوگیراوی فرووغە.

بۆ سڕینەوەی ئەو کەوانە گچکانەی دەربڕی کەڵک وەرگرتن لە وشەکان و دەستەواژەکان و ڕستەکانی شاعیرن و خۆپاراستن لە دووبارە نووسینەوەی شیعرەکە لەسەرەتای هەر باسێکدا، تەنیا ئەو بەشەی کەوتووەتە بەر باس هاتووە.

**ئەوە منم**
**ژنێکی تەنیا**
**لە ئاستانەی وەرزێکی سارددا؛**
**لە سەرەتای فامی خەڵتاوی زەوی و**
**نائومێدیی سادە و خەمباری ئاسمان و**
**بێ هێزیی ئەم دەستە بەردینانەمدا**

هەر لەم سەرەتایەوە، شاعیر بە دەست پێکردنی "ئەوەش" بەدووی گێڕانەوەیەک دەکەوێت کە گوایە خوێنەر



فرووغ

ئاگاداری باسەکانی پێشوویەتی، لەبەر ئەوەی دەزانێت ئەو دەناسن. ئەو خۆی لە چەند دێڕێکدا بەو بەردەنگەی تازە هاتووەتە ڕیزی خوێنەرەکانی دەناسێنێت و بە دەربڕینی تاکایەتی خۆی دەست پێدەکات: ئەوە منم. "منێک" وا بەدرێژایی مێژووی چەند سەد ساڵەی ئێران لە نێو "ئێمەی" قەبیلە و عەشیرە و کۆمەڵ و میرومەزنی ناوەندخوازی دەسەڵاتدا لە جەستەیەکدا ون بووە، ئەمەش ئەوە، ژنێکی تەنیا، هەرچەندە لە شیعری شاعیرانی تری بەر لەو، بەتایبەت شاعیرانی سەردەمی مەشرووتە، پێداگری لەسەر ڕەگەز کراوە، بەڵام بێ پیشاندانی شانازی کردن بە ڕەگەزی ژنانەوە بووە و هەر تەنیا بۆ ئاماژەکردنێک بۆ سەلماندنی ئینسانێک لە چەشنی دیکە بووە و دواجاریش بە داواکاری و ئاواتەکانی پیاوان کۆتاییان پێدەهات. هێندێکی بەرچاو لە شاعیرانی هاوسەدەی ئەویش بە دەربڕینێکی ڕۆمانتیک هەوڵیان دەدا پیاوان بتارێنن کە لەڕاستیدا دەبوونە هۆی ئەوەی مەیل و خواستی زیاتر لەواندا دروست بێت.

بەڕاستی دەبوایە ئەدەبیاتی ژنانە لە هەمبەر ئەو شیعرانەی کە ویست و جەستەی ژنی تێدا نوابێت، یاخیگەری بکات بەرانبەر بە جەستەی ژنێک کە لە ئەدەب و عیرفاندا دیل کرابوو، تا ڕزگار ببێت، لە عیرفان داببڕێت تا بگاتە بوون، بگا بە ژیانی ئەم جیهانە (قەت لە زەوی دانەبڕاوم). خۆی بپاڵێوێ و ئەو کات بگاتە مەعریفەتێکی دیکە. هیچ کەس ئیرادێک ناگرێت لەوەی کە زوڵف پەرێشانێک نیوە شەو بێتە سەرینی شاعیری شیرازی، کەچی شاعیرێکی وەک فرووغ وا بە تێپەڕاندنی تایبەتمەندییە ژنانەکان لەسەرووی وشەکانی بن دەستی سۆفیان و عارفان کە لە تەنیاییەکانیاندا دەیهێننە بەرچاو سەرنج نادات، دەخەنە ڕیزی پێشەوەی هێرشی مێژووی پیاوانی هاوسەدەی و سزای دەدەن.

تەنیایی، تایبەتمەندی بەرچاوی فرووغە لەم شیعرەدا، کە بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی خاوەنی بنەماڵەیەکی خێزانداری پڕ لە خۆشک و برا بووە و خۆی لەناو کۆمەڵدا بووە و کەسانێکی بەدەورەوە بووە لە کاتی گوتنی شیعرەکانیدا، هەڵبژێردراوە. ئەو لەو بە تەنیایانەی نێو کۆمەڵە و بە هەڵبژاردنی ئەم وشەیە لەگەڵ گشت دەوروبەرەکەی سنوور دادەنێت. کاتی تێداچوونەکەی فرووغ و ئەوپەڕی پێگەیشتنی ژنایەتی ئەو دەبنە بەربەستی ئەم واتایە کە هەر بیری لە ئاوا بوونی ژنایەتی کردووەتەوە، کەواتە گۆڕەپانی واتایی ئەم شیعرە، تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێرانیش لەسەردەمی شیعر گوتنەکەدا لەخۆ دەگرێت.

فرووغ لەدایکبووی ٨ بەفرانباری ١٣١٣ هەتاوی (١٩٣٤ز) بووە و مەرگەکەشی لە ٢٤ ڕێبەندان ١٣٤٥ (١٩٦٦ز) ڕووی داوە، ئەگەر ئەم شیعرە بە سەرنجدان بە کاتی مەرگەکەی وەک دوایین کارەکانی لەبەر چاو بگرین، ژنێکی سی و یەک دوو ساڵەیە کە قسە دەکا و هەر لەم سۆنگەیەشەوەیە کە بە دوور ڕاگرتنی خۆی لە ئەزموونە جۆراوجۆر و خێرا دەست پێکراوەکەی، سەبارەت بە ژیان دەنووسێت کە لەسەرەتای فامی خەڵتاوی زەوییە و باسی بێ هێزی دەستە بەردینەکانیشی دەکات. هەڵچوونە داغ و گەرمە ژنانەکەی لە "باوەڕ بکەین بەسەرەتای وەرزی سارد"، لەم کاتەدا نیشتووەتەوە و ئەو دوای ماوەیەک، جنسییەت و پێویستییە ژنانەکانی خۆی وەک نوێنەرێکی ژنان تۆمار دەکات، هەرچەندە خۆی بە فێمینیست نازانێت، بەڵام لە خولی یەکەمی شاعیرایەتییەکەیدا لەساڵانی ٣٢-١٣٣٣ (١٩٥٣- ١٩٥٤ز)دا بیرۆکە یەکسانخوازییەکانی تۆمار کراون.

**زەمان تێپەڕ بوو**

**زەمان تێپەڕ بوو، زەنگی کاتژمێر چوار جاران ژەنرا**

چوار جاران ژەنرا

ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی بەفرانبارە
من شارەزای ڕازی وەرزانم
من لە چرپەی چرکە دەزانم
ڕزگاریدەر لە گۆڕدا نوستووە
خاکیش، خاکی وەخۆگر
ئاماژەیە بۆ ئۆقرەگرتن.

کات تێپەڕی و زەنگی کاتژمێر چوار جاران ژەنرا لەم بەشەدا ئەو باسی کات و کردنی ساتەکانی ئێستا بە ڕابردوو هەر دووپات دەکاتەوە تاوەکو بڵێیت زاڵە بەسەر زەمانەی خۆیدا، زاڵە بەسەر بیابانی هۆشیاریدا. تێپەڕینی کات هەست پێدەکات و ڕێک لە ناو جەرگەی جیهانی هۆشیاریدایە. لە ڕازی وەرزەکان و چرپەی چرکە تێدەگات. یەکەم ڕۆژی بەفرانبار کە لە ڕاستیدا یەکەم ڕۆژی زستانیشە و سەرەتای وەرزی سەرما، ئاماژە بە ڕێکەوتی گوتنی شیعرەکە دەکات، یان بۆ سازکردنی واتایەکی دیکە هەڵبژێردراوە. ئەو بە لەسەرەخۆییەوە باسی نەبوونی ڕزگاریدەر دەکات ئەو ڕزگاریدەرەی لە شیعری "ئەو کەسەی وا لەکەس ناچێت"، بەو هەمووە خۆشی و هیوایەوە چاوەڕوانی بوو. بە تەشبیهی تەفزیل بەرپرسایەتی شیعری لە ڕوانگەی ئایینییەوە ڕوون کردبووەوە. لە ناو گۆڕدا بوونی ڕزگاریدەر، باسی بن بەستی سیاسی و زاڵبوونی سەرما بەسەر نیشتمان و بوونی ئەودا وەک ژنێک دەکات.

**زەمان تێپەڕ بوو، زەنگی کاتژمێر چوار جاران ژەنرا**

لەم دێڕەدا، شاعیر تێپەڕینی کاتەکان بەردەوام دەخاتە ناو کەشی شیعرەکەی خۆیەوە، هەرچەندە کات تێدەپەڕێت، بەڵام دیسان زەنگی کاتژمێر، چوار جاران دەژەنرێت وەک بڵێی زەمان بۆ شاعیر لەم کاتژمێرەدا بەستبێتی. شاعیر لە کاتژمێر چواری ژیانیدا بەند کراوە. جادووی کاتژمێری ڕاوەستاو لە ڕەمزەکانی ئەم شیعرەیە. کاتژمێریش بەرەوپێش ناچێت، هەرچەندە وەرزەکان تێدەپەڕن، بوون لە ئێراندا ڕاوەستاوە.

**لە کۆڵان بای دێ**
**لە کۆڵان بای دێ و**
**من ڕادەهزرێم لە پێکەوە جووتبوونی گوڵان؛**
**لە لاسکی ناسکی کەم خوێنی خونچەگەل و**
**ئەم زەمانە لەبرکەوتووە سیلدارە.**
**پیاوێکیش بە تەنیشت درەختە خووساوەکاندا دەڕوا..**
**پیاوێک کە هەودای شینی دەمارەکانی**
**وەک ماری مردوو**
**بەم لاولای گەروویدا**
**هەڵخوشیون و**
**لە شەویلکە ئاوەژووەکانیدا ئەو بێژە خوێناوییە دەبێژنەوە:**
**- سلاو**
**- سلاو**
**منیش ڕادەهزرێم لە پێکەوە جووتبوونی گوڵان.**

شاعیر لەم بەشەدا، دانەیەک لە زانراوە کۆمەڵایەتییەکانی زەمانی سیل گرتووی لەگەڵ دانەیەک لە نەزانراوە تاکەکەسییەکانی خۆی یەک بەدووی یەکدا دادەنێت و تێکەڵاوێکی وای لێ ساز دەکات کە هەر پەیامە کۆمەڵاتییەکانی خێراکان وەرگیران ڕەمزە تاکەکەسییەکانی خوێنەر و تێرامان دەخەن. دووپات کردنەوەی بای دێت کە بە ئاماژە پێکردنی سەرەتای بەفرانبار لە دێڕەکەی پێشوودا تاریکی و سەرما زیاتر دەکات لەبەشەکانی تریشدا دووپات دەبێتەوە تا هەر لەبیرمان بێت لە کەشە گشتییەکە بای دێت و ساردە. لەم کاتەدا شاعیر بیر لە جووت بوونی گوڵەکان دەکاتەوە کە بە لەبەرچاو گرتنی بەڵگەکانی ئێستا دوورە لە کاری سروشتی زاووزێ لە جیهانی گژوگیادا، بێجگە لە سازکردنی پەرۆشییەک بۆ بەرهەم نەهاتنی گوڵ بە شێوەیەکی سروشتی و نەهاتنی بەهار، دەربڕی زەماوەندە زووەکانی ئەو خونچانەیە وا لاسکەکانیان ناسک و بێ خوێنە، کە بێجگە لە گوتنی بارودۆخی زەماوەندکردنی کچانی لاو دەکرێت تیشکیش بخاتە سەر زەماوەندە زووەکەی خودی شاعیریش لە تەمەنی ١٦-١٧ ساڵیدا.

هەر چۆنێک بێت زەمەنی شاعیر سەردەمێکی نەخۆشە و تووشی سیل هاتووە و دەربڕینی ئەم دۆخە لە زۆربەی شیعرەکانی فرووغدا خۆ دەنوێنن. لەم کەشەیدا کە درەختە تەڕەکان سەرمایەکی زیاتری پێدەبەخشن، دیمەنەکە تەواو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پیاوێک ساز دەبێت کە دەڵێی هاواری کردووە، یان لەکاتی تەواو بوونی هاوارەکەی و لەساتی هەستانی ڕەگەکانی ملیدا شاعیر چاوی پێی کەوتووە. ئەو پیاوەی بە هۆی نزیکایەتی بە

شاعیرەوە کوتە کوتی نەبزەکەی وا هەر هەمان بێژە خوێناوییە لە شەویلکە ئاوەژووەکانیدا دەبینرێت کە لەوانەیە بابی بێت کە بە گوتەی فرووغ "باوکم هەر بۆ ئەوە دەبێ سڵاوێکی لێ بکەیت."

تاقە ئاخاوتنی نێوان ئەو دووانە، دوو وشەی سانای سڵاوە کە شاعیر بە دووپات کردنەوەی دێڕی من بیر لە جووتبوونی گوڵەکان دەکەمەوە، ئەزموونی خونچە لاسک ناسک و بێ خوێنەکانی بە دیتنی ئەم پیاوە دیسان وەبیر دێتەوە. لەبەر ئەوەی کە لە دەست تووڕەیی و تۆسنی باوکی خۆی هاویشتبووە باوەشی خۆشەویستی مێردێکی زۆر بەتەمەنتر لەخۆی، ئەو باوکەی لەبەر دووبارە ژن هێنانەوەکەی خۆی لەڕاستیدا ئەوی لەکۆڵ خۆی کردبووەوە.

**لە ئاستانەی وەرزێکی سارددا**
**لە کۆڕی تازیەی ئاوێنەکاندا**
**لە نێو کۆمەڵانی شینگێڕی ئەزموونە ڕەنگپەڕیوەکان و**
**ئەم زەردەپەڕە ئاوسبووە لە تۆڕەی بێدەنگیدا**
**چلۆن دەکرێ**
**فەرمانی وەستان بدرێ**
**بە ئەو کەسەی کە ئاوا**
**بەسەبر و**
**لەش قورس و**
**سەرگەردان**
**ڕێ دەبرێ.**
**چلۆن دەکرێ بەو پیاوە بڵێی ئەو زیندوو نییە،**
**هەر هیچ کاتێک زیندوو نەبووە.**

شاعیر سەرلەنوێ بە خولقاندنی کەشێکی سارد و پرسەی ئاوێنەکان و کۆبوونەوەی ماتەمینی ئەزموونە نەک زۆر خۆشەکان، لە زەردەپەڕێکی بێدەنگدا، یان بێدەنگییەکی ئاگادارانە کە بەرهەمی ئازارێکی گەورەیە بە بێ بەرچاوتەنگی کردن بە پیاوەکە، هەر هەمانی وا لە پەنا درەختە خوساوەکەوە تێدەپەڕێت و دیسان چاومان بە سێبەرە قورسەکەی لەتەواوی شیعرەکەدا دەکەوێتەوە، دەیخاتە بەر نیگای ڕەحمەتی خۆی وا بە خۆگێل کردنێک کە کەوتووەتە زاووزێ لە زانستی بێدەنگی دەپرسێت کە چلۆن دەشێت پێی بڵێیت کەوا قەت زیندوو نەبووە.

دەبێت ژن بێت شاعیر بێت و فرووغ بێت کە ئاوا لە ڕووی ئینسافەوە چاو لەو بکەیت کە زیندوو نەبووە، سەبرەکەی ببینی، لە سەنگینی ڕێگا ڕۆیشتنەکەی بگەیت و ڕوحە سەرلێشێواوەکەی لە دیتنەوەی ڕێگای ژیان لە سێ وشەدا بە پوختی دەرببڕیت و بیر لەوە بکەیتەوە کە چلۆن دەکرێت ئەمری بوەستەی بۆ دەرکەیت. بە سەرنجدان بەوەی کە باوکی ئەرتەشی (لە ڕیزی سوپا) بووە دەکرێت دیسان ئەم پیاوە بە سەرهەنگ موحەمەدی فەرخزاد دابنێیت. ئەگەر شوبهاندنی هەودای شینی دەمارەکانی بە ماری مردوو نەبووایە، دەکرا پیاوێکی دیکە بووایە وا شاعیر باشی ناسیوە، لەبەر ئەوەی بەسەبر، سەنگین و سەرلێشێواو گریمانەی بەکورتی شیکردنەوەی کەسایەتییەکی تایبەتیش دەخاتە بەردەست. نزم بوونەوەی ئاهەنگدار (بێجگە لە دابەزینی واتایی) ئەم سێ وشەیە لەشیعردا هەوایەکیش ساز دەکات. دیسان لەم شیعرەدا چاومان بەم کابرایە دەکەوێتەوە.

**لە کۆڵان بای دێ**
**قالاوە پەڕەوازەکانی تەنیایی**
**لە باخە پیرەکانی وەڕەزیدا دەخولێنەوە و**
**بەرزایی پەیژە.. چەندە نزمە.**

هاتنی بایەکە دیسان لە کۆڵان درێژەی هەیە. قشقەڕەکان، باخەکان و پەیژەکەش بە ئاوەڵناوی تەنیایی و گۆشەگیری و پیری و نزم بوون شاعیر بەرەو بەستەڵەک دەبەن و لە زیادکردنی کەشی سەرمادا وا پێکەوە ڕێک دەکەون کە ئەو بەرەو دنیای منداڵانەو ساکاری دڵەکان دەگەڕێننەوە.

**ئەوان هەموو ساویلکەییەکانی دڵێکیان**
**لەگەڵ خۆ بردە نێو کۆشکی بەسەرهاتان**
**ئێستاش ئیتر**
**ئیتر چۆن کەسێک وەسەما دەکەوێ و**
**پرچەکانی منداڵیی خۆی**
**دەپرژێنێتەوە نێو خوڕینیی ئاوان**
**چلۆن سێویش -کە ئاخری ڕنیویەتی و هەڵیمشتووە-**
**لە ژێر پێیدا پان دەکاتەوە؟**

شاعیر چیرۆکێکی تازە دەگێڕێتەوە. گشت خۆشییەکان لە چیرۆک و بەسەرهاتدا ڕوویان داوە: ئەو چیرۆکانەی بابەگەورە و پەرویزی شاپوور سالانێک لەمەوبەر لەماڵەوە بۆیان گێڕاونەتەوە، سەما، بلاوکردنەوەی پرچ و

پرژاندنیان لە ئاودا. ئەو لە شیعرگەلێکی جۆراوجۆردا باس لەم هەستە نۆستالۆژیکەی سەبارەت بە منداڵی دەکات (دڵتەنگییەکانی لە شیعری "ئەو ڕۆژانە"شدا زۆر باش دیارن). بۆچوونی شاعیرانەی فرووغ لەو شتانەوەی وا لەبەر چاون، دەست پێ دەکات و لەو تۆیانەی دەروونی ترن بۆ دەربڕینی ئاسایی ژیانی ژنانەی خۆی کەڵکی لێ وەردەگرێت. لێکردنەوەی سێو و بۆن پێوەکردنی، پاشانیش دەربڕینی ئەو مەعریفەتەی پێی گەیشتووە: ساکاری ئەو دڵانەی عیشقیان نەناسیوە و پاش پێکگەیشتن، یان هەمان لێکردنەوە و بۆن کردنی پێشێلی کردووە ئەو کارەی ئەزموونێکی هەست پێکراوە لە جیهانی منداڵیدا.

**ئەی یار، ئەی تاقانەترین یار!**
**پەڵە هەوری چەندە ڕەش ڕەش**
**چاوەڕوانی ڕۆژی میوانداریی خۆرن.**

لەم برگەیەدا شاعیر باسی ترسەکەی خۆی لە مەترسی ئەو کارانەی پێیان دڵخۆشە، بۆ تاقانەترین یارەکەی دەکات. ئەم یارە کێیە؟ ئایا مەبەست لە تاقانە ئەو تاکە پیاوەیە وا زەماوەندی لەگەڵ کردووە: پەرویزی شاپوور؟ کەوابێت هەڵبژاردنی ئەو وەک تاقانەترین یار بەو لێک دابڕانە زووە چلۆن وەڵامی لێوەردەگرێت؟ یان بۆ ئەو پیاوەیە وا ئەوی بەرەو ئەو ڕێگایە هان دا کە ببێتە فرووغ: ئیبراهیمی گولستان؟ یان ئەوەی کە ئەمەش تەنزێکی تاڵی فرووغ ئاسایە؟ وەک ئەم دێڕە لە "بووکەڵەی کۆکیدا":دەکرێ زیرەکانە چروکی بکەیت هەر مەتەڵێکی سەرسوڕهێنەر.

**دەتگوت لە ڕەوگەیەکی وێنای هەڵفڕیندا بوو کە ڕۆژێک**
**ئەو باڵندەیە وەدیار کەوت**
**دەتگوت لە هێڵە سەوزەکانی خەیاڵەوە سەریان هەڵدا**
**ئەو گەڵا تازانەی لە هۆکی شنەدا دەیانهانکاند**
**دەتگوت**
**ئەو بڵێسە بنەوشەی لە مێشکی پاکی پەنجەرەدا دەگڕا**
**هیچ نەبوو، بێ لە وێنایەکی بێگەردی چرا**

لەپەنا گەڕانەوەی بۆ منداڵی، وەبەرچاو هێنان، خەیاڵ کردن و وێنا کردن تاقە ڕێگاکانی شاعیرن بۆ دەست پێڕاگەیشتنی بە دڵخۆشییەکان. فرووغ لە وەبەرچاو هێنانی هەڵفڕیندا باڵندە دەناسێت. لە خەیاڵی ئەودا گەڵا سەوزەکان لە هۆکی شنەدا دەهانکێن و چرا و ڕووناکاییەکەی لەناو زەینی پاکی پەنجەرەکاندا ڕوون دەبوون لە وێناکردنەکەی ئەودایە کە هەر سێکیان، واتە باڵندە و گەڵا سەوزەکان و چرا لە وەرزی سەرمادا، پێوەندی ئەو لەگەڵ جیهانێکی زیندوو ساز دەکەن.

**لە کۆڵان بای دێ**
**ئەمە سەرەتای ڕووخانە**
**ئەو ڕۆژەی دەستەکانی تۆش ڕووخان، هەر بای دەهات.**
**ئەستێرە ئازیزەکان!**
**ئەستێرە مقەباییە ئازیزەکان!**
**کاتێک لە ئاسمانەوە درۆ هەڵ دەکا**
**چۆن دەکرێ**
**پەنا بەرییە بەر سووڕەتی نێردراوانی دڵسارد؟**
**ئێمە وەک مردووی هەزاران هەزار ساڵان پێک دەگەین**
**ئەوسا خۆر**
**دەبێتە قازیی بەزایەچوونی جەستەمان**

دیسان لە کۆڵان بای دێت، بەڵام ئەم بایەیان وا سەرەتای ڕووخاندنە لە ناخی ژیانی شاعیری دەدات. با ئەم مۆسیقایەی ناو دەقی شیعرەکە، ژیانی سۆز و عاتیفەی شاعیر تێکدەدات. هەڵکردنی بای درۆ تارادەیەک واتای با هاتنەکە ڕوون دەکاتەوە. لە ماڵەوەش بای دێت و شاعیر بە درۆی "تۆ" دەڕەنجێت، ئیتر باوەڕی بەوکەسە نامێنێت وا وەک پێغەمبەرێک ئیمانی پێی هەبوو. ئایا بە سەرنجدان بە کاتی گوتنی شیعرەکە دەکرێت لە ئەستێرەکان و پێغەمبەرە دڵساردەکانەوە لە بیروباوەڕەکانی ئەو کەسە بگەیت. ئەو ئەندێشانەی پەناگای شاعیر بوون بە درۆ دەرچوون. لەوە دەچێ دواجار پێشگۆیی و ترسی شاعیر لە هەڕەشەی هەورە ڕەشەکان بۆ سەر هەتاو وەڕاست دەگەڕێت و ئەو دەمرێت لەبەر وەی پەناگاکەشی وەک خۆی هەزاران ساڵە مردووە و هەتاوێک کە بە تیشکەکەی ڕوونکەرەوەی گشت تاریکاییەکانە حوکمی تێداچوون پشت ڕاست دەکاتەوە و حەقیقەتی تێداچوون دەردەکەوێت. مەتەڵی ئەستێرە مقەباییەکان دەشێت پێوەندی بە ئەستێرەکانی سەرشانی سەرهەنگ فەرۆخزادیشەوە هەبێت، بەگشتی موقەبا لە زەینی شاعیردا واتایەکی نەرێنی هەیە وەک مانگ و خۆرە موقەباییەکەی ناو شیعری "زلکاو".

**من سەرمامە**

**من سەرمامە و دەڵێی هەرگیز گەرم نابمەوە.**

**ئەی یار، ئەی تاقانەترین یار!**
**"ئەو شەرابە مەگین چەند ساڵان بوو؟"**
**بڕوانە لێرە**
**زەمان چەندە قورسە و**
**ماسی چلۆن گۆشتمان دەجوون**
**بۆچی هەمیشە لە بن بنی دەریامدا ڕادەگری؟**

بای ڕووخێنەر، دەستە ڕووخاوەکان و بێ پەنایی، سەرمایەک دەخەنە ناو گیانی شاعیرەوە کە توانایی گەرم بوونەوەی نییە و شەرابە گەرما بەخشەکەش دەڵێی هێشتا نەبووەتە شەراب. پرسیارکردن لە تەمەنی شەراب ئایا ئاماژەیەک نییە بۆ فامی بوون و هەستی لەسەر دەستی خۆی و کەم تەمەنییەکەی؟. کات بە گرانی تێدەپەڕێت و شاعیریش لە بنەوەی دەریادا دەبێتە خۆراکی ماسی، وەبیرهێنەرەوەی مەرگی پەری دەریایی لە "لەدایک بوونێکی تر"دا، هەمووی ئەمانەش لەسەر دەستی تاقانەترین یار بەسەریدا دادەسەپێندرێت. شاعیر لەگەڵ کەسێک دەردی دڵ دەکات کە بکوژ و وێرانکەریەتی، دەڵێی تێکەڵاوێک لە باوک و مێرد ڕۆچووەتە ناو مەحبووب. (یەکەم جار کە دەستی داوەتە خۆکوشتن، پاش ئەوە بووە کە لەگەڵ ئیبراهیم گولستان دەمەقرێی بووە (١٣٤١-٤٢) هەتاوی (١٩٦٢-١٩٦٣ز).

**من سەرمامە و لە گوارەی سەدەف بێزارم**
**من سەرمامە و دەزانم**
**کە لە تێکرای خولیا سوورەکانی گوڵاڵەیەکی کێویلە**
**بێ لە چەند دڵۆپە خوێن**
**هیچی تر بەجێ نامێنێ**

سەرماکەی بنەوەی دەریا و وەڕەزییەکەی لەو خشڵانەی پێوەندییان بە کەشێکی ساردەوە هەیە درێژەی هەیە، بەتایبەتی کە فرووغ هۆگری خشڵ و شتومەکی جوان نەبووە. شاعیر لەگەڵ سەرما ڕێگا دەپێوێت و ئەگەر خۆی نەشوبهاندبێت بە گوڵاڵەیەکی کێویلە کەوا پاش مەرگەکەی چەند دڵۆپە خوێنێک کە هەر هەمان شیعرەکانین لەپاشی بەجێ دەمێنێت، وەهمە سوورەکان، گوڵاڵە و خوێن وا هەر سێکیان سوورن دیسان زەین بەرەو کەشێک دەبەن کە دەڵێی ئەم بڕگەیە شیوەنێکە بۆ پێغەمبەرە دڵساردەکان و ئەو ئاواتانەی، بێجگە لە وەهمێک نەبوونەتە هۆی لەناوبردنی شتێک. تایبەتمەندییە سیاسییەکانی دەیەی چل ناتوانن لەم شیعرەدا نەگونجابێتن.

- ١٣.

**- هێلان وێڵ دەکەم**
**هەروەها دەست لە ژماردنی ژمارەکانیش بەردەدەم**
**لە نێوان تەنە ئەندازەییە بەرتەسکەکاندا**
**پەنا دەبەمە بەر پانتا بەرهەستە بەرینەکان.**
**من ڕووتم، ڕووتم، ڕووتم**
**وەک بێدەنگیی نێوان وتەکانی خۆشویستن ڕووتم**
**هەموو برینەکانیشم لە ئەوینن**
**لە ئەوین، ئەوین، ئەوین.**
**من ئەم دورگە سەرگەردانەم**
**بە نێو لرفەی ئۆقیانووس و**
**گڕکانی کێودا هێناوە.**
**لەت لەتبوونیش ڕازی ئەو هەبوونە یەکگرتووە بوو**
**کە لە بچووکترین گەردیلەکانییەوە خۆر لەدایک بوو.**

ئەو هێلانەی شاعیر وازیان لێ دەهێنێت چ هی نووسین بێت و چ هی حیسابات کردن و چ بەرژەوەندی و چ ئەو ڕێگایانەی بیری لێکردوونەتەوە، تەنانەت ئەو هەڵوێستە سیاسییەی تا ئێستا کەس لەودا بە جوانی بەدوویدا نەگەڕاوە (ئەویان سەرەڕای ئەوەی کە دۆستایەتی لەگەڵ ئیبراهیمی گولستان هەبووە، بەبێ تێڕوانینی سیاسی داناوە، هەرچەندە براکەی دکتۆر فەرۆخزاد لە فیلمی سەوزی ساردا گوتی ئەو تێڕوانینی چەپی هەبووە)، لە چوارچێوە فیکری و ئاکارییەکانەوە پەنا بۆ پانتاییە بەربڵاوەکانی هەست دەبات. بەرەو ڕووبوونەوەی ئەم دوو کەشە ڕادەی شەڕ و پێکدادانەکانی ئەو لەگەڵ جیهانی ماددی و ڕاستەقینە دارماوەکان و بەندیخانە یەک بە دوای یەکەکانی ژیانیمان بۆ وەدەردەخات. ئەو هەموو پێستە و حیجابە ئاساییەکانی ژیان فڕێ دەدات بۆوەی گیانی زامداری خۆی ببینێت و پێمان بڵێت بۆچی وا زامدارە؟ ئەو ئەوین، لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت. ئەو ئەوینەی هەوڵی داوە لە دەریاکان و کێوەکان و مەترسییەکان بپەڕێنێتەوە، بەڵام لەت لەت بووە، هەرچەندە لەهەر لەتێکییەوە هەتاوێک وەدەر کەوتووە، شاعیر بە "زانستی بێدەنگی" باسی ئەم لەت لەت

بوونەمان بۆ دەکات. بۆ رووواندنی هەزاران هەتاو هەڵبەت کە دەبێ فرووغ لەت لەت بێت.

**– سلاو ئەی شەوی بێگەرد!**

**سلاو ئەی ئەو شەوەی چاوانی گەلەگورگی بیابان**
**دەکەی بە کۆنەئێسقانی باوەڕ و بڕوا،**
**ئەی ئەو شەوەی لە تەنیشت جۆگەلەکانی تۆدا**
**گیـانی داربییـەکـان بۆن بە رووحی دلۆڤـانی تەورەوە دەکەن.**

**من لە دنیای بێ هەڵوێستی بیر و وتە و دەنگانەوە دێم**
**ئەم دنیایە**
**وەک کونەماران وایە**
**ئەم دنیایە**
**پڕە لە ترپەی پێی ئەو کەسانەی کە ماچت دەکەن و**
**هاوکات لە مێشکیاندا پەتی سێدارەت بۆ دەچنن.**

پاش با و سەرما، ئێستاکە سەرەی شەو دێت وا بەسەر کـەشی زەینی شـاعـیـر، یان ژیـان و سـەردەمـانی ئەودا هەڵکێشرێت، بەڵام شەو لە شیکردنەوەکەی یەکەمدا هەر تەنیا شەوە بە واتای شەو و لە تۆیەکەی دواتردایە کە لە تاریکاییەکەیدا، مرۆڤ، گورگ بە سەگی شوان دەبینێت و چەوسـێندراوان دەبنە هاوڕێیـانی چەوسـێنەران... شیـعـرەکە هێند بارودۆخی شـاعـیـرانەی تێدا ڕوونە کە پێویستی بە شیکردنەوە نییە.

– سلاو ئەی شەوی بێگەرد!

شـەو درێژەی هەیە. ئاشنا بوونی فـرووغ بە کـاری سینەمـا، شیـعرەکە دەکـاتە فیلمنامـەیەک وا دەرهێنەری زەینی خـوێنەر دەتوانێت بۆخۆی بە پێـخۆش بوونی خۆی دیمەنی شـوێن و کـاتەکـەی دابڕێژێت و کـاری هەر دەرهێنەرێک لەگەڵ ئەوی تر جیاواز بێت و شتگەلێکی جیاواز لە کونی ماران و تەنافی سێدارە، هەڵبەت هەر بە هەمـان چەمکەوە لە شـیـعـرەکـەدا جـێگا بکاتەوە و بەشـداری کـردنی خـوێنەر و هەوای هەناسـەدانی لەم شیـعرەدا لە بەرتەنگی گیـانی مرۆڤ بۆ خوێندنەوەی تایبەتمەندییەکـانی سەردەمـانی گـوتنی شیـعـرەکـە لە قورسایی ئەو چەمکانەی وا فرووغ باسیان دەکات، کەم دەکاتەوە.

**سلاو ئەی شەوی بێگەرد!**
**لە نێوان پەنجەرە و دیتندا**
**هەمیشە مەودایەک هەیە.**

**بۆ سەرنجم نەدا؟**

وەک ئەو کـاتەی پیـاوێک لە تەنیـشت درەخـتـە خووساوەکانڕا دەڕۆیشت...

ئەگـەر ڕێک دانانی شیـعـر لەسـەر لاپەڕە و کـەلێنە سپییەکانی نێوان دێڕەکان کاری شاعیر بێت، نەک هی ڕێکخەرەکانی شیعر پاش مردنی، کەلێنە سپییەکانیش بەقەرا سامناکی هێڵە ڕەشەکان قسەیان تێدایە و وشە نەنووسراوەکانی شاعیریش هەر بەو ڕادەیە شاعیرانە و لەقـاودەرانەن. شـاعـیـر بەو بەرەو کـابرای پەنا درەختـە خـووسـاوەکـان چوونەی، چاوی بە پێـوەندی هێـڵی شیـعـرەکـەوەیە تا ئەو پێکهـاتەیەی کـە بە دانانی باباتە جۆراوجۆرەکان زیاتر، لە کۆمەڵەی پەشێوی حافز دەچێت نەک سەعدی، بە یارمەتی دووپات کردنەوە شانۆییەکان، لە زەینی ئەو خـوێنەرەدا وا زوو فکری بەم لا و ئەولادا دەڕوات، بگەڕێنێتـەوە و جەخت لەسەر ئەوە بکات کە بۆچی چاوی لێ نەکـردووە وەک ئەو چاوەی لەو پیـاوەی کرد کە لەپەنا درەختـە خووساوەکانەوە تێدەپەڕی و بە جوانی دیتی، کەچی لە دانانی جێگرەکەیدا تووشی هەڵە بوو و کـەوتە داوی هەڵبـژاردنێکەوە کـە بە چڵی ئەقـاقی ڕازابووەوە.

برگەکانی شیعر بە وشەگەلێکی سەرەکی بەسەر یەکتردا گلۆر دەبنەوە و وێک دەکەون و چیـرۆکی ژیانی ئەو پێک دەهێنن.

**– بۆ سەرنجم نەدا؟**
**دەتگوت ئەو شەوە دایکم گریابوو**
**ئەو شەوەی من ژانم گەیشتێ و تۆوێک گوورا**
**ئەو شەوەی من بووم بە چەپکە ئەقاقی**
**ئەو شەوەی ئیسفەهان پڕ بوو لەزایەڵەی کاشیی شین و**
**ئەو کەسەی کە نیوەی من بوو، گەڕابۆوە نێو تۆوی من.**

**ئەمن دەمدی لە ئاوێنەدا**
**کە وەکو ئاوێنە پاک و ڕوون بوو**
**لە ناکاو گازی کردم**
**من بووم بە بووکی چەپکە ئەقاقی...**

**دەتگوت ئەو شەوە دایکم گریابوو**
**چ تیرێژێکی بێهوودە لەم ڕۆچنە ئاخنراوەڕا دزەی کرد**
**بۆ سەرنجم نەدا؟**

**هەموو چرکە بەختەوەرەکان دەیانزانی**
**کە دەستەکانی تۆ دەڕووخێن و**
**من سەرنجم نەدا**
**تا ئەو کاتەی پەنجەرەی کاتژمێر کرایەوە و**
**ئەو قەنارییە دڵتەنگە چوار جاران ژەنرا**
**چوار جاران ژەنرا و**
**من تووشی ئەو ژنە بچکۆلەیە بووم**
**کە چاوانی وەک هێلانەی بەتاڵی سیمرخان وابوو**
**بە جووڵەی ڕانەکانیشیدا**
**دەتگوت کچێنیی خولیای شکۆمەندی من**
**لەگەڵ خۆی دەبا بۆ نێو جێژوانی شەو.**

شاعیر لەم بڕگەیەدا دادگایی خۆی دەکات و چیرۆکی زەماوەندەکەی خۆی و تێک شکانی ڕوئیاکانی ژنێکی بچکۆلە و لاو لە شەوی بووکێنیدا بە شاعیرانەبوونێکی ئاوێتـەی دەرد دەردەبڕێت (ڕێکەوتی زەماوەند ١٣٣٠/ ١٩٥١ز). ئەو ئەگـەر جـوان چاوی لێکردبایە لە هۆی گـریانەکـەی دایکی تێگەیشـتـبوو. ئەو بووە بووکی چڵـە ئەقاقییەکان لە ئیسفەهان و تاقە شتێک کە بەدڵی ئەوی لێ هات کـوڕەکـەی کـامـیـار بوو وا کـەوتبـووە ناو دەروونیـیـەوە (لەدایک بوونی کـامـیـار ١٣٣١/ ١٩٥٢ز). لەو کاتەوە زەنگی کاتژمێرەکان هەمیشە چوار جار ژەنران و شـەو باڵـی بەسـەر ئەودا کـێشـا و ڕوئیـای شکۆداری ئەو سـەبارەت بە بەختـەوەری لەسـەر جـێی تاریکاییدا بەدەم ئازارەوە بە کۆتایەک گەیشت کە شاعیر هەتا کۆتایی تەمەنی تاوانی ئەو ڕووناکاییە بێ کەڵکەی داوە.

**- ئاخۆ دیسان بسکم**
**بەدەم باوە دادێنم؟**
**ئاخۆ دیسان وەنەوشە لە باخان دەچێنم؟**
**ئاخۆ دیسـان شەمـانیـیـەکـان لەبەر ئاسـمـانی دەرەوەی پەنجەرە دادەنێم؟**
**ئاخۆ دیسان بە دەوری پیاڵەکاندا سەما دەکەم؟**
**ئاخۆ دیسان دەنگی زەنگی دەرگا**
**بەرەو چاوەڕوانیی دەنگێکم دەبا ؟**

سـەردەمانی ئەم خۆشـییـە بچـووکانە بەکـۆتا دەگـەن و شـاعـیـر لە خـەمی ئەم ئاکـارە سـانایانە لە خـۆی و بەردەنگەکـەی بەدەم پاڕانەوەوە پرسـیـار دەکـات کـە ئایا گـریانەی گـەیشتن، یان گـەڕانەوە بەم بەختـەوەرییـە بچووکانە لەگۆڕێدا هەیە؟

**وتم بە دایکم: "ئیتر تەواو بوو."**
**گوتم: "هەمیشە بەر لەوەی بیری لێبکەیەوە دەقەومێ.**
**دەبێ پەیامێکی سەرەخۆشی بۆ ڕۆژنامە بنێرین."**

ئەم بڕگـەیە کـە وەک هێڵ و دێڕەکـانی دیکە لەم کۆمـەڵەیەدا لە ناو زەینی هۆگرانی شیـعردا جێگیر بووە ئاکـامی نەگـەیشتن و وێران بوونی بەختـەوەری چاوەڕوانکراوی شاعـیرە کە هەر لەگەڵ دایکی وا بۆی گریابوو دەگوترا، ئیتر تەواو بوو. فرووغ ئیتر مردووە و دەبێت پرسەنامەکەی خۆی بۆ ڕۆژنامە بنێرێت.

**مرۆڤی کلۆر**
**مرۆڤی کلۆری شایی بەخۆ**
**لێی بڕوانە چۆن**
**ددانەکانی لە کاتی جاویندا گۆرانی دەڵێن**
**چاوانیشی چۆن**
**لە کاتی ڕوانیندا هەڵدەدڕن و**
**چۆن بە تەنیشت درەختە خووساوەکاندا دەڕوا:**
**بەسەبر،**
**لەش قورس،**
**سەرگەردان.**

لێـرەدا شـاعـیـر وا لەخـۆیشی تووڕەیە، ئەم جـارەیان تایبەتمەندیگەلێکی زیاترمان لەو پیاوە دەخاتە بەردەست وا لەپەنا درەخـتـە خـووسـاوەکـانەوە تێـدەپەڕێت و دەمارەکانی ملی وەک مارانی مردوو وان، ئەو پیاوەی وا قەت زیندوو نەبوو.

ئەوێک کە نیگاکەی چاولێکردن نەبوو، هەڵدڕان بوو و دەنگی جـاوینەکـەشی وەک گـۆرانی، بەرز. دوو هێـڵی سـەرەتا هەڵبـەت کە دەکرێت دیسـان تایبـەتمەندییـەکـانی پیاوی لەبەرچاو گیراو بێت.

**لە ساعەت چواردا**
**لە چرکەیەکدا کە هەودای شینی دەمارەکانی**
**وەک ماری مردوو بەم لاولای گەروویدا**
**هەڵخوشیون**
**لە شـەویلکە ئاوەژووەکـانیـدا ئەو بێـژە خـوێناوییـە دەبێژنەوە:**
**- سڵاو**
**- سڵاو**

کـاتی شاعـیر دیسـان لەسـەر چوار ڕادەوەستـێت و ئەو

ئینسانە پووچەڵەی پڕ لەباوەڕە لەسەر زەینی شاعیر، قورسایی دەکات. لەوە دەچێت کە دەبوو ئەم دوو بڕگەیە بەدووی یەکتریدا بهاتنایە.

**– ئەرێ تۆ**

**قەت بۆنی ئەو چوار گوڵاڵە شینەت هەڵمشتووە؟**

لەنێوان کاتژمێر چوار و ئەو چوار گوڵاڵە شینە چ پێوەندییەکی ڕەمزاوی هەیە؟ لە شیعری "پاش تۆ"دا دەڵێت:...مەرگیش لەسەر زەریحی موقەددەس نیشتبووەوە/ وا لە چوار سووچەکەیدا، لەناکاو چوار گوڵاڵەی شین هەڵبوون. لەوانەیە پێوەندی موقەددەس کردنی مەرگ لەلایەن شاعیرەوە بێت.

– ۲۳.

**زەمان تێپەڕ بوو**<br>
**زەمان تێپەڕ بوو**<br>
**شەو کەوت بەسەر پەلکە ڕووتەکانی ئەقاقیدا**<br>
**شەو لە پشت جامی پەنجەرەکانەوە هەڵخلیسکا و**<br>
**بە زمانە سڕەکەی**<br>
**بنکرەکانی ڕۆژی ڕابردووی قووت دەدا**

کات تێدەپەڕێت، هەرچەندە هێشتا هەر شەو دەسەڵاتدارە و پاشماوەی ڕۆژە نەماوەکەش قووت دەدات. شەوی شاعیر درێژەی هەیە.

**من لە کوێرا دێم؟**<br>
**من لە کوێرا دێم؟**<br>
**کە وەها بۆنی شەوم گرتووە؟**<br>
**هێشتا خۆڵی سەر گۆڕەکەی هەر تازەیە**<br>
**گۆڕی ئەو دوو دەستە سەوز و گەشە دەڵێم...**

ئەو لە کوێوە دێت؟ لە مەرگەوە دەگەڕێتەوە. شاعیر مردبوو و بۆنی شەوی گرتبوو. خەمۆکی پاش شووکردن، لێکدابڕان، دوور کەوتنەوە لە منداڵ، بەگرانی لێک گەیشتن لەگەڵ مەحبووب، تێڕوانینی سەبارەت بە بوون و تەنیایی و دڵەڕاوکێ و ئەوەی کە ژێر پێی چۆڵ کرابوو، دەور و بەرییەکان و دووپات بوونەوەی گورگ ئاسای سامسای کافکا ( شیعری ) دوو دەستی سەوزی گەشی ئەو و توانایی کارکردنی لێ لەناو دەبەن. ئەوە هەمان فرووغی شیعری "لەدایک بوونێکی تر"ـە وا دەستەکانی دادەچێنێت؟: دەستەکانم لەنێو باخچەدا دادەچێنم/ شین دەبم، دەزانم، دەزانم، دەزانم.

ئەو لەگەڵ دەست پێوەندییەکی شاعیرانەی تایبەتی هەیە: دەستی من وا لاسکێکی سەوزی لاواندنەوەیە/ دەخەیتە باوەشی گەڵا مردووەکان (شیعری غەزەل)

**چ دلۆڤان بووی ئەی یار، ئەی تاقانەترین یار!**<br>
**چ دلۆڤان بووی ئەو کاتەی درۆت دەکرد**<br>
**چ دلۆڤان بووی ئەو کاتەی پێڵووی ئاوێنەکانت لێک دەنا و**<br>
**چلچراکانت**<br>
**لە لاسکە تێلینەکان دەڕنی و**<br>
**بە تاریکایی چاو لە چاوان نەدیودا دەتبردم بەرەو**<br>
**مێرگی ئەوین**<br>
**تا ئەو هەڵمە گێژەی لەدووداوی گڕی تینوویەتی بوو**<br>
**بەسەر مێرگۆڵانی خەودا دەنیشت.**

**ئەو ئەستێرە مقەباییانە**<br>
**بە دەوری نەبڕانەوەدا دەخولانەوە.**<br>
**بۆچی وتەیان بەدەنگ دەربڕی؟**<br>
**بۆچی نیگایان کردە میوانی ماڵی دیدار؟**<br>
**لاواندنەوەیان لەبەرچی**<br>
**لە ژێر پرچەکانی کچێنیدا شاردەوە؟**<br>
**بڕوانە لێرە**<br>
**گیانی ئەو کەسەی بە وتە دوا؛**<br>
**بە دیدە تکا و**<br>
**بە لاواندنەوە لە ڕەو دامرکا**<br>
**چۆن**<br>
**بە تیرەکانی وەهمەوە**<br>
**لە خاچ دراوە.**<br>
**جێگای هەر پێنج پەلی قامکەکانی تۆش**<br>
**کە وەک پێنج پیتی حەقیقەت وابوون**<br>
**چۆن**<br>
**شووخاڵیان لەسەر گۆنای ئەو هەر ماوە**

ئەم بڕگەیە ژنانەترین وەسف کردنە لە تێگەیشتنی ژنان لە جیهانی بوونی عاشقانە، لە حاڵی بوون و لێبوردن. لە وەسف کردنی بە یەک بوونی دوو کەس و تێ نەگەیشتن لە گیانی ئەو ژنانەی قسەیان کرد و بە نیگا، خۆشەویستی خۆیان لاواندەوە و بە لاواندنەوەیان لەلایەن خۆشەویستەوە دەیانتوانی ئۆقرە بگرن، بەڵام لێیان درا و بە تیری وەهم بەخاچ کێشران (شاکلیلی ناسینی ژیانی تاکەکەسی فرووغ)، ئەمە جوانترین نمایشت کردنی دزێوی

توندوتیژییە بەرانبەر بە ژنان جارنامەیەکی لەسەرەتاوە تا کۆتایی شاعیرانە، لەو نەگوتراوانەی ملیۆنان ژن، ئازایەتی گێڕانەوەی ئازارەکانیان تێدا نییە، ئەم جارەشیان هەر فرووغە باسی جیهانی ژنانمان بۆ دەکات. پاش ئەوەشە کە شاعیر دەگاتە زانستی بێدەنگی و لە دێڕەکەی دواتر ئیتر وازی لە قسەکردن، لەگەڵ تاقانەترین یار هێناوە. ئەو یارەی پێی وابوو سەردەمانی ئەستێرە مقەبابییەکانی لێ دوور دەخاتەوە. شاعیر چی گوتبوو وا شەپلاغەی لێکەوتبوو؟ پێگەی ئەو کەسەی لێی داوە لە دڵ و ڕوحی شاعیردا وەهایە کە ئەم هێڵە سامناکانە دەخولقێنێت و ئەوە لەو کاتەشدایە کە دەزانین کۆمەڵگەی ئەو سەردەمانە لەم چەشنە شەپلاغانەی زۆر بە ڕوومەتی شاعیرەوە کوتابوو و ئەویان بە تۆمەتە ناڕەواکان، یان تێ نەگەیشتنی نەشیاویان لە شیعر و هەستەکەی تێک ڕووخاندبوو و شاعیر دیسان وەک حافز پەکی خۆی لەبەر قسەی خەڵکی نەخستبوو، بێ ئاگایان لە ئەویش سەریان لە چاوچاوێنەکەی سوڕ مابوو، بەڵام ئەم کەسەی لێی داوە چ پێگەیەکی لای شاعیر هەبووە؟

**بێدەنگی چییە، چییە، چییە، ئەی تاقانەترین یار!**
**بێدەنگی چییە، بێ لە وتەی نەگوتراو پتر.**
**من لە گۆ دەکەوم، لێ زمانی پەڕەسێلکەکان**
**زمانی ژیانی ڕستە زیندووەکانی جێژنی سروشتە.**
**زمانی پەڕەسێلکەکان یانی: بەهار، گەڵا، بەهار**
**زمانی پەڕەسێلکەکان یانی: شنە، بۆن، شنە**
**زمانی پەڕەسێلکەکان لە کارخانەدا دەمرن.**

ئەم دێڕە لە بەبڕین چوونی زمانی پەڕەسێلکەیەکەوە دێت وا ڕستە زیندووەکانی ناو جەژنی سروشت دەجریوێنێت و بە شەپلاغە وێکەوتنی لەلایەن تاقانەترین یارەوە لە قسە دەکەوێت و ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە دەبێتەوە و دەپرسێت" بۆچی وتەیان بەدەنگ دەربڕی" ئەو دەگاتە بێدەنگی، بەڵام دەشزانێت لەم کەشەدا مەرگ چاوەڕوانی پەڕەسێلەکە دەکات، ئەو پەڕەسێلکەیەی پێوەندی، لەگەڵ بەهار و گەڵا و سروە و بۆنی خۆش هەیە، نەک کارخانە و ژنایەتییەکی وەبەر هەڕەشە کەوتووە و ڕابواردنی لە بێدەنگیدا لە ترسی بەخاچ کێشرانێکی دیکە و تەوەهوماتێکی تووڕە و کوشەندەی تر.

**– ئەمە کێیە ئەم کەسەی بە ڕێگای ئەبەدییەتدا**
**بەرەو چرکەی یەکبوون دەچێ و**
**کاتژمێرە هەمیشەییەکەی**
**بە مەنتقی بیرکاریانەی کەمکردنەوە و ناکۆکییەکان کۆک دەکا،**
**ئەمە کێیە ئەم کەسەی کە بانگی کەڵەباب**
**بە دەستپێکی دڵی ڕۆژ نازانێ،**
**بە سەرەتای بۆنی خورێنی دادەنێ.**
**ئەمە کێیە ئەم کەسەی تاجی عیشقی لەسەردایە و**
**لە جلی بووکێنیدا ڕزیوە.**

ئا لەمەدایە جیاوازیی شاعیرێک وا شانازییەکەی تاجی عیشقە، لەگەڵ ئەو پیاوەی وا ئیلهامی ئیزەدی لای وەک دەنگی کەڵەبابێکە، بەواتای خواردنی نانی بەیانی و بەپێی ژیانێکی ئاسایی کاتژمێرەکەی قوڕمیش کردووە و پێی وایە بۆ هەتا هەتا دەمێنێتەوە، لە کاتێکدا بووکەکەی خۆی هەر لەسەرەتاوە لە جلە بووکێنییەکانیدا داڕزاندووە.

**کەوایە ئاخری خۆر**
**هاوکات**
**پرشنگی لە هەر دوو جەمسەری نائومێد نەدا**
**تۆ لە زایەڵەی کاشیی شین بەتاڵ بوووییەوە.**

هەتاوی ژیانی هاوبەش دواجار وەک یەک نەکەوتە سەر شاعیر و جووتەکەی. ئەو دووانە، دوو جەمسەری گۆی زەوی بوون و کەلێنەکەیان بەمەودای دوو جەمسەر بوو.

پێوەندییە پێکهاتەییەکانی نێوان دێڕەکان لە هێڵەکانی

١– جێگای پێنج لقی قامکەکانی تۆ.
٢– زمانی پەڕەسێلکەکان لە کارخانە لە گۆ دەکەوێت.
٣– بە بەرگی بووکێنییەوە داڕزیوە.
٤– تۆ لەزایەڵەی کاشی شین بەتاڵ بوویت.

بەو جۆرەی ئەو کەسەی شەپلاغەکەی لێ داوە بەناوبانگە، دەکرێت لە مەحبووبەوە بۆ هاوسەری بگۆزێتەوە، ئەگەر پێوەندییەکی هێڵی مەنتقی بۆ گێڕانەوەکە دابنێین و قووڵاییە ئاگرینەکەی شیعر و شاعیر و شاعیری، تێکەڵاوێکی نوێ پێشکەشی مێژووی ئینسانی مۆدێرن نەکردبێت.

**– کەچی من هێندە پڕم، کە لەسەر دەنگم نوێژ دادەبەستن.**

شاعیر لە قسە نەگوتراوەکان پڕ بووە، دەنگی ئەو ئیتر بە بێ پەیڤە و بە زانستی بێدەنگی پڕ بووە، ئەو بە

حەقیقەتێک گەیشتووە کە دەبێ کڕنوشی بۆ بەریت و نوێژی لەسەر بکەیت.

**تەرمە بەختەوەرەکان**
**تەرمە دڵتەنگەکان**
**تەرمە بێدەنگە ڕاماوەکان**
**تەرمە خۆش مەشرەب و جوانپۆش و خۆشخۆرەکان**
**لە وێستگەی کاتە دیاریکراوەکاندا**
**لە بەستێنی دڕدۆنگی تیشکە کاتییەکاندا**
**لە چاوچنۆکیی کڕینی میوە بۆگەنیوەکانی بێهوودەییدا...**
**ئاخ،**
**چەندە خەڵک لەسەر چوارڕێیان چاوەڕوانی ڕووداوەکانن و**

**ئەم هەموو فیتووی فەرمانی وەستانەش**
**لە چرکەیەکدا کە دەبێ، دەبێ، دەبێ**
**پیاوێک لە ژێر تەگەرەکانی زەماندا بپلیشێ**
**پیاوێک کە بە تەنیشت درەختە خووساوەکاندا دەڕوا...**

شتە بینراوەکانی ژیان لەبەر چاوی شاعیردا دەمرن. ئەو بە ناخۆشی باسی هەموو ئەو کەسانە دەکات وا مردوون و پێیان وایە زیندوون و بەختەوەر، خەمبارن و بیرمەند و لە وێستگە خووپێگرتووەکان خەریکی کاری لەخۆڕایین، هەروەک ئەو پیاوەی بەپەنا درەختە خووساوەکاندا تێدەپەڕێت (باوک)، یان ئەو پیاوەی لەبن تەگەرەکانی زەمانەدا دەپلیشێتەوە (هاوسەر) و ڕەخنەیان لێدەگرێت و بە کەڵک وەرگرتن لە چەند خاڵ لە درێژەی شیعرەکەدا لەوانەیە پێی خۆش بێت شتێکیش باسی مەحبووب بکات کە لەمەیان دەگەڕێت بۆ کاتێکی تر.

**- من لە کوێرا دێم؟**

ئەم برگەیە کورت کراوەیەکە لە برگەی ٤٢ من لە کۆیەوە دێم وا بۆنی شەوم گرتووە.

**گوتم بە دایکم: "ئیتر تەواو بوو."**
**گوتم: "هەمیشە بەر لەوەی بیری لێ بکەیەوە دەقەومێ.**
**دەبێ پەیامێکی سەرەخۆشی بۆ ڕۆژنامە بنێرین."**

ئەو دیسان لەم دێڕەدا بۆ مردنەکەی خۆی پرسەنامە دەنێرێت و خۆی لە کۆمەڵگەی دەوروبەری جیا ناکاتەوە، هەرچەندە زانایییەکی سەرسوڕهێنەری هەیە. ئەو خۆشی هەر دەخاتە پاڵ تەرمەکان. ئایا دووپات کردنەوەی ئەم برگەیە پیشاندەری دەستدانەکەی بۆ خۆکوشتن و بڕیارێکی دیکە بۆ ڕۆیشتن نییە؟ بڕیارێک بۆ توندتر پێدانان لەسەر پێدالّی گازەکە؟

- ٣٣.

**سڵاو ئەی نامۆیی تەنیایی**
**ژوورەکەم ڕادەستی تۆ دەکەم**
**کە هەمیشە پەڵەهەوری ڕەش**
**پێغەمبەرانی ئایەتە نوێکانی پاکبوونەوەن و**
**ڕازێکی ڕووناک**
**لە شەهیدبوونی مۆمدایە**
**کە دوایین و درێژترین گریە**
**بە جوانی تێی دەگا.**

شاعیر لەم تێپەڕاندن و پێداچوونەوەی ژیانی خۆی لە مێژووی پێوەندی مرۆڤ، پێوەندی ژن و پیاو و ئەزموون کردنە سامناکەکانیەوە، سڵاو لە تەنیایی دەکات و دەبێتە ژنێکی تەنیا. ئەو لە تێپەڕینەکەیدا بەناو کوورەی داغ و گەرمداهاتووی ژیان بەم ئاکامە دەگات کە خەم و داخەکان و هەورە ڕەشەکانی لەسەرەتای لاویەتیدا پەرۆشیان بوو، دەتوانن، لەگەڵ خۆیان ئایەتی پاکی بهێنن. ئەو لە مردن و شەهید بوونی دواینترین برووسکەی شەمعێکدا دەگاتە حەقیقەتی پرشنگداری ڕازێک وا تاقە هەر لە دوایین ساتی کۆتایی ژیانێک لە مردندا دەبێت پێی بگەیت.

**باوەڕ بێنین**
**باوەڕ بێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما**
**باوەڕ بێنین بە پاشماوەی وێرانی باخەکانی خەیاڵ**
**بە داسە هەڵواسراوە بێکارەکان و**
**دانەوێڵەی نێو چاڵ.**
**بڕوانە چ بەفرێک دەبارێ..**

شاعیر، بەردەنگەکانی بۆ ئیمان هێنان بانگەشە دەکات، تەنانەت ئەگەر سەرەتای وەرزی سەرما بێت و باخەکانی خەیاڵ کردن وێران بووبێتن، تەنانەت ئەگەر داسەکانی مەرگ هەموو شتێکیان دووربیێتەوە و هیچیان نەهێشتبێتەوە دانەوێڵە بەند کراوەکان هەن. دانەوێڵەی بن بەفر (ئینیاتسیو سیلونە) وەبیر دەهێنێتەوە و دانەوێڵەکەی وا بەشێن بوونەوەی دووبارەی خۆی هیوای ژیانکردن زیندوو دەکاتەوە. ئەم دانەوێڵانە

ڕۆژێکی سەر لەبن خۆڵ دێننە دەرێ. بەفر دایپۆشیون و پارێزراون سروشت، سەرلەنوێ کاری خۆی دەست پێدەکاتەوە و شاعیر لە کۆتایی هەموو بەموراد نەگەیشتن و ناخۆشییەکان و لەدەست دەرچوونەکانیدا، هیوادارە خەریکە بەفر دەبارێت لە یەکەم ڕۆژی بەفرانباردا، هەروەک ئەو ڕۆژەی ئەویان خستە نێودڵی زەوییەوە.

**– ڕەنگە حەقیقەت هەر ئەو دوو دەستە گەنجە بوو**
**ئەو دوو دەستە گەنجەی**
**لە ژێر کڕێوەی یەکڕێی بەفردا نێژرا**
**ساڵێکی دی، کاتێک بەهار**
**ئاوێتەی ئاسمانی ئەوبەری پەنجەرە دەبێ و**
**لە جەستەیدا هەڵدەچێ**
**فوارەی سەوزی لاسکە نەمام چرۆیان دەپشکوێ**
**ئەی یار، ئەی تاقانەترین یار!**

لەم بەکۆتا گەیشتنەدا شاعیر بە حەقیقەت دەگات، حەقیقەتی شینبوونی دەنکەکانی بن بەفر. حەقیقەتی ئەو دەستە گەنجانەی، لەگەڵ هاتنی بەهار دیسان گوڵ دەکەن و ئەم مزگێنییە بە تایبەت بەو یارە ئەو تاقانەترین یارە دەدات و ئەو دەخاتە تەنگژە، لەبەر ئەوەی دەزانێت لە ناخۆشیدا، خۆشی حەشار دراوە و لەبن بەفرباریندا، ژیان هەڵدەقوڵێتەوە. سەرکەوتن ئەم جارەیان بەشی ئەوە هەرچەندە سەر ڕوومەتەکانیشی جێگای قامکەکانی ئەو کەسەی لێی داوە، پێوە مابێت.

وشەی حەقیقەت جارێکی دیکە لە دێڕی ٢٥دا هاتووەتەوە: جێگای پێنج لقی قامکەکانی تۆ/ وا وەک پێنج پیتی حەقیقەت (حقیقت) بوون/ چلۆن بەسەر ڕوومەتەکانییەوە ماون. ئایا ئەو پێنج قامکەش دیسان شین دەبنەوە؟

بەدووی دڵەڕاوکێی ویرانی، هەڵکردنی بای تاریکایی، نادیارەکان، بێ بایەخی، ناجێگیری، ناڕاوەستاوی، بوونی نەخۆش، شڵەژان، نیسێکانی دڕدۆنگی، ساتە بێ بایەخەکان، داڕمان، بەتاڵان بردنی بایە ڕەش و هیچەکان، سۆمای شاعیرێک بەناوی فرووغ، هیوای هەڵقوڵانی نافورە سەوزەکانی ئەو لاسکە بارسووکانەی وا گوڵ دەکەن، لەنێو دڵمان دەخات.

کەواتە لە دوایین دێڕدا، هەمووومان باوەڕ بێنین بە سەرەتای وەرزی سەرما.

**تێبینی:**
**شیعری فرووغ لەم وتارەدا لە لایەن شاعیر و وەرگێڕ ساماڵ ئەحمەدی-یەوە وەرگێڕدراوە، سوپاسی هاوکاریی دەکەم.**

**سەرچاوە:**
**سایت اینترنتی "مدرسە فمینیستی"، مقالە "فروغ، شارح قرون وسطی بە امید رنسانس"، نوشتەی بنفشە حجازی.**

# حوجرەکانی کوردستان و پێگەیاندنی پیاوە گەورەکان

## (کورتە باسێک لەسەر ژیان و ئاسەواری ئەحمەدیان)

مەلا ئەبووبەکر محەمەد کەریمی
(مەهاباد)

بە پێویستی دەزانم پێشەکی، سووکەچاوێک بە ڕابردووی وڵات و نەتەوەکەماندا بخشێنین. زۆر جار گوتراوە و نووسراوە لەو ڕۆژەوە کە ئیسلامەتی لە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە، گەلی کورد ئەو ئایینە پاکەی وەرگرتووە و لە ناخی دڵیدا جێگەی بۆ کردووەتەوە، چونکە زانیاری و دادپەروەری و هەموو ڕەوشتە جوانەکانی تێدا بەدی کردووە، هەر بۆیەش ڕوویان کردووەتە خوێندن و ڕۆشنبیری و زانست، بەمەش هەزاران زانای بەناوبانگ و بێ وێنە لەو دۆڵ و دەرەیەدا پەیدا بوون کە بە چرای خوێندەواری و زانیاری، شەوی تاریکی کوردستانیان ڕووناک کردووەتەوە، نەوە و وەچەکانی گەلی کوردیان بە ڕێگەی ڕووناکی و ڕووناکبیریدا بردووە. لە هەموو مەیدانەکانی زانیاری و دینداری و ڕامیاری و ڕزگاریدا سەریان هەڵداوە. وەک منارەیەکی باڵابڵندی باوەڕ و زانست و مەشخەڵی دۆزینەوەی ڕێگە ڕاستەکان، خۆیان نیشان داوە. توانیویانە گیان و ژیانی ئیمانی و سۆز و ئەوینی نیشتمانی بە بەر کۆمەڵدا بکەن. لە ڕاستیمان لانەداوە ئەگەر بڵێین کوردستان هەر لە سەدەی دووەمی کۆچییەوە بۆتە زانکۆیەکی لق و پۆپدار. لە هەر لادۆڵ و ئاقارێک چەند ماڵێک خڕبووبێتنەوە، مزگەوت و خوێندنگەیان بۆخۆیان پێکەوە ناوە و مەلا و دەرسبێژیان بۆ هێناوە. دوور نەچین هەر لە شاری زاناپەروەری مەهاباددا کە یەکێکە لە مەڵبەندە زانیارییە کۆنەکانی کوردستان، خوداڵێخۆشبوو (بداغ سوڵتان) حوکمڕانی موکریان، لە ساڵی ١٠٨٩ی کۆچی مانگیدا کە مزگەوتی سوور و حوجرەکانی ساز دەکات، زانای گەورە و بەناوبانگ (مەلا جامی چۆڕی) لە دێی چۆڕی مەریوانەوە دێنێ، ئاڵای عیلم و زانستی دەداتە



مامۆستا ئەحمەدیان

دەست. ئەو مەدرەسە پیرۆزە دەبێتە بنکەیەکی زانین و زانیاری و زانکۆیەکی گەورەی کوردەواری کە خوێندکاران وەکو رووگە لە هەموو لایەکەوە رووی تێدەکەن. جا لەو حوجرەیە و لە حوجرەکانی دیکەی مەڵبەندی مەهاباددا، سەدان زانا و ئەدیب و شاعیر و نووسەر و رۆشنبیری لێ هەڵدەکەوێ. جێی سەرسوڕمان نییە کە مەلا محەممەدی قزڵجی و مەلا محەممەدی ئیبنوڕەسوولی سابڵاغی، لەو حوجرانەدا پاراو و پەروەردە بوون، بۆ ماوەیەکی زۆر زانستگەکانی قاهیرە و بەغدایان خستبێتە ژێر تیشکی زانستی خۆیانەوە. هەر لەو سەردەمەدا دەبێ کە مامۆستا ئەحمەدیان بۆ درێژەدانی خوێندن و بردنەسەرتری پلەی زانیاری لە لای قزڵجی بەرەو بەغدا وەڕێ دەکەوێ.

بەڵێ؛ ئەو رووناکبیر و زانا و مەلا بەرزانە لەو حوجرە تەنگ و تاریک و قوڕینانەدا پێدەگەن. جا لەنێو ئەو زانا و بلیمەت و هەڵکەوتووانەدا زانای بەناوبانگ، بلیمەتی زەمان، مامۆستا ئەحمەدیان سەر هەڵدەدا و قەڵایەکی سەختی زانیاری دادەمەزرێ، چرایەکی پڕشنگداری نەکوژاوە دێتە ئاراوە، ئەستێرەیەکی عیلم و زانست لە رۆژگاری خۆماندا دەدرەوشێتەوە.

ئەو زانا هەڵکەوتووە، ئەو بلیمەتە لێهاتووە کە ژیانی پڕ بەرەکەتی خۆی لە پێناوی خزمەت بە ئایین و نەتەوەکەی داناوە، زیاتر لە شێست ساڵ لە شار و گوندەکان، لە مزگەوت و حوجرەکاندا، لە زانستگە و فێرگەکاندا، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، خەریکی دەرس گوتنەوە و ئامۆژگاری، نووسینەوە و رەوانبێژی، لێکۆڵینەوە و جوانکاری، توێژینەوە و بژارەکاری بووە. لە هەموو شێوە و ئەدەب و وێژەیەکدا پسپۆڕی لێهاتوو بووە؛ زمانپاراو، قەڵەمڕەوان، بیرتیژ. لە وێژە و بێژەدا دەستمایەیەکی زۆر گرینگی هەبووە. وتارە شیرین و جوانەکانی لە هەر بار و بابەتێکەوە گوێیەکان و دڵەکانی پڕ و پاراو کردووە. وشە ورشەدارەکانی پێش ئەوەی بگەنە حەوا لە دڵ و مێشکەکان دەنیشتن. ئەو زانا پایەبەرزە لە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و کوردیدا زۆر شارەزا و بەدەسەڵات بوو. بەبێ تێکەوەدان و پێکەوەنان دەیتوانی بە هەر سێک زمانەکان بنووسێ، بەتایبەت لە زمانی کوردیدا بەپێچەوانەی زۆربەی نووسەران و وێژەرانی پێش خۆی، دەیتوانی نووسراوە و گوتراوە کوردییەکانی لە وشەو داو و هەودای زمانی عەرەبی و فارسی دابێژێ و بە واژەی ڕەسەن و ڕێکوپێکی کوردی دارێژێ.

پلەوپایەی پیتۆڵی و پسپۆڕیی ئەو زانا مەزنە لە زانستەکانی کۆن و نوێدا، لە کتێب و وتار و نووسراوەکانی بە زمانە جۆراوجۆرەکان دەردەکەوێ؛ بۆ نموونە ئاماژە بە سێ کتێب، لە سی کتێبی چاپکراو و چاپ نەکراوی دەکەم (کە بە سێ زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی نووسیونی):

یەکەم، کتێبی (خەزێنە)، کۆمەڵە وتارێکە لە سێ سەد و دە لاپەڕەدا. بابەتەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ناساندنی کەسایەتییە ئایینی و ئەدەبییەکانن؛ وەک: (عەللامە مەلا عەلی قزڵجی)، (مەلا ئەبووبەکری موسەننیف)، (مەلا عەلی، دانەری تەسریفی مەلا عەلی،)، (مەلا یووسفی ئەسەم)، (بداغ سوڵتان- مەلا جامی)، (بێتووشی)، (شاریکەندی)، (وەفایی)، (مەولەوی)، (هەژار)، (هێمن) و چەند بابەتی وەک: (کورد و ئیسلام)، (ڕاسپاردەی ئەدەب)، (کورتەمێژووی زمان و وێژەی کوردی) لە نێو خۆیدا جێ دەکاتەوە.

دووەم، کتێبی (الایضاح لمعضلات تفسیر البیضاوي)؛ ئەو کتێبە کە بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی، دووسەد لاپەڕەیە، سەدوبیست و چوار گرێ لە گلۆڵە گرێوگۆڵەکانی (تەفسیری بەیزاوی) دەکاتەوە.

سێیەم، کتێبی (سیمای صادق فاروق اعظم)، فارسییە و حەفت سەدوشێست و شەش لاپەڕەیە. بابەتەکەی لێکۆڵینەوەی ژیان و کەسایەتی (حەزرەتی عومەری کوڕی خەتاب)ە، هەڵبەت کتێبی دیکەش لەو

بابەتەوە زۆر نووسراون، بەڵام ئەو کتێبە تاموچێژێکی دیکەی هەیە، بەتەواوی لە بێژینگ دراوە، لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان هەڵقولاوە، بەرگ و پۆشاکی خۆی لەبەرکراوە، هەربۆیەش سەر بە هەر ژوورێکدا دەکات، دڵی ماڵەکان و ماڵی دڵەکان خۆڵماڵ دەکات. ژەنگ و ژار لە ژین و ژیان دەردەکات. مامۆستای خۆناس و خواناس و بوێر کە بە هیچ هەڕەشە و گورەشەیەک تێک نەدەچوو، لە چوارچێوەی بیروباوەڕی خۆی دەرنەدەچوو، لە کاتێکدا ئەو کتێبەی نووسی کە لە شارە خۆشەویستەکەی هەڵدێرابوو، خێوەتی خەم و خەفەتی لەسەر هەڵدرابوو، بەڵام زوقم و شەختەی پاییزی دوور لە ئازیزی، نەیتوانی گوڵی بەرهەمی بەنرخی بشەمزێنێ، سڕ و سەرمای زستانی دوور لە نیشتمانی، نەیتوانی دەست و پەنجەی شێرانەی بتەزێنێ. ئەو خۆشەویستە مەبەستی خۆی بەو جۆرەی شایان و شیاوی شانی ئەو زاتە گەورەیەیە(حەزرەتی عومەر) بە کۆتایی دێنێ. دیارە بەرهەمەکانی مامۆستا بگرە لە شیعر و پەخشان و کتێب و نەوار، لە بابەتی زانستی و ئەدەبی و ئایینی زۆر خەستوخۆڵ و چڕوپڕن، زۆر بە بایەخ و لە قیمەت نەهاتوون، تەنانەت کتێبە هەرە چکۆلەکەی (کلید حدیث شناسی) لە لایەن زانکۆی ئیلاهییات و مەعارفی ئیسلامیی تارانەوە بە یەکێک لە کتێبەکانی ئەزموون وەرگرتن دانراوە.

بێ گومان باسو خواس و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی هونەر و بەرهەم و کەسایەتی ئەو نووسەرە نووسیارە پایەبەرز و قارەمانە کە بۆ هەمیشە نێوی لەسەر زمان و وێنەی لەنێو دڵانە، پێویستی بە دەیان کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاوا هەیە.

لەبەر ئەوەی وەختەکەمان تەواوە، ئەو دوو سێ کەلیمە موناجاتە دەخوێنینەوە کە لە زمانی مامۆستا بیستراوە و نووسراوە:

(خوایە!

من هەر سوپاسی تۆ دەکەم، سوجدە و ڕکوع بۆ تۆ دەبەم،

چونکە تەنیا لە تۆ ڕایە:

...

بوون و مانم، ئاو و نانم، خانوو و لانم، ئێش و ژانم، ژین و گیانم.

...

خوایە!

بە وێنەی کەرەمێک، پێم بە زمان و قەڵەمێک، زمانێ حەقی پێ بڵێم، یان هەر نەبێ ناحەق نەڵێم، قەڵەمێ ناحەقان بکوتێ، یان هەر نەبێ حەقان نەکوتێ...)

# سەفەرێک بۆ کوێستانی قەڵاگاه

مەلا مستەفا ڕەشیدی زاواکێو
(بۆکان)

لە هەر دەور و زەمانێکدا ئینسان بۆ زاخاوی مێشک و گەشانەوەی هەست و دەروونی و پاراوکردنی بیر و هۆشی تیماری ناسۆر و لابردنی ئێش و ئۆفی لەشی بۆ ساڕێژ بوونەوەی کەلێنەکانی خەم و کەسەر و دیتنی دنیا و هەوا و هەوارێکی تر گەڕان و سووڕان لە دەر و دەور و دەورانێکی تر نیازی بە سەیر و سیاحەت، گەشت و گەڕان و داپەڕین و ڕاپەڕینێکی تر هەیە. بۆ دیتنی دەورو سووڕ و سەیرێکی دیکە لە ژیانی ڕۆژانە. دیارە بۆ ئەو مەبەستە تەنیا کوێستانە خۆشەکانی کوردستانە کە ئەو ئاواتە بەدی دێنێ، هەر بۆیە گوتمان با سەرێک لە هەوارگەی دلان، کوێستانی گولان بدەین، چونکە دەڵێن حەدیسە کە سێ شت خەم لا دەبا لەسەر دلان ئاوی ڕوون و گوڵ و گوڵزار، ڕوخساری جوان. بەو بۆنەوە بڕیارمان دا دەگەڵ پۆلێک لە هەڤالان لە ڕێکەوتی ٢٧ بانەمەڕی ١٣٨٥ هەتاوی وێکرا و تێکڕا بە ماشین بەرەو کوێستان بڕۆین تا تەمێک لەسەر خۆ لابەرین و لە هەوار و چۆم و ڕووبار و جۆگە و جۆبار، نسار، پەسار و لاپاڵ و بەرپاڵ سەیرێک بکەین و چاوێک لە لەند و هەرد و بەرد و زەرد و سەخت و چڕ و چیا بکەین. هەوایەک هەڵمژین و گرژی و چرژی و دژی لە خۆ داڕنین و دیدارێک دەگەڵ ئەو هەموو وانە بکەین تا بەدی هێنەری ئەوانە کە خودای مەزنە، باش بناسین و گەشتێک لە دۆڵ و شیو خڕ و دەشت و پێدەشت و باسک و لاباسک، لاڕێ و بەرڕێ و کەوان و ڕاستە بکەین تا کەمێکیش لە دنیای پڕ لە خەم و تەم دوور بین و ئەوینی شادی و سەفا و وەفای دوور لە شاری ببینین، ئینجا بۆ ئەو مەبەستە لە بۆکان شاری هونەر و هونەردۆست دەرکەوتین و لە ملەی کانی کەوچکەی گوڵوڵانی خوداڵێخۆشبوو «مامۆستا محەممەد نووری» سەر کەوتین بۆ لای نسار و جێگای گولان، هەوارگەی دلان؛ با دەردی لەش هەڵوەرێ دڵتەنگی داوەرێ تا گوڵ و چیا و چیمەن و چەمەن کژ و کاژێر و

کەژەوان ببینین. ئاوی کانیاو و بەفراو چۆڕاوگەی ڕەند و هەرەسی لەند و زەنا و زەلاوی کوێستان وەخۆین و دوور لە کلۆر و ئاوی بۆندار و هاڕە و نەڕەی شـــار بین. با چاوێک لە گـزینگی هەتاوی خـۆرهەڵات، زەردەی ڕۆژ پەڕین، سـێبـەری ئێـواران، بوولێـڵـەی شێـوان، دوژمن بەزێنی گا دەرکـردنەوە و ڕووناکی بەرەبەیان، مـاندوویی کـژ و نەحـەسـاوەیی خـەڵکی لادێ بکەین. با چاو و گـوێیەک ببڕینەوە لە هات و هووتی کـێوەوانی ئێـواران، بریقەی داس و مەڵەغانی کرێکاران با لوێرە و ویرەویری جحـێڵان لە ڕێگا و گـوێسـوانان، ئۆحەی گا لەوەڕێنان باڕەی بەرغەل و کارژیلە و فیتەفیتی بەرخەوان و کسەی شوان و باڕەی بەرخە نەبان و بەیت و لۆرەی مانگا دۆش و شڵپەشڵپی مەشکە و حەیران و ویرەویری مەشکەژێن. گزینگی هەتاو تێکەڵ دەگەڵ شنە بای لووتکەی کوێستان لە نواڵ و بەرنواڵی بەرماڵ و پشت ماڵ، ڕەوند و لەند و بەرقەد و بەرپێو و لاپێ کوێستانی خەملێو لە وەنەوشە و شەوبۆ و شلێر و شەستپەڕ و گیاخاو بمژین و ئۆخەیەکمان بێتەوە بەر، با گورگەلۆقەیەک لە خڕ و کەندەڵان و حەوشە و حەشار و شیـو و مێرگ و قۆنەمێرگ و زەل و زەلا و زەنوێران بکەین.

با سـەرێک لە چاوە و کـانی و تاتەنوێژی لە خـودا نزیکانی لە دنیـــا دوور بدەین. با بـڕێک دوور لە سـاتوسـەودا و نەڕە و گـوڕە و هەرا و هۆریای کـڕین و فرۆشتنی کاڵەک و کەڵەک و کولەک بین، با کەمێک دەگەڵ سـەفا و پاکی و چاکی و لە پەنا خێوی چاکاندا بین. با چاوێک لە لادێ بکەین، کـە خـۆشـەویستـیی جـیـــرانی و ئاومـــاڵی و پێکەوە بوون و تێکڕایی و وێککەوتن و گەلەکۆمەکی و هەرەوەز و دراوسێیی و کار و کارکردن و نەخەوتن و نەسرەوتن و ئارەق ڕشتن بۆ کار و نان پەیداکردن کە دەبێتە هۆی لەش ساغی، لەوان فێر بین. با چاو ببڕینە هەوار و هەوارچی تاوڵ و خێـوەت و چیغ و شوان و بێر و مەڕ و بەرغەل و بەردەبێر و بێری و مەڕی مۆڵێ و سەر حەوشە و شیرمەشک و دۆ و دۆدانە و لۆرک و شـیـرێژ و دەڵەمـە و پەنیـر و مـەیلە و ڕۆنی کوێستان و کاڕەی بەرخ و سارەمە و زاواماک و قاڕەی مـەڕ و بێلەی بزن و هۆ هۆ و هێ هێی شـوان و دەنگی شمـشـاڵ. با بۆنێک لە سمڵ و مێـخـەک و شـمڵی بەربەرۆکێ بکەین. با گـوێڕایەڵ بین بۆ دەنگی خـرمـەی بێری بەربێر کە لە نێو مەڕی مۆڵێدا بە خرمەی بازنە و خرخاڵ و گۆبەرۆک، سیـخـمەی پووڵەکەدار، گـوارە و کرمەک و گوڵی تاسکڵاو و گوڵینگی پاشەسەر و کۆچکە لاگیـرە و بەرمـوور و مێخەکبەند و ژێرچەنە و قـەتارەی سەر پشتێنێ بکەین. با لە نانی پڕ لە فێڵاوی و جۆش و ئێش و نەخۆشی دوور بین. جەمێک کەلانە، کولێـرە، هەرمـێـشـک و کـولێـرە چەورەی بە ڕەشکە و کـاخـڵی و کـونجی دەسـتـاوی هەویر بە ڕۆن و شـیـر و جـوانکراو بە هێلکە بە تەندووری دار و تەپاڵە داندراو لەسـەر کەوڵی کـەوڵ و مـەجـوعـمـە پێـچـراوە لە نێـو تێـڕ و توربێن و خورجێن و هەگبە و هەمبانە و چارەکە و کۆڵوانە بخۆین، بۆیە دەڵێ دێیـە مـەکـۆی ژیان و ئەوین. با نرکـاوێک لە ئاوی بەفـراو، بڕێک گـیـا و گـژ بۆ خـواردن و هەڵـگرتن و دەرمـان و جـوانی و ڕاگـرتنی لەش، ئاودراو بە بەفـراو و باران شین بوو لە نێو ڕەند و بن بەفر و ڕەوەز و قەڵپەز و هەڵدێر و ئاوهەڵدێر و دیار و نادیار و نواڵ و سـەرنواڵ و بەرنواڵ و پەنا بەفرەکان بخۆین؛ کە کوود کراوە بە کوودی حەوشە و حەسار و پەین و پشکەڵ و ڕواوە لە شاخ و بن شـاخ و بەرد و قـەڵشت و تاڤگە، هەڵقـەنین و بەرینەوە. وەک شنگ و پنگ، ئەسپنگ، ئەسپۆن، شلێر و شەونم، شەستپەڕ، شەوبۆ، قۆقمیش و بزنەڕیشە، کنگر، کارگ، کـەمـا، کـەلێـر، کـوڕادە، کـاردوو، کـووزەڵە، گـۆزەڵاو، گۆزروان، گوڵەبەڕۆنە، کاڵەکەمارانە، کەڵکە، کلـچێو کـەمـارانە، گـوڵی ژارەمـاسی، ترشـۆکـە، سـەیدووکـە، شیـفـۆک، پیفۆک، کەلمکاشوول، دان دانۆکە، بەردووکە، ڕێکولاو، زیزڕەمـەندێ، مـەندێ، ئاغـجـەباشی، گـێلم بەرباغی، نەعنا، جاترە، سوێسنە، هەڵاڵە، بەیبوون، گیا بەندوخـاو، بیزا، هەلز، کلاوبنە، ڕێواس، دندۆڕ، پرپرە، شـیـلان، دڕدووک، زریشک، قـازیاخـە، گـێـلاخـە، ئەسپەناخ، گوڵەخاشخاش و مێلاقـە، پیچکە، خوژە، لووشـە، قـوون سـوور، ترشـۆکـە خـاسـە، سۆ، سـیـر، سیـرەخـاسـە، سیر مـۆکـە، سیـرەکلۆرە، بێـژان، ڕازیانە، گـەزگـەسک، وێنجـەمـارانە، نانە حـاجی لەک لەک، مالوێنچە، ئاڵەکۆک، ئاڵەکۆکە تاڵە، گوڵەمارە، گوڵ و گەڵای سێوەڕە پۆڵکە، گەسکە فەقێ، گەسکە سپیلکە، چەقـچەقـە، مێکووک، تۆسی، تاڵێشکە، کەرتەشی، وێنجە کـێویلە، گوڵەزەردە، چاو پشـیلە، گوڵی چنوور، چەورۆکە، گـیـا چنارە، پێچۆلەکە، کەرکۆڵ، قـەشقـە، نووسـەنەکـە، زریزانە، کـەرتەوڵ، گـوڵە گـەزیزە، گـوڵە پاییـزە، گوڵە مێخەک، گیا هەوێدار، گوڵە جووتیارە، گەڵا ڕەکێشـە، گـیـا شاتەرە، ڕۆنی گیای کـەمە، گـوڵی چەقالە کێویلە، گوڵی داری ئەرغەوان، کارگی دارێ، چاو کـەسکە، گـوڵی هەمیـشـە بەهارە، گـوڵەکـچە، بەلبـەلە شوانە، گیای چاوە شوانە، گوڵە بابوونە، گوڵە سەدەفی، گوڵە کەنێرە، گوڵە هێرۆ، ئاڵقەتیز، بەڵاڵووکە کێویلە. جا بۆ ئەو گـەشت و گـەڕان و سووڕانە بۆ ژینەوە و بوونەوە و بردنەوەی ئەو گـیـا خـۆراکی و جـوانی و دەرمـانیـیـە کوێستانی قەڵاگای (مێرگەنەخشینە)مان هەڵبژارد بە نێو

دێی مێرگە نەخشینەدا تێپەڕین و ڕاپەڕین تا زوو لە چۆم وەپەڕین لە داری (مەلا عەولا) وەسەرکەوتین. بستوو بە بستوو، تەپک بە تەپک و گرد بە گرد دەگەڵ وچان و حەسانەوە و پشوودان تا گەیشتینە سەرچاوەی گۆڕەپانی ویشکە شیو لە پەنا شاخی (قەلاگا)یە لەوێ بارگە و بنەمان دانا، جێگا هەوار بوو. شوورەی تاوڵ و کۆزی بەرخان و بەردەبێرەکەی لێ مابوو. پیشەکان و قەرەوانە و بەرکۆش و تێر و توربێن و خرتە و پرتەمان لە عەرز دا بەفراوێکمان خوارد، چاوێکمان گێرا و هەوایەکمان هەڵمژی و هیوا سۆبەکمان هاتەوە بەری و چایەکمان بە ئاوی (کانییەکچان) لێنا. سەرمان وەسەر بەردی کردو وەنەوزێکمان دا و چاوێکمان گەرم کرد و حەساینەوە و پشوویەکمان هاتەوە بەر. بەرەو لووتکە و گوندی قەلافەتی قەلای قەلاگا ڕوانیمان و سەیری ئەوبەر و بەری (باوسێن) و گەردنەی (کەلی خان) و (میزەگای ساردەکۆسان) و شاخ و کێوەکانمان کرد. قەلاگا لە زنجیرەکێوەکانی زاگرۆسە و لە سەفی کێوە بلندەکانی وەک (چل چەمە) (ئاگجە) و (ئۆگجە) و (نەکەرۆز)ی (سەرشیو)ی سەقز و (وەستا مستەفا)ی (تورجان) و (لەندی شێخان) و (مەیدان ئەستەر) و (کوێستانی پیرەسەنان)ی مەهاباد و هەواری (میرخاسان) و (مەیدان چوغە) ی چیای (نستان)ییە. کێوێکی بلند و کوێستانێکی خۆش و بەفرگر و دەوڵەمەندە. بلندی لە دەریاوە ٢٣٣٠ مەترە. لە باکوورەوە دەگەڵ (کوڕەسووتێ)ی (وزمەڵە) و (پیر چۆپان) هاوسایەیە. لە باشوورەوە دەگەڵ کوێستانی (کانی تاڵ) و سەرتوونی باوسێن و (خافوورەدێ) پشتی (ساوان) و (سەدباری) بانە جیرانە. لە خۆرهەڵاتەوە دەڕوانێتە گەردەنەی کەلی خان و لە لای ڕۆژئاواشەوە دەگەڵ قەبری (کوڕ و کچان) و (مەیدانان) و کوێستانی (گوڵی بەرکانی)ی بانە دراوسێیە. دوای حەسانەوە هاوڕێیان بڕیاریان دا وێهەڵێن و تێهەڵێن بۆ گیا کردن، بڕۆن بۆ لەند و دوند و ڕاوەند و سەخت و لێژ و تەق تەق و تەلان و بنار و تەپک و قوتوو و قوللە و زەقاییەکان بۆ لاپێ و بەرپێ و سەر و بەر و ژوور و خێچ و پێچ و چاڵ و قووڵ، هەڵدێر و لادێر و ئەوانە، ئەمنیش کە تازە لە نەخۆشی هەستابوومەوە دیارە بەرەوپیری پیریش دەڕۆم، نەمدەتوانی بۆ گیا کردن ڕاپەڕم و بە چڕ و چیا هەڵگەڕێم و لەبەر مار و دڕندە و جانەوەر دەرپەڕم. زۆرم خەم خوارد بۆ ئەو ولاتەی خۆم کە ناتوانم لێی بخۆم و لێی بڕۆم. پیری و نەخۆشی و بێ هێزی ئاسۆی مەرگ دەکا دیاری. لەو نزیکانە کانییەکی زۆر خۆش و ساردی لێیە بە نێوی (کانی کیژان) ئەگەر هەڵەم نەکردبێ ساڵی ١٣٥٥ لە

خزمەت (سەید عومبەری ئاجی کەند هیدایەتی) کە هاتە (زاواکێو) لەوێوە بۆ ڕاوەکەو بە سواری چووینە سەر ئەو کانییە، ڕەبی قەبری پڕ بێ لە نوور، پیاوێکی لەگەڵ بوو بە نێوی حەمەدەمینی کەریم مەلا، لە مەهاباد بوو ئیشالڵا ماویشە. وردە وردە ڕۆیشتم دەتکوت دەچم بۆ شەوارە یا هەوێردە گرتن کە چوومە سەر کانییەکە هەر وەک خۆی مابوو، زۆر سارد و زۆر ڕوون و جوان بوو، سەد سەر مەڕی لێ پاراو دەبوو. شاخی پشت کانییەکە شاخی (سێبەر)ی پێ دەڵێن هەر وا قیت و قۆز بوو، ڕندۆ بەفرێکی لێ بوو سامدار سامی لێ دەکرد. تکە و چۆڕاوگەی ئەو بەفرە ئەوەندەی دیکە ئاوی کانییەکەی زۆر و سارد کردبوو. گوڵەشلێرە سێپەڕەی کێشابوو دڵێک هەزار دڵی پێ دەگەشایەوە، ئاهێکم هەڵکێشا و گوتم ئەی دنیای بێ وەفا نە دەگەڵ کەسی و نە تا سەر بۆ کەسی. بە خۆم کوت با بچمە پێشێ لێی نەترسێم و وتووێژی دەگەڵ بکەم و گرێی دڵمی لە کن وەکەم.

## وتووێژی ئاو و پیر

ڕووم تێکرد و هەڵم دایە کانی کیژان تۆ هەر ماوی پیریش نەبووی! هەر وا جوانی ئەتۆ چۆمی، جۆگەی، چۆڕی، گۆمی، خڕاوی، تۆ هوروژمی، تۆ سێلاوی، زۆر و کەمی، هەموو دنیا دەتخواتەوە، لێت تێر نابێ گەر تۆش نەبی تەسەل نابێ تۆ جوانی، جوانان بە تۆوە جوان دەبن، لە جوانیش جوانتری کەس بە بێ تۆ جوانیش نابێ، هەرچی هەیە گەر تۆ نەبی ئەویش نابێ، خەمهێنەری، خەمڕەوێنی، تۆ فرمێسکی تۆ ئاونگی، تۆ ئارەقی سەر گۆنا و مەم و سنگانی لەسەر پەڕی گوڵ دەنیشی ئەتو زوقمی، تەرزەلوکەی، تۆ سیخواری، سێپەڕەی لە ناشتایان لەسەر چلی هەر لەسەردا سوێر و شیرنی، تاڵ و تفتی، هەر لەو جێیە هۆی ناسینی خودای مەزن یەک ئەوەیە هەموو جێیەک تۆ دەبینی تۆ حەیاتی، کەس نییە نەتخوا ڕوون و لیخنی، سارد و گەرمی، تەنانەت مردووش خۆت پێ دەشوا. تۆ لە شاخی، تۆ لە ناخی، تۆ هەوێنی، تۆ ئەوینی، بۆ ئەوینیش تۆ هەوێنی.

## وەڵامی ئاو

ڕووی تێ کردم ئاوی ڕووناکی کانی کیژان کوتی هۆ کاکی نەخۆشی ڕێبوار ئەوەی کوتت هەمووی وایە، ئاڵقەیە لە گوێچکەمدایە با پێت بڵێم گیانە ئێمە ئاوین هەرچی ببین دەبینە ئاو، ئەمن ئاوم قەت ناگۆڕێم هەتا ماوم من هەر ئاوم من هەر ئاوم.

# تەنز لە چوارینەکانی (خەییام)دا

**نووسینی: ڕەزا داودی**
**لە فارسییەوە: هێرش کەریم**
**(کەلار)**

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین چوارینەکانی دانا عومەری خەییام لەدیدگەیەکی تەنز ئامێزەوە ڕاڤە و شرۆڤە بکەین، بۆ ئەوەی هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم شێوازە لە دەربڕین کە بەشێکی زۆری شیعرەکانی خەییامی لە خۆگرتووە دەربکەوێت.

تەنزی خەییام هەم مرۆڤەکان دڵخۆش و خەندان دەکات و هەمیش ڕووبەڕووی تێڕامان و بیرکردنەوەیەکی قووڵیان دەکات و لە ناخەوە دەیانورووژێنێت، لە هەمان کاتیشدا نیگەران و خەمگینیان دەکات. تەنزی خەییام زیاتر خستنە ژێر پرسیاری بیروباوەڕ و ئەندێشە فەلسەفی و ئایدۆلۆژیا ئایینییەکانە، نەک لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی. لەم ڕووەوە دەتوانین چوارینەکانی خەییام دابەش بکەین بۆ چەند مەبەستیکی شیعری لەوانە:

**یەکەم: گاڵتەکردن بە دنیا و پەیوەستەکانی دنیا**

خەییام بە درێژایی تەمەنی و بە چاوی خۆی کۆچ و گیان لەدەستدانی چەندین پادشا و فەرمانڕەوایانی سەردەمی خۆی بینیوە، لەوانە: (ئەلب ئەرسلان و مەلەکشا و برکیارق و محەمەدی برای) هەموو ئەمانە لەوپەڕی شکۆمەندی و گەنجی و بەهێزیدا گیانیان بە خاک سپاردووە و کۆچی دواییان کردووە، چارەنووسی هەریەکە لەم پادشایانە بۆ عومەری خەییام جۆرێک بووە لە وانە و پەند و عیبرەت و لە ژیانی کەسێتی و ژیانی ئەدەبی عومەری خەییامدا کاریگەرییەکی زۆریان بەجێ هێشتووە. ئەم حاڵەت و ئەزموون و هۆشیاری و چاوکرانەوەیە لە چەندین کات و شوێنی جیاواز و بە شێوازی جیاواز لە ژیانی خەییامدا دووبارە بووەتەوە، بەتایبەتی لەو کاتەی کە بە کووچە و کۆڵانەکانی شاری نەیشابوردا دەگەڕا و بە چاوی خۆی چەندین شوێنکاری گۆزەگەری دەبینی کە تێیدا خۆڵی پاشماوەی ئەو مرۆڤانەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەم دنیایەدا لەوپەڕی دەسەڵات و فەرمانڕەواییدا بوونە بە بێ بەرگری و لەژێر پێی گۆزەگەردا چەندین جۆری گۆزە و کەرەستەکانی ژیانی ڕۆژانەیان لێ دروست دەکرێت، بۆیە هاوار دەکات

و دەڵێت:

**تێپەڕیووم بەلای گۆزەگەرێکدا**
**پێی لەسەر چەرخی، دەستابوو وەستا**
**بە دەست بۆ گۆزە دەست و لوولەی کرد**
**لە کەللەی پاشا لە دەستی گەدا**


چ دنیایەکی کورت و هیچە کەللەی شکۆمەندی سەری پادشا لەپاڵ دەستی گەدایەکدا گۆزەی شەرابی لێ دروست دەکرێت، خەییام بە زمانێکی گاڵتەجاڕییانەوە هەڵخەڵەتێنەرانی تەمەنی فانی و دنیای بۆ کەس نەماو هۆشیار دەکاتەوە و بەئاگایان دەهێنێتەوە کە ئەگەر تا ئێستا زەوی مرۆڤخۆر دەستی پێتان نەگەیشتووە، لە خۆتان بایی مەبن و دڵنیابن زوو، یان درەنگ دەستەکانی لێتان گیردەبێت و لە دەستی مەرگ ڕزگارتان نابێت:

**لای گۆزەگەرێ دوێنێ لە بازاڕ**
**چەند گۆزەم بینی بێ دەنگ و دەنگدار**
**یەک بەیەک ئەیگوت بە زوبانی حاڵ**
**کوا گۆزەگەر و کوا گۆزە فرۆش و کوانێ کڕیار**

ئاواز و شێوازی قسەکردنی خەییام بەتایبەت لە نیوە دێڕی دووەمدا هۆشیارکەرەوە و بەئاگا هێنەرەوەیە. دووبارەکردنەوەی پرسیارەکە و ئەو وێنە هونەرییەی کە خەییام بۆ کارگەی گۆزەگەرەکە کێشاویەتی سەرەڕای پێکەنین، وا لە شاعیر دەکات سێبەر و سایەی مەرگ و هیچییەتی ژیان بەسەر دەوروبەرەکەیەوە ببینێت و بە هەموو لایەکدا پەخشی بکات و هەمووان بە چاوی خۆیان هەستی پێ بکەن و ببیینن.

**دووەم: مەزهەبیات**

ئەو چوارینانە دەگرێتەوە کە تایبەتە بە ڕەخنەگرتن لە باوەڕە مەزهەبییە ڕووکەشییەکانی خەڵکی، تەنز لەم جۆرە شیعرانەدا بەهێزترە لە مەبەستەکانی تری شیعری خەییام و بەشێکی زۆری بیرکردنەوەی خەییامی داگیرکردووە. هەڵبەتە لێرەدا مەبەستی خەییام زیان گەیاندن نییە بە ئەندێشە ئاینییەکان، بەڵکو مەبەستی خەییام هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و هاندانیانە بۆ خۆشویستنی دنیا و سوودوەرگرتن لەو هەلانەی کە لە ژیاندا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، خەییام دەیەوێت مرۆڤایەتی لە باوەڕ و تێڕوانینە لاوازەکان بپارێزێت، بەتایبەت ئەو کاتەی کە ئایین و مەزهەب دەبێتە کەرەستەیەک بەدەست کەسانی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا و بەهۆیەوە فەرمانڕەوایی بەسەر کەسانی لاواز و هەژاردا دەکەن، خەییام کاتێک دەبینێت گرووپێکی زۆری خەڵکی دوور لە چاوی میللەتەکەیان لە مەستی خۆیاندا



خەییام

نوقم بوون و بەوپەڕی خۆشگوزەرانییەوە ڕادەبوێرن و خەڵکیان کردووە بە بووکەڵەیەک بەدەستی خۆیانەوە و فەرمانڕەواییان دەکەن، زیاتر تووڕە و پەرێشان دەبێت و هاوار دەکات:

**گەر عاشق و مەست بچنە جەهەنم**
**بەهەشت چۆڵ و هۆڵ لەمسەر تا ئەو سەر**

یان:

**قرآن کە مهین کلام خوانند آن را**
**گە گاە نەبر دوام خوانند آن را**
**برگرد پیالە آیتی هست مقیم**
**کاندر همە جا مدام خوانند آن را(*)**

خەییام لەم چوارینەیەدا کۆمەڵگە ڕووبەڕووی پرسیارێکی گرنگ دەکاتەوە.

«بۆچی خەتی جام و پیاڵە هەمیشە و لە هەموو جێگایەک دەخوێنرێتەوە، بەڵام قورئان هەندێک جار ؟» هەر عەقڵێکی دروست و ڕەوان و ئەندێشەیەکی ئیلاهی خوێندنەوەی قورئان پەسەند دەکات، نەک بادەنۆشی و مەی خواردنەوەی بەردەوام. خەییام ئەم باوەڕە باوە دەشکێنێت و گورزەکەش لێرەدایە کە:

(١) نەگەیشتووین بە ناسینی هەقیقی.

(٢) کار بە قورئان ناکەین، چونکە قورئان مەی قەدەغە کردووە.

(٣) کـۆمـەڵگە چێــژ و لەزەتی هەتاهەتایی دەکــاتە قوربانی چێژ و لەزەتی کاتی.
(٤) بۆچی کـــاریگەری ئایاتی (پەیمانە) زیاترە لە کاریگەری ئایاتی قورئانی؟

**سێیەم: خۆش گوزەرانی و سوود وەرگرتن لە هەلەکانی ژیان**

خـەییـام بایەخـێکی زۆر بە خـۆش گـوزەرانی و سـوود وەرگرتن لە خۆشی و هەلەکانی ژیان دەدات و زۆربەی ئەو چوارینانەی بۆ نموونە لە سنووری مـــەزهەبیـــات و بێ بایەخی دنیـادا هۆنراونەتەوە باس لە خـۆش گـوزەرانی و ڕابواردن و گـــرنگیـــدان بە ژیان و چێـــژ وەرگـــرتن لە خۆشییەکانی ژیان دەکەن. هەڵبەتە ئەمەش تەنیا بریتی نیـــیـــە لە مـــەی خـــواردنەوە و ڕابوردن، بەڵکو زیاتر پێـداگـری لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە کـە نابێت ئەم تەمـەنە کورتەی هەمانە لەم دنیایەدا بە فیـڕۆی بدەین. سەرەنجام (بربای نصـیـب خـویش کت بربایند....) ئەم واتایەش نزیکە لە ناوەرۆکی ئایاتی (ولا تنس نصـــیـــبک من الدنیــا) بە بڕوای (ذکـاوتی) خـەییـام بە ئایدۆلۆژی و مـــەرامی خـــۆشگوزەرانی ناســـراوە، بەڵام ئەم خـــۆش گوزەرانی و مەی نۆشییە بیانوویەکە بۆ کەم کردنەوەی وەڕسبوونێک کە ئاو لە دەمدا وشک دەکات.

**بەر لەوەی گەردوون تووشمان کا بەوەی**
**وەرە باخۆمان تێراو کەین لەمەی**
**چونکە چەرخی کۆن کاتی ڕۆیشتن**
**ماوەی ئاو نادا لێوی پێ تەڕکەی**
یان
**بەس گێژ بە لە ناو پێنج و شەش و حەوت و چوار**
**مەی فڕکە دەتاوێیتەوە وەک بەفری پار**
**نەتزانی لە کوێوە هاتووی ڕۆژی بەرێ**
**ناشزانی بەرەو کوێیە پاشە هەوار**

**چوارەم: مردن و ژیان**

خــەییـــام فـەیلەســـووفـێکی نیـگەرانە، ئەندێشـــە فەلسەفییەکان لەئاست پرسیـارەکانی خەییامدا نین و وەڵام دەرەوەی پرسیـارەکانی نین. خەییام پرسیـارەکانی ئەو دیوی (مـردن) و جـیــهـــانی دووەم نازانێت، ژیانی تەنگ و تاریک خـەییـام ڕازی ناکـات. سێـبـەر و ترسی مردن سەرتاپای ژیانی خەییامی داگیر کردووە، خەییام لە دڵەڕاوکێ و پەرێشـانی (جبر و اختـیـار)دا سەرگەردانە. هەم دڵی بە دنیا خۆشە و هەمیش ترسی لە مردن هەیە، هەروەها ونبووی بیابانی گومان و پرسیار و بێ هیواییە، بۆیە بە نەغمەیەکی گاڵتەجارییەوە دەڵێت:

**هاتنم بەدەست خۆم نەبوو هێنایانم**
**دەرچوونە دەریش چۆن و کەیە نازانم**
**سەد خۆزگە نەهاتبام نەچووبام نەبیام**
**لەم گێرەو کێشە ڕەحەتبا گیانم**

(ذکـاوتی) لەم بارەیەوە دەڵێت: خـەییـام سـەبارەت بە ئاییندە و ڕابردوو هەمـوو گـومـانێکی ڕەتکردووەتەوە. باری ڕابردوو و داروپەردووی سەدەکـانی لاداوە و هیـوای بە ئاییندە نەمـاوە و بە هیـچ شـێـوەیەک دڵی بە ئاییندە خۆش نییە و بە گاڵتەوە باس لە کەسانێک دەکات کە: «لەدامـــاوی و لاوازیدا درۆی خــۆش دەکـــەن» ئەگـــەر بە زمانی ئۆگۆست کۆنت قسە بکەم (ئەبو عـەلی) قۆناغی خەیالاتی تێپەڕاندبوو، خەییام وازی لە میتافیزیک هێنا و بەرەو زانست ڕۆیشت، چونکە خەییام بۆخۆی بیرکاری ناس بوو و لە هەمـوو پرسیـــارەکـاندا بە دوای یەقـیـندا دەگەڕا. کاتێک خەییام بە نیگەرانی و ناڕەزایەتییەوە دەڵێت:

**من بیم نەبم دنیا وەک یەکە**
**دەبێ فائیدەی چی بێ؟ ژیانم؟**

نایەوێت دەست وەربداتە کـاری جـیـهـان، بەڵکو ئەمـە پرسیـاریکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتییە، چونکە کاتێک مـرۆڤ لە چارەنووسی خـۆیدا هیچ دەسـەڵاتێکی نەبوو هەست بە پووچی دەکات.

خـەییـــام هەم ئازار دەچێـژێت بە هۆی هەسـتـەکـانەوە و هەمیش بێ هوودەیە بەهۆی نەستەوە. خـەییام هەم ئازار دەکـێشـێت هەمـیش هەست بە بێهـوودەیی دەکـات، واتا هەم بایەخ بە هەست دەدات، هەم بایەخ بە نەست، بۆیە لەم ڕووەوە ڕووبەڕووی لێک دژییەکی قووڵ دەبێتەوە، کە ئەمـەش بۆ حەکـیـمـێکی گـەورەی وەک خـەییـام چاوەڕوان نەکـراوە، بەڵام بە بڕوای من ئەم حـاڵەتە تایبـەت نیـیـە بەتەنیـا خـەییـامـەوە، چونکە تێـڕامـان و بیـرکـردنەوە لە مـــەرگ و ژیان هەمـــیـــشـــە جـــۆرێک لە لێکدژی بەدی دەهێـنێت، بەتایبـــەت هەندێک جـــار پەیدابوون و پیشـاندانی ئەم لێکدژی و جیاوازییانە ئامانجی خەییامە نەک کێشەی خەییام. لێرەدا هەندێک لەو چوارینانەی کە خـەییـام لەم بارەیەوە بەشـێـوەیەکی تەنز نووسـیـوویەتی تاووتو دەکەین:

**هەرچەن ڕەنگ و ڕووم جوان و ڕەنگینە**
**باڵا وەک سەروو، ڕوومەت نەسرینە**
**بەڵام نازانم بۆ لە دنیادا**
**وا ڕازامەوە، بۆ لام شیرینە**

**یەکەم:** ئەوەی کە کەسێک نەزانێت لە مەیخانەدا چی دەکات جێی سەرسامییە.

**دووەم:** ســـەدان ســـاڵ بەبەردەوامی باسی ئامـــانجی

خـولـقـاندنی کـردووە، بەڵام وا دیارە شـاعـیـر بە هیچ شـێـوەیەک نازانێت بۆچی بەکـارهاتووە، ناتوانێت تەسلیمی ئەوە ببێت کە دەیزانێت.
**سێیەم:** وێنەکێش نازانێت مەبەست چییە لەو وێنەیەی کە خولقاندوویەتی.
**چوارەم:** کەس نازانێت مەبەست چییە لەو وێنەیەی کە بە دیواری مەیخانەوە هەڵواسراوە.

**پێنجەم: دانایی**

خەییام بیرکاری ناس و فەیلەسووف و ئایین ناس و ئەدیبە. زۆرێک لە نهێنییەکانی جیهانی (بوون)ی بۆ دەرکەوتووە، چەندین گرێی جیاوازی لە بوارەکانی زانست و گەردووندا کردووەتەوە و گەیشتووە بە پلەی بەرزی زانایی. کاتێک بیرمەندێکی وەها لە نهێنییەکانی جیهانی خولقاندن و باوەڕە فکرییەکان قووڵ ببێتەوە و نەتوانێت ئەم باوەڕانە پشت ڕاست بکاتەوە و لە دۆزینەوەی نهێنییەکانی ژیان لەوانە مردن و ژیان و جیهانی هەستی بێ هیوا بێت، بە دڵنیاییەوە دووچاری گومان و بێ هیوای و ڕەشبینی دەبێت، بەتایبەت کاتێک بزانیت کە نازانیت، تاڵی و ڕەنج و دەردی ژیان زیاتر بوونی مرۆڤایەتی داگیردەکات و لە هەوڵی دۆزینەوەی وەڵام، یان بەلایەنی کەمەوە لە هەوڵی ئارامکردنەوەی دەردەکانە، چونکە هەتا زیاتر بزانیت پرسیارەکانیش زیاتر دەبن.

**دڵ سڕی ژینی ئەگەر دەزانی**
**ڕێی بۆ ئەسراری مەرگیش ئەهانی**
**تۆ ئێستە زیندووی، واقت وڕماوە**
**کە بمری ئەوسا زانین ئەتوانی**

چوارینەیەکی تر:

**ئەوانە کەوا بە بیر و هۆشن**
**هەموو خەریکی: (نێرە بدۆشن)**
**عەقڵ سەربەسەر تەڕەپیاز ناکا**
**وا چاکە جلی ئەبلەهـ بپۆشن**

چەمکگەلێکی وەک (ڕاسپاردن بە نادانی و نەزانی و گای نێر دۆشین و نەدانی تەڕەپیاز بە عەقڵ) دەربڕینێکی تەنز ئاسایانەیە و ئاماژەیە بۆ بێ بایەخ بوونی عەقڵ و زانست.
لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆکارەکانی پەسەندی و بایەخی چوارینەکانی خەییام دەگەڕێنەوە بۆ بەکارهێنانی ئەم شێوازەی دەربڕین، واتا گرتنەبەری شێوازی گاڵتەجاڕی و تەنز ئامێزی لە بەرهەمەکانیدا. ناوبانگی جیهانی خەییامیش لەم ڕێگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، بەتایبەت لە هەندێک لە چوارینەکانیدا ئاوازی تەنز و گاڵتە بەهێزترە.
ئەگەرچی بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکانی ئەمڕۆ ئەوە دەردەکەوێت کە هەندێک لەو چوارینانەی کە دەدرێنە پاڵ خەییام هی خودی خەییام نین، یان هیچ نەبێت ئەگەرێکی لاوازە، بەڵام ئەگەر تەنیا ئەو چوارینانەش لەبەرچاو بگرین کە گومان لە خاوەنداریتی خەییام نییە و هەمووان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی کە شیعری خەییامن، ئەوە هیچ لە بایەخ و گرنگی شیعرەکانی خەییام کەم ناکرێتەوە و لە ئاست شاکارەکانی جیهاندان.
کاتێک نووکی شمشێر لەسەر ڕەگی ملت دەبینیت، یان دەبێت بە نەرمی و بە تانە و تەنزەوە قسە بکەیت، یان دەبێت بێ دەنگی هەڵببژێریت، ئێستا ئەگەر ئەم شمشێرە تۆمەتی کافر بوون بێت، یان هاواری ویژدان، یان دەمارگیری شەریعەت و قسەی حاکمانی شەریعەت و پیاوانی بەناو ئایینی بێت، یان زانینێک بێت کە ژەهرەکەی بەرد ورد و خاش دەکات. چوارینەکانی خەییام، ناڵەی گلەیی و سکاڵا ئامێزی کەسێکە کە دەزانێت.

**پەراوێز:** ئەم چوارینەیە لە هیچ یەکێک لە دەقە وەرگێڕاوەکانی شیعرەکانی عومەری خەییامدا نییە و زۆرێک لەو باوەڕەدان ئەم چوارینە یەکێکە لەو سەدان چوارینانەی کە بە هەڵە دراونەتە پاڵ خەییام، بەڵام کەسانێکی وەک (سادق هیدایەت) و زۆرێکی تریش پێداگری لەسەر گرنگ نەبوونی ڕەسەنایەتی چوارینەکانی عومەری خەییام دەکەن و ئەوەی لای ئەوان گرنگە ئەوەیە چوارینەیەک لەسەر بنەمای بیرۆکەی خەییام دامەزرابێت و لە ڕووباری بیری خەییامەوە هەڵقوڵابێت.
واتای چوارینەکە بە تێکڕایی ئەمەیە: قورئان کە بەرزترین کەلامە، هەمیشە ناخوێنرێتەوە، بەڵام لە دەوری پیاڵەی شەرابدا ئایەتێک هەیە کە هەموو لایەک هەمیشە دەیخوێننەوە و بە شەراب دەیناسن. (وەرگێڕ)

**تێبینی: بۆ وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام سوودمان لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:**
**١- چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕانی شێخ سەلام، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.**
**٢- چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕانی، مامۆستا هەژار، انتشارات سروش، چپ سوم، ١٣٨٣.**
**٣- دیوانی گۆران، عەبدوڵا گۆران، بڵاوکراوەی پانیز، چاپی سێیەم، تاران، ١٣٨٦.**

**سەرچاوە: گۆڤاری ئەدەبیاتی کۆن، زستانی ١٣٨٨، ژمارە ٢.**

# گرووپەکانی زانستی کەلام خاریجییەکان

**د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)**

١- دەرکەوتنی گرووپی خاریجییەکان بە تایبەتی و گرووپەکانی زانستی کەلام بەگشتی، دوو خاڵی گومان هەڵنەگر ساغ دەکەنەوە، هەردووکیشیان بە حەدیسێکی سەحیح پشت ئەستوورن:

«جاء الإسلام غريبا وسيعود غريبا فطوبى للغرباء».

دوو خاڵەکە بەو جۆرەیە:

**یەکەم:** گۆڕان ئەو شادەمارەیە کە خوێنی ژیان دەگەیەنێتە دڵی کۆمەڵگا، بەڵام کۆمەڵگا لە چین و توێژی جیاواز پێکهاتووە، بەدەگمەن ڕوودەدات، دیاردەیەک، فاکتەر و هۆکارێک ئایدیۆلۆژییەک، ئایینێک بتوانێ سەرتاپای کۆمەڵگا بگۆڕێ و بەو ئاراستەیەدا بیبات و تەکانی پێ بدات کە خۆی لە سەرەتاوە ڕەنگی مەبەست و ئامانجەکانی ڕشتووە.

**دووەم:** ئەگەرچی وا نیشان دراوە کە ئایین لەسەروو کۆمەڵگاوە بەسەر کۆمەڵگادا جێبەجێ کراوە، بەڵام لە هیچ قۆناغ و سەردەم و شوێنێکدا ئەو بۆچوونە وەک خۆی وەرنەگیراوە و پەسند نەکراوە. کۆشش کراوە، یان ئەوەتا لەو سروشتە ترانسندێتییە سەروو سروشتییەی ئایین کاڵ بکرێتەوە بە جۆرێک لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگادا بگونجێ، یان بەپێی هەلومەرجی لە ئارادابوو ئەوەندەی ڕێگای دابێ و هەڵیگرتبێ گۆڕانی بەسەردا هێنرابێ، با ئەو گۆڕانەش هەندەکی بچووک بووبێ و چوارچێوەی دیاری ئایینەکەی نەبەزاندبێ، بوونی شیعە و سوننە، ئینجا بوونی چوار مەزهەب و ئێستاش مەزهەبی وەهابی لە سوننەدا، ڕاستی ئەو قسە و بۆچوونە ساغ دەکاتەوە، هەر بۆیە هزرمەندان دواتر بە تەواوەتی زانیویانە کۆمەڵگا کوێی دێشی و دەستیان خستۆتە سەر برین و زامەکەی و چارەسەرەکەیان لەوەدا دیوەتەوە کە دەبێ کاروباری ئایینەکە ڕەخنە بکرێ. ئەو ڕەخنەگرتنە لە

کاروباری ئایین لەو سەردەمەدا ڕێگای دروستی یەکلایی کردنەوەی هەندەکی کێشەکان و شلەقاندنی گۆمی وەستاوی کۆمەڵگا بووە. لێرەوە کێشەی خەلافەت یەکەم نیشان بووە کە تیری ئەو ڕەخنەیەی تێ گیراوە، جیاوازی نێوان خەلیفە و ئیمام چییە؟ چ کەس مافی هەیە ئەو پلەو پایەیەی بدرێتێ. ئایا ئەو ئەرک پێ سپاردنە بە هەڵبژاردن دەبێ، یان بە میرات لە باوکەوە بۆ کوڕ؟ گوناح چییە؟ چ کەس گوناحبارە، ئەمە پێوەندی بە تاوانەوە چییە کە ئەوسا بە (مورتەکەبی کەبیرە) ناوبراوە؟ سزاکەی چۆنە؟ پێوەندی نێوان ئیمان (باوەڕ) و کردار چۆن هەڵبسەنگێندرێ؟ ئەگەر یەکێک بە زمان و دڵ ئیماندار بێ و بەکردار وانەبێ، بەچی دادەنرێ؟ ئەگەر لەم سەردەمەدا ئەو ڕەخنانە وا بێنە بەرچاو کە لە تەپوتۆز تەکاندن چووبن، لەسەردەمی خۆیدا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە و لەلایەن سەلەفییە کۆنەپارێزەکانەوە بە توندی بەرهەڵستی کراون و خاوەنەکانیان بە دڕندەترین شێوە ژیانیان لێ ستێنراوە. ئەو نەهامەتییەی بەسەر موعتەزیلە هێنرا ئەو قسەیەمان پشت ڕاست دەکاتەوە!

٢- لەگەڵ دەرکەوتنی ئایین لە دوورگەی عەرەب دروشمێک بانگەشەی بۆ کراوە کە بریتی بووە لە یەکسانی، بەڵام ئەو دروشمە پتر قسەی سەرزار و توێکڵی بێ ناوک بووە، چونکە لە قۆناغی دووەمی خەلافەتی عوسماندا، زۆر بە ئاشکراو ڕوونی جیاوازی چینایەتی شان بە شانی جیاوازی خێڵ و تیرەگەری بەدەرکەوتووە. ئەو جیاوازییەش بۆتە مایەی ئەوەی شۆڕش لە بەسرەو کوفە و چەند ناوچەیەکی دیکە دژی خەلیفەی سێیەم هەڵگیرسێ تا وای لێ هات لە ماڵەکەی خۆی کوژرا. هۆکارێکی تری هاندەری توندوتیژکردنی ئەو جیاوازییە چینایەتییە، ئەوە بوو کە لەسەردەمی خەلیفەی چوارەم عەلی، غەزا (داگیرکردنی ولاتان) نەما. ئەو کۆتایی هاتنەی بلاوکردنەوەی ئاییینی ئیسلام کە جاران بۆ عەرەب سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی پارە و ماڵ و موڵک بووە، وشکایی هاتووە، خەڵکەکە هیچی تر خەریکی غەزا نەبووە، بەڵکو لە ولاتانی دەرەوەی دوورگەی عەرەب جێگیر بوون و شار و مەڵبەند و ناوەندی نیشتەجێ بوونیان دروست کردووە و خەریکی کاروباری دنیای دوور لە ئایین بوون. ئەو دوو هۆکارە: کۆتایی هاتنی داگیرکردنی ولاتانی دیکە، دەسکەوتی لە ژماردن نەهاتووی پارە و موڵک و ماڵ وشکایی هاتووە، ئینجا خەڵکەکە لە ولاتانی پڕ خێر و بێری دەرەوەی دوورگەی عەرەب جێگیر بوون و بوون بە خاوەن پلەو پایە و سامان، ئەو ڕەوشە پتر لە جاران جیاوازی نێوان خێڵ و تیرە و چینەکانی توندوتیژ کردووە، لەلایەکی ترەوە وردە وردە سیاسەتی نەتەوە و ڕەگەزپەرستی سەری هەڵداوە و ئەوانەی عەرەب نەبوون بە موالی ناوبراون و لە شوێن و پلەوپایە گرنگەکان نەک هەر بێ بەش کراون، بەڵکو دووریش خراونەتەوە. ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستییە چەپەڵە بە فەرمی لەسەردەمی حوکمڕانی بەنی ئومەییە، دوای کوشتنی ئیمامی عەلی جێبەجێ کراوە(١).

٣- دەرکەوتنی خاریجییەکان ئەگەر وەک دیاردەیەک سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشابێ و بە بزاڤێکی شۆڕشگێڕی ڕادیکال کە بە تەواوەتی و بە هەموو هێز و توانایییەکەوە (بە شمشێر) بەربەرەکانی و بەرهەڵستی کاربەدەستانی دەوڵەت و خەلیفەی کردووە. دەستپێک و پێشەکی دەرکەوتنی تایبەتی و گشتی، هۆکاری خۆیی (ناوەکی) و بابەتی دەرەکی هەبووە ئەو هەلومەرجەیان دابین کردووە کە وەک کەشوهەوا دەستەبەری پەیدابوونی ئەو بزووتنەوەیە بوون! کەوابوو ئەو هەلومەرجە دوو ڕەهەندییە چی بووە کە زەمینەی لە باری پێگەیشتن و پەیدابوونی ئەو گرووپە خاریجییانەی سازکردووە؟!

– هەندێک جار هەندێک کردار، یان کردارێک ڕابەرێک بە مەبەستێکی تایبەتی دەیکات کە ئەنجامی ئەوتۆی لێ دەکەوێتەوە کە چاوەڕوانی نەکردووە، بگرە دەبێتە مایەی لە دەستدانی سەرو ماڵی. سیاسەت و کردەوەکانی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی عەفان نموونەی ئەو ڕووداوانەیە: عوسمان لە ژیانیدا چەند کارێکی کردووە و چەند هەنگاوێکی ناوە مێژوو و ژیان بۆیان تۆمار کردووە، بەڵام ئایا دەرکەوتی ئەو کار و هەنگاوانە بە سوود و قازانجی ئەو تەواو بوون، یان نا؟ بۆ نموونە:

– هەوڵی داوە ئایەتەکانی قورئان کۆ بکاتەوە و لەو کارەیدا سەرکەوتوو بووە، مێژووش بۆی تۆمار کردووە. ئەو کارە ئەگەرچی کەسانێک هەبوون پەسندیان نەکردووە، چونکە لە قورئاندا خوا گوتوویەتی (ئێمە قورئانمان ناردووە و ئێمەش دەیپارێزین)، ئەو کارە ئەنجامێکی باشی لێکەوتۆتەوە، بەڵام بە سوود و قازانجی عوسمان نەبووە! قورئان کۆکرایەوە و لەبەری گیراوەتەوە و کەوتۆتە بەر دەست هزرمەند و زانایانی

ئایین، بەو هۆیەوە قـوتابخـانەیەک لە کـووفـە پەیدابووە بەناوی قـوتابخـانەی قـورئان خـوێنان کـە بە عـەرەبی (مـەدرەسـەی قـوڕائی) پێ گـوتراوە، لەو قـوتابخـانەیەوە دەنگی ناڕەزایی و ڕکەبەری کردنی عوسمان بەرزبۆتەوە و بوون بە هاندەرێکی سەرەکی شۆڕش کردن دژی خەلیفەی سـێـیـەم! هەر لەنێـو ئەو مـەلا و زانا ئایینیـانەوە (قـورئانەکـانەوە) سـەرکردە کـاراکـانی خـاریجـیـیـەکـان دەرکەوتوون و دژی عەلی و معاویە جەنگیون!

– پشت ئەسـتـوور بە سـەرچاوە باوەڕپێکراوە مێژووییەکان، خەلیفەی سێیەم عوسمان پیاوێکی بەدین و ئیـمـاندار بووە، ڕۆڵی بەرچاوی لە ئایینی ئیـسـلامـدا هەبووە، بەڵام ئەو کـارانەی کـردوونی و ئەو هەنگاوانەی هەڵی گـرتـوون خـسـتـوویانەتە ئەو خـانەیەوە کـە پـتـر پیـاوێکی بەڕێوەبەری کـاروباری کـۆمـەڵگا بێ، بە شێوازێکی تایبەتی کۆشابێ بۆ بە دنیایی کردنی ئایین، ئەمـەش دووچاری ئەو نەهامـەتیـیـەی کـردووە و بەو مەرەیەی بردووە کە پێی چووە! ئەو کردەوەیەی بەو جۆرە بووە:

– نزیک خـسـتنەوەی کـەسوکـار و ئەندامـانی تیـرە و خـێـڵی بەنی ئومـەییـە لەخـۆی و دانانیـان لە جـێگا و پلەوپایەی گـرنگی بەڕیوەبردن و سـیـاسی و چەکـداری دەوڵەت، ئەمـەش بۆتە مـایەی هاندانی سـەحـابەکـانی جاران ببنە خاوەن مـوڵک و مـاڵ و سـامـانی لە ژمـاردن نەهاتـوو. لەوەشـەوە جـیـاوازیـیـەکی دیار و بەرچاوی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەنێوان موسڵمانەکاندا دەرکەوتووە. گوایە ئەبو ذەری غەفاری بە توندی ناڕەزایی لە بارەی ئەو ڕەوشـەوە دەربڕیوە و عـوسـمـانی ئاگـادار کـردۆتەوە(٢). مـەسـعـودی بە جۆرێک باسی سـامـان و موڵک و ماڵی عوسمان و کاربەدەرستەکانی دەکات(٣) بەتایبەتی زبێر کوڕی عەوام و تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا و عـەبدولڕەحمان کوڕی عـەوف و...، مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ چۆن ئەو سەحابانەی دوێنێ بوون بە دەوڵەمەند و ئەریستـۆکراتی ئەمـڕۆ، ئەوی پێی بگوترێ ئایین و باوەڕ لە کـرداریاندا بەدی نەکـراوە. ئەوی لێـرەدا جـێگای پرسـیـارە، گـۆڕانی هەڵوێسـتی بکوژەکـان بووە. دوای کـوژرانی عـوسـمـان، تەلحـە و زبێـر ئەو دوو سەرکـردەیەی لەشکری مـعـاویە بوون کـە شـەڕیان لەگـەڵ لەشکری ئیـمـامی عـەلی کـردووە و داوای خـوێنی بەناهەق ڕژاوی عوسمانیان کردووە!

– لە بەرانبەر ئەو سیاسیەتە بێدادییە، دوورخستنەوەی لقەکانی تری خێڵی قوڕەیش بە تایبەتی و تیرەکانی تری مـوسـڵـمـانان بەگـشـتی، دەنگی ناڕەزایی لە کـووفـە و بەسـڕەو مـیـسـر بەرزبۆتەوە و هانی خـەڵکی ناوچە جۆربەجۆرەکان، (سەحابەکان) دراوە بچنە سەر خەلیفە عـوسـمـان. ئەوەبوو لە مـاڵەکەی خـۆی گـەمـارۆ دراوە، دانیشـتوانی مەدینە ڕاستە لە گەمارۆکەدا بەشدارییان نەکـردووە، بەڵام لەسـەریان نەکـردۆتەوە و لەسـەری بە جواب نەبوون.دوای کـوژرانی عـوسـمـان لە مـاڵەکـەی خۆیدا، بەو شـێـوازە دڕندە بێ بەزەییـانەی سـەرچاوەکـان باسیـان کردووە، لە شاری مەدینە سەحابەکان ئیـمـامی عـەلیـیـان بە خـەلیـفـەی چوارەم هەڵبـژاردووە. لێـرەوە سـەرەتای دەرکـەوتنی گـرووپی خـاریجـیـیـەکـان بەدەرکـەوتووە: هەڵبـژاردنی چوار خەلیـفـە لە مـاوەیەکی کـورتی دوای کـۆچی دوایی پەیامـبـەری ئیـسـلام بەو شێـوازەی سەرچاوەکان باسیـان کردووە و ئەو کوشتن و بڕین و خـوێن ڕشـتنە لەو سـەردەمـەدا سـەحـابەی دوێنێ دووچاری بوون، پاساوی سەرئاوکەوتنی گرووپ و ڕێبازی مـەزهەبی جیـاواز دەداتەوە، تەنانەت خـەلیـفـەی چوارەم عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب ئەو پێنج ساڵ مانگێک کەمەی خەلیفە بووە تاکە کەسێک نەهاتۆتە نێو ئایینی ئیسلام و موسڵمان نەبووە، غەزا نەماوە، بستێک خاک نەخراوەتە سـەر وڵاتی ئەوانەی ئیـسـلام بوون، بەڵکو ئەو مـاوەیە خـەلیـفـەی نوێ هەر خـەریکی شـەڕی ناوخۆ بووە، شـەڕی براکوژی سـەحـابە و لایەنگیـرانی عـەلی و مـعـاویە! ئەو سەحابانەی دوێنێ دەستیان لە یەکتری نەپاراستووە و بێ بەزەییـانە یەکـتـرییـان کـوشـتـووە و ئەوانەی گیـراون بە ئاسـانی و بەبێ سڵ و پارێز سـەربڕاون و لەناو براون. تاکـە فـتـوایەک بۆتە مـایەی هەڵگیـرسـانی جـەنگ و ڕەشەکوژی و خوێن ڕشتن. بە فەرمانێک کە لە دیمەشقەوە هاتووە، والی ئەوسـای کـووفـە نەوەکـانی پەیامـبـەری ئیسلامی کوشتووە و حوسەینی سەر بڕیوە!

### پەیدابوونی گرووپی خاریجییەکان

١– سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن خاریجییەکان وەک گرووپ و بزووتنەوەیەک دوای جەنگی (سەفین)ی نێوان خـەلیـفـەی چوارەم عـەلی و والی ئەوسای شام معـاویەی ئەبو سوفیانی ئەمەوی کە جۆرە ڕێککەوتنێک (تەحکیم) کرا، دەرکەوتوون(٤).

کە عەلی بووە بە خەلیفە، پێیان گوتووە، هەندێک بڕیار و کار هەیە نەیکات، چونکە خەڵکەکە لێی دەبن بە دوژمن. معاویەی والی شام دەنگی بە ئیمامی عەلی نەداوە و گازندەی کردووە گوایە بکوژانی عوسمانی داڵدە داوە و بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی بەناحەق ڕژاوی عوسمان نەک هەر کەم تەرخەمە، بەڵکو هیچی نەکردووە. بۆ خەلیفە باس کراوە کە معاویە فیڵبازە و پێویستە لەگەڵیدا پشوو درێژ و لەسەرخۆ بێ، ئیمامی عەلی نامەیەکی بۆ معاویە نووسیوە تێیدا گوتوویەتی:

لە میری ئیماندارانەوە بۆ معاویە، سڵاوتان لێ بێ، دەنگدان بە من لە مەدینە (بەیعە) تۆشی لە شام پابەند کردووە، لەبەر ئەوە و چونکە ئەوانەی دەنگیان بە ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان دا، دەنگیان بە منیش دا، بۆیە ناکرێ ئەوی لەوێ بوو، جۆرێکی دیکە هەڵبژێرێ و ئەوی لەوێ نەبوو ڕەت بکاتەوە، شوورا هەر بۆ ئەنسار و موهاجیرەکانە، ئەگەر ئەوان لەسەر کەسێک کۆ دەنگ بوون و کردیان بە ئیمام، ئەمە ڕەزای خوای لەسەرە. ئەگەر یەکێک فرمان و بڕیارەکەی شکاندن دەیگێڕنەوە، ئەگەر هەر بەردەوام بوو، ئەوە لەبەر ئەوەی ڕێگای ئیماندارانی نەگرتۆتە بەر لەگەڵیدا دەجەنگن... تەلحە و زبێر دەنگیان دامێ، بەڵام لە بەڵێن و دەنگدانەکەی خۆیان پەشیمان بوونەوە... دوای ئەوە ئیمامی عەلی لە نامەکەیدا گوتوویەتی:

ئەوەی تۆ دەتەوێ (ببی بە خەلیفە) فێڵ و تەڵەکەبازی زاروکانە... ئەگەر پەنابەریتە بەر ژیر و دەستبەرداری هەست و سۆز ببی، دەزانی ئۆباڵی خوێنی عوسمان ناچێتە ئەستۆی قورەیش.. تۆ و باوکت و کەسوکارت لە فەتحی مەکە بەدیل گیران و پێغەمبەر ئازادی کردن، بۆیە تۆ مافی ئەوەت نییە ببی بە خەلیفە و لە شورادا بیت. جەریری کوڕی عەبدوڵڵام بۆ ناردی ئەو ئەهلی ئیمان و هیجرەیە. دەنگی بدەیە (لاقوة إلا بالله) لە وەڵامدا معاویە کە ئەوکاتە والی شام بووە بە عەلی گوتووە:

سڵاوتان لێ بێ، ئەگەر ئەوانەی ناوت هێناون دەنگیان پێت دابێ و تۆ لە خوێنی عوسمان بێ گوناح بی، دەبوو وەک ئەبەکر و عومەر و عوسمان بوویتایە، بەڵام تۆ بە خوێنی عوسمان لە خۆت بایی بووی و ئەنسارەکانت دەستخەڕۆ کردووە، نەزانەکان (جاهیلەکان) گوێڕایەڵی فەرمایشتەکانتیان کردووە، لاوازەکانت بەهێزکردووە، خەڵکی شام بە هەموو جۆرێک دەیانەوێ لەگەڵتدا بجەنگێن تاوەکو بکوژەکانی عوسمانیان دەدەیتە دەست! ئەگەر ئەمەت کرد، شورا لەنێو موسڵمانان دا دەبێ، خەڵکی حیجاز فەرمانداری خەڵک ئەگەر ئەوان نەبن، ئەوە خەڵکی شام دەبن بە فەرماندار لەسەر خەڵک، بەڵگەو بیانووت لەسەر خەڵکی شام وەک بیانووەکانتە لەسەر تەلحە و زبێر کە دەنگیان پێت دا، من دەنگت پێ نادەم...»(٥).

٢- ئەگەر مرۆڤ بە وردی دەقی ئەو دوو نامەیە بخوێنێتەوە کە ئێمە لێرەدا چەند دێڕێکمان کردووە بە کوردی، دوو کەسایەتی لەیەکتری جیاواز کە دوو جیهاندیدی ئەرز و ئاسمان لەیەکتری دوور بەرجەستە دەکەن. ئیمامی عەلی پیاوێکی ئیمانداری سادە و ساکار بە هەموو توانایییەوە ویستوویەتی سروشتی ئاسمانی- گیانی- ترانسندێنتی و پیرۆزی ئایینەکە بپارێزێ بەسەر ڕێگا ڕاستەکەیدا (بە بۆچوونی ئەو) درێژەی پێ بدات، مرۆڤ و دەوروبەر بگۆڕێ بۆ ئەوەی لەگەڵ ئایینەکەدا بێنەوە و ملکەچ و گوێڕایەڵی بنەما و فەرمایشتەکانی بن، ڕازی بوونی خوا (نەک مرۆڤ) بەلایەوە گرینگ بووە. بە پێچەوانەوە عوسمان بەکردەوە سەرگەرمی بەدنیایی کردنی دینی ئیسلام بووە، ئەو هەوڵەشی بووە مایەی سەروماڵی و گیانی. معاویە درێژەی بەو ئاراستەیە داوە و بە هەمان ڕێگادا ڕۆیشتووە، ئەنجامەکەشی دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسی بووە بەپێی ئەو سەردەمە و بەواتای ئەوکاتە! معاویە دامەزرێنەری ئیسلامی سیاسی بووە، هەر لەسەردەمی ئەویشدا گرووپ و پارتە ڕکەبەرە سیاسی و ئایینییەکان دەرکەوتوون. ئەو گۆڕانانەی ئەو کردوونی پاساوی ئەو بۆچوونەمان دەدەنەوە:

لە جێگای ئەنسار و موهاجرین و خەڵکی حیجاز، خەڵکی شامی دانا، شوورای نەهێشت، یەزیدی کوڕی لە جێگای خۆی دانا. لە هەمووشی سەرنج ڕاکێشتر مزگەوتی (بەیت ئەل مەقدەسی)لە جیاتی مەدینەو مەکە هەڵبژارد بۆ ئەوەی لەوێ دەنگ (بەیعەی) پێ بدرێ. ئەم هەنگاوانە جۆرە ئاوکردنە ژێر پیرۆزییە بۆماوەکانی ئایینەکە بووە کە وردە وردە لەسەر دەستی کاربەدەستانی بەنی ئومەییە بوون بەکولتوور و بەشێک لەمێژوو! ئەم ڕەوشە چ گولێکی خستۆتە سەرخەرمانی خەت و خاڵدانی گرووپەکانی زانستی کەلام بەگشتی و هی خاریجییەکان بەتایبەتی؟!

٣- لەبەرانبەر ئەو هەڵوێستە نەرێنییەی معاویەدا، ناچار ئیمامی عەلی پەنای بردۆتە بەر جەنگ. ئەوە بوو لەشکری عەلی و لەشکری معاویە لەناوچەیەک کە (سەفین)ی پێدەگوترێ پەلاماری یەکتریان داوە، لەژێر دروشمی گوشار ئامێزی شەڕە و بەخەت دەگرێ ئەگەر نەیکەی خوا دەتگرێ و گومار دەبی و ئایین و قیامەتت دەچێ بە هەزاران سەحابە و مرۆڤی بێ گوناح پەلکێشی ئەو جەنگە ناڕەوایە کراون، بە ناحەق خەڵکیان کوشتووە و خوێنیان ڕژاوە، یان خۆیان کوژراون، تەنانەت بە گوتەی سەرچاوە کۆنەکان بێ، بەدەیان جەنگاوەر هاواریان لێ هەستاوە و گووتوویانە: ئایا خوا لە چارەی نووسیوین بکوژین، یان بکوژرێین، ئەو دەنگانە بە شمشێر کپ کراونەتەوە.

دوای کوشتن و کوشتارێکی سنوور بەزێن، لەشکری عەلی ئەوەندەی نەماوە معاویە و لەشکرەکەی ببەزێنن، گوایە معاویە بیری لە هەڵاتن کردۆتەوە، سەرکردەیەک لەسەرکردەکانی بەناوی عەمرۆی کوڕی عاس داوای لێ کردووە پشووی درێژبێ، دان بە خۆیدا بگرێ ئێستا ئەو ڕەنگی نەخشەیەک دەڕێژێ لەشکری عەلی دەشکێنێ و سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ! عەمرۆ داوای لە ئەندامانی لەشکری معاویە کردووە هەریەکەیان قورئانێک (مەسحەف) بەسەری نووکی شمشێرەکە- ڕمەکەی بەرز بکاتەوە و بڵێ بیکەن بە خاتری ئەو قورئانە جەنگ بەسە (نحتكم الى كتاب الله)(٧) با قورئان لەنێوانماندا ناوبژیکار (حەکەم) بێ! ئەو ڕووداوە لەشکری عەلی دەکات بە دوو بەشەوە، بەشێکیان داوا لە عەلی دەکەن بە دەنگ قورئانەوە بێ و شەڕ بوەستێنی، عەلی پێیان دەڵێ من دەزانم ئەوە فێڵە لێمان دەکەن، معاویەی کوڕی عاس و کوڕی معبت و حەبیبی موسلیمە و کوڕی نابغە نە ئایینیان هەیە و نە قورئان. عەلی ناچاری شەڕ وەستاندن و وتوویێژ کردن لەگەڵ معاویە دەکرێ. معاویە نوێنەری خۆی دەستنیشان دەکات و ئەو ئەرکە بە عەمرۆی کوڕی عاس دەسپێرێ. ئیمامی عەلی بۆ ڕزگارکردنی ئەوەی دەکرێ لەو قەوماوەدا ڕزگار بکرێ، دۆستێکی نزیکی خۆی عەبدوڵڵای کوڕی عەباسی بۆ ئەو کارە هەڵبژاردووە، بەڵام ئەشعەتی کوڕی قەیس و هەندێک قورئان خوێن و سەرکردەی لایەنگیری عەلی کە دواتر بوون بە خاریجی، بەوە ڕازی نەبوون و عەلی-یان ناچار کردووە ئەبو موسای ئەشعەری بۆ ئەو کارە دابنێ.

عەلی لەسەرەتادا ڕازی نەبووە و گوتوویەتی ئەبو موسا پیاوی ئەو کارە گرنگە نەبووە، لە دواییدا ڕازی بووە. قسەکەی عەلی هاتۆتە دی و ئەشعەری بە قسەی عەمرۆی عاسی بە تەفرە چووە!

گوایە نوێنەری معاویە بە فێڵ و بۆ تەفرەدان پێشنیاری کردووە هەردووکیان بەفتوادان عەلی و معاویە لە خەلافەت و ئیمامەت بخەن بۆ ئەوەی ئەو دوژمنایەتییە کۆتایی بێت و هیچی دیکە خوێن نەڕژێ و موسڵمانان بە خواستی خۆیان خەلیفەیەک هەڵبژێرن. ئەبو موسای ئەشعەری بە قسەکە بە تەفرە دەچێ و فتوای لابردنی عەلی و معاویە دەدات، بێ گومان لەبەردەم عەمرۆی عاس و سەحابە و ئامادەبووانێکی زۆر. ئەبو موسا گوتوویەتی:

بە مەبەستی جێگیرکردنی ئاسوودەیی و ئاسایش و چاکەکاری و یەکخستنەوە و هیچی تر خوێن نەڕژێ عەلی و معاویەمان لابرد. من چۆن ئەو مێزەرەم (عمامە) لەسەرم دادەکەنم، ئاوەهاش عەلیم لە خەلافەت لابرد و مێزەرەکەی داکەندووە و فڕێی داوەتە سەر زەوی(٨) عەمرۆی عاس ئەو هەلەی قۆزتۆتەوە و گوتوویەتی خەڵکینە ئێوە گوێتان لێ بوو دیتتان (شاهێدن) عەلی لە خەلافەت کەوت وا من لێرە معاویە دەکەم بە خەلیفە.. ئیتر هەراو هۆریا کەوتۆتە نێو خەڵکەکە و لەشکری عەلی دابەش بووە بە چەند بەشێکەوە:

زۆرینەی لایەنگیرانی دوێنێی عەلی کە قورئان خوێنەکان ڕابەریان دەکرد، دژی ڕێککەوتن و جەنگ ڕاگرتنەکە بوون، بیانوویان ئەوەبوو کە تەنیا هەر خوا بۆ خۆی مافی ئەو بڕیاردانەی هەیە کە بە عەرەبی گوتوویانە: (لاحكم إلا لله). داوایان لە عەلی کردووە لە بەڵێنەکەی پاشگەزبێتەوە و ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ معاویەو وتوویێژەکان پەک بخات و بیوەستێنێ، ئەگەر نا لێی جیا دەبنەوە و هیچی تر شەڕی بۆ ناکەن. عەلی نەیتوانیوە لە گفت و بەڵێنی خۆی پاشگەز بێتەوە، ئیتر لەشکرەکەی پچڕ پچڕ بووە و نزیکەی دوازدە هەزار جەنگاوەر جیابوونەوە و لە گوندی حەرورا کۆ بوونەوە. لێرەوە ناوی خاریجی هاتووە. خوارج، خاریجی بەو کەسە دەگوترێ لە ڕیز بچێتەوە دەرێ و جیا بێتەوە، ئەوانە لە ڕیزی لەشکری عەلی جیا بوونەوە و چوونە دەرێ، ئیتر ناوەکەیان لەوەوە کەوتۆتەوە. عەلی خۆی حەرورییەکانی پێ گوتوون، چونکە خاریجییەکان یەکەم جار لەو گوندە-

دەڤەرەکە ناوی حەرورایە کۆبوونەوە(٩).
بەو پێیە دوو ناو لەو سەردەمەدا بۆ ئەو گرووپە بەکارهاتوون:
**یەکەم:** خاریجییەکان (خەوارج) کە لە وشەی خەرەجەی عەرەبییەوە هاتووە، واتەی چوونە دەرەوە دەگەیەنێ. ئەو گرووپە لە ڕیزی لەشکری عەلی چوونە دەرەوە و دەستبەرداری بوون و هیچی تر پشتیان نەگرتووە و شەڕیان بۆ نەکردووە، بۆیە ئەو ناوەیان بەسەردا براوە. ئەو ناوە پتر لەلایەن ناحەزەکانیانەوە پێیان گوتراوە و بۆیان بەکارهاتووە.
**دووەم:** حەرورییەکان. ئەو ناوە لە وشەی حەروراوە هاتووە کە ناوی گوندێکی سەر ڕووباری فوڕاتە. لەدوای ڕێککەوتنی معاویە و عەلی نزیکەی (١٢) هەزار جەنگاوەر کە جاران لایەنگیری عەلی بوون، لە ڕیزی سوپاکەی هاتوونە دەرێ و لەو گوندە کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی خۆیان و کاروبارەکانیان ڕێک بخەن بۆ چۆنیەتی گەیشتنە مەبەست و ئامانجەکانیان، لێرەوە ئەو ناوەیان بەسەردا براوە.
خاریجییەکان بەخۆیانیان گوتووە (شورات) لەدواییدا چەندین لق و باڵیان لێ جیا بوونەوە و هەر لق و باڵە بەناوی ڕابەر و سەرکردەکەیەوە ناونراوە.
وشەی (شورات) لە وشەی عەرەبی (شیراء) وەرگیراوە کە واتای فرۆشتن دەبەخشێ. گوایە خاریجییەکان خۆیان و ژیان و ماڵیان لەپێناوی خوادا دەفرۆشن و بەخت دەکەن. لەو قسەیاندا پشت بە دوو ئایەتی (تەوبە و بەقەرە) دەبەستن:
«إن الله اشترى من المؤمنين انفسهم وامولهم بأن لهم الجنة يقاتلون في سبيل الله فيقتلون ويقتلون» (التوبة: ١١١) واتە:
خوا نەفس و ماڵی ئیماندارانی بەوە کڕیوە کە بەهەشت بۆ ئەوانە، ئەوان لەپێناوی خوادا دەجەنگن و دەکوژن و دەکوژرێن.
هەروەها لە ئایەتێکی دیکەدا کە خاریجییەکان پشتی پێ دەبەستن و پەنای بۆ دەبەن هاتووە:
«ومن الناس من يشري نفسه إبتغاء مرضات الله والله رؤوف بالعباد.» (البقرە: ٢٠٧) واتە:
خەڵکی وا هەن خۆیان دەفرۆشن لە پێناوی ڕەزامەندی خوادا، خواش لەگەڵ ئەوانەی دەیپەرستن بە بەزەییە.
ئایا ڕاستە خاریجییەکان ئەو کەسانەن بەماڵ و گیان بۆ ڕەزامەندی خوا تێ کۆشن؟ پرسیارێکە لە دواتر هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدەین.

## بنەماکانی جیهانبینی گرووپی خاریجییەکان

١- ئەو هەلومەرج و ڕەوشەی گرووپی خاریجییەکان تێیدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە نائاسایی بووە، بریتی بووە لە جەنگ و شەڕ و پەلامار و هێرشی بەردەوام و نەپساوە، هیچ ساتێکی بێ کوشتار و خوێن ڕشتن نەبووە، ئەو ڕەوشە گۆڕان و وەرچەرخانی، بەپێی قۆناغەکان کە پێیدا تێپەڕیوە، بەسەر بیروبۆچوونیاندا هێناوە، ئەو گۆڕانە هەردوو ڕەهەندی هزری (بیری) و سیاسی گرتوونەتەوە تاوەکو دوا ڕوخسار و ناوەرۆکیان پێ براوە. لەلایەکی دیکەوە دوای دابەش بوونیان بە چەند لق و باڵێکەوە هەر لقە بەپێی بۆچوونی ڕابەرەکەی کە فتوای بۆ داون، گۆڕان کەم تا زۆر بەسەر بیروبۆچوونیاندا هاتووە.
قۆناغی یەکەمی سەرهەڵدانیان، دوای جەنگی سەفین و گرێبەستی ڕێککەوتنی شەڕ ڕاگرتنی نێوان معاویە و عەلی، کە لە گوندی حەرورا کۆبوونەوە بیروبۆچوونەکانیان پتر ڕەنگدانەوەی ئەو هەلومەرج و ڕەوشە بووە، بۆیە تاڕادەیەکی سەرنج ڕاکێش ساکاری و کاتەکی پێوە دیارە. لەو قۆناغەدا حەرورییەکان پرۆگرامێکی ڕێکوپێکی ڕەنگ بۆ ڕێژراویان نەبووە، بەڵکو هەڵوێستیان نواندووە کە بەگشتی بریتی بووە لە ڕەت کردنەوەی ڕاگرتن و وەستانی جەنگ و ناوبژی نێوان هەردوو لای جەنگەکە (تەحکیم)، ئینجا جیابوونەوەیان لە جودا بیرەکانیان و کۆبوونەوەیان لە حەرورا. ئەو هەڵوێستە ئەگەرچی جۆرە دەستپێشخەرییەکی تێدا بەدی کراوە، بەڵام پتر کاردانەوە بووە. قۆناغی حەرورییەکان ئەو داواکارییانەیان بەشێوەی دروشم ڕاگەیاندووە:
**یەکەم:** معاویە و تاقمەکەی زۆردار و زاڵمن، بۆیە دەبێ ڕێککەوتنەکە لەگەڵیاندا هەڵبوەشێنرێتەوە بە شمشێر بەگژیاندا بچینەوە و تاوەکو سەرکەوتن بەسەریاندا واز لە جەنگ نەهێنرێ.
**دووەم:** عەلی بەو ڕێککەوتنە لەگەڵ معاویە بنەماکانی ئایینی پێ شێل کردووە و گوناحێکی گەورەی کردووە، بۆیە دەبێ پەشیمانی خۆی ڕابگەیەنێ و تۆبە بکات.
**سێیەم:** جودا بیرانی (مخالف) خاریجییەکان کافر و گومڕان، دەبێ لێیان بێ بەری بین و بەگژیاندا بچینەوە!

لە دوای گرێبەستی ناوبژییەکە، ئەو بڕیارە، معاویە و عەلی و لایەنگیرانیانی گرتۆتەوە.

**چوارەم:** دوای سەرکەوتن بەسەر هەردووک لای شەڕکەردا، دەبێ خەلیفە (دەسەڵاتی سیاسی) بە هەڵبژاردن و دەنگدان (شورا) بێت.

**پێنجەم:** بەیعەت تەنیا هەر بۆ خوا دەبێت (١٠) نەک بۆ مرۆڤ ئیتر ئەو مرۆڤە هەر کەسێک بێت.

**شەشەم:** سەرکەوتن لە هەر کار و ئەرکێکدا، بێجگە لە کۆی ئوممەت، پێویستی بەسەرکردەیەکی شایستە و لێهاتوو هەیە!.

**حەوتەم:** خاریجی نابێ لە جێگایەکدا بژی کە زۆردار و جەور و گومڕایی لێ بێ، بە هەمان شێوە دەبێ مرۆڤی ئیماندار ژیانی دنیا بە هەند وەرنەگرێ، چونکە بۆ کەس نامێنێ، لەسەر ڕاستەقینە (هەق) و داد بەجواب بێ! ئەو داواکارییەی ئەو گرووپە لە دواییدا بوو بەتیوری قوربانیدان(١١) بە ژیان کە بە عەرەبی (شەهید و شەهادەتی) پێدەڵێن.

**هەشتەم:** خاریجی ئەو کەسەیە چاکەکار بێ و بەکردەو زمان خەڵک هان بدات چاکە بکەن و لە بەدکاری و گوناح دووربکەونەوە.

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەو هەشت خاڵە بدرێت، وا دێنە پێش چاو کە چەند چوارچێوەیەکی گشتی تەموماوین و بەهیچ جۆرێک وردەکارییەکی ئەوتۆیان بەدوادا نەهاتووە کە ڕوون و ئاشکرابن و مرۆڤی ئاسایی بتوانێ لەژیانی ڕۆژانەیدا پابەندیان بێ و جێبەجێیان بکات! لەوە دەچێ ئەو خاریجییە سەرەتاییانە بنەماو بنەڕەتی ئەو تەلارەیان دانابێ کە دواتر سەلەفییەکان کۆشکی جیهاندیدە توندڕەوەو و کۆنەپارێزەکەیان لەسەر دامەزراندبێ.

٢- دوای جەنگی خوێناوی نەهرەوان لەنێوان لەشکری ئیمامی عەلی و خاریجییەکان، ئینجا کوژرانی خەلیفەی چوارەم لەمزگەوتی کوفە لەلایەن عەبدولڕەحمان مولجەم موڕادی، ڕەوشی هزری و سیاسی و کەلامی و چەکداری خاریجییەکان گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، سەرەڕای ئەوەی لەنێو خۆیاندا پەرش و بڵاوبوون و چەندان لق و باڵیان لێ جیابۆتەوە. دوژمنێکی گەورەیان کە عەلی بوو لە دواییدا بۆی پەشیمان بوونەوە، لە ناوچوو، معاویە کە جاران تەنیا هەر والی دیمەشق بوو، بووە بە خەلیفەی هەموو جیهانی ئیسلام و خۆی و یەزیدی کوڕی: حەسەن و حوسەین و ئەندامانی بنەماڵەی ئیمامی عەلی و نەوەکانی پەیامبەری ئیسلام لە فاتیمەی کچییەوە یەک لەدوای یەکیان لەناو بردووە و کوشتوویانن! ئیتر دروشمی سەرەکی بەدەرکەوتووە، بۆیە دەبوو خاریجییەکان جارێکی دیکە خۆیان ڕێک بخەنەوە و چاو بە ئامراز و ئامانجی فرە ڕەنگی بزووتنەوەکەیاندا بخشێننەوە؛ پاش ماوەیەکی دوور و درێژی شەڕ و خوێنڕشتن و بەگژداچوونەوەی دەسەڵات و کاربەدەستانی بەنی ئومەییە کە کەسانی وەک حەجاجی یوسفی ثەقەفی هەبووە و بەهیچ جۆرێک دەستی لە کوشتن و بڕین نەپاراستووە، تەنانەت لە وتارخوێندنەوەی کوفەدا بە (بسم الله) دەستی پێ کردووە، جۆرە چاوخشاندنەوەیەک بە پێڕەوی گرووپەکە و ئامانجیدا کراوەتەوە. شان بە شانی چالاکی چەکداریی (شمشێر و تیر) ئاراستەیەک، کە خۆیان لە سەرەتادا مەلای زیرەک و زانای ئایینی و قورئانخوێن بوون، گەشەی کردووە بەو لایەدا هەنگاوی ناوە پەنابەرنە بەر وتووێژ و سەلمێنە و بەڵگە هێنانەوە و بایەخدان بە تیوریزەکردنی بیروبۆچوونەکانیان، ئەمەش تاڕادەیەک سەرکەوتوو بووە، بە پێچەوانەی چالاکی چەکداری و بەگژداچوونەوە کە هیچی لێ شین نەبۆتەوە، وتووێژەکە ئاسۆیەکی فراوانتری لەبەردەمدا کردوونەتەوە و توانیویانە لە چوارچێوەی باوەڕ و عەقیدە و زانستی کەلامدا جێگای شیاو و شایستەی خۆیان بکەنەوە.

٣- ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ڕەوتی بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بدات چۆن سەرچاوە کۆنەکان تۆماریان کردووە، جۆرە ناچارییەک لە پرۆسەکەدا دەبینێ کە پتر بە سوود و قازانجی سەرکەوتن و مانەوەی معاویە و بەنی ئومەییە شکاوەتەوە و دەبوو عەلی و لایەنگیر و بنەماڵەکەی گۆڕەپانەکە چۆڵ بکەن.

خاریجییەکان هێزێکی کاراو کاریگەریان پێکەوە ناوە لە نەهرەوان و دوژمنایەتی عەلی و معاویەیان کردووە. معاویە لە بەرانبەریاندا بێدەنگ بووە، کەچی عەلی لەجیاتی شکاندنی لەشکری معاویە کە دوژمنی سەرەکی بووە، ڕووی لە ڕۆژهەڵات کردووە و بە لەشکرێکی گەورەوە پەلاماری دەڤەری نەهرەوانی داوە و دەستێکی جەرگبڕی لە خاریجییەکان وەشاندووە، کورد گوتەنی: کردوونی بە کەوی برابراو ئاردی ناو درک.. ئیتر لەو ڕۆژەوە جێگای خۆیانیان نەگرتۆتەوە، ئەوی کوژراوە و ئەوی هەڵاتووەو ئەوی وازی هێناوە و چۆتەوە سەر ماڵ و

خێزانی خۆی.. بەو پێیە دوژمنێکی سەرەکی معاویە کە خاریجییەکان بوون لەلایەن ڕکەبەری سەرەکی بنەماڵەی بەنی ئومەییەوە کەعەلی بووە لاواز کراون. ئەگەر خاریجییەکان لەلایەن عەلییەوە بەو مەرەیە نەچووبانایە، دەبوو دواتر چییان بەسەر معاویە هێنابایە؟ ئەمە پرسیارێکە پتر سروشتی گریمانەیی هەیە و گریمانە ناچێتە خانەی توێژینەوەی زانستییەوە. لایەنێکی دیکەی ئەو ڕووداوەی ئەو سەردەمە کە جیهانی ئیسلامی گۆڕیوە کوشتنی ئیمامی عەلی بووە لە کوفە. ئەو کێشەیە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە:

پاشماوەیەک ئیمامی عەلی لە مزگەوتی کوفە لەلایەن عەبدولڕەحمان مولجەم موورادی بەشمشێر ورگی دڕاو کوژرا. گۆڕەپانەکە بۆ معاویە چۆڵ بوو. خۆی کرد بەخەلیفە و بنەما بنەڕەتییەکانی شەرعی ئایینی پێ شێل کرد و شورای تێکداو کوڕەکەی خۆی لە جێگای خۆی – بەمیراتگر– کرد بە خەلیفە! ئەو ڕەوشە چۆن لێک بدرێتەوە؟ دوور لە وردەکارییەکانی مێژوو کە پێوەندی بە ئێمەوە نییە، کوشتنی عەلی دەستپێشخەرییەکی تاکەکەسی نەبووە، بەڵکو زانایانی ئایینی فتوایان داوە و داوایان لەموورادی کردووە عەلی بکوژێ! کارەکە نەخشەیەکی پێشیانەی ڕەنگ بۆ ڕێژراو بووە. خەڵکەکە بێ ئومێد بوون لەوەی عەلی، یان معاویە سەربکەوێ و شەڕ و خوێنڕشتن کۆتایی پێ بێت! بۆیە بە فەتوا نەخشەیەک ڕەنگ ڕێژراوە. سێ کەس دەستنیشان کراوە، یەکێکیان معاویە، دووەمیان والی میسر عەمرۆی کوڕی عاس و سێیەمیان عەلی بکوژێ بۆ ئەوەی جەنگەکە کۆتایی بێت و لەدواییدا کەسێک بە هەڵبژاردن (بەیعە-شورا) بکرێ بەخەلیفەی موسڵمانان و ئەو ناخۆشی و ناکۆکییە دێرینەی نێوان بەنی ئومەییە و بەنی هاشم کە ئایین نەیتوانیوە بەلایەکدا بخات، کۆتایی پێ بێت!. وا پێدەچێ پیاوانی معاویە هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری پیلانەکە بووبن، بۆیە دوو کەسەکەیان گرتووە و کوشتوویانن، بەڵام بکوژی عەلی توانیویەتی کارەکەی خۆی بکات! ڕاستە بکوژ دەبێ بکوژرێ، بەڵام بەڕێگای شەرع و دادگا، کەچی ئەمە ڕووی نەداوە. بەبێ لێپێچینەوە لە فتوادەر و هاندەران یەکسەر بکوژ هێنراوە و بەشمشێر پارچە پارچە کراوە!!

لەلایەکی دیکەوە، خاریجییەکان بە زەبرەکەی عەلی لاواز بوون، معاویە بە هەوەسی خۆی بڕیاری داوە، ئەوەی ناحەزی بووە بە ڕۆژی ڕوون کوشتوونی و لەناوی بردوون، کەچی بە قسە و بەفەتواو کردار بەربەرەکانییەکی ئەوتۆ نەکراوە لە ئاستی ئەو هەنگاوە پێشێلکارییانەدا بێ کە هەڵی گرتوون.

دوای سەربڕینی حوسەینی کوڕی عەلی لە کەربەلا بزووتنەوەی شیعە دەرکەوتووە، لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ خاریجییەکان کە دوژمنی دوژمنیان بوون، ڕێک بکەون و خەبات و تێکۆشانیان یەک بخەن، بە دروشم و فەتواو شمشێر کەوتوونەتە گیانی یەکتری و دەستیان لە یەخەی یەک ناوە و خوێنی یەکترییان ڕشتووە، لەولاشەوە لەشکری بەنی ئومەییە و کاربەدەستانی هاتوون چ لایەک لەو دوو لایە شەڕکەرە سەرکەوتووە، دەستیان لێ وەشاندووە!

– نموونەیەک کە بێ باکی و کەمتەرخەمی و خەمساردی پیاوان و زانایانی ئایینی ئەو سەردەمە لە بەرانبەر بێدادی و زۆر و جەوری بەنی ئومەییەدا پشت ڕاست دەکاتەوە هەڵوێستی حەسەنی بەسری (٦٤٣-٧٣٨ز) بووە: خەڵک چوونەتە لای دادیان لە دروست حەجاج و کاربەدەستانی بەنی ئومەییە کردووە، کەچی داوای لێ کردوون پشوویان درێژ بێ دان بە خۆیاندا بگرن تاوەکو خوا شتێکیان بۆ دەکات و لەو باوەڕەشدا بووە کە هەڵبەتە خەڵک شایستەی ئەوەن، بۆیە خوا ئەوەی بەسەردا هێناون! داوای لە خەڵکی کردووە کە (ماقابلە مظالم الحجاج بن یوسف الثقفي بالسکینة والتضرع) بە هێمنی و لە سەرخۆیی و ئارامی و لە خوا پاڕانەوە ڕووبەڕووی زوڵم و جەوری حەجاجی یوسفی ثەقەفی ببنەوە(١٢). هەموو مرۆڤێکی ژیر دەزانێ کە ئەو قسەیەی مەلا حەسەن بەهیچ بنەمایەکی ئایینی پشت ئەستوور نییە، مەسیحییەت (نەک ئیسلام) گوتوویەتی: ئەگەر زللەیەکیان لەلای ڕاستت سرەواند، لای چەپی بۆ ڕابگرە! لەو ڕەوشە سەیر و سەمەرەیەدا، لەو هەلومەرجەدا سروشتەکەی گەندەڵی و بێ دادی و زۆر و جەور بووە، کوشتنی نەوەی سەحابەکان وەک ئاو خواردنەوە وابووە، خاریجییەکان ناچار بوون و چاو بە بیروبۆچوونەکانیاندا بخشێننەوە، چاوخشاندنەوەیەک گوایە لەسەرچاوەکانی ئایینەوە هەڵیان هێنجاوە و خۆیان پەیڕەویان کردووە! ڕەوشە سەخت و دژوارەکە ناچاری کردوون کە لە بیروبۆچوونەکانیاندا هەردوو ڕەهەندی سیاسی و ئایینی (لاهووت) تێکەڵاو بکەن، بۆیە بەلایانەوە گران و سەخت

نەبووە، جودا بیرانییان بە گومڕایی و لەڕێ لادان و بێ ئیمانی تۆمەتبار بکەن، معاویە لەلای خۆیەوە کۆشاوە خەڵکی کوفە و بەسرە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و ئەگەر لەگەڵ خاریجییەکان نەیانکات بە دوژمن و بەشەڕیان نەدات وایان لێ بکات بێ لایەن بن. واپێدەچێ لەو کۆششەیدا سەرکەوتووبێ. ئەوەتا پایتەختی خەلافەتی لە حیجازەوە گواستۆتەوە بۆ شام و مەکەو مەدینەی پشتگوێ خستووە و ڕووبەڕووی بەربەرەکانی و نارەزایی دەربڕینێکی ئەوتۆ نەبووە.

هەندێک سەرچاوە وا باس دەکەن کە کاربەدەستانی بەنی ئومەییە توانیویانە زۆرترینی سەرۆک خێڵەکانی کوفەو بەسرەو لایەنگیرانی جارانی ئیمامی عەلی بەشێوازی جیاواز بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و نەک هەر دالْدە و پشتگیری خاریجییەکان نەکەن، بەڵکو لەناوچەکەی خۆیان بەخۆشی و ناخۆشی دەریان بکەن و ڕێگای هیچ چالاکییەکیان نەدەن(١٣).

٤- دەسەڵاتدارانی بەنی ئومەییە لەو سیاسەتەدا کە پەیڕەویان کردووە سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێناوە. لەلایەکەوە سیاسەتێکی نەرمونیانیان بەرانبەر لایەنگیرانی جارانی عەلی لە کوفە و بەسرەدا گرتۆتە بەر، ئینجا لەگەڵ خاریجییەکان بەشەڕیان داون. بەو پێیە توانیویانە بە کەمترین زیان دوو هێزی سەرەکی خۆیان لاواز بکەن. ئەو شکستە یەک لەدوای یەکەکانی خاریجییەکان، کە دەبوو لە کایەی کاروباری ئایین و بیروبۆچوون و جەنگدا ڕووبەڕووی دەسەڵاتی بەنی ئومەییەی توندڕەو و بێ بەزەیی کە دەستی لە هیچ تاوانێک نەپاراستووە و شیعەکان ببنەوە لە دوو لاوە وەرچەرخان و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە:

**یەکەم:** دەستبەرداری هەندێک بنەمابوون و هەلومەرجەکە ناچاری کردوون دروشمی تر ڕابگەیەنن و شتی دیکە بڵێن و بەجۆرێکی تر دەقەکان لێک بدەنەوە.

**دووەم:** چەندان لق و باڵیان لێ جیابۆتەوە و پتر لە جاران پارچە پارچە و پەرش و بڵاو بوون.

– ئەگەر مرۆڤ ئەو هەلومەرجە لە بەرچاو بگرێ کە خاریجییەکان وەک بزووتنەوەیەکی نارەزایی دەربڕین دژی شەڕ وەستاندنی نێوان عەلی و معاویە و ناوبژی کردن و کردنی قورئان بە ناوبژیکار (تحکیم) لەنێو دووبەرە بەشەڕ هاتووەکەدا پاساوی بیروبۆچوونە توندڕەو و سنوور بەزێنەکەیان بەلایەوە سەیر نابێ!

خاریجییەکان وەک ڕێباز و گرووپەکانی دیکەی زانستی کەلام هۆکاری سیاسی بۆتە مایەی پەیدابوون و چالاکی و دەستبەکار بوونیان، بۆیە ئاساییە کێشە-تیوری خەلافەت یەکەم بابەت بێ سەرنجی ڕاکێشاون و بیروبۆچوونی خۆیانیان لەبارەوە دەربڕیبێ:

– چ کەسێک مافی ئەوەی هەیە ببێ بە خەلیفە؟

– ئەو مەرجە سیاسی و تیرەیی و ئایینی و کەسییانە کامانەن دەبنە مایەی ئەوەی کەسێک شایستەی ئەو پلەیە بێت؟ ئایا ئەو کەسە دەبێ سەحابە بووبێ، قورەیشی بێ، یان توانایی بەڕێوەبردنی کاروباری ئایین و دنیای هەبێ؟

– ئایا پێویستە و بەناچاری دەبێ خەلیفە هەبێ؟ ئەگەر موسڵمانان لەنێو خۆیاندا لەگەڵ یەکتری تەبابن و خۆیان ڕێک بخەن و پەیڕەوی بنەماو فەرمایشتەکانی ئایین بکەن، پێویست بەوە دەکات خەلیفە هەبێ و حوکمڕانیان لەسەر بکات؟!

وەڵامی ئەو پرسیارانە بۆتە مایەی جیابوونەوەی چەند لق و باڵێک، بەڵام دەربارەی بوون و نەبوونی خەلیفە دوو ڕای لەیەکتری جیاواز لەنێویاندا بەدی کراوە:

لایەنێکیان وای بۆ چووە ئەگەر موسڵمانان لەنێو خۆیاندا ڕێکوپێک بن، قورئان و حەدیس و کاروباری ئایین بکەن بە بنەما و پەیڕەویان بکەن، پێویستیان بە خەلیفە نامێنێ. ئەوکاتە قورئان و حەدیس سەرچاوەی بڕیار و بەلایەکدا خستنی کێشە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەبن.

– لایەنی دووەمیان کە زۆرینە بوون، بوونی ئیمامیان بە پێویست داناوە، بەڵام جیاواز لە هەموو ڕێباز و مەزهەبەکانی تری ئیسلام هیچ مەرجێکی نەتەوەیی و ڕەگەزیان دانانەوە:

دەکرێ خەلیفە (ئیمام) قورەیشی و عەرەب نەبێ، بەڵکو ئیمانداری لە خواترس و دادپەروەر و ڕاستگۆ و پابەندی بنەماکانی ئایینی ئیسلام بێت، ئەگەر بەندەیەکی پێست ڕەشی حەبەشی بێت!

ئەگەر بێ دادی کرد و لە ڕێگا لای دا و پابەندی ڕێنماییەکان نەبوو دەبێ(١٤) لەسەر کار لاببرێ.

– بەپێی بنەما ڕێنماییەکانی مەزهەبی سوننە لە ئیسلامدا ئەو بڕیارەی خاریجییەکان پێشێل کردنی دابونەریتێکە کە هەر لە سەردەمی پەیامبەری ئیسلامەوە بڕیاری لەسەر دراوە. ئیمامی موسڵمانان بەو پێیە دەبێ: لە تیرەی قورەیش بێ. زانین و شارەزایی لە شەریعەت و

کاروباری ئایین ئەوەندە بێ، بشێ لە هەمان کاتدا ڕۆڵی قازی و دادوەر بگێڕێ! چونکە هەر خۆی دەبێ بەچاودێر بەسەر قازی و دادوەران و بڕیارەکانیان پەسند دەکات، یان دەسکاری دەکات، یان هەڵیان دەوەشێنێتەوە.

دەبێ ئیمام شارەزایی تەواوی لە کاروباری جەنگ و لەشکر هەبێ. بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بتوانێ وڵات و ئوممەت لە مەترسی و هێرشی دەرەکی و ناوخۆ بپارێزێ، نابێ نەرمونیان و بە بەزەیی بێ و دەبێ ئامادەیی و توانایی ئەوەی هەبێ لەملی ئەوانە بدات کە شەرع فەتوای لەناوبردنیان دەدات.

– بە بۆچوونی خاریجییەکان ئیمامی عەلی هەڵەی کردووە و هەڵەکەشی بۆتە مایەی گومڕا (کافر) بوونی، چونکە بڕیاری ناوبژی کردنەکەی (تەحکیم)ی داوە. جاری ئەوها مرۆڤ مافی ئەوەی نییە بڕیار بدات، بڕیاردان (حوکم) هەر بۆ خوایە! شەهرستانی دەربارەی ئەو قسەیەی خاریجییەکان کە خۆی فەتوابووە، زانا ئایینییەکانیان کە هەموویان ڕابەری قوتابخانەی قورئان خوێندن بوون، داویانە، لە دوو لاوە بە هەڵەو ناڕەوا دایدەنێ کە بەرانبەر عەلی کردوویانە:

**یەکەم:** بڕیاردانەکە دەبوو مرۆڤ بیدات، چونکە ئەوان خۆیان عەلی–یان ناچار کردووە بڕیار بدات!

**دووەم:** مرۆڤ بڕیار بدات لەو جۆرە ڕەوشەدا شیاوە، چونکە مرۆڤ خۆی هەڵسوڕاوی ئەو هەلومەرج و دۆخەیە! بۆیە عەلی ڕاستی گوتووە: قسەی خاریجییەکان ڕاستە، بەڵام نیازیان بەدکارییە (کلمة حق أرید بها باطل)(١٥)، ئەمەش مەبەستی لە قسەی خاریجییەکان بووە کە وتوویانە عەلی بەشداریت لە بڕیاری خوادا کردووە، تەنیا هەر خوا خۆی مافی بڕیار دانی هەیە.

– دوای ئەوەی معاویە خۆی کردووە بە خەلیفە و جیهانی ئیسلامی تاڕادەیەک خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، خاریجییەکان هەوڵیان داوە هێزی وەک نەهرەوانی جاران کۆ بکەنەوە و ڕێک بخەن بۆ ئەوەی بەگژ دەسەڵاتی ڕژێمی ئەمەویدا بچنەوە، بەڵام ئەو کۆششەیان سەری نەگرتووە، بۆیە پەنایان بردۆتە بەر هزر و بۆچوون و فەتوادان. لەو کایەیەدا بڕیاریان داوە کە ئەگەر، خەلیفە، ئیمام، والی، سەرکردە دادپەروەر نەبێ و زاڵم بێ، دەبێ لە دژی ڕاپەڕین و لای بەرین کە بەعەرەبی بە «الخروج علی الولاة الظلمة»ی پێدەگوترێ. ئەو بڕیارە لەسەر خۆیان و لەسەر خەڵکی تر زۆر کەوتۆتەوە، چونکە هەر کەسێک بێ لایەن بووبێ، یان بەگوێی نەکردبن، یان دانیشتبێ و بەدەنگیانەوە نەهاتبێ بە گومڕایان داناوە و فەتوای لەناوبردنیان داوە، ئیتر ئەوان بێ لایەنییان بەهەڵوێستی ڕەوا دانەناوە، چونکە کەمتەرخەمییە لە بەرانبەر ئەرک و فەرمانی سەرشاندا!

– مرۆڤی خاریجی دەبێ ڕاستگۆ بێ و ئەگەر مەترسی ژیانیشی لەسەر بێ، نابێ شتێک بڵێ ڕاست نەبێ. ئەو بنەمایەی (تەقییە) کە شیعە دایانناوە و لە هەلومەرجی تایبەتی لێقەوماندا ڕێگا بەلایەنگیرانی دەدا ڕاستی بشارنەوە، ئەو بنەمایە بە هیچ جۆرێک لەلای مرۆڤی لایەنگیری خاریجی پەسند نییە! بەلای زۆربەی خاریجییەکانەوە باوەڕ (عەقیدە، ئیمان) لە دوو بەش پێکهاتووە، هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی دیکەیانە؛ ئەوان پێی دەڵێن: کردار– کار بەشێکی تەواوکەری ئیمانە: (العمل جزء من الایمان)(١٦) واتە:

لە بەشی یەکەمدا دەبێ مرۆڤ خوا بناسێ و بەدڵ و بەزمان شایەتمان (شەهادەت) بهێنێ و بڕوای بەخواو کتێبە پیرۆزەکانی خواو فریشتە و پەیامبەرانی و بەقیامەت بهێنێ و لە بەشی دووەمدا دەبێ کرداری بەجۆرێک پاک و خاوێن بێ لەگەڵ ڕێنماییەکانی ئاییندا بگونجێ و سەرپێچییان لێ نەکات.

هەر کەسێک گوناحێکی گەورە بکات (مرتکب الکبیرة) و لەکاتی خۆیدا پەشیمان نەبێتەوە و تۆبە نەکات گومڕاو بێ ئیمان (کافر) دەبێ، گومڕاش هەتا هەتایە لە ئاگری دۆزەخدا دەبێ.

ئەو خاڵە ئەو بابەتە بووە زۆربەی هەر زۆری مەزهەبە ئیسلامییەکانی تری لە خاریجییەکان زیز و دوورخستۆتەوە، ئەگەر ڕکەبەریشیان نەکردبێ لە بەرانبەریدا بەسڵ و پارێز بوون و بە نامۆ دایان ناوە.

٥– ئەگەر لە دید و ڕوانگەی ئەم سەردەمەوە بۆچوون و جیهانیدی گرووپی خاریجییەکان سەیر و نائاسایی بێنە بەرچاو، هۆکارەکەی ئەو هەلومەرجە مێژووییە بووە کە بەسەریاندا سەپێنراوە و تێیدا ژیاون و ناچار کراون لەگەڵیاندا بگوزەرێن. ئیتر ئەو گرووپە قورئان خوێنە بەپێی جۆری بیرکردنەوە و تێگەیشتنیان لە ئایینی ئیسلام، نەدەکرا بەجۆرێکی تر بێنە پێشەوە، هەلومەرجێک ئایینێکی ترانسندێنتی ئاسمانی تێیدا سەری هەڵداوە، هەوڵی داوە لە ماوەیەکی کورتی سنوور بەزێندا تێکڕاو سەرجەمی دابونەریتی ئایینی و

کۆمەڵایەتی و ئابووری و خێڵەکی گەلێکی لە چەند تیرەیەکی جیاواز پێکهاتوو بسرێتەوە و هانیان بدات بەخۆشی بێ، یان بە ناخۆشی لەگەڵ هەلومەرجی ئایینی نوێدا بێنەوە. واپێدەچێ لەو سەردەمەدا جۆرە جیاوازییەکی چینایەتی خەتوخاڵی نەداوە بە شێوازی تیرە و خێڵەکی دوور و نزیک لە پەیامبەری ئیسلامەوە لە ئارادابووبێ، هەروەها بۆ دیاری کردنی پلەو مەڵبەندی و هەر خێڵ و تیرەیەک جۆرە پێوەرێک گیرابێتە بەر، پتر دروشم و تیوری بووبێ و لەچوارچێوەی کردار و پراکتیک و کاری ڕۆژانەدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە، بەڵام ڕەوشی بڵاوکردنەوەی ئایینە نوێیەکە و بڵاوبوونەوەی بەناوی (غەزاو فەتحەوە) لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب و دوشمنی هاوبەش وای کردبێ، ئەو دروشمە تیورییە دواخرابێ و کەس کات و دەرفەتی ئەوەی نەبووبێ بپرژێنە سەری و غەزاکەیان بە گرنگتر دانابێ، بەڵام دوای کۆچی دوایی پەیامبەر و هەڵبژاردنی یەکەم خەلیفە ڕاستی ئەو دروشمە تیورییە دەرکەوت کە بە هیچ جۆرێک بەپێی پێویست پەسند نەکراوە و لە جێبەجێ کردندا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە. هەست و نەستی خێڵ و تیرە جارێکی دیکە سەرئاو کەوتۆتەوە.

تیرۆرکردنی خەلیفەی سێیەم عوسمان بەو جۆرە، بەهیچ بنەمایەکی قانوونی و ئایینی و مرۆڤایەتی ڕەوا نییە، ئینجا جەنگی خوێناوی نێوان خەلیفەی چوارەم عەلی و والی شام معاویە کە بە هەزاران سەحابەی تێدا کوژراوە، ڕۆڵی ڕاستەقینەی ئایین لەنێوان دروشمی تیوریی زارەکی و کردەوە و پراکتیکدا دەخاتە بەردەم ئەگەر و گومان، ئەو ئایینە چی کردووە؟ نەدەبوو نەوەیەک پێ بگەیەنێ دەستبەرداری (جاهیلیەتی) تەنیا بە قسە نەما بێ و وابێ سڵ و پارێز لەسەر کورسی خەلافەت و تەماح و ماڵی دنیا دەست نەخەنە یەخەی یەکتری و خوێنی یەکتری نەڕێژن؟!

ئەو هەواڵانەی شەهرستانی و بەغدادی و بەلاذری و مەسعودی و تەبەری و ئەبو حەنیفەی دینەوەری و چەندانی تر دەربارەی کوشت و کوشاری نێوان سەحابە و برای ئایینی دوێنێ و دوژمن و ڕکەبەری ئەمڕۆی سەردەمی خەلیفەی چوارەم و معاویە تۆماریان کردووە، نەک هەر ژێر نایگرێ و سنوور بەزێنە، بەڵکو لە بێ بەزەیی و خوێنڕشتنی بە ناهەق لەمێژوودا وێنەی نییە! ئایینێک لافی ئەوە لێ بدات بەند و کۆیلایەتی لەناوبەرێ و داد و بەهرەی ڕەببانی لەسەر زەوی جێگیر بکات و زوڵم و زۆریی و جەور لابەرێ، کەچی نەتوانێ مرۆڤێک، سەحابەیەک، ئیماندارێک پێ بگەیەنێ دەستی نەچێتە کوشتنی برای ئایینی خۆی! شەهرستانی و مەسعودی کە باسی شەڕی نەهرەوانیان کردووە، بەسووک و ئاسانی گوتوویانە گوایە ئەو سەردەمە (١٢) هەزار کەس کوژراون! ئەو کوژراو و بکوژانە، چ کەس بوون، لە چ دەڤەرێکەوە هاتبوون؟ سەر بە چ مەزهەب و ئایینێک بوون؟ لەسەرچی خوێنی یەکترییان دەڕشت؟! کامیان کافر و بێ ئیمان بوون؟ هەموویان سەحابەبوون!

لەو کەشوهەوایە ناهەموارەدا کە تاقە تۆزقاڵێک ئومێدی چاکە و خێروخۆشی لێ نەکراوە، خاریجییەکان دەرکەوتوون، دەستبەکاربوون، بۆیە سەیر نییە کە لە بۆچوونەکانیاندا توندڕەوی و بێ بەزەیی و شەلوکوێرم ناپارێزم هەست پێ بکرێت.

### لقەکانی خاریجییەکان

– هەلومەرجە ناهەموارەکەی ئەو سەردەمە دەرفەتی خاریجییەکانی نەداوە بیروبۆچوون و جیهاندیدەکەیان وەک مەزهەبەکانی دیکە بەرێکوپێکی بنووسنەوە و تۆماریان بکەن و کتێبێکی ئەوتۆیان نییە مابێتەوە و لەبەردەستدا بێت، ئەوی هەیە و نییە لە بارەیانەوە کتێبە کۆنە مێژووییەکانن کە بیروبۆچوون و جموجووڵ و چالاکییەکانیان تۆمار کردووە. بەپێی ئەو سەرچاوانە خاریجییەکان لەچوار لقی سەرەکی پێکهاتوون و هەر لقەش چەند باڵێکی لێ جیابۆتەوە، ئەو لقانە ئەوانەن:

– ئیبادییە. (الإباضیە).
– ئەزرەقییەکان (الأزارقە)
– نەجدات. (النجدات)
– سەفرییە. (الصفریە)

ئەو چوار لقە لەچوارچێوە گشتییەکەی مەزهەبەکەیاندا، بە تایبەتی لەسەر کێشە گرنگە چارەنووسسازییەکاندا یەک ڕاو یەک دەنگن، بەڵام کە دێتە سەر وردەکارییەکان جیا دەبنەوە، بۆیە دەکرێ بگوترێ کە جیاوازی نێوان ئەو لقانە پتر تیوری و بیروبۆچوون بووە و ئەوەندە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە نەبووە! ئەو ڕابەرانە بە پیشە مەلای گەورە و قورئانخوێن بوون و هەوڵیان داوە بۆ پشتڕاست کردنەوەی بۆچوونەکانیان بەڵگە لە قورئان و حەدیس بهێننەوە، خۆ

ئەگەر پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان بۆچوون و ڕەوشی هەڵکەوتدا هەبایە، دەبوو لەبەرانبەر ئەو هەلومەرجە سەخت و دژوار و زوڵم و زۆر و جەورەی کاربەدەستان، یەک بگرن نەک پەرشوبڵاو و پارچە پارچە بێن:

– لە چوارچێوە گشتییەکەدا ئەو چوار لقە لەسەر ئەوە پێکەوە کۆک و تەبان کە خەلیفە دەبێ لەلایەن موسڵمانە ئیمانداراکانەوە بەگشتی بەدەنگدانی ئازاد و ئاشکرا هەڵبژێردرێ، ئەوەندەی بەپێی شەرع دادپەروەر بێ، دووربێ لە هەڵە بەدکاری خەلیفەوە، خۆ ئەگەر لای دا، دەبێ لاببرێ، یان بەپێی لادانەکەی بکوژرێ(١٧). ئینجا مەرج نییە خەلیفە لە بنەماڵەیەک، یان لە خێڵ و تیرەیەکی پێشییانە دیاریکراو بێ، مەرجیش نییە عەرەب، یان قورەیشی بێ، بەڵکو هەر موسڵمانێک بۆی هەیە ئەو پلەوپایەیە بەدەست بهێنێ. ئەو خاڵە وای لەهەندێ نووسەر کردووە کە خاریجییەکان بەگرووپ و بزووتنەوەیەکی ڕێکوپێکی ڕکەبەر و ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی سەردەمی خۆیان دابنێن. هەر ئەو بۆچوونەیان بووە بۆتە مایەی ئەوەی لەلایەن سوننە و شیعەوە بەربەرەکانی بکرێن. سوننە ویستوویەتی خەلافەت لە تیرەی قورەیش (عەرەب) نەچێتە دەرێ و شیعەش ئەو مافەیان بەهی ئیمامی عەلی و بنەماڵەکەی داناوە!

### لقی ئەبادییە

لقێکی سەرەکی گرووپی خاریجییەکانە ناوەکەی لەناوی ڕابەرەکەی کەوتۆتەوە: عەبدوڵڵای کوڕی (إباض) کە بە میانڕەوی ناسراوە. دەربارەی جیابوونەوەی و بوونی بە لقێکی سەربەخۆ، سەرچاوەکان وا باس دەکەن کە دوای جەنگی خوێناوی نێوان خاریجییەکان و لەشکری ئیمامی عەلی لە نەهرەوان تاقمێک لە خاریجییەکان بەرەو ناوچەی بەسرە دەچن و لەوێ وەک کۆمەڵەیەکی ڕێکوپێک خۆیان ڕێک دەخەن و دەست بە چالاکی نهێنی(١٨) دەکەن. ناوی سەرۆکەکەیان بەسەردا دەبرێ. گوایە ئەو گرووپە، ئەگەرچی بە نهێنی کاری کردووە، هەوڵی داوە کۆتایی بە دەسەڵاتی بەنی ئومەییە بهێنێ و خۆیان دەسەڵاتی خەلافەت بگرنە دەست، ئەگەرچی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی ئەو گرووپە کۆچەر و گەڕیدەی بیابان (بەدو) بوون، بەڵام لە هەندێک بیروبۆچوونیاندا جۆرێک بەزاندنی سنووری سەردەمیی خۆیانیان پێوە دیاربووە. بە

پێچەوانەی مەزهەبەکانی ترەوە، ئەو لقە بڕوای بە سەرکردایەتی بە کۆمەڵ و کاری کۆمەڵایەتی هەبووە. ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ بەڕێوەبردن (حوکمڕانی کردن) دایان ناوە و پەیڕەویان کردووە لە جۆرە نەزمێکی کۆماری و سۆسیالیستی (بەپێی ئەو سەردەمە) چووە، هەروەها هەر لە سەرەتاوە ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری (شورایان) داناوە. لە ژیانیاندا لە سێ دەڤەر سەڵتەنەتی عومان و یەمەن و مەراکیش سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە.

– بەلایانەوە ئەو کەسەی ببێ بە ئیمام، دەبێ چەند مەرجێکی تێدابێ: ژیر و ئازاد و تەمەنی لە ١٨ساڵ کەمتر نەبێ لە خواترس و زانا و زیرەک و ئازابێ، بەلای کەمەوە شەش کەسی ئازاد شایەدی بۆ بدەن کە شایستەی ئەو پلەوپایەیە.

– بەپێی زمانی عەرەبی، وشەی (کافر) بەدوو واتا لێک دەدەنەوە: جارێکیان بە واتای سپڵەیی لە بەرانبەر بەهرەیی و بەخشەیی خواو جارێکیان بە واتای بێ ئیمان، بۆیە ئەوانەی جودابیریانن، بە واتای یەکەم تۆمەتباریان دەکەن و بەدوو ڕوو (مونافیق) ناویان دەبەن.

– ئەگەر ئیمام زۆردار و بێ داد بوو، دەکرێ بە هەموو ڕێگایەک، ئیتر بە شمشێر، لابرێ.

– ئەگەر ناحەز و جودا بیرێکیان گرت، تۆبەی کرد و لە کردارەکانی پەشێمان بووەوە، لێی دەبوورن، ئەگەرنا دەیکوژن!

– لە بۆچوونێکیاندا دەربارەی چارەنووس و خواستی ئازاد و ئۆبالێکێشان ئەگەرچی پتر لە گەمەکردن بە وشە و دەستەواژەی زمان دەچێ، بەواتای ئەم سەردەمە، بەڵام ئەوپەڕی قووڵی و مەندیی و زیرەکییان نیشان داوە:

ئایا مرۆڤ لەو کردارانەیدا کە دەیانکات ئازادە، یان نا؟ ئەگەر ئازادە خواستی خوا چ ڕۆڵێکی دەبێ؟ وەڵامی پرسیارەکەیان لەدواییدا لەلای ئەشعەری دەرکەوتووە و ڕێکوپێکتر کراوە و بووە بە تیوری (کەسب). بەلای ڕابەرانی لقی بەبادییەی خاریجییەکانەوە لە چالاکی مرۆڤی ژیردا دوو شت لە یەکتری جیا دەکرێنەوە و هەردووکیان پێکەوە تەواوکەری یەکترین: توانا کە ئەوان بە عەرەبی (الاستطاعة) و کار کە بە عەرەبی (العمل)یان پێ گوتووە لە یەکتریان جیا کردۆتەوە و بەلایانەوە توانایی ڕووکەشێکە (عرض)، خەسڵەتێکە پێش کارو کردار دێت، چونکە ئەو دەبێتە مایەی کرداری

کارەکە. کردار و کاری مرۆڤ لەلایەن خواوە داهێنراوە (خەلّق) کراوە(١٩)، بەندەی خوا (مرۆڤ) توانایی کارەکە و کردنەکەی دەستگیر دەبێ (یکتسب)، کەوابوو بکەری ڕاستەقینە خوا خۆیەتی! ئەو قسەیە تا چەند لەگەڵ خواستی ئازاد و ئۆباڵکێشانی مرۆڤدا دێتەوە و دەگونجێ؟

**لقی ئەزرەقییەکان**

بە باڵێکی توندڕەوی خاریجییەکان دادەنرێ ناحەز و جودابیر و ڕکەبەرانی خۆیان بەگومڕا (کافر) داناون و دەستیان لە کوشتنی خۆیان و ماڵ و منداڵیان نەپاراستووە(٢٠). زۆربەی سەرچاوە کۆنەکان بە خوێنڕێژ و مرۆڤکوژ ناویان بردوون. نافعی کوڕی ئەزرەقی حەنەفی کە بە (ئەبی ڕاشد) ناسراوە سەرۆک و ڕابەری ئەو گرووپە بووە. گوایە ئەمانە بە ژمارە لە لقەکانی تر گەورەتر بوون. لەسەرەتاوە لە شاری بەسرە بوون، ڕوویان کردۆتە ولاتی فارس لەوێ کۆنترۆڵی شاری ئەهواز و دەوروپشت و دەڤەری کرمانیان کردووە. لە کۆتایی دەسەلات و حوکمڕانی یەزیدی کوڕی معاویەوە کاراو دەستبەکاربوون. ئەو شتانەی گوتوویانە بەلای گرووپەکانی تری زانستی کەلامەوە پەسند نەبووە، بۆیە تۆمەتی جۆر بەجۆریان خستۆتە پارسەنگیانەوە: شەهرستانی قسەو بیروبۆچوونەکانیان بە چوونە دەرەوە لە ئایین و بەزاندنی سنووری ڕێوشوێنەکانی باوەڕ و عەقیدە دادەنێ!. بەڵگەشی ئەوەیە کە ئەزرەقییەکان ناحەز و دوژمنانیان بە گومڕا دادەنێن و کوشتنیان حەلاڵ دەکەن، ئینجا بەلایانەوە منداڵێک باوکی گومڕابێ، خۆیشی وایە و لە ئاگری دۆزەخدا دەسووتێن، بۆیە کوشتنی منداڵی گومڕاایانیش بەلایانەوە پەسندە.

– ئەو گرووپە وای داناوە کە ئیمامی عەلی گومڕا بووە و بکوژەکەی عەبدولڕەحمان مولجم موڕادی ناحەقی نەبووە کە عەلی کوشتووە، چونکە بەپێی ڕێنماییەکانی شەرع ئەو فەرمانەی جێبەجێ کردووە(٢١).

– جەنگی پیرۆز کە بە عەرەبی (جیهاد)ی پێ دەگوترێ، ئەرکی سەرشانی هەموو ئەندامانی ئەو لقەیە و هەر کەسێک دوابکەوێ، یان نەیکات، یان پشتگوێی بخات و کەمتەرخەم بێ، لە ئایین وەردەگەڕێ و گومڕا دەبێ. مرۆڤی گومڕاش ناپەسندە، نابێ ژنیان لێ بهێنرێ و ناکرێ لەگەڵیان و لە پشتەوەیان نوێژ بکرێ! پەلەوەر و ئاژەڵیش کە ئەوان سەری ببڕن حەرامە(٢٢)!

– لەگەڵ گومڕادا دوو ڕێگا دەگیرێتە بەر:

یان ئەوەتا دەبێ تۆبە بکات و ببێ بە موسڵمان، یان بە شمشێر سەری لە لەشی جیا بکرێتەوە، ڕێگای سێیەم پەسەند نییە!

– دەبێ مرۆڤی خاریجی- ئەزرەقی ڕاستگۆ بێ، هیچ شتێک دانەپۆشی و نەشارێتەوە، درۆی سپی کە شیعە بە (تەقییە)ی دادەنێن، بەهیچ جۆرێک پەسند نییە و نابێ بکرێ(٢٣).

– بە هیچ جۆرێک ڕێگایان نەداوە بە لایەنگیرانیان جوولەکە و عیسایی بکوژن، کەچی فەتوای کوشتنی موسڵمانێکیان داوە کە لەسەر ڕێگای ئەوانە بێ و بەلایانەوە گومڕاو کافر بێت!

ئەو لقەی گرووپی خاریجییەکان مەترسییەکی گەورە بووە لەسەر دەسەلاتی بەنی ئومەییە، گوایە ژمارەیان لە ١٢ هەزار شمشێر بەدەست تێپەڕیوە و کۆنترۆڵی چەند ناوچەیەکی ئێرانیان کردووە و باج و خەراجیان لە دانیشتوان ستاندووە. قەتری کوڕی فوجائە سەرکردەیەکی دلێر و شاعیرێکی ناوداری ئەزرەقییەکان بووە، چالاکییەکانی حەجاجی یوسفی ثەقەفی نیگەران و ناڕەحەت کردووە.

**لقی نەجدات**

ئەو لقەی خاریجییەکان بەلایانەوە بوونی ئیمام- خەلیفە پێویستییەکی ناچاری نییە، ئەگەر بێتو ئوممەت (خەڵک) لەنێوان خۆیاندا ڕێکوپێک و بە ویژدان بن و ئینسافیان هەبێ و کەس مافی کەسی تر نەخواو پێشێلی نەکات، پێویستیان بە ئیمام نامێنێ. ئەو بۆچوونە بەپێچەوانەی زانایانی کەلامی شیعە و موعتەزیلەیە کە ئەوان بەپێی بنەماکانی ئایین و شەرع بوونی ئیمامی میللەت (ئوممەت) بە پێویستییەکی ناچاری دادەنێن.

ناوی ئەو لقە لەناوی ڕابەرەکەیانەوە نەجدەت کوڕی عامر حەنەفییەوە هاتووە. لە سەرەتاوە لەگەڵ گرووپی ئەزرەقی بووە. دوایی کە بیستوویەتی نافعی کوڕی ئەزرەق چەند فتوایەکی داوە دەربارەی کوشتنی ژن و منداڵی دوژمن و جودا بیرانیان و ئەوی جەنگی پیرۆز (جیهاد) نەکات گومڕایە، لێی جیا بۆتەوە و ئەو لقەی دامەزراندووە. ئەو لقە لە دەڤەری یەمامە بلاوبوونەتەوە و چالاک و دەست بەکاربوون. بەلایانەوە ئایین لە دووبەش

پێکدێت:

یەکـەم: خـواناسین و بـاوەڕهێنان بە پەیامبـەرانی و دەستی مرۆڤی موسڵمان بەخوێنی برای موسڵمانی سوور نەبێت، مـاڵی کەس زەوت نەکات. بڕوای بە هەمـوو ئەو شـتـانە هەبێ کـە لەلای خـواوە هاتوون(٢٤)، ئەمـەش ئەرکی سەرشانی هەموو موسڵمانێکەو دەبێ بیزانێ.

– ئەگەر موسڵمان لە نەزانییەوە کارێکی بەد بکات و گوناح بێ، لێی دەبووردرێ! ئەگەر بە (ئیجتیهاد) حەرام حـەڵاڵ و ڕەوا بکات، دەبەخـشـرێ! بەڵام دەبێ بە بەڵگە کێشەکەی بۆ ڕوون بکرێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر بەلای ئەو کارەیدا نەچێتەوە.

– کوشتن و ڕشتنی خوێنی جوولەکە و مەسیحی و زەردەشتی و موڵک و ماڵیان بە حەڵاڵ و ڕەوا دەزانن.

– ڕێگای ئەوە دەدەن لایەنگیرانیان بە قسە و کردار ڕاسـتـی خـۆیان بشـارنەوە و پەردەپۆشی بکەن، واتە بڕوایان بە بنەمـای (تەقـیـیـە) هەبووە(٢٥). بۆ ئەوەی خۆیان لە دوژمنانیان بپارێزن و ڕزگار بکەن!

**لقی سەفەرییە**

زیادی کوڕی ئەسفەر دایمەزراندووە و لەوەوە ناوەکەی پێ براوە. لەهەندێ خـاڵدا لەچواچێوەی جیـهـاندیدی خاریجییەکان چۆتە دەرەوە.

– بەلایانەوە ئەگەر لەناچاریدا مرۆڤ تەنیـا هەر بە قسە نەک بەکردار ناڕاستی بڵێ، دەشێ، واتە تەقییە لە قسەکردندا دەگونجێ، بەڵام لە کاردا پەسند نییە.

– ئەو کەسەی پێوەندی ناشەرعی لەگەڵ ژنێکدا بکات (زینا)، یان دزی بکات گـومـڕاو کـافـر نابێ، بەڵکو تۆمـەتی ناوی کـارەکـەی بەسـەردا دەبڕدرێ، بۆ نموونە دەگوترێ (دزە) بەڵام گومڕا نابێ و ئیـمانیـشی لەدەست ناچێ!

– موسڵمان دەکرێ ژن لە کافران بهێنێ، بەڵام ناشێ بە ئاشکرا ژن بە کافران بدات.

– دوو جۆرە (کوفر و شرک) هەیە، یەکەمیان کە کوفر دەکرێ سپڵەیی بێ لەبەرانبەر بەهرە و نیعمەتی خوادا و دووەمیـان حاشاکردنە لە خـوایەتی خودا.. شرک ئەوەیە مرۆڤ شەیتان و بتپەرست بێ.

– تۆبەو بێ بەری بوون دوو جـۆرە(٢٦): سـوننەت و فـەرز. بێ بەری بوون لەوانە حەددیان لەسەرە سوننەتە، بەڵام بێ بەری بوون لە وانەی حاشا لە بوونی خوا دەکەن و ئایین بە هەند نازانن فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێک.

– ڕێگایان نەداوە منداڵ و ژن و کەسوکاری گومڕاکان بکوژرێن، یان موڵک ماڵیان زەوت بکرێت.

– پەیامبەری ئیسلام بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هاتووە، دەبێ باوەڕ و ئیـمـانی پێ بهـێنرێ، ئەگـەر کەسێک هەواڵی ئەو ئایینەشی نەبیستبێ و بمرێ ئیمانی نابێت و بەکافری سەردەنێتەوە(٢٧)!

– بەلای ئەو لقەی خاریجییەوە بکوژی عەلی پیاوێکی ئیماندار بووە، چونکە وەک موسڵمانێک ئەرک و فرمانی سەرشانی خۆی جێبەجێ کردووە.

– ئەگەر مرۆڤ پەیڕەو و ڕێبازی مێژوویی لەبەرچاو بگرێت و لەچوارچێوەی ئەو پەیڕەوەدا هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی، خۆیی و بابەتی کە هەلومەرجە لەئارادابووەکەیان ڕەوا و پاساو داوەتەوە، ڕۆڵی شایستەی خۆیان و بایەخی زانسـتـیـیـان پێ بدرێ تارادەیەک سەرنجڕاکێش ئەو بیروبۆچوونەی خاریجییەکان بە تایبەتی هی ڕێبازەکانی زانستی کەلام بەگشتی لە جەنگی نێوان عەلی و معاویە بەدواوە کە سەیر و نامۆ و توندڕەو و تیورییانەی دوور لە هەڵکەوتی ڕاسـتـەقـینەی ژیان بەدەربکەون، ئەو سروشتەیان کاڵ دەبێتەوە و دەکرێ بە جۆرێک لە جۆرەکان و بەشێوازێکی مێژوویی پاساو بدرێنەوە!

هەر دوای کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلام، کێشەی جەنجاڵـنامێزی خەلافـەت سەر ئاو کەوتووە، لەچوار خەلیفە سێیان بەشمشێر ورگیان دراوە، ئینجا هاتنی معاویە و قڕکردنی ئەندامانی بنەماڵەی عەلی کە نەوەی پەیامبەری ئیسلام بوون، بنەما بنەڕەتییەکانی ئایینەکە کاڵ دەکەنەوە کە ڕۆڵێکی کارای لە ژیانی ئەو میللەتەدا گێڕابێ کە تانوپۆی بڵاوکردنەوەی ئایینەکە بووە. معاویە سەرکەوتووانە ناحەزانی خۆی کە زۆربەی هەرە زۆریان سەحابە بوون، لەناوبردووە، بەرگی پیرۆزیی ئایینی و ڕەببانی لەبەر خەلافەت دامالیوە و کردوویە بە جۆرێک لە حوکمڕانی کوڕ بە میرات لە جێگای باوکی دابنیشێ و جێگاکەی بگرێتەوە. ئەو ڕەوشە ئەو کەشوهەوایە بووە کە گرووپی توندڕەوی خاریجییەکان تێیدا سەریان هەڵداوە، دەستبەکاربوون و گەشەیان کردووە. حەدیسێک هەیە دەڵێ: «جاء الاسلام غريبا وسيعود غريبا فطوبى للغرباء!»

ئەگەر ئیسلام بەو جۆرە بووبێ و جارێکی تر لەدواڕۆژدا بەو جۆرە بێتەوە، بۆ دەبێ گلەیی لە معاویە و گرووپە

توندڕەوەكانی زانستی كەلام بكرێت!؟ معاویە ئایینی ئیسلامی بەدنیایی كردووە، یان هەر نەبێ هەنگاوی بەو ئاراستەیەدا ناوە، بۆ دەبێ سیاسەتمەدارێكی ڕاستەقینەی هەڵكەوتی ڕۆژگاری خۆی نەبووبێ؟! ڕاستە ئەوپەڕی بێ بەزەیی و خوێنرێژبووە، بەڵام چ كارێك بەبێ ماندوو بوون و ئارەقە ڕشتن دەكرێ؟! ئایا ئەو ڕەوشە نائاساییەی لەسایەی ئایینەوە هاتبووە كایەوە و گرووپی نائاسایی دروست كردووە بەڵگەی ئەوە نییە كە ئایین لە ڕابوردوو و ئێستاشدا توانایی یەكلایی كردنەوەی كێشە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی ژیانی نییە؟!

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**١- حسين مروة: النزعات المادية في الفلسفة العربية الاسلامية، ج٢، دارالفارابي، بيروت ٢٠٠٨، ص١٠ وفي أماكن أخرى.**

**٢- د. لطيفة البكاي: حركة الخوارج. نشأتها وتطورها. دارالطليعة، بيروت ٢٠٠٧، ص١٨ وفي اماكن مختلفة.**

**٣- المسعودي: مروج الذهب. دارالمعرفة بيروت ٢٠٠٥، ج١، ك٢، ص٢٩٧.**

**٤- الشهرستاني: الملل والنحل. دارلكتب العلمية. بيروت- ٢٠٠٧، ج١، ص١٠٦ فما بعد.**

**٥- سعد رستم: الفرق والمذاهب الاسلامية. سورية-دمشق ٢٠٠٨، ص٤٠-٤١ وفي اماكن أخرى.**

**٦- المسعودي: نفس المصدر، ج١، ك٢، ص٣٤٨ فما بعد.**

**٧- المسعودي: نفس المصدر، ج١، ك٢، ص٣٥٥.**

**٨- الشهرستاني: الملل والنحل، ص١٠٧.**

**٩- د. لطيفة البكاي: المصدر نفسه اعلاه، ص٣٠-٣١ فما بعد.**

**١٠- د. لطيفة البكاي: نفس المصدر، ص٣٦.**

**١١- ئەم قسەیەی حەسەنی بەسری لێرە وەرگیراوە:**

**- د. عبدالرحمن بدوي: تأريخ التصوف الاسلامي، الكويت ١٩٧٨، ص١٥٤.**

**١٢- د. لطيفة البكاي: المصدر أعلاه، ص٦٥.**

**١٣- الشهرستاني، الملل و النحل ج١، ص١٠٨.**

**١٤- الشهرستاني، المصدر نفسه، ج١، ص١٠٩.**

**١٥- احمد أمين: فجر الاسلام. نوابغ الفكر. القاهرة- ٢٠٠٨، ص٢٩٨ فما بعد.**

**١٦- د. احمد عوض أبو الشباب: الخوارج دارالكتب العلمية- بيروت ٢٠٠٥، ص١٩٠، فما بعد.**

**١٧- سعد رستم: المصدر السابق، ص٢٠٥.**

**١٨- الشهرستاني، المصدر السابق، ص١٣١.**

**١٩- البغدادي: الفرق بين الفرق. دارالمعرفة بيروت ٢٠٠٨، ص٨٧ فما بعد.**

**٢٠- د. عامر النجار: في مذاهب الاسلاميين. الهيئة المصرية العامة اللكتاب، ٢٠٠٥، ص٩٣ فما بعد.**

**٢١- احمد أمين: المصدر السابق، ص٢٩٩.**

**٢٢- الشهرستاني، المصدر نفسه. نفس الجزء، ص١١٥.**

**٢٣- البغدادي: المصدر السابق، ص٩١-٩٢ هەروەها:**

**- الشهرستاني: هەمان سەرچاوە بە عەرەبی، ل١١٨.**

**٢٤- د. أحمد عوض أبو الشباب: المصدر السابق، ص٢٢٩.**

**٢٥- الشهرستاني، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤.**

**٢٦- د. احمد عوض أبوشهاب: سەرچاوەی پێشوو بە عەرەبی، ل٢٣٤.**

# سەربەستی و شۆڕشی «مارکس»

لە فارسییەوە: سەعید کاکی
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)


**١- ژیان و بەرهەم**

کارڵ مارکس ساڵی ١٨١٨ لە ئەڵمانیا لە دایک بووە و ساڵی ١٨٨٣ لە ئینگلتەرا کۆچی دوایی کردووە. بێ گومان مارکس یەکێک لەو فەیلەسووفە مەزنانەیە تا ئێستا مێژووی مرۆڤایەتی بە خەستی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆی، زۆربەی کۆمۆنیستەکان، سیستمی سۆسیالیستی و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان لە ژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانیدا بوون. لەم بارەیەوە زۆر باسکراوە و بیستراوە کە تا چ ڕادەیەک دەوڵەتە سۆسیالیستەکانی وەک کووبا و سۆڤیەتی پێشوو و زۆربەی حزب و لایەنە چەپەکانی ڕۆژهەڵات کە بە ئایدیا و ئارمانجەکانی مارکس وەفادار ماونەتەوە و لە بیر و بۆچوونەکانی مارکس تێگەیشتوون،(١) بێ گومان کە ئەوان زۆربەی بۆچوونەکانی مارکسیان بۆ داڕشتنی سیاسەتەکانی خۆیان ڕەچاو کردووە.

مارکس کۆمەڵێک بەرهەمی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووە، ساڵی ١٨٤٨ کتێبی مانیفێستی کۆمۆنیست و ساڵی ١٨٦٧ یەکەم کتێبی «کاپیتاڵ»ی بڵاوکردەوە و دوو بەرهەمی دیکەی لە بەرهەمەکانی بە یارمەتی هاوڕێ و هاوڕێبازەکەی، واتە فریدریک ئینگڵس بە درێژایی ساڵەکانی ١٨٨٥ و ١٨٩٤ بڵاو کردەوە.

بە کۆمەڵێک پسپۆڕ ماوەیەک سەرقاڵی لێکدانەوەی بیروبۆچوونەکانی مارکس بوون و ئاگاداری گۆڕان لە بیرۆکەکانی بوون، بە بڕوای ئەوان لە نێوان مارکسی گەنج و مارکسی پیردا جیاوازی هەیە.(٢) کەسانی دیکە لایان وایە دوو کتێبی دوایی، واتا «کاپیتاڵ» ئینگڵس نووسیویەتی.

ئێمە نامانەوێت ئەم جیاوازییانە زەق و ڕوونیان بکەینەوە، بەڵام دەبێت باس لەم خاڵە بکەین کە لە بیرو



**مارکس**

بۆچوونەکانی مارکس و سەردەمی لاوی و پیری لەسەر گرنگیدان بە ماتریالیزم وەک سەرەکیترین شیکردنەوەکانیەتی کە هەرگیز گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە.

## ٢- مرۆڤ وەک پراکسیس

مارکس بیربارێکی ماتریالیستە و بۆ خۆشی دانی بەوەدا ناوە، ئەو باوکی ماتریالیزمی مێژووییە. وێنایەک کە ئەو لە مرۆڤ پیشانی دەدات، بە پێچەوانەی ئەو شتەی تا ئێستا لە لایەن ئەفلاتوون، یان کانت ئاراستە کراون، بە بڕوای ئەو لە مرۆڤدا شتێک لە ژێر ناوی «گایست»(٣)، واتە ڕوح بوونی نییە. مرۆڤ بوونەوەرێکی ئۆرگانیکە و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئاژەڵەکانی دیکەدا نییە، ئەوەی لە مرۆڤدا بەدی دەکرێت هیچ نییە، بێجگە لە میکانیزمە جەستەییەکان. ئێمە تێگەیشتنێکی ڕوونمان لەسەر ئەخلاق لە مارکسیزمدا نییە، دەبێت لە بۆچوونەکانی لەسەر چەمکی ماتریالیزمی(٤) مرۆڤ تێبگەین. ئەم بۆچوونە ماتێریالەی مارکسیزم لەسەر مرۆڤ لەو خاڵانەیە کە ڕەخنەی شیلگیرانەی لێ گیراوە.

جیاوازی مرۆڤ و ئاژەڵ لەوەدایە، کە مرۆڤ ئیشکەرە، مارکس لەم بارەیەوە دەنووسێت: «مرۆڤەکان ... کاتێک کە خۆیان خواردەمەنی پێویست لە ژیانیاندا دابین دەکەن، هەروەها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ژیانی ماتریالیزمی خۆیان ڕێک دەخەن، ئەمە سەرەتای جیاوازیی مرۆڤە لەگەڵ ئاژەڵدا».

شوناسی مرۆڤ پراکسیسە، مرۆڤ بوونەوەرێکی بەرهەمهێنەرە، بوونەوەرێک کە لەسەر بەرهەمەکان ئیش دەکات، ئەو بوونەوەرێکی داهێنەر و چالاکە. ئەم بۆچوونە هێمای زاتی ماتریالیزمی مارکسیزم دەگەیەنێت.

کاتێک مرۆڤ ئیش دەکات، خۆی لە هەناوی سروشتی مرۆیی خۆیدا دەدۆزێتەوە. ئەمە بەشێوەیەکی دیکەیش ئاماژەی پێ دەکرێت: «کاتێک کە مەیموون سروشتی ماددیی خۆی ئاڵوگۆڕ دەکات، بە دوای ئەوەیە پێداویستییە ماتریالیستییەکانی خۆی بگۆڕێت، خۆی لە مەیموونەوە بەرەو مرۆڤ دەگۆڕێت و گەشە دەکات، تەواوی مێژوو هیچ نییە، بێجگە لەوەی کە مرۆڤ لە ڕێگەی ئیش کردنەوە دەیخولقێنێت.»

## ٣- ژێرخان و سەرخان

کاتێک مارکس باس لە «بازێس»، یان ژێرخان دەکات، بە ناوی هەلومەرجی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە، یان قۆناغێکی مێژوویی لێکی دەداتەوە. وشەی ژێرخان لە مارکسیزمدا چاودێری دامودەزگەکان دەکات و لە لایەکی دیکەوە باس لە سیستەم و ڕێکخراوە مرۆییەکان دەکات و ئەگەری بەرهەمهێنان دابین دەکات. لە ڕۆمای کۆندا کۆیلەکان ژێرخانی ئابووری بەرهەمهێنانی ڕۆمایان دابین دەکرد، لەبەر ئەوەی بەشی زۆرینەی ئیش و بەرهەمهێنان لەلایەن کۆیلەکانەوە دابین دەکرا، بەڵام ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی کاپیتالیستیدا ژیان بەسەر دەبەین، (هەروەها ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی جیهانی سێیەمدا دەژین). لەم کۆمەڵگەیەدا، ژێرخان بریتییە لە کەرەستەکانی بەرهەمهێنانی وەک (کارگەکان، کەرستەکان کەرستەی گواستنەوە و ئامێرەکان...تاد) کە لە ئیختیاری کرێکارەکاندا نییە، لە نێوان کەسانێک کە ئیش دەکەن (پرۆلەتەر)(٥) و کەسانێک کە کەرەستەکانی بەرهەمهێنانیان لە ئەستۆدایە بۆشاییەک هەیە. کاپیتاڵەکان و پێوەندیە ئابوورییەکانی ناو کۆمەڵگە ژێرخانی ئابووری پێکدێنن. ئابووری بناغەو

ژێرخانە.(٦)
ئەو پێوەندییانە کولتووری ئەم ژێرخانە دابین دەکەن، لای مارکس هونەر و ئایین یاساو فەلسەفە سەرخانن، ئەمانە بەگشتی ڕەنگدانەوەی پێوەندییە ئابوورییەکان پێکدێنن، مارکس لەم بارەوە دەنووسێت: «کۆی پێوەندی بەرهەرمهێنەر بنەمای ئابووری کۆمەڵگە پێک دێنێت، ئەوە ئەو ژێرخانە واقیعیانەیە کە سەرخانە یاسایی و ڕامیارییەکان بەسەرییەوە ساز دەبن، لەگەڵ شێوە جیاوازەکانی نەستی کۆمەڵگەدا یەک دەگرنەوە. جۆرەکانی بەرهەمهێنانی ژیانی ماددی پرۆسەکانی ژیانی ماددی و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەعنەوی سەرجەمیان پێکدێنن. ئەم ئاگامەندییە مرۆڤ خۆی دیاری ناکات، بەڵکو بوونی کۆمەڵایەتی ئەوە ئاگامەندی ئەو دیاری دەکات.»

بە دەربڕینێکی دیکە، بنەمای ئابووری و کولتووری نەتەوەیەک دیاری دەکات. بۆ نموونە لەو ناوچانەی کە بۆ وەرزێرێک باران بارین بایەخی هەیە، لە هەمان کاتدا کەم بارین دەبێتە هۆی ئەوەی کە خودای باران گرنگی ئەوتۆی پێ بدرێت، بۆ باوەڕمەندان و لایەنگرانی کولتووری کۆن و سەرەتایی وەک «تلالۆگ» لە مەکسیک، کە هەمان خودای بارانە لە نێوان خوداکانی دیکەدا بایەخێکی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوەی مژدەی باران بارین دەدات، ئەوان بۆ بژێوی ژیانیان پێویستیان بەم خودایە هەیە، بۆیە ئایین پەیڕەوی لە هەلومەرجی ئابووری مرۆڤەکان دەکات. ئەمە لە حاڵێکدایە ئەگەر بژێوی ژیانی مرۆڤەکان لەسەر بنەمایەکی دیکە بسووڕایەتەوە، بۆ نموونە ئیش کردن لە کانزاکاندا، ئەودەم خودای باران هێندە بایەخی پێ نەدەدرا و باس لە خودایەکی دیکە، بۆ نموونە خودای کانزاکان دەکرا، هەروەها کە بۆتان دەرکەوت بە بۆچوونی مارکس، چالاکی مەعنەوی و ڕوحی مرۆڤەکان و هەڵوێستە ئایینی و ئەخلاقییەکانی مرۆڤەکان ملکەچی هەلومەرجە ماتریالیستییەکانە.

### ٤- نامۆبوون

نامۆ بوون alination چەمکی سەرەکی مارکسیزمە. کاتێک لەسەر زاری خەڵکی کووچەوکۆڵان باس دەکرێت، مەبەست تێکشکان و زویربوونە. بۆ نموونە کاتێک ئەم دەربڕینە لەسەر پێوەندییەکانی نێوان دوو مرۆڤ بە کار دەهێنرێت ئەوە دەگەیەنێت کە لە نێوان دوو کەسدا ناکۆکییەک ڕووی داوە و ئێستاش لێک دابڕوان.

هەرکات مارکس باس لە «نامۆبوون» دەکات، مەبەستی دۆخێکی کۆنکرێتییە کە لەوێدا لە نێوان مرۆڤ و سروشتی مرۆییدا ململانێ ڕوو دەدات. مرۆڤی لە خۆ نامۆ، کەسێکە بەشێک لە هێما زاتییەکانی، واتە تایبەتمەندییە مرۆییەکانی لێ زەوت کراوە.

نامۆیی شێوەی جۆراوجۆری هەیە: نامۆیی ئایینی، سیاسی، فەلسەفی، ئابووری، سەرجەم ئەم بابەتانە مرۆڤایەتی و شوناس و سروشتی مرۆڤی لێ زەوت دەکەن و دەیسڕنەوە.

### ٥- شێوە جۆراوجۆرەکانی نامۆیی

لە نامۆبووندا، مرۆڤایەتی مرۆڤ، یان بەشێکی لێ زەوت دەبێت، پێویستە دۆخی سەرهەڵدانی نامۆیی مرۆڤ لە ناو بەرین، مەبەست لە ئازادکردنی مرۆڤ ئەوەیە کە ئێمە خۆمان لە شێوە جۆراوجۆرەکانی نامۆیی دەرباز بکەین.

ا- نامۆیی ئایینی: ئەم جۆرە لە نامۆبوون ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە مرۆڤ مل بۆ کۆلۆنیالیزم و چەوساندنەوەی ئابووری دادەنەوێنێت. مرۆڤی بە کۆلۆنی کراو شۆڕشێک دژ بە کۆلۆنی کار ئەنجام نادات، لەبەر ئەوەی بیری لای دنیایەکی دیکەیە و دڵی بەوێ بەستووەتەوە. ئیمان بە بەهەشت و دنیایەکی دیکە بەنامۆکردنی مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی بەهۆی ئەم ئیمانەوە مرۆڤ لەوەی کە گۆڕانێک لە بنەما ئابوورییە کۆلۆنییەکان بەدی بێنێت سڵ دەکاتەوە. مارکس لە ڕێگەی ئەم تێبینییەوە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە و ئەویش ئەمەیە: «ئایین ئەفیوون و تلیاکی جەماوەرە»، هەڵبەت مارکسیزم لەم وتەیەدا یەکێک لە ڕەهەندە زاتی و بەهادارەکانی مرۆڤی سڕیوەتەوە کە بریتییە لە ئاوەڵا و کرانەوەی مرۆڤ بەرەو لایەنە بەرزەجێکان، واتە شوێنێک لەودیو هەست پێکراوەکاندایە.

ب- نامۆبوونی سیاسی: ئەم شێوەیە لە نامۆیی و لە یاساکان و سیاسەتی دەوڵەتەکاندا ڕەنگی داوەتەوە و بە شێوەیەک دەربڕی بنەمای ئابووری کۆلۆنی دەوڵەتەکانە. لە ڕۆمای کۆن کۆیلایەتی لەسەر بنەمای یاساکان پاساوی بۆ دەهێنرایەوە و یاسای ڕۆمی کۆیلەکانی وەک کەرەستە

و ئۆبژە دەستەمۆ دەکرد. لە ڕۆمای کۆن ئابووری کۆمەڵگە لەسەر چەوساندنەوەی ئیشی کۆیلەکان دامەزرابوو و ئێستاش بە شێوەی جۆراوجۆر لە ڕێگەی پروپاگەندە و ئایدولۆژیای جۆراوجۆر و سستەمی سەرمایەدارییەوە نامۆیی سیاسی بەردەوامە، بە تایبەت تەکنۆلۆژیا لە ژێر چەپۆکی سیستەمە سیاسییە دیکتاتۆرەکاندا بە شێوەیەکی سادە و ئاسایی ئەم نامۆییە بەسەر کۆمەڵگەدا دادەسەپێنن.

ج- نامۆیی فەلسەفی: مەبەست لە نامۆیی فەلسەفی، پەرەپێدان و دامەزراندنی ئایدیۆلۆژی و ڕێبازەکانی بیرکردنەوەیە کە بۆ بەڵگاندنی تیورییەکە لە شێوەکانی بەرهەمهێنانی زاڵ، هەروەها بەڵگاندنی بنەما ئابوورییە زاڵەکان بەسەر کۆمەڵگە و کۆمەڵانی خەڵک. ئەرستۆ لە ڕێگەی فەلسەفەوە کۆیلایەتی سەلماند، ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بوو کە ئەو لە کۆمەڵگەیەکی کۆیلایەتیدا ژیانی بەسەر بردووە.

د- نامۆیی ئابووری: ئەم شێوەیە لە نامۆ بوون بنەمایەکە بۆ شێوەکانی دیکە لە نامۆیی و لە هەموویان خراپترە، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی نامۆبوونی مرۆڤ لە ئیش و کارەکانی خۆی، پیت و بەرەکەتێکە ئەنجامی ئیشی کرێکارە بۆ ئەو نابێت. ئەم جۆرە لە نامۆبوون لای مارکس خراپترین نامۆییە، بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە خۆیدا هەبوویەکی کرێکار و داهێنەرە. کاتێک بەهرەی ئیشی کرێکارێکی لێ زەوت دەبێت، لە ڕاستیدا شوناس و سروشتی مرۆیی لێ زەوت دەبێت. کۆلۆنیالیزم و چەوساندنەوەی ئابووری مرۆڤەکان بە مانای سڕینەوەی مرۆڤایەتی لە مرۆڤەکانە.

### ٦- ئازادی مرۆڤەکان لە ڕێگەی شۆڕشەوە

کاتێک مرۆڤ لە ژێر چەپۆکی ئەم نامۆییە ڕزگار ببێت بە ئازادی دەگات. تەنیا کاتێک نامۆ بوونەکان لەناو دەچن و یەکگرتنەوە و یەکبوونی مرۆڤ سەر لە نوێ دابین دەبێت، بێجگە لەمە مرۆڤ تووشی دابڕان و بزربوونی ڕوحی و دەروونی دەبێتەوە، بۆیە لەگەڵ خۆیدا هاوسەنگی و یەکڕەنگی و ئاشتی نییە.

ئەم ئازادییە کاتێک جێبەجێ دەبێت کە ڕەگوڕیشەی شەڕ لێک بدرێتەوە و لە بنەڕەتەوە وشک بکرێت. (هەڵبەت ترس و پارەپەرستی و بەرژەوەندخوازی، هەروەها بە نرخی ڕۆژ نانخواردن و ملدانەواندن بۆ دامودەزگەکان و هەلپەرستی کردەوەیەکە دژ بە ئازادی مرۆڤ) ڕەگوڕیشەی شەڕ لە نامۆبوونی ئابووریدایە. تا ئەوکاتەی لە بنەما ئابوورییەکاندا گۆڕانێک سەر نەگرێت، ئەگەری گۆڕان و گەشەکردنی لایەنەکانی وەک سیاسەت، ئایین و فەلسەفە مەحاڵە. کاتێک شێوەکانی بەرهەمهێنانی کاپیتالیستی فەوتا، ئایین و لە هەمان کات دەسەڵاتی کاپیتالیستیش لەناو دەچێت، هەروەها ئەخلاقی بۆرژوازی زاڵ بەسەر ئەم دەوڵەت و مەدەنیانەشدا کاسە و کووزەیان خڕ دەکەنەوە.

لە ڕوانگەی مارکسیستییەوە، شۆڕش لە ناوبردنی بنەماکانی کۆلۆنیالەکانە، تەنیا شتێکە ئەم نامۆبوونە دەفەوتێنێت و بەرهەمی دەست ڕەنجی کرێکارەکان بۆ باوەشیان دەگەڕێنێتەوە، شۆڕشە و بەس. مرۆڤ لە ڕێگەی شۆڕشەوە مرۆڤایەتی خۆی بۆ خۆی دەگەڕێنێتەوە و مرۆڤێکی بە تەواو مانای لێ دەردێت. شۆڕش دەستکەوتێکی «ئەخلاقییە». هەڵبەت ئەم ئازادییانە، ئازادی لە مانا تایبەتەکەیدا ئازادییەکی پەرگیر و هەمەلایەن نییە. ئازادی لە لایەنێکەوە کورت بینە، چونکە مرۆڤ وەک ئاژەڵێکی ئابووری سەیر دەکات.

### ٧- پرسی ئازادی

یەکێک لەو پرسە گرنگانەی کە بۆشاییەکی گەورەی لە فەلسەفەی مارکسیستیدا دروست کردووە، پرسی ئازادییە. ئەگەر ئەم وتەیە ڕاست بێت کە شوناسی مرۆڤ بنەما ئابوورییەکان دیاری دەکات و بیروبۆچوونەکانی پێوەندی بەشێوازی بەرهەمهێنانی دەسەڵاتدارەوە هەیە. لێرەدا دوو خاڵ سەرنجمان بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشن:

ئا- چۆن هەندێک لە مرۆڤەکان خاوەن ئەم توانایییەن لە نامۆبوونی خۆیان ئاگادار ببنەوە و ڕەچاوی بکەن؟ چۆن مارکس سیستەمێکی فەلسەفی دامەزراند لە ژێر کاریگەری هەلومەرجی بەرهەمهێنانی سیستەمی کاپیتالی سەردەمی خۆیدا نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم دۆخەی خستە بەر لێکۆڵینەوە؟ ئایا دەتوانین ئازاد بین؟

ب- ئەگەر مرۆڤ بە گشتی لە ڕێگەی بنەما ئابوورییەکان دیاری دەکرێت و ئەگەر ئەخلاق ئەنجامی پێویستی هەلومەرجی بەرهەمهێنانی دەسەڵاتدارە، ئیدی باس لە ئازادی مەحاڵە، ئەگەر ئازادی نەبێت لە چ شتێکدا ئاڵوگۆڕ بکەین؟ چۆن دەبێت تووڕەبوونی خۆمان

دەربڕین؟ ئایا ئەو مانایە ناگەیەنێت کە مرۆڤ سەرتر لە زاتێکی ماددییە؟ ئایا ئەمە ئەو مانایە ناگەیەنێت مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن ڕوحە و تاڕادەیەک لە شێوەکانی بەرهەمهێنانی ئابووری کۆمەڵگەی خۆیدا سەربەستە؟

ئەو دوو ڕەخنەیەی کە باسمان لەسەر کردن، دژوارترینی ئەو ڕەخنانەن کە ڕووبەڕووی فەلسەفەی ئەخلاقی مارکس کراون. گرنگی هەر دوو ڕەخنەکە بووەتە هۆی ئەوەی کە، فەلسەفەی ئەخلاقی مارکس لە خەیاڵدانی خەڵکیدا ئەوندە بەختەوەرانە سەیری نەکەن.

**پەراوێزەکان:**

١- یەکێک لەو گرفت و ئاڵۆزییانەی لە سەر مارکس کەوتووەتەوە، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتدا، نەبوونی دەقەکانی مارکسە، هەروەها نەبوونی بنەمایەکی مەعریفی و تێ نەگەیشتن لە مارکس و زۆرجار خۆهەڵواسین بەشتێکەوەیە زیاتر هەستە تا ئەوەی ڕەنگی ژێری پێوە بێت. زۆرکەس خۆیان بە چەپەوە هەڵدەواسن بەبێ ئەوەی لە بابەتەکە تێبگەن. لایەنێکی دیکەیش ئەوەیە باسی مارکس کۆمەڵگەیەکە لەقۆناغی مۆدێرنیتەدایە، بە پێچەوانەی هەڵوێستەکانی پۆپەر خولیاکانی مارکس ئینسانین و دەیویست مرۆڤ بەرەو کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە هان بدات.

٢- مارکسی لاو، یان گەنج، زیاتر لە ژێر کاریگەری فەلسەفەدایە، بیروبۆچوونی مارکسی پیر لە فەلسەفە دووردەکەوێتەوە، بیروبۆچوونەکانی کۆمەڵایەتیش و بەرەو کۆمەڵناسی سیاسی هەنگاو دەنێت. بۆ خوێندنەوەی مارکس ئەم کتێبانە بەکەڵکن: لە سەرەتادا مارکس پیتەر سینگەر، مارکس، ئالێن و وود، مارکس، تێورەنامۆیی: ئێستیڤان ماسارووش، مارکسیزم و فەلسەفە، ئالێکس کالینیکۆس و مارکسیسم سێ کتێب نووسینی لەشک کوولاکۆفسکی کە لەم کتێبەدا بە چڕوپڕی باس لە مارکس و مارکسیسزم کراوە.

٣- وشەی گایست Spirit لە وشەی ghost «مۆتەکە» وەرگیراوە و لە وشەی «ڕوح» نزیکە، بەڵام ڕوح مانای ئایینی ناگەیەنێت. کاتێک پارێزانەکانی یەکدەنگی و ڕوحی یەکگرتنەوە بە سەریاندا زاڵە، لە مەبەستی گایست نزیک دەبنەوە، بەڵام هیگڵ ئەم چەمکەی لە مانایەکی بەربڵاوتردا بەکار هێناوە: ١- گایست: Geist لە مانا هەمەکییەکەیدا ئاماژە بە زەینی مروڤ و ئەوپەڕی زەین دەکات، و لەبەرانبەر سروشت، هەروەها ئایدیای مەنتیقی بەکاردێت. ٢- لە مانای سنووردارتردا، گایست «ڕوحی زەینییە»، واتە تەواوی ژیانی دەروونی تاک لە «گیانی سروشتی» تا ئیرادە و بیرکردنەوە دەگرێتە بەر. ٣- لە مانایەکی هەمدیسانەوە کورتتر، گایست لایەنە زەینییەکانی دەروون لە شهووده وە بگرە تا بیرکردنەوە و ئیرادەش لەخۆ دەگرێتەوە. بەڵام «گیان» هەست و ئەو شتانەی تر وەلا دەنێت و لە بەرانبەریاندا ڕادەوەستێت. ٤- «ڕوحی عەینی» ڕوحی هاوبەش، گرووپێکی کۆمەڵایەتییەو لە نەریت و یاساکان و ڕێکخراوەکان بناغە دادەنێت، هەروەها لە خەسڵەت و ئاگامەندی تاکە پێوەندارەکانی ئەو گرووپەدا تەشەنە دەکات و هەروەک بەعەینی بوونی Geist زەینی لی تێدەگەین.
٥- «ڕوحی ڕەها» لە مانای هونەر، ئایین و فەلسەفە بەکار دێت و بێ سنوورە.

٤- ماتریالیزم لە مێژووی فەلسەفەدا چەند ڕێچکەو میتودی هەیە. بۆ نموونە، فەلسەفەی پێش سوقراتییەکان ماتریالی بوون وەک: لووکیپۆس و دیمۆکریتوس، ئەمانە ماتریالیزمی خاویان پێ دەڵێن. ٢- ماتریالیزمی میکانیکی سەدەی ١٧ و ١٨و بەتایبەت هۆبز، ماتریالیزمی دیالێکتیکی مارکس، ماتریالیزمی میکانیکی دوو لقی لێ دەبێتەوە:

a- تیوری: باس لە تەواوی بەها مەعنەوی و ڕوحانییەکان دەکات، بەڵام بەها ئەخلاقییەکانی ڕەسەن نین.

b- میتودی: کاری بە بەها مەعنەوییەکان نییە، تەنیا ئیش لە سەر مادده دەکات، وەک زانایەکی فیزیا کە لە تاقیگایەکدا ئیش بە مادده دەکات.

٥- مارکسیستەکانی پاش مارکس لایان وابوو، کاتێک ڕەوتەکەی ئەوان قۆناغە مێژووییەکان لە دوای یەک دەبڕن و جیهانی کاپیتاڵ لە بەشێکە لە کتێبی سەرەتاکانی فەلسەفەی اخلاق، نووسینی خوزە گالیند و هێکتۆرزاگال، ١٧٥-١٨٢.

# مێژووی مانناپی، گووتی، لوولووبی

له فارسییەوە: میهرداد ڕامیدی نیا
(مەهاباد)

**مانناییەکان** Mannaeans

کیشوەری (ماننا، مانا یا) ماننای له باشووری زەریای "ورمێ"دا هەڵکەوتبوو، کە بریتی بووە لە بەشێکی هەرە گەورەی کوردستانی ئێستا (شارەکانی مەهاباد، بۆکان، سەقزو...تاد) و وڵاتێک بووە کە دانیشتووەکانی ئاسیایی بوون و بۆ بەرگری لە پەرەپێدان و گەشەسەندنی مادییەکان، خۆیان خاوەنی هێز و دەسەڵاتێکی بەرچاو و دیاریکراو بوون. نێوە بەجێماوەکانی ناو دوو پێرستی پارێزراو لە پاشاکانی ئاشووری کە ڕاپۆرتێکی تەواوی سەفەرێکی جەنگییە لە ساڵی ٧١٤ی بەر لە زایین نیشان دەدەن کە "سەرگۆن"ی ئاشووری و سەربازەکانی بە تێپەڕین لە کێوی «کوللەر (کۆلار-کەلار) Kullar» لە زێی خوارووی لە باکووری "شارەزوور" گەیشتوونەتە وڵاتی ماننا.(١) فەرمانڕەوای «ئێلیپی Ellipi»(٢) هاتە لای سەرگۆن و سەرۆک گەلانی تری دەڤەری "زاگرۆس"یش خۆیان گەیاندە شای ئاشوور و ڕەگەڵ ئاشوور کەوتن.

بە پێی بەڵگەکانی ئاشووری دەوڵەتی ماننا لەنێو دەوڵەتانی ناوچەی «زاموا Zamua»دا خاوەنی گرنگایەتییەکی تایبەت بووە. دەوڵەتی ماننا لەسەدەی هەشتەمی بەر لە زایین زۆر جار لەگەڵ ئاشوور و ئۆرارتۆدا شەڕی کردووە. هیچ چەشنە کەتیبەو بەردنووسێک لە پاشاکانی ماننا بەردەست نییە و ئەم زانیارییانە تەنێ لە ڕێی ساڵنامەکانی ئاشووری و ئۆرارتۆییەوە دەستکەوتوون. کیشوەری ماننا دواتر لە سەدەی هەشتەمی بەر لە زایین لە بواری فەرهەنگ و شارستانییەت و ئابوورییەوە ماکی سەرەکی پاشایەتی دەوڵەتی مادی پێکهێنا. دەوڵەتی ماننا بەرەو ماد کێشراو مێژووی ماننانش ئاوێتەی ماد بوو. ئایین لە

بیروباوەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆندا زۆر گرنگ بووە. بەریوانی کردن لەسەر ئایینی ماننایییەکان لە ڕووی دەقەکانی ئاشووری و هەندێ ناوگەلی تایبەت لەم دەقانەدا بەرچاوە. واژەی «ئیلانی Illani» بە واتای خوداییەکان لە نووسراوەکانی پاشایانی ئاشووردا دەبینرێ. شێوە و بیچمی بتەکانی ماننایی تا ڕادەیەکی زۆر شێوە لە نەخشی سەر مەفرەخەکانی لوڕستان و وێنەگەلی نەخشاو لەسەر ئاسەوارە دۆزراوەکانی «زێوییە Ziwiyyeh» دەکەن. سەرجەمی بەڵگەکان لەسەریەک نیشان دەدەن کە ئایینی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی مادی کۆن زۆرتر لەگەڵ ئایینی "هوریانی"یەکان و تا ڕادەیەک ئایینی ئاشوورییەکان هەر یەک ئایین بووە.

هونەری مەفرەخ سازی لە لوڕستان و هەرێمە ڕۆژئاواییەکاندا هونەرێکی ناوخۆیی بووە. «ئەندرێ گۆدار A.Godar» مەفرەخناسی ناودار لەسەر ئەو باوەڕەیە کە: مێژووی سازکردنی مەفرەخەکانی بنار و پێدەشتەکانی زاگرۆس بۆ نزیک (ساڵانی) ١٠٠٠-١٢٠٠ی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، (هەروەها دەڵێ: ماننایییەکان هونەری "کاسی"یەکانیان لە لوڕستان تەواو کرد و "سەکایی"یەکانیش لە ساڵی ٦٨٠ی بەر لە زایین هاتنە وڵاتی ماد و فێری ئەم هونەرە بوون.

ئەم دەڤەرەی خەزێنەی زێوییەی لێ دۆزراوەتەوە، لە سەدەی حەوتەمی بەر لە زایین، بەشێک لە نیشتمانی ماننایییەکان بووە. ماننایییەکان نزیک بەساڵانی ٦٥٩-٦٦٠ی بەر لە زایین لە شەڕێکی قورس و گران لەگەڵ سەکاییەکاندا بەزیون و تێکشکاون و نیشتمانەکەیان کەوتووەتە بەر دەست سەکاییەکان.

لە ساڵنامەی "سەرگۆنی دووەم"، شای ئاشووردا، باس لە وێران و خاپوورکردنی "ئیزێرتوIzirtu"، پایتەختی ماننایییەکان و "زیپیا Zippia" کە هەر ئەم زێوییەی ئێستایە (لەسەقز) کراوە. دوای ڕووخان و تێکچوونی "نەینەوا Nineveh" پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ئاشوور)" لە ساڵی ٦١٢ی بەر لە زایین، ماننایییەکان بوونە بەشێک لە حکوومەتی ماد و بە دوای ئەوەشدا پارسەکان.

## گووتییەکان Guttians

لە شوێنەوارە نووسراوەکانی "سۆمەر" و "هوریانی"دا هاتووە کە لە کێوپارەکانی ڕۆژئاوای زاگرۆس و لەو شوێنەی کە دواتر (دەوڵەتی) مادی لێ پێکهات "گووتی"یەکان و ئەو گەلانەی کە لەگەڵ "عیلامی"یەکان خزمایەتییان هەبووە، ژیاون. دەتوانین بڵێین کە پێکهاتەی خزمایەتی ئەم گەلانە، لە هەزارەی سێیەمەوە تا سەرەتای هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە و خەڵکی سەرلەبەری ئەم هەرێمە، لە زەریای «ورمێ»ڕا بگرە هەتا بەشی سەرووی "چەمی دوویالە" «گووتی لولووبی» بوون. لولووبییەکان لە بەشەکانی ڕۆژئاوایی و گووتییەکانیش لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتیدا نیشتەجێ بوون. گەلێک بەڵگەی باوەڕ پێکراو لە ئارادان کە ئەوە نیشان دەدەن زمانی ئەم گەلانە پێوەندی بە زمانی عیلامەوە هەبووە. ئەوان گەلێکی ئاسیایی کوێستانەکانی ناوەندی زاگرۆس بوون.

ڕەنگە دەستەواژەی گووتی بۆ سەرجەم ئەو گەلانەی کە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی بابلدا دەژیان بەکارهاتبێت و نیشاندەری خاک و نیشتمانێکی دیاریکراو نەبووبێ. ئەدەبی کۆن نیشتمانەکەیان لەگەڵ کێوەکانی"ئاگری Agrin" ، لە باکووری ئاشووردا بە یەک دەزانێ. "یاکوبسۆن Jakobson"، سۆمەرناسی دانیمارکی وەهای لێکداوەتەوە کە یەکێک لە پاشاکانی گووتی بەسەر "نارامسین"دا زاڵ و سەرکەوتوو بووە و "نەیپور Nippur" (گەورە) شاری پیرۆزی سۆمەرییەکانی گرتووەتەوە. سەرەڕای کەموکوڕی بەڵگەکان، هەندێ بابەت لە ئارادان کە بە پێی ئەوانە و هەندێ لێکدانەوە و بەراوردی تر دەتوانین گەوشین و تایبەتمەندی سەرکەوتنەکانی گووتییەکان، هەروەها حکوومەت و فەرمانڕەوایی ئەوان لە میزۆپۆتامیادا دەستنیشان بکەین. پێرستی ناوی پاشاکانی گووتی خاوەنی دوو تایبەتمەندییە کە بووەتە هۆی پاڵێوراوی ئەوان لە (گەلانی) تر. تایبەتمەندی یەکەم، سەردەمی کورتی پاشایەتی ئەوان و تایبەتی دووەم، ڕستەیەکە کە لە سەرەتای پێرستەکەدا هاتووە: «هۆزی گووتی پاشای نەبوو».

## لوولووبییەکان Lullubians

ئەوانە گەلێکی کوێستانی، ئاسیایی و دانیشتووی کێوەکانی زاگرۆس لە باشووری ژینگەو (نیشتمانی) گووتییەکان بوون. «لو Lu» لە زمانی "ئۆرارتۆیی"دا بە

مانای «پیاوو خەڵک» بووە. ئەم واژە ئاسیاییە واژەیەکی وەرگیراو لە سۆمەرییە، یان بە پێی ڕێککەوت بەرانبەرە لەگەڵ «لو» لە زمانی سۆمەریدا بە واتای «پیاو و مرۆڤ»، دووپات بوونەوەی بە مانای «خەڵکان–مەردمەکان» بووە، چونکە لە زمانی سۆمەریدا یەکێک لە ڕێیەکانی کۆبەستن دووپاتە کردنەوەی واژە بووە، یانی «لو» بەشێوەی دووپات بوونەوە (بووەتە) «لوولوو»، واتە «مەردمەکان» (یان خەڵکەکان). بە چاوخشانێک بە ژێدەر و سەرچاوە مێژووییەکاندا وا دەردەکەوێ کە لوولووبییەکان لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زایین خودانی حکوومەتێک بوون کە لە چیاکانی بەشی سەرووی چۆمی دوو یاڵەوە تا زەریای ورمێ درێژەی هەبووە. نیشتمانی لوولووبییەکان لە ڕۆژگاری ئاشوورییەکاندا "زاموا (Zamua)"ی ناو بووە. واژەی «لوولوو» لە زمانی "هوریانی"یەکاندا بە مانای «دوژمن و بێگانە» بووە. لە باکووری شاری"سەرپێڵی زەهاو" لەسەر ڕێگەی «هەمەدان بەغدا» لە دەوروبەری ئاوی "حەلەوان"دا تاشە بەردی «میانکەل Miyan - kal» و «کەل گارا Kal-gara» نیشاندەری زاڵبوون و سەرکەوتنەکانی «ئانوبانینی Anubanini» پاشای لوولووبییەکانە کە خێڵێکی سەر بە "کاشش" بوون. مێژووی ئەم نەخشە بۆ سەردەمی پاشای بەهێز و دەسەڵاتداری "ئەکەد"، "نارامسین" دەگەڕێتەوە. ئەم نەخشانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە لوولووبییەکان لە نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی بەر لە زایین خاوەنی دەوڵەت و دەسەڵات بوون و بەم پێیە کۆمەڵگاکەیان پێکهاتەیەک لە زۆربەی چینایەتییەکان بووە.

لەم نەخشە هەڵکەندراوانەدا، کراسی "ئانوبانینی" شێوەی لە کراسی خەڵکی ئاسیایی دەکات. زمانی هۆزەکە «گووتی، لوولووبی»، یان «مێهرانی» بووە و ڕەنگە تاڕادەیەک خزمایەتی لەگەڵ زمانەکانی تاقمی عیلامی کە لە سەرانسەری مەڵبەندی زاگرۆس باو بووە هەبووبێ. هۆی لەشکرکێشانی پاشاکانی سۆمەر و ئەکەد بۆ سەر کوێستانەکانی زاگرۆس ئەوە بووە، کە زۆریان حەز لە بە دیل گرتنی کۆیلە و ئەسیرەکان کردووە. سەرچاوەکانی ئاشووری لە سەدەی نۆیەمی بەر لە زایین، زۆرجار ئاماژەیان بە هونەر و پیشەسازی زۆر پێشکەوتوو و لێهاتوو لەناو لوولووبییەکاندا کردووە. (٣)

**پەڕاوێزی وەرگێڕ:**

**١ سەرگۆنی دووەم (٧٠٥ – ٧٢١پ.ز) پاشای ئاشوور لە هەشتەمین لەشکرکێشانی سەردەمی دەسەڵاتداری خۆیدا لە هاوینی ساڵی (٧١٤ی پ.ز) دێتە وڵاتی ماننایی «سوریکاش Su-rikash» هەر لەم شوێنە «ئۆلۆسۆنۆ Ulusunu» پاشایماننا، دیارییەکانی خۆی پێشکەش بە سەرگۆن دەکات. سەرگۆن دێتە «پەرسوا – پەسوێی ئێستا لەنێوان مەهاباد و پیرانشار»، هەموو وا هەست دەکەن هێرش دەکاتە سەر «ماد».. لەشکری ئاشوور بە تێپەڕکردنی کێو و یاڵ و چیاکان دەگەنە وڵاتی «میسی Missi» یەکێک لە وڵاتەکانی ماننا. ئۆلۆسۆنۆ پاشای کیشوەری ماننا بە پێی وادە و بەڵێنی پێشتریان لە قەڵایەکی پڕ لە ئەسپ و ئازووقەدا چاوەڕوانی هاتنی سەرگۆن دەکات. سەرگۆن دێت و باس لە هێرش کردن بۆ سەر ئۆرارتۆ و وەرگرتنەوەی ئەو هەرێمانەی مانایی دەکات کە کەوتبوونە دەست ئۆرارتۆییەکان و ئۆلۆسۆنۆی بە باشی لە مەبەستی هێرش کردنە سەر ئۆرارتۆ و وەرگرتنەوەی ئەم دەڤەرانە ئاگادار دەکاتەوە. «مێهرداد» بۆ زانیاری زۆرتر بڕواننە:**

**هشتمین سفر سارگون در بوتەی تحقیق، مجلەی باستان شناسی و تاریخ، شمارەی پیاپی ٢٩ و ٣٠، تهران، اسفند ١٣٨٠.**

**٢–ئێلیپی Ellipi: وڵاتی ئێلیپی لەنزیک سنوورەکانی عیلام بووە و ئەم وڵاتەش وێڕای بیست و شەش وڵاتی تر بەدوای ئۆلۆسۆنۆی مانناییدا دیارییەکانی خۆیان پێشکەش بە شای ئاشوور کردووە.**

**٣–بۆ زانیاری زۆرتر لەسەر مێژووی لوولووبییەکان بڕواننە ئەم سەرچاوانە:**

**a– لوولووبیها اجداد باستانی کردان، مهرداد ڕامیدی نیا، هفتە نامەی ڕێد، سال دهم، شمارەی ٦٠٠، مەهاباد، شنبە ١٣مرداد ١٢٨٠.**

**b– لۆللۆ گەلی کۆنی دانیشتووی کوردستان، مێهرداد ڕامیدی نیا، گۆڤاری ڕوانگە، زانکۆی تەوریز، ژمارە ١٠، گەلاوێژی ١٣٨١.**

**c– لوولووبی ها بانیان دولت باستانی کردی، مهرداد ڕامیدی نیا، هفتە نامەی سیروان، شمارە ٣٩٨، شهریور ١٣٨٥.**

**سەرەجەم وێنەکانی ئەم نووسراوەیە لەلایان وەرگێڕەوە دانراوە**

**ژێدەر:**

**اریاها ونا اریاها در چشم انداز تاریخ کهن ایران، دکتر رقیە بهزادی، چاپ اول نشر گهوری، تهران: ١٣٨٢.**

# ئێرلەندە، وڵاتی چیرۆک و سەرگوزشتە گالیکییەکان

دانا ڕەئووف
(سوید)

(٢ - ٢)

**بەندیخانەیەک وەک دەروازەی سەربەستی وڵاتێک**

ئێرلەندە یەکێکە لەو وڵاتانەی، کە بە خوێن ئازادی و سەربەخۆیی بەدەست هێناوە، بە توندی دژی ئینگلیزی داگیرکەر شەڕیان کردووە و لەو پێناوەدا نەوە لە دوای نەوە خوێنیان ڕژاوە، بێ گومان سوپا و دەسەڵاتی ئینگلیز بە هەموو شێوەیەک، بە هەموو هێزێک، بە هەموو چەکێک دژی هەر بزاڤێکی ئێرلەندی بوونەتەوە و بە شێوەیەکی دڕندانە سەرکوتیان کردووە.

یەکێک لەو هێماگەل و یادەوەرییانەی، کە تا ئەمڕۆیش ماوە، بەندیخانەیەکی گەورەیە. ئێستا ئەم بەندیخانەیە کراوەتە موزەخانە و ساڵانە بە هەزاران کەس لە هەموو جیهانەوە ڕووی تێدەکەن. هەموو خانووبەرەکە، ژووری زیندانییەکان و ناوچەکەیش مێژوویەکی زیندوون. ئەم مێژووە، ئەو شۆڕشگێڕانەی لەو بەندیخانەیەدا گوللەباران کراون، ئەوانەی ئەشکەنجە دراون و ئەوانەیشی تا دوارۆژەکانی ژیانیان، ڕۆژی ڕووناکیان نەدیوە و بە زیندوویەتی نەهاتوونەتە دەرەوە، بوونەتە یادەوەری و بیرەوەرییەکی گرنگی ئەم گەلە. (٤)

لەبەرئەوەی ئەم بەندیخانەیە ئێجگار گەورەیە و ژمارەیەکی ئێجگار زۆریش لە ئێرلەندییەکانی تێدا بەندکراون، بەرپرسە سەربازییەکان بەندیخانەکەیان بەسەر سێ بەشدا دابەش کردووە:

**بێدەنگی**

**چاودێری**

**جیاکردنەوە (بە مەبەستی ڕەگەزپەرستی)**

ئەم سێ وشەیەش کە هێماگەلی بەندیخانەکە بووە، بە زمانی ئینگلیزی هەرسێکیان بە پیتی S دەست پێ دەکەن: Silence, Supervision, Segregation ئینگلیزەکان زۆرجار بەندییەکانیان بە پاپۆڕ و بە نهێنی ئاودیوی ئوستورالیا کردوون، بە شێوەیەک هەرگیز نەیانتوانیوە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ ئێرلەندە، هەروەها بەندییە سیاسییەکانیان تێکەڵاوی تاوانبارانی دیکە، وەک دز و پیاوکوژ و تاوانبارەکانی دیکەی کۆمەڵگە کردوون. بەو شێوەیەش مەبەستیان بووە ئەوە دووپات بکەنەوە، کە بە هیچ شێوەیەک زیندانیی سیاسی لەو وڵاتەدا نەبووە. هەر زیندانییەکیش تەنیا یەک مۆم و بەتانییەک و ئینجیلێکی وەرگرتووە، هەر ئەوەندەیش خواردنیان پێ دراوە، کە لە برسا نەمرن.

بەرلەوەی بچینە ژوورەوە، لە گۆڕەپانەکەی دەرەوە



**ئەو بەندیخانەیەی ئێرلەندییەکانی تێدا گوللەباران دەکرا**

کۆدەبینەوە، باران بە خوڕ بە سەرماندا دەبارێت، من چەترێکی بچووکم بە دەستەوەیە، بەڵام هیچ سوودێکی نییە و باران بە لێزمە بە هەر چوار لادا دەبارێت. ئەو کچەی ڕێنوێنمانە، لە دەرگایەکی بچووکەوە دەمانباتە ژووریّ. دیوارەکان بە ڕتووبەت ڕەش بوون، گڵۆپە زەردە کزەکان تەنیا بەرپێمان ڕووناک دەکەنەوە. هەندێک لە ژوورەکان کراوەن. دیوار و ساپیتەکان چیرۆکە نهێنییەکانمان بۆ دەگێڕنەوە. لە هەندێک شوێندا ئامێرەکانی ئەشکەنجە و هەڵواسین بە شوێنەکانی خۆیانەوە ماون. لەسەر دیواری ناوەوەی یەکێک لە ژوورەکان، وێنەیەکی "مەریەم" کێشراوە، ڕێنوێنەکەمان بە هەست و سۆزێکی زۆرەوە چیرۆکی ئەو وێنەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە (لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩١٦دا یەکێک لە زیندانییە سیاسییەکان لەم ژوورەدا بەند کراوە، ئەم بەندییە هەر لەم زیندانەدا هاوسەرگیری کردووە و بۆ ڕۆژی دواتر لە سێدارە دراوە. ژنەکەی لە یادەوەرییەکانیدا کە دواتر بڵاوکراونەتەوە، باسی ئەو زەماوەندەی کردووە، کە بەر لەسێدارەدان تەنیا دە دەقیقەیان هەبووە بۆ یەکتر بینین. ئەوەیش بە چاودێرییەکی بێ بەزەییانەی پاسەوانەکانی زیندانەکە. پاسەوانەکان دە دەقیقەکەیان ژماردووە، لەو دە دەقیقەیەدا لە تەماشاکردنی یەکدی زیاتر، فریای ئەوە نەکەوتوون هیچ شتێک بە یەکدی بڵێن.) هەر زیندانییەکەیش ئەو وێنەیەی لەسەر دیوارەکە کێشاوە. لە ڕاپوونەکەی ساڵی ١٩١٦دا بەشێکی زۆر لە ئێرلەندییەکان لەم زیندانە توند دەکرێن، هەر لەبەر ئەوە لێپرسراوانی زیندانەکە ڕاڕەوێکی تایبەت بۆ شۆڕشگێڕەکانی ئەو ڕابوونە جەماوەرییە تەرخان دەکەن.

ئەو کچە گەنجە ئێرلەندییەی بەندیخانەکەمان پیشان دەدات، لە یەکێک لە دەرگا گەورەکانی ئەوسەری ڕاڕەوەکانەوە ئەمانباتە دەرەوە. گۆڕەپانێکی نیمچە بازنەیی و لە ناوەڕاستدا ئاڵای ئێرلەندە هەڵکراوە، مینیومێنتێکی بچووک بە دیوارەکەی بەرانبەر دەرگاکەوە بەرزبووەتەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە هەموو سووچێکی ئەم گۆڕەپانەدا، خاچێکی بچووکی ڕەشی لە تەختە دروستکراو بە زەوییەکەدا داکوتراوە. هەموو گۆڕەپانەکە لە دیمەنی شانۆنامە، یان فیلمێکی سینەمایی دەچێت. بارانیش بەبێ وچان هەر دەبارێت و ئەرزە بە زیخ و چەو داپۆشراوەکەی ژێر پێمانی سپی کردووەتەوە.

کچە ئێرلەندییەکە گوێ بە باران نادات و بە هەست و سۆزێکی قووڵەوە قسە دەکات: ئینگلیزەکان، ئا لەم گۆڕەپانەدا، ئێرلەندییەکانیان گوللەباران کردوون. زۆر جار وەک ئێستا باران باریوە و باران هەر زوو خوێنەکەی شوشتووەتەوە.

ناوی هەندێک لەو ئێرلەندییانەی، کە لەم شوێنەدا گوللەباران کراون، لەسەر پانتایی مینیومێنتەکە هەڵکۆڵراون.

هەست بە نارەحەتی دەکەم، هەرچەندە باران بە خوڕ دەبارێت، بەڵام شوێنەکە هەر بۆنی خوێنی لێ دێت، زیخ و چەوی ئەرزەکە، وەک دەستی لێدی ماکبێس خوێنەکەی لێ نابێتەوە. بەبێ ئاگایی زوو زوو سەیری بەرپێی خۆم دەکەم، نەوەک پێ بنێم بەو خوێنە وشکەوەبووەدا، کە زیاتر لە سەد ساڵە، بەسەر زەوییەکەوە وەک پەڵەیەکی ڕەش ماوەتەوە و بواردوویەتی.

### شانۆی گەیت

لە دبلن بێجگە لە شانۆی ئابی چەندین شانۆی دیکە

هەن، کە پێگەیەکی گرنگیان لە نەخشە و ڕیپێرتواری شانۆی ئێرلەندی و شانۆی ئەورووپیدا هەیە. یەکێک لەو شانۆیانەیش شانۆی گەیت Gate Theatreـە. خانووبەرە و بارەگای ئەم شانۆیە دەکەوێتە یەکێک لە شەقامە سەرەکییەکانی نزیک ناوجەرگەی شاری دبلنەوە. لە سەرەتادا ئەم شوێنە سالۆنی نانخواردن و ئاهەنگ گێڕان بووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٨ بەولاوە دەبێتە شانۆی گەیت.

ئەم شانۆیە، بێجگە لە شانۆی جیهانی، سالانە بەشێکی گرنگی ڕیپێرتوارەکانیان دەربارەی شانۆی کلاسیکی و مۆدێرنی ئێرلەندییە، بۆ نموونە: یەیتس، شۆن ئۆکیسی، ئۆسکار وایلد، جۆزیف ئۆکۆنۆر، بێرنارد شۆ ... تاد، هەروەها ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەشێکی زۆر لە شانۆنامەنووس و ناوە گەورەکانی شانۆی جیهانی، بۆ یەکەم جار لەسەر ئەم شانۆیە دەقەکانیان پێشکەش کراوە و لێرەوە، لە شانۆی گەیتەوە، ڕێگای خۆیان بۆ شانۆکانی دیکەی ئەورووپا کردووەتەوە.

## گلێنگاری و گلێن ڕۆوز

بەر لە یەک دوو ساڵ، لە شانۆی شاری ستۆکهۆڵم شانۆنامە بەناوبانگەکەی شانۆنامەنووسی ئەمەریکی "دەیڤید مەمێت" (گلێنگاری گلێن ڕۆوز)م بینی بوو، هەروەها دەقەکەیشم خوێندووەتەوە و ئاگاداری هەندێک لە پێکهاتە و بارودۆخی ڕووداوەکانیشیم. ئەمە بێجگە لەوەی بە فیلمیش بینیومە. بە ڕێکەوت لەگەڵ ئەم سەردانەی ئێمەدا بۆ دبلن، شانۆی گەیت ئەم شانۆنامەیە پێشکەش دەکەن، لەبەر ئەوە بە دەرفەتم زانی بچم و لێرەیش نمایشەکە ببینم.

بە پێپلیکانەی شانۆکەدا دەچمە سەرەوە، بینەرانی شانۆکە جلوبەرگی ڕێک و جوانیان پۆشیوە و هەروەک ئەوەی هاتبن بۆ ئاهەنگێکی زەماوەند. هەر لە دەرگای دەرەوە، مێژووی ئەم شانۆیە بەسەر دیوارەکانەوە دەخوێنیتەوە. هەموو ئەو شانۆنامانەی لەسەر شانۆی گەیت پێشکەش کراون، لە دیمەنی جوانی وێنەی فۆتۆگرافیدا و بەپێی ساڵی نمایشکردنیان، بە دیوارەکاندا هەڵواسراون: چێخەڤ، ئیبسن، ستریندبێرگ، یەیتس، لیدی گریگۆری، بێرنارد شۆ، ئۆسکار وایلد، مۆلییر، برێشت، ئارسەر میللەر، هارۆڵد پینتەر، سامۆئیل بیکێت، تێنسی ولیامز، شەکسپیر، شۆن ئۆکیسی، جۆن ئۆزبوورن، یوژین ئۆنێل، ئێدوارد ئالبی ... تاد. بینەران سەرقاڵی گفتوگۆ و قسەکردنن، دوو دوو، یان بە گرووپی بچووک، بە دانیشتنەوە، یان بە پێوە و بە دەوری مێزەکانی کافتریاکەوە وەستاون و قسە دەکەن. ڕۆژەکەیشی خۆشە و ئەمڕۆ هەر هیچ باران نەباریوە.

کۆلایەک دەکڕم و لە وێنەکانی سەر دیوارەکان ورد دەبمەوە، جار بەجار سەیرێکی خەڵکەکە دەکەم و حەز دەکەم بزانم باسی چی دەکەن، بە زمانی جەستە و جۆری جلوبەرگ و تەمەنی خەڵکەکەدا، مرۆڤ دەزانێت، کە چ جۆرە پێوەندییەکیان بە یەکەوە هەیە، هاوڕێ، ژن و مێرد، دۆست، یان دڵدارن.

دەچمە هۆڵی شانۆکەوە، بینەران لە دوو دەرگاوە، یەکێکیان لەلای ڕاستی خوارەوە و ئەوی دیکەیان لە ناوەڕاستی سەری سەرەوەی شانۆکەوە دێنە ژوورەوە. هۆڵێکی گەورە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە بەربەستێک، یان جیاوازی لە دابەشکردنی کورسییەکاندا کرابێت، بە چەشنی هۆڵی سینەما دابەشکراون.

## کڕین و فرۆشتن و گەمەی قایل کردن

دەیڤید مەمێت لە ساڵی ١٩٨٢دا لەگەڵ سەرهەڵدانی کێشەکانی ئابووری ئەمەریکا و کەوتنی نرخی خانووبەرە و سەرەتای تەنگژەی بانکەکاندا، شانۆنامەی "گلێنگاری گلێن ڕۆوز" دەنووسێت. بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیش ئەو پرسانە لەم دەقە شانۆییەدا دەخاتە ڕوو، کە تایبەتن بە کڕین و فرۆشتن "هەموو شتێک دەکرێت بکڕێت و بفرۆشرێت، هەموو کەسێک دەکرێت کەی بتەوێت بیکڕیت." دواتر مەمێت سەرکەوتنێکی گەورە بەم شانۆنامەیە بەدەست دەهێنێت و خەڵاتی "پۆلتیزەر" یش وەردەگرێت.

مەمێت، کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ـە، بێجگە لە شانۆنامە، چەندین فیلمی سینەمایی و زنجیرەی تەلەڤزیۆنیشی نووسیوە، ئەم شانۆنامەیەیشی کراوەتە فیلمێکی سەرکەوتوو کە ئەکتەری جیهانی (ئەل پاچینۆ) ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینێت، هەروەها مەمێت سێ ڕۆمانی نووسیون و چەند کتێبێکی تیوری و لێکۆڵینەوەی شانۆییشی بڵاوکردووەتەوە. یەکێک لە کتێبە گرنگە شانۆییەکانی سەبارەت بە ئەکتەر و تیورەکانی هونەری نواندنە.

دەڵێت:"بابەتی دەقـــەکـــە درۆیە، درۆکردن بە هەمـوو شـێوەکانییەوە، لە کۆتایی شانۆنامەکەشدا دەگەینە ئەو ئەنجـــامـــەی، کـــە ئەوەی سووکایەتی پێ دەکرێت، ئەوەی بە تەواوی بیـردەچێـتـەوە و دوورەپەرێز دەکـرێت، ڕاسـتـیـیـە." بە مـەرگی ڕاسـتـیـیش شـانۆنامـەکـە دەگـاتە کۆتایی.

ئەم شـانۆنامـەیە باسی گـەمـەی قایلکردن و لەخشتـەبردن دەکات و شانە گرنگەکـانی دەقـەکە و خـودی نمایشەکەیش لە کۆمەڵێک تەکنیک و هونەری قایلکردنی بەرانبەرەکەت پێکهـــاتووە، ئەم گـــەمـــانەیش شتگەلی ئاسان نین و فرۆشیارەکان، هەموو ئامرازەکانیان بەکاردەهێنن، تا بتوانن بەرانبەرەکانیان قایل بکەن.

ئەکتەرەکانی ئەم نمایشە لەم گەمە سایکۆلۆژییەدا، لە دروستکردنی دنیا خەیاڵاوییەکاندا بێ هاوتان و هەمـوو گـەمـەی نمایشـەکـەیش دەبێـتـە کـۆمـیـدیایەکی تاریک و ڕەش، کـۆمـیـدیایەک لەسـەر بنەمـاکـانی ڕەهەندێکی تراژیدی ڕۆنراوە.

کـەسـایەتیـیـەکـان، کـە ڕۆڵی چەند دەڵاڵێک دەبینن، دەیانەوێت لە پشت ئەم گـەمـەی کـڕین و فـرۆشـتـنەوە پێگەی خۆیان بەهێـز بکەن، شـانسـی زیاتر بۆ مـانەوەی خۆیان بەدەست بهـێنن و قـازانجـێکی مـاددی گـەورەیش بکەن. ئەم پیـاوە چاکـەت و پانتـۆڵ لەبەرانە، وەک چەند مشکێک وان، کە لە سووچی ژوورێکدا گیریان خواردبێ و توانایی دەربازبوونیـــان نەبێت. لەبری ئەوە دەکـەونە گیانی یەکدی و یەکدی دەخۆن. بۆ نموونە هەموویان ڕقیان لە بەڕێوەبەری ئۆفـیـســەکـەیانە، بەڵام هەمـوویشـیــان مامەحەمەیی بۆ دەکەن، تا بەهۆی ئەوەوە زیاتریان دەست بکەوێت، هەروەها گەمەیەکی ترسناکیش لەنێوان خۆیاندا دەکـەن، کـامـیـان زیاتر بفرۆشـێت، زیاتر قـازانج بکات و سـەرکـەوتوو بێت. ئەم گـەمـەیەی نێـوانیـان هەمـوو بەها مرۆڤایەتییەکان، هاوڕێیەتی و مۆراڵی نەهێشتـووە و بە هەمــوو شـێـوەیەک پاشـقـول لە یەکـدی دەگـرن و ترسی کـەوتن، وەک تارمـاییـەکی تۆقـێنەر، بەدوایانەوەیە. یەکێک لە کارەکتەرەکان دەڵێت: "پیاو چی فێر دەبێت؟



**یەکێک لە کۆگۆڕە دێرینەکانی ئێرلەندە**

بینەران لەم شانۆنامـەیەدا ڕووبەڕووی چەند کەسێک دەبنەوە، کـە بە هەمـــوو شـێـــوەیەک لە هەوڵی ئەوەدان نەکەون. ئەم کەسانە "پیاوانە" دەڵاڵی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە و زەوین و هەموو ڕێگایەک بەکاردەهێنن تەنیا بۆ ئەوەی کـڕیارەکـانیـان قـایل بکەن. ناوونیـشـانی ئەم دەقـەیش "گلێنگاری گلێن ڕۆوز"، کـە هەندێک نهـێنی ئامێزە، مەمێت لە ناوی دوو ئۆفیسی کڕین و فرۆشتنەوە وەریگرتووە، ناوەکـــانی بەبێ دەســـتکاری پێکەوە نووسـاندووە، بەمــەش وشـەیەکی دیکەی لێ دروست کردووە. ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە، کە مەمێت خۆی بۆ ماوەیەک لە یەکێک لەو ئۆفیسی کڕین و فرۆشتنانەدا کاری کردووە.

دەقـەکـە بە شـێـوەیەکی ڕاسـتـەوخۆ باسی بازاڕ و ئەو گەمە سایکۆلۆژییە دەکات، کە کار دەکاتە سەر مەسەلەی کـڕین و فـرۆشتن، یان ئەو گـەمـە سـایکۆلـۆژییـەی خـودی بازاڕەکـــەیە، بەڵام هەمـــوو ڕووداوەکـــان و لەو دەروازە سایکۆلۆژییەوە بە دەوری ئەو کەسانەدا دەسووڕێتەوە، کە دەیانەوێت کڕیارەکانیان قایل بکەن و ئەوەی دەیانەوێت بیـفـرۆشن، بیـفـرۆشن. بۆ ئەم مـەبەسـتـەیش ئامـادەن کـڕیارەکـانیـان: بە زمـانی لووس، ڕێگای پێـچـوپەنا، پەیمانی درۆ، دروسـتـکردنی دنیـــایەکی پڕ لە خـــەیاڵ، فـریودان، لە خـشـتــەبردن، تەنانەت تەزویرکـردنیش، هەڵخەڵەتێنن.

مـــەمـــێت خـــۆی ســـەبارەت بە شـــانۆنامـــەکـــەی

تۆ نابێت تەنیا هەر ئۆتۆمبێلێک بە کەسێک بفرۆشیت و بڕایەوە، دەبێت وا بکەیت ئەو کەسە بگەڕێتەوە و پێنج ئۆتۆموبێل لە ماوەی پازدەساڵدا بکڕێت."

یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم دەقە ئەوەیە، کە مەمێت دوو جۆر فرۆشیاری داناوە، ئەوانەی توانایییەکی ئەفسووناوییان هەیە و دەتوانن هەموو کەسێک لە خشتە بەرن و هەموو شتێک بفرۆشن. ئەو فرۆشیارانەیشی، کە هەرچییەک دەکەن، بە چ شێوەیەک هەوڵ دەدەن و چ ئامرازێک بەکاردەهێنن، گرنگ نییە، هەروەها ئەوەی دەیفرۆشن چاک، یان خراپ، بەڵام هەرگیز سەرکەوتوو نابن و هەمیشە زەرەرمەندن. کەسایەتی "لێڤینە" لەم دەقەدا نموونەیەکە لەم جۆرەیان.

مەمێت بۆ ئەم کارەکتەرەیان سوودێکی زۆری لە کەسایەتی (ویلی لۆمان)ی ئارسەر میللەر لە شانۆنامەی "مردنی دێوەرەیەک"دا وەرگرتووە. زۆربەی ڕەخنەگرەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە، کە "لێڤینە" وێنەیەکی مۆدێرنی (ویلی لۆمان)ـە و ئارسەر میللەرێکی دیکە و لە زەمەنێکی دیکەدا نووسیویەتی.

ڕەخنەگرە ئێرلەندییەکان ئەوەیان دووپات کردووەتەوە، کە یەکێک لە شتە چاوەڕوان نەکراوەکانی ئەم دەقە ئەوەیە، کە تا ئێستایش هەر دووچاری سەرسوڕمان و خورپەمان دەکات. مەمێت دیالۆگ و گفتوگۆی کارەکتەرەکانی، بە شێوەیەکی چڕ ڕووبەڕووی یەکدی دەکاتەوە. هەموو دەقەکە وەک شەڕە بۆکسێنێکی خێرا وایە، کە هەزارەها کەس لە هۆڵەکەدا بن و هانی یاریزانە بۆکسوەشێنەکان بدەن. یەکێک لە سیما گرنگەکانی دەقە شانۆییەکانی ئەم نووسەرە زمانە، زمانێکی ڕیتمئاسا، شیعری، ڕستەی کورت و هەندێک جار نزیک لە زمانی خەڵکی سەر شەقام، درێژ، پیس و ناشرین ڕۆنراوە، هەروەها بە ئاشکرا کاریگەرییەکانی بیکێت و هارۆڵد پێنتەریان بە سەرەوەیە. زمان لەلای مەمێت تەنیا ئامرازێکی پێوەندیکردن، بە کارهێنانی فۆرم و دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان نییە، بەڵکو زمان بابەتی شانۆنامەکانیەتی، ناوەڕۆکی دەقەکانیەتی و فۆرم و شێوە لە زمانێکی جیاوازدا کۆدەکاتەوە. زمانە بازاڕییە پیس و ناشرینەکە، لەگەڵ زمانە شیعری و ریتمئاساکە، پێکەوە دەبنە فۆرم و ناوەڕۆک و زمانە گوزارشت ئامێزەکەی ئەم نووسەرە پێکدەهێنن.

سەرەتای دیمەنی یەکەمی ئەم نمایشە، لە چێشتخانەیەکی هەرزان بەهای "چینی"دا دەست پێ دەکات: بەڕێوەبەری ئۆفیسی دەڵاڵەکان بە هەستێکی ئەوپەڕی ساردوسڕەوە لەگەڵ کارمەندەکانیدا لە گفتوگۆیەکی توندوتیژدایە. هەموو دیمەنەکە دەروازەیەکە بۆ نمایشەکە و لەوێدا نەخشە و پلانەکانیان بۆ فرۆشتنی خانووبەرەکان، بە هەر شێوە و ئامرازێک بووە دادەڕێژن. دوای ئەوە دیمەنەکانی دیکە لە ئۆفیسی دەڵاڵەکاندا ڕوودەدات و ئەو دەڵاڵانە، کە دەیانەوێت زۆرترین پارە پەیدا بکەن، زۆرترین خانووبەرە بفرۆشن و بە هەموو شێوەیەک خەڵکی لە خشتە بەرن، بە هەمان شێوە بە زمانێکی خوێناوی لەگەڵ یەکدی دەدوێن و گەمەیەکی دەسەڵاتخوازیی بێ مۆراڵانە لەگەڵ یەکدی دەکەن.

ڕیژیسۆری شانۆنامەکە "دۆگ هیوز" ئەمەریکییە و بۆ ئەم کارە لە دبلنە، ئەتمۆسفێرێکی "کافکایی" خوڵقاندووە، گەمە لەگەڵ ڕووناکی، سێبەر و تاریکیدا دەکات و کارەکتەرەکان لەم سێ مۆتیڤەدا بە شێوەیەکی کۆریۆگرافی دەجووڵێنێت. ئەو جووڵە سەمائامێزەی کارەکتەرەکان کە ڕیژیسۆری شانۆنامەکە لە دەروازەکانی تاریکی و ڕووناکیدا کاری لەسەر کردوون، جووڵەی جەستە و پێوەندی نێوان کارەکتەرەکانی ڕێک خستووە. تۆنێکی کۆمیدی لە دەنگی ئەکتەرەکان و فۆرمی کۆمیدیایەکی ڕەش و گەمەی سێبەر و ڕووناکی، لە دیدێکی "کافکا" ئاساوە، ئەتمۆسفێرێکی ترسناک دەخوڵقێنێت.

ئەم ڕیژیسۆرە، کە زیاتر لەسەر شانۆکانی نیویۆرک کاردەکات، بە باشی هەموو نهێنییەکانی دەقەکەی مەمێت ئاشکرا دەکات، لە تەنگژە ئابوورییە قووڵەکەی ئەمەریکاوە کار دەکات و هێڵی هاوبەش، بۆ نموونە لەنێوان بانکەکانی ئەمەریکا و ئێرلەندە دەدۆزێتەوە و هێماگەلەکان بە ئابوورییە خراپ و ژێرخانە وێرانەکەی ئێرلەندەوە دەبەستێتەوە.

بێجگە لەمەیش، هەر لە پێوەندیی نێوان کارەکتەرەکانەوە، لە مامەڵەی بەڕێوەبەری ئۆفیسەکەوە، لە چۆنییەتی بەرجەستەکردنی ئەو پێوەندییە دڕەی نێوان فرۆشیار و کڕیارەکاندایە، هەروەها چۆنییەتی دروستکردنی کۆنتراکتەکانەوە، گەندەڵیی ئەم دەزگایانە دەخاتە ڕوو. بەشێکی زۆری تەنگژە قووڵ و گەورەکەی دارایی ئەمەریکا و ئێرلەندەیش بە هۆکارەکانی گەندەڵییەوە دەبەستێتەوە.



**لە ئێرلەندە مەڕ و ماڵات ڕێگەی هاتوچۆ دەگرن**

لەم نمایشەدا، ئەکتەرەکان بە توانستە بێ سنوورە گەورەکانیانەوە، ئەم ڕێژبسۆرە بە ئەزموونە ئەمەریکییە، بە قووڵبوونەوەی لە گەمە نێونەتەوەییەکان و ئاشکراکردنی هەموو وردەکارییەکان و ئەفراندنی شانۆیەکی بەرز و گشتگیر، بازاڕێکی پڕ لە ئەندێشەی شانۆییان بۆ بینەران خوڵقاندووە.

کە لە شانۆکە دێمە دەرەوە، ئاسمان شینێکی پاکە، هەوا خۆشە و باران نابارێت، بە پیاسە بە شەقامەکەدا بەرەو خوار دەبمەوە و بەرەو هۆتێلەکەمان دەڕۆم، کە هێندە لە شانۆی گەیتەوە دوور نییە. هەر لە دوورەوە، لە جامخانە گەورەکانی رووکاری دەرەوەی هۆتێلەکەوە، لیسا و دالیا لە هۆڵەکەی خوارەوەدا دەبینم، دەچمە ژوورەوە بۆ لایان، دالیا بەرەو رووم ڕادەکات، دەستی یەکدی دەگرین و دەڕۆینە دەرەوە. چەپڵەڕێزانی بینەران و سیمای پڕ لە خەندەی ئەکتەرەکان و وشە ڕەقەکانی "دەیڤید مەمێت" تێکەڵاوی دیمەنە خامۆشەکانی ئەو ئێوارەیەی دبلن دەبن.

**زانکۆی ترینیتی**

بە پاسێکی سووری دوو نهۆمی لەناو جەرگەی دبلنەوە بەرەو زانکۆی ترینیتی دەکەوینە ڕێ. باران نابارێت، بەڵام هەواکەی ساردە و بەم هاوینە ملپێچم لە ملدایە و باش خۆم پێچاوەتەوە. شۆفێری پاسەکە بە زمانێکی هێمن باسی ئەو شوێنانەمان بۆ دەکات، کە بە لایاندا دەڕۆین. چەند فریا بکەوێت مێژووی شوێنەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئێمەیش بە دەم قسەکانی ئەوەوە بە بەردەوامی سەیری ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکە دەکەین و چاو بۆ ئەو شوێنانە دەگێڕین، کە کاکی شۆفێر باسیان دەکات. کە دەگەینە بەردەمی زانکۆی ترینیتی، دەڵێت (کە لە ساڵی ١٥٩٢دا ئێلیزابیسی یەکەم ئەم زانکۆیە دەکاتەوە، سێ مەبەستی دەبێت: یەکەم، ئێرلەندییەکان ملکەچی ژێر دەسەڵاتی پادشایەتی خۆی بکات، دووەم، لە کاتۆلیکەوە بیانکاتە پرۆتستانت و سێیەمیش لە ڕێگای خوێندنەوە ناچاری فێربوونی دابونەریتەکانی بەریتانیایان بکات.) شۆفێرەکەمان کە لەم قسانەی دەبێتەوە، بە پێکەنینێکی گاڵتەئامێزەوە دەڵێت (وەک دەبینن ئینگلیزەکان لە هیچ کام لەو ئامانجانەیاندا سەرکەوتوو نەبوون.)

زانکۆی ترینیتی لە بنەڕەتدا زانکۆیەکی پرۆتستانتی بووە و بە هیچ شێوەیەک نە بۆ ئافرەت و نە بۆ کاتۆلیکەکان نەبووە لەم زانکۆیەدا بخوێنن، وەک شۆفێری پاسەکەیش ئاماژەی بۆ کرد، مەبەستی سەرەکی دامەزراندنی زانکۆکە ئەوە دەبێت کاتۆلیکە ئێرلەندییەکان بکات بە پرۆتستانت و لەم ڕێگەیەشەوە ملکەچی بەریتانیای مەزنیان بکات. ئەم زانکۆیە ڕۆڵێکی گەورە لە وریاکردنەوەی ئێرلەندییەکاندا دەبینێت و بەشێکی زۆری نووسەرە گەورەکان و سیاسەتمەدارەکان، بۆ نموونە: ئۆلیڤەر گۆڵدسمیس، یوهان میلینگتۆن سینگ، ساموئیل بیکێت و ئێدمۆند بورکێ ... تاد، لەم زانکۆیەدا خوێندوویانە، هەروەها زانکۆی ترینیتی یەکێکە لە زانکۆ هەرە گرنگەکانی ئەوروپا و خاوەنی ترادیشون و پێگەیەکی زانستی و کولتووری خۆیەتی و لە هەموو جیهانەوە قوتابییان ڕووی تێدەکەن.

کە دێمە ژوورەوە، لە گۆڕەپانە گەورە بازنەییەکەیدا گوێم لە دەنگی بیکێت و قریوەی قوتابییە کچەکان و

دەنگی پێی مامۆستاکان دەبێت، هەست بە زەمەنێکی دوورودرێژی پڕ لە زانست و کولتوور و بەهای ڕۆڵی ئەم زانکۆیە دەکەم. لە هەموو لایەکەوە گەنج و پیر دێن و دەچن، لە دەرگا گەورەکانەوە دەچنە ژوورەوە و لەنێو ڕووناکی و تاریکی ڕاڕەوەکاندا بزر دەبن، یان بە کۆمەڵ لە دەرگایەکی دیکەوە دێنە دەرەوە و خەریکی کۆکردنەوەی کتێبەکانیانن.

زانکۆی ترینیتی بێجگە لە خوێندکار و مامۆستایان، خەڵکانی تریش لە هەموو دنیاوە سەردانی دەکەن. ئەمە بێجگە لەوەی، کە ئەم زانکۆیە بووەتە شوێنێکی گرنگی بیرمەندان و لێکۆڵەرەوانی فەلسەفە، ئەدەب، مێژوو و هونەر و چەندین بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنت و دەستنووسی گەورە و دانسقەی تێدایە.

**ژووره درێژه‌كه / كتێبخانه‌ی زانكۆی ترینیتی**

کتێبخانە گەورەکەی ئەم زانکۆیە بووە بە یەکێک لە دیارده و دەروازە گرنگەکان و خەڵکی بە تایبەتی سەردانی دەکەن. ئەم کتێبخانەیە یەکێکە لە بەناوبانگترین کتێبخانەکانی جیهان و گەورەترین ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئێرلەندی و هەر لەم کتێبخانەیەشدا بەشێک لە گرنگترین پەرتووک و دەستنووسە دێرینەکانی ئێرلەندە و بەشێک لە جیهان پارێزراون.

لەم کتێبخانەیەدا زیاتر لە سێ ملیۆن کتێب و دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامە و دەسنووسی گرنگ و بەنرخ کۆکراونەتەوە و پارێزراون. (زانکۆی ترینیتی)یش بایەخێکی بێ هاوتای بەم کتێبخانەیە بەخشیوە، هەر لەبەر ئەوەیشە هەشت خانووبەرەی لەسەر ڕووبەرێکی گەورە بۆ تەرخان کردووە، بەشەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک دابەشکراون. کۆنترین بەشەکانی ئەم کتێبخانەیەیش، کە تا ئێستا وەک خۆی مابێتەوە، بۆ ساڵانی ١٧١٢ دەگەڕێتەوە.

گرنگترین بەشی ئەم کتێبخانەیە خانووبەرە دێرینەکەیەتی، کە بۆ خەڵکییش کراوەتەوە و یەکێک لە ژوورە سەرەکییەکانی ئەم بەشە دێرینە کە بە ژوورە درێژەکە ناوزەد کراوە، شەست و پێنج مەتر درێژە و نزیکەی دوو سەد هەزار کتێبی تێدایە، بە تایبەتیش کتێبە زۆر کۆن و ناوازەکان لەم بەشەدا پارێزراون. یەکێک لەو دۆکیۆمێنتە گرنگانەی لەم بەشەدا پارێزراوە، مانیفێستی ڕابوونی ساڵی ١٩١٦ی ئێرلەندییەکانە دژی ئینگلیزی داگیرکەر. ئێرلەندییەکان کە لە ساڵی ١٩١٦دا بە شۆڕشێکی جەماوەری گەورە ڕووبەڕووی دەسەڵاتی ئینگلیز دەبنەوە، مانیفێستێکیش بڵاودەکەنەوە و خاڵەکانی بەرەو سەربەستی تۆمار دەکەن. لەو کاتەدا تەنیا چەند دانەیەک لەو مانیفێستە چاپ کراوە. ئێستا بێجگە لەو دانەیەی لەم بەشەی کتێبخانەکەدا پارێزراوە، هیچ دانەیەکی دیکەی نەماوە.

کارمەندانی کتێبخانەکە لە ساڵی ١٨٠٠ـەکاندا، ناچاربوون ساپیتەی ئەم ژوورە بەرزبکەنەوە تا کتێبی زیاتر بگرێت، بەم شێوەیەش کتێبەکان لە دوو نهۆمی پێکەوەبەستراودا تا ساپیتەکە بە هەر چواردەوری ئەم ژوورە درێژەدا بەرزبوونەتەوە.

کە دێمە ئەم بەشەی کتێبخانەکەوە، هەست بە ئەفسوونی کتێب، مێژووی کتێب، دەسەڵاتی کتێب، هێزی کتێب و پیرۆزیی کتێب دەکەم. لە هیچ شوێنێک لە جیهاندا، وەک ئەم ژوورە مرۆڤ ملکەچی وشە نییە، لە هیچ شوێنێک لە جیهاندا وەک ئەم ژوورە مرۆڤ هەست بە پێگەی کتێب ناکات.

لەمسەری ژوورەکەوە دەچم بۆ ئەوسەری، لەسەر یەکێک لە کورسییەکانی سوچێک دادەنیشم و چاو دەبڕمە ڕەفەی کتێبەکان، دەکەومە گفتوگۆ لەگەڵ نووسەرەکان، پەیڤێکی بێ دەنگ لە ناوەوەی خۆمدا دەمدوێنێت و نامەوێت بچمە دەرەوە. ئەم ژوورە پەرستگایەکی پیرۆزە نابێت کەس بە دەنگی بەرز قسە بکات، وێنە بگرێت، یان پرسیار لە پاسەوانەکان بکات. هەموو شتێک لە بێ دەنگییەکی ڕەهاو هەتاهەتاییدا قەتیس بووە و تەنیا وشە و کتێب باڵادەستن.

لەبەردەم ڕەفەی کتێبەکاندا، یان لە دەروازەی بەشەکان و ڕاڕەوە درێژەکەدا، چوارده پەیکەری گەورە و دێرینی فەیلەسووف و نووسەرە گەورەکانی دنیا، کە مێژووی هەندێکیان بۆ ساڵانی ١٧٣٤ دەگەڕێتەوە، دانراون. ئەم پەیکەرانە وەک کۆمەڵێک پاسەوانی ڕوحی ئەم کتێبانە وەهان، بە سیمایەکی خەندەئامێزەوە دەڕواننە هەموو ئەو کەسانەی، کە دێنە ژوورەوە و دەیانەوێت ڕێنمایی خوێنەر و میوانەکان بکەن.

بێجگە لەم پەیکەرانە، ئامێرێکی مۆسیقی"هارپا" ی دێرینیش لە ناوەڕاستی هۆڵی ئەم کتێبخانەیەدا دانراوە، وەک پێوەندییەکی هەمیشەیی نێوان وشە و مۆسیقا. ئەم

هارپایە هێمایەکی ڕوحە دێرینەکەی ئێرلەندەیە و لە پێوەندییەکی ئەبەدییدا بە ئەفسوونی کتێب و وشەی داستانە دێرینەکان و بوونی گەلی ئێرلەندەوە بەستراوەتەوە. ئەم هارپایە زۆر دێرینە و یەکێکە لەو چوار هارپایەی، کە لە ساڵەکانی ١٤٠٠ـەکاندا هێنراوەتە ئێرلەندە.

**سلایگۆ، وڵاتی یەیتس**

The Yeats Country

بەرەبەیان لەگەڵ کازیوەدا، بەو ماشێنەی بە کرێمان گرتووە، لە دبلنەوە بەرەو شاری سلایگۆ بەڕێ دەکەوین. بە چاوی خەواڵووەوە لە پەنجەرەکەی تەنیشتمەوە دەڕوانمە دەرەوە، ماشێنەکە بە خێرایی دەڕوات و دبلن لە دوای خۆمانەوە بەجێ دەهێڵین و خانووبەرە و شەقام و کۆڵانەکان، لە تەمومژە شیرییە چڕەکەدا بزر دەبن.

شاعیر و شانۆنامەنووسی ئێرلەندی "ولیەم باتڵەر یەیتس" لەم شارە لە دایک بووە و ئێستایش "سلایگۆ" و هەموو ناوچەکە بە "وڵاتی یەیتس" ئاماژەی بۆ دەکرێت، هەروەک ئەوەی ئەم شاعیرە وڵاتێکی دیکەی بە شیعرەکانی لەناو وڵاتەکەی خۆیدا دروست کردبێت. بێ گومان بەشێکی زۆری شیعرەکانی ئەو شاعیرە باسی ئەم شارە، سروشتی ئەم شارە، ئەم وڵاتە و ئەم بەشەی ئێرلەندە دەکات. شیعرەکانی یەیتس هەر زمانێکی بەرز و نەخشەی سروشتێکی جوان نییە، بەڵکو فەلسەفەیەکی ئیگزیستینتیالیزمیشە. ئەم شاعیرە لە شیعرەکانیدا ڕووبەڕووی یادەوەرییە تاڵەکانی خۆی دەبێتەوە و لە زمانەکەیدا و لە سروشتە جوانەکەی ئێرلەندەدا دەیانکات بە سەربەستی. سەربەستی لە نووسیندا، سەربەستی لە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیدا، سەربەستی لە بەرجەستەکردنی شیعرەکانیدا و سەربەستی لە تێزە بوونگەراییەکانیدا.

شتەکان لە پەنجەرەی ماشێنەکەوە زۆر بە خێرایی تێدەپەڕن. هەست دەکەم هەموو شتێک لە جووڵەیەکی بەهێزی ئەبەدیدایە: ئەو بارانەی، کە هەمیشە دەبارێت، هەوا، هەور، ڕەشەبا، درەخت، ئەو شارانەی کە پێیاندا تێدەپەڕین، گوندەکان، ئەو گۆڕستانانەی کە هەر لە دیمەنی فیلمەکان دەچن، مرۆڤ و هەموو ئەو شتانەیش کە لە مێشکمدان، بەبێ سرەوتن لە جووڵەدان.

دارودرەختی ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکە، هێندە چڕ بوونەتە تونێلێکی درێژ و مرۆڤ لە سەوزایی زیاتر هیچی دیکە نابینێت. ئێرلەندە وڵاتێکی سەوزە و هەموو شتێک و هەموو شوێنێک، تەنانەت ئاسمانیش هەر سەوزە، سەوزی کاڵ، سەوزی تۆخ، سەوزی ڕەش، سەوزی زەرد، سەوزی سەوز. ڕەنگی سەوز بووەتە هێماگەلی ئەم وڵاتە و لە زۆربەی زۆری ئەدەبەکەیشیاندا ڕەنگی داوەتەوە. ڕەنگی سەوز شیعرە، ئەو شیعرەی باران خوساندوویەتییەوە، ئەو درەختە سەوزەی کە هەمیشە دڵۆپە ئاوی لێ دەتکێت، ئەو چیا سەوزەی لە کەناری دەریاکانەوە بۆ ئاسمانێکی سەوز بەرز بوونەتەوە و ئەو پێدەشت و دەریایانەی لە ڕەنگی سەوزدا بوون بە شیعرێک، کە هەمیشە دەخوێنرێنەوە.

دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ دەگەینە ئەو خانووە دوو نهۆمییەی، کە لە گوندێکی نزیک شاری سلایگۆ بە کرێمان گرتووە. خانووەکە بە بەرزاییەکەوە، نزیک لە دارستان و چیایەکی بەرز و بەرانبەر بە دەریایەکی گەورە ڕۆنراوە، لە پەنجەرەکانییەوە تەنیا چیایەکی بەرز، هەورێکی سپی چڕ، مەڕ و ماڵاتێکی زۆر کە بە قەدپاڵی چیا و دەشتەکانەوە دەلەوەڕن، دار و درەخت و چەندین گوڵی خۆڕسکی جوان دەبینین، ئەمە بێجگە لەوەی هەموو گوندەکە لە باوەشی بێ دەنگییەکی تەواودا خەوی لێ کەوتووە.

ئاسمانی ئەم شارە، کە لە بەشێک لە شیعرەکانی (یەیتس)دا ڕەنگی داوەتەوە، بە بەردەوامی ڕەنگەکانی خۆی دەگۆڕێت؛ لە شینێکی کاڵەوە دەبێت بە شینێکی تۆخ، ڕەساسی، پرتەقاڵی، ڕەش و سپی، دەبریسکێتەوە، بەرزدەبێتەوە، نزم دەبێتەوە، قووڵ و چڕ دەبێتەوە، هەندێک جار ڕەنگە سەوزەکەی سروشت وەردەگرێت و زۆر جاریش پرچی ئایشێ و فاتمە لە نێو تیشکی بەهێزی خۆرەکەی دوای باران بارینەوە، کەرنەڤاڵێکی ڕەنگەکان دروست دەکات و ئاسمان دەڕازێنێتەوە.

سلایگۆ چەندە شارێکی تازەیە، هێندەیش لە مێژووەوە، لە زەمەنی چاخە بەردینەکانەوە و لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە نزیکە و هیچ شوێنێک لە ئێرلەندە، هێندەی سلایگۆ پاشماوەی دێرینی تێدا نییە. گۆڕی چاخە بەردینییەکان، کڵێسا و پەرستگای کۆن و تاوەرە بەرزەکان لە هەموو شوێنێکدا بەرچاو دەکەون و بە هەموو شوێنێکدا بڵاوبوونەتەوە و سیمای شارەکەیان نەک هەر ڕازاندووەتەوە، بەڵکو هاوسەنگی شارەکەیان لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا، لە نێوان مێژوو و مۆدێرنیزمدا

ڕاگرتووە. هەموو شتێک ڕابردوومان دێنێتەوە یاد، پاشماوە دێرینەکان بوونەتە پردێک لەنێوان زەمەنە مێژوویییەکان و زەمەنە بەسەرچووەکان و ئەمڕۆدا، هەروەها لەنێوان کۆن و نوێدا.

بۆ نموونە گۆڕە دێرینەکان بوون بە بەشێک لە هێماگەلە بەهێزەکانی ئەم شارە و هەموو هەرێمی سلایگۆ. ئەم گۆڕانە بە بەرد سنوورێکی بازنەییان دروست کردووە، لە ناوەڕاستدا و بە بەرزاییەکەوە چەند تاوێرە بەردێکی ئێجگار گەورە بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر بەسەر یەکەوە کەڵەکە کراون و مینیومێنتێکی ساکار، بەڵام لە هەمان کاتدا پڕ لە هێمایان خوڵقاندووە.

## لە دیدەنی دنیای مردووەکاندا

لە دەروازەی یەکێک لەم گۆڕستانانەوە دەچمە ژوورەوە، بە ڕاڕەوێکی باریکدا دەڕۆم تا دەگەمە تونێلێک، لە تونێلەکەوە دەگەمە بەشێک لە گۆڕەکان کە لە پانتاییەکی بەرینی ژێرزەمینەکەدا دنیایەکی دیکەیان بۆ مردووەکان و بۆ زەمەنێکی دیکە دروست کردووە. ئەم پانتاییەی ژێرزەمینەکە بە بەردی سپی دروست کراوە، لەو تاریکییەدا بەردەکان دەبریسکێنەوە و جێ پەنجەی ئەو کەسانەی، کە بەر لە هەزاران ساڵ ئەم گۆڕانەیان ڕۆناوە، ڕووناک کردووەتەوە.

لەو تاریکییەدا هەست بە هێزی بەرد و ڕوحی بەرد و ئامادەگی بەرد دەکەم، بەرد هێماگەلی کۆمەڵگایەکی هەزار ساڵەی بەر لە زایینە و هەموو شوێنەکە هەر لە پەرستگایەک دەچێت، لە شانۆیەک بۆ ژیاندنەوەی مردووەکان و بۆ ڕامانێکی قووڵی زیندووەکان.

لەوسەری تونێلەکەوە دەچمە دەرەوە، هەتاوەکە لە چاوم دەدات و تاریکییەک بۆ چەند ساتێک بەری چاوم دەگرێت. بە ڕێگا باریکەکەدا دێمە خوارەوە تا بگەڕێمەوە بۆ دەروازەکە و لەوێوە بچمە سەر شەقامە سەرەکییەکە. بە هەر چوار دەورمدا گرد و دۆڵە. لە هەموو لایەکیشەوە فۆرمی تاوێرە بەردەکان بەرزبوونەتەوە. گۆڕی کۆمەڵگا دێرینەکان، لە زەمەنێکی دیکە و لە شوێنێکی دیکەدا، بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە و بۆ مرۆڤی سەردەمێکی دیکە، دەبنە بەردەوامیی ژیان.

دەگەمە سەر شەقامەکە، سەرێک هەڵدەبڕم و تەماشایەکی ئاسمان دەکەم. هەوا گەواڵە هەورەکان لەبەردەمی خۆیەوە ڕاودەنێت و ناچاریان دەکات، کە فۆرمی دیکە لەخۆبگرن، بە ئاراستەی دیکەدا بڕۆن، کۆببنەوە و لە یەکدی جیاببنەوە. ئاسمان بووەتە نمایشێک، کە گۆڕەکان فۆرمی بەردەکان و جۆرە ڕیتواڵێکی خواوەندی تێدا ڕەنگ دەداتەوە.

## گەشتێک بە زێدی «یەیتس»دا

"ولیەم باتڵەر یەیتس" ١٨٦٥ - ١٩٣٩ یەکێکە لە شاعیر و شانۆنامەنووسە گەورەکانی ئێرلەندە و دنیا، هەروەها یەیتس لە ساڵی ١٩٢٣دا خەڵاتی ئەدەبیاتی نۆبڵی وەرگرتووە.

یەیتس لە ١٣ی یونی ساڵی ١٨٦٥ لەدایک بووە، باوکی پارێزەر بووە، بەڵام واز لەو پیشەیە دەهێنێت و لەبری ئەوە، ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی و هونەر و هونەری وێنەکێشان تەرخان دەکات، کە تەمەنی دوو ساڵان دەبێت، لەگەڵ خێزانەکەی دەگوێزنەوە بۆ لەندەن، بەڵام هاوینان لە سلایگۆ لە ئێرلەندە بەسەر دەبەن. یەیتس لە ساڵی ١٨٨٩دا یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بە ناوی The Wanderings of Oisin and Other Poem بڵاودەکاتەوە. میتۆلۆژیا و مێژووی ئێرلەندە لەم دیوانە شیعرەی (یەیتس)دا ڕەنگ دەداتەوە. ئەو هێما و بابەت و وێنە شیعرییانەی لەم یەکەم دیوانەیدا ڕەنگی داوەتەوە، دواتر لە هەموو شیعرەکانی دیکەیدا، لە هەموو قۆناغ و سەردەمەکاندا و لە هەموو ژیانی ئەدەبیدا، دەردەکەونەوە. یەیتس لە ساڵی ١٩١٩دا شیعری "لەدایکبوونێکی دیکە" بڵاودەکاتەوە، کە زۆربەی ڕەخنەگر و پسپۆڕە ئەدەبییەکان ئەوەیان دووپات کردووەتەوە، ئەم شیعرە جۆرە هێمایەکە، وێنەی کەوتنی شارستانییەتی ئەورووپا و کۆتایی هاتنی سەردەمی مەسیحییەکان، لە هەمان کاتدا بانگەشەی لەدایکبوونی زەمەنێکی نوێ دەکات. ئەم شیعرە بە یەکێک لە شاکارە گەورەکانی ئەدەبی مۆدێرنی ئینگلیزییش دادەنرێت. یەیتس لە دوای یەکەمین جەنگی جیهانییەوە، بەرانبەر بە پرۆسەی دیموکراسی، بە تەواوی نائومێد و ڕەشبین دەبێت، لەبەر ئەوە پڕوپاگەندە بۆ سیستەمێکی دیکە، کە زیاتر پشت بە بنەما توتالیتارییەکان دەبەستێت، بۆ ئەورووپا دەکات.

یەیتس مەسەلە غەیبییەکان و ڕازونهێنی بنەما ئایینییەکانیش جێگای سەرنجی بوون و کاتێکی زۆری ژیانیشی بەم مەسەلانەوە خەریک کردووە و لەسەری

نووسیون، لە شیعر و شانۆنامەکانیدا بەرجەستەی کردوون. یەیتس لە ساڵی ١٩٢٣دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبییات وەردەگرێت و لە ٢٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٩، لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

ئەم شاعیرە لە شیعرەکانیدا ژیاوە و شیعرەکانیشی لە سروشتی وڵاتەکەیدا. بەشێکی زۆری شیعرەکانی یەیتس، گوزارشت لە وڵاتەکەی، سلایگۆ و ئەو ناوچانە دەکەن، بە تایبەتی کە بە منداڵی لێیان ژیاوە. هەمیشە لە شیعرەکانیدا کازیوەیەک، بەرەبەیانییەک لەنێوان تاریک و رووندا، دێت و دەچێت. لەو ساتانەدا دڵە کز و ماندووەکان بە دەم زەردەی بەیانەوە پێدەکەنێت و گوێی لە گڤەی با و خواوەندە، یان لە سووچە تەنیا و بێ دەنگەکاندا دەگری.

**هەڵدەستم و بۆ زەریاچەی ئینیسفری دەچم**
**کوختێک ڕۆدەنێم لە گڵ و حەسیر**
**نۆ دێراو لۆبیا و پووره هەنگێکم دەبێ**
**تەنیای تەنیا لەو ڕووتەنەی گیزەگیزی هەنگانەدا**
**نیشتەجێ دەبم**

**دەخوازم هەندێک ئارامیم لەوێ هەبێ**
**ئارامی دڵۆپ دڵۆپ دەبارێت**
**لە تارای شەونمی بەیانەوە دێت**
**تا ئەو کاتەی سیسرک شەرمنانە ستران دەچڕێ**
**لەوێ کە هەموو شتێک لە نیوەشەودا**
**پرشنگ دەدا و نیوەڕوانی پڕ ورشەی ئەرخەوانی و**
**ئێوارانیشی پڕن لە دەنگی باڵەفرەی چۆلەکە ڕەنگینەکان**
**هەر ئێستا هەڵدەستم و دەڕۆم، چونکە شەو و ڕۆژ**
**گوێم لە هاژەی ئاوی زەریاچەکە دەبێ**
**کاتێ بە دەنگی نەرمی کەنار کلافە دەبێ**
**کە بەسەر جادە و شۆستە غەمگینەکاندا ڕێ دەکەم**
**گوێم لەو دەنگەیە، لە قووڵایی خانەکانی دڵمدا، گوێم لەو دەنگەیە.** ( ٥ )

**یەیتس**

ئێستا هەر کەسێک بیەوێت، دەتوانێت لە گەشتێکی یەکڕۆژیدا، سەردانی نۆ ناوچەی جۆراوجۆر بکات، کە یەیتس تێیاندا ژیاوە، سەردانی کردوون، ئیلهامی لێیان وەرگرتووە، یان بوونەتە بەشێک لە شیعرەکانی. ئەم گەشتە، کە بە "گەشتێک بە وڵاتی یەیتس"دا ئاماژەی بۆ دەکرێت، لە ناو جەرگەی شاری سلایگۆوە دەست پێ دەکات، لە شەقامە سەرەکییەکانەوە دەچێتە سەر کەناری دەریا، دۆڵی سەوز، ناوچەی بەردین، دارستانی چڕ، زەریاچە و ڕووباری گەورە.

بەیانی زوو لە سلایگۆ سەردانی ناوەندی یەیتس دەکەین، نانی بەیانی لەوێ دەخۆین و دوای ئەوە سەردانی ئەو ماڵە دەکەین، کە "یەیتس"ی تێدا ژیاوە و ئێستا مۆزەخانەیە، ئەم مۆزەخانەیە و هەموو شیعر و ئەدەبی ئەم شاعیرە لە ژیانی ئاسایی و کولتووری ئەم شارەدا ڕەنگیان داوەتەوە.

دوای ئەوە بەپێی ئەو نەخشەیەی پێمانە، لە سلایگۆوە دەڕۆین تا دەگەینە کەناری زەریاچەی "ڕۆسیز پۆینت" Rosses Point یەیتس و براکەی هەموو هاوینێک لەم ناوچەیە ژیاون، بە تایبەتی کاتێکی زۆریان لە کەناری ئەم زەریاچەیە بەسەر بردووە. برا بچووکەکەی یەیتس "یاک باتڵەر یەیتس" کە پێوەندییەکی گەرم و بەهێزیان پێکەوە هەبووە، وێنەکێش بووە. بەشێکی زۆری تابلۆکانی "یاک" وێنەی ئەم زەریاچەیەیە. یاک وێنەی کێشاوە و یەیتس بیری کردووەتەوە و شیعری نووسیوە.

هەورەکە لەپڕ دێتەوە یەک، ئاسمان ڕەش دادەگەڕێت، لە وێنەیەکی ئەفسووناویدا، کە هەر لە تابلۆکانی "یاک" و شیعرەکانی یەیتس دەچێت، ئاسمان و زەریاچەکە تێکەڵاو دەبن و دەبنە یەک و نمەنمە باران دادەکات.

بەرلەوەی باران بە تەواوی داکات، ڕادەکەینە نێو ماشێنەکەمانەوە و بەرەو ناوچەی "درەم کلیف" Drum Cliff دەکەوینە ڕێ. هەرچەندە هەموو ڕێگاکە بە تابلۆی تایبەتی، کە لەسەری نووسراوە "بەرەو وڵاتی یەیتس" و هێمایەکی قەڵەم و شووشەیەک مەرەکەبی لەسەرە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی هەموو کەسێک ئەم وێستگانە بدۆزێتەوە، بەڵام ئێمە بە ڕێگایەکی هەڵەدا دەڕۆین و درەنگتر لەو کاتەی، کە دەبوایە بگەیبیشتینایە، دەگەینە "درەم کلیف".

ئەم شوێنەیان گۆڕستانێکی گەورەیە، لە باوەشی پاشماوە دێرینەکانی پەرستگەیەکی چاخەکانی ناوەڕاستدا ڕۆنراوە و بووە بە شوێنێکی مێژوویی و لە هەمان کاتدا دڵگیر و جوان.

هەرچەندە یەیتس لە ساڵی ١٩٣٩ لە فەرەنسا کۆچی دوایی دەکات، بەڵام لەدوای دووەمین جەنگی جیهانی و

له ساڵی ١٩٤٨دا، لەسەر داوای خۆی، تەرمەکەی لە فەرەنساوە دەگوێزرێتەوە و لەم گۆڕستانەدا بە خاک دەسپێردرێت.

دالیا لە ماشێنەکەدا خەوی لێ کەوتووە، هەور ڕەویوەتەوە و هەتاوێکی گەرم تینی سەندووە. بە تەنیا لە ماشێنەکە دادەبەزم و لیسا بە دیار دالیاوە دەمێنێتەوە.

دەچمە گۆڕستانەکەوە، لە دیمەنی شانۆنامە، یان فیلمێکی سینەمایی دەچێت، هەندێک لە گۆڕەکان هەر زۆر دێرینن، کێلەکان بەرزن، فۆرمی جیاوازیان لەخۆ گرتووە و هەندێکیان لەنێو درەختەکاندا دیار نەماون. هەتاو لەنێو درەختەکانەوە، بە هێڵێکی ئاسۆیی، وەک هونەری ڕووناکی سەر شانۆکان، گۆڕێک لێرە و کێلێکی بەرزی لەوێ ڕووناک کردووەتەوە.

کڵێسایەکی کۆن، کە دیوارەکانی ئاماژەی چەندین سەدەیان پێوەیە، لە ناوەڕاستی گۆڕستانەکەدا قوت بووەتەوە. زەنگێکی ئاسنینی گەورە بە قوولەی کڵێساکەوەیە، کە زەنگێک لێ دەدات، هێندەی دیکە ئەتمۆسفێرێکی ئەفسووناوی و پڕ لە ڕازونیاز بەم گۆڕستانە دەبەخشێت.

گۆڕەکەی یەیتس ڕێک بەرانبەر دەرگا گەورەکەی کڵێساکەیە و هەمیشە چەپکێک گوڵی ڕازاوە و تازەی لەسەر دانراوە، لەسەر کێلەکەیشی ئەم دوو دێڕە شیعرەی خۆی، هەڵکۆڵراوە:

**بێ باک لە ژیان و لە مردن بنۆڕە**
**سوارەکان بەسەر دەچن**

دوای ئەوە بەرەو کۆشکی "لیسادێل هاوز" Lis-sadell House دەکەوینە ڕێ. خاوەنی ئەم کۆشکە دوو خوشک بوون بە ناوی " گۆ بووپ" - Gore Booth، یەیتس هاوڕێی هەردووکیان بووە، لەبەر ئەوە ئەم دوو خوشکە ژوورێکیان بۆ یەیتس لەم کۆشکەدا ئامادە کردووە، کە هەموو جارێک سەردانی کردوون، لەو ژوورەدا شەوی ڕۆژ کردووەتەوە.

ئێستا ئەم ژوورە لەم کۆشکەدا کراوەتە مۆزەخانەیەکی بچووک و هەندێک لە شتە تایبەتییەکانی یەیتس، بە تایبەتی ئەو کتێبانەی لەم ناوچانە و لەم کۆشکەدا خوێندوونییەتەوە، لەگەڵ هەندێک لە دیوانەکانی پارێزراون. هەر لێرەوە بە ماوەیەکی کەم دەگەینە "بێن بولبێن" Ben Bulben کە گردێکی گەورەیە، بە شێوەیەکی نیوە بازنەیی بەرزبووەتەوە و لەنێو ڕەنگە سەوزە جیاوازەکاندا بووەتە باخچەیەکی هەڵواسراو.

کات بەرەو عەسرێکی درەنگ دەڕوات، هێشتا بازنەی ئەم گەشتە یەیتسییەمان تەواو نەکردووە، دالیا هەندێک ماندووە و کەوتووەتە گێزەگێز و بیانوومان پێ دەگرێت، پشوویەک دەدەین و دوای ئەوە بەرەو ناوچەی "گلێنکا لۆک" Glencar Lough دەڕۆین. لەپڕ سەدان مەڕومالات دەڕژێنە سەر شەقامەکان و ڕێگاکە بە تەواوی دەگرن. مەڕەکان ڕادەکەن و باعەباعیان دێت، شوانەکەیان بە دارەکەی دەستییەوە و بە یارمەتی ئەو گورگەی لەگەڵیاندایە، هەوڵ دەدەن مەڕەکان کۆبکەنەوە و لەسەر ڕێگاکەیان لابدەن. دالیا دیمەنەکەی زۆر پێ خۆشە، من و لیسا دادەبەزین بۆ ئەوەی چەند وێنەیەکی ئەم دیمەنە کۆمیدییە بگرین، بەڵام ماشێنە ئێرلەندییەکان پەلەیانە، دەکەونە هۆڕن لێدان و بۆڵەبۆڵ، ڕیزەکەی دواشمانەوە هەر درێژتر دەبێتەوە. تووڕەبوون و هۆڕن لێدان هیچ سوودێکی نییە، کاکی شوان هەر ئاوڕیش ناداتەوە و ساتەوەختێکی باشی دەوێت تا مەڕەکان بە باعەباع لادەدەن و بە پێدەشتەکەی دەستە ڕاستی شەقامەکەوە ڕادەکەنە خوارەوە.(٦) دەگەینە شوێنەکە، کە تاڤگە و قەڵبەزەیەکی ئاوە و یەیتس لە شیعرەکانیدا، وەک خۆشەویستەکەی باسی دەکات، ئاسمان ڕەش دەبێت و باران بە تەواوی دادەکات.

بە تووڵە ڕێگایەکدا دەڕۆمە ناو دارستانەکەوە، لەوێوە بە پێپلیکانەیەکی داریندا، کە بە تایبەتی دروست کراوە، دەچمە سەرەوە و لەوێوە گوێم لە هاژەی ئاوەکە دەبێت، کە لەناو دارەکاندا، لەو بێ دەنگییەدا دەنگ دەداتەوە، بەرەو قەڵبەزەکە دەڕۆم.

قەڵبەزەکە زۆر بەرزە و ئاوەکە بە هوڕووژم دێتە خوارەوە، شاخەکەیش لەنێو دارەکان و ڕەنگی سەوزی گەڵای درەختەکاندا دیارنەماوە. بەرلەوەی دنیا تاریک دابێت، خێرا دەکەوینە ڕێ و لە وێستگەی حەوتەمەوە، دەریایەکی گەورە لەبەردەم کێڵگە و کۆشکێکی کۆنی ساڵەکانی ١٦٠٠ـەکاندا بەرزبووەتەوە. لە دوورەوە چەند کەشتییەک لە دەریا گەورەکەوە بە چەند ئاراستەیەکی جۆراوجۆردا دەڕۆن. کەشتییەکان لەو مەودا دوورەوە، لە چەقی دەریاکەوە، هەروەک ئەوە وان لەنێوان دەریا و ئاسماندا پێکەوە چنرابن، بووبن بە یەک و لە تابلۆیەکی هەتاهەتاییدا چەقیان بەستبێت.

کە بە شەقامە باریکەکەدا دێینە خوارەوە، ئاسمان ڕەنگێکی پرتەقاڵی تۆخی گرتووە، درەختەکان لە ڕەنگێکی سەوزی تۆخدا، بە هێمنی و بەبێ جووڵە بەپێوە وەستاون، دنیا لە بێ دەنگییەکی ڕەهادا لەگەڵ دالیای کچمدا باوێشک دەدات.

هەندێک مانگا و گامێش بەسەر گرد و تەپۆڵکەکانەوە ملیان بەسەر ڕێگاکاندا شۆڕکردووەتەوە، وەک ئەوەی لە چاوەڕوانی کەسێکدا بن، ئێمەیش لە هەمان کاتدا دەگەینە "ئایڵ ئۆڤ ئینیسفری" Isle of Innisfree کە دوورگەیەکی ڕۆمانتیکییە و دڵۆپ دڵۆپ شیعری پێدا دێتە خوارەوە. تا چاو بڕکات سەوزاییە، شاخێک لە دوورەوە بە پێوە وەستاوە و سەری بە ڕووی دەریایەکدا بەرزکردووەتەوە، هەندێک گرد و تەپۆڵکەی دیکە لە بەری ئەوبەرەوە، لەنێو دار و درەختێکی چڕدا بزربوون و مەڕ و ماڵات، مانگا و گوێرەکە و ئەسپ، لەسەرەخۆ بەرەو شوێنەکانی خۆیان بە ڕیز دەڕۆن. کات وەستاوە، یان شوێن لە دەرەوەی کاتدایە و وێنەیەکی ڕۆمانتیکی سەردەمێکی دێرین، بەر لە مێژوو، یان مێژوویەکی بەر لە مێژوویان دروست کردووە. ئەمە سیحری سروشتە، ئەمە شیعرە و یەیتس خواوەندی وشە و وێنە شیعرییەکانە و لە زەریا و دوورگە و دارستان و چیاکاندا، لە سروشتدا دەژی، هەر بۆیە یەیتس چەندین شیعری جوان و بەناوبانگی بۆ ئەم دورگەیە نووسیوە، کە بە دارستانە چڕەکەی "دونی ڕۆک" Dooney Rockدا دەڕۆین، دەگەینە سەر زەریاچەیەکی دیکە و لەوێوە بۆ سەر شەقامە سەرەکییەکە، بەم شێوەیەیش گەشتە بازنەییەکەمان بە دەوری وڵاتی (یەیتس)دا تەواو دەبێت و بەرەو شاری سلایگۆ، لەوێشەوە بۆ گوندەکەی خۆمان دەگەڕێینەوە.

دنیا بە تەواوی تاریک بووە، تیشکی خۆرە پرتەقاڵییەکە لە ڕەنگێکی ڕەشی تۆخدا تواوەتەوە، بەم شێوەیە ئەم ڕۆژەشمان لە تاریکی شەودا تێپەڕاند، شەویش لە تاریکیدا دەبێتە بەردێکی بێ جووڵە و دواتر بە پەڵەیەکی شینی کازیوە. گەردوون لێرە و لەم کاتەدا، بە تەواوی کشوماتە.

دالیا لەسەر جێگاکەی خەوی لێ کەوتووە، شەوەکەی کزەیەکی ساردی هەیە: ئەم شەوە لەو جۆرە شەوانەیە، کە ژیان قووڵە، درێژە، گەورەیە، شەوێک کە وەک خەونێک، یان یادەوەرییەک وایە هەر ئێستا و لەم کاتەدا، لە دەرەوە و لەبەرچاوماندا ڕوو دەدات.

## ڕۆژی دوایی

هێشتا لە شیعرەکانی "یەیتس"دا دەژیم، بۆنی باران دێت. ڕەنگی تیشکی ڕۆژ و سروشت و شیعر و دنیایەکی سەرەتایی و جیاواز تێکەڵاوبوون. دنیایەکی سپی لە دەرەوەی کات و شوێنەوە، زیاتر لە وێنەیەکی شیعریدا، لە ساتەوەختێکی ڕۆمانتیکیدا و لە زیندەخەونێکی بەرەبەیاندا دەسووڕێتەوە. لەم ئەتمۆسفیرەدا و بەدەم شیعرەکانی "یەیتس"ەوە بە توولە ڕێگایەکی باریکدا دەڕۆینە پێدەشتێکی گەورەوە. گردێکی بەرز، کە بووە بە نیمچە چیایەکی سەوز و کێڵگەیەکی بەرینی لەوەڕگای مەڕوماڵات بە ڕووماندا کراوەتەوە. ئاوێکی سازگار، بەخوڕ لەوسەری گردەکەوە دێتە خوارەوە. دەریایەکی گەورەیش لەوبەرمانەوە، ئامێزی بۆ تیشکی ڕۆژەکە کردووەتەوە. زەوی دوای بارانێکی بەردەوام، هەمیشە تەڕە و گۆمی بچووک بچووکی لە نێو دەشت و بەردەڵان و سەر ڕێگاکاندا دروست کردووە. مەڕەکان بە تاک و بە کۆمەڵ دەلەوەڕن، دالیا بە دوایاندا ڕادەکات و گەمەیان لەگەڵ دەکات، کە مەڕەکان ئاوڕێکیش دەدەنەوە، ئەوە دالیا هەڵوێستەیەک دەکات و هەنگاوێک دێتە دواوە. لەم شوێنەدا لە دەنگی باعەباعی مەڕ و گڤەی با و خوڕەی ئاو و جریوەی باڵندە زیاتر گوێمان لە هیچ شتێکی دیکە نییە.

هێدی هێدی بە چیاکەدا سەردەکەوم، هەندێک جار پێڵاوەکانم دەکەوێتە گۆمێکی بچووکەوە، بە ناو گژوگیاکاندا دەڕۆم و دالیا و لیسا، لە ساتەوەختێکی پڕ لە ژیانەوە لە دوای خۆمەوە بەجێ دەهێڵم.

**پەراوێزەکان:**

**زیندووەکانی جیهان.**

**٤- ئەم بەندیخانەیە لە ساڵی ١٧٩٦دا کراوەتەوە، بۆ ئەو کاتەیش بەندیخانەیەکی مۆدێرن بووە.**

**٥- ئەم شیعرەی "یەیتس" بە سوپاسەوە، هاوڕێی ئازیزم دلاوەر قەرەداغی لە سویدییەوە کردوویەتی بە کوردی و لەگەڵ دەقە ئینگلیزییەکەیشدا بەراوردی کردووە.**

**٦- زۆر جار لە ناو گوندەکەیشدا، بە تابلۆیەکی گەورە کە لە سەری نووسراوە "ڕاوەستە مانگاکان دەپەڕنەوە" شەقامەکان بۆ ماوەیەک دەگرن، تا کاروانی مانگاکان بە شەقامەکاندا بپەڕنەوە.**

# سێیەمین فیستیڤاڵی شانۆیی نێودەوڵەتی لە هەولێر
# دیداری بێ بەهرە لە تەنگژەی شانۆییدا

موحسین محەمەد

سێ فیستیڤاڵی شانۆیی نێودەوڵەتی لە هەولێری پایتەخت بەڕێ کرا، یەکەم و دووەم زۆر لەیەک دوور بوون، سێیەمیش لە هەردووکیان جیاوازتر بوو. ساڵی ڕابردوو هەر لەم گۆڤارە ئازیزەدا، فیستیڤاڵی دووەممان بەدیاردەی شانۆی بچووک پێناسە کرد. بەداخەوە لە خولی سێیەمدا، شانۆ لە بچووک بچووکتر و جیاوازتر لە شانۆ باڵی بەسەر خولەکەدا کێشابوو، ئەوەی مایەی خۆشحاڵی بوو، یەکەمین جار بوو دوو بەرهەمی شانۆی پیشەیی بەناوی هەولێر بەشداری بکات!. هونەری شانۆ لەهەولێر لە جیاتی ئەوەی هەوڵ بدات خۆی لەو تەنگژە و پەڕپووتییە ڕزگار بکات، بە فیستیڤاڵی شانۆیی نێودەوڵەتی بارێکی قورستر دەخاتە سەر شانۆکاران و شانۆی شارەکە. شتەکە لەدەست دەرچووە، زۆربەی ڕەخنەگرانی شانۆی هەولێر لەسەر ئەو پەڕپووتییەی کۆکن کە چەندین ساڵە دووچاری هونەری شانۆ هاتووە، دۆکیۆمێنتەکانیش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. ساڵ بە ساڵ ئەو ڕەوتە شانۆییە لە خراپ بۆ خراپتر هەنگاو دەنێ. لەناو ئەو کۆمیدیا ڕەشەدا، بەداخەوە هونەری شانۆ وەک بەشێکی کولتووری پێچەوانەی ڕەوتی سەردەمەکە مەلەدەکات.

پێشتر لە چەندین وتاردا ئاماژەمان پێ کردووە، کە دیاردەی شانۆی ئارەزوومەندانە، شانۆی لاوان، شانۆی یەک پەردەیی، مۆنۆندراما بووەتە جێگرەوەی، شانۆی ئەکادیمی هونەری و شانۆی پیشەیی هونەری، کە لە ساڵانی حەفتاوە بەگوڕوتینێکی زانستییانە، هونەری شانۆی کوردی لە قۆناغی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، جیاکردەوە. چەندین ساڵە ئەو دوو شێوازە شانۆییە، ئەکادیمی هونەری، پیشەیی هونەری ماڵئاوایی لە هونەری شارەکە کردووە. لەناو ئەو گێژاوەدا فیستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی پەیدا بوو، وەک چالاکییەک نە لەدوور نە لە نزیک هیچ جۆرە سوود و پێوەندییەکی بە شانۆی کوردی نەگەیاندووە. لە فیستیڤاڵی یەکەمدا، شانۆی یەک پەردەیی، مۆنۆدراما، شانۆی پیشەیی هونەری، شانۆی ئەکادیمی وەک تێکەڵەیەکی نەگونجاو خۆیان نمایش کرد. لە فیستیڤاڵی دووەمدا، دیاردەی شانۆی بچووک وەک ناسنامەیەکی تری فیستیڤاڵەکە خۆی بە شانۆکاران ناساند. ئەم ساڵ لە فیستیڤاڵی سێیەمدا، شانۆی سەما، جووڵانەوەی ئیقاعی، مۆنۆدراما، شانۆیی یەک پەردەیی،



پانتۆمایمی شەش خولەکی ناسنامەی فیستیڤاڵەکە بوون، بەمەش هەر سێ فیستیڤاڵ پشێوی لە ئیدارەی فیستیڤاڵ ئاشکرا دەکات، ئەو هەموو شێوازە لە هەر سێ فیستیڤاڵدا مانای نەبوونی پلانە بۆ برەودان بە فیستیڤاڵەکە، ڕەنگە فیستیڤاڵی چوارەم شتێکی تەواو جیاوازبێت، بێ گومان کەسانێک هەن ئەم جیاوازییانەیان پێ باشە، بەڵام ئەمە بۆ شانۆکاران کارەساتە، پێویستە جیاوازی لە ئاستی داهێنان و تەکنیکە نوێیەکاندا بێت، نەک جیاوازی لە شێوازی شانۆیی، ئایا ڕەوایە لە چواردە شانۆگەری، مۆنۆدراما، شانۆی سەما، پانتۆمایم، یەک پەردەیی، پیشەیی هونەری، شانۆگەری پانتۆمایمی شەش خولەکی بەسەر یەکدا کۆبکرێنەوە؟ لێرەدا دەمەوێ ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئیشەکەی محەمەد جەمیل بکەم کە سەما و پانتۆمایم بوو بەناوی خەونی نەوەیەک، ماوەکەی شەش خولەک بوو، نەک دە خولەک وەک ڕاگەیەنرابوو، محەمەد مامۆستایە لە پەیمانگە، ئەرکە لەسەری بەشێوەی ئەکادیمی کار بکات. ئەو ئیشە شانۆگەری نەبوو، لەشانۆدا بینەر بە ئاستی ئەندازەیی چاو تەماشا دەکات، لەو ئیشەدا، بینەر لە قاتی دووەمی یەکێک لە باڵاخانەکانی پەیمانگە تەماشای خوارەوەی دەکرد بۆ بینینی شانۆگەرییەکە، ئەمە لە سینەمادا پێی دەڵێن گرتەی باڵندە، لەشانۆدا دەکرێ وەک دیمەنێک لەناو شانۆگەرییەکدا بەکاربێت کە بینەر تێیدا شوێنەکەی خۆی بۆ مەبەستی دەرهێنان دەگوێزێتەوە. لەمەش سەیرتر ئەو ئیشە بینەری نەبوو، ئەوانەی هاتبوون، چەند برادەرێکی پەیمانگە، میوانەکانی میسر، تاکە بینەری من بووم، هەموومان پەنجا کەس نەدەبووین.

باشە ئەو شێوازانە چ سوودێکیان بۆ شانۆی کوردی دەبێ؟ دەکرێ دوو نموونەی تر وەربگرین: شانۆگەری (گۆڕانە بچووکەکان) نمایشێکی سەماو میوزیک ئامێز بوو، دوور بوو لە هەر گێڕانەوەیەک، یان چیرۆکێک، یان بیرۆکەیەک، تەواوی سەماکە، کورتە دیمەنی یەکەمی لێ دەربهێنین، بۆ چێژ بەخشینی داماڵراو بوو، دوور بوو لە هەر پەیامێک. ئەوان بۆخۆیان لە پرۆگرامەکەیاندا دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە، دەڵێن: گرووپی جۆهانا دیڤی (دەرهێنەری سەما) لە ئەڵمانیا سازدانی سەما بۆ هەموو وڵاتێک جێبەجێ دەکات، سەمایەکانی مۆدێرن و سەمای کلاسیکی هیندین، کەواتە سەرپەرشتیارانی فیستیڤاڵ پێشتر ئەو گرووپەیان ناسیوە، لەسەر بنەمایەک گرووپەکەیان بانگهێشت کردووە. سەمای گۆڕانە بچووکەکان، وەک خۆیان دەڵێن، وەک ئەوەی ئێمە بینیمان سەرچاوەکەی ڕیتمە، پرسیارەکەشی ئەوەیە، بۆچی ئێمە، واتە ئەوان نمایش دەکەن، بەدیدی ئەوان باس لە گۆڕانە بچووکەکانی ژیان دەکات، بە ڕاستی ئەوەی ئێمە بینیمان، چەند تابلۆیەکی سەمای ڕیتم ئامێز بە بێ گوزارشتی جەستەیی بوو. دیسان دەڵێم، بێجگە لە کورتە دیمەنی یەکەم، تەواوی نمایشەکە لە پرۆڤەو مەشقی هونەری سەما دەچوو. لە نمایشەکەدا ئاماژەی سەمای هیندی هەبوو، بەڵام بۆ ئێمە زۆر سەختە، بزانین ئەو جۆرە سەمایە لە چ سرووتێکدا بەڕوحی بینەرانی ئاشنا دەبێت. ئەوەی بینیمان سادە و داماڵراو بوو، ئەو ڕوونکردنەوەی کە لە پرۆگرامەکەدا دەڵێت: هەردوو سەمای فۆلکلۆری (باهارانتایم) ی باشووری هیند و سەمای (کاپاکی) باکووری هیندی تێکەڵ بە سەمایەکی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی کردووە، ئەمە ڕاست بوو، ئەو تێکەڵەیەی سەمای فۆلکلۆری و سەمای زۆر مۆدێرن هەبوو، لەمەدا زۆر سەرکەوتوو بوون، بەڵام کە ئاوڕ لە هونەری شانۆ دەدەینەوە، دەبینین ئەم هونەری سەمایە بەتەنیا، ئەو ڕوحیەتە شانۆییەمان پێ نابەخشێ وەک ئەوەی چاوەڕێمان دەکرد. لێرەدا ئەم پرسیارە خۆی تێ دەئاخنێ،

ئەگەر ئەم سەمایە هونەری شانۆ بێت،کەواتە هونەری سەمای هەموو میللەتان شانۆیە!.نموونەی دووەم: شانۆگەری زیاتر لەباران، بەرهەمی بیلاڕوسیا دەرهێنانی پاڤێدا ئادمەچیکاو، ئیشەکە پانتۆمایم و مۆسیقاو سەما ئاوێزانی یەک ببوون لەسەر دەقی شانۆیی (باڵندەی دەریا )ی چیخەڤ یارییان دەکرد. بەڕای من ئەگەر لە پرۆگرامەکە ئاماژە بۆ ئەو دەقەی چیخەڤ نەکرابایە، بەمنیشەوە زۆر سەخت بوو بزانین ئەو شانۆگەرییە باسی چی دەکات. هەر ئەم ساڵ دوو جار بە دوو دەرهێنانی جیاواز ئەم شانۆگەرییەمان بینی، پێشتریش نمایش کراوە. بە دیدی من شانۆی کوردی زۆر سەختە بتوانێ سوود لەم شێوازە هونەرییانە وەربگرێ، بەدووری نازانم، گەنجانی شانۆی کوردی زۆر حەزیان لە لاسایی کردنەوەیە، چەشنی لاسایی کردنەوەی ئەزموونگەری، ڕۆژێک خۆیان لە سەمای باڵندەی دەریای بیلاڕوسیا بدەن. هونەرمەند فەرهاد شەریف لە فیستیڤاڵی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی ساڵانی هەشتاکان شانۆگەری ڕۆمیۆ و جولێتی شەکسپیری بە پانتۆمایم نمایش کرد، بە بۆچوونی من ئەو ئەزموونە لە ڕووی ڕاهێنانی جەستەی ئەکتەر لەسەر ڕیتم و نواندنی بێ دەنگ سوودی زۆر زیاتر بوو بۆ ئەکتەری کورد، وەک لەم دوو بەرهەمە. سەبارەت بە شانۆگەرییە بچووکەکان، کە دووانە کارەکتەری، یان مۆنۆدرامان لەم فیستیڤاڵەدا هەمان خۆ دووبارەکردنەوەی ساڵی ڕابردوو بوون، کە خودی شانۆی هەولێر بەدەست ئەم دیاردەیەوە دەناڵێنێت، بەتەواوی شانۆی لە هەردوو ئاستی ئەکادیمی هونەری – پیشەیی هونەری دوور خستووەتەوە، بەداخەوە گەنجانی شانۆ لەبەر هەر هۆیەک بێت لەسەر ئەم شێوازە ڕاهاتوون. ئەو شانۆگەرییانەی کە لەسەر شانۆی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر نمایش کران، بێ گومان هەموویان دەچنە خانەی ئەو شێوازە هونەرییەوە، وەک: شانۆگەری یاسا دەمپارێزێ بەرهەمی وڵاتی سوێد، شانۆگەری شەپۆلی ئازادی بەرهەمی وڵاتی ئەڵمانیا، شانۆگەری مردنی هاووڵاتییەکی کەللە ڕەق بەرهەمی بەغدا. شانۆگەری بەردی سەبووری بەرهەمی هەولێر. مۆنۆدرامای ڕەشدانەوەی سپی و چەند خەونێک، بەرهەمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە نووسین و دەرهێنانی تریفە کەریمیان، کە لەسەر شانۆی گەورەی ڕۆشنبیری نمایش کرا، قەبارەی

زۆر گەورەتر بوو لە توانایی ئەکتەرەکە، دەنگ دەگەیشتە هەموو سووچێکی هۆڵەکە، بەڵام بەداخەوە نەماندەزانی چی دەڵێ. تەکنیکەکانی تریفە لە ڕووی نواندن و دەرهێنان شتێکی دیکە نەبوو کە شانۆی کوردستان پێی ئاشنا نەبێت. ئەو هەوڵی دەدا تەواوی شانۆکە پڕ بکاتەوە، تواناییەکی زۆری جەستەیی و دەنگی بەخشی، بەڵام بەداخەوە لە دواندن و خۆدواندنەکان و گەیاندندا زۆر بێ توانست بوو، ئەو کێشەی زۆری هەبوو لە پیت دەردان، دواندنەکان زۆر خێراو لەسەر یەک بوون، بۆ ئێمەی بینەران زۆر سەخت بوو بزانین ئەو خوشکە باسی چی دەکات، هەر ئەم هۆیەش بوو لە چارەگی یەکەمی نمایشەکە بینەران وردە وردە لە هۆڵەکە دەچوونە دەرەوە. جێگەی دڵخۆشییە، چوار شانۆگەری لەم فیستیڤاڵەدا ئاستی شانۆی پیشەیی هونەرییان هەبوو، ئەوانیش: شانۆگەری یەک ڕۆژ لە دە شەوی کارۆخ ئیبراهیم، شوورەی چینی ئەرسەلان دەروێش، سێ ئاستی جیهانی جیسیکا کهاوای ئۆغەندی، قۆناغەکانی تونس، بوون. بەڕای من ئەگەر لە ڕووی هونەرییەوە ڕیزیان بکەین، ئەوە شانۆگەری یەک ڕۆژ لە دە شەودا دێتە پێشەوە، دوای ئەو شانۆگەری قۆناغەکان دێت، ئینجا شوورەی چین، دواجاریش سێ ئاستی جیهانی بەرهەمی ئۆغەندی دێت. شانۆگەری یەک ڕۆژ لە دە شەودا بەچەندین ئاستی هونەری جیاواز نمایش کرا: سینۆگرافیا زۆر زاڵ بوو بەسەر تەواوی پێکهاتە هونەرییەکانی دیکەدا. دیکۆرەکان لەسەر یەک کەڵەکە کرابوون، ئاوێتەی یەکتری نەبوون، بەڵام جۆرێک لە خەون ئامێزی پێوە دیار بوو. نواندن لەسەرتاوە بە دواندنی درێژدادڕی دەستی پێ کرد، دواجار لە بیست و پێنج خولەک چیرۆک دەناسرێتەوە. کارۆخ لە هەموو دەرهێنەرەکانی قۆناغی دوای ڕاپەڕین کەمتر کێشەی گێڕانەوەی چیرۆکی هەیە، ئەو بەگشتی دەزانێ چی دەکات، بەڵام کەم شارەزایی ئەو لە بنیادی دەق و دەرهێنان کێشەی هونەری زۆری بۆ دروست کردووە. لە ڕاستیدا من بەتەواوی لەگەڵ ئەم جۆرە بابەتانەدا نیم، پێشم باش نییە ئەو جۆرە بەرهەمانە لەسەر بودجەی گشتی بن، هونەرمەند ئازادە چی دەکات، بەڵام ئازاد نییە بە بودجەی گشتی ئەو جۆرە بابەتانە بورووژێنێت، ئەم شێوازی ئیشکردنانە ڕەوایی دەداتە هەموو جۆرە بابەتێک. بەدڵنیاییەوە ئەم شانۆگەرییە لە



قۆناغی بەر لە ڕاپەڕین بەبێ سانسۆر تێدەپەڕی. شانۆگەری قۆناغەکان (مـــــــراحل) بەرهەمی تونس دەرهاویشتەی کاریگەرییەکانی بەهاری عەرەبی، گوزارشت دەکات بەسەر کۆمەڵگای عەرەبی. قۆناغەکان شانۆگەرییەکی گوتارئامێزی شیعری بوو، لە کەشێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن. سینۆگرافیا چەشنی شانۆگەرییەکەی کارۆخ ئیبراهیم زۆر بەسەر دەرهێناندا زاڵ بوو. دەرهێنەر ڕووناکی بەشێوەیەکی هونەری زۆر جوان بەکارهێنابوو، دەقەکە ئەگەر ئەو شێوازەی لە خۆنەگرتبایە، ئەوە بینەری زۆر ماندوو دەکرد و وەڕسهێنەر دەبوو، هەرچەندە بەرهەمەکە یەک پەردەیی بوو، بەڵام بەڕاستی گوزارەی لە شانۆیەکی هونەریی پیشەیی سەرکەوتوو دەکرد. ئەرسەلان دەرویش بەر لە بیست ساڵ شانۆگەری شوورەی چینی لەیەکەمین فیستیڤاڵی شانۆیی سلێمانی لە قۆناغی دوای ڕاپەڕین بەشێوەیەکی هونەری پێشان دا، دەقەکە لەلایەن برای ئەدیب و نووسەر ئازاد عەبدولواحید کرابووە کوردی، بەختیار عەلی ڕۆماننووس بۆ شانۆ ئامادەی کردبوو. ئێستا دوای ئەو ماوە درێژە، دەبینم دەرهێنەر ئاستی هونەری زۆر دابەزیوە. هەڵبژاردنی ئەو دەقە و ئامادەکردنی لەلایەن بەختیار عەلی ڕۆماننووس بە شێوەی پێشوو توانایی و زیرەکی دەرهێنەری پێشان دەدا. ئەرسەلان دەرویش لە نمایشی ئەم جارەی زۆرتر پێداگیری لەسەر دروشم و پەروەردەی سیاسیی دەکرد، بێ گومان دەرهێنەر ئەو مافەی هەیە، لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆ هونەری شانۆ باڵی ڕەشبینی بەسەر بینەردا کێشاوە، گوزارەکردن لە هەستی نیشتمانی زۆر لە شانۆ دوور کەوتووەتەوە، ئیشەکە ئەگەر جلوبەرگی لێ بهێنینە دەرەوە، کە زۆر هونەری بوو، دەرهێنان ببووە قوربانی دروشم و پەروەردەی سیاسی، من دڵنیام دەرهێنەر بە مەبەست ئەمەی کردووە. ئەگەر ناوەڕۆکی شوورەی چینی ئەرسەلان دەرویش بەراورد بکەین لەگەڵ ناوەڕۆکی شانۆگەری یەک ڕۆژ لە دە شەوی کارۆخ ئیبراهیم، ئەوە تەواو پێچەوانەی یەک و دژ بەیەک دەیانبینینەوە. ئەگەر کارۆخ ئیبراهیم جارێک ئەو مافەی هەبێ بەو شێوەیە بابەتەکەی بخاتە ڕوو، ئەوە ئەرسەلان دەرویش دە جار مافی خۆیەتی ئەو گوزارە پەروەردەییە نیشتیمانییە بەرجەستە بکات، بەڵام هەموو ئەمانەی ئەرسەلان دەرویش پێویستی بە پێکهاتەی هونەریی گەورەتر هەبوو لەوەی کە بینیمان. ئەرسەلان دەرویش ئەزموونی زیاترە لە کارۆخ ئیبراهیم، بەڵام ئیشەکەی کارۆخ ئیبراهیم هونەری تر بوو. بابەتی دایکەکەو منداڵەکەی دەکرا زۆر شتی هونەری جوانی لێ دروست بکرێت، بەبێ ئەوەی یەک دواندنیشی بخرێتە سەر، دەرهێنەر ئەو دیمەنە خەیاڵییە جوانانەی ئەو دوو کارەکتەری زۆر فەرامۆش کردبوو، تەنانەت دیمەنی کۆتاییش کە هەردووکیان ڕووبەڕووی سەرۆک دەبنەوە ئاستی هونەری زۆر نزم بوو، دەرهێنەر لەکۆڵ خۆی کردبووەوە. ئەرسەلان دەرویش لەنمایشی یەکەمی دیوارێکی مەزنی لە میزڵدانی ڕەنگاوڕەنگ هەڵ چنیبوو، کە لە کۆتاییدا دیوارەکە دەڕووخێ. لە نمایشی ئەم جارەیدا هەموو دیکۆرەکەی کۆشکی پاشابوو، تەنیا وەک باکگراوندێک بوونی هەبوو، بێجگە لە کورسی و سەکۆکان، دیکۆر بەتەواوی خنکابوو.

ڕووناکی زۆر بە خراپی بەکاردەهات، لە هەندێ شوێن ڕوخساری ئەکتەرەکان دیار نەبوو. هەڵبژاردنی هونەرمەند خەلیل یابە، تاکە ئەکتەری بە ئەزموونی هەولێر لەو فیستیڤاڵەدا، بۆ ڕۆڵی خانی لەپزێڕین زۆر گونجاو بوو، ئەو توانی شانۆکە پڕ بکاتەوە، هەرچەندە جووڵانەوەی زۆر سنووردار بوو، وەک ئەوەی بینیمان، من بۆخۆم هەستم

دەکرد خەلیل یابە جۆرە پاڵەپەستۆیەکی جووڵانەوەی لەسەر بوو، ئەگینا مەودای بنیادی کارەکتەرەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پاشا سەرۆک زۆر فراوان بوو، دەیتوانی بە شێوەیەکی جوانتر یاری بەکارەکتەرەکە بکات. خەلیل یابە وەک بۆدی کارەکتەر تەواو بۆ شانۆ خوڵقاوە، ئەو لەسەر شانۆ بزر نابێت، بەڵکو شانۆکە دادەپۆشێت، ژمارەیەکی زۆر لە ئەکتەرانی هەولێر بۆدی کارەکتەری ئەوان بۆ شانۆ نەخوڵقاوە، هەرچی بکەن لەسەر شانۆ هەر بزر دەبن، چەند بەهرەیان تەرخان بکەن، ئەو جوانکارییەی لە نواندن پێویستە، ناگاتە بینەران، لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە، هەموو ئەکتەرەکان پێویستە بۆدی کارەکتەریان وەک خەلیل یابە بێت، نا خۆ بەهەمەن حاجی وەک خەلیل یابە نییە، بەڵام بۆدی کارەکتەری ئەویش تەواو بۆ شانۆ گونجاوە، بەهەمەن زۆر زیرەکە لە بەرجەستەکردنی ئەو کارەکتەرانەی کە یاری تێدا دەکات، دەنگی بۆ نواندنی شانۆیی زۆر بە سوودە، ئەو بە کەمترین توانست، دەتوانێ باشترین گوزارە بکات.

شانۆگەری شوورەی چین لە نیوەی دووەمی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو، دەرهێنەر حەیدەر مونەعسەر لەسەر شانۆی نیشتیمانی بەغدا نمایشی کرد، بەڕاستی ئەمانەتی ئەکادیمی، ئاستی پیشەیی و هونەری ئەو بەرهەمە زۆر جیاوازتر بوو لە هەردوو دەرهێنانەکەی ئەرسەلان دەرویش، پێشتریش ئەو ئاماژەیەم داوە، بەڵام بەداخەوە دەرهێنەر سوودی لەو تێبینییەی من وەرنەگرتووە، بۆیە ئەوەی دووەم باشتر نەبوو لەوەی یەکەم، یەکەمیش بە ئاستی هونەری حەیدەر مونەعسەر نەبوو. ئۆغەندە دووەمین ساڵە بەشداری لە فیستیڤاڵ دەکات، ئەم ساڵ بۆ دووەمین نمایش جەخت لەسەر کولتووری خۆیان دەکەنەوە، بێ گومان ئەمە بۆ ئۆغەندییەکان زۆر باشە، بەڵام بۆ شانۆی کوردی، نەپار و نە ئەم ساڵ هیچیان نەخستە سەر فیستیڤاڵەکە. نمایشی پار شێوازی هونەریی باشتربوو لە نمایشی ئەم ساڵ. چیرۆکی شانۆگەرییەکە (سێ ئاست لەسەر گۆی زەوی) زۆر سادە و ساکار بوو لە ئۆپەرێتەکانی ساڵانی حەفتای کوردستان دەچوو، گۆرانی و سەماو مۆسیقا لە کولتووری ئەفریقا شتێکی دووبارە بوو، بۆ بینەری کورد وەک هونەرێکی نەتەوەیی جیاواز بە ناسنامەی ئۆغەندی، بێ گومان چێژی هەبوو. بابەتی شانۆگەرییەکە زۆر ڕووکەش بوو، دەسەڵات لە چینی سەرەوە دابڕاوە، خەڵک لە چینی خواری خوارەوە ناڕازییە، چینی ناوەند، ئەوانەی کە بیردەکەنەوە، ئەو پێوەندییە لە نێوان دوو چینەکەی تر دروست ناکەن. چینی خوارەوە یاخی دەبێ، دەیەوێ بەرووی دەسەڵات هەڵبشاخێتەوە، دەسەڵات کە بەمە دەزانێ دۆلاریان بەسەردا دەبارێنێ، چینی خوارەوە پەرتەی لێدەکات. چیرۆکێکی سادە، لەچەشنی بابەتی ئۆپەرێتەکانی ساڵانی حەفتا دەتوانێ چی ببەخشێتە شانۆی کوردی؟ ئەم جۆرە ئیشانە بۆ ئەو دیدارە هونەرییەی کە فیستیڤاڵەکەی لە پێناودا دامەزراوە، هیچ شتێک ناخاتە سەر ئەو تەنگژە شانۆییەی کە باڵی بەسەر شانۆی هەولێردا کێشاوە. ئەو ئیشە کولتوورییەی ئۆغەندە و شێوازە کولتوورییەکانی ئەورووپی لە هەردوو شانۆگەری گۆڕانە بچووکەکان و زیاتر لە باران، ئەو دیدارە هونەرییە ناپێکێ وەک لە فیستیڤاڵەکەدا بانگەشەی بۆ دەکرا. شانۆی کوردی لەکوێ و چۆن دەتوانێ سوود لە دیدارە شانۆییە جیهانییەکان وەربگرێ؟ ئەگەر لە ناوەوە سازبکرێ، یان بچێتە دەرەوە، وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە، ڕاستە دیداری شانۆیی نەتەوەکان دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بەڵام پێشی ئەم دیدارە، هەڵبژاردنی بەرهەمەکان زۆر گرنگترن لە دیدارەکە. وەک دەزانین هەر سێ فیستیڤاڵ هەڵبژاردنەکان، پلانی نەبووە، شانۆی سەماو پانتۆمایم بە ئیشەکەی محەمەد جەمیل-یشەوە ئاماژە بە جۆرێک لە میزاجیەت دەکات، نەک پلانی شێوازی نمایشەکان. ئەو شێوازە هونەرییەی ئەورروپا چەندە پێشکەوتوو بێت، سوودی بۆ شانۆی کوردی نابێت؟ هونەری ئەورروپی و بینەری ئەورووپی ئێستا لە قۆناغێکدا دەژین، جیاوازییەکی مەزن لە نێوان ئێمەو ئەواندا هەیە، بێ گومان لە ئەورووپاش جۆرە شانۆیەک هەیە، نزیکە لە شانۆی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی شانۆی کوردی، بەڵام بەتوانایی و تەکنیکێکی هونەری باشتر. دەتوانین دوو نموونە بهێنینەوە، یەکێکیان لەناو هەرێمی کوردستان، ئەوی تریان لە دیاربەکری باکووری کوردستانە، کە بەشێوازی شانۆی ئەورووپی، ئاستێکی مەزنی هونەری کوردییان پیشان داوە. شانۆگەری غوڵامی دوو خودی، واتە نۆکەری دوو ئاغا کە ئەم ساڵ لە هەولێر و سلێمانی پیشان درا وەک شێوە، شانۆی ئەورووپییە، بەڵام وەک

ئەزموون شانۆی کوردییە، ئەو ئیشە ئاستی هونەری لە ئاستی هونەری ئەورووپی کەمتر نەبوو. شانۆگەری هاملێت دەرهێنانی کامەران رەئووف بەرهەمی ئەم ساڵی سلێمانی ئیشێکی ئەکادیمی پیشەیی هونەری زۆر مەزن بوو، بە بەراورد لەگەڵ نۆکەری دوو ئاغا، پتر روحییەتی کوردی بە بەردا کراوە. بۆچی ئەم دوو شانۆگەرییە بانگهێشت نەکرابوون؟

پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەم فەرامۆش کردنە بکرێت، گومانم نییە، ئەگەر ئەم دوو بەرهەمە لە هەولێر بان، هەموو خەڵاتەکانیان دەدوورییەوە، بێجگە لەمەش ئاستی شانۆی کوردی کاریگەرییەکی مەزنی دەبوو بەسەر شانۆکارانی ئەو وڵاتانەی بەشدار بوون. بە بینینی ئەو ئیشانە میوانەکان بە چاوێکی تر تەماشای شانۆی کوردییان دەکرد. ئەمە راستییە لە هەر سێ فیستیڤاڵ بۆ بەشداری کردنی ناوەوە هیچ جۆرە پێوانەیەک نەبوو، بێجگە لە هەوەس و میزاجییەت، ئەگینا ئەو دوو شانۆگەرییە رەونەقێکی تریان دەبەخشییە فیستیڤاڵەکە. قسە زۆرە لەسەر کێماسییەکانی فیستیڤاڵ، زۆربەشیان بڵاوکراونەتەوە، نامەوێ دووبارەیان بکەمەوە. بەداخەوە هەمیشە تێبینییەکان بەبا دەچن، شتێک نییە بەناوی خەمی فیستیڤاڵ، شتێک نییە بەناوی دۆسیەی فیستیڤاڵ. ئەوەی کە روونە، ساڵەکان لە پێناو بەرژەوەندی تایبەت بەرێ دەکرێن. هونەرمەندێک دەستی لەناو خەزێنەیە، ساڵانە ئیش دەکات، هونەرمەندێکی تر چاوی لەخەزێنەیە ئیش بکات، لەو نێوەندەدا نادادپەروەری باڵی بەسەر بەرهەم هێنانی شانۆییدا کێشاوە، هونەرەکەی پەرپووت و ئیفلیج کردووە، بزربوونی هونەرمەندە شانۆییە بە ئەزموونەکانی هەولێر و بینەری شانۆیی باشترین بەڵگەی ئەو راستییەن، تەنانەت تێبینییە رۆژنامەوانییەکان، هەر دوای فیستیڤاڵ هەمووی لەبیردەکرێن. چۆن دەکرێ فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی دۆسیەی تایبەتی هەڵسەنگاندنی ساڵانەی نەبێت؟، بینەری شانۆیی بەتەواوی لە شانۆ و فیستیڤاڵی شانۆیی دابراوە. لەم فیستیڤاڵەدا شەش شانۆگەریی لە سەر شانۆی بچووکی بەڕێوەبەرایەتی شانۆ پێشان دراوە، کە هۆڵەکە کەمتر لە سەد بینەر دەگرێت. نمایشەکانی هۆڵی گەل و رۆشنبیری، هیچ رۆژێک پڕ نەدەبوون، تەنیا لە شانۆگەری شوورەی چین ژمارەی بینەران زۆرتر بوون لە ژمارەی کورسییەکان، تا کۆتایی شانۆگەرییەکەش بینەران نەچوونە دەرەوە، بەپێچەوانەوە لە هەموو شانۆگەرییەکان، هەر دوای چارەگی یەکەمی نمایش، پەیتا پەیتا بینەران هۆڵەکەیان جێ دەهێشت، زۆرترین رێژەش بەر مۆنۆدرامای (رەشدانەوەی سپی و چەند سەرنجێک) کەوت. دەتوانین قسەی هونەرمەند تریفە کەریمیان، کە نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەری مۆنۆدرامەکە بوو، لە دیمانەی تەلەڤزیۆنی رووداو بە نموونە بهێنینەوە، کە گوتی : تەماشاچیانی هەولێر قسەیان لەگەڵ شانۆ نییە.دروست ئەو قسەیەی کە هەموومان دەیکەین، تریفە خان ئەم بۆچوونەی لەوەوە هاتووە، ئەو رۆژانە هەمان ئەو دەموچاوانەی دەبینی کە دەهاتن بۆ بینینی شانۆگەرییەکان، ئەوانیش دوو بەش بوون، بەشێکیان میوانەکان بوون، بەشەکەی تر فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ و برێک لە شانۆکارانی هەولێر بوون. ئەمە بۆ هەمووومان راستییەکی تاڵە و جەخت لەسەر ئاوابوونی خۆری شانۆ دەکات. خاڵێکی تریش کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، نەبوونی لیژنەی هەڵسەنگاندنی شانۆگەرییەکان بوو لە هۆڵە شانۆییەکان، نەک سیمیناری تراژیدیا لە هوتێلەکان. داخستنی مایکەکان لەسەر رای خەڵک لەبارەی فیستیڤاڵ و شانۆگەرییەکان بە مەبەست کراوە، بەڵام کارگێرانی فیستیڤاڵ چەند ئەو مایکە دابخەن دوا جار هەر دەکرێتەوە، ئەوەی پێویستە بگوترێ، دەبێ هەموومان دڵنیابین هەر دەگوترێ. شتێکی دیکە، کە منی سەرسام کرد، ئەوە بوو، میوانی میسری زۆر بوون، بەڵام شانۆی میسریمان نەبینی!

دوا جار فیستیڤاڵی شانۆیی نێودەوڵەتی، پێویستە وەزارەت سازی بکات، منیش هەمان رای بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی رۆشنبیریم هەیە، بۆ شانۆ، یەک فیستیڤاڵ بەسە، لە هەر شارێک بکرێت گرنگ نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بەڕێوەبەرایەتییەکان خەریکی وەرزی شانۆیی خۆیان بن و هاوکاری وەزارەت بن لە بنیادنانی فیستیڤاڵێکی شانۆیی نێودەوڵەتی کە شایستەی سەردەمەکە بێت.

# زیکزیکە و عیشق و تراژیدیا

**هاشم سەڕاج**

ڕۆمانی «زیکزیکە» لە نووسینی «ئەحمەد غولامی»یە، مەریوان هەڵەبجەیی لە فارسییەوە کردوویەتی بەکوردی، لە هەمان کاتدا بابەتێکی درێژی لە بارەی ڕۆمانەکە و ژیانی دانەرەکەی نووسیوە، وێڕای ئەو دیمانەیەی کە لەگەڵی ئەنجامی داوە، هەڵبەتە هەردوو بابەتەکە، واتە نووسین و دیمانەکە لەگەڵ ڕۆمانە وەرگێڕدراوەکە بڵاوبوونەتەوە.




پێم باشە بەرلەوەی لە جیهانی ڕۆمانی زیکزیکە بدوێم، لە نووسینەکەی وەرگێڕ و دیمانەکەی دانەر هەندێک داتاو زانیاری بخەمەڕوو، دواتر لە چەمکی عیشق و تراژیدیا بدوێم، ئەحمەد غولامی ساڵی ١٩٦١ لە شاری «ساوە» لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٨٠وە سەرقاڵی کاری ڕۆژنامەوانی بووە، غولامی سەرنووسەری هەردوو ڕۆژنامەی «شرق» و «ئیعتیماد» بووە کە لەلایەن سانسۆرچییەکانەوە داخراون، پاشان غولامی دەستی کردووە بە چیرۆکنووسین و زۆربەی چیرۆکەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی پایتەختدا بڵاوکردووەتەوە. یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بەناوی «عەشیرەت» و دواتر کۆمەڵە چیرۆکی «کەسێک لە بادا دەگری» چاپ و بڵاودەکاتەوە، دواتر کتێبی «هەموو ژیان»، هەروەها کۆمەڵە چیرۆکی «جارێ ناوی نییە» لە سێیەمین خولی خەڵاتی (هۆشەنگ گوڵشیری)دا خەڵاتی باشترین چیرۆک وەردەگرێت- هەر لە ڕێگەی بەردەوامبوونییەوە، سێ کۆمەڵە چیرۆکی تر بەچاپ دەگەیەنێت بەناوی «پێڵاوەکانی شەیتان لەپێ مەکە»، «یادکردنی مرۆڤ»، «مرۆڤەکان»، ئەمەی دواییان لەلایەن بنیادی کولتووری ئەدەبی «هۆشەنگ گوڵشیری»یەوە خەڵاتی باشترین چیرۆکی ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١ی پێ دەبەخشرێت، پاشان ڕۆمانی «زیکزیکە» بڵاودەکاتەوە، وەرگێڕی کوردی لە نووسینەکەیدا دەربارەی ڕۆمانی زیکزیکە.. دەڵێت لەم ڕۆمانەدا کار لەسەر سێ هێڵی سەرەکی لە سێ زەمەنی جیاوازدا کراوە و نووسەر بەشێوازیکی تەکنیکی هەر سێ هێڵی گێڕانەوەکە تێکەڵ بەیەک

دەکـات- وەرگـێـڕی کـوردی لە نووسینەکەیدا بەم شێوەیە هێڵەکانی ڕۆمانەکە دابەش دەکات:

- هێڵی یەکەمی ڕۆمانەکە: چیرۆکی ژیانی بابەک ڕەزایی «گێڕەرەوە»یە لە قۆناغی مێردمنداڵیدا، کە بۆ ویستی باوکی دەبێتە یاریزانی تۆپی پێ، چیرۆکی ململانێی نێوان بابەک و باوکی «یەدی زاگالو».. ململانێی نەوەکان.

- هێڵی دووەمی ڕۆمانەکە: چوونی بابەکە بۆ سەربازی و ئەزموونی دوو ساڵی ژیانی لە بەرەکانی جەنگدا.

- هێڵی سێیەمی ڕۆمانەکە: بابەکی نووسەر و ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەیەکی سیاسیدا کاردەکات و لەوێ عاشقی کچێک دەبێت بەناوی «بنەوشە»، لەدوای خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆ لەگەڵ بنەوشە بەیەکەوە بۆ یەکێک لە بەشە ناوخۆییەکانی تاران دەڕۆن، بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک لەبارەی هەڵکوتانە سەر ئەو بەشە ناوخۆییە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، لەوێ خۆی و بنەوشە دەستگیر دەکرێن و ڕەوانەی بەندیخانە دەکرێن. ئەوەی ڕاستی بێ مەریوان هەڵەبجەیی لە نووسینەکەدا لە زۆربەی لایەنی ڕۆمانەکە دواوە، هەڵبژاردنی نازناوی زاگالو بۆ کەسایەتی باوکی گێڕەرەوە کە عاشقی تۆپی پێ و هاندەری یانەی «ئیستقلال»ـە لە هەڵبژاردنی نازناوی زاگالوی ڕاهێنەری «بەرازیل»ـە بۆ کارەکتەری باوکی بابەک ڕەزایی (یەدی زاگالو) کە نوێنەری ڕاستەقینەی سیستمی باوکسالاری و باڵی کۆنەپارێز و تەقلیدییەکەی ناو کۆمەڵگای خۆیەتی، مرۆڤێکی نەریتپارێز و سوننەتی لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا لەژێر کاریگەری کوڕە بەسیجەکانی مزگەوتی گەڕەکەکەیاندا دەنگ دەدات بە ئەحمەدی نەژاد تا دێ ململانێکانی نێوان بابەک و یەدی زاگالوی باوکی چڕتر دەبێتەوە، وەرگێڕی کوردی سەبارەت بەم ڕۆمانە دەڵێت: دەتوانین بڵێین زیکزیکە ڕۆمانی وێرانبوونی خەونەکان و هیواکانە و لەم جیهانەدا هەمووان خەونەکانیان ناگاتە ئاکام و هەر لە سەرەتاوە مەرگی مرۆڤەکان و مەرگی خەونەکان تێکەڵ بە یەک دەبن، هەروەها ئەحمەد غولامی لە دیمانە و گفتوگۆیەکدا لەگەڵ مەریوان هەڵەبجەیی دەڵێت: لە ڕاستیدا من دەبێت ئەوە بڵێم خود سانسۆریم نەکردووە و تاڕادەیەکی زۆر باشیش کارم لەسەریەک بەیەکی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە کردووە، بە تایبەتیش کارەکتەری لێکۆڵەر، لە شوێنێکی دیکەی گفتوگۆکەدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕۆمانەکە لەدوای چوار ساڵ مانەوە و مۆڵەت وەرنەگرتن، دواجار سانسۆرێکی زۆر کراو پاشان مۆڵەتی وەرگرت.

هەروەها ئەحمەد غولامی لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت. من بەگشتی زۆر بایەخ بە زمان دەدەم، ئەمە یەکێکە لە گەورەترین خولیاکانم، پێم وایە زمان ڕوحی نووسینە، لەڕۆمانی زیکزیکەدا هیچ ڕووداوێک لە هەنووکەدا ناڕواتە پێشەوە، بەڵکو هەموو ڕووداوەکان گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوون، بابەک ڕەزایی گێڕەرەوەی ڕۆمانی زیکزیکە بەسەرهات و چیرۆکی ژیانی بەپێی قۆناغەکان دەگێڕێتەوە، دەورانی مێردمنداڵی، سەربازی، ئەوکاتە کە خۆی وەک ڕۆژنامەوان و نووسەرێک دەدۆزێتەوە، بەڵام ڕووداو و بەسەرهاتەکان زۆرتر لە ڕێگەی پراکتیزەکردنی تەکنیکی «شەپۆلی هۆش» و دیالۆگەوە دەخرێنەڕوو، وێڕای ئەوەش دەقی زیزیکە لە بنەڕەتدا هەڵگری باکگراوندێکی جۆراوجۆری وەرزشی و هزری و مەعریفییە، لە هەمان کاتدا ئەزموونی جەنگ، مەبەستی لە جەنگی نێوان «عێراق و ئێران»ـە، پانتاییەکی زۆری لە فەزای دەقەکە داگیر کردووە، لە ڕوویەکی دیکەوە دەتوانم بڵێم دەقی زیکزیکە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی زیاتر بەشێوازێکی «سیمبول»ی خستووەتەڕوو، بە تایبەتی لە کەشوهەوای بەرەکانی جەنگدا کاتێک بابەک ڕەزایی بەشێوەیەکی سەرسوڕمێن و قووڵ لە خودی «تاریکی» دەڕوانێت و گوزارشت لە خود و بوون و دەوروبەرەکەی دەکات، دیمەنی تاریکییە چڕەکە یەکسەر جیهانی فەزاسازی ڕۆمانی «دڵی تاریکی»، یان «قووڵایی تاریکی» ڕۆماننووسی پۆلەندی بەڕەچەڵەک بەریتانی.. «جۆزێف کۆنراد»مان بیر دەخاتەوە، کە لە کیشوەری ڕەشدا، لە ستەم و نادادپەروەری دەسەڵات و نەهامەتی مرۆڤایەتی دەدوێت و بەشێوازێکی سیمبۆلی بابەت و ڕووداوەکان دەخاتە ڕوو و ڕاڤە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی هێماو

دەلالەتەکان بۆ خوێنەری وەرگر جێ دەهێـڵـێت، چونکە ڕۆمـانێکی هێماییی لێوانلێوە لە سەرکێشی و پارادۆکس و بەدواداچوون و گەشتی تاکەکەسی و هاوڕێی سیمبولی و گەڕان بەدوای خوددا.. لە هەمان کاتدا ڕۆمانەکەی جۆزێف کۆنراد بەهۆی پراکتیزەکردنی تەکنیککگەلێکی جۆراوجۆرەوە هێڵی ڕووداوەکان لە یەکتر گرێ دەدات، مەبەستم ئەوەیە ڕۆمانی زیکزیکە، لە ڕووی هێماییی تێمەو فەزاسازی و لێکگرێدانی هێڵی زەمەنەکانەوە بڕێک جار دەقی «دڵی تاریکی»مان بیردەخاتەوە، بەڵام تێکستی زیزیکە لە بنەڕەتدا بە تەکنیکی شەپۆلی هۆش نووسراوە، وێڕای بایەخدان بە دیالۆگی خێراو چێژبەخش و سەرسوڕمێن، بەتایبەتی دیالۆگی نێوان یەدی زاگالوی باوک و بابەک ڕەزایی کوڕ و مونیرەی ساداتی دایک، بەڵام بابەکی پاڵەوان و گێڕەرەوە زۆرتر لە ڕێگەی شەپۆلی هۆشەوە زنجیرەی بیر و بیرکردنەوەکانی و دیالۆگی ناوەکی و خۆ دواندن و یادەوەرییەیەک لەدوای یەکەکانی هەڵدەڕێژێت و هەمیشە بابەت و ڕووداوەکان لە ڕێگەی کردەی گێڕانەوە و هەڵڕشتنی یادەوەرییەکانەوە دەگۆڕێن و ڕووداوی تر و بابەتی تر دەردەکەون، دواتر هێڵی ڕووداو و گێڕانەوەکان بەپێی کات و شوێن و تێپەڕبوونی قۆناغەکان، بەتایبەتی قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی ژیانی بابەک بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لێکدی گرێ دەدرێن، بۆیە هەست دەکەین لە ڕۆمانی زیکزیکەدا کردەی نووسین هەڵگری جۆرێک لە هارمۆنییەتە و زۆرتر لە سەمفۆنیایەکی سپی دەکات، ڕاستە تێکست وەک لایەنە دیارەکەی کۆمەڵێک تێمەی خودی و کۆمەڵایەتی ورووژاندووە، وەک ستەم و نادادپەروەری حوکمڕانی، ململانێی نەوەکان، مەرگەساتی جەنگ، مەینەتی عیشق و چرکە خۆشەکانی دەورانی منداڵی کە زۆرتر پەیوەستە بە ڕاوە زیکزیکە و بەو زیکزیکانەوە کە لە درک و داڵەکانەوە دێن، زیکزیکە هەمیشە لە میان گەڵای سەوز و درک و داڵەکانەوە گۆرانی دەڵێت، گۆرانییەکی شین بۆ دەورانی منداڵی و مێردمنداڵی.

بابەک ڕەزایی بەردەوام شەیدای گەڕانەوەیە بۆ دەورانی منداڵی و زیکزیکە گرتن و گوێ هەڵخستن بۆ زیکزیکە و گۆرانی زیکزیکەکان، بەڵام لایەنە نادیار و نەگوتراوەکانی ڕۆمانەکە لەبنەڕەتدا کارکردنە لەسەر چەمکی تراژیدیا، تراژیدیایەکی شاراوە و نادیار کە پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوە، بۆیە دەسپێکی ڕۆمانەکە بەدەستەواژەیەک دەست پێ دەکات، هەم بۆنی فەلسەفەی شۆپنهاوەری لێ دێت، هەم فەلسەفەی ئەپیکۆر.. [کۆتایی هەر شتێک واتە مەرگ و مەرگیش شتێکە تا کەسێک ئەزموونی نەکات تێی ناگات و کاتێکیش کە ئەزموونی کرد، ئیدی ئەزموونکردنی بۆ خۆی و کەسانی تریش سوودی نییە]. لای شۆپنهاوەر بوون بۆ خۆی هەمیشە هەڵگری نەهامەتییەکی شاراوەی ئەبەدییە و لای هایدگەر بوون لە بنەڕەتدا بێ بنەماو بنەڕەتە، لە ڕوانگەی بوونگەرایی هایدگەرەوە تەنیا مەرگ دەتوانێت کەلێنوکەلەبەر و بێ بنەڕەتی بوون پڕ بکاتەوە و واتایەکی پێ ببەخشێت، بەڵام لای ئەپیکۆر ترسی مەرگ بوونی نییە، چونکە کاتێک مەرگ دێت ترس و ئێشوئازار بوونی نامێنێت، لای بابەک ڕەزایی مەرگ کۆتایی بە هەموو شتەکان دێنێت، کەواتە دوایین تێگەیشتن لە ئەزموونی مەرگ لە کردەی نەبووندا دەردەکەوێت، [تۆپێک بەر سەری «باوکم» کەوت، سەری بەر دیوارەکە کەوت و کەوتە سەر زەوی و مرد...]

لێرەدا واژەی «تۆپ» مامەڵەیەکی سمبولییانەی لەگەڵدا کراوە، مەبەست هەم تۆپی گۆڕەپانی جەنگە، هەم تۆپی گۆڕەپانی وەرزش، چونکە «یەدی زاگالو»ی باوکی بابەک ڕەزایی هەمیشە هەوڵ دەدات حەز و ویست و ئارەزووەکانی خۆی لە ڕێگەی بابەکی کوڕییەوە جێبەجێ بکات، دەکرێت بڵێین ئەحمەد غولامی ناوی «یەدی زاگالو»ی کارەکتەری ئەم ڕۆمانەی لەناوی «ماریۆ زاگالو ١٩٣١»ی ڕاهێنەر و یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی تۆپی پێی بەرازیلی خواستووە، چونکە ماریۆ زاگالو «ڕۆناڵدۆ»ی لەجێی کوڕی خۆی دادەنا، کاتێ دەیانگوت ڕوناڵدۆ گەڕایەوە بۆ یاری تۆپی پێ، لەخۆشیان ڕادەچڵەکێ.. کەواتە خەونی گەورەی یەدی زاگالو ئەوەیە بابەک ڕەزایی کوڕی لە بواری دووگۆڵیدا بگاتە ئاستی ڕۆناڵدۆ، بەڵام بابەک حەزی لە تۆپێن نییە ئەوە ویستی باوکێتی ئەو حەز و ئارەزووەی بەسەردا سەپاندووە،

بابەک حەز دەکات گوێ لە زیکزیک و گــۆرانی زیکزیکەکــان بگرێت [خەونی باوکم ئەوەبوو کە من ببمە یاریزانێکی گەورەی تۆپی پێ، بەڵام منی داماو، بێزار بووم لە یاری تۆپی پێ..] لە ڕوویـەکی دیـکەوە دەقـی زیکزیکە بەشـێـوەیەکی نەگـوتراو بابەتێک دەدرکـێنێت کـە پێی وایە، بوون بریتـییـە لە یاری، یاری تۆپی پێ، یاری هەڵبــژاردنی ســەرۆک کـۆمـار، کـە باوکی بابەک دەنـگ بە مـەحـمـوود ئەحـمـەدی نەژاد دەدات، یاری عـــیـــشق و شـــەیدابوون بە بنەوشــە، یاری زیکزیکە گــرتن و پاکی و بێ گەردی دەورانی منداڵی، یاری ستەمکارانەی جەنگ کە خەون و خـولیـاکـان ویران دەکـات، بەڵام باوکم [بێــجگە لە تۆپی پێ هیچ شتێکی تر بۆ ئەو بایەخی نەبووە].

هـەروەهـا دەقـی زیـکـزیـکـە لـە هەندێک شـوێندا کــاری لەســەر ڕەگـــەزی «تەنز» کـــردووە، وەک لێـدانی پەناڵتی لەلایەن مـەحـمـوود ئەحـمـەدی نەژادەوە بۆ ئیـبـراهیم مـیـرزاپووری گـۆڵچی هەڵبـژاردەی تۆپی پێی ئێـران، ئەگـەر هاشـمی ڕەفسنجانی بڕۆیشتایە یاریگەو دوو پەناڵتی لێ بدایە، کاریگەری لەسەر دەنگدانەکــەی ئەو دەبوو، یان نا!! هاوکـات لە ڕێگەی هەمـان ڕەگـەزی تەنزەوە جـــارە لە سندووقی هەڵبــژاردن و دەنگدان و چەمکی دیموکراسی و جەماعـەتی حزبوڵڵای لایەنگری ئەحمەدی نەژاد دەدوێت و بابەتەکــان تێکەڵ بە دنیــای یاری تۆپی پێ دەکـرێن، چونکە ڕۆمـانی زیکزیکە کـاری لەسـەر کـولتـوور و پاشــخــانێکی وەرزشی کـــردووە، بەتایبـەتی یاری تۆپی پێ، تێـیـدا ئامــاژە بە چەندین یاریزانی دێرینی ئێـرانی دەکـرێت وێڕای ئەوەی ناوی چەندین یانەی بەناوبانگی وەرزشی دەبرێت کــــە زۆربـەیـان لە تـاران دامەزراون وەک یانەی «ئیستقلال»، «ســایپــا»، «ڕاناهن»، «نیــرۆی زەمینی».. بەدی زاگالو شێتی تۆپی پێ بوو، هەندێک جار بابەکی لەگەڵ خـۆی دەبردە یاریگە، سـەیری یاری تۆپی پێی دەکرد، لە شوێنی خۆیەوە هاواری دەکــــرد [وڵاغ پاس بدە.. شووت لێسەندن مەکە، کوڕی کەری توخـــمــە ســەگ] بابەک ڕەزایی گێـڕەرەوە کـاتێک ئەم یادەوەرییـانە هەڵـدەڕێـژێـت هـەم حــــــەز و ئارەزووەکانی زاگالوی باوکی دەخاتە ڕوو هەم گــوزارە لە ڕۆیشـــتنی زەمـەنێک دەکـات کـە لێـواو لێـوە لە چێـژ و حـەسـرەت و مـەینەت، بەڵام دەق بەشـێــوازێکی ڕێکوپێک و هارمۆنی درێژە بەگێـڕانەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەدات، بە تایبەتی کـاتێک بابەک ڕەزایی لە بەرەکـانی شـەڕ و مـەینەتیـیـەکـانی جـەنگ دەدوێت، تەکنیکی شەپۆلی هۆش بە تەواوەتی پانتـایی نووسین داگـیـر دەکات، ڕووداوەکان چەشنی پڕشنگ دەخرێنە ڕوو، فـەرمـاندەی گـروهان، سـەنگەری دەبابەی نەفـەرهەڵگری PMP، ڕەوش و خــەســڵــەتی سـەربازەکـان، حـەمـیـد باڵابەرز و مــەســعــوودی قــەڵەو، چالاکی سـەربازی، سـەنگەر و خـەندەقی جـیــاواز، سـاترەکـان، سـەربازی عیراقی، گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکان، [دەمـەو نیـوەڕۆ بوو ڕۆیشـتین بۆ جگەرخانەو دەشیش جگەری ڕەشمان داواکرد و خواردمان] بابەک ڕەزایی گـــێــــڕەرەوە هەتا دێت ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە و هەڵبەتە گێـڕانەوە جۆراوجۆرەکان لە ڕێگەی شەپۆلی هۆشەوە دادەڕژێن و زنجیرەی بیرو بیرکردنەوە و گفتوگۆی ناوەکی و هەندێک جار خۆدواندن و گرژی و پەشـێـوی و شـڵـەژاوی هزری لای بابەک تێکەڵ بەهەمـــان کــــردەی شـــــەپۆلی هۆش دەکـــــرێت و ڕووداوەکـــانی بەرەکـــانی شـــەڕ و چرکەکانی بەر لەهاتنی بۆ سەربازی و یاری تۆپێن و هاوار و هاندانەکـانی بەدی زاگـالوی باوی گـشـتـیـــان مانەندی شەپۆلێکی هزری و ئاگایی لە پانتـایی زەینییەوە هەڵدەقوڵێن زۆر جــاریش دیمەنی ڕووداوەکـــان چەشنی فـلاشـبـاک دەخـرێنەڕوو، فـیـکەی دادوەر «ناوبژیوان»ی تۆپی پێ و دەنـگ و زرمـــــــەی تـۆپ و خـــومـــپـــارەکـــان لە کـــەللەیدا دەزرنگێنەوە، بابەک حەز دەکات واز لە یاری تۆپی پێ بێنێت، زۆرتر چێژ لە زیکزیکەگــرتن دەبینێت، بەڵام دەســەڵاتی باوک لێناگـەڕێت، دەق بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە کێشەی نـەوەکـــــان دەدوێت، چـونکە هـەر ســـەردەمــێـک و نەوەیەک ڕیتــمی تایبـەت بەخـۆی هەیە، هەتا زمـان و کـــــولتــــووری وەرزیشـــــــیش لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگــۆڕێت، ژیان هەمــیـــشـــە لە گۆڕاندایە، ئەوکاتانەی باوکەکان حەز و ویست و ئارەزووی خـۆیان بەسـەر حـەزوو ئارەزووی منداڵەکـانیـاندا دەسەپێنن، خەون و خولیا و جوانی بیـرکـردنەوەکـانیـان ویران دەکـەن، بابەک لە سـەرەتاوە حـەز دەکـات بە

ئازادی بژیت، ئەو لەبەرەکانی شەڕدا ئەوەندەی لە دیلبوون دەترسێت نیوئەوەندە لە مەرگ ناترسێت، لێرەدا ڕەنگە بەشێک لە مەینەتی و نەهامەتییەکانی بابەک ڕەزایی بۆ زەبروزەنگی دەسەڵاتی یەدی زاگالوی باوکی بگەڕێتەوە.. [باوکم لە قەراغی یاریگاکەوە ڕای کردو هاتە ڕا سەرم و بەلەقە دای لە کەمەرم و وتی: وڵاغ کەی کاتی خەوە] یەدی زاگالو مامەڵەی لەگەڵ مونیرە ساداتی هاوسەریشی خراپە، ئەوەتا مونیرەی سادات بەبابەکی کوڕی دەڵێت: [بابەک، دەزانیت باوکت قسەی من بە پولێک ناکڕێت].. بابەک دەڵێت: دایکم کاتێک کە تووڕە دەبوو، عەباکەی دەکردە سەری و دەیوت «دەگەڕێمەوە بۆ شارەکەی خۆمان، لەوێ لەبەر باوکم ڕێزم دەگرن».

باوکی مونیرەی سادات یەکێک بوو لە کەسە ناسراوەکانی «ئەردەبیل» دەقی زیکزیکە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی پەرشوبڵاو لە ڕێگەی تەکنیکی شەپۆلی هۆش دەردەبڕێت، بابەک دوای گێران و زیندانی کردنی بە چاوبەستەیی دەنگی لێکۆڵەرەکە دەناسێتەوە، دەزانێت یەکێکە لەو سەربازانەی لە بەرەکانی جەنگ بەیەکەوە بوونە.

- «چیت دەکرد لە کوی دانشگادا؟»

- ڕۆیشتبووم سەر لە هاوڕێکەم بدەم» هەڵبەتە لێکۆڵەرەکە زانیاری تەواوی لەسەر بابەک هەیە.. وەک لە دیمانەکە دەردەکەوێت.. بەشێک لەو بابەتانەی پێوەندی بە لێکۆڵەر و لێکۆڵینەوەوە هەیە تاڕادەیەک سانسۆر کراوە-

«ئەی لەوێ چیت دەکرد؟!»

«ڕۆیشتبووم سەر لە هاوڕێکەم بدەم».

«بەو شەوە؟»

«ئەو کچەی لەگەڵتا بوو، کێ بوو؟».

«هاوکارم بوو»... بابەک لەدوا ڕستەی لێکۆڵەرەوە، کاتێک دەڵێت: «دەکێشم بەناو دەمتدا» دەگات بەو بڕوایە کە ئەمە دەنگی «مەسعوود»ە، مەسعوود ئەو سەربازە قەڵەوە بوو، کە لە بەرەکانی شەڕ بە یەکەوە بوون و لەوێ لە پەنا ساترەکە لە ترس و مەرگ دەدوان، مەسعوود زۆر لە مردن دەترسا، بەڵام بابەک زۆرتر لە «دیل» بوون.. مەسعوود لە بیابانی باشووردا دەستەکانی بەرزکردەوە و دیل کراو بەزیندوویی مایەوە، بەڵام «من تەنیا ڕام دەکرد، گوللە لە دوامەوە دەباری، بەڵام هەر ڕام دەکرد. کراسەکەم لە ئارەقدا تەڕ ببوو، من ڕام دەکرد، هێندە خێرا کە دڵم خەریک بوو دەتەقی.. دەترسام لە دیلبوون] ترس خاڵی هاوبەش بوو، یەکێک لەمەرگ دەترسێت، ئەوەی تر لە دیلبوون.

دەق هەتا دێت ڕووداوە جۆراوجۆرەکان بەشێوازێکی سیمبولی دەدرکێنێت، هەندێک جار ڕووداوەکان بەشێوەیەک بەیەکدا دەچن، وەرگر دووچاری جۆرێک لە ڕاڤە و لێکدانەوە دەکەن، بابەک ڕەزایی کارەکتەر و گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە بۆ خۆی لە بنەڕەتدا مرۆڤێکی ڕاڕاو نیگەرانە، لە هەمان کاتدا عاشقی بنەوشەیە، ئەو دەمەی بەیەکەوە سەردانی دانشگا دەکەن بۆ ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان، بنەوشە لە خزم و کەس و دەوروبەر و براکەی دەترسێت، نەوەک لەگەڵ بابەک بەیەکەوە بیانبینن، بەڵام بابەک بە پێچەوانەوە لەگەڵ بنەوشەدا هەست بە ئارامی و خۆشی دەکات. بابەک زۆرجار لەگەڵ چرکە نۆستالیژیاکان دەژیت، یادەوەرییە دوور دوورەکان بەشێوەی فلاشباک و چەشنی دیمەنێکی سینەمایی دێنە بەرچاوی، یاری تۆپێن و هاوار و هاندانەکانی باوکی، زیزبوونی دایکی کە عەباکەی دەکردە سەر، توندوتیژی ڕەفتاری لێکۆڵەرەوە، فیکەی داوەری تۆپی پێ و زرمەی تۆپ و خومپارەکانی گۆڕەپانی جەنگ و زیکزیکی زیکزیکەکان، لە هەمان کاتدا بنەوشە کچێکی هۆشمەندی ڕۆشنبیرە و لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کار دەکات، چرکە خۆ لەبیرکردن و ونبوونەکانی وەک حاڵەتێکی خودگەرایی پەیوەستە بە ڕەوشی نیگەرانی و چۆنیەتی ڕوانینی بۆ عیشق و ژیان، زۆرجار بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە، چێژ لە بڕینی دەماری دەستی وەردەگرێت.

وا هەست دەکات بە خوێن بەربوون لە دەماری دەستی کێشی سووک دەبێت، تێکستی زیکزیکە زۆربەی ڕووداوەکان بە ڕێگەی شەپۆلی هۆش دەخاتە ڕوو، هەمیشە پارادۆکسێک لەنێوان گۆڕەپانی یاری تۆپی پێ و گۆڕەپانی جەنگدا ئامادەیە، بەڵام بابەک ڕەزایی لە دوایین چرکەکانی تاکەکەسیدا کۆمەڵێک بیرۆکەی سەیر و سەمەرە داگیری دەکەن، بڕیار دەدات تیکە تیکە لەشی خۆی بخوات، پێی وایە «ڤانکوخ» گوێی

لێکردەوە بۆ ئەوەی بیخوات، بەڵام بنەوشە بە پێچەوانەی بابەک بیری دەکردەوە، بنەوشە دەیگوت ڤانکوخ لەپێناو عیشقدا ئەم کارەی کردووە، ئەوە ئاگری عیشقە ڕووەو شێتی ڕایدەماڵێت و گوێیەکی خۆی دەبڕێت و پێشکەشی بە «ڕاشێن»ی سۆزانی دەکات، لە ڕوویەکی دیکەوە بابەک پێی وایە ئەو کەسەی بیری لە دروستکردنی زیندانی تاکەکەسی کردووەتەوە، خاوەن بیرکردنەوەیەکی سەیر بووە، چونکە مرۆڤ لە زیندانی تاکەکەسیدا بیر لە خۆی و تەنیایی و خۆکوشتن دەکاتەوە و بابەک زۆرجار لە ڕێگەی خۆدواندنەوە ڕستە و دەستەواژەی مەیلەو فەلسەفی دەرسکێنێت، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و نەگوتراو بڕوای وایە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی دڕندەی گۆشتخۆرە و لە کۆتاییدا ئامادەیە پارچە پارچەی جەستەی خۆی بخوات، ئەمەش لە هەمان حاڵەتەوە نزیکە کاتێک مرۆڤ خەم و پەژارە دایدەگرێت و دەکەوێتە نێو خەیاڵ و بیرکردنەوە هێدی هێدی لە ناوەوەڕا خۆی دەخوات، بە تایبەتی ئەوکاتەی لە زیندانی تاکەکەسیدایە و لەگەڵ تەنیاییەکی ڕەهادا دەژیت، مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیر و بێ ئەمەکە، ئەوەتا بنەوشە لە پڕێکدا دەمی دەکاتەوە و بە بابەک دەڵێت [کوڕی یەدی زاگالو لەمە باشتری لێ دەرناچێت]، ڕۆمانی زیکزیکە چەندین کارەکتەری سەیر و سەمەرەی خوڵقاندووە، بۆ نموونە یەدی زاگالو سەرەڕای ئەوەی هاندەری یانەی «ئیستقلال» بوو. خاوەن دوو ئۆتۆمبێلیش بوو، کە هەردووکیان بەدەست شوفێرەوە بوو، زۆرجاریش خۆی تەکسی لێ دەخوڕی، نازناوی دووەمی باوکم یەدی تەکسی بوو، یەدی زاگالو هەموو خۆشییەکانی دنیای لە یاری تۆپی پێ و گۆڵکردندا دەدۆزییەوە و پێشی وابوو ئەوانەی کتێب دەخوێننەوە دواجار شێت دەبن، ئیتر ڕۆمانی زیکزیکە هەتا دێت ڕووەو سمبولییەت دەڕوات، بە تایبەتی دوای ئەوەی بابەک ڕەزایی کە لە بەرەی جەنگ و لە نزیک ساترەکە خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانی «تاوان و سزا»یە، یان ڕاستتر لە سەنگەری پاسەوانییەکەیدا هێندە بە قووڵی نوقمی دنیای ڕۆمانی «تاوان و سزا»ی دەیستۆیڤسکی بووە ئاگای لەوە نییە فەرماندەکەیان لە ڕاسەری وەستاوە، ملازم پێی دەڵێ بابەک ئەم وەرگێڕانە خراپە، سبەی دەتنێرم وەرگێڕانێکی دیکەی «تاوان و سزا» و چەند کتێبێکی تریش بکڕە، لێرەدا دەکرێ بڵێم کردەی نووسین یارییەکی جیاوازی هێمایین و سیمبولی ئەنجام دەدات، بابەک ڕەزایی ڕاستە لە ڕێگەی خوێندنەوەی «تاوان و سزا»وە بە کەسایەتی ڕاسکۆلنکۆف کاریگەر دەبێت، بەڵام لە ڕووی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و دنیابینییەوە زۆرتر بە کەسایەتی «ئیڤان»ی ڕۆمانی «برایانی کارامازۆف» . کاریگەرە، چونکە هێدی هێدی لە ڕێگەی هێزی بیرکردنەوەوە نیشانە و دروشمەکانی شێواوی ئیڤانی تێدا بەدی دەکرێت و چاوەکانی ئاراستەی دڵ و قووڵایی تاریکی دەکات، ئەم حاڵەتە خۆی لە خۆیدا ئاماژەیە بۆ ڕۆمانە سیمبولییەکەی «جوزێف کۆنراد» کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردووە، بابەک لەقووڵایی تاریکی دەڕوانێت و وا هەست دەکات لەوێ لەنێو تۆپەڵە تاریکییەکەدا چاوی بە بنەوشە دەکەوێت لە تەک یەکێکدایە و بە چەکەکەی دەستی دەسڕێژیان لێ دەکات، بابەک چاوی دەبڕێتە خودی تاریکییەوە، تاریکی وەک بوونێک واتایەکی هێمایین وەردەگرێت، بابەک ڕەزایی کارەکتەر و گێڕەرەوەی ڕۆمانی زیکزیکە لەسەرەتاوە مرۆڤێکی ڕاڕاو نیگەرانە و لە هەمان کاتدا عاشقی بنەوشەیە [باوەڕم نەدەکرد باوک و دایکی وتبوویان بنەوشە ڕۆیشتووە بۆ دەرەوەی وڵات، بنەوشە لە تاریکییەکەدا دەڕۆیشت بە ڕێگادا، خێرا و بە پەلە، وەک ئەوەی لە شتێک ترسا بێت، ڕامکرد بەدوایدا، هاوارم کرد «بنەوشە» ئەم هاوارکردنە لەناکاوە یەکراست دەقی «وێرانە خاک»ی ت.س. ئیلیەت»مان بیر دەخاتەوە کۆپلەکە بە هەمان ڕیتمی شیعری وێرانە خاک داڕێژراوە، هەر لەم بەشەی کۆتاییەدا دەق جۆرێک لە دیالۆگی خێراو بە پەلەی «فۆکنەر»ی بەکاردێنێت، بە تایبەتی ئەو دیالۆگە خێراو بە چێژەی لەنێوان (ئیسماعیل و بابەک)دا ڕوودەدات، زۆرتر بە ڕستەی کورت کورتی چێژبەخش ئەنجام دەدرێت.

وتم «تۆ تا ئێستا کتێبت خوێندووەتەوە»؟

وتی «من گەورەترین کتێبی دنیام خوێندووەتەوە».

وتم «ناوی چی بوو»؟


وتی «بەها! ناوی نازانی؟ چۆن


هێشتوویانە بێت بۆ مەیدانی شەڕ کوڕە؟ قورئان ناناسیت؟»
وتم «قورئان زۆر باشە».
وتی «تو گیانی من قورئانیشت خوێندووەتەوە کوڕە؟»
وتم «هەی بابە، منت بە کەم زانیوە بابە»
وتی «ئەی بۆ نوێژ ناکەی کوڕە؟»
وتم «من هەمیشە بیر لەخودا دەکەمەوە، بۆچی نوێژ بکەم»، بەڵام بابەک ڕەزایی تا دێت سیماکانی شێواوی لێ دەردەکەوێت، ئەو لەبەرەی جەنگدا خەریکە فیشەک بە خودی تاریکییەوە دەنێت، زۆر هەوڵم دا بنەوشە و شوفێرەکە ببینم، نەمتوانی، تەنیا تاریکی دیار بوو، تاریکیم گوللەباران کرد، مەخزەنەکانم تەواو بوون..].
لە ڕوویەکی دیکەوە تێکستی زیکزیکە بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوی ئیبراهیم و ئیسماعیل و چەمکی قوربانی و چەقۆکە کردووە، گومانکردنی ئیبراهیم لە ئیسماعیلی برای و ڕێحانی ژنی، وا دەکات ڕێحان لە خەفەتان سەربنێتەوە.
ئیتر دەتوانم بڵێم، دەق لە بنیادی قووڵدا هەڵگری تراژیدیایەکی قووڵ و شاراوەیە، تراژیدیایەک بەشێوەیەکی شاراوە لە جەوهەری بووندا نیشتەجێیە، زۆرتر لەو مەینەت و نەهامەتییە ئەبەدییە دەکات کە شۆپنهاوەر ئاماژەی بۆ دەدات، بۆیە زۆربەی کارەکتەرەکانی دەقی زیکزیکە، لە کۆتاییدا چارەنووسیان چەشنی چارەنووسی کارەکتەرەکانی دەیستۆیڤسکی ڕوو لە شکست و مەینەت و نەهامەتی و وڕێنە و شێتی و مەرگ دەکەن. یەدی زاگالو و ئەو فەرماندەیەی کە یارمەتی بابەک دەدات و لە مەرگ دووری دەخاتەوە، سەردەنێنەوە، بنەوشە ڕوو لە دەرەوەی وڵات دەکات، ئیسماعیل لە داخان گوندەکەیان جێ دێڵێت، بابەک ڕەزایی خەریکە پێڵاوەکانی وەرزش فڕێ دەدات و لە شەقامەکانی تاراندا بەسەرگەردانی دەخولێتەوە، بەڵام جارەگەنمە زەرد و زێڕینەکان لەگەڵ هەڵکردنی بادا شەپۆل دەدەن، ڕەنگە جارەگەنمە زەردەکە، کە لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئاماژە بێت بۆ تابلۆیەکی «ڤانکوخ»، بەڵام ژیان هەمیشە لەبەردەوامبوونی خۆی ناکەوێت، لە کێڵگە و جارەگەنم و شیناییەکاندا زیکزیکەکان دەزیکێن و گۆرانی دەڵێن و یاری تراژیدیا ئامێزی جەنگ کۆتایی پێ دێت و هەردوو هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراق و ئێران دوای ئەو کوشت و کوشتارە، خۆشترین یاری تۆپی پێ ئەنجام دەدەن، کەواتە لە ڕۆمانی زیکزیکەدا، تراژیدیا لە بوون و عیشقەوە سەرچاوە دەگرێت، عیشقیش لە تراژیدیاوە.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: زیکزیکە.**
**نووسەر: ئەحمەد غوڵامی.**
**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی.**
**بابەت: ڕۆمان**
**چاپخانەی: کارۆ، چاپی یەکەم ٢٠١٣.**
**وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.**

# کۆیە و شاعیرانی

حەمە ساڵح فەرهادی






شـــاری کـــۆیە هەر لە کـــۆنەوە شـــارێکی بە بزاڤ و جـــوولە بووە، خەڵکێکی دڵتەڕ و گورجوگۆڵی لێ ژیاوە و بە هەمـــوو پێـــوانەیەک دەتوانرێ بە شاری (ئەدەب و هونەر) ناوزەد بکرێت.. شـــارێک جـــێی حـاجی قـادری کـۆیی شـاعـیـری نەتەوەیی کـورد و مـەلا مـحـەمـەدی کـــۆیی مـــەلای گـــەورە و نـاودار و مـەسـعـوود مـحـەمـەدی بیـرمـەند و نووسـەری گـەورە و تـایەر تۆفـیـقی کەڵە هونەرمەند بێت، جێی خۆیەتی ناوی شـــاری ئەدەب و هونـەری لێ بنرێت.

ئـەم چوار نـاوە درەوشــــاوەیـەی سەرەوە نموونەی دەیان شاعیر و زانا و نووسەر و هونەرمەندی دیکەی ئەم شارەن، بۆیە مـافی خۆیەتی چەندین لێکـۆڵـینەوەی لە بـارەوە بـکرێت و ڕووە گەش و مـێژووە پڕ شکۆیەکەی و کەسایەتییە ناودارەکانی بە نەوەی نوێ بناسێنرێن.

کەریم شارەزای مامۆستا و شاعیر و نووسەر یەکێکە لەو خاوەن قەڵەمە بە بڕشت و چالاکانەی ئەو شارە، کە تا ئێـسـتـا خـزمـەتێکی بەرچاوی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بەگشتی و ڕەوشی ئەدەبی و ڕۆشنبـیـری و مێژوویی کۆیەی بە تایبەتی کردووە و نووسینەکانی سەرچاوەی باش و جێی مـتـمـانەن، کە دوا بەرهەمی چـاپـکـراوی لـەم ڕووەوە بـەرگـی دووەمی کـــتـــێـــبی (کـــۆیە و شاعیرانی)یەتی.

ئەم کتێبە، کە (١٨٩) لاپەڕەیە و لەلایەن (سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە)وە بڵاوکراوەتەوە و لە هەولێـر لە چاپخـانەی (شـەهاب) چاپ کراوە.

ئەگـەر بمانەوێ ئەو کـتـێـبـە بخوێنینەوە، یان هەڵبسەنگێنین، وا دەخـــوازێت (٥٢) ســـاڵ بگەڕێینەوە بۆ دواوە، ئەو کـاتی نووسەر لەساڵی (١٩٦١)دا بەرگی یەکەمی هەمان کتێبی چاپ و بڵاو کردەوە.

لەوانەیە خوێنەری بەڕێز بپرسێت بۆچی؟

لە وەڵامدا دەڵێین:

١- بەرگی یەکـــەم ســـەرەتای کـتێبـەکـەیە و بەرگی دووەمـیشی تەواوکـەریەتی، یان بەشـێکی دیکەی هەمان کتێبە.

٢- نێـوانی چاپکردنی هەردوو بەرگەکە (٥٢) ساڵە، ئەمەش بۆ خۆی تەمەنێکە.

٣- ئەوەندەی من ئاگـــادارم، ئەگـــەر هەڵە نەبم، ئەم مـــاوەیە

درێژترین ماوەیە بکەوێتە نێوان چاپکردنی دوو بەرگی کتێبێک، کە نووسەرەکەی خۆی لە ژیاندا مابێت.

٤- زۆربەی خوێنەرانی ئێستا بەرگی یەکەمیان نەدیوە، لەوانەیە هەندێکیان ناویشیان نەبیستبێ.

٥- لێدوان لە هەردوو بەرگی کتێبەکە هەوڵێکە بۆ لەیەکتر نزیک خستنەوەی شاعیرانی هەردوو بەرگەکە، کە هەموویان هی ناوچەیەکن و تەواوکەری یەکترن، بۆیە ئەگەر بۆ بەبیرهێنانەوەش بێت، وام پێ باشترە، لە سەرەتاوە زۆر بە کورتی باسێکی بەرگی یەکەم بکەم، ئینجا بێمە سەر بەرگی دووەم.

بەرگی یەکەمی کتێبەکە، کە (بەشی یەکەم)ی لەسەر نووسراوە و تایبەتە بە شاعیرە کۆچکردووەکانی کۆیە، ئەوانەی پێش چاپکردنی ئەو بەرگە ماڵئاواییان لە دنیای شیعر و ئەدەب کردووە.

ئەو بەشەی کتێبەکە، کە (٩٧) لاپەڕەیە، ساڵی ١٩٦١ لە بەغدا لە چاپخانەی (النجوم) چاپ کراوە.

کتێبەکە بریتییە لە سەرەتایەکی سێ لاپەڕەیی و کورتەیەکی مێژوویی لە بارەی شاری کۆیە و شاعیرانی، ئینجا نووسەر دێتە سەر باسی شاعیرەکانی ئەو بەرگە، کە ژمارەیان (١٦) شاعیرە و بەم جۆرەی خوارەوە ڕیزبەندی کردوون:

١- شێخ مستەفای قوتبی شام.

٢- قاسید (١٢٠٠- ١٢٧٠)ی کۆچی.

٣- حاجی قادری کۆیی (١٨١٥-١٨٩٧)(١)

٤- کەیفی (١٨١٤-١٨٨٣).

٥- حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی (١٢٥٠- ١٣٢٦)ی کۆچی.

٦- ئەختەر (١٨٣٩- ١٨٨٦).

٧- سانی (ثانی) (؟ - ١٩٠٦).

٨- حەزینە (؟ - ١٣٣٠)ی کۆچی.

٩- نیهانی (١٢٨٢- ١٣٥٣)ی کۆچی.

١٠- مەنفی (؟ - ١٩٢١).

١١- مەلا محەمەدی جەلی زادە (مەلای گەورە) (١٢٩٣ی کۆچی- ١٩٤٣)ی زایینی.

١٢- سافی (١٨٧٦- ١٩٤١).

١٣- مەحزوون (؟ - ١٩٣٤).

١٤- حوسێنی (١٣٠٦- ١٣٥٢)ی کۆچی.

١٥- دڵدار (١٩١٨- ١٩٤٨).

١٦- مسکین (١٩٢٠ - ١٩٤١).

دوای ئەوەی باسی ژیان و بەرهەمی هەریەک لەم (١٦) شاعیرە دەکات؛ ئینجا لەژێر ناونیشانی (باخچەی شاعیران)دا، لاپەڕە (٨٩-٩٦) زۆر بە کورتی باسی هەریەک لەم شاعیرانەیشی کردووە"

١- ڕەشید ئاغای حاجی بەکر ئاغا/ کوڕی حاجی بەکر ئاغای حەویزیی شاعیرە، کە نازناوی (قاسید) بووە.

٢- موجریم/ هاوچەرخی جەلی و ئەختەر و حاجی قادر بووە.

٣- مەلا لامیع/ هاوچەرخی حاجی مەلا عەبدوڵڵا و شێخ ڕەزای تاڵەبانی بووە.

٤- خادم/ بە نەژاد گورجی بووە و باوکی لە گورجستانەوە هاتووەتە کۆیە.

٥- هەوایی/ مەلایەکی شاعیر بووە.

٦- مونتەزیری/ ناوی مەلا کەریم بووە و بە پیشە (نانەوا) بووە.

٧- مەلا مستەفای فەقێ ئەحمەد/ ساڵی ١٩٢٢ کۆچی دوایی کردووە.

٨- ڕەشیدی حاجی عەلی لبادکەر/ ساڵی ١٩٤١ لە تەمەنی لاویدا کۆچی دوایی کردووە.

٩- شێرکۆ/ ناوی کامیلی کوڕی بەهجەت ئاغای ڕەشید ئاغای حەویزییە، ساڵی ١٩٢٠ لە دایک بووە و ساڵی ١٩٤٥ کۆچی دوایی کردووە.

١٠- مەلا عەبدوڵڵای مەلا ئاوڕەحمانی جەلی/ باوکی حاجی مەلا ئەسعەدی جەلی بووە.

١١- مەلا عەبدوڵڵای حاجی قادر/ لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٠دا کۆچی دوایی کردووە.

١٢-ئەمین فەقێ ئۆمەر.

١٣- تۆفیقە سووری سابیر ئاغای غەفووری.

ئەمە و بەرگی ئەو کتێبە لە بەغدا لەلایەن (کەریم)ی خۆشنووسەوە نەخشاوە و مامۆستا عەبدولڕەزاق محەمەد (عەبدولڕەزاق بیمار)یش سەرپەرشتیی چاپکردنی کردووە.

* * *

دوای ئەوەی وەک بەبیرهێنانەوەیەک بە کورتی تیشکێکمان خستە سەر بەرگی یەکەمی (کۆیە و شاعیرانی)، ئێستا دێینە سەر بەرگی دووەمی ئەو کتێبە، کە ماوەیەک لەمەوبەر کەوتە بەردەستی خوێنەران.

نووسەری کتێبەکە لەپێشەکییەکی دوو لاپەڕەییدا باسی کتێبەکەی کردووە و دەڵێ: (لەم بەرگەدا لەدەستەیەک لە شاعیرانی کورد لە مەڵبەندی کۆیە دەدوێین و لە ژیان و شیعر و شاعیرییەتیانەوە دەکۆڵینەوە، تاکو هەریەکە بەپێی شاعیرییەت و پتەویی شیعرەکانی هەڵی بسەنگێنین و مافی خۆیان پێ بدەین)(٢)

دوای پێشەکییەکە؛ نووسەر دێتە سەر باسی کۆیە و بەکورتی لە ڕووی مێژوویی و ئەدەبییەوە لەم شارە دەدوێ و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ناوی کۆیە لە چییەوە هاتووە و لەچاخە کۆنەکاندا چۆن بووە، پاشان باسی ئەو شارە دەکات لە سەردەمە جیاجیاکاندا: سەردەمی هاتنی ئیسلام، دوای هاتنی ئیسلام، سەردەمی حوکمڕانیی میرنشینە کوردییەکان، ئینجا سەردەمی یەکەمین جەنگی جیهان و کۆتایی ئەم جەنگە (٣).

دوو کورتە باسی دیکەی ئەم کتێبە لە بارەی (بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری) و (بزووتنەوەی ئەدەبی)ی ئەو شارەیە.

سەبارەت بە بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیریی شاری کۆیە، نووسەر ناوی ئەو ڕێکخراو و حزبانە دەهێنێ؛ کە لەو شارەدا چالاکییان نواندووە و ئەو کەسایەتییانەی ڕۆڵی بەرچاویان لەو ڕێکخراو و حزبانەدا هەبووە، لەم ڕووەوە دەڵێ: (بزووتنەوەکانی شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموود و بارزانیی نەمر، هەستێکی نەتەوەییان لەلای لاوە هۆشیارەکانی کۆیە و سەرجەم کوردستان خولّقاند و ڕێکخراوی سیاسی (خۆیبوون) لە ساڵی ١٩٢٧ دامەزراو لە کۆیە (ئاسەف مەلا ڕەئووف)ی برا گەورەی دلّداری شاعیر بەرپرسی کۆیە بوو. ئەو حزبە لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان خەباتی دەکرد.

لەساڵی ١٩٣١دا ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیریی سیاسی لەکۆیە بەناوی (کۆمەڵی منەوەران) دروستبوو، کەسایەتیی وەک (کاکە زیاد ئاغای غەفووری و مستەفا خۆشناو و عوسمان عەونی و عەبدولسەمەد محەمەد بەنناو تاهیر سادق و سابیر ئیسماعیل محەمەد و زەکی هەناری) ئەندامی چالاکی بوون.

لە ساڵی ١٩٣٧دا (کۆمەڵەی دارکەر) بە سەرۆکایەتی یوونس دلّدار لە کەرکووک دامەزراو لقی لە هەولێر و سلێمانی و کفری کردەوە و بۆ ساڵی ١٩٣٩ ناوەکەی بووە حزبی (هیوا) بە سەرۆکایەتیی مامۆستا ڕەفیق حیلمی و یوونس دلّداریش سکرتێری حزبەکە بوو، چالاکییەکی زۆری نواند و کاتێکیش کە چالاکیی ئەو حزبە کز بوو، دوو ڕێکخراوی سیاسی جێیان گرتەوە، حزبی (شۆڕش) کە لە سەرکردایەتییەکەیدا سێ کۆیی هەبوون.. مامۆستایان عەلی عەبدوڵڵا و عەبدولکەریم تۆفیق و عەبدولسەمەد محەمەد بەننا، هەروەها حزبی (ڕزگاری)یش دامەزراو چالاکیی سیاسی کەوتە کۆیە و لە دواییدا لەسەر هەیکەلی ئەو دوو حزبە پارتی دیموکراتی کورد دامەزراو دوو کەسایەتی سیاسیی کۆیی بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران، کە کاک عەلی عەبدوڵڵا ئەمین و عەبدولکەریم تۆفیق ئەحمەد بوون و لە کۆنگرەکانی دیکەی پارتیش مام جەلال تاڵەبانی وەک ئەندامێکی هەرە چالاکی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

لە چلەکانیش چالاکیی حزبی شیووعی عیراق گەیشتە کۆیە و دەستەیەک لە تیکۆشەران دەورێکی دیاریان تێدا بینی، لەوانە: (عوسمان خۆشناو و کەریم ئەحمەد و ئەحمەد دلّزار و فاتیح ڕەسووڵ و چەندانی تر)(٤).

سەبارەت بە ڕۆڵی کۆیە لە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردیشدا دەڵێ: (کۆیە لە کۆنەوە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بوو، هەندێ لە ئاغاکانی وەک حاجی بەکر ئاغای (قاسید) و ئەمین ئاغای حەوێزی (ئەختەر) و هی دی شاعیری خاوەن بەهرە و توانایی بوون و ماڵەکانیان مەڵبەندی ئەدەبی بوون و جێی شاعیران و ڕووناکبیرانی ئەوسای کۆیە بوون و لەناو ئەو ئاووهەوا سازگارەدا شاعیری مەزنی وەک حاجی قادری کۆیی و حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە و کەیفی جوانڕۆیی و ئەختەر و.. شاعیری مەزنی دیکە ناوبانگیان دەرکردووە و ڕێگەیان خۆش کردووە بۆ سەرهەڵدانی شاعیری بەهرەداری دیکە و تا ئێستاکەش کاروانی شیعری کوردی لە شاری کۆیە بەرەو پێش دەڕوات و هەر شاعیرە و چەند بەردێک لە بینای تەلاری ئەدەبی کوردی وەستایانە دادەنێ، وەک لەمەودوا لە دووتوێی ئەم کتێبەدا بەرچاو دەکەون)(٥).

بەرگی دووەمی کتێبی (کۆیە و شاعیرانی) ناو و مێژووی ژیان و نموونەی شیعریی (١٩) شاعیری لەخۆی گرتووە، کە (١٧)یان لەدوای چاپکردنی بەرگی یەکەمی کتێبەکەوە تا ئێستا ماڵئاواییان لە شیعر و ئەدەب و شاری کۆیە کردووە. شاعیرەکانیش ئەمانەن:

١- عاسی (١٨٩٢- ١٩٧٥).
٢- خادم (١٨٩٥- ١٩٧١).
٣- دلاوەر (١٩٠٩- ١٩٧٠).
٤- زەکی هەناری (١٩٠٩- ١٩٦٧).
٥- سامی عەوداڵ (١٩١٠- ١٩٨٥).
٦- ڕاجی (١٩١٢ - ١٩٦٧).
٧- عاسم (١٩١٢ - ١٩٨٠).
٨- ڕۆستەم حەوێزی (١٩١٣ -

١٩٩٩).
٩- عەونی (١٩١٤- ١٩٩٢).
١٠- مامە ڕووتە (١٩١٧-١٩٩٣).
١١- شێخ ئەنوەری بەرزنجی (١٩١٩- ٢٠٠٦).
١٢- محەمەد تۆفیق وردی (١٩٢٣ -١٩٧٥).
١٣- برژاو (١٩٢٦-١٩٩٨).
١٤- پشکۆ (١٩٣١- ٢٠٠٠).
١٥- مەجید ئاسنگەر (١٩٣٢-٢٠١٢).
١٦- خالید دلێر (١٩٣٣-٢٠١١).
١٧- ئاشنا (١٩٣٥- ١٩٩٥).

دوو شاعیرەکەی تریش کە مامۆستا شارەزا تیشکی خستوونەتە سەر و تاڕادەیەک بە درێژی باسی کردوون؛ هەریەک لە دلدار (١٩١٨-١٩٤٨) و دلزار (١٩٢٠- ؟)ن، کە یەکەمیان لە بەرگی یەکەمیشدا بە کورتی باسی کردووە، بەڵام لەم بەرگەدا زیاتر لەسەری دواوەو نموونەی شیعری زیاتری ئەوی هێناوەتەوە. دووەمیشیان کە (دلزار)ی شاعیرە، هەرچەندە ئێستا لە ژیاندا ماوە، خوا تەمەنی درێژ و تەندروستیی باش بکات، بەڵام هاوچەرخی هەموو ئەو شاعیرانە بووە کە لەم بەرگەدا باس کراون، بۆیە جێی خۆیەتی کە لە هاوڕێکانی جیا نەکردووەتەوە.

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە؛ ئەو شاعیرانەی مامۆستا شارەزا لە هەردوو بەرگی کتێبەکەدا باسی کردوون، لە چەند توێژ و چینی جیاواز بوون، بۆ نموونە:

- بەشێکیان ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری گەورە بوون، وەک حاجی قادری کۆیی و دلدار.
- بەشێکیان زانای ئایینی و مەلای ناسراو بوون، وەک مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە و مەلا محەمەدی کۆیی و عاسی و ڕاجی و دلاوەر.
- بەشێکیان ئاغاو خاوەن دیوەخان بوون، وەک قاسید و ئەختەر.
- بەشێکیان مامۆستا و خاوەن بڕوانامە بوون، وەک زەکی ئەحمەد هەناری و وردی و مەجید ئاسنگەر.
- بەشێکیان شێخی تەریقەت و کەسانی سەر بە ڕێبازی تەریقەت بوون، وەک: شێخ مستەفای قوتبی شام و سانی و سافی و عاسم و شێخ ئەنوەر بەرزنجی.
- بەشێکیان ئافرەت بوون، وەک حەزینە.
- بەشێکیشیان کاسبکاربوون و کاری ئازادیان کردووە، وەک سامی عەودالّ و عەونی و برژاو و پشکۆ و ئاشنا.

خۆزگە کەسانی وەک مامۆستا شارەزا لە شار و ناوچە و دەڤەرەکانی دیکەش کاری لەم جۆرەیان بکردایە و هەریەکەیان لە چوارچێوەی شار و ناوچەکەی خۆیاندا؛ مێژوویەکی بۆ ئەدەبی کوردی و شاعیرانی ناوچەکەی بنووسیبایەوە، چونکە لە ئەنجامی ئەو جۆرە کارانەدا هەموویان بۆ ئەدەبی کوردی دەگەڕێنەوە و دەوڵەمەندتری دەکەن، هەربۆیە بە بۆچوونی من چاپکردنی هەردوو بەرگی ئەم کتێبە؛ پێش ئەوەی خزمەتی شاری کۆیە بکات؛ خزمەتی مێژووی ئەدەبی کوردی کردووە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە پێشنیار دەکەم مامۆستا شارەزا تا تەندروستیی ڕێی پێدەدات و هێزی نووسینی ماوە؛ بەرگی سێیەمیشی تەواو بکات، چی تێدایە با بەرگی سێیەم بۆ ئەو شاعیرانە بێت کە سوپاس بۆ خوا لە ژیاندا ماون و چ زوو، چ درەنگ ئەوانیش دەگەنە کاروانی شاعیرانی پێش خۆیان.

دیارە مامۆستا شارەزا لە هەمووومان باشتر دەزانێت کە شاری کۆیە تا ئێستاش لە کاروانی ئەدەب و شیعر دانەپچڕاوە و لە جاران گەرموگوڕترە.. هەر بۆ نموونە شاعیرانی وەک: (فریشتە، کەریم شارەزا، عەبدولڕەزاق بیمار، جەلال جوبار، ئازاد دلزار، قوبادی جەلیزادە، کازم کۆیی، محەمەد داریاس، قوباد بەهرەوەر، فازیل شەوڕۆ، ژیان بابەگوڕگوڕ، هاوژین سلێوە، ئارام سالح و هی دیکەش، کە بێ گومانم لەوەی مامۆستا شارەزا زانیاریی تەواوی لە بارەی زۆربەیانەوە هەیە و نموونەی شیعریی ئەوانەی لەلایە، بۆیە بە ئاسانی دەزانم ئەگەر بڵێم خەڵکی کۆیە بە تایبەتی و خوێنەرانی کورد بەگشتی لە چاوەڕوانی بەرگی سێیەمی ئەو کتێبەدان.

**پەراوێز:**

**(١) نووسەر لەم کتێبەدا ساڵی کۆچی دوایی حاجی قادری بە ساڵی (١٨٩٢) داناوە، بەڵام لە سەرچاوەکانی دیکەدا، تەنانەت پاشتر مامۆستا شارەزا خۆیشی لە دیوانی حاجی قادری کۆیی و لە بەرگی دووەمی کتێبی (کۆیە و شاعیرانی)دا لە لاپەڕە (١٥٠) هەر ساڵی (١٨٩٧)ی داناوە.**

**(٢) کۆیە و شاعیرانی، بەرگی دووەم، ل٨.**

**(٣) هەمان سەرچاوە، ل٩-١٥.**


**(٤) هەمان سەرچاوە، ل١٥-١٦.**

**(٥) هەمان سەرچاوە، ل١٦.**

# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی
# (حەیران.. هەوڵێک بۆ تێگەیشتنی)

ئەسعەد عەدۆ

کتێبی (حەیران.. هەوڵێک بۆ تێگەیشتنی)، هۆمەری دزەیی لە سلێمانی پالاص، لە چوارچرا کە خۆم یەکێک بووم لەبانگکراوەکان.. بە ئامادەبوونی خودی نووسەر بەسەر هەوادارانی حەیران دابەش کرا، دەتوانم بڵێم: زۆربەی میوانە بەڕێزەکان یەکەم جاریان بوو کە لە کۆڕێکی ئەوها ئامادە دەبوون، واتە خەڵکێکی دەستەبژێر بۆ ئەو مەبەستە بانگهێشت کرابوون. پیاو بۆ خوا بڵێ جۆر و شێوە و ڕێکوپێکی و زێدەجوانی کتێبەکە بە چوار سیدی-یەوە بەو شێوە ئورستوکراتییە هەر لە خودی هۆمەری دزەیی دێت.



کتێبی (حەیران..) بەشێوەیەکی یەکجار مۆدێرن چاپ کراوە، یەکەم جارە لە وڵاتی ئێمەدا کتێب بە سیدی-یەوە چاپ بکرێت، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی یەکجار نوێ بابەت دابەش کرا. ئێمەمانان دەمێکە لە چاوەڕوانی ئەو کتێبەدا بووین، ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، هۆمەری دزەیی لە سەرەتای هەشتاکان دەیگوت: شتی باشم لەسەر حەیران لەژێر دەستدایە! بەڵام تەمبەڵی دزەیی لەلایەک، وێڵ و سەرگەردانی ئەویش لە وڵاتی غەیرەدینان، ناهەمواری و سەختی ژیانی کوردان.. بە هەمووان چاوهەڵێنانی ئەو کتێبە نایابەی بۆ ئەمڕۆ دواخست. دەتوانم بڵێم: ئاخیری خێر بوو.

دزەیی بە دەنگ و بە نووسین ڕوحی وەبەر کتێبەکە ناوە، هێندەی بە تامولەززەت دەخوێنێتەوە گیانی مرۆڤ سەرتاپا قدیلانەی دێنێ، هێندە وەستایانە خاڵبەند و سەروژێری بۆ ڕستەکان کردووە، هەر ئەوەندە دەتوانی بڵێیی بە (قولابی هینایتەوە) خودا شاهێدە دکتۆر ئاسا بەنێو ئێسقانە پەیکەری کچەتیم حەیران و کوڕەتیم حەیرانێ شۆڕ بووەتەوە، ئەوەندە شارەزایی لە مۆسیقا بەگشتی و کلاسیک بە تایبەتی هەیە، وەک ئەڵقە ئەڵقەی زنجیر، دەنگ و سەدای حەیرانی دەگەڵ مام بتهۆڤن و زاراوەی بیانی بەستۆتەوە، ئەگەر باش شارەزاییت نەبێ، حەیرانەکانی خۆمانت لێ ون دەبن. سەربەند، دوا بەند، چوارینە، سێینە.. هەمووی بە بەرەبابەکانی دنیا بەستوونەتەوە، بۆیە پڕ بە دەم دەڵێم: هۆمەری برا لەو لایانە داهێنانی کردووە، خوا تەمەنداری بکات.

ئەو قسانەی سەرەوەم مانای ئەوە نییە کە هیچ گلوگازاندە و بۆچوونم لەسەر کتێبە بە نرخەکەی هۆمەر نییە، بە پێچەوانەوە، بە قەدەر نیوەی کتێبەکە قسەم هەیە، بەڵام لێرە هەمووی جێی نابێتەوە، بۆیە ڕۆژێک دوای کۆڕەکە بە تەلەفۆن پێم گوت: برام.. قسەم

لەسەر کتێبەکەت زۆرە، لەبەر ئەوەی ئەو کـتـێـبـە نازدارە هەویرەکـەی ئاوکـێـشـە، پێـشـنیـار دەکـەم سیـمـینارێکی تەلەڤـزیۆنی لەسـەر بکرێ، گـوتی: مـەگـەر لەو کـارە نوێیـەم خـانەنشین بکرێم، ئینجـا هەلی وام بۆ بڕەخـسێ، ئەگـەرنا ئێستـاکێ ناتوانم، بەڵام حەز دەکەم لەلای خۆتەوە دەوڵەمەندی بکەی!

ئەگەر بێتو بە وردی سەرنج بدەینە گـەورە ناوونیـشـانی کـتـێـبـەکـە (حـەیـران.. هـەوڵـێـک بـۆ تێگەیشتنی) وا نیشان دەدرێ (هیچ نەبێ خۆم وای بۆ دەچم) یەکەم جارە هەوڵێک بۆ تێگەیشـتنی حـەیران دەدرێ، لەو کـاتەی کـە ئێـمـەی شـارەزایانی ئەو مـەیدانە بە تایبـەتی (خالد جووتیار و ئەسعەد عەدۆ) کە من بە دوو قوتابخانەی حەیران نێوم بردوون (بەڵام ساڵێک بەر لە ئێستا جـووتیـارم بینی.. بە زەردەخـەنەوە گـوتی: تاڕادەیەک منیش لە مـەڕ حـەیران هاتوومـەتە سـەر بۆچوونەکانت).

هەریەکـە لە ئێـمـە بەڵگەو کـارتەکـانی خـۆمـان فـڕێ داوەتە مـەیدان، هەرچـەندە مـن لـە کـتـێـبـەکـەمـدا (حـەیران، لاوک-لێکۆڵینەوە) گوتوومە: ئەوە بەڵگەی بۆچوونەکـانمە لە مـەڕ بەدەشـتی هەولێرکردنی حەیران، بە تایبەتی بە دزەیی کـردنی، بەڵام خـەڵکی دیکە بـۆی هـەیـە بـە دژە بـەڵـگـە بـێـنـە مـەیدان.. تا ئێستـا بۆ (٢٣) ساڵ دەچێ نەیانتـوانیـوە دژە بۆچوون بچەسپێنن!

من تا گـەڕانەوەی هۆمـەر دزەیی گلەییم نیـیـە کـە سـەرچاوەی نەگەیشتۆتە دەست، هەرچەندە دزەیی مێزگردێکی بە بەشداری خۆی بۆ من و کاک صەلاح مەهابادی لە ئێزگەی دەنگی ئەمریکا سازکرد کە نموونەی بەشی دووەمی لەنێو سیدی-یەکەدا هەیە بۆ بەشی یەکەمی هۆمەر دزەیی پێی گوتم: بەداخەوە ون بووە! لەوێ من بیروبۆچوونەکانم دیار کردووە.

دزەیی تـەنیـا لـەلاپەڕە (٦٧) ڕسـتـەیەکی منی لە کـتـێـبـەکـەم (لیـرەیەک لە گـەنجـینەی نەتەوەی کورد ١٩٨٤) بە نموونە هێناوەتەوە، ئـەگـەرنا دوورونزیـک باس لـە لێکۆڵینەوەکـەی من ناکـات کـە لە سـاڵی ١٩٨٥ لە گـۆڤـاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا لەسەر داخوازی د. کوردستان موکریانی نووسیومە و لە دواییـدا بە کـتـێب لە سـاڵی ١٩٩٩ لە هۆڵەندا چاپ کـراوە، کە ئەو لێکۆڵینەوەیە بووەتە سەرچاوەی برایان سەعدوڵڵا شێخانی و ئەحمەد حەیران و غەفوور مەخمووری و هەر کـەسێک بە سێـبـەری حـەیراندا ڕۆیشـتبێ! کەچی هۆمـەر دزەیی بە دوورودرێژی نموونەکـانی خـۆی بەرانبـەر بە ناوەرۆکی کـتـێـبی سـەعـدوڵڵا شـێـخـانی و ئەحـمـەد حـەیران دێنێـتـەوە کـە لەدوای لێکـۆڵینەوەی من بڵاوبـوونەتەوە، ئەوانیش بەسوپاسەوە کردوویانە بە سـەرچاوەی خـۆیان، هەروەک لە دواییدا کاک غەفوور مەخمووریش بە ئەمـانەتەوە کـردوویەتی بە سەرچاوەی کتێبەکەی خۆی.

سـەرەڕای ئەوەش دزەیی لەدوا لاپەڕەکانی، باس لەو کتێبانە دەکا کە سوودی لێ وەرگرتوون، هەرچەندە لە ناوەوە لەلاپەڕە (٦٧) باسێ لە کـتـێـبـەکـەی من دەکـا، بەڵام لە سەرچاوەکاندا پشتگوێی خستووە! هەروەک چۆن دوور و نزیک باس لە نەواری (محەمەد حەسەن عومەر-محەمەد سوڵتان) ناکات کە من بۆ یەکـەم جـار لە سـاڵی ١٩٨٩ لە تۆمارگەی کوردەواری خۆم تۆمارم کـردووە و لە دواییـدا بۆم ناردووە! هەرچەندە دەنگی من لە پێشـەکی و ناوە ناوە بە (تایهـو) بە ئاشکرا دیارە!!

لەسـەر مـەسـەلەی جـۆری گـوتنی حـەیران مـەجلیسی و سـەرچیـایی.. من لە کاتی خۆیدا بەم شێوەیە شیم کـردۆتەوە: ئەو حـەیرانانەی لە مەجلیسان دەگوترێن بە جووتکردنی خـەڵکی دەشـتێ دەشوبهـێنم کـە لەسـەرخـۆ گـاسنی دەهەناوی ئەو دەشتە کاکی بەکاییە دەنێو پێی پیرە بارگـینێ هێـور هێـور دەڕوا، بەڵام ئاوازی حـەیرانی تیـژ و بڵندم بە ڕۆیشتنی خەڵکی چیا دەشوبهێنم، کاتێ وەک تیـترواسک بە زیگزاگ بەسەر چیا دەکەون.

لەسەر منداڵدانی حەیران (دەشتی هەولێـر) بە (٨) بەڵگە هاتوومـەتە مـەیدان وەک گـوتم: تا ئێسـتـا کـەسـێکی دیکە دژە بەڵگەی نەدۆزیوەتەوە، هەروەها بۆ یەکەم جار لە سـاڵی ١٩٨٥ نەخـشـەی بڵاوبـوونـەوەی حـەیـرانم بڵاوکردۆتەوە.. ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشاوە، نموونە هێنانەوەی دزەیی بە نووسینێکی مامـۆستا حەمـەی حـەمـە باقی-یە، کـە ناوی ئەو شوێنانەی نەخشە بڵاوکراوەکەی منی لە نووسـینێکیـدا بڵاوکـردۆتەوە، نەوەک هەمـوومان دەزانین مامۆستا خەڵکی کێندەرە و چەندان ساڵە لە کوێ دەژی؟! (دوور نییە مامۆستا منی کـردبێـتـە سـەرچاوە.. نازانم چونکە نەمـبـینیـوە) نازانم چۆن سەرسوڕمانێک لەلای هۆمەر دزەیی دروست نەبووە کە مامۆستـا ناوی ئەو شوێنانەی لە کوێ هێناوە؟!

هۆمـەر دزەیی لەلاپەڕە (٧٤) دەڵێ منیش لەو بڕوایەدابووم کـە حەیران زادەی دەشتی هەولێرە، بەڵام لە دوای دانیشتن لەگەڵ پسپۆڕانی کـوردستـانی ئێران، گـەیشتـمە ئەو قەناعەتە کە حەیران بە تەنیا زادەی ئەوێ نییـە، بەڵکو لە ناوچە زاراوە سۆرانییەکانی دیکەی کوردستانیش هـەیـە، تـەنـانـەت لـە بـادیـنـان و بۆتانیش حەیرانۆک هەیە! هەروەها لە لاپەڕە (٨٧) دەڵێ: «ئەگـەر

حەیران بە شێوە زاراوەی دەشتی هەولێر نەبێ، هەر خۆش نییە!!»

براگیان یەک لە بەڵگە سەرەکییەکانی من بۆ چەسپاندنی دەشتایەتی حەیران (شێوە زاراوەی دەشتی هەولێرە)، من نەمگوتووە حەیران لە شوێنی دیکە نییە، بەڵکو دەڵێم: حەیرانەکانی ئەودیویش حەیرانی لە مەڕ خۆمانە کە دەڵێ: (کەندێناوەی خۆمان، کلکەی مێجانی، زینەتیرێ، دارەبزمارە...تاد) من دەڵێم: منداڵدانی سەرهەڵدانی حەیران دەشتی هەولێرە، بە تایبەتی (ناوچەی دزەییاتی)، لێرەوە بەهۆی مەڕداری و بازرگانی و خزمایەتی ئەم دیو و ئەودیو، بەڵام نازانم هۆمەر دزەیی چۆن ڕێگا بەخۆی دەدا حەیرانی ئێمە و حەیرانۆکی بادینان بکاتە یەک، ڕاستە لە ڕووی هۆنینەوە زۆر لێک نزیکن، بەڵام لە ڕووی گوتن و ئاواز، نێوانیان ئاسمان و ڕێسمانە. دزەیی لە لاپەڕە (٥١) پرسیار لەخۆی دەکا «تۆ بڵێی بتهۆڤن حەیرانبێژ نەبووبێ؟ دەبێ جووتیارێکی کورد ئاگای لە سیمفۆنییەکانی مۆزارت نەبووبێ؟»

ئەو لە من زیاتر دەزانێ دنیای (توارد الخواطر) هەیە، شاعیرێک لە ئەفەریکا شیعرێک دەنووسێ، لە شوێنێکی دنیادا شاعیرێکی دیکە بە هەمان مانا شیعرێکی وای نووسیوەتەوە! نموونەی وامان هەیە، هەرچەندە شیعرەکەی (جاهید)م ئەزبەر نییە کە دەڵێ: بە ڕۆژوو بووم کاتی بەیانی ماچم کرد ڕۆژووم شکا، چونکە بەڕۆژوو ئەگەر مانگ ببینێ پێویستە ڕۆژووەکەی بشکێنێ! ئەگەر بە هەڵە نەچووبم نەزار قەببانی دەڵێ:

«قبلتها عند الصباحي فقالت
افطرت يا هذا و نحن صيام
فقلت أنت هلال و الصوم في
رؤية الهلال حرام»

بۆ دڵنەوایی هۆمەری دزەیی برام، ئەو زانیارییەشی پێشکێش دەکەم و دەڵێم: کورد بەر لە باڤلۆڤ (ئیڤان بترۆڤیچ باڤلۆڤ ١٨٤٩-١٩٣٦) خاوەنی تیورن! لەبەر برا عەرەبەکان نەبێ سێ بە سێ سوێند دەخۆم کە ئەو پیاوە نەوەی ئێمەیە! ئەگەرنا شوانێکی ئەو کوردستانە چۆن بەر لە ئەو شارەزایی لە تیوری باڤلۆڤ-دا هەیە! تەنیا جیاوازییان ئەوەیە لای باڤلۆڤ (سەگە)، کەچی لای شوانەکەی ئێمە (نێری و بەرانە)، کاتێ مێگەلی مەڕ و بزن لەو دەشتە کاکی بە کاکییە پەرتوبلاو دەبێتەوە، یان لە قەد چیاکان شوانی بەدبەخت چەند دەتوانێ یەکە یەکەیان کۆ بکاتەوە؟ بۆیە بەدوای کارئاسانییەک گەڕاوە ئەویش ئەوەیە.. بۆ چەند ڕۆژێک کاکەی شوانە پارچە نانێک دەخاتە کونی شمشاڵەکەی و جۆرە ئاوازێک کە ئێستا لەنێو کوردەواری بە (هەوارە بەڵۆ) ناسراوە، دەژەنێ! ئاوازەکە و پارچە نانەکە سەرنجی نێری، یان بەران ڕادەکێشێ، بۆیە بەرەو لای شوانە دەگەڕێنەوە و دوو قاچی بە سینگی شوانە دەنووسێنی تاکو دەمی بگاتە پارچە نانەکەو بیخوا.. بەم شێوەیە تا فێر دەبێ، بۆیە لە کاتی پەرتوبلاوبوونەوەی مێگەلی مەڕوبزنان، شوانە سەر لە ئێوارە بەر لە گەڕانەوەی بۆ نێو گوند ئاوازی (هەوارە بەڵۆ) دەژەنێ و نێرییەکان و بەرانەکان یەک پێ بە غاردان و جلیتانێ بەرەو لای شوانە دێن، مەڕ و بزنیش سەریان شۆڕ دەکەن و بەدوای نێری و بەرانان دەکەون (دەبڵێن تیوری نییە!، مەگەر سەگەکە و گۆشتەکە و ڕووناکییەکەی باڤلۆڤی ئامۆزاش هەر ئەوە نییە؟).

دەربارەی بە دزەییکردنی حەیران گوتوومە: بە بۆچوونی من باپیرە حەیران لە (بەڕانەتی) سەری هەڵداوە، سەرقافڵەشم بۆ (سەیدەکۆر) داناوە، هەرچەندە لە دوای ئەویش دوو شاگردی چاک ماونەتەوە (سمایلی حەمەد نەخشینێ و خدرخەرابە دراو)، بەڵام بەداخەوە دیوەخانەکانی ئەو ناوچەیە زیاتر پابەندی (لاوک بوون، بۆیە حەیران لەوێ بەرەو (شەمامک) سەری هەڵگرتووە کە بە (بابە حەیران) نێوم بردوون، بە داخەوە حەیران لەو ناوچەیە زۆر بێ ناز ماوەتەوە، بۆیە جارێکی دیکە بەرەو (سەنیەومەرکێ) ڕۆیشتووە، دیوەخانەکان و خودی ئاغاکانی دزەیی دەورێکی یەکجار چاکیان لە پەرەسەندن و پێشخستنی حەیران بینیوە کە من نێوم ناون (کوڕانی حەیران) پیاو دەتوانێ بڵێ حەیرانی دزەییان کە لە سەرووی هەموویانەوە هەر سێ یاد نەمرەکان حوسێن، جەمیل، فارس عەلی ئاغا دزەیی کە بە ئوستادی حەیران دادەنرێن.

لە کۆتاییدا دەڵێم کارەکە باشتر دەبوو، ئەگەر نموونە حەیرانەکانی نێو سیدی-یەکان لەنێو کتێبەکەدا هەبوایە، هەروەها چاک بوو ئەگەر کورتەی ژیانی حەیرانبێژەکانیشی بڵاوکردبووایەوە، چونکە بەداخەوە ئەوانە لای نەوەی نوێ نادیارن، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی مێژووی تۆمارکردنی نەوارەکان، بەمەیان قۆناغەکانی پەرەسەندنی حەیران ڕوونتر دەبووەوە.

# ڕەزا ناوێک نامەیەک بۆ زانایەکی دۆستی دەنێرێت

ئا: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)
(کەلار)

لە مـێـژووی ئەدەبیـاتی ئێـمـەدا ئەگـەرچی شـاعیـرمـان زۆرە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا نەتوانراوە بەپێی پێویست مـێـژوویەکی ئەدەبیـاتی پوخت بنووسرێتـەوە و بتـوانرێت لێـکۆڵـەران و ئەدەب دۆسـتـان سـوودی تەواوی لێ وەربگرن.

ئەم نەبوونییەش وای کردووە کاتێک ناوی شاعیرێکی تازە دێتـە کـایەوە، یان شیـعـرێکی نوێ دەدۆزیتـەوە، بە گـومـان بیت لێی و نەتوانیت بڕیاری یەکـلاکـەرەوەی لەبارەوە بڵێیت.

ڕوون و ئاشکرایە لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێمەدا چیرۆک و داستـان بە شیـعر نووسین، مـێژوویەکی دێرینی هەیە، بەڵام تا ئێـستـا زۆر بەکـەمی باسی لێـوە کـراوە، ئەو شاعیرانەش کە چیرۆکەشیعریان نووسیوە، زۆرن، بەڵام تا ئەم کـاتەش ڕیزبەندی بۆ ئەوانە نەکـراوە، چیـرۆکـەکـانی ئێـمـەش کـە نووسـراون، دیسـانەوە ژمـارەیان نـازانرێت و مێژووی ئەدەبی ئەو چیرۆکەشیعریانەش نەنووسراوە و بە تەواوەتی ڕوون نەکـراوەتەوە، هەروەها ناشـزانرێت چەند کـەس شـانامـەیان نـووسـیـوە، کـاتێک کـە خـەریکی کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەی دیوانی ئەڵماس خان بووم، هەندێک بەرهەم دەرکـەوتن کـە جـێگەی تێـڕامـان و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بوون، بێـجگە لە دیوانی باوکی ئەڵماس خان کە ڕەزا خان (حەمە ڕەزا خان)ـە، دوو پارچە شیعر دەرکەوتن، لە کۆتایی یەکێکیاندا ناوی ڕەزا ناوێک هاتووە، بەڵام ئەوی دیکەیان ناوی پێـوە نییـە، لەو نێوەندەشدا پێویستـە نووسەران و زانایانی مـێـژووی ئەدەبی کـوردی لێکۆڵینەوەی زیاتری لەبارەوە بکەن. من لێـرەدا شـتـێکی کـەمی لەبارەوە دەڵێم، بە بۆچوونی من ئەم ڕەزایە، یان باوکی ئەڵماس خـانە، یان کـوڕی ئەڵمـاس خـانە، ئەمـەش بۆچوونێکە، پێ دەچێت هەڵەش بم، بەڵام بەڵگەی زیاتری دەوێت و هیوادارم ئەوە ساغ ببێتەوە.

لە مێژووی ئەدەبیاتی ئێمەدا (ڕەزا) ناوی شاعیرمان زۆرە، بەڵام ئەمـەیان شـتـێکی جیـاوازە لەوانی تر و شـێـوەزارەکـەشی لە نـاوچەی کـەنوولەوە نزیکە، بێجگە لەوەش جـۆری شـیـعـرەکـە و نـاوەرۆکـەکـەی و وشـە و زاراوەکەشی هەر لە هی ئەو ناوچەیە دەچێت.

ئەم شـاعـیـرەمـان کـە شـیـعـرەکـەی نـووسـیـوە و لە کـەشکۆڵێکدا هاتووە و تا ئێـستـاکە بڵاونەکراوەتەوە،

پێویسته بڵاو بکرێتەوە، ئەم هۆنراوەیەی ڕەزا نامەیەکی شیعرییە و بۆ دۆستێکی نزیکی ناردووە تا شیعرەکەی هەڵسەنگێنێت، بەپێی ئەم شیعرە ڕەزا تازە دەستی داوەتە شعر نووسین، یان ئەگەر پێشوەخت شیعریشی نووسیبێت، ئەوە لێرەدا دەیەوێ لەلایەن زانایەکەوە هۆنراوەکەی هەڵسەنگێنرێت، چونکە ئەم دەیەوێت کۆمەڵێک داستان و حیکایەت بنووسێت، ئایا ئەم جۆرە شیعرەی من، یان ئەم شێوە و داڕشتنەی من بە کەڵکی ئەوە دێت کە حیکایەت و داستان و سەرگوزەشتەی پێ بنووسرێت؟! ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن لەلای شاعیر و وەڵامەکەی لای زاناکەیەتی و پێویستە وەڵام بدرێتەوە.

لە خاڵێکدا کە دەمەوێ باسی لێوە بکەم، شاعیران بۆ نووسینەوەی شیعر و داستان و هەڵسەنگاندنی خۆیان چەند پارچە شیعریان بۆ زانایانی گەورەتر لە خۆیان بێ تەعەسووب نووسیوە و داوایان لێ کردوون کە شیعرەکانیان هەڵسەنگێنن و ئەم جار دەست بکەن بە نووسینی چیرۆک و داستان، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە لەوەی زانایانی کورد ئەگەرچی لە هەندێک جێگەدا دەسەڵاتی خۆیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا نیشان داوە، لە هەمان کاتدا پێشوەخت خۆیان لە مەیانەکەدا تاقی کردووەتەوە و خۆیان داوەتە بەر تیشکی ڕەخنەی ئەدەبی نووسەران و شاعیرانی ئەو دەمە و خۆیان هەڵسەنگاندووە، دواتر شانی خۆیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لێداوە.

بەپێی ئەم نامەیە نووسەری ئەم دەستنووسە، ڕوون و ئاشکرایە تەنیا خەریکی نووسینەوەی کەشکۆڵ نەبووە، بەڵکو بەنهێنی خەریکی کێشانی نەخشەی هەندێ جێگا بووبێت، هەر بۆیە شاعیر پێی دەڵێت: (نەخشەی هەر جێگایەک کە تۆ خەریکی و بۆی دانیشتووی بەوێنەوە دەیکێشیت و نیشانە و ڕەمز و نهێنی و شاخ و دەشتودەر و باقی دێهات و هەمیش شارەکان... ئەوە هەمووی ئیشی دایەرە و دامودەزگا گەورەن کە بۆی ببەستن، هەروەها ئەم هۆشیارییەی تۆ هی وەزیرە، ئەمەش یەقینی یەک ڕێگەیی تۆیە لە کارەکانتدا، بۆیە ئەم شتانەت پەیدا کردووە، لەم نهێنی و سیر و پەنهانییەی تۆ من کە پەیم پێ بردووە و ناوم هێناوە، بەم حاڵەوە لە بازاڕی ئێوەدا شتێکی نهێنی هەیە کە من نایزانم...؟).


وەک دەبینین ڕەزای شاعیر لەم شیعرەدا هەندێک لە زانایی زاناکە باس دەکات و لە کۆتایی شیعرەکەیدا داوا لە زاناکە دەکات کە ئەو شیعرەی نووسیویەتی هەڵی سەنگێنێت و پێی بڵێت: ئەگەر شیعرەکەی باشە، ئەوە دەیەوێ هەندێ حیکایەت و ڕیوایەت و نەقڵ بنووسێت،

بەڵام بەداخەوە وەڵامی زاناکەم دەست نەکەوت، ئیدی نازانم زاناکە وەڵامەکەی لەم دەستنووسەدا نووسیوەتەوە، یان نا؟! ئەگەر نووسیبێتی، ئەوە فەوتاوە، ئەگەریش نەینووسیبێت، ئەوە خوا خۆی دەزانێت چی بەسەر هاتووە.

دەستنووسی شیعرەکانی ڕەزا خان:

ئەم دەستنووسە بەشێکە لە دەستنووسێکی کتێبخانەکانی بەرلین و بەشێک لەم دەستنووسە فەوتاوە، تەنیا بەشێک لە شیعرەکانی ڕەزا خان (محەمەد ڕەزا) ماوە، سەرەتا و کۆتایی نەماوە، بەشی شیعرەکانی ڕەزا خان لە سەرەتاوە کە فەوتاوە، نازانرێت چەندە، ئەوەی کۆتاییش دیسانەوە مەزەندە ناکرێت.

هەر بۆیە ئێمە بە بەشێک لە دەستنووسێک ناوی دەبەین لە کتێبخانەکانی شاری بەرلین، قەبارەی ئەم



دەستنووسە بە مەزەندە درێژییەکەی (١٨سم) و پانییەکەی بە (١٢سم) دادەنێم، ژمارەی لاپەڕەکانیشی (٢٠) پەڕەیە، ژمارەی بەیتەکانی ناو هەر پەڕەیەک خۆی لە (١٦) بەیت و (١٧) بەیت دەدات، هەڵبەتە ژمارەی بەیتەکان بەپێی جۆری نووسینەکە دەگۆڕێت.

نووسەری ئەم دەستنووسە دیار نییە کێیە و کەی نووسراوەتەوە، خەت خۆش و وتو وریا بووە، شیعرەکانی ڕەزا خانی باوکی ئەڵماس خان- هەمووی لە باسی نادر شای ئەفشاردا نووسیویە، ئەو شیعرانەی باوکی ئەڵماس خانیش هەموویان ڕێنووس کراون و ئامادەی بڵاوکردنەوە کراون، بەڵام ئەوەندە هەیە لە ناو ئەو دەستنووسانەدا چەند پەڕەیەکی دیکەی شیعر هەن کە شیعرەکە لە کۆتاییەوە ناوی ڕەزا هاتووە، ئەمەش بەشێکی تری دەستنووسێکی دیکەیە و نازانرێت ئەو دەستنووسەش چەندە و چۆن فەوتاوە.

بەپێی ئەو هۆنراوەیەی ناوی (ڕەزا) لە کۆتاییەوە هاتووە و لە سەرەتای یەکەم پارچە شیعردا شاعیر دەیەوێ باسی ئەو قاتوقڕی و نەهامەتییە بکات کە لە سەردەمەکەی خۆیدا ڕووی داوە، سەرەتا شاعیر دەڵێت:

**ویەردەی ئەم ساڵ، ویەردەی ئەم ساڵ**
**بەیان کەم تەقریر، ویەردەی ئەم ساڵ**
**واچوون مەزموونش تەمام شەرح حاڵ**
**کەس نەدین ساڵێ چوون ساڵ ئەم ساڵ؟!**
**شەرح ڕۆزگار، بادا بەیان بۆ**
**تاریخش جە دەور عالەم عەیان بۆ**

دواتر شاعیر دەڵێت:

**سێ ساڵەن تەمام، ڕۆژ جە ڕۆژ بەدتەر**
**مەردم هانە گێج دەریای پڕ خەتەر**

دوا بەدوای ئەم بەیتە لە هۆنراوەکەی ڕەزادا و لە نزیک بە کۆتاییەوە دەڵێت:

**چە سەنەی (هەزار، سێ سەد و شانزە)**
**ئەی گرانییە ئاما، ئاماوە**
**سێ ساڵ ڕۆزگار قەحتی زات بی**
**ژە ئاهی سێ ساڵە، نە ئەی وڵات بی**

واتە: ساڵی (١٣١٦) ئەم ڕووداوە ڕووی داوە، وادەچێت ئەم ڕەزایە کوڕی ئەڵماس خان بێت، یان برای ئەڵماس خان بێت، لە کۆتایی هۆنراوەکەشدا دەڵێت:

**یە (ڕەزا) واتەن، بە دڵەی پڕ غەم**
**داغ گرانی، فەرامۆش نەکەم**

هۆنراوەی دووەمیش ئەو نامە شیعرییەیە کە بۆ زاناکە نێردراوە:

**ئوستاد قابیل، ئوستاد قابیل**
**دانای هۆشیار، ئوستاد قابیل**
**میرزای زەبر دەست، ژە هەر ڕاه کامڵ**
**غەواس بەهرەین، فەهیم و عاقڵ**
**دانای دوڕ شوناس، ئاگا وە هەر فەن**
**سەڕاف قابیل، دانای دانەبەن**
**ئەمز ژەی کارە، خەیاڵت چێشەن؟**
**ئینە چە کارە، یە کامین پێشەن**
**یەک یەک کەلامان، گوفتاران خاس**
**جە (میرزا شەفیع)، تا (میرزا ئەڵماس)**
**باقی کەلامان، قەدیم و تازە**
**مەنوویسی تەمام، گشت بە ئەندازە**
**جەمع مەکەی تەمام، مەکەرین کیتاب**
**فەرەنگی بەندید، کۆهی خیتاب**
**نەقشەی دەور دوون، دنیا مەکێشی**
**هەرجا مەکەی وە عەکسش مەنیشی**
**نیشانەی ڕێزان، نەقش کۆهساران**
**ماباقی دێهات، هەم چەنی شاران**
**گشت بە دایەرەی دەور عەکسش بەستی**
**ژە هۆشیاری وەزیر وەستی**
**یەقین یەک ڕاهی، پەیدا کەردەنی**
**ژەی سیر مەخفی، نامم پەی بەردەنی**
**حاڵا وەیتەورە، ئێدەن کارتان**
**سیر سەرسام، مەندەن ژە بازاڕتان**
**ئەمز چێش واچە، میرزای نوکتەدان**
**مەردم ژەی کارە، مەندە سەرگەردان**
**بەندەی بێ چارە، ڕستە تەمام ئێدەن**
**ئەوەڵ: خوداوەند، بەعد تۆم ئومێدەن**
**چەندین کەلامی، ئەشعار کوردی**
**ئەگەر پەسەند بی، قەبووڵش کەردی**
**تا کە بنوویسم چەندین حیکایەت**

**چەندی مەتڵەبان، نەقڵ و ڕیوایەت**
**جوزێ نوویسام، ئاوەردم پەرێت**
**بفەرما تا کە بسپارۆن وە پێت**
**مەلاحەزەکەر تەمام سەرانسەر**
**بەعد کە نیگات کەرد، پێم بدەر خەبەر**
**تا کە بنوویسم ئەر چەند مەزانم**
**ئەی میرزا ئێدەن، شەرح بەیانم**

**فەرهەنگۆک:**

ئاوەردم: هاوردم، هێنام.
ئوستاد: مامۆستا.
ئێد: ئەم.
ئینە: ئەمە.
باقی: مانەوە، ماوە.
بەعد: دوایی.
بەهرەین: کۆی وشەی بەحری عەرەبییە.
بەیان: ڕوونکردنەوە.
بسپارۆ: سپاردن.
بفەرما: فەرموو.
تەمام: هەمووی، گشتی، تەواو.
پەرێ: بۆ.
پەی: بۆ.
جەمع: کۆ.
جوزێ: بەشێ.
حیکایەت: چیرۆک.
خاس: چاک، باش.
خەبەر: هەواڵ.
خیتاب: وتار.
دێهات: کۆی دێیە، گوندەکان.
ڕاه: ڕێگە، ڕێگا.
ڕێزان: وەری، وەراندی، هەڵوەریو، داوەریو.
ڕیوایەت: گێڕانەوە.
سەڕاف: ئەو کەسەی خەریکی پارە گۆڕینەوەیە.
سیر: نهێنی.
شەرح: باسکردن.
شوناس: سەرناس، شت ناس.
چەنی: لەگەڵ.
چێش: چی.
عەکس: وێنە.
غەواس: دەریاوان، ئەوەی کە لە ژێر دەریادا دەگەڕێت و ئۆکسجین لەسەر دەمیەتی.
فەرەنگی: خەڵکی وڵاتی ئەورووپا.
فەهیم: ئاوەڵناوی فەهمی عەرەبییە، فام، تێگەیشتوو.
قابیل: شیاو.
قەدیم: کۆن.
کامڵ: تەواو.
کۆه: کێو.
کۆهساران: چیای زۆر، ناو چیا.
ماباقی: ئەوەی ماوە.
مەتڵەب: داواکاری، داوا، مەبەست.
مەخفی: شاراوە.
مەردم: خەڵک.
مەزانم: بزانم.
مەکەری: دەکەی.
مەلاحەزە: تێبینی.
مەندەن: ماوە.
مەنوویس: نووسی.
میرزا شەفیع: مەبەست لە میرزا (شەفیعی کولیایی)یە.
میرزا ئەڵماس: مەبەست لە (ئەڵماس خانی کەنووڵەیی)یە.
نەقشە: نەخشە.
نەقڵ: گوێزانەوە، گوێزرانەوە، چیرۆک، بەسەرهات، سەرگوزەشتە، گێڕانەوە.
نمەز: تمەز.
هەرجا: هەر جێگەیەک.
واچە: بڵێ.
وەیتەور: بەم جۆرە، بەم شێوە.

**بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی دووسەد ژمارەی گۆڤاری (ڕامان)ەوە**

# (ڕامان)ی هەمیشە نەوبەهار

**ئەحمەد سالار**

ئەو گوڵانەی سەر تۆپی گوڵزارەکانن، ئەوانە هەمیشە قیبلەگای پەپوولە و چاوانی جوان پەرستن، هەرکەسەش لە دیدی خۆیە گوڵی خۆی و گوڵزاری خۆی هەیە. جاران بە کتێبیان دەگوت باخ و مێرگوزار، گوایە لەهەر باخەو شاگوڵێکی تێدایە و چەپکە گوڵێکە بۆ خۆی.

لەو ڕۆژەوەی گۆڤاری (ڕامان) چاوی گەلاوێژی هەڵهێناوە، ئەو ڕاستییەی بۆ سەلماندووین، کە لەوپەڕی نوێخوازی و نوێبوونەوەدا، جوانترین خاسیەتەکانی کلاسیزمی لە بەرۆک داوە، چ لایەنی جوانی و چ بەربڵاوی و چ کۆ لەخۆگرتن، هەروەها بەردەوامی و بەگوڕ و کەفوکوڵی جوان هەڵچوونەوە دەژی و دەشنێ.

گۆڤارێک ساڵەهایەکی بڕی و هەر لە هەڵکشانی ئەفراندن و بیر جوانیدایە. ئەو ملی ڕێگا ڕۆشنبیرییە پڕ بەخششەی گرتوویەتی، چ کاتێ نە وچانێ و نە لادانێکی نەدیوە.

سەبارەت بە ڕێباز و ڕێڕەوی (ڕامان) ئەوەی کە شایانی ئاماژەیە و لەهەمان کاتدا مایەی شانازییە، ئەو گیانە کوردستانییە فراوانەیە، کە نە ناوچەگەری و شێوەزارەکی و لەسەرووی هەموشیانەوە دوورەپەرێزییەتی لە مۆرکی حزبایەتی، هەربۆیە بۆتە گۆڤاری هەمووان و هەمووان بە گۆڤاری خۆیانی دەزانن.

یەکێ لە ڕووە گەشاوەکانی، خودی زمانە کوردییە جوانەکەیەتی و ڕەچاوکردنی ئەو ڕێنووسە پوختەیە، کە زۆر بە سانایی بۆتە مایەی لەسەر ڕۆیشتن و شوێن پێ هەڵگربی و سووربوونی لەسەر پاراستنی پوختی و جوانیەتییەکەی.

هەر لە ڕووە گەشاوە و پڕشنگدارەکانی، ئەو بایەخە جوانەیە، کە هیچ بوارێ لە بوارەکانی ئەدەبی بەلاوە نەناوە، سەرەڕای ئەوەی گرنگییەکی تایبەتی بە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە داوە، دەبێ ئەوەش وەلاوە نەنرێ، کە چۆن ئەم گۆڤارە هەمیشە بڕوادار بووە بەو ڕاستییەی: (پەنجەرەیەک زیاتر، ڕووناکی زۆرتر)، بۆیە بەردەوام پەنجەرەی کراوە بووە بۆ پێشوازی خۆری ڕۆشنبیریی هەمەجۆری و هەمەجۆر گەلانی جیهان و بۆتە چاوگێکی پڕ پیت و فەری بنیادنان و پەرەسەندن بۆ گشت ئەو سەرهەڵدانە بەپێزانەی بیروجوانی. توانیویەتی دووریتی و نامۆبوون لە هاوکێشەی شانۆدا نەهێڵێ و ئاشنا بوون و نزیکبوونەوە دروست بکات.

دەبێ منیش وەک شانۆڤانێکی کورد ئەمەکداری و قەرداری خۆم بەرانبەر (ڕامان) دەربڕم، کە چۆن بەردەوام لەخزمەتی بزاڤی شانۆکەماندا بووە و ساڵانە بە تایبەت، هاوکاتیانە لە تەک ڕۆژی جیهانی شانۆدا، ژمارەی تایبەتی بەهونەری شانۆ پێشکەش کردووە و دەیان شانۆیی جیهانی و خۆماڵی خستۆتە بەرچاومان و بۆیە مایەی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە هەمیشە شانۆکارانی کورد ناڵاندوویانە پێوەی.

نابێ ئەوە لە یاد بکرێ، کە لەهونەری دیمانەسازیدا تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵکو شێوازێکی ئەوتۆیە کە دەکرێ وەک قوتابخانەیەک لە بواری ئەدەبی ڕۆژنامەنووسیدا، چ لە ڕووی بابەت و چ لە ڕووی جۆری هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی دیمانەیان لەگەڵدا سازدەکرێ، ئەمەو سەرەڕای ئەوەی کە لە دووتوێی کتێبدا چاپ کراون و وەک ئینسکلۆپیدیایەکی زانیاری بەخش هەتا هەیە سوود دەگەیەنێ.

دەبێ مێژوونووسانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بایەخی تایبەت و جیاواز بە (ڕامان) بدەن، بێجگە لەو بەخششە مەعریفییە مەزنەی، لە ڕووی پیشەگەری ڕۆژنامەییەوە کارێکی دیار و مەزنی کردووە و گۆڕانکارییەکی لەبەرچاوی بە بزاڤەکە بەخشیوە، چ لایەنی تەکنیکاری و چ لایەنی بیر و ناوەڕۆک، بۆیە زۆر بە پێویستی دەزانم لایەنەکانی پێوەندیداری ڕۆژنامەنووسیی پتر لەسەر ئەو لایەنە توێژینەوە بکەن. بە کوردی و کورتی، (ڕامان) ئەنجامدانی ئەو پرۆژە ڕۆشنبیرییە گەورەیەیە، کە پێویستی نە بەجاڕ بۆ دان و نە بانگەشە و ڕیکلامە، بۆتە ئەو شەخسە درەختەی لەسایدا هەمووان دەستەوملانێی حەز و خۆزگەیەکن، دەبێ بۆ هەر ئاکارێکی چێژی خۆشی بەخش، دەستخۆشی لە خودانەکەی بکرێ، کەواتە دەستخۆش مامۆستا ئازاد عەبدولواحیدی سەرنووسەر.




# تەکنۆلۆژیای نوێ، کامیرای ئەنەلۆگی ڕامالی!

فارس سەعدی



لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی میللەتی کورد و پاش ئەوەی خەلک گەڕایەوە سەر مالّ و حالّ و کار و کاسبی خۆی، تازە لە کوردستاندا باسی تەکنۆلۆژیای دیجیتالّی دەکرا، ئەوکاتە وێنەگرە پرۆفیشنالّەکانمان فشەیان پێ دەهات و بە شتێکی نامۆ لە قەلّەمیان دەداو بە کرچوکالّی دەهاتە بەرچاویان و هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە ڕۆژێک دێت ئەم تەکنۆلۆژیایە خۆی لە قەرەی کامیرای ئەنەلۆگ، یان کلاسیک بدات و بگاتە ئاستی ئەو، بۆیە خۆیان لێ بێ خەم کردبوو، هیچ گوێیان پێ نەدەداو عەودالّیشی نەبوون. ئەوان ئەوەیان لەبیر نەبوو کە ڕەوڕەوەی ژیان بەردەوامە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیان خێراتر دەبێت. لەبیرمانە نیگارکێشە کلاسیکییەکان چۆن چۆکیان دادا و قوتابخانەی ڕۆمانسییەت و ئیمپریشینیزم (انطباعیة) و چەندین قوتابخانەی تر لە دایک بوون و دەیان و دەیان هونەرمەندی ناوداری جیهانی تر هاتنە گۆڕەپانەکە و لە دایک بوون، لە جیهانی فۆتۆگرافیشدا هەمان شت ڕووی داو ڕووش دەدات.

ڕاستە وێنەگرانی سەدەی ڕابردوو پلە بە پلە سەرکەوتن و قۆناغ بە قۆناغ بوارەکانی فۆتۆگرافیان دەبڕی تا دەگەیشتنە پلەی کامڵ بوون، وێنەی هونەرییان بەدەست دەهێناو لە نهێنییەکانی جیهانی سەرسوڕهێنەری فۆتۆگرافیدا شارەزا دەبوون، سەرەڕای چۆنیەتی مامەلّەکردنیان لەگەلّ بابەتەکانیان و دەوروبەریان. بۆ وێنەگرتن دەبوایە بۆدییەکی کامیرا و چەند لینزێک و چەندین فیلتەر و چەندین فیلمی جۆراوجۆر و ڕەش و سپی و سلاید و نێگەتیڤی ڕەنگین و هەستەوەر و جۆراوجۆر لەگەلّ خۆیان لە هەگبەکانیاندا هەلّگرن، بەڕاستی باریان زۆر قورس بوو. ئینجا کامیراکانیشیان بە زۆر دەبوایە بە مانیوەلّ گشت بەشەکانی بەکاریان بهێنایە و بیریان لە هەموویان بکردبایەوە بەرلەوەی چرکە لە دوگمەی شەتەرەوە بێنن، سەرەڕای ئەوەی فیلمیش نرخەکەی گران بوو، دەبوایە حیسابێکی تایبەتی بۆ بکرایە، ئینجا لەگەلّ چاوەڕوانی دەرەنجامی وێنەگری لەدوای گرتنی تا دوا قۆناغەکانی شتنەوە و چاپکردنی لە تاقیگەکاندا، نەک وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین ڕاستەوخۆ بە ڕۆژی ڕووناک یەکسەر دوای گرتن لەسەر شاشەی (Lcd) هەر بەدلّمان نەبوو، ڕەشی دەکەینەوە، نەک دانەیەک، بەلّکو دەیان گرتە لە جێی ئەو دەگرینەوە! بۆ گۆڕینی (iso)ش جاران دەبوایە فیلم بگۆڕین، بەلاّم ئێستا بە دوگمەیەک دەتوانین دەیان ژمارەی جیاواز بۆ شوێنی جیاواز بەکاربێنین، هەمان شت بۆ فیلم، لەجیاتی فیلمە جۆراوجۆرەکان بە (Menu) دەتوانین وێنەکانمان بکەینە ڕەش و سپی، یان سیپیا، یان ڕەنگین، یان بە داتاشۆ وەک سلاید نمایشیان بکەین. لە جیاتی فلتەرەکان ئەوە (WB) ڕەنگەکان کۆنترۆلّ دەکات و زۆر شتی تریش هەن ئێرە جێی ئەوە نییە بە وردی باس لە هەموو شتێک بکەین.

لەگەلّ ئەو هەموو ئاسانکارییانەی کە ئەم تەکنۆلۆژیا تازەیە بۆ وێنەگرانی وەچەی ئەمڕۆ ڕەخساندوویەتی، بەلاّم وێنەی نایاب و دانسقە و داهێنەرانە کەم دەبینین، لەگەلّ ئەوەی کامیرای دیجیتالّی کوالێتییەکەشی زۆر بەرز کردۆتەوە و زۆر زۆر نزیکی کردۆتەوە لە کوالێتی فیلم، بەلاّم تۆ بلّێی هۆیەکەی ئەوەبێ وێنەگرانی ئەمڕۆ بەبێ پێشەکی هاتبنە سەر خوانێکی ئامادەکراو، واتە لە ئەلف و بێیەوە دەستیان پێ نەکردووە، وەک وێنەگرانی سەدەی ڕابردوو، یان وێنەگرانی ئەنەلۆگ، یان وێنەی ڕەش و سپی کاریگەریی زیاتری بەسەر بینەرەوە هەبێت وەک لە ڕەنگاوڕەنگ! لە ڕاستیدا وێنەکان لە ڕوالّەتدا زۆر جوانن، بەلاّم ئەو گەرموگوڕییەی جارانت پێ نابەخشن! زوو لێیان تێر دەبیت و زوو لەبیرت دەچنەوە، زۆرجار وەک گولّە پلاستیکییەکانم دێنە بەرچاو، زۆر زۆر جوانن، بەلاّم بۆنیان نییە! کە ئەمە دەلّێم مانای ئەوە نییە بەرانبەر بەم گۆڕانە نوێیە ڕەشبینم، بەلاّم شتەکە تازەیەو هەروا دەبێ، بە تێپەڕبوونی کات ئەمیش دەگۆڕێ و باشتر دەبێ، چونکە ژیان تاقیکردنەوەی بەردەوامە و لە ڕاستی و چەوتییەکاندا شتی جوانمان بە دەست دەکەوێ و ئەفراندن لە دایک دەبێت.